# سالمی

# ساحێبقڕان

## بـاس و لێکۆڵینەوە

# سالمی

# ساحێبقڕان

## باس و لێکۆڵینەوە

پ. د. عوسمان دەشتی

هەولێر – ٢٠٢١

* ناوی کتێب: سالمی ساحێبقڕان – باس و لێکۆڵینەوە.
* نووسینی: پ. د. عوسمان دەشتی.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.
* زنجیرەی بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٠).
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(     )ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

## ناوەرۆک


- پێشەکی ٧
- لە پەراوێزی دوو قەسیدەی سالمدا ١١
- ڕەنگدانەوەی سەبکی هیندی لە شیعری سالمی ساحێبقڕاندا ٦٧
- هونەری مولەمەع لە شیعری سالمدا ٩٩
- پاش سەروا لە شیعری سالمدا ١١٩
- ڕەمز و ئاماژە لە شیعری سالمدا ١٣٩
- بابەتی شیعرنامە لەنێوان (سالم و نالی) و (سالم وکوردی)دا ٣٢١
- فۆرمی شیعری و کێش و سەروا ٣٦٥
- ناوبانگ و شیعری سالم لە چاپەمەنی کوردیدا ٤٠٥
- هەندێ لایەنی هونەری لە شیعری سالمدا ٤٤٩

## پێشەکی

ئەم کتێبەی بەردەست وەکو لەناونیشانی سەر بەرگەکەیەوە بەدیاردەکەوێت، بریتییە لە کۆمەڵێک بابەت و باس و لێکۆڵینەوەی جیاجیا کە هەر یەکێکیان وەکو باسێکی سەربەخۆ بۆ مەبەست و ئامانجێکی تایبەت، لە کاتێکی دیاریکراودا، سەبارەت بە یەکێک لە لایەنەکانی شیعر و داهێنان و ژیان و بەرهەمی، یەکێک لە کەڵە شاعیرانی قوتابخانەی شیعری کوردی ناوەڕاست (بابان)دا، نووسراون و ئامادەکراون کە ئەویش عەبدورەحمان بەگی ناسراو بە سالمی ساحێبقڕانە. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر یەکێک لە باس و توێژینەوەکان شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆیان هەیە و لە چوارچێوەی باسێکی زانستی و ئەکادیمیدا لە یەکێک لە لایەنەکانی شیعر و هونەری سالم دەکۆڵێتەوە، بەڵام یەکێتییەکی ئۆرگانیکی پتەو وەک دەڵێن، هەموو باس و بابەت و لێکۆڵینەوەکان بە یەکەوە کۆدەکاتەوە، کە ئەویش بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە هونەر و ژیان و جیهانی شیعری سالمی ساحێبقڕان.

- باسی یەکەم لە کاتی خۆیدا بۆ مەبەستێکی تایبەتی نووسراوە کە خوێنەر لە درێژەی باسەکەدا درکی پێ دەکات. ئەو کاتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ شیعر و بەرهەمی سالم، دیوانی سالمی چاپخانەی کوردستان بوو، هەروەها باسەکە لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠١١)دا بڵاوکراوەتەوە.

- باسی دووەم لە ساڵی (٢٠١٥) بە ئامانجی بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییە ئامادەکراوە کە (زانکۆی کوردستان – سنە) ڕێکی خستبوو. یەکێکیش بوو لەو (٢١) باسەی کە لەنێوان (١٣٨) باس و لێکۆڵینەوەدا دەستنیشانکرابوو بۆ خوێندنەوە و پێشکەشکردن لە ڕۆژانی کۆنفرانسەکەدا. دواترئەمیش لە ژمارە (٤٢)ی ساڵی (٢٠١٩)ی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیدا بڵاوکراوەتەوە.

- باسی سێیەم کە لەبارەی (هونەری مولەمەع)ە لە شیعری سالمدا، دیسان لە کۆنفرانسێکی زانستی نێودەوڵەتی تایبەت بە زمان و

ئەدەبی کوردی و فارسی پێشکەشکراوە کە لە ساڵی (٢٠١٩)دا لە هەولێر لەنێوان هەردوو زانکۆی (سەلاحەددین – هەولێر) و (دانشگای الزهرا)ی کۆماری ئیسلامی ئێرانیدا بەڕێوەچوو.

- باسی چوارەم بە ناونیشانی (هونەری پاش سەروا)یە لە شیعری سالمدا، ئەویش هەر بۆ کۆنفرانسێکی لەو جۆرانەی کە لە پێشەوە باسکران ئامادەکرابوو، بەڵام داکەوتنی پەتای کۆرۆنا بوو بە گرفت لە بەردەم بەڕێوەچوونی هەر چالاکییەکی لەو جۆرەدا.

- (ڕەمز و ئاماژە لە شیعری سالمدا) خۆی لە خۆیدا لە قەوارە و لە بابەتی کتێبێکی یاخود بەرگێکی سەربەخۆدایە، ڕاستییەکەی پێشنیازێکی لەو جۆرەش هەبوو کە وەکو کارێکی سەربەخۆ لە چاپ بدرێت. بەڵام بەو مەبەستەی لە باس و لێکۆڵینەوە هاوشێوەکانی دانەبڕێت، هەڵاوێرکردنیمان لە کتێبێکی سەربەخۆدا بە پەسەند نەزانی. وەک دەبینین لێرەشدا شوێنی دڵی لەم بەرهەمەدا بۆ خۆی داگیرکردووە.

- هەر چوار باس و بابەتەکەی کۆتایی، یەک بە دوای یەکتر و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئامادەکراون و نووسراون، بە دیاریکراویش لەو ماوەیەی کە لەژێر زەبر و فشاری پەتای نەگریسی کۆرۆنادا خۆمان خزاندبووە کونجی ماڵەکانمانەوە. ئەمانە بابەتی ئەدەبی سەرنجڕاکێش و بە پێزن، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە شیعرنامەی نێوان سێ شاعیرە ناودارەکەی بابانەوە هەیە. لە بابەتی (فۆرمی شیعری و کێش و سەروا) لە ڕێگای ئامار و داتا و زانیارییەکانەوە مەسەلەکانی پەیوەست بەو لایەنانەمان لە شیعری سالمدا یەکلا کردۆتەوە. بۆ (ناوبانگ و شیعری سالم لە چاپەمەنی کوردیدا) ئەرشیفی ڕۆژنامەنووسیی کوردیمان بەسەر کردۆتەوە، ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە ژیان و شیعر و دیوانی سالمەوە هەیە، دووبارە خستوومانەتەوە بەر تیشکی ڕووناکی، تاوەکو خوێنەری کورد زانیارییان لەبارەوە پەیدابکات. لەبارەی بابەتی کۆتاییشەوە (هەندێ لایەنی هونەری لە شیعری سالمدا)، پێویستە ڕێک

ئەو پەنـدە کـوردییە بێنیـنەوە یـاد کە دەڵـێ؛ ئەم هەویـرە ئـاو زۆر دەکێشـــێت!، بەو واتـــایەی کە لێکـــۆڵینەوە و لێکـــدانەوەی لایەنە هونەرییەکـــانی شـــیعری ســـالم، پێویســـتی بە پشـــوودرێژی و خۆتەرخـانکردن و کـار و کـاتی زۆر زۆر هەیە، کە لەم دەرفەتەدا بـۆ ئێمەمانـــان مەیســـەر نەبـــووە و نابێـــت. بـــۆیە هەر بەوەنـــدەوە دەسـتبەرداربووین کە خوێنـدنەوەیەکی خێـرا بـۆ هەنـدێ دیـاردەی بەرچاوبکەین، کە لە یەکەم خوێندنەوەدا ڕووبەڕووی خوێنەری شیعر و دیـوانی سـالم دەبـنەوە. بە کـورتی ئەمە کرۆکـی ئەم بـاس و بـابەت و لێکۆڵینەوانە بوو کە ناوەرۆکی ئەم بەرهەمەیان پێکهێناوە. مـایەوە سـەر دیـــوەکەی تـــر واتە لایەنەکـــانی تـــایبەت بە تایـــپ و هەڵەگـــری و نەخشەسازی و بەرگ و چاپ و دیزاین ... تاد، من هەمیشـە گوتوومە و هەروەهـا بە ئەزمـوون و تـاقیکردنەوەش بـۆم دەرکەوتـووە کە ئەم مەسـەلانەی نـاوم بـردن زۆر لە مەسـەلەکانی تـایبەت بە نووسـین و داهێنـان و ئامـادەکردنی بـاس و لێکۆڵینەوەکـان خۆیـان، زەحمەتتـر و وەڕەز و بێـزارکەر و تـاقەت پڕوکێنتـر بـوون! خـۆ ئەگەر هاوکـاری و یارمەتی کۆمەڵێک دۆست و هـاوڕێی خەمخۆر و نزیک نەبوایە، ڕەنگە کارەکـان وا بەم نزیکـانە و بە سـووک و ئاسـانی هەرگیـز بەڕێـوە نەچووبـان! ئەم دەرفەتە دەقـۆزمەوە بـۆ ئەوەی لە دڵەوە یەکە بە یەکە سوپاسیان بکەم، بە تایبەتی دۆستانی بەڕێزم مامۆستا نێچیروان وەلـی و دکتۆر جەلال ئەنوەر سەعید. هەروەهـا سوپاسـی دڵسـۆزیی هەر یەک لە کاک بەدرخان بەکر و شێرزاد فەقێ سمایل بکەم بۆ مەسـەلەی تایپ و هەڵەگیری کتێبەکە. ئینجا دەستڕەنگینی هونەرمەند کاک محەمەد زادە لە نووسین و نەخشاندنی بەرگ و، هەر یەک لە کاک عوسمان پیرداود و کـاک سەربەسـت موحسـین بـۆ مەسـەلەی دیـزان و نەخشەسـازی نـاوەوەی کتێـبەکە. هیـوادارم تەمەن درێـژبن و نموونەیـان زۆربێـت. هەروەهـا پێویسـتە لێـرەدا سـوپاس و پێزانینـی زۆرم بـۆ بەڕێـزان لە ســەرۆکایەتی زانکــۆی کــۆیە، هەر یەک لە (پ. د. وەلــی مەحمــوود

حەمەد)ی سـەرۆکی زانکـۆ و (پ. ی. د. حەیـدەر لەشـکری)ی یاریدەدەریی سـەرۆکی زانکۆ بۆ کاروبـاری زانسـتی و خوێـندنی بـاڵا، پێشـکەش بکەم کە هەمیشـە هاوکـار و پشـتیوانم بـوون لە بە ئەنجـام گەیانـدنی تەواوی کـار و پـڕۆژە زانسـتیی و ڕووناکبیرییەکـانم. وەکـو چـۆن چـاوەڕوانی ئەوەشـمان لە خـوێنەرانی بەڕێز ئەوەیە کە بە لـوتفی خۆیـان چاوپۆشـی لە کەموکورتییەکانمان بکەن. ئەوە زمانحاڵی منیشـە کە شاعیر گوتوویەتی:

**بە حەیا بێرە حوضوور و بە ئەدەب سوجدە بەرە**
**خەڵوەتـی دڵبـەرە (سـالم)، ئەمە مەیخانـە نییە**

**پ. د. عوسمان دەشتی**
**هەولێر – شارەدێی کەسنەزان**
**٢١/ ١/ ٢٠٢١**

# له پەراوێزی
# دوو قەسیدەی سالمدا

**پێشەکی:**

دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی، لە سۆنگەی هەلومەرجی. سیاسی و مێژوویی گەلی کورددا، لەبارودۆخێکی باشدا نەبووەو نییە. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دیوانی شیعرو شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە تەواوی و بە دروستی چاپ و بڵاونەکراونەتەوە، ئەوانەشی کە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، یا ئەوەتا بە تەواوی و بەڕاستی و بە دروستی ساغ نەکراونەتەوە، یا ئەوەتا بە شێوەیەکی ورد و زانستی توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە. بە کورتی کەم وا هەیە دیوانی شاعیرێکی کۆن و کلاسیکیمان لەبەر دەستدا بێ، کە لە هەڵەو پەڵە و کەموکورتی بە دوور بێت.

بەم دواییە کتێبێکی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە ژێر سەرناوی: ((بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم ــ چەپکێك شیعری بڵاونەکراوەی سالم - پاشکۆیەکی دیوانی نالی)) چاپ و بڵاوکراوەتەوە[1]. لە سەرەتادا پێویستە ئەوە بگوترێت کە مامۆستا وەکو دابی هەمیشەیی بە شوێن سۆراغی چەند کەشکۆڵ و دەستنووسێکی دێرین و دانسقەدا چووە، سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیان و بەرهەمی شیعری یەکێك لە ناودارانی شیعری کلاسیکیمان کە ئەویش ((عەبدولڕەحمان بەگی (سالم)ی ساحێبقڕانە))، راستییەکەی ئەوەیە مامۆستا قەرەداغی ماوەی نیو سەدە زیاترە فەرهادانە تێدەکۆشێت لە پێناوی زیندووکردنەوەی دەستنووسە کۆنە کوردییەکان و ساغکردنەوەی مێژووی زانایانی کوردو بووژاندنەوەی بیرو بەرهەمی کەلەپوورو ڕۆشنبیری گشتی کۆنی کوردیمان، لەم مەیدانەدا جێ دەستی مامۆستا دیارەو ئاشکراو، بەرهەمەکانیشی شوێنی شیاوی خۆیان گرتووە و کتێبخانەی کوردییان ئاوەدان کردۆتەوە. لەم تەقەللایەی دواییشدا بە گوێرەی ئەو دەستخەتانەی لەبەر دەستی بوون، پەردەی لە ڕووی کۆمەڵێك بەرهەمی تازەو بڵاونەکراوەی (سالم) هەڵداوەتەوە و خوێندەوارانی کوردی پێ ئاشنا کردوون.

سەبارەت بە مێژووی ئەدەب، ئێمە ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە لە مەڕ مێژووی ژیان و بەرهەمی ئەدەبی زانایان و شاعیرانی پێشووماندا، لەبەر دەستدان و تا ڕادەیەك ساغ کراونەتەوە، پێویستە بە دروست و جێ متمانەیان بزانین تا ئەو ساتەی زانیاریی ورد و ڕاست و دروستی دیکەمان لە سەرچاوەی بەڵگەدارەوە دەکەوێتە دەست، ئەو سا لەڕێگەی بەراورد و هەڵسەنگاندنی زانستییەوە دەتواندرێت باوەڕو قەناعەتی تازە بە دەست بهێندرێت و لە مێژووی ئەدەبدا جێگیر بکرێت. ئینجا لەم ڕێگایەدا کۆسپ و گرفتی زۆرمان دێتە ڕێگا، کە لە پێشەوەیاندا ئەوە دەبێت: ئاخۆ تا چەند دەبێت پشت بەو بەڵگە و سەنەد و دەستخەتانە ببەسترێت کە لەکەلێن و قوژبنی ئەرشیفخانە و کتێبخانەکاندا دەستمان دەکەون، ئایا هەر پەڕە کۆنەی بەیاز و کەشکۆڵ و دەستنووسێك کە شتێکی تازە و نوێ ڕادەگەیەنێ، دەبێ دەستبەجێ و بێ چەندو چوون بەڕاست و بە دروستیان بزانین و کاڵای حەقیقەتیان بەباڵادا ببڕین؟. ئینجا تەلار و دیواری تازەیان لەسەر هەڵبچنین و شتی تازەو نوێیان لەسەر بینا بکەین؟ یا ئەوەتا لە ڕێگەی بەراوردو کۆڵینەوە و تۆژینەوەی وردو زانستییەوە لە سەنگی مەحەکیان بدەین و ئینجا لە تۆماری مێژوودا بەنەوەکانی بناسێنین.

بە هەر حاڵ ئەوە بابەت و مەبەستی باسەکەی ئێمە نییە، ڕاستیش ئەوەیە کە لە کتێبی ناوبراودا هەڵوەستە لەسەر دوو قەسیدەی ناوداری (سالم)دا کراوە، یەکێکیان ئەو قەسیدەیەیە کەوا (سالم) لە مـوژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان دا هۆنیویەتەوە، دووەمیش ئەوەیە کە لە بارەی پەرێشانیی بابانەکانەوە لە دوای ڕووخانی میرنشین گوتراوە، کە لە کتێبەکەی مامۆستاداو بە گوێرەی دەستنووسێکی بەردەستی بە هی (نالی) لەقەڵەم دراوە. لەم ماوەیەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین کە بەوردی لەسەر ئەم دوو تێکستە و بە تایبەتیش ئەوەی دووەمیان هەڵوەستە بکەین، کە تاڕادەیەکی زۆر بوونەتە جێگای گەنگەشەو گفتوگۆ.

باسەکەمان لە پێشەکی و لە سێ تەوەری سەرەکیدا دەبێت و هەر تەوەرێکیش لە چەند برگە و بابەتێك پێکدێت، بەم شێوەیە:

**تەوەری یەکەم/ سالم و کورتەیەکی ژیاننامەکەی:**

سالم ناوی عەبدولرەحمان کوڕی محەمەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە، بنەماڵەی ساحێبقڕانەکانی سلێمانی لەم ئەحمەد بەگەوە دەست پێدەکات کە بە ئەحمەد بەگی گەورە ناسراوە.[٢] بەگوێرەی مامۆستا حەمەبۆر ئەم ئەحمەد بەگە لەسەر خواست و لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خالید پاشادا، کە لە نێوان (١٧٤٧ تا ١٧٦٣) فەرمانڕەوای بابان بووە، لە ناوچەی سنەی ئەردەڵانەوە دەگوێزێتەوە بۆ قەڵاچوالان کە لەو ڕۆژگارەدا پایتەختی بابانەکان بووە.[٣]

ئەحمەد بەگ دوو کوڕی هەبووە:

١- محەمەد بەگی (قەرەجەهەنەمی)، کە باوکی سالمە.

٢- مەحموود بەگ کە باوکی مستەفا بەگی (کوردی)یە.

ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا خەڵکی دێی (قەرەجەهەنەم)ی نزیك شاری سنە بوون، بۆیە محەمەد بەگ لە سلێمانیش هەر بە (قەرەجەهەنەمی) ناودار بووە، ئەو نازناوی (ساحێبقڕان)ەش لەسەردەمی بابانەکاندا بە باڵایاندا بڕاوە.[٤]

لەگەڵ دامەزراندنی شاری سلێمانی ئەوان دەبن بەدانیشتووی پایتەختی تازە. دیارە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوو بوون و هەمیشە لە دەسەڵات و لە بابانەکان نزیك بوون، لە پێشانا ئەحمەد بەگ و دوای ئەویش مەحموود بەگی کوڕی (کە باوکی مستەفا بەگی کوردی و مامی سالمە)، سەردەمێك سوپا سالار و وەزیری جەنگی میرنشینی بابان بوون.

سەبارەت بە مێژووی هاتنە دنیا و کۆچکردنی سالم نووسەران و مێژوو نووسانی کورد لە وێنەی (ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمی، عەلائەدین سەجادی...) هاوڕا نەبوون، دیارە ئێستا ڕای دروست ئەوەیە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار دا جێگیرکراوە.[٥] بەم پێیە سالم لە ساڵی (١٨٠٥)ی زاینی لە سلێمانی هاتۆتە دنیاو هەر لەوێش خوێندەواری سەرەتایی و بەرزی لە حوجرەی مزگەوت و لە زانستەکانی ئیسلامەتیدا پەیداکردووە، سالم لەگەڵ ئەوەشدا کە خوێندنی تەواو نەکردووە و نەبووە بە مەلا ڕەنگە پێویستی پێی نەبووبێت، بەڵام ئەو دابڕانەی لە خوێندن نەبۆتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی کەوا وەکو کەڵە خوێندەوار و ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتە لە ڕۆژگاری خۆیدا دەربکەوێت.

### أ/ شاعیرێتی سالم:

سالم بەپێی بەرهەم و هۆنراوەکانی، دەبێ شارەزایی تەواوی لە بواری زانستە جۆر بە جۆرەکانی، وەکو ئایین و ئەدەبیات و شەریعەت و فەلەکناسی و مێژوو و باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەبووبێت. لەوە دەچێت هەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی زانیبێت، کاریگەر بوونی بە زمان و شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بە ناوەرۆك و ڕوخساری بەرهەمە شیعرییەکانییەوە ڕوون و ئاشکران. لە ناو شاعیرانی فارسدا شەیدای شیعر و بەرهەمی کەلیمی هەمەدانی و حافزی شیرازی بووە و گەلێ جار لە هۆنراوەکانیدا ناوی هێناون، کۆمەڵێك شیعری تێهەڵکێشی لەسەر شیعری حافزدا هۆنیوەتەوە. لە پارچەیەکی چەند بەیتیدا سەر ڕشتەی هونەرمەندانی شیعری کوردی لەسەردەمی بابانەکانا تۆمار کردووە:

**لەیەك لا (نالی و مەشوی) لەلایێ (سالم و وردی)**
**لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا جۆ بوون لە(مەولانا)**
**لەمەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون**
**بە کوردی هەریەکە تازی سوارێ بوون لە بابانا**

دیوان:٣٥

شانازی بە خۆی و بە شیعری کوردی و بەکوردستانەکەیەوە کردووە:

**زیڕە سەرمایەیە بۆ (سالم) و کرمانی دەبا**
**شیعری کوردی کە بدا جیلوە لەلای شێخی کەبیر**

دیوان:٦٩

**مەهی فارس زەبانەم گوفت سالم شەرحی حاڵت گۆ**
**وتم جانا بەلەد نیم ئیستیلاحی ئێوە من کوردم**

دیوان:٨٢

**ڕەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشیی تەکەڵتوی زین**
**مەزموون کەشە فیکرم وەك قولاپی دروومانت**

دیوان:٥٠

لە ناو شاعیرانی کورددا نالی و مەولانا خالیدی شارەزووری بە مامۆستای خۆی زانیوە و پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەوان هۆنیوەتەوە، بەمە سالم بووە بە یەکەمین شاعیری کورد کە هونەری پێنج خشتەکی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا داهێناوە،[٦] سالم یەکەمین شاعیریشە کە پێنج خشتەکی لەسەر شیعری نالی دامەزراندووە، کە دواتر ئەمە لای زۆربەی شاعیرانی کورد لە بەرەکانی پاشتر وەکو دابێکی لێ هاتووە و دووبارە کراوەتەوە.

سالم شیعری مولەمەعی فارسی زۆرن، هەندێك لە مولەمەعەکانی لەسەر شیعری حافزدا هۆنیوەتەوە، لەمانە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە سالم شاعیر و شاسواری غەزەلخوێن و غەزەلنووسی کوردی یەکەمینە لە مێژووی ئەدەب و دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا، غەزەلەکانی زۆر ڕەوان و پاراو و سوار و ئاوازە دارن، لەگەڵ ئەوەشدا کە وشەو تەعبیراتی بێگانەی تێ کەوتووە:

بەسەر گوڵدا لە شانەت گوڵ دەبارێ
قەزا بۆ دڵ لەسەر سونبول دەبارێ

چراغێ ڕوو بەڕووی حوسنت بسووتێ
بەدوودی ئەو لەهەورا گوڵ دەبارێ

بەرێ با گەر غوباری کوشتەیی ڕووت
بەسەر باغی سەحەر بولبول دەبارێ

لەدڵتا ناڕوێ تۆوی موحیبەت
لەچاوم ئەشکی بێ حاسڵ دەبارێ

دیوان: ١٤٤

لەگەڵ ئەوەشدا کە کتێبخانەی کوردیمان تا ئێستا خاوەنی دیوانێکی تەواو و ڕێکو زانستیی سالم نییە، بەڵام هەر چاوگێڕانێکی خێرا بە دیوانەکەی چاپی هەولێردا ئەم ئامارانەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە:

(٢٠٤) پارچە غەزەلی جۆر بە جۆر کە کۆیان(١٥٠٦) دێرە هۆنراوەیە.

(١٠) قەسیدەی کورت و درێژ کە سەرجەمیان( ٢٧٥) دێرە (٢) پارچە پێنج خشتەکی کە یەکێکیان لەسەر شیعرێکی نالی و ئەوەکەی تریش لەسەر شیعرێکی مەولانایە، ئینجا بە گوێرەی ئەم ئامارە دیوانی سالم سەرجەمی بریتی دەبێ لە (١٨٢٩) دێرە هۆنراوە، دڵنیاشین کە ئەمە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی نییە ئینجا چ جای شیعرە فارسییەکانی.(٧)

سالم لە سلێمانی هاتۆتە دنیاو هەر لەوێش خوێندوویەتی و پێگەیشتووە. بنەماڵەکەی ئەوان لە سایەی دەسەڵات و لە پاڵ بابانەکاندا خاوەن پلە و پایەو دەستڕۆیشتوو بوون. لە هۆنراوەکانیدا ئەوە بەدی دەکرێت کە وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆش ویستووە و بە دڵ و بە دەروون عاشقی بووە، بەڵام لەلایەك بە هۆی باری نالەباری ناو میرنشینەکە و دووبەرەکی بەردەوامی بابانەکان لە ناو خۆیانداو، لە لاییکی دیکە بە هۆی ئەوەی بەشێکی خانەوادەکەیان لە ئێران بوون، سالم بەناچاری دووچاری کۆچ و ڕەو و دوور کەوتنەوە لە وڵات بووە کە ئەمە زۆر ئازاری پێگەیاندووە، ڕۆژگارێك بە ناچاری و بە نا بەدڵی پشتی لە شارەکەی کردووەو بۆ ئێران سەری هەڵگرتووە. ماوەییێك لە سنە گیرساوەتەوەو لەوێش هەر ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە، ماوەییێکیش ڕەهەندەی تاران و دەشتی ڕەی بووە. ئەمانە بەڕوونی لە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێن:

ئەلویداع ئەی مولْکی بابان ئەلویداع
ئەلویداع ئەی جانی جانان ئەلویداع
موستەدعیدم بۆ بیلادی رافیزی!
ئەلودیداع ئەی ئەهلی ئیمان ئەلویداع
وەك ئەسیری تورکمەن دەمبەن بەزۆر
ئەلویداع ئەی شاهی خوبان ئەلویداع
دیوان:٧٤

***

بەبێ ڕووی تۆ فەزای باغی سەنەندوج
لەناو دڵما وەکو ناری سەقەر بوو
دیوان:١١٠

***

دەڵێـی فیردەوسـە گـوڵزاری سـەنەندوج
وەلێ بـێ تۆ لـەلای من وەك دەرەك بـوو
دیوان:١١٠

***

چ بڵـێم حاڵـەتی دڵ چـۆنە لـە هـەجرا سـالم
سەحنی گوڵزاری سەنەندوج وەکو زیندانی منـە
دیوان:١٣١

پێدەچێ بە هۆی لایـەنگیری بنەماڵەکـەیان بـۆ یـەکێك لـە باڵـەکانی ململانێـی نێـو بابانەکان دووچاری ئاوارەیی و گیر خواردن بووبێت لە تاران، بۆیە زۆر بێزاری لـەم بارەوە دەربڕیوە:

شۆڕەزاری خـاکی (ڕەی) ئـەمجارە دامەنگیرمـە
ڕوو لە هـەر وادی دەکـەم خـاری وەکو زنجیرمـە

ئیبتیدا بۆ ڕەی کە هاتم فیکری عەقلیم لێ نەکرد
حەپسی تارانم گوناهـی کـاری بێ تەدبیرمـە
دیوان: ١٢٨

***

لەگـەڵ دڵ شـەرتە سـالم گـەر نـەجاتم بـێ لـە تارانـا
بەهەشت گەر بێتە دەشتی (ڕەی) بەتارانا گوزەر ناکەم
دیوان: ٨٥

***

خۆزگـە دەمزانـی لـە تارانـا نـەجاتم کـەی دەبـێ
کۆیی یارە مەشهەدم یا مەدفەنم هەر (ڕەی) دەبێ
دیوان: ١٤١

دەسەڵاتی عوسمانی ڕۆژگارێکیش بۆ خوارووی عێراق و بـۆ شـاری (حیللـە) دووری خستۆتەوە، وا دیارە لەوێش هەر بەداد و گلەیی بووە:

حەسـرەتا دڵ غافڵـە نـازانی قیسـمەت چـی دەکـا
ئەمڕۆ ئێرەم بوو بە مەسکەن ئاخۆ فەردا کویێم دەبا
شاطری تەقدیر کە پێشکەوت ڕاتەکێشێ و تۆ دەڕۆی
کاتـێ دەیزانـی ئـەوا خسـتووتیە نێـو دامـی بـەڵا
دیوان: ٤١

**ب/ سالم و بابانەکان:**

لە ناو میرو پادشاکانی بابانـدا سـالم هاوچـەرخی مـەحموود پاشـا، سـلێمان پاشا، برایـان؛ ئەحمـەد پاشـا و عەبدوڵڵا پاشـا بـووە، ئینجا لـە نێـو کۆنگـەرەی ململانێکانیشـدا بـووە، بـەڵام لـە هۆنراوەکـانی شـتێك لـە لایـەنگیری بـۆ باڵێـك و دژایەتی باڵێکی دیکە بەدی ناکرێت، تـەنها ئـەوە نـەبێت کـە ئـەو خۆشەویسـتی و دڵسـۆزیی تـەواوی بـۆ وڵاتەکـەی و بـۆ بابانـەکان هـەبووە، شمشـێری ڕەخنـەو نەفرەتیشی لە ڕووی هەردوو زلهێزی داگیرکاری ڕۆم و عەجەم هەڵکێشاوە، ئەو لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـایەتییەکان و ڕووداو و هەلومـەرجی مێـژوویی و سیاسـیی میرنشینەکەدا چەند قەسیدەیەکی شاکاری هۆنیوەتەوە، کەوا یەکێتییەکی پتـەو و ئۆرگانیك لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە لـە نێوانیانـدا هەیـە، لـەم قەسـیدانەدا سـالم وەکو شاعیرێکی بـاڵا دەسـتی شـیعری داسـتانی قارەمـانی و چـیرۆکی مێـژوویی و سوار چاکی، گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز لە توانا و داهێنـانی شـیعری، هـەر ئەمەشـە کە لە پاشان بۆتە سەرامەدێکیش بۆ شیعری سیاسی و نیشتمانی لـە قوتابخانـەی شیعری کرمانجی ناوەڕاست، قەسیدەکانی لەگەڵ ئەوەدا کە بە زمان و شـێوازێکی سەخت و ئاڵۆز هۆنراونەتەوە، بـەڵام کاتێـك خوێنـدەواری کارامـەو شـارەزا لەگـەڵ بیرو سەبك و شێوازەکەی ڕادێت، ئیدی کلیلەکانی تێگەیشتنی دەکەوێتە دەسـت و دەتوانێت بەهرە و چێژی زۆریان لێ وەربگرێت.

وەکـو گـوترا قەسـیدەکان پەیوەسـتن بـە مەسـەلەکانی ئـەو سـەردەمە بـە تایبەتیش جەنگ و شەڕو شۆڕ و کارەسـات و نەهامەتییـەکان، لێـرەدا بـەگوێرەی شوێن و بایەخی زۆری ئـەو قەسـیدانە لـە مێـژووی ئـەدەبی کوریـدا، لـە خـوارەوە ناساندنێکی خێرا بۆ هەریەکێکیان دەخەینە ڕوو:

**١- شــين و لاواندنــەوەی مــەحموود بــەگ:** قەســیدەیەکی (٤٥) بەیتییــە، شینگێڕییە بۆ مەحموود بەگی شیوەکەل، تا ئێستا ئەو قەسیدەیە شتێکی لەبارە نەزاندراوەو لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێك ناو و ناونیشان و وەسفی تیایە کە دەشێت لەم ڕێگەیەوە بۆ بۆنەی گوتنی تێکستەکە بچین.[٨]

**٢- شــەڕی بابــان و عوسمانییــەکان:** قەسـیدەیەکی درێـژو نـاوداری (٩٨) بەیتییە، چەند جارێك ساغکراوەتەوە و شـتی لەسـەر نووسـراوەو بڵاوکراوەتـەوە، ناونیشانە ڕاستەکەی بەم جۆرەیە: (ذکر محاربە میر جلیل الشأن عزیز بیگ بابان با طائفە رومی سنة (١٨٤٩/١٢٦٦) و تسخیر ولایت بابان بدست ڕومی اسماعیل پاشا).[٩]

**٣- وەڵامناکەی سالم بۆ نالی:** ئـەم تێکسـتە تیشـکی زۆر خراوەتـە سـەرو لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، مامۆستا سەجادی بەرهەمێکی تایبـەتی بـۆ خسـتنە ڕوو و لێکدانەوەی قەسیدەکەی نالی و وەڵامەکەی سالم تەرخان کردووە.[١٠]

**٤- لــە ستایشــی عــەزیز بــەگی بابانــدا:** تـا ئێسـتا تـەنها (١٦) بـەیتی لێ بڵاوکراوەتـەوە، لـەوە دەچـێ قەسـیدەکە لەمـە درێـژ تـر بێـت، سـالم وەسـفێکی نموونەیی سوارچاکی یەکێك لە قارەمانەکانی بابان دەکات بە ناوی (عـەزیز بـەگ)، دێڕی یەکەمی تێکستەکە ئەمەیە:

**دەکــا دنیــایی پــڕ شــۆڕش بــە دایــم فیتنــەها پەیــدا**
**بەنەیرەنگ و فسوون هەردەم لە هەر سوویێ وەغا پەیـدا**

تا دەڵێ:

**پەناهم شەهسوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبـورزا**
**دەکا نووکی سمی ئەسپی لە خارا توتیا پەیدا**

ئینجا:

**لە دەریای مەعرەکەی تیغی نەهەنگی گەر نمایان بێ**
**لە ناو ئۆردوویی تورکانا دەبێ شین و سـەدا پەیدا**

دیوان:١٨٠

**٥ـ موژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان.**

**٦– لە باسی پەرێشانی نۆکەرانی باباندا:** لە بەشەکانی داهاتوودا بە درێژی لەسەر ئەم دوو قەسیدەیە دەوەستین.

سالم ئامۆزای مستەفا بەگی کوردی بووە، هەر ئەم بنەماڵەیە، چەند زاناو پیاوی ناوداری دیکەیان لێ هەڵکەوتووە، کە یەکێکیان (ئەحمەد فەتاح بەگی ساحێبقڕان ـ حەمدی ١٨٧٥ ـ ١٩٣٦) شاعیرە.

سالم هەر لە سلێمانیداو لەساڵی (١٨٦٩) دا کۆچی دوایی کردووە، مەزار و گۆڕەکەی لە گردی سەیوانە، بەم جۆرە بنەماڵەی ساحێبقڕان سێ کەڵە شاعیریان پێشکەش بە مێژووی ئەدەب کردووەو بەمە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردییان ئاوەدان کردۆتەوە.[(١١)]

## ٢ـ تەوەری دووەم/ قەسیدەی یەکەم: موژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا

**أ– چەند سەرنجێك:**

١– ئەم قەسیدەیە د. کەمال فوئاد دۆزیویەتەوە و هەر ئەویش بۆ یەکەم جار، بە پشتبەستن بە دوو دەستخەتی کۆن، لە دوای ساغکردنەوەو لێکدانەوەی هەندێ لە وشە گرانەکانی لە گۆڤاری (چریکەی کوردستان)دا بڵاوی کردۆتەوە.[(١٢)]
لە دەستخەتی یەکەمدا ناونیشانی قەسیدەکە بەم جۆرەیە: (در ذکر آمدن عبدالله پاشای بابان از دربار همیون بسوی عیراق و ڕوم و نظم سەرحدات بین ڕوم و ایران از گفتە سالم). واتە (لە باسو خواسی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان لە دەرباری هەمایۆنەوە بەرەو عێراق و ڕۆم، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی سنوورەکانی نێوان ڕۆم و ئێران). لە دەستخەتی دووەمدا ناونیشانەکە بەم جۆرەیە: (تهنئة مرخص شدن عبدالله پاشای بابان از قسطنطین و آمدنش به عراق بغداد)، واتە (پیرۆزبایی ڕێگەپێدرانی عەبدوڵڵا پاشای بابان و گەڕانەوەی لە قوستەتینیەوە بۆ عیراق و بەغداد).

٢– تێکستی تەواوی قەسیدەکە بۆ جاری دووەم و بە پشتبەستن بەلێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەکانی د. کەمال فوئاد. لە (میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا) بڵاوکراوەتەوە.[(١٣)]

٣- کاتێك ئێمە خوێندکاری خوێندنی باڵا - ماجستێر - بووین، لە بابەتی کۆرسی ئەدەبی کۆن و کلاسیکی، بە دوورو درێژی لەسەر ئەم قەسیدەیەی سالم وەستاوین و بە شەرح و پەراوێز و لێکدانەوەوە خوێندوومانە.(١٤)

٤- کام عەبدوڵڵا پاشا؟!

لە پەنجا ساڵی دوایی حوکمڕانی بابانەکان (١٨٠٠ - ١٨٥١) سەرچاوەکان باس لە دوو عەبدوڵڵا پاشا دەکەن،(١٥) یەکەمیان عەبدوڵڵا پاشای برای ئاوڕەحمان پاشای بابانە، کە هەمیشە لەگەڵ مەحموود پاشای برازایدا لە شەڕ و ململانەیەکی سەخت و دژواردا بووە لەسەر دەسەڵات،(١٦) ئینجا لە ڕووداوێکدا کە مستەر ڕیچ بە درێژی باسی دەکات، لە دوای ئەوەی بۆ دوا جار خیانەت و ناپاکی عەبدوڵڵا پاشا لە ئاست مەحموود پاشادا ئاشکرا دەبێ، مەحموود پاشا دەیگرێ و دەیخاتە نێو زیندانەوە، لێرەوەش سەربردەی ئەم عەبدوڵڵا پاشایە کۆتایی دێت و سەرچاوەکان لە دوای (تەمموزی ١٨٢٠ )وە لە ئاست ئەم عەبدوڵڵا پاشایە بێ دەنگ دەبن، لەوە دەچێت لە دوای زیندانی کردنی مردبێت.(١٧)

دووەمیان عەبدوڵڵا پاشای کوڕی سلێمان پاشا و برای ئەحمەد پاشای دوا میری بابانەکانە، ئەمەشیان لەگەڵ ئەحمەد پاشای برایدا بێ غەل و غەش نەبووەو بە کلك گرێدان لەگەڵ والی بەغدا هەمیشە لە هەوڵی لە کار خستنی ئەحمەد پاشادا بووە، تا سەرەنجام والی ئەحمەد پاشا دەکێشێتەوە بۆ بەغدا و (عەبدوڵڵا بەگی) برای لە ساڵی (١٨٤٢) دا جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت و هەر لەم ساڵەداو لە شەڕێکی ناقۆڵادا لە قزڵجەو لە دەشتی مەریوان لەشکری ڕەزا قولی خانی والی سنە دەشکێنێ کە بۆ پشتیوانی مەحمود پاشا هاتبوون.(١٨)

دوای ئەم شەڕە دووبارە ئەحمەد پاشا دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەر تەختی میرایەتی، ئەوسا عەبدوڵڵا پاشا کە کەڵکەڵەی میرایەتی لەسەری دابوو، لە سلێمانی ڕادەکا و دەچێتە لای نەجیب پاشای والی بەغدا و دەبێت بە چاوساغی بۆ هێرشکردنە سەر ئەحمەد پاشا. دوای ئەوە ئەحمەد پاشا لە نزیك کۆیە دەشکێ و بە ناچاری بەماڵ و خێزان و دەستوپێوەندەکانییەوە بەرەو مەریوان دەکشێتەوە، والی بەغدا عەبدوڵڵا بەگ بە پلەی پاشایەتی لە (١٨٤٨)دا بە حاکمی سلێمانی

دادەمەزرێنێت.[١٩] ساڵی (١٨٤٩) نامیق پاشا دەبێتە والی بەغدا، بە دوای عەبدوڵڵا پاشادا دەنێری و لای خۆی گلی دەداتەوە، لە جێگەکەیدا ئیسماعیل پاشای میسری دەکرێت بە موتەسەریفی سلێمانی و بەمەش کۆتایی بە میرایەتی بابان دێت.[٢٠] عەبدوڵڵا پاشا ماوەیەك لە بەغدا بە دەستبەسەری دەمێنێتەوە دواتر ڕەوانەی ئەستەمبۆڵ دەکرێت. لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی (قرم)دا لە نێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٥٤)دا، ڕێگەی پێدەدرێت کە بگەڕێتەوە بەغدا، تا بێتەوە کوردستان و بە ناوی جیهادەوە لەشکر کۆ بکاتەوە بۆ پاراستنی سنوورەکانی عوسمانی، نەبادا ئێران کەلك لەم هەلە وەربگرێت و پەلاماری خاکی دەوڵەتی عوسمانی بدات لە ڕۆژهەلات. هەندێ لە بابانەکان بەگوێرەی ئەو دەنگۆیەی وا بڵاو دەبێتەوە، کە ئەو جارێکی دیکە دەبێتەوە بە حاکمی سلێمانی، هەر لە ڕێگادا خۆیانی دەگەیەننێ و دەچنەوە پاڵی، بەڵام ئەم خاڵەیان پووچ دەردەچێ، ڕەشید پاشا گوێزلگلی (عەینەك لە چاو) والی بەغدا، لای خۆی گیری دەکاو لە پاشان دووبارە دەینێرێتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ و ڕێگە نادات ئەم خەونەی بهێتەدی.[٢١]

سالم لەو ئان و ساتەدا لە سلێمانی دەبێت و هەواڵی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بەر گوێ دەکەوێت، ئەم قەسیدەیە وەکو نوقلانەیەك بۆ موژدەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا بۆ سەر موڵکی بابان دەهۆنێتەوە، لە کاتێکدا ڕۆژگار نەیهێشتووە هیوا گەورەکەی سالم بێتە دی.

ئینجا مامۆستا قەرەداغی ئەم دوو عەبدوڵڵا پاشایەی لێ تێکەڵ بووە، یا ڕاستتر وایە لێی بوون بە یەك کەس، لە کاتێکدا حەقیقەت وایە کە نزیکەی دوو نەوە لە نێوان ئەم دوو عەبدوڵڵا پاشایەدا هەبووە، سەرچاوەکانی مێژووی میرنشینی بابان ئەم ڕاستییە نیشان دەدەن، بەڵام دیارە مامۆستا وەکو خۆی دەڵێ، چنگی نەکەوتوون!، بۆیە لە مەلەسەی عەبدوڵڵا پاشاکاندا تووشی ئەم گرێ کوێرەیە بووە، کە بۆی چارەسەر نەکراوەو ناچار تێکەڵاوی کردوون.

**ب- تێکستی قەسیدەکە[*]:**

(در ذکر أمدن بندگان عبدالله پاشای بابان از دربار همیون بسوی عراق و ڕوم نظم سرحدات بین ڕوم و ایران از گفته سالم):

**تیروەش دەی مەهـ گوزەشت و عەهدی نەیسان هاتەوە**
**بولبولی بێدڵ لە دەورەی گوڵ بە ئەفغان هاتەوە[(١)]**
**سەختگیری کرد ئەگەر سەرما وەکو ئەفراسیاب**
**بادی نەورۆزی بەمیسلی پووری دەستان هاتەوە[(٢)]**
**لەشکری گوڵ جوملە خەندانن دەڵێن سەرما شکا**
**تا سلێمانی صەبا بۆ دێوی زستان هاتەوە[(٣)]**
**باخە پەژموردەی خەزان و خوڕڕەمی ئەوقاتی حووت**
**ماهی نەورۆزی بەعەکسی ماهی ئابان هاتەوە[(٤)]**
**بای شەماڵ هێنایە جونبوش قامەتی سەروی سەهی**
**بۆ خیابانی چەمەن قومری بە ناڵان هاتەوە[(٥)]**

---

(*)- د. کەمال فوئاد دەڵێ: لە دوای ئازادبوونی عەبدوڵڵا پاشای بابان و گەیشتنی بە بەغدا سالم ئەم قەسیدەیەی گوتووە، ئەم قەسیدەیە لە (٤٢) دێر پێکدێت و ساڵی (١٢٧٠ك/ ١٨٥٤ز) گوتراوە.

١ ـ وەش: وەك، گوزەشت: هاتوچۆ، دەی مەهـ: مانگی دەی، عەهدی نیسان: بەهار، بێدڵ: عاشق، بەئەفغان: بەناڵە

٢ ـ سەختگیری کرد: سەختی نواند، ئەفراسیاب: پاشای دەهەمی پێشدادیان (بەپێی شانامەی فیردەوسی). باد: با- هەوا، بە میسلی: وەکو، پوور: کوڕ، دەستان: نازناوی (زاڵ)ی باوکی ڕۆستەمە، پوری دەستان: کوڕی زاڵ- واتە (ڕۆستەم)، سلێمانی صەبا: ئاماژەیە بۆ حەزرەتی سلێمان کە بەزمانی هەموو گیانەوەرانی زانیوە، کە ئەو هات دێوی زستان نامێنێت.

٣ـ جوملە: هەموو، سەبا: هەوای خۆش.

٤ـ پەژموردە: سیس و ژاکاو، خەزان: پایز، خوڕڕەم: دوا مانگی زستان کە مانگ لە کەلوی نەهەنگدا دەبێت لە نێوان (٢/٢١ تا٣/٢٠).

ماهـ: مانگ، عەکس: پێچەوانە، ماهی ئابان، مانگی هەشتەم جەرگەی پایز بەپێی ساڵنامەی ئێرانی (١٠/٢٢ تا ١١/٢١).

٥ـ جونبوش: جووڵە، قامەت: باڵا، سەروی سەهی: سەروی ڕێك ڕاست، خیابان: ڕاستە ڕێگەی ناوباغ و گوڵزار، چەمەن: چیمەن.

ساره دڵدادەی شکۆفەی شاخساری طەرفی باخ
بێخود و ڕەققاس و سەرمەست و غەزەلخوان هاتەوە [١]
بۆ شکۆفەی طیفلواری یەکشەبەی شاخی درەخت
ڕەحمەتی ئێزەد لەگەڵ هەر قەترە باران هاتەوە [٢]
ڕوو بە ڕووی طیفلی نەباتاتی چەمەن موشتاق وار
دایەیی ئەبری بەهاری ئەشك ڕێزان هاتەوە [٣]
دەنگی سەد ڕەنگی کوڵنگ و قازو سۆنەو پۆرچین
ساز وەش هەرسوو لە گوێی سەبزەو شەتاوان هاتەوە [٤]
سەیری گوڵشەن کەن لە چیهرەی گوڵشەوی ئوردی بەهەشت
هەر طەرەف بۆ مەجلیسی بولبول چراغان هاتەوە [٥]
سەبزە وەك مەخمەڵ لە هەرجا فەرشە بۆ سەحنی چەمەن
مەوسمی عەیش و طەرەب بۆ مەی پەرستان هاتەوە [٦]
بۆ دەماغم عەهدی گوڵ ئەفسووردەگی سەردی نەما
تا لە گوڵشەندا بەسەرما بۆیی ڕەیحان هاتەوە [٧]
پێی وتم دوێ شەو لە کونجی میحنەتا واضیح سروش
وا چراغی دوودمانی ئەهلی بابان هاتەوە [٨]

---

١ ـ سارە: بەرگی سەوزی غونچە، دڵدادە: عاشق، شکۆفە: غونچە، شاخسار: لقوپۆپی زۆر و چڕ، گەرفی باخ: کەناری باغ، بێخود: لەخۆڕا، ڕەققاس: سەماکەر– بە هەڵپەڕکێ و بەسەماوە، سەرمەست: سەرخۆش، غەزەلخوان: بە گۆرانی گوتن.

٢ـ شکۆفە: غونچە، طیفل وار: وەك منداڵ، یەکشەبە: یەکشەوە، شاخ: چڵ، ڕەحمەت: خێر و فەڕ، ئێزەد: خوا.

٣ـ موشتاق وار: بە پەرۆشەوە، دایە: دایەن، ئەبر: هەور، ئەشك ڕێزان: فرمێسك ڕێژ.

٤ـ کوڵنگ: قورینگ، سۆنەو پۆرچین: دوو جۆرە مراوین، سازوەش: وەك ساز، هەرسوو: لەهەر لاوە.

٥ـ ئۆردی بەهەشت: مانگی دووەمی ساڵنامەی ئێرانی (٤/٢١ ـ ٥/٢٠) گەرمەی بەهار.

٦ـ مەخمەل: قەدیفە، لە هەرجا: لە هەرلاوە، سەحنی چەمەن: تەختایی یان شوێنی چەمەن.

٧ـ دەماغ: لووت، عەهدی گوڵ ئەفسووردەگی: دەمی سیس بوونی گوڵ، بەسەرما: بەحەواوە.

٨ـ واضح: ڕوون، سروش (فریشتەی هەواڵ هێنەر ـ جوبرائیل)، چراغ: چرا، دوودمان: بنەماڵە.

چـیهرەیی مەقصـەد هوەیـدا بـوو لـە هـەرجا صـوبح وار
موژدە ئـەی یـەعقووبی دڵ یوسـف بـە کـەنعان هاتـەوە[1]
ئاشـکارا هـەر طـەرەف هـود هـود لـە پـەروازا دەڵـێ:
رووبـەڕووی مـوڵکی سـەبا تـەختی سـولەیمان هاتـەوە[2]
بـەرق وەش بۆ مـوڵکی مـەوروثـی لـە قوسطـەنطینـەوە
حـاکمی مـەنفی بـە ئـەمری صـەدر و سـوڵتان هاتـەوە[3]
ئاصـەفی ثـانی مورەخخـەص بـوو بـە ئـەمری پادیشـا
بـۆ نیظـامی مـوڵکی بـەینی ڕۆم و ئێـران هـاتەوە[4]
مـن وتم: چـۆن بـوو لـە ئاغـدنگز نـەجاتی؟ دڵ وتـی:
شـاهی کەیخوسـرەو بـە جـەیحوونا بـە ئێـران هاتـەوە[5]
فـیتنەخیزە ڕاهی قوسطـەنطین بـە میثلی هـەفتخوان
ئـەم بەهـەر خوانێ وەکـو ڕۆبـین تـەن ئاسـان هاتـەوە[6]

---

١ـ چیهرە: ڕوخسار، مەقصەد: مەبەست، هوەیدا: دیار ـ ئاشکرا، لە هەر جا: لە هەموولا، صوبح وار: وەك دەمی بەیانی، یوسف و یەعقوب: مەسەلەی چیرۆکی یوسفە وەکو لە قورئانا هاتووە.

٢ـ ئاشکارا: بەڕوونی، هەرطەرەف: هەمولا، هودهود: پەپووە سلێمانە، پەرواز: فڕین، موڵکی سەبا: دەوڵەتی (سبأ)، سولەیمان: مەبەست حەزرەتی سولەیمانی پێغەمبەر و چیرۆکەکەیەتی کە لە قورئانا، هاتووە، پەپوو سلێمانکە ڕۆڵی هەواڵگری دەگێڕێ هەر زوو زوو خەبەر دەدات: (ولقد جئتکم بنبأً من سبأ).

٣ـ بەرق وەش: برووسکە ئاسا، مەوروث : میرات، قوسطەنطین: ئەستەمبۆڵ، صەدر: مەبەست صەدری ئەعزەمە؛ سەرەك وەزیرانی عوسمانی، سوڵتان: سوڵتانی عوسمانی.

٤ـ ئاصەف: وەزیری دەستەڕاستی سولەیمان پێغەمبەر، (بەڕاوێژکاری زیرەك و زانا دەگوترێ)، مورەخخەص بوو: ڕێگەی پێدرا، نیظام: ڕێکخستن.

٥ـ ئاغدنگز (ئاقدنگز): دەریای سپی ناوەڕاست. جەیحوون: ڕووبارێکە دەکەوێتە بەشی ئاسیای وڵاتی ڕوسیا و بەشێکی سنووری نێوان ڕوسیا و ئەفغانستان پێکدەهێنێ، پێشی دەگوترێت (ئامۆ دەریا).

٦ـ فیتنە خیز: بە ئاشووب، هەفتخوان: یەکێکە لە داستانەکانی شەرەفنامە، کە بریتییە لە بەسەرهاتەکانی ڕۆستەم لە ڕێگای مازەندەران کاتێ تووشی حەوت شەڕ دێت، کە بەسەریەکەوە بە هەفتخوانی ڕۆستەم ناسراوە، ڕووبین تەن: لە ڕاستیدا (ڕوویین تەن)ە،

نـــۆكەرانی بێ ڕەمـــەق کـــرد خیسەتی طەبعی مـــونیب
بـۆ تـەنی مـوردەی خـەلایق یـەك بەیـەك جـان هاتـەوە[1]
شەهدو تەڵخـە لـوطـف و قـەهری بـۆ قـەراری نیـك و بـەد
شاه نـــەحل ئاسا بـە یـادی نـۆش و نێشـان هــــاتەوە[2]
خۆش نومـا شمشـێری ئـەو بـوو وەك هـیلالی شـامی عیـد
مـاهی نـەو دەرکـــــەوت و عیـدی ڕۆژەداران هــــــاتەوە[3]
بۆ قیصاصی موستەحەق و قەبض و بـەسطی مـوددەعی
شـێرمەردی گـوردی پیـل ئەفگـەن لـە مەیـدان هاتـەوە[4]
خۆشــە ئــەمجا بــۆ تــەرەددود بازیـــان و شـــەهرە زوور
عــــادیلی نــادرڕەوش بـــۆ جــانی دوزدان هــــــاتەوە[5]
بێن بەهـەم با دەنگی گریـەی مولحیـدو خەنـدەی موریـد
بۆ نەمانی کفرو ظـولمـەت بــــەدری ئیمـان هــــــاتەوە[6]

---

واتە لەش ئاسنین بە کەسێك دەگوترێت کە لەشی وەکو ڕوو قایم بێت و شیرو تـیر کـاری لێ نەکات، ڕووبین تەن نازناوی ڕۆستەمە.

١ـ بێ ڕەمەق: بێ نان، خیسەت: نزمی، طـەبع: سروشت، مونیـب: بـێ بـار ـ پەشـیمان، تـەنی موردە: لەشی مردوو، خەلایق: خەڵکی، جان: گیان.

٢ـ شەهد: شیرینی ، تەڵخ: تاڵ، لوطف و قەهری: نەرمی و تونـدی، قـەرار: بڕیـار، نیـك و بـەد: باش و خراپ، نەحل ئاسا: وەکو هەنگ، نۆش و نێشان: نۆشین و پێوەدان.

٣ـ خۆش نوما: وێنەی جوان، هیلالی شامی عید: مانگی یەکشەوەی ئێوارەی جەژن، ماهی نەو: مانگی نوێ، عید: جەژن، ڕۆژەداران: ڕۆژوو گرتووان.

٤ـ قیصاص: سزادان، قەبض و بەسط: گرتن و بەردان، موددەعی: داواکار، شـێرمەرد: پیـاوی وەك شێرـ ئازا، گورد: دلێر ـ پاڵەوان، پیل ئەفگەن: ئەوەی فیل بەزەویدا دەدات ـ بـەهێزـ ئاماژەیە بۆ ڕۆستەم.

٥ـ تەرەددود: سەردان، نادر ڕەوش: وەك نادر (ئاماژەیـە بـۆ نـادر پاشـا)ی دادپـەروەر، جـان: گیان، دوزد: دز.

٦ـ بێن بەهەم: وێکڕا بێن و تێکەڵاوبن، گریە: گریان، خەندە: پێکەنین، کفر و ظولمەت: تاریکی خوانەناسی، بەدری ئیمان: ڕۆشنایی باوەڕ.

شەب نشینانی خەفەت با زەڕڕە ئاسا بێنە رەقص
وا لە بورجی دەوڵەتا خورشیدی ڕەخشان هاتەوە[1]

چونکە دیهقان نۆکەرو، بەگ چەرچییەو، ئاغا بەقال
بۆ نیظامی نۆکەر و بەققال و دیهقان هاتەوە[2]

بچینە سەر صنعاتی ئەووەل کەفشدۆز و پینەچی
حاکمی مەرکەز شوناسی ئەهلی دییوان هاتەوە[3]

دیم لە بابانا ڕەعییەت ظالم و نۆکەر فەقیر
مونعەکیس بوو قەضیە وا، بابی فەقیران هاتەوە[4]

شەق وەشێن ئامادەبن بۆ کاسبی شورانشین
پشتی لەشکر، صەدری مەجلیس، میری میران هاتەوە[5]

گریەکا تا دەنگی دەدرێ با کەریم ئاغای نەنێ
حاکمی مەعزولکردەی ئەو، بە شادان هاتەوە[6]

تەپڵی بدرێنێ، عەلەم ون کا، جەنابی کاکەمین
قابیلی بەیداخ و تەپڵ و لە شکروسان هاتەوە[7]

خۆی بە پەت ئەمجا بتاسێنێ مودیری پەت لەمل
صاحێبی چەتر و لیواو و طەوق و فەرمان هاتەوە[8]

---

١ـ شەب نشینانی خەفەت: ئەوانەی شەو بە خەفەتەوە ڕۆژ دەکەنەوە، زەڕڕە ئاسا: وەکو زەڕە ـ وەکو گەرد، بورجی دەوڵەت: بەختی دەوڵەت، خورشیدی ڕەخشان: ڕۆژی ڕووناک.

٢ـ دیهقان: جوتیاری خاوەن زەوی ـ کێخوا، چەرچی: وردەواڵە فرۆش.

٣ـ صنعات: پیشە، کەفشدۆز: کەوشدروو، مەرکەز شوناس: شارەزای کاروباری دەوڵەت، ئەهلی دیوان: لێوەشاوە.

٤ـ ڕەعییەت: دانیشتوان، مونعەکیس بوو قەضیە: مەسەلەکە هەڵگەڕایەوە.

٥ـ شەق وەشێن: شەڕکەر، کاسب: بەدەستهێنەری پلەو پایە، شورانشین: ئەنجوومەنی پرس و ڕا پێکردن، پشتی لەشکر: هێزوتوانا بۆ سوپا، صەدری مەجلیس: سەرۆکی مەجلیس.

٦ـ دەنگی دەدرێ: تا گەرووی دەنووسێ، مەعزولکردە: لە کار خراو.

٧ـ بەیداغ: ئاڵا، سان: پیشان دان و خۆنواندنی سوپا (استعراض).

٨ـ پەت لەمل: ڕەنگە ئەو مودیرە قەرەوێتی لەمل کردبێت، بۆیە پێیان گوتووە پەت لەمل، لیوا: ئاڵا، طە وق و فەرمان: تەوق/ ئەڵقەی حوکمدارێتییە کە بەفەرمانی سوڵتان بەخشراوە و کراوەتە مل.

خرس خوو، کەهیای ماضی بوو، لە دەشتی شەهرەزوور
پێی بڵێن خۆی ڕاگرێ، وا شێری غوڕڕان هاتەوە[١]
چونکە شێوەی زاغی بوو سەرکاری کەهیا مودەتێ
بۆ شکاری ئەو لەسەردا، بازی تەڕلان هاتەوە[٢]
سەنگەری عەهدی عەزیز بەگ کەلکی کەهیا ناگرێ
صاحێبی شمشێرو درع و خودو خەفتان هاتەوە[٣]
ڕەنگە ئەمجا بێتە کاران سەرحەدی موڵکی سنە
ڕم وەشێنی مەعرەکەی دەشتی مەریوان هاتەوە[٤]
کەڕو فەڕ با کەم بکا والی بە فەوجی چێشکەرۆ
پشتبەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە[٥]
طایری دەوڵەت بیحەمدیللا بە ئەمری شەهرەزوور
موستەعیدو خوڕڕەم و یازان و تازان هاتەوە[٦]

---

١ـ خرس: ورچ، خرس خوو: سروشتی وەك ورچ، کەهیا: کوێخا یان پیاوی بەڕێزی ناوچە، ماضی: لە ڕابردوو، غوڕڕان: بەنەڕڕاندن.

٢ـ زاغ: قەلەڕەشکە، سەرکاری کەهیا: وەکیلی کوێخا، شکار: ڕاو، بازی تەڕلان: جۆرە بازێکە لە ڕاودا چاپووك و ئازایە.

٣ـ عەهد: ڕۆژگار، عەزیز بەگ: عەزیز بەگی بابان، درع : زرێ ـ قەڵغان، خود: (خودە)/ کڵاوی ئاسن کە لەشەڕدا دەیکەنە سەر، خوفتان: جۆرە بەرگێکی تایبەت بووە، شیرو تیربەند بووە لە ژێر ئەسبابی جەنگەوە لەبەرکراوە.

٤ـ کاران: پێکدادان و جەنگ، سەرحەد: سنوور، موڵکی سنە: وڵاتی ئەردەڵان. مەعرەکەی دەشتی مەریوان: مەبەست شەڕی عەبدوڵڵا پاشایە لەگەڵ والی سنە لە ساڵی (١٨٤٢).

٥ـ کەڕو فەڕ: لێدان و هەڵاتن لە شەڕدا ـ پەلامار و کشانەوە، لێرەدا بەمانای هێنان و بردنە، چێش کەرۆ: وشەیەکی هەورامییە بە مانای (چی بکەم؟) دێت، وەکو گاڵتە پێکردن بۆ ئەو فەوجەی والی گوتراوە کە لە هەورامییەکان پێکهاتووە، پشتبەند: هێز و پشتوپەنا. وەندات و جافان: هۆزی هەمەوەند و عێلی جاف.

٦ـ طایری دەوڵەت: مەلی بەخت و ئیقبال (هوما). موستەعید: ئامادە، یازان: پایەداران ـ دەسەڵاتداران، تازان: بە تاو.

کەوتە ناو کەففەی کەرەم دووبارە خەرجی شەهرەزوور
طالیعی دەروێش و موفلیس بوو، کە قائان هاتەوە[1]
من بەشك دەموت نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم
دڵ وتی: سالم یەقینت بێ بە قورئان هاتەوە[2]
ئەهلی دانش، حاتەمی بەخشش، بەئەبجەدکەن حیساب
بانەڵێن کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە[3]

---

١ــ کەففە: تای تەرازوو، کەرەم: بەخشندەیی، خەرجی شەهرەزوور: باج و خەراجی شەهرەزوور. طالیع: بەخت، موفلیس: بێ پوول و پارە، قائان: خان ـ نازناوی پاشاکانی (مەغۆل) بووە.
٢ـ بەشك دەمگوت: گومانم هەبوو. یەقینت بێ: دڵنیابە ـ گومانت نەبێ.
٣ـ ئەهلی دانش: زانایان، حاتەمی بەخشش: حاتەمی بەخشین.
ــ ئەگەر بەحیسابی ئەبجەد ئەو ڕستەیە، لێك بدرێتەوە (کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە) ئەوا بەرامبەر (١٢٧٠) ی کۆچی دەوەستێ، کە ئەمەش ڕێکەوتی (١٨٥٤) زاینییە.

## ٣ـ تەوەری سێیەم/ قەسیدەی دووەم: لە باسی پەرێشانی بابانەکاندا

**أ- سالم و نالی و مەسەلەی خزمایەتی:**

ئەوەی لەم باسەدا جێ مەبەستی سەرەکی ئێمەیە، مەسەلەی لێکۆڵینەوە و یەکلاکردنەوەی ئەم قەسیدەیەیە، مامۆستا قەرەداغی بە پشتبەستن بەدەستخەتەکەی (عەلی ئەکبەری سەنەندوجی) کە لە بەرایی ناومان برد، دوو مەسەلەی تازەو نوێ دێنێتە ناوەوە، یەکێکیان مەسەلەی هەبوونی پەیوەندیی خزمایەتی (خاڵو خوارزایەتی) لە نێوان نالی و سالمە، کە گوایە سالم خاڵی نالی بووبێت. مەسەلەی دووەم مەسەلەی ئەم قەسیدەیەیە کە لە سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیدا تاوەکو ئێستا بێ شك و گومان دراوەتە پاڵ سالم، کەچی بەبڕوای مامۆستا قەرەداغی قەسیدەکە هی (نالی)یە و نەوەك سالم.

سەبارەت بە مەسەلەی یەکەم و (خاڵ و خوارزایەتی) نێوان سالم و نالی، لە ڕابردوودا هیچ سەرچاوە و بەڵگە و دیکومێنتێك شتێکی لەو جۆرەی نەدرکاندووە. تەنانەت ئەمین زەکی بەگ و ڕەفیق حیلمی بۆ تۆماری ژیاننامەی سالم پەنایان بۆ خزمەکانی بردووە لە سلێمانی، کە ڕەنگە ئەوان ئەگەر فریای بینینی سالمیش نەکەوتبن ئەوەندە لێیەوە دوورنەبووبن، بەڵام ڕۆژێك بەلای مەسەلەیەکی لەو شێوەیە نەڕۆیشتوون، تەنانەت یەکێکی وەکو ئەمین فەیزی بەگ کە هەر پەنجا ساڵێك لە دوای سالم و نالییەوە (ئەنجوومەنی ئەدیبانی) تۆمارکردووە و لای هەمووانیش ئاشکرایە کە چەند ورد ژیان و بەرهەمی نالی هەڵسەنگاندووە، کەچی ئاماژەیەکی لابەلاشی بۆ هەبوونی مەسەلەیەکی لەو جۆرە نەکردووە، بۆیە لام وایە ڕەواج پێدانی ئیدیعایەکی لەو جۆرە پێویستی بە بەڵگەو دەلیلی بەهێز و سەلمێنەر هەیە، بڕوای ئێمە وایە بۆچوونەکانی ئەمین فەیزی و ئەمین زەکی و ڕەفیق حیلمی و عەلائەدین سەجادیمان دەرحەق بە نالی و سالم پێ دروستترە کە دەڵێن نالی جافی میکایەڵی شارەزووری خاکوخۆڵی بووە، سالمیش ساحێبقڕانی قەرەجەهەنەمی سنەیی ئەردەلانی. ئینجا ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرینگییەکی زۆری هەیە مەسەلەی دووەمە کە لێرەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین بیرو بۆچوونەکان لەم بارەوە ڕوونتر بکەینەوە:

**ب- سەرچاوەی باوەڕپێکراو:**

د. کـەمال فوئـاد لـە کتێبـی (دەستنووسـە کوردییـەکان) دا ئامـاژە بـۆ دۆزینەوەی دیوانێکی دەستنووسی سالم دەکات کەوا لـە نامەخانـەکانی پروسیادا پارێزراوە.[٢٢] ئینجا دەڵێ: دیوانەکـە ساڵی (١٢٧٨) کۆچـی (١٨٦١ زاینـی)، بـە خــەتێکی جــوان و خــۆش و لەســەر داوای خــودی ســالم نووســراوەتەوە و لــە کۆتاییەکەیدا هاتووە: (بدرجه اتمام رسید درشب شنبه بیست و دوم شهر شعبان المعظم (١٢٧٨) حسب الخواهش مخدوم مکرم عبدالرحمن بیگ الکردی که الحق در فن شعرسازی سحربازی مینماید اللهم اغفر لـه ولکاتبـه ولسائر جمیع المسلمین بحرمة محمد خاتم النبیین آمین آمین آمین).[٢٣]

واتە: (گەیشتە پلـەی کۆتـایی، لـە شـەوی شـەممە، لـە بیست و دووهـەمی مــانگی شــەعبانی مــەزن (١٢٧٨) لەســەر خواســتی ئاغــای ڕێــز لــێگیراوم عەبدولرەحمان بەگی کوردی کـە بەڕاستی لـە هونـەری شیعرسازیدا، سیحربازی دەنوێنێ، خودایە لە خۆی و لە نووسەرەکەی و لە هەموو موسوڵمانان خۆش بیت، لەبەرخاتری موحەمەدی کاروانسالاری پێغەمبەران ئامین ئامین ئامین).[٢٤]

ئینجا هەر خودی د.کەمال فوئاد خۆی ئەم قەسیدەیەی سالمی لـەم دیوانـە دەستخەتەدا ڕاگواستوەو بۆ یەکەم جار بەلێکدانەوەی هەندێك لە وشەکانی بڵاوی کردۆتەوە.[٢٥]دوای ئەوە مامۆستا گیوی موکریانی لە چاپی دووەمی دیوانی سالم دا قەسیدەکەی چاپ و بڵاوکردۆتــەوە.[٢٦] لـە کتێبـی میرایـەتی بابـان دا، ئـەم قەسدەیە لە پاڵ چەند بەرهەمێکی دیکەی شاعیر کـە پەیوەنـدی بـە بابانەکانـەوە هەیە، بەلێکدانەوەی وشـە گرانـەکانی و لـە (٤٨) بەیتدا بـۆ سـێیەم جار بـەناوی سـالمەوە بڵاوکراوەتــەوە.[٢٧] دوور نییـە ئـەم دوو بڵاوکردنـەوە و چـاپەی دوایـی قەسیدەکە هەر لەسەر بنەمای ئەوەی دکتۆر کەمال بووبێت. ئینجا لـە کتێبەکـەی مامۆستا قەرەداغی، بە ناوی (نالی)یەوە لە ژێـر سـەر نـاوی (لـە پارچـە شـیعرێکی بڵاونەکراوەیدا!!) بە هەندێك جیاوازییەوە دیسان تۆمارکراوەتەوە.[٢٨]

لە ئێستاشدا وەکو مـن ئاگـادارم برایـانی هەڵسووڕێنەری بنکـەی (ژیـن) لـە سلێمانی، بە هاوکاری شێلگیرانەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و لەسەر بنەمای ئەو کارانەی بنەماڵەی زانیارانی پایە بەرزی کورد (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و

فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم) لە زووێکەوە لەسەر ڕەشنووسەکانی تەواوی دیوانی سالم دا کردوویانە، خەریکی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی دیوانێکی سالمن، کە بەو هیوایەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە ژێر چاپ و کتێبخانەی کوردی پێ ڕووناك بێتەوە.[٢٩]

ئینجا لەم پێناوەدا من ڕەشنووسێکی چاپکراوی ئەم قەسیدەیەم لە کارەکەی ئەوانیش خواستووە، بۆ ئەوەی بە ئەندازەی پێویست سوودی لێ وەربگرین. لێرەوە ئێمە ئێستا پێنج تێکستی هەمان قەسیدەمان لە پێنج سەرچاوەی جیاوازەوە لەبەر دەستدان، کە من گومانم هەیە لەوەی هیچ کامێکیان بێ هەڵەو ناتەواوی و کەم و کوڕی بن! ئێمە لەم دەرفەتەدا لە هەوڵی پێش چاوخستنی جیاوازی نێوان دەقەکاندا نابین، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ هەموو تێکستەکان و بەگوێرەی سەرنج و تێبینی و بەپێی تواناو تێگەیشتنی خۆشمانەوە، لەمەودوا دەقێکی پوختەکراوی قەسیدەکە بە هەندێك لێکدانەوەوە دەخەینەڕوو:

**ج- تێکستی قەسیدەکە:**

ناونیشانی قەسیدەکە بەم جۆرەیە: (در وصف پریشانی نوکران بابان بعد از رفتن عبدالله پاشا[*] بقسطنطین)[٣٠]

**بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصصی موڵکی بابانن**
**لە بێ دادی فەلەك هەریەك سەراسیمە و هەراسانن[١]**
**جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لەبێ چیزی**
**لە ژێر باری غەما هەریەك لە خەمدا میثلی چەوگانن[٢]**

---

[*] ئەوە هەمان عەبدوڵڵا پاشایە کە لە بەشی یەکەمدا شاعیر باس لە هەواڵی گەڕانەوەی دەکات، کەچی لێرە هەواڵی لە کارخران و دەستبەسەرکردنیەتی لە بەغدا، ئینجا دوور خستنەوەیەتی بۆ ئەستەمبۆل بە شوێن ئەحمەد پاشای برایدا.

١ـ بەدا: (بەدە) ئەم مەددە بۆ خوێندنەوەیە، واتە: خراپە، خاصصی موڵکی بابان: ئەوانەی دەستە بژێری میرنشینی بابانن، سەراسیمە و هەراسان: سەرگەردان و وەڕەز و بێزار.

٢ـ جەوانانی سەهی قەد: ئەو لاوانەی قەد و باڵایان ڕێکو ڕاستە وەکو داری سەروو، بەسکە:

**لــه بابانــا گرفتــارن، پەرێشــان خــاطرو بێكــەس**
**بە جەمعییەت سیەهبەختانە وەك گیسوویی خووبـانن**[1]
**گــەدان و بۆگــەدا دەرگانــە وا ناكــەن لــە بــێ چــیزی**
**وەكــو نــەڕڕادی دانــا هــەر لــەفكری خانەبەنــدانن**[2]
**لە ظولمی چەرخی دونپەروەر سەخی طەبعانی حاتەمدڵ**
**بـەڕاهی كۆیی دونانـا لـە هـەر سـوو كاسـە گـەردانن**[3]
**بە دەستی كەشمەكەش هەر سوو دڕا بەرگی خودئـارایی**
**قــەبایی نۆكــەرو ئاغـا هــەموو بــێ چـاك و دامـانن**[4]
**لــە بابانــا ئەمێســتە چــونكە قــاوەی نۆكــەری دۆغــە**
**لە حەڵقەی ئەهلی حەسرەتدا هەموو كەمۆڵە فنجـانن**[5]

---

ئەوەندە ـ بەجۆرێ، چیز: شت ، بێ چیزی: نـەبوونی، خـەم: چـەماوە ـ كـوورِ، چـەوگان: گۆچان. / واتە لە ژێر باری غەمدا وەكو گۆچان چەماونەتەوە.

١ــ پەرێشـان خـاطـر: دڵشـكاو، سـیەهبەخت: بـەختڕەش، گیسـوو: مـووی پـرچ و زوڵفـی ژن، خووبان: ژنی شۆخ و جوان. / واتە بەخت و چارەنووسیان ڕەش و تاریكە وەكو سەروپرچی شۆخە ژنان.

٢ــ گـەدا: سـواڵكەر، دەرگانـە واناكـەن: دەرگـا ناكەنـەوە، نـەڕڕادی دانـا: تاوڵەچـی شـارەزا، خانەبەندانن: خـەریكی پڕكردنـەوەی خانـەكانن. / وەكـو تاوڵەچـی شـارەزا هـەر لـە بـیری ئەوەدان هەموو خانەكانی خۆیان پڕبكەنەوە و هیچ درزو كەلێنێك نەهێڵن تا خەڵك ڕێـی پـێ نەبات.

٣ــ چـەرخی دوونپـەروەر: ڕۆژگـار كـە لەگـەڵ خـەڵكی ناشایسـتەدا دۆسـتە، سـەخی طـەبع: بەخشندە، حاتەمدڵ: دڵ فراوان و دەست بڵاو وەكو حاتەمی عەرەب.

ڕاه: ڕێگە، كۆی: گەڕەك، دون: نەفس نـزم، لـە هـەر سـوو: لـە هـەرلا، كاسـە گـەردانن: كاسـە دەگێڕن ـ سواڵ دەكەن.

٤ــ كەشمەكـەش: ئـاڵۆزی و بینـەو بـەردە، هەرسـوو: لـە هـەموو لاوە، خـود ئـارایی: خـۆ ئارایشكردن، قەبا: عەبا، چاكو دامان: یەخەوداوێن.

٥ـ نۆكەر: بـەپێی سـەنگ و تـەرازووی كۆمەڵایـەتی ئـەو سـەردەمە توێـژێكی موعتەبـەر بـوون، چونكێ بریتی بوون لە كوێخاو كاربەدەست و مووچە خۆرەكان، ئینجـا ئـەوان قـاوە خـۆری كۆشك و مەجلیسـی پاشـاكانی بابـان بـوون، كـە ئـەوەش نیشـانەی پایـەی كۆمەڵایـەتی تـا ڕادەیەك بەرزیان بووە. دۆغ: دۆ، حەڵقەی ئەهلی حەسرەت: ڕێزی ئەوانـەی كـە ئـەمڕۆ ئـاخ

**ئەوانەی تورمە پۆش و شەهد نۆش و ناز پـەروەر بـوون**
**ئەمێسـتە خانـە بـەردۆش و نـەخۆش و زارو عوربـانن**(١)
**ئەوانەی جێ نشیمەنیان لە گۆشـەی تـەختی حـاکم بـوو**
**بـە دەشـتی شـەهرەزوورا جوملـە وەك غـوولی بیایـانن**(٢)
**دەلەرزن هەوری نەو گەر بێتە ڕووی گەردوون لـە پـایزدا**
**بە ڕووتی، کۆنە خەزپۆشـان لـەفکری بـەرگی زسـتانن**(٣)
**صەفی پاشانی (باب ئوغڵی) لە دێی(کۆستە)و(دەباشانا)**
**بە دەوری گەلەدا چوماغ دەرکـەف، جوملـە چـووپانن**(٤)

---

هەڵدەکێشن. کەمموڵە: کۆتك ـ دەفرێکە لە دار سازدەکرێت و بۆ دۆ خواردنەوە بەکار دێـت، دۆ خۆرەوە پایەی کۆمەڵایەتییان لە قاوە خۆرەکان زۆر نزمتر بووە، بە تایبـەتیش پیشـەی لادێیی و وەرزێرەکان بووە. / واتە ئەوانەی کە تا دوێنێ لە کۆڕی میرەکانی بابانـدا شـوێنی شایستەیان هەبووەو قاوە خۆرەوەی مەجلیس بوون، ئەمڕۆ ئاخ و داخ هەڵدەکێشن بـۆ ئـەو ڕۆژگارەو لە بری ئەوە بوون بە دۆ خۆرەوەی بە کۆتك لە دێهاتەکان.

١ـ تورمە پۆش: شاڵپۆش، شەهد نۆش: شیرینی خۆرەوە، نـاز پـەروەر: بـەناز پـەروەردەکراو، خانە بەردۆش: ماڵ بە کۆڵ، زار: پەرێشان، عوریان: ڕووت و ڕەجاڵ. / ئـەوانێك کـە شـاڵ و پۆشاکی گرانبـەهایان دەپۆشـی و خـواردن و خۆراکیـان هـەنگوین و شـیرینی بـوو، ئـا بـەو شێوەیە لە ناز و نیعمەتا پـەروەردە بووبـوون، ئەمێستا مـاڵ و حـاڵ و خانـە و لانـەیان بـە کۆڵەوەیە بە نەخۆشی و ڕووتی و ڕەجاڵی بە وڵاتا دەسووڕێنەوە.

٢ـ جێ نشیمەن: شوێنی دانیشتن، گۆشەی تەختی حـاکم: لـە ڕێـزی تـەختی پاشـادا، جوملـە: هەموو، غوول: دەعبایەکی ئەفسانەییە و لـەبیابانا دەژی ـ دێـو و درنـج. / ئەوانـەی کـە لـە مەجلیسی پاشادا شوێنیان لە ژوورەوە لە ڕێزی شوێنی دانیشتنی پاشاوە بوو، ئێستا وەکو دێو و درنج بیابانی شارەزوور دەپێون.

٣ـ هەوری نەو: هەوری نوێی سەرەتای پایز، گەردوون: ئاسمان، خەز: قوماشـی حـەریر، کۆنـە خەزپۆشان: ئەوانەی لە کۆنا حەریرپۆش بوون. / هەر کاتێ هەوری تازەی پایزی لە ڕووی ئاسماندا پەیدا دەبێت، ئەوانەی کە لـە پێشـدا حـەریر پـۆش بـوون، ئێسـتا لەبـەر ڕووتـی و قووتی و لە ترسی سەرما دەکەونە خەمی پەیدا کردنی جل و بەرگی زستان.

٤ـ صەفی پاشانی: تیپی پاشایانی، بـاب ئـوغڵی: ڕەسـەن زادە، کۆسـتەو دەباشـان: دوو دێـی نزیك سلێمانین، گەلە: ڕانەمەڕ، چوماغ دەرکەف: کوتەك بـە دەسـت، جوملـە چـووپانن: بـە کۆمەڵ بوونەتە شوان. / ئەوانەی کە بەڕەچەڵەك پاشا زادە بوون، وا ئێستا لە دێهاتی نزیـك سلێمانیدا کوتك بە دەست بە دوای ڕانە مەڕەوەن و بوونەتە شوان.

**موریــدی خانــەقا زۆرن لــە عەهــدی عــەدلی ڕۆمیــدا**
**لـە ئاغایـانی بـۆ بـەش حوجرەهـا جێـی تەوبـەکارانن[(١)]**
**ئەگەر چی طاعـەتی جـەبرە، وەلی عیللـەت بـە بێکاری**
**وەکـو قـاریئ یەکایـەك حـافیظی سـی جزمـی قورئـانن[(٢)]**
**لــە طــوولی ڕۆزگارانــا لــە هــەرلا خــادیم و مەخــدووم**
**وەکـو ئەصـحابی پەیغەمبـەر عموومـەن ڕۆزە دارانـن[(٣)]**
**سیەهبەختانی بـۆ دەوڵـەت لەبـەر بـۆ مـالیو عوسـرەت**
**گــەهێ حــەممالی مــاڵانن، گــەهێ عــەللافی مەیــدانن[(٤)]**
**نــەبانیی و نــەباغی مـا لـە فـەوجی لەشـکری ئیسـلام**
**لە خەوفا طیفلی مەردوم وەك عەیالی ئـەهلی زەنگـانن[(٥)]**

---

١ـ عەهـد: سـەردەم، عـەدل: دادپـەروەری، حوجرەهـا: حـوجرەی مزگەوتـەکان. / سـالم بـە تەوسەوە دەڵێ بە هۆی ئەو عەدالەتەی کە ڕۆمەکان هەیانـە (کـە لـە ڕاسـتیدا بـێ دادییـە)، خەڵك هەموو ڕوویان کردۆتە مزگەوتەکان و بوون بە تۆبەکار، بۆیە حوجرەکان پڕاوپڕ بـوون لەمانە.

٢ـ طاعەتی جەبرە: فەرمانبەرداری واجبە، عیللەت: بە هـۆی، قـاریئ: قورئـان خـوێن، حـافیظ: ئەوەی قورئانی لەبەر بێت. / ڕاستە، گوێڕایەڵی ئاین و قورئان لەسەر هەموو کەس واجبە، بەڵام خەڵك بە هۆی بێ کاری و دەست بەتاڵییەوە، هەموو بوونەتە قورئان خوێن و یـەك بـە یەك سی جزمی قورئانیان لەبەر کردووە.

٣ـ طوولی ڕۆزگار: بە درێژایی ڕۆژگار، خادیم و مەخدووم : ئاغاو خزمـەتکار، ئەصـحاب: یـاران، عموومەن: بەگشتی، ڕۆزەدار: ڕۆژووگر. / بە درێژایی ڕۆژگـار ئەگـەر ئاغایـانن، ئەگـەر پـۆلی خولاّم و خزمەتکارانن، لەبەر نەداری و نەبوونییەوە، وەکـو یـارانی پێغەمبـەریان لێ هـاتووە هەمیشە بە ڕۆژوون.

٤ ـ سیەهبەخت: بەختڕەش، عوسرەت: دەست تەنگی، حـەممالْ: کۆڵهـەڵگر، عـەللاف: ئـەوەی سـەودای دەغـڵ و دان و دانەوێڵـە دەکـات. / ئـەو بـەخت ڕەشـانەی کـە لـە سـەر کـار دوور خراونەتەوە، لەبەر بێ پارەیی و دەست تەنگی هەموو کارێك دەکەن، ڕۆژێك کۆڵهـەڵگرن لـە ماڵان و ساتێك لە مەیدانان بوونەتە عەللاف و مامڵەتی دانەوێڵە دەکەن.

٥ـ بانی: پیاوی چاك، باغی: پیاوی زاڵم، خەوف: ترس، طیفلی مەردوم: منداڵی خـەڵك، عـەیال: ژن و منداڵ، ئەهلی زەنگان: قولە ڕەشە کۆیلەکان. / لـەناو سـەربازو فەوجـەکانی لەشـکری

**صـــەفی مـــەقـــروضـــی ئیلتیزامـــی حاصـــلی ڕۆمـــی**
**لـە نـاو هـەورامی و کـوردا هـەموو تەبـدیل و پـەنهانن[1]**
**لە فیکری ئیلتیزاما شەو دەکەن شوورا لەبەر عوسرەت**
**سەحەر بۆ هەوڵی قووتی شەو لە ناو شـارا پەرێشـانن[2]**
**ئەوانـــەی بـــەر شکەســـتی ئیلتیزامـــی حاصـــڵی ڕۆمـــن**
**لـە تـاو بێنـە و نییـە، گاگـەل چـەرێنی مـیری جافـانن[3]**
**ضەرەرکـەردەی ئیجـارەی پادشـاهی چـوونە دەروێشـی**
**فـــەقیری موڵکی(هەوشـــار)و غـــەریبی شـــاری(تارانن)[4]**

---

بەناو ئیسلاما، ئەوە نییە بڵێی ئەمە پیاوی چاکەو ئەوە خراپ، منداڵی خەڵك لەترسی ئەوان وەکو ژن و منداڵی قولەڕەشە کۆیلەکان زراو تۆقیو بوون.

١ـ صـەف: ڕیـز، مـەقروض: قـەرزدار، ئیلیتزامـی حاصـل: بـاجی داهـات، تەبـدیل، خۆگۆڕیـو، پـەنهان: کەسێ خـۆی حەشـار بـدات ـ شـاراوە. / خـەڵکێك هـەبوون زەوی دەوڵـەتیان بـە ئیجـارە وەردەگـرت، لەبەرامبـەردا ١٠٪ی داهاتـەکانیان دەدایـە دەوڵـەت، بـەڵام بـەهۆی بارودۆخەکـە نـەیانتوانیبوو زەوییـەکان بـەناو بهێـنن، ئینجا کەوتبوونـە ژێـر بـاری قـەرزی ئیدارەی ڕۆمەکانەوە، بۆیە ڕایانکردبوو لـە نـاو هـەورامی و کـوردا خۆیـان حەشـار دا بـوو، وەکو سالم دەڵێ.

٢ـ لە فیکری ئیلتیزامـی: لـە بـیری ئـەو قەرزدارییـە، شـوورا: پـرس و ڕاگۆڕینـەوە، عوسـرەت: نەبوونی، قووتی شەو: نانی شێوان.

/ ئەوان شەوانە کۆ دەبنەوەو ڕاوێژدەکەن و تاوتوێی ئـەو قـەرزو قۆڵەیـە دەکـەن کـە بـە هـۆی نەبوونییەوە بەسەریاندا کەڵەکە بووە، بۆ بەیانیش تا ژەمە نانێك بۆ شێو پەیدا بکـەن، بـە ناو شارا پەرت و بڵاودەبنەوە.

٣ـ بەرشکەست: لە کاتی خۆیدا نەیانتوانیوە باجەکان بدەن بۆیە سزایان کەوتۆتە سەر. گاگەل چەرێن: گاگەل لەوەڕێن، / ئەوانـەی سـزای قورسـی پاشخسـتنی باجـەکانیان لـە ئەسـتۆدا کەلەکە بووە، لە تـاوی کێشمەکێشـی بێنـەو نییـەی دەسـەڵاتدارانی ڕۆمـی، ڕایـانکردووە و چوون بوونەتە گاوان لای بەگزادەکانی جاف.

٤ـ چەرەرکەردەی ئیجارەی پادشاهی: ئەوانەی کە لـە بـە ئیجـارە گرتنـی زەویـوزاری دەوڵـەت زەرەرمەند بوون. / ئەمانە کە بەم شێوەیە دووچاری زەرەر و زیان بوون ئەمڕۆ یـا ئـەوەتا بە هەژاری لە ناوچەی هەوشارا ژیان بەسەر دەبەن یا ئەوەتا لە تاران غەریب کەوتوون.

**به دێهقـانی بڵاوبـوون دایـرەی بێ کـەس بـە (قـۆپی)دا**
**لە(بەڵخە)و(دووکەڕ)و(نەوتێ)و(دەلووجە)و(سـەیو سـێنانن)[١]**
**بـە کـەوبازی خـەریکن دەسـتەیی مـەعزوولی بـێ ئاغـا**
**موقیمی (قارەمان) و (مێـوڵێ) و (تیمـاڕ) و (باغـان)ن[٢]**
**حـەیادارانی بێ حورمـەت لـە تـاو بێ مـالیو عوسـرەت**
**فەقیری دێی (فەقیرە) و (تەکیە)و(ئەستێڵ)و(تافان)ن[٣]**
**گروهـێ چەمچەتاشـن هـەر وەکـو ئوسـتادی خوانسـاری**
**لە دێی (تەنگی سەر) و (زەییومەڕ) و(تیماڕ)و(دۆڵان)ن[٤]**
**نـەدیمانی قـەدیمی موسـتەعیدن بـۆ خەڕەکـداری**
**بـە یـادی توربـەو و کـاهو جـەو و ئەفسـارو پـاڵانن[٥]**

---

١ـ دێهقانی: وەکو جووتیارو سەپانی دێهات، قۆپی: دۆڵ و شیوەکانی ناوچەی قەرەداغ، دایرە: دەستوپێوەند. / ئەو دەستوپێوەندانەش کە بێ پشتوپەنان بۆ جووتیاری و سەپانی بە دێهاتەکانی قۆپیدا بڵاوبوونەتەوە.

٢ـ مەعزوول: دابڕێندراو، موقیم: نیشتەجێ. / ئەوانەی لە ئاغاو پاشاکانیان دابڕاون، وا خەریکی کەوبازین و لەو دێهاتانەدا نیشتەجێ بوون.

٣ـ حەیادار: بە ناموس، بێ حورمەت: بێ نازکەوتوو. / ئەوانەی خەڵکی بە حەیاو بە ناموس بوون ئێستا بێ ناز کەوتوون، بە هۆی نەبوونی و دەستەنگییەوە، چینی هەژاری ئەو گوندو دێهاتانە پێکدێنن.

٤ـ چەمچە: کەوگیر ـ کەفگیر، ئوستاد: وەستای کارامە، خوانسار: شارۆچکەیەکی نزیک ئەسفەهانە، خەڵکی بە هونەری دەستڕەنگینی و کەلوپەلی لە دار دروستکراوی لێ هەڵکەوتووە. / سالم لێرەدا دەڵێ: هەندێك لە لێ قەوماوانی بابانەکان لە دروستکردنی ئامێرو ئامرازی لە دار داتاشراو، وەکو کەوگیرو ئەو شتانە وەکو وەستای خوانسارییان لێ هاتووە ئەوەندە کارامە بوون وا لەم دێیانەدا خەریکی ئەو کارەن.

٥ـ نەدیمانی قەدیمی: ئەوانەی لە کۆنەوە دۆست و هاو پیاڵەی بادە بوون، موستەعید: ئامادە، خەڕەکداری: مەیتەرداری ـ خەربەندە ـ بەخێو کردنی وڵاخی بەرزە. توربە: توورەکەی کا کە بەسەر وڵاخەوە دەکرێت. ئەفسار: هەوسار، پاڵان: پاڵووی دواوەی کورتان. / ئەوانەی هەمیشە هەر یاری بادەو کۆڕی مەینۆشی بوون، ئەمڕۆ ئامادەن مەیتەرداری بکەن. لە بری مشوری کۆڕی بادە لە خەمی دابینکردنی کەرەستە و ئەسبابی مەیتەرداریدان، لە وێنەی هەوسار و پاڵان و کا و جۆی ئالیکی وڵاغ.

قــەدیم تەنپــەروەری نــازن، بــە بــازاڕا غوبــار ئــالوود
ئەگــەر گابــاری کائــاوەر، وە گــەر هیــزەم فرۆشــانن[١]

لــە بیمــی تازیانــەی مــەردی ڕۆمــی ســەییدو صــۆفی
بــە ئومێــدی گــەزۆو مــازوو لــە بــن داری (مــەریوان)ن[٢]

هونەرمەندانی شێرئەوژەن قەوی دەستانی پیل ئەفگەن
لــە ڕووی غەواصــی ئــەتراکا وەکــو ڕووبــەهـ گــوریزانن[٣]

کوهەن سەوداگەری شاری، لە شوورا مەصلەحەت بینن
وەلێ نۆکــەر بــە بــەققالی، تــرازوو بــازی دووکــانن[٤]

کرێکــارانی ناکــەس بــۆ بناغــەی کولْبــەیی دیهقــان
لــە خانــەی کــاولی نۆکــەر پەیاپــەی خشــت کێشــانن[٥]

---

١ـ تەن پەروەری ناز: بەناز پەروەردە بووەو قەت ئارەقی نەڕشتووە، غوبار ئالود: تۆزاوی، کا ئاوەر: کاکێش، هیزەم: داری قەلاشکەری. / ئەوانــەی هــەر لــە نــاز و نیعمــەتا بــوون قــەت ئارەقیان نەڕشتبوو، ئێستا بە بازاڕا تێدەپەڕن تۆزاوی و پۆخڵ، یــا ئــەوەتا بــە دوای بــاری کــاوەن کــە بــەگا دەیکێشــنەوە، یــا ئــەوەتا بــە دوای بــاری داری قەلاشکەرییەوەن، واتــە بوونەتە دار فرۆش لە بازاڕ.

٢ـ بیم: ترس، تازیانە: قامچی، مەردی ڕۆمــی: پیاوەکــانی تــورك. / پیــاوە ڕێزدارەکــانی وەکــو شێخ و سەید و مورید و سۆفیش لە ترسی قامچی پیاوەکانی تورك لە شارا ڕایانکردووە، وا لە ناوچەی مەریوان گیرساونەتەوە و بوون بە مازوو چن و گەزۆکەر.

٣ـ شێرئەوژەن: دلێرو ئازا ـ ئەوەی شێر دەدا بە ئەرزا، پیل ئەفگەن: بەهێز و توانا کە فیل بــدا لە زەوی، غەواص (قەواص): تیر هاوێژ، ڕووبەهـ: ڕێوی، گوریزان: هەلاتوو. / پیــاوە دلێــر و بەهێز و ئازاکان کە شێریان دەبەزاندو فیلیان دەخست بەزەویدا، ئێستا لە چنگی پیاوە تیر بە دەستەکانی تورك وەکو ڕێوی ڕادەکەن.

٤ـ کۆهەن سەوداگەر: کۆنە چەرچی ـ ساتوسەوداچــی، شــوورا: شــوێنی پــرس و ڕا گۆڕینــەوە، مەصلەحەت بین: ئەوانەی دەستنیشانی بەرژەوەندی خەڵکی دەکەن، ترازووباز: ترازووگــر. / ئەوانــەی کــە لــە کۆنــا چەرچــی بــازاڕو پیشــەیان دەلاڵــی و کــڕین و فرۆشــتن بــوو، ئێســتا بوونەتــە پیــاو مــاقووڵی شــوراو ئــەوانن کــە تــاوتوی چــاکە و خراپــە و بەرژەوەنــدی خــەڵك دەستنیشان دەکەن، کەچی مووچە خۆرو دەستو دایرەکانی بابانەکان ئــەمڕۆ لــە بــازاڕ بــە بەقاڵییەوە خەریکن و بەم شێوەیە تەرازوو ڕادەگرن.

٥ـ ناکەس: کەس نەناس، کولْبە: کوخ ـ زنج، پەیاپــەی: بــەردەوام. / لــە دوای ئــەوەی لەشــارا خــانووی نۆکــەران وێــران و کــاول و بــێ خــاوەن ماونەتــەوە، کرێکــارانی کــەس نەناســیش

**به ڕێی بیم و خەطەردا یەك بە یەك بۆ قاصیدی چاکن**
**بەبێ تەکلیفی ڕەهزەن، خود بە خود بێ چیزو عوریانن[1]**
**صەفی مەقروضی بێ تەوسەن لەسەهمی (سەن سەن)ی ئەتراك**
**وەکو عاشق لە هیجرانا یەکایەك ئەشك ڕیزانن[2]**
**گەهی(قلب الاسد) ئەزبەسکە بێ سایەن لەوادیدا**
**وەکو مەجنوونی صەحرایی لەبن خاری موغەیلانن[3]**
**کزەو دوودی کەباب دەردێ لە مەطبەخهای بێ دوودا**
**بە یادی قووتی شامی شەو جگەرها بەسکە بوریانن[4]**

---

پەیتاپەیتا دەیانڕووخێنن وخشتەکانیان بۆ دێهات دەکێشنەوە، لەوێ جووتیاران دەیانکەن بە بناغە بۆ کووخەکانی خۆیان.

١ـ بیم: ترس، قاصید: پەیك و نامەبەر، تەکلیف: داوا، ڕەهزەن: ڕێگر، خودبەخود: لە خۆڕا. / ئۆکەرو دەستو پەیوەندە لێ قەوماوەکانی بابانی، ئێستە بۆ ئەوە باش و گونجاون بکرێن بە پەیکچی و نامەبەر، وە بۆ کام ڕێگا مەترسیدار و خەتەرناکە ڕەوانە بکرێن چ کێشەیەك لە ئارادا نابێت، چونکی ئەوان خۆیان ڕووت و ڕەجاڵ و بێ شتومەکن، هەتا پێویست بەوەش ناکات ڕێگر و چەتە لە ڕێگادا ڕووتیان بکەنەوە، چونکێ خۆیان ڕووتو قووتن خاوەنی هیچ نین.

٢ـ بێ تەوسەن: سەرکێش ـ ڕام نەبوو، سەهم (سام): ترس، سەن سەن: ئەتۆ ئەتۆ ـ بە تورکی، ئەشك ڕیزان: چاو بەفرمێسك. / ئەوانەی ژێر قەرز و قۆڵە کەوتوون، لە دەرگا و دایەرەکانی ڕۆمەکاندا کاتێ کەڵەکە دەبن و ڕیز دەبەستن، لە سام و ترسی سەربازانی تورك کە تێیان ڕادەخوڕن چاویان پڕ دەبێ لە فرمێسك، وەکو بابایەکی عاشق کە لە یار و دیاری دابڕابێت.

٣ـ گەهی قلب الاسد: کاتی ناوەڕاستی هاوین— قلب الاسد ئەستێرەیەکە لە ناوەندی هاوین و لە کەلووی شێردا بە دیار دەکەوێت. ئەز بەسکە: ئەوەندە، بێ سایە: بێ سێبەر، وادی: دۆڵ و شیو، خار: دڕکەڵان، موغەیلان: خۆی (ئوم غەیلان)ە، درەختێکی دڕك و داڵاوی سەحراییە، کەتیرەی لێ وەردەگیرێت، ڕەنگە گوێنی سەحرایی بێت، غەیلان کۆی غوولە، واتە دایکی غوول و دێو و درنج. / لە کاتی چلەی هاویناو لە چرقەی گەرمادا، لە دۆڵ و شیوەکاندا وێڵ و سەرگەردان بوون و ئەوەندە بێ سێبەر و سایەن هەر دەڵێێ مەجنوونی بیابان نشینن و لەژێر دارە دڕکەڵانی موغەیلانا کەوتوون.

٤ـ دوود: دووکەڵ، مەطبەخ: شوێنی چێشت لێنان، مە طبەخهای بێ دوود: ئاماژەیە بۆ هەناوی هەڵقرچاویان، قووتی شام: نانی ئێوارە ـ شێوان، جگەرها: جەرگ و دڵ، بوریان:

**طەلەب ناکا گەدا قەد سوویی سفرەی صاحیبی نیعمەت**
**لە تاو ئەحواڵی بێ نانی لە هەرجا خوانە میهمانن[(١)]**
**بە ظاهیر خوڕڕەم و شادن لە ڕووی تورکی (ئەڕۆملی)دا**
**لە دڵدا گەرچی دیگ ئاسا بە مەخفی جوملە جۆشانن[(٢)]**
**بە ئەحواڵی ملووکانی گەدا پەروەر دڵم سووتا**
**لە بابانا ئەمێستە موستەحەققی خێرو ئیحسانن[(٣)]**
**لە جەوری چەرخی گەردوون بەسکە حەیرانن بەناچاری**
**بەلەب خەندان و شادانن، بەدڵ غەمگین و گریانن[(٤)]**

---

برژاو. / دەروونیان وەك تەنووری چێشتخانەیە، دڵ و جگەریان هەڵقرچاوەو بووەتە کەباب تیادا، لەبرسانا کزەیان لە دەروونەوە دێ و ئاهو هەناسەیان لە تاوی دەروونی هەڵقرچاویانەوە، وەکو دووکەڵی بێ ڕەنگە کە بۆنی کزەی دەروونیان پەخش دەکات.

١ـ طەلەب ناکا: بەلایەوە ناچێ ـ ناخوازێ، سوو: بۆلای، سفرەی صاحێبی نیعمەت: خوان و خۆراکی ئەو خاوەن ماڵانە، لە هەرجا: لە هەر شوێنێ، خوانەمیهمانن: میوانی ماڵی خۆیانن. / سوالکەرو گەداش بەلای خوان و سفرەی ئەواندا ناڕۆن و ڕوویان لێ وەردەگێڕن، چونکی دەزانن ئەوان خۆیان بێ نان و خۆراکن، وەك ئەوەن کە میوانی ماڵی خۆیان بن، واتە هیچیان لەسەر سفرە و خوانا نییە و چاوەڕێن خەڵکی دیکە بەڵکو شتێکیان بۆ بەرن.

٢ـ بە ظاهیر: بە ڕواڵەت، خوڕڕەم: دڵخۆش، ڕۆملی: سەربەڕۆم ـ دانیشتوانی ئاسیای بچووك کە تورکی عوسمانی بوون، بەڕۆم ناسراون چونکێ هاتوونەتە سەر شوێنەواری ئەوان. دیگ ئاسا: وەکو مەنجەڵ، مەخفی: بەنهێنی. / نۆکەرانی بابان لە شارا لە بەرامبەر ڕۆملیە تورکەکان، بە ڕواڵەت خۆیان شادو خۆشحاڵ نیشان دەدەن، ئەگەر چی لە دڵداو لە ژوورەوە وەکو مەنجەڵ لە کوڵدان.

٣ـ بە ڕاستی من ئێستە دڵم بە پاشا و کار بەدەستانی بابان دەسووتێ، هەتا دوێنێ هەر ئەوان بوون بەخشندەو خێرومەندو هەژار پەروەر، کەچی ئەمڕۆ گێتی گۆڕاوە، لە وڵاتی باباندا و لەسەر خاك و نیشتمانی خۆیان ئەمڕۆ ئەوانن کە بوونەتە شایستەی ئەوەی خێر و چاکەیان لە ئاستدا بکرێت.

٤ـ جەور: زوڵم، بەسکە: ئەوەندە، حەیران: سەرگەردان، لەب: لێو. / لە زوڵم و جەوری چەرخی ڕۆژگار سەر لێشێواو بوون، بۆیە ناچار لە ڕوودا شادو دەم بەخەندەن، وەلێ لە دڵدا غەمبار و پرسەدارن.

**بـه نامـەردی سەراسـەر میثلـی گـەرگینن لـەلای ڕۆمـی**
**ئەگەر ڕووبین تـەنی عەهـدن، وەگـەر سـامی نـەریمانن[1]**
**نیظامـــانی مـــولازیم مەنصـــەبی ماضـــی بحمـــدالله**
**لـە لادێـدا بـە دوو شـایی هـەموو جـۆ چـێنی دیهقـانن[2]**
**خیانـــەت پیشـــەگانی فـــەوجی بیرئینجـــی لەبرســـانا**
**بە ناچـاری لـە دێـی (صـۆفی لـەرا) وەرزێـری دۆمـانن[3]**
**مەلەخ طەبعن لـە هێشووی دەغڵـی دێهقـان بەهـەر لادا**
**لە ناو جاڕی گەنم هەریەك وەكو داهۆڵی خەرمانن[4]**

---

١ـ میثلی: وەكو، گـەرگین: گـڕوێ یـاخود نـەوەی گـورگ، ڕووبـین تـەن: لـە بنەڕەتـدا (ڕوویـن تەن)ە، ڕوو: مەعدەنێكی قایمە شیرو تیر نایبڕێ، لە داستانی شانامەدا ڕۆستەم بـە (ڕوویـن تەن ـ واتە ـ تەن ئاسنین) ناسراوە. عەهد: سەردەم، سامی نەریمان: باوكی ڕۆستەمی زاڵـە. / پیـاوانی ڕۆم ئەوەنـدە بـە نامـەردی سـەیری بابانییـەكان دەكـەن وەك ئـەوەی یەكپارچـە هەموویان گڕوێ بن، یاخود وەكو ئەوەی لە پشتی گورگا وەپاش كەوتبن هـەموو دڕنـدەبن، لەگەڵ ئەوەی كە ئەوان لە وێنەی ڕۆستەمی زەمانە بن یا وەكو باوك و بـاپیری ڕۆسـتەمیش بن، ئەوا لەلای ڕۆمەكان هەر بێ ئیعتیبارن.

٢ـ نیزام: سەرباز، مولازم مەنصەب: هەمیشە لە دەسەڵاتا بوون، ماضی: لە ڕابـردوودا، شـایی: دراوێكی كەم قیمەتی ئێرانی سەردەمی قاجاری بووە كە بەهاكەی ١/٢٠ی ڕیاڵێك بـووە. / ئەو عەسكەر و سەربازانەی كە لە ڕابردوودا هەمیشـە دەسـەڵات بـە دەسـت و خـاوەن پلـەو پایە بوون، ئەمڕۆ شوكر هەرچاكە ئەوەشیان چنگ دەكـەوێ لـە لادێـدا بـە دوو شـایی ببنـە وەرزێر و جۆ چێنی دێهاتییەكان.

٣ـ خیانەت پیشەگان: ئەوانەی كارو پیشەیان ناپاكی و خیانەتە، بیرئینجی: یەكەم/ ئەو نیزامی و سەربازانەی كە هەمیشە پیشەیان ناپاكی و خەیانەت و ئەمبەر و ئەو بەر بووە لە ناچـاری كە كاتی خۆی سەر بەفەوجی یەك بوون، ئەمڕۆ وا لـە برسـاناو لـە ناچـاری لـە دێـی سۆفی لەردا بوون بە وەرزێر، ئەویش وەرزێری كەس نا هی دۆمان!.

٤ـ مەلەخ: كوللە، طەبع: سروشت، هێشوو: وشی كردنەوە ـ گوڵ وەچنێ، جاڕ: تەبارە، داهۆڵ: كۆتەڵێك لە دارو لە پەڕۆك لەسەر شێوەی مرۆڤ دروست دەكرێت لە ناو جاڕی دەغڵ و باغ و بێستان دادەندرێت، تا مەل و تەیر و تـوار لێـی بترسـن و دووركەونـەوە/ سروشـتیان وەكـو كوللە وایە، ڕوو لە هەر لایە بكەن لە ناو دەغڵ و دانی جووتیارانـا دەیبڕنـەوە و تاقـە گـوڵی تیادا ناهێڵن. ئینجا خۆشیان ئەوەندە شڕو وڕن لە ناو تەبارەی گـەنما دەڵێـی داهـۆڵن و لـە

**دریْغـا بـۆ سـوارەی خاصصـی پاتــەختی سـلێمانی**
**لە (قڕگە) و (قزلەر) و (قورخ) بە ڕووتـی جوملـە گـاوانن[١]**
**بەسێ سەگ مەرگ و بێ عارو گران جان و سەبوك عەقلن**
**ئەوانـەی ئـەهلی بابـانن بـە دڵ لـەم عەهـدە خەنـدانن[٢]**
**لـە ئـەوضـاعی سـلێمانی ئەوانـەی شـادو ئاسـوودەن**
**لە فەرعا نوطفەیی حەیضن، لە ئەصلا جنسی شـەیتانن[٣]**
**لـە ئەصـلا بـانی ئـەم کـارە کاسـبهای شـەهری بـوون**
**لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسـەر میثلی (مـەروان)ن[٤]**

---

تەك خەرمان و تەبارەدا چەقێندراون بە جۆرێك مەل و تەیر و توار لێیان دەسڵەمێنەوە و ڕا دەکەن.

١ـ دریْغ: حەیف، سوارەی خاص: سوارچاك، جوملە: بە کۆمەڵ/ سەت حەیف و مخابن بۆ سوار چاکانی شاری پایتەختی بابان، یاخود بۆ شۆڕە سوارانی شاری پایتـەختی سـلێمان پاشـا، کـەوا بـە کۆمـەڵ و لـە دێهـاتی قڕگـە و قزلـەر و قـورخی (ناوچـەی مێرگـەپانی بنـاری پیرەمەگروون) بە شڕو وڕی بوونەتە گاوان.

٢ـ بەسێ: هەندێ، سەگ مەرگ: مرۆڤی گیان سەخت ـ یاخود ئاماژەیە بۆ گوزەرانی بەسـەختی و بەتاڵی. بێ عار: بێ ئابڕوو، گران جان: گرانفرۆش، سەبوك عەقل: عەقل سـووك ـ گـەوج/ هەندێ لەو سوارانەی بابـان، بـەگیان سـەختی دەژیـن، شـەرم و ڕوویـان نـەماوە، بوونەتـە گرانفرۆشـی بـێ هـۆش، لـە ڕاستیشـدا بـە تایبـەتی ئەوانـەی کـە خـەڵکی بابـانی و کـەمێك تێگەیشتوون، لە دڵدا گاڵتەیان بەو وەزعە دێت.

٣ـ ئەوضاع: بارودۆخ، ئاسوودە: بێ خەم، لە فەرعا: لەسەرێکەوە، نوطفە: ئاوی پیاو، حەیض: خـوێنی پیسـی ژن، ئەصـل: ڕەچـەڵەك، جنسـی: ڕەگـەز/ ئینجـا ئـەو کەسـانەی کـە لـەم هەلومەرج و بارودۆخەی سلێمانیدا شاد و دڵخۆش و ئاسوودەن، دیارە ئەمانە لەسـەرێکەوە لە دڵۆپی خوێنی پیسەوە خولْقاون و لـە بنەڕەتیشـدا لـە ڕەگـەز و ڕەچـەڵەکی شـەیتانەوە وەپاش کەوتوون، ئەمە جنێوێکی زۆر گەورەیە سالم ئاڕاستەی بەشێکی خەڵکی شـارەکەی دەکات.

٤ـ لە ئەصلا: لە بناوانەوە، بانی: ڕێکخەرو دامەزرێنەر، کاسبها: کاسـبکاران، شـەهری: شـاری، فیتنـە ئـەنگێز: فیتنەچـی، مـەروان: پیـاوێکی فیتنـەباز و هەلپەرسـت بـووە، لەسـەردەمی عوسمانەوە تا ڕۆژگاری یەزیدی کوڕی معاویە ژیاوە و هـەر ڕۆژەی لـە بەرەیـەکا بـووە، لـە

**گەهێ هەمدەردی ئەکرادن، گەهێ هەمڕازی ئەتراکن**
**لە یەك لا مادەری بەڕڕەن، لە یەك لا یاری گورگانن[1]**
**لە ضولمی چەرخی چەپگەردش درێغا، حەسرەتا، دادا**
**بە میثلی (سالم)ی بێکەس، گەلێ کەس وێڵی شارانن[2]**

## د- تایبەتمەندییەکانی شیعری سالم/

بۆ ناسین و دەستنیشانکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری پێویستە لە خودی بەرهەمەکەوە دەستپێبکەین و لەوێدا بۆی بگەڕێین، تاوەکو ئەدگارە تایبەتی و بابەتییەکانی بەرهەمەکەمان بۆ یەکلایی بێتەوە، ئینجا ئەو ئەدگارانە دەبن بە مۆرك و ناسنامە بۆ ئەو بەرهەمەو لە بەرهەم گەلێکی دیکەی جوێ دەکەنەوە. لە دەورکردنەوەیەکی شیعر و بەرهەم و دیوانی سالم دووجۆرە تایبەتمەندیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

---

شەڕەکانی نێوان مەدینە و شامدا ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە (بڕوانە: لغتنامە، هخدا، ج١٣،ص٢٠٧١٥)/سالم تاوانێکی ناقۆلا دەخاتە ئەستۆی کاسبکاران و بە بناغە داڕێژی ئەم کارەیان دەزانێ، لە ڕاستیدا دوور نییە خەڵکی شارەکە، کاسبکار و بازرگان و ئەهلی بازاڕ لە شەڕ و دووبەرەکی ناوخۆیی نێوان خودی بابانەکان، کە هەر جارەی ئەوان زەرەری زۆریان بەرکەوتووە، وەڕەزو بێزار بووبن، بۆیە لەگەڵ بارودۆخە تازەکە خۆیان گونجاندووە تا پشوویەك بدەن و ماڵوێرانی تۆزێ یەخەیان بەر بدات، بەڵام سالم ئەم حەقیقەتەی بۆ قووت نادرێت، بە ناپاك و فیتنەچییان لە قەڵەم دەدات ناو و ناوبانگییان دەزڕێنی، مەسەلەکە دەخاتە ئەستۆی ئەوان.

١ـ گەهێ: ڕۆژێ، هەمدەرد: هاودەرد، هەمڕاز: هاوڕاز، مادەر: دایك، بەڕڕە: بەرخ، یار: دۆست و هاوکار. / دەڵێ ئەم کاسبکارانە دوو ڕوون، لەسەرەوە هاودەردی کوردانن، لە ژێرەوەش کلکیان لەگەڵ تورکان گرێ داوە هاوڕازی ئەوانن، بەدەردی مەسەلە کوردیەکە: لەگەڵ مەڕدا شین دەگێڕن و لەگەڵ گورگیش شایی دەکەن.

٢ـ چەرخی چەپگەردش: ڕۆژگاری سپڵە (کە بە کەچی و خواری دەگەڕێ)، درێغ: حەیف، حەسرەت: داخ، بە میثلی: لە وێنەی، وێڵ: ئاوارە/لە زوڵم و زۆری ڕۆژگاری سپڵەوناڕێك و خراپا، پیاو هەر دەبێ حەیف و داخ و ئاخ و ئۆف هەڵکێشی، ئەمڕۆ گەلێ کەس وەکو سالم بێ دۆست و یار و پشتوپەنا ماونەتەوە و وێڵی شاران بوون.

- **تایبەتمەندیی گشتی شیعر و بەرهەمی ســالم.**
- **تایبەتمەندیی تایبەتی شیعر و بەرهەمی سالم.**

سەبارەت بە خـاڵی یەکـەم، لەوێدا لـە زۆر ڕووەوە بەرهـەمی شـیعری سـالم لەگەڵ شیعرو بەرهەمی شاعیرانی هاوسەردەمەکەی، بە تایبەت نالی و کوردی، یەك دەگرێتەوەو لە لایەنی فۆرم و ڕوخسارەوە، وێکڕا جۆرە زمان و شێوازێکی شیعری تایبەتی کۆیان دەکاتەوە، کە دەتوانین ناوی بنێین شێوازی سـەردەم یـا شـێوازی شیعری کلاسیکی کوردیی قوتابخانەی بابان، وە هەر ئەوان بوون کـە بـەو زمـان و شــێوازە شــیعرییە یــەککگرتووەیان، ڕێبــازێکی شــیعری گشــتییان لەســەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگیر کردووە.(٣١)

بۆیـە شـیعری سـالم لـە تایبەتمەندییـە گشـتیەکانیدا، لـە ڕووی چـۆنییەتی بەکاربردنی کـێش و سـەرواو هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی و فەرهـەنگی وشـەو زمـان و داڕشتن و دەربڕین و مەبەستەکانی شیعری لەگەڵ جووتـە شـاعیری هاوڕێیـدا یـەك دەگرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا شیعرو بەرهەمی سـالم لـە زۆر لایـەن و ڕووکـارو وردەکـاریی دیکـەوە لـە شـیعری هاوڕێکـانی دادەبڕێـت و جیهـانێکی تایبـەت و پەیوەست بە خودی سالم پێکدەهێنێت، ئەمـەیان خـاڵی دووەمـە، واتـە شـەقڵ و سیماو تایبەتمەندییە تایبەتییـەکانی بەرهـەمی سـالم کـە لـە بـواری لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیدا بە شێوازی تاکە کەس دەناسرێت.(٣٢) لەم ڕووەوە هەر بەرهەم و کـارێکی ئـەدەبیی تایبـەت، دەبێـت بـە ئاوێنـەی بـاڵا نـوێنی نووسـەرەکەی، چ لـە ڕووی هونەرییەوە بێت یا لەڕووی مرۆڤایەتی.

ئینجـا لەمــەوە فەرهــەنگی زمـان و شـێواز و بـیر و چـۆنیەتی داڕشـتن و دەربــڕین... دەبــن بــەو پەیژەیــەی کــە لــە ڕێگەیــەوە دەمانگەیەنێتــەوە بــە خاوەنەکەی، لەمەوە شێوازی تاکە کەس لای هـەر شـاعیر و نووسـەر و داهێنـەرێك دەبێت بە حەقیقەت، کاتێك دەبینین هەر خوێنـەرێك کـە ڕادەیـەك لـە کارامـەیی و شارەزایی هەبێت و تێکستێکی ئەدەبی بخرێتە بەردەم، با یەکەم جـاریش بـێ کـە دیبێتی، هیچ لای زەحمەت نابێت کە خاوەنەکەی بناسێتەوە.(٣٣) لێـرەدا دەلیـل و ڕێ نیشاندەر، هەر ئەو وشە و داڕشتن و تەعبیر و واتـا و چـەمك و تێگانـە دەبێـت کە تایبەتن بەو کەسەو وەك ئەوە وایە کە بووبن بە موڵکی تایبەتی ئەو.(٣٤)

ئینجا هەر یەکێك کە لە شێواز و بیر و دەربڕینی شاعیرێك شارەزا بێت، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت، قەسیدەیەك، یا بەرهەمێکی ئەدەبی تایبەتیش بخاتە دەرەوەی جیهانی ئەو شاعیرەوە، وەك ئەوەی هەندێ لە نالی ناسان، گەوهەرناس ئاسا، هەر بە کەمێك دید و تێڕامان بەرهەمی نالی ناس دەکەن و هی غەیری نالیش دەخەنە دەرەوەی جیهانی ئەوەوە. لەم پێشەکییەوە لێرەدا وەکو دەق، ئاوڕێك لە تێکستی قەسیدەکەی پێشوو دەدەینەوە و بە گوێرەی بەڵگە و نموونەکان لێی دەکۆڵینەوە و تاوتۆی دەکەین:

**١ ـ سالم و سەبکی هیندی:**

سالم جۆرە شێوازێکی سەخت و گران و ئاڵۆزی هەیە و کردوویە بە شێوازێکی دیار بۆ زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی، ئەو شێوازەش لە ئەدەبیاتدا بە(سەبکی هیندی) ناو دەبرێت.[٣٥] دیارە هۆکارەکانی پێڕەو کردنی سالم لەو شێوازە دیارن و لە پێشەوەیاندا ئاڵۆزی ژیانی خودی سالم و ڕادەی کاریگەری بە ئەدەبی فارسی و ئێرانییە، ئەوە جێی باسی ئێرە نییە، بەڵکو مەبەست خودی سەبك و شێوازەکەیەو تا چەند لە شیعری سالم ڕەنگی داوەتەوە:

أ ـ دیارترین شەقڵی سەبکی هیندی ، گرێدان و سەفەر کردنە لەنێوان هەستی و ناهەستیدا لە یەك بەیتی شیعر. شاعیر لە وێنەو واتاو کەرەستەی ناهەستی و هۆشەکییەوە لەنیوە دێرێکدا ، بۆ وێنەو واتاو لێکدانەوەی شتی دیارو هەست پێکراو دەچێ لەنیوەدێرەکەی تر، ئەویش لەڕێگەی نواندن و لێکچوواندنەوە(٣٦).

ئینجا سالم بە پێڕەوی لەم ڕێبازە زۆر جار لەنیوەی یەکەمی دێڕە شیعرێکدا بیرەکەی دەردەبڕێ. لەنیوەی دووەمدا نموونەی ئەو بیرە بۆ ڕۆشن بوونەوە دەخاتە ڕوو. بیرەکە لەنیوەی یەکەم ناهەستییەو دەبێ بە عەقڵ و هۆش بۆی بچین، لەنیوەی دووەم بیرەکە بەرجەستەیە بەهەستەکان دەیبینین یاخود هەستی پێدەکەین:

| | |
|---|---|
| **جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لە بێ چیزی** | ناهەستی |
| **لە ژێر باری غەما هەریەك لە خەمدا میثلی چەوگانن** | هەستی |

**********

**نەدیمانی قەدیمی موستەعیدن بۆ خەرەکداری** ناهەستی
**بە یادی توربەو و کاهو جەو و ئەفسارو پاڵانن** هەستی

******

**درێغا بو سوارەی خاصصی پاتەختی سولەیمانی** ناهەستی
**لە(قرگە) و (قزلەر) و (قورخ)، بە ڕووتی جوملە گاوانن** هەستی

لەم نموونانەدا هەموو نیوە دێرەکانی دووەم دیارخەری وێنەی بەرچاو و بەرجەستەو دیارن بۆ نیوە دێرەکانی یەکەم، لە نیوە دێرەکانی یەکەم مەبەستەکان بە بیرۆکەی ناهەستی خراونەتە ڕوو، لە دووەمدا بیرۆکەو وێنەکان هەستی و بەردەستن، دەتواندرێت زۆر نموونەی دیکەی لەم جۆرە لە تێکستەکەدا بخرێتە ڕوو.

ب- لە سەبکی هیندیدا شاعیر ناوەرۆکی وردو بیری پێچاوپێچ و ئاڵۆزو ئەندێشەی دوور لە سروشت لە ڕێگەی لێکچوواندنی سەخت و ڕەقەوە لە دێرەکاندا دەردەبڕێت، با سەیری ئەم نموونانە بکەین:

**لە ظوڵمی چەرخی دوونپەروەر سەخی تەبعانی حاتەمدڵ**
**بەڕاهی کۆیی دوونانا لە هەر سوو کاسە گەردانن**

واتاو مەبەستی شاعیر بە سانایی دەسگیر نابێت، دەبێ سەرە داوەکان بدۆزینەوەو بە شوێنیان دابچین ئینجا لە دواییدا بە یەکەوەیان گرێ بدەینەوە، پێویستە شوێنپێی گوزارەکان هەڵبگرین:

لە زوڵمی ⟵ (چەرخی دوون پەروەر) ⟵ (سەخی تەبعانی حاتەمدل)
⟵ (بەڕاهی کۆیی دوونانا) ⟵ لە هەر سوو (کاسە گەردانن).

شاعیر تەنیا بۆ گەیشتن بە(کاسە گەردانن)، چەند پێچاوپێچ ڕۆیشتووە !، دواتر لەم تەعبیرە ناسروشتی و خەیاڵییە ورد بەرەوە: (بەڕاهی کۆیی دونانا)، شتی وا مەگەر تەنها لە خەیاڵی سالمدا بەدی بکرێت.

**بە دەستی کەشمەکەش هەر سوو دڕا بەرگی خود ئارایی**
**قەبایی نۆکەر و ئاغا هەموو بێ چاك و دامانن**

ئەمجارە با لە کۆتاییەوە دەست پێبکەین، دەپرسین: بۆ بێ چاك و دامانن؟ بۆ وەڵام دەبێ بگەڕێینەوە دواوە تا لە گرێی بەرایی (بە دەستی کەشمەکەش) دەیدۆزینەوە.

ج– ئینجا هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەبکی هیندی لەم قەسیدەیەی سالم دا ئامادەن، لە وێنەی:

- نائاشنایی و هێنانەوەی واتاو لێکچوواندنی نامۆ و دەگمەن.
- پەیوەندی چەند لایەنەی وشەکان لەگەڵ یەکتری.
- ناوەرۆك سازی.
- یاریکردن بە وشەو داتاشینی پێکهاتەی تایبەت.
- زیادە ڕۆیی و خەیاڵ بەرزی.
- نەفەسی تووڕەو دەربڕینی ڕەق.
- شانازی و سەوداسەری سوارچاکی.

دەکرێ بۆ سۆراغکردنی هەر یەکێك لەم ڕەگەزانە لە تێکستەکەدا نموونەیان دەستنیشان بکەین، کە ناکرێ لێرەدا بۆ پاراستنی مەودای باسەکە، دیسان نموونەکان بخەینەوە بەرچاو. وەلێ کورتییەکەی ئەمەیە: کە ئەمانە هەموو نیشانگەلێکن کە لەبەرهەمی شیعری سالم و لەم تێکستەشیدا بە تایبەتی بە ڕوونی تیشك دەدەنەوە و خۆیان بە دیار دەخەن، بۆیە شتێك نابینین ئەم قەسیدەیە لە سالم و لە بەرهەمەکانی دابڕێت، بە تایبەتی ئەو چەند بەرهەمەی کە بە پەیوەندی لەگەڵ بابانەکانەوە نووسراون و، یەك نەفەس و کەش و هەواو فەزای شیعری تایبەت بەسەریاندا زاڵە و هەموویان لەیەك بۆتەدا کۆ دەبنەوە. ئەمە نەفەسی سالمە و لەگەڵ نەفەسی شیعری نالیدا لێك جیان، چونکە شارەزایانی ئەدەب هەموو لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆك و هاوڕان، کەوا جیهانی ئەدەبی سالم و نالی، دوو جیهانی جیاوازن. مرۆڤی شارەزاو وردبین دەتوانێت سنووری نێوان ئەم دوو جیهانە دەستنیشان بکات.[٣٧]

## ٢ـ وشە و پێکهاتە کلیلییەکان:

هەموو شاعیرو نووسەرێك خاوەنی وشەو زاراوە و فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆیەتی ئەمە وەکو دیاردەیەك لە سیماو ڕوخساری بەرهەمەکانیدا خۆی

دەنوێنێت. سالم زیاتر لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و ئەدەب و فەرهەنگی ئێرانیدا بووە، جا هۆکارەکەی؛ کۆچ و ڕەوی هەمیشەی خۆی و خانەوادەکەی بووبێ بۆ ئێران، یا بوونی بەشێکی بنەماڵەکەیان لەوێ، یاخود بنەمای خوێندەواریە زاڵ و باوەکەی بووبێ.[(٣٨)]

لە کاتێکدا نالی زیاتر پابەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی بووە. لێرەدا هەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەو بەرچاوڕوونی، ئامارێکی وشەکاری (عەرەبی و کوردی و فارسی و تورکی) لە هەردوو چامە نێودارەکانیاندا دەخەینە ڕوو، بەسەرنجدانی ئەوەش، چامەکەی نالی: (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) لە (٤٣) دێر پێکهاتووە، ئەوەی سالم (جانم فیدایی سروەکەت...)، (٣٦) دێرە:

| | وشەی کوردی | عەرەبی | فارسی | تورکی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| نالی | ٢٧٩ | ١٣٦ | ٣٨ | ١ | ٤٥٢ |
| سالم | ٢١٩ | ٩٥ | ٧٣ | ـ | ٣٨٧ |

ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی وشەکان:

| | وشەی کوردی | عەرەبی | فارسی | تورکی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| نالی | ٦١.٥٪ | ٣٪ | ٨.٤٪ | ـ | ـ |
| سالم | ٥٦.٦٪ | ٢٤.٦٪ | ١٩٪ | ـ | ـ |

وەکو دەبینین ڕێژەی زاڵی زمانی شیعری فارسی ئامێزی سالم، لە چاو هی نالی ڕوون و ئاشکرایە. ئینجا کاتێك سەرنجی قەسیدەکەی جێ مەبەستی ئێمەش دەدەین، دەبینین هەمان دیاردە دووبارە دەبێتەوە:

| | وشەی کوردی | عەرەبی | فارسی | تورکی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٨٥ | ١١٢ | ١٦٨ | ٥ | ٥٧٠ |
| ڕێژە | ٤٩٪ | ٢٠٪ | ٣٠٪ | ١٪ | ١٠٠٪ |

کەواتە لەم تێکستەشدا وشەو پێکهاتەی فارسی و فارسی ئامێز زاڵە، دیارە لەم لایەنەشەوە تێکستەکە سەر بە دنیای شیعری سالمە. ئەمە و لە کاتێکدا بەشێك لە وشەو زاراوە عەرەبیەکانی تێکستەکەش فارسی ئامێزن و سالم لە دۆخی فارسی ئامێزیدا بەکاری بردوون، ئەمە کەش و هەوای نەفەسی سالم لە تێکستەکەدا پڕ ڕەنگتر دەکات.

سالم خۆی زاراوەتاش و پێکهاتەسازێکی تـاك و دەگمەنـە لـە نـاو شـاعیرانی هاوڕێیدا، لە زۆر ڕووەوە ئەم پێکهاتە و زاراوە سازییانە تایبەت بە جیهانی شیعری خۆیەتی. بۆ نموونە کۆمەڵێك پێکهاتە و گرێی وەسفی کە لەم تێکستەدا هاتوون لە وێنـەی: (سـەهی قـەد، بـێ چـیزی، پەرێشـان خـاطـر، سـیەهبەختان، گیسـوویی خووبان، چەرخی دوونپەروەر، خود ئارایی، تورمەپۆش، شەهدنۆش، ناز پـەروەر، خانـە بـەردۆش، جـێ نشـیمەن، کۆنـە خەزپۆشـان، چـوماغ دەرکـەف، ڕۆزگـاران، ڕووزەداران، گاگەل چەرێن، حەیاداران، عوسرەت، نەدیمانی قەدیمی، تەنپـەروەری ناز، غەریبی تاران، بێ چیزو عوریان، ئەشکرێزان، خاری موغـەیلان، ئـەز بەسـکە، خانـە میهمـان، گەداپـەروەر، نیـزام، فیتنەئـەنگیز، چـەرخی چـەپگەردش...) لـە داهێنـانی بـیر و بلیمـەتی خـودی سـالمن، بەشـی زۆریـان و لـە زۆر شـوێن و قەسیدەکانی دیکەیدا هاوشێوەیان وە بەرچاو دەکەوێت.

یەکێکی دیکە لـە تایبەتمەندییـە شـێوازییەکانی شـیعری سـالم ئـەو مەسـەلە هونەرییە ڕەوانبێژییەیە کە بە (پێشخستن) دەناسرێت و لە وێداو لە داڕشتنی ڕستە و دێری شیعریدا سالم هەمیشە بەمەبەستی جەختکردن و سەرنج ڕاکێشان (کار)ێك یا(گرێیەکی وەسفی) دەخاتە پێشەوە، وەکو لادانێك لە دەستووری زمانیش، بەڵام ئەم لادانە هونەرییە و ئامانجدارە، نەك بێ مەبەست بێت و لـە نەشـارەزایی، سـالم دەیەوێ هـەر زوو سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای شـتێك ڕابکێشـێ، پاشـان بەشـێنەیی دەستی دەگرێت و بەرەو واتا و شیکردنەوەی مەبەستەکەی خۆی دەبات:

**بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصصی موڵکی بابانن**
**لە بێ دادی فەلەك هەریەك سەراسیمەو هەراســـانن**

**********

**بە کەو بازی خەریکن دەستەیی مەعزووڵی بێ ئاغا**
**موقیمی (قارەمان) و (میۆلی) و (تیمار) و (باغانن)**

**********

**طەلەب ناکا گەدا قەد سوویی سفرەی صاحیبی نیعمەت**
**لە تاو ئەحــواڵی بێ نانی لە هەر جا خوانــە مهمانــــن**

لەوەش وردتر و خۆیاتر ئەو وشە و زاراوە کلیلییانەن کە شاعیر خواستەو ناخواستە دەپەڕژێتە سەریان و لە زۆر لە شیعرەکانیدا شوێن دەگرن و دووبارە دەبنەوە، ئینجا شیعری زۆرێک لە شاعیران لە ڕێگەی ئەو وشە کلیلییانەوە دەناسرێنەوە.[٣٩] هەر بۆ نموونە وشەیەکی وەکو: (بەسکە) یاخود (ئەز بەسکە)، کە وشەیەکی چەندێتی ڕێزمانییەو لە زمانی فارسیدا بە واتا گەلی وەکو: زۆر، ئەوەندە، بە شێوەیەکی وا، دێت و،[٤٠] لای شاعیرانی فارسی پەیڕەوی سەبکی هیندی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، وەکو ئاماژەیەك بۆ جۆرێ لە زیادەڕۆیی و پێ لێ هەڵبڕین، وەکو دەبێندرێت:[٤١]

**خام گویان بسکه می سازند معنیها شهید**
**شـد زمین شعر أخر، جون زمین کربـــلا!** (غنی)

**زمانه بسکه مرا خاکسار مردم کـرد**
**به آب دیده من می توان تیمم کرد!** (میر الهی)

**فـــریشـــته راه نیـــابد برزمین آیـــد**
**به چرخ بسکه دعاهای مستجاب رود!** (کلیم)

ئینجا چاوگێڕانێك بە دیوانی سالم ئەوەمان پێدەڵێ کە سالم لە زۆرێك لە غەزەل و قەسیدەکانیدا ئەم وشەیەی هێناوەتەوە. تەنانەت هەر تەنیا لەم قەسیدەیەی جێ باسی ئێمە سالم چوار کەڕەت ئەم وشەیەی هێناوەتەوە. بۆ ئەم مەسەلەیە چاوێك بە لاپەڕەکانی (١٤٥، ١٣٧، ١٣٦، ١٣٤، ١٣٢، ١٣١، ١٣٠، ١٢٩، ١٠٩، ١٠٨، ٩٣، ٨٩،...) دیوانەکەیدا بگێڕە و ئامادەیی ئەم وشەیە لە تێکستەکاندا بەدی دەکەیت، لە قەسیدەکەی لە مەڕ خۆشمان سەیری دێرەکانی: (٣٨،٣٤،٣٣،٢) بکەو یەکێك لە وشە کلیلییەکانی شیعری سالمی تیایدا دەبینی، ئەمەش شتێکی سەیر نییە!، چونکێ شاعیرێکی مەزنی وەکو حافز وشەی (ڕەند) دیوانەکەی داگرتووە، لای خۆشمان شاعیرێکی لووتکەی وەکو جزیری وشەی

(چیچەك: چۆلەكە) بۆتە وێردی سەر زمانی و لە هەموو شوێنێكی شیعرەكانیدا دەخوێنێ.[٤٢]

### ٣- جیهانی تایبەتی سالم:

ئەگەر گریمان كە هەموو غەزەلە دڵدارییەكانی سالم شەقڵ و سیمای تایبەتی ئەویان زۆر پێوە دیار نەبن، وەلێ (قەسیدە نیشتیمانییەكانی و ئەو داستانانەی سوارچاكی كە بۆ بابانەكانی نووسیوە، ئەوە شتێكی تازەو تایبەتەو بۆتە ناسنامە بۆ خودی كەسایەتی سالم لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا).[٤٣] وەهەر لێرەوەیە كە سالم لەو چوار پێنج قەسیدە سوار چاكیەیدا كە بە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی میرایەتی باباندا نووسیویەتی، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندیی تایبەتی دیكەی بە هۆنراوەكانی خۆی بەخشیوە، كە لە كەسایەتی خۆیەوە و بنەماڵەكەیانەوە كە هاوپشتی بابانەكان بوون، سەرچاوەیان گرتووە، وەكو لەم چەند نموونە و بابەتانەدا بە دیار دەكەوێت:

ـ لەم قەسیدانەدا سالم بارها ناو و نازناوی بابانەكان لە وێنەی (ئەهلی بابان، موڵكی بابان، نۆكەرانی بابان، پاشایەتی بابان، لە بابانا...) بوونەتە وێردی سەر زمانی قەسیدەكانی، هەر بەو دەستوورەش لە تێكستی قەسیدەی (لە باسی پەرێشانی نۆكەرانی بابان)ی جێ مەبەستی ئێمە، لە دێرەكانی (١، ٣، ٧، ١١، ٣٧، ٤٣، ٤٤)، واتە حەوت كەڕەت ناوی بابانەكانی بە شێوەیەك لە شێوەكان هێناوە. كەچی وەكو دەزاندرێت حەزرەتی نالی بۆ تاقە یەك جاریش، بۆ دەرمان، لە هەموو دیوانەكەیدا باسێكی لە(بابان و بابانییەكان)بە ڕووتی و بەڕوونی بە زماندا نەهاتووە.[٤٤]

ئینجا وەكو مامۆستا قەرەداغی خۆی پێمان دەڵێ، ڕۆشنبیریی سالم ئاوێنەی ئەو سەردەمە مێژووییەیە كە تیایدا ژیاوە، ژیانی خەڵكەكەی و كلتووری سەردەم بوون بە هەوێنی شیعرەكانی.[٤٥] بۆیە لە هۆنراوەكانی سالمدا وەكو كەسێكی تێگەیشتوو و شارەزا:

- ناوی گوند و دێهات و ناوچەكانی قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان بە چڕی لە هۆنراوەكانیدا بەدی دەكرێن.

– داب و دەستوور و ژیانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی بابان، کاسبکاران و پیشـەوەران و وەرزێـر و دێهـاتی و گوندنشـینەکان لـە قەسـیدەکانیدا ڕەنـگ دەدەنەوە.

– ئینجا ڕێوڕەسم و عەنعەناتی پاشایان و بنەماڵـەی حـوکمڕان و چـینی سەرەوەو دەسەڵاتداران، بە هەمان شێوە هۆنراوەکانیان تەژی کردووە، ئینجا با نموونـەکان تـەنها لـەم قەسـیدەیە بێنینـەوە کـە لـە قەسـیدەکانی هاوکوفیشـیدا دەیانبینین:

– لەم قەسیدەیە ناوی هۆزو ناوچەکانی وەکو(دەشتی شارەزوور، هەورامی، کورد، میری جافان، هەوشار، قۆپی، مەریوان)ی هێناوە، جگـە لـە نـاوی دروسـتی (٢٣) گوندی بناری قەرەداغ و دۆڵی مێرگەپان و دەوروبەری سلێمانی، بەو پیشـەو کەسابەتەیشـەوە کـە لـەو دێیانـەدا بـاون، ئینجـا خـودی پیشـە و کەسـابەتەکانی خەڵکی دێهات: وەرزێری، شوانی، گاوانی، جۆچـێنی. لـە کاتێکدا نـالی لـە هـەموو دیوانەکەیدا تەنها چەند جارێك ناوی شارەزووری هێناوە، ئەویش بە تایبەت (خـاك و خۆڵ) کە شوێنی لەدایکبوونی خۆی بووە.[٤٦] ئەمانە هەموو خاڵی جیاکەرەوەن، نەك هەر لە نێوان دنیای سالم لەگەڵ نالی، بـەڵکو لـە وابەسـتە بـوونی پتـەوی ئـەم قەسیدەیەوە بە جیهانی سالم و دوورکەوتنەوەی لە ئەندێشەو لە دنیای نالی.

خـاڵێکی دیکـەی تایبەتمەنـد و جیاکـەرەوەی جیهـانی سـالم ئەوەیـە، کـەوا هەمیشـە شمشـێری ڕق و ڕەخنـەی لـە ڕووی (ڕۆم و تـورك)دا هەڵکێشـاوە و بەڕاشکاوی لە دژیان دەدوێ و دەیانکوتێتەوە، ئـەوەتا لـە قەسـیدەکەی (جـەنگی عەزیز بەگی بابان و ڕۆمەکان)دا، (١٧) کەڕەت بەڕوون و ڕاشکاوی ناویان بـەزڕاوی دەهێنێ و نەفرەتیان لێ دەکات، لەم قەسیدەیەی جێ مەبەسـتی ئێمـەش لـە (١٠) شوێندا نەفرەت لە هەرچی (تورك، ئەتراك، ڕۆم، ڕۆملـی) هەیـە دەکـات و هێرشـی توندیان دەکاتە سەر، کەچی نالی لە هەموو دیوانەکەیدا ناوێکی لـەوان نـەهێناوە و ڕاشکاوانە ڕەخنەیەکی توندیشی ئاراستە نەکردوون.[٤٧]

ئـیتر نـازانم مامۆسـتا قـەرەداغی بـە چ هـەقێك و بـێ ورد بوونـەوە ئـەم قەسیدەیە دەداتە پاڵ حەزرەتی نالی، ئاخۆ هەر لەبـەر ئـەوەی لـە کۆنـە لاپـەڕەی کەشکۆڵێکدا شتێکی وا هاتووە و بەس!، ئاخۆ ئەمەند بەسە بۆ ئەوەی شاکارێکی ئەدەبی کە وەچەزادەی بێ غەل و غەشی یەکێکە بدرێتە پاڵ یەکێکی دیکە. ئەمـە

هەموو لە پێناوی چەسپاندنی حەقیقەتێك و، ڕەوایی بە خاوەن کردنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبییە و بە قەدەر تۆزقاڵێکیش لە شان و شکۆی حەزرەتی نالی (میری شاعیرانی کلاسیکی کورد لە کرمانجی ناوەڕاست) کەم ناکاتەوە.

لە سەرێکی دیکەوە داستانە کۆنەکانی قارەمانی و سوار چاکی ئەدەبی کۆنی ڕۆژهەڵات، بە نموونەش چیرۆك و داستانەکانی شانامەی فیردەوسی و پاڵەوانەکانی وەکو (پووری دەستان، ڕۆستەم، سام و نەریمان، ئەفراسیاب، کەیخوسرەو، هەفتخوان، ڕووبین تەن، پیل ئەفگەن، شێرئەوژەن، سیاوەش، ...) هەمیشە وێردی سەر زمان و ناودێرە شیعرەکانی سالم بوون، هەر تەنها لەم قەسیدەیەدا، ئەم نازناوە داستانییانەی هێناوەتەوە: (پاشایانی باب ئۆغلی، شێراو ژەن، پیل ئەفگەن، قلب الاسد، ڕووبین تەن، سامی نەریمان، مەروان، گەرگین)، کە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن. بۆ پەیوەستبوونی ئەم قەسیدەیە بە جیهانی سالم و بەو ئەندازەیەش لە دنیاو ئەندێشەی ئەدەبی نالییەوە دوورن. لەلاییێکی کەوە سالم بەوە ناسراوە کە هەمیشە گلەیی لە بەخت و لە ڕۆژگار کردووە و لە چنگ جەورو ستەمی (چەرخی چەپگەردش!) هاواری لێ هەڵستاوە. هەر سالم لە سۆنگەی ئەو شکستەی دووچاری عەزیز بەگ و لەشکری بابان هات لە جەنگی دژی داگیرکەری تورکا، دیسان گلەیی و سکاڵا لە چنگ ڕۆژگار دەکات و ئەم وشە و زاراوانە چەندبارە لە قەسیدەکەیدا دووپات دەکاتەوە: (فەلەك، گەردوون، ئاسمان، دەهری دوون، گۆشەگیر، دەستە و ئەژنۆ، ئاگری نەگبەت، ڕۆژگار، هەوری بەد بەختی، بەردەباران، زوڵمەت، ناڵەو فوغان، بای موخالیف، حەسرەتا، ... تاد). هەر لەم قەسیدەیەی مەبەستی ئێمەشدا، کە باس لە پەرێشانی بابانەکان دەکات، هەمان فەرهەنگی وشەو زاراوەی ئامادەیە: (باری غەم، سیەه بەختان، بێ دادی فەلەك، گرفتار، چەرخی دوونپەروەر، طولی رۆزگاران، پەرێشان خاطر، مەجنوونی صەحرایی، جەوری چەرخی گەردوون، درێغا، حەسرەتا، دادا...). سالم لە وەسف و ستایشی میر و پاشاکانی باباندا لە قەسیدەکەی جەنگی عەزیز بەگ، بەم گرێ وەسفیانە ناویان دەهێنێ:

- نەجیبانی ویلایەت.
- شێری بێشەی موڵکی بابان.

- میری بازیان.
- جانشینی سیلسیله.
- شەهباز.

لەم قەسیدەیەی لە باسی پەرێشانی نۆکەرانی بابانیشدا، هەمان ڕەوت و ڕێباز، لە داتاشین و سازکردنی گرێی وەسفی تایبەت بە شێوازی خۆی بەمەستی هەڵنان و بەرز ڕاگرتنی شانوشکۆ، یان پەرێشانی و تەنگو چەڵەمەی میر و پاشاکانی بابان بەردەوام دەبێت بەم شێوەیە:

- سەخی تەبعانی حاتەمدڵ.
- پاشایانی باب ئۆغلی.
- سیەه بەختانی بێ دەوڵەت.
- حەیادارانی بێ حورمەت.
- هونەرمەندانی شێراوژەن.
- قەوی دەستانی پیل ئەفگەن.
- ملووکانی گەدا پەروەر.

ئینجا هەر لە درێژەی پێکهاتەسازی ئەم گرێ وەسفیانەی کە سالم بۆ بابانەکانی ساز کردووە فەرهەنگێکی تایبەت پێکهاتووە کە فەرهەنگی پێکهاتەسازی خودی سالمە و لە داتاشین و داهێنانی خۆیەتی و مافی هیچ شاعیرێکی دیکەی بەسەرەوە نییەو نابیندرێت:

(جەوانانی سەهی قەد، تورمەپۆش و شەهدنۆش و ناز پەروەر، خانە بەردۆش، جێ نشیمەن، غوولی بیابان، کۆنە خەزپۆشان، چوماغ دەرکەف، ئاغایانی بێ بەش، وەکو ئەصحابی پێغەمبەر، سیەه بەختانی بێ دەوڵەت، ئەهلی زەنگان، گاگەل چەرێنی میری جافان، فەقیری موڵکی هەوشار، غەریبی شاری تاران، حەیادارانی بێ حورمەت، نەدیمانی قەدیمی، تەنپەروەری ناز، هیزەم فرۆشان، رووبین تەنی عەهد، نیزامانی مولازم مەنسەب، خیانەت پیشەگان، بەڕووتی جوملە گاوان، سوارەی خاصصی پاتەختی سلێمانی، نوطفەیی حەیز، جنسی شەیتان).

لێرەدا و لە کۆتایی هەموو شیکردنەوەکان کە لە دەوری زمان و شێواز و ئەندێشە و بیر و دەربڕین لە تێکستی ئەم قەسیدەیە دەخولێنەوە، بێ چەندو چوون و دوور لە هیچ چەشنە گومانێك ئەو راستییە دەسەلمێنن، کە ئەم قەسیدەیە سەربە جیهانی بەرهەم و داهێنانی سالمە، بە هیچ پێوەرێك ناشێت بە جیهانی نالییەوە گرێ بدرێت، بام لە کۆنە دەستنووسێکیشدا ئەمە نووسرا بێت و تۆمار کرابێت، وەکو دەستنووسەکەی عەلی ئەکبەری سنەیی کە مامۆستا قەرەداغی کاری لەسەر کردووە، چونکێ وەکو دیمان ئەم گۆتەیە لە ئاست سەنگی مەحەکی بەڵگە و دەلیلە زانستی و بابەتییەکان خۆی ڕاناگرێت و پووچ دەردەچێت.

ئەمەش نە بە خواهیشتی ئێمەیەو نە بە حەزی مامۆستاش، چونکێ خودی تێکستەکە بە لەش و بە گیان و بە خوێن و بە دەمار ئەم ئیدیعایە رەتدەکاتەوە، ئەوەتا کاکەی فەللاح سەبارەت بە تێکستی ئەو شیعرانەی لە پەراوێزی چاپێکی دیوانی سالمدا دیونێتی، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی نووسراو و سەلمێنەری لەبەر دەستدابێت کە خاوەنداریێتی سالم بۆ هۆنراوەکان بچەسپێنێت، لەم ئاستانەدا دەڵێ: ((بەڵکو بەڵگەی بەهێزم شێوەی دارشتن و جۆری بیرکردنەوەو چۆنیەتی بابەت و شەقڵ سیمای سالم، لە ئاوێنەی ئەم شیعرانەدایە، ئەمانەش ئەو کەرەسەو هەوێنانەیە کە شیعرەکانیان پێگێڕاوەتەوە)).[٤٨] ئینجا ئێمەش هەر ئەم باوەڕو ڕێڕەو و پێڕەوەمان بووە لە سەلماندنی ڕاستییەکان سەبارەت بە تێکستی ئەم قەسیدەیە.

لە سەرنجێکی دیکەو پێویستیشدا با سەیرێکی دوا دێری قەسیدەکە بکەین لە هەردوو نوسخەدا، لەوەیان کە بە ناوی (نالی)یەوە تۆماری دەکات، لەوەشیان کە بە ناوی (سالم)ەوە تۆمارکراوە. چونکێ دوا دێر لە قەسیدەدا بەشێکی گرینگ و بایەخدارە، لای شاعیرانی بە توانا و جوانیناسانی ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و جوانیناسی شیعر بەتایبەتی. دوادێر کۆتایی قەسیدەیە کە پێویستە بە وشەی ڕێك و پاراو و واتا بەخشی جوان ببڕێتەوە تاوەکو شوێنەوارێکی دڵگیر و هەستێکی شیرین لای خوێنەر بەجێ بهێڵێت، تا ئەگەر لە دێرەکانی پێشەوەدا خلیسکان و هەڵەنگوتنێکیش هاتبێت، لێرەدا لە بیری بچێت و دڵپەسەندی شوێنی بگرێتەوە،

بەمەش مەرجی (حسن الختام)ی قەسیدە بە تەواوی جێبەجێ دەبێت.[٤٩] دوا دێری ئەو تێکستە کە بەنازناوی (نالی)یەوە لە دەستخەتی نووسەری سنەیی و کتێبەکەی مامۆستا قەرەداغیدا تۆمارکراوە، دێری بە ژمارە (٤١)ە و بەم جۆرەیە:

**لە ظولمی چەرخی چەپگەردش درێغا! حەسرەتا! دادا!**
**بە میثلی (نالی) بێکەس، کەسی دیلی شارانن**

دوا دێر لە تێکستەکەی ئێمە کە بە ناوی (سالم) تۆمارکراوە دێری ژمارە (٤٨)ە، واتە ئەم تێکستە (٧) دێری لە تێکستەکەی کابرای سنەیی زیاترەو، بەم جۆرەیە:

**لە ظولمی چەرخی چەپگەردش، درێغا، حەسرەتا، دادا**
**بە میثلی (سالم)ی بێ کەس، گەلێ کەس وێڵی شارانن**

ئینجا هەر کەمێك ڕامان، بۆ هەر کەسێ کە تۆزێك چەشەی ئەدەبی هەبێ، سوور دەزانێت، کە ئەو نیوە دێرەی بە ناوی (نالی)یەوە تۆمارکراوە، هەم لە ڕووی کێش و هەم لە ڕووی ڕێزمان و داڕشتن و هەم لە باری واتاوە، هەڵەو کەم و کورت و ناتەواوە، نیشانەی کەمتەرخەمی نووسەرەکەیشی پێوە دیارە، چونکە خوێنەر تیایدا دووچاری گرێ و هەڵەنگووتن و سەرەدەری دەرنەکردنێکی خراپ دەبێت، ئەمەش دیسان هەڵەیەکی زەق و حاشا هەڵنەگری دەستخەتەکەیە.[٥٠] دوا قسەشمان سەبارەت بەدوو ڕستەی ناونیشان و سەروبەری تێکستەکەوەیە کەمامۆستا قەرەداغی وەکوخۆی بۆمانی گواستۆتەوەو بێ ئەوەی ئاماژەیەك بۆ ئەو ناکۆکی و دژبەرییە بکات کە نووسەری دەستخەت لە سەرەتا و کۆتایی تێکستەکەدا تێی کەوتووە. لە سەرەتای تێکستی قەسیدەکەدا نووسراوە:

(ذکر پریشانی نجبای بابان أز کفته نالی در ولایت سلیمانیه انشاکرده).[٥١]

مامۆستا قەرەداغی بەم چەشنە لە پەراوێزدا کردوویەتی بە کوردی: (باسی پەرێشانی نەجیبەکانی بابان لە زمانی نالییەوە لە ویلایەتی سلێمانی دای ناوە). لە کۆتایی تێکستەکەشدا ئەم ڕستەیە هاتووە: (تمت شد از کفته نالی در طهران انشا کرده است).[٥٢] ئینجا بەم جۆرە کراوەتە کوردی: (تەواو بوو لە وتەکانی نالی (ئەم شعرانەی) لە تاران داناوە). دیارە کابرای سنەیی خۆیشی ئاگاداری ئەو

ناکۆکی و تێك نەکردنەوەیەی گوتەکانی خۆی نەبووە، دەنا چۆن دەبێت جارێ بڵێ لە سلێمانی دایناوە و جارێکیش بڵێت لە تاران دایناوە!.

مامۆستا دیارە دەرکی بەو ناکۆکییە کردووە، ویستوویەتی بۆشی پینە بکات، بەڵام چۆن؟، دەڵێ: (سەرەتای پارچە شیعرەکە وا دەردەکەوێ لە سلێمانی ئەم شیعرانەی دانابێت، بەڵام ئەمەیان گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە لە تاران دایناون).[٥٣] مامۆستاش هەر قسەی کابرا دووپات دەکاتەوە، بە ئیزافەی ئەوەی کە قسەی سەرەتاکەی کابرای بە دڵ نییە، بە گومان و دڕدۆنگییەوە لێی دەڕوانێ، بەڵام قسەی کۆتایی کابرای بە یەقین وەرگرتووە، ئینجا نازانم ئەم یەقینەی لە پای چییەوە هاتووە؟.

ئینجا ئەو گوتەیەی کابرا کە گوتوویەتی: (در طهران انشا کرده است)، لای مامۆستا بۆتە مایەی ئیلهامێکی قووڵ، کە نالی دوای ئەوەی ڕووخانی میرنشین و پەرتەوازەیی بابانیانی بە چاوەکانی خۆی دیوە، چۆتە تاران، ئینجا ئاخۆ دەبێ لەوێ چەند ژیابێ؟ چەند دەفتەر و دەستنووس و شیعر و بەرهەمی لەو جۆرەی لەوێ دانابێ، ئینجا یا فەوتابێ یا تا ئێستا بە دەست ئێمە نەگەیشتبێ! بۆ ئەوە پێویستە بگوترێ کە هەموو سەرچاوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نالی دەبێ بەر لە ڕووخانی میرنشین سلێمانی جێ هێشتبێت.[٥٥] لێرەدا پرسیارێکی دیکەش دێتە پێشەوە، ئەویش ئەمەیە؛ کە نالی وەختانێك کارەساتی ڕووخانی میرنشین و داڕمانی مەملەکەت و زوڵم و ستەمی ڕۆمیانی بە چاوانی خۆی و بەڕۆژی ڕووناك دەبینێت، ئەوسا چ جای ئەوەیە لە نامەکەیدا بۆ سلێمانی، لەوەزع و بارودۆخ و هەلومەرجی بست بەبستی شار و مەملەکەت بپرسێت ئاخۆ چۆنەو چۆن نییە؟، حوجرە و خانەقا و کانی ئاسکان ماوە یان نەماوە؟، مەقامی ڕوخسەتە بێمەوە یانە نا؟ مەگەر ئەو هەموو شتێکی بە چاوانی خۆی نەدیبوو! پەرێشانی و پەرتەوازەیی و داڕووخانی مەملەکەت!، ئەلبەتە دیارە ئەقڵ قبووڵی ناکات، ئەم قسانەش کە دەڵێ: نالی لە کاتی ڕووخانی میرنشین لە سلێمانی بووە و کارەساتەکانی بە چاوی خۆی دیوە، ئینجا چۆتە تاران و لەوێ ئەم قەسیدەیەی گوتووە... بە ڕای ئێمە لەسەر بنەما و بناغەیەکی پتەو دانەمەزراوە، چونکێ قەسیدەکە هی نالی نییە، لە تارانیش دانەندراوە، هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا

نییە نالی دوای ڕووخانی میرنشین چووبێتە تاران، لەم ناوەدا عەلی ئەکبەری سەنەندوجی لەم مەسەلانەدا زۆر ورد نەبووە، بۆیە ناشێ ئەم قسانەی ڕاستەوخۆ وەربگیرێن دوای ئەوەی لە سەنگی مەحەك دران.

## پەراوێزەکان

١ـ بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم ـ چەپکێك شیعری بڵاونەکراوەی سالم ـ پاشکۆیەکی دیوانی نالی، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠.

٢ـ بە گوێرەی مامۆستا سەجادی ئەحمەد بەگ یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان، بەڵام پیرە مێردی نەمر لە داستانەکەیدا (دوانزە سوارەی مەریوان) ناوی دوانزە سوارەکەی یەك بە یەك هێناوەو لە ناویاندا کەسێك بەناوی ئەحمەد بەگەوە وەبەرچاو ناکەوێت. بگەڕێوە بۆ:

ـ مێژووی ئەدەبی کوردی: ٢٥٦.

ـ دوانزە سوارەی مەریوان: ٤.

٣ـ دیوانی کوردی، ب١: ١٣ ـ ١٤.

٤ـ (صاحیبقران)، گرێیەکی وەسفی لێکدراوی عەرەبییە، بەو پیاو مەزن و میرو پاشایانە گوتراوە کە لە کاتی دایکبوونیان دوو ئەستێرەی گەڕۆکی (زوحەل و موشتەری) لە یەك کەلوودا جووت یاخود کۆدەبنەوە کە زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات. ئەمەش وەکو هێمایەك بۆ شکۆمەندی و دادپەروەری و بەردەوامبوون لێکدراوەتەوە. ناسرەددین شای قاجاری لە سی ساڵەی حوکمڕانی خۆیدا، ساحێبقڕانی کردە نازناوی و بارەگای فەرمانڕەوایی ناونا ساحێبقڕانییە و ئەو سککە و پوولەی کە ئەویش لێی دەدا سەرەتا ساحێبقڕانی ناو بوو دواتر بەرەبەرە بوو بە قڕان. لەمەوە بە پیاوی خاوەن نگین و سامانداریش گوتراوە ساحێبقڕان، هەروەها ئەگەر کەسێك لە مەیدانداریدا لە پێشەوەی هاوڕێکانیدا بێت، ئەویش ساحێبقڕانیان پێ گوتووە، گوایە ئەحمەد بەگی گەورە لە شەڕدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە ساحێبقڕانیان پێگوتووە، بەڵام ئەو قسەیەی مامۆستا حەمە بۆر دەیڵێ کە (گوایە خێزانێکی ناودار بوونەو پێنج سەد ساڵ پێشتر لە ئێران بەم ناونیشانە ناسراون)، جێگای بڕوا و متمانە نییە.

بڕوانە:

ـ لغت نامه، ج ١٠ : ١٤٧٠٧١.

ـ فرهنگ فارسی، ج٢: ٢١٢٢.

ـ دیوانی کوردی، ب١ : ١٣.

٥ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣ : ١١٧.

٦ـ مەلای جزیری بەر لە سالم پێنج خشتەکی گوتووە، بەڵام ئەو لەسەر شیعری فارسی دامەزراندووە بڕوانە:

ـ دیوانا مەلایێ جزیری: ١٩٣.

٧ـ کاکەی فەللاح لە ژمارەکانی ٢٥ ـ ٣٤ی ڕۆشنبیری نوێدا ژمارەیەك شیعری بڵاونەکراوەی سالمی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها مامۆستا قەرەداغیش بە گوێرەی دەستخەتە تازە دۆزراوەکانی بەردەستی کۆمەڵێك شیعری تازەی سالمی بڵاوکردۆتەوە، کە بەشێکیان شیعری فارسین و بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێنەوە. د.کەمال فوئادیش لە (دەستنووسە کوردییەکاندا) باس لە (١١) پارچە غەزەل و قەسیدەی بڵاونەکراوەی سالم دەکات.

٨ـ دیداری شیعری کلاسیکی کوردی: ٤٠.

ئەگەر سەرنجی چەند بەیتێکی قەسیدەکە بدەین زۆر شتمان بۆ یەکلایی دەبێتەوە:

**لێم گەڕێن باگریەکەم دیدە بە دیدە خونفشان**

**نا یەڵێ یەکدەم بەڕاحەت ڕابوێرم ئاسمان**

**چونکە سیوەیلی قەدیمن حەق لە پاش عەهدی سەلیم**

**دایە دەست مەحموودی حاتەمدڵ چراغی دوو دمان**

لە درێژایی تێکستەکەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە: مەحموود بەگ ناوێك کۆچی دوایی کردووە و سالم لە تەدارەکی ناشتن و پرسەکەیدا لە (شیوەکەڵ) ئامادەیە. مەحموود بەگ کە سالم بە حاتەمدڵ ناوی دەبات جێنشینی سەلیم بەگ باوکی بووە، ئینجا ناوی (ئەحمەد و ڕۆستەم و کەریمیش) دێنێ کەوا چۆن ئەم کۆچە پەرێشانی کردوون، زۆر وێدەچێ ئەم مەحموودە، مەحموود ئاغای شیوەکەڵ بێت، کە کاتی خۆی پیرەمێرد پیەسێکی لەسەر نووسیوە و شاگردانی قوتابخانەی زانستی لەسەر شانۆ پێشکەشیان کردووە. لەپاشانا هەر پیرەمێرد خۆی جارێ لە ڕۆژنامەی (ژین) و جارێکیش لە شێوەی نامیلکەیەکدا بەناونیشانی (پیەسی تەمثیلیَکی ڕاستی تەئریخی لە وڵاتی خۆماندا ڕوی داوە)، لە چاپخانەکەی خۆی و لە ساڵی ١٩٤٢ دا بڵاوی کردۆتەوە.

— بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد: ٨.

٩ـ سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

ـ مێژووی ئەدەبی کوردی: ٢٧٢.

ـ شیعر و ئەدەبیاتی کوردی: ٦٢.

ـ گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە/ ١١،١٢،١٩٧٠،١٠.

ـ دیوانی سالم: ٩٧.

- میرایەتی بابان:٢٠٣.
١٠- دوو چامەکەی نالی و سالم.
١١- مامۆستا قەرەداغی، بەپشتبەستن بەو دەستخەتەی کابرای سنەیی کە ساڵی (١٩٠٣/١٣٢١) نووسراوەتەوە کە بریتییە لە کۆمەڵێك لە غەزەل و قەسیدەکانی سالم، ئینجا لە کۆتایی دەستنووسەکەدا ئەم دوو دێرە هاتووە: (تمت شد، از گفته سالم، أصل آن شاعر در ولایت سلیمانیه و خاك دولت علیئه عثمانیه است، آن شاعر دائی نالی بودەاست، در تاریخ هجدەهم شهر ربیع الاول سنه (١٣٢١ / ١٩٠٣) حقیر سراپا تقصیر علی اکبر ساکن ولایت سنندج بەتمام رسانید). دەڵێ: بە گوێرەی ئەم نووسراوە سالم خاڵی نالی بووە، بەو پێیەش سالم و کوردی ئامۆزان، کەواتە (سێ کوچکەی شیعری بابان خزمی یەکتری و لە یەك بنەماڵە بوون! ؟) بەڵام شتی سەیر ئەوەیە مامۆستا وەکو سەردێر و، وەکو مانشێت ڕایدەگەیەنی کەوا: (سێ کۆچکە و سێ پایەی شیعری کلاسیکی کوردی سەردەمی بابان لە بنەماڵەی بابان بوون!). باشە ئەوا گریمان خزمی یەکن، بەڵام بۆ بوون بە بنەماڵەی بابان، ئەوان ڕاستە شاعیری سەردەمی بابانەکان بوون، بەڵام لە بنەماڵەی بابان نەبوون. بڕوانە:
- بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم: ١٤٦.
١٢- گۆڤاری چریکەی کوردستان، ژمارە/٤: ٤١.
١٣- میرایەتی بابان: ٢١١.
١٤- مامۆستا قەرەداغی یەزدانی مەزن دەست بە باڵییەوە بگرێت هەموو شتەکانی وەکو دەڵێن (ئەوەلبابن!)، بۆ ئەم قەسیدەیەش لە کتێبەکەیدا دەڵێ: (کەوا بۆ یەکەم جارە کە بەو شێوەیە بڵاوی دەکاتەوە)!. - بەر کوتێکی...:٩٩.
١٥- سلێمانی شارە گەشاوەکەم: ٨٦ - ١٠٠.
١٦- تاریخی سلێمانی وە وڵاتی: ١٠٥.
١٧- گەشتی ریچ بۆ کوردستان: ١٦٢.
١٨- ئەوە هەمان شەڕی عەبدوڵڵا پاشایە کە شێخ ڕەزا عومری خۆی تیادا دەستنیشان کردووە کاتێ دەڵێ:

**کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد**
**ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبوستان بوو**

١٩- تاریخ و جغرافیای کردستان: ١٦٠.
٢٠- سەرچاوەی پێشوو: ١٦٨.
٢١- هەمان سەرچاوە: ١٧٨.
٢٢- دەستنووسە کوردییەکان: ١١٠.

٢٣ـ چریکەی کوردستان، ژ(٨ ـ ٩): ٥.
٢٤ ـ مامۆستا قەرەداغی هەر پایەدار بێت، زۆر بە شان و باڵی دەستخەتەکانی ژێر دەستی خۆیدا هەڵدەڵێت، بۆ نموونە لە تاریفی دەستخەتی (ئەحمەد ئاغا) ناوێکدا، کە هەر کۆنووسی هەندێ لە هۆنراوەکانی سالمە و بەدانپیانانی خودی مامۆستاش شپرزەو بێ سەرو بەرە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: (ئەمە یەکەم نوسخەی کۆنی دیوانێکی سەربەخۆی یەکێك لە گەورە شاعیرانی کوردە!)، هەروەها لە مەڕ ئەم دەستخەتەی کابرای سنەییش دەڵێ: (ئەم دەستخەتە یەکێکە لە بەمتمانەترین دەستخەتی ناو کتێبخانەی کوردی)!، کەواتە لە ئاست ئەم دەستنووسەی دیوانی سالم کە لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرشتی خودی شاعیردا و کە هێشتا خۆیشی لە ژیاندا بووە ئامادەکراوە، دەبێ بڵێین چی؟ مەگەر هەر قسەکانی مامۆستا بە باڵای ئەم دیوانە دەستنووسەدا ببڕین. بڕوانە:
ـ هەنگاوێك لە ڕێگەی لیکۆڵینەوەی دیوانی سالم: ٦.
ـ بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم: ١٤٤.
٢٥ـ رۆژنامەی ژین، ژ ٣٥، ١٩٧١/٨/١٢.
٢٦ـ دیوانی سالم: ١٠٢ ـ ١٠٧.
٢٧ـ میرایەتی بابان: ١٩٤.
٢٨ـ بەرکوتێك لە شیعری سالم: ١٤٢ ـ ١٥٨.
٢٩ـ لە گەرمەی خەبات و شۆڕشی چەکداری کورد ساڵی ١٩٧٤، شەوانە پێشمەرگە دەڕژانە نێو شارەکان و دەستیان لە بنکە و بارەگاکانی دوژمن دەوەشاند، جەللادەکانی بەعس لە بەرامبەر بێ دەسەڵاتی و، وەکو رقێکی شوڤێنیستی، لەشاری کۆیە کۆتەڵەکەی حاجییان دابووە بەر دەستڕێژی گوللە و چەند جێیەکیان ڕووشاندبوو، هێمنی شاعیر کە بەم مەسەلەی زانیبوو، دەڵێ:

**بەمردوویش نیشانەی گوللەیە ئەو کەللە پرشۆڕە**
**ئەویستاش دەرسی سەربازی دەڵێ ئەو شاعیرە ڕەندە**

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لەگەڵ ئەوەدا بۆ دوو ساڵ دەچێت دیلی نەخۆشییەکی سەخت و گرانەو لە نێو جێگادا کەوتووەو تەنانەت ناتوانی داشبنیشێ، کەچی هەر بە ڕاکشاوی لەسەر جێی و بالینگانی نەساغیدا لە بەخشش و خزمەتکردن بەردەوامە و بەو حاڵەشەوە لەگەڵ کاك سەدیق صالح دا خەریکی تەواوکردنی دیوانەکەی سالمن.
٣٠ـ دەستنووسی ژمارە (٦٨)، دەستنووسە کوردییەکان: ١١٠.
٣١ـ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: ٨٧.
٣٢ـ شێوازی شیعری گۆران: ٤٠.
٣٣ـ الاسلوبیة و الاسلوب: ٦٠.

٣٤- الاسلوبية:١٣.
٣٥- شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: ١١١.
٣٦- بیدل و سپهری و سبك هندی: ١٨.
٣٧- مامۆستا قەرەداغی خۆیشی باس لە جیاوازی جیهانی شیعری لە دیوانی نالی و سالمدا دەکات و بەڕوونی دەرکی پێ کردووە، باسی لە هەندێ هێڵی گشتی جیهانی هەر یەك لە نالی و سالمیشی کردووە، بەڵام کە دێتە سەر پەراوێز و بۆچوونەکانی کابرای سنەیی، ئەم ڕاستییانەی کە خۆی دەرکی پێی کردوون فەرامۆش دەکات. بڕوانە:
- هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوە...: ٥.
٣٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣: ١٢٥.
٣٩- شێوازی شیعری جزیری: ١٢٦.
٤٠- فرهنگ فارسی، ج١: ٥٣٥.
٤١- بیدل و سبکی هندی: ٥٢.
٤٢- شێوازی شیعری جزیری: ١٢٧.
٤٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣: ١١٩.
٤٤- مێژووی بیری کوردی: ٢٩٦.
٤٥- هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی...: ٥.
٤٦- مێژووی بیری کوردی: ٣١٥.
٤٧- هەمان سەرچاوە: ٣٩٤.
٤٨- ڕۆشنبیری نوێ، ژ/٢٥، ١٩٧٤/٧/٢١.
٤٩- صناعات ادبی: ١٥٩.
٥٠- بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم: ٢٤٣.
٥١- هەمان سەرچاوە: ١٥٤.
٥٢- هەمان سەرچاوە:١٥٨.
٥٣- هەمان سەرچاوە:١٥٨.
٥٤- هەمان سەرچاوە:١٤٦.
٥٥- بڕوانە:
- نالی لە دەرەوەی کوردستان دا: ٨.
- مێژووی بیری کوردی: ٣٢١.
- چەپکێك لە گوڵزاری نالی: ٣٨.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم تۆژینەوەیە کە بە شێوەیەکی فراوان سەبارەت بەتێکستی دوو قەسیدەی شاکاری (سالم)ەوە بە ئەنجام گەیەندراوە، وەکو کۆ بەندێکیش بۆ سەرجەم ئەو بیرو بۆچوونانەی لەم بارەیەوە لە دووتوێی باسەکەدا خراونەتە ڕوو، دەتوانین کورتەیەکی ئەنجامەکانی باسەکە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

١ـ دیوانی شیعر و شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی گەلی کوردەوە، نەتواندراوە تاوەکو ئەمڕۆ، بە تەواوی و بە شێوەیەکی وردو زانستی لیکۆڵینەوەی تەواویان لە بارەوە بکرێت، تاوەکو تێکستی دیوان و بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و ساغکراوە، لە چاپ بدرێت و بڵاوبکرێتەوە.

٢ـ زۆرێك لەو تێکست و بەرهەمە شیعرییانەی شاعیرانی کۆنمان کە لە کۆبەرهەم و دیوانەکانیاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە نا دروست و نا تەواون، بە هۆی تۆژینەوەی وردو زانستییەوە پێویستییان بەڕاستکردنەوە و ساغکردنەوە هەیە.

٣ـ سالم یەکێکە لە کەڵە شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست، کە ڕەنگە لە هونەرەکانی غەزەلخوانی و قەسیدەوێژیدا کەم نموونە بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا دیوانێکی تەواو و ڕێك و زانستی و متمانە بەخشی لە کتێبخانەی کوریدا نییە.

٤ـ ئەو لە وێنەی شاعیرێکی هونەروەر و باڵا دەستی ئەدەبی کلاسیکی، لە ڕووی زمان و شێواز و بیر و تەعبیر و جیهانبینیی شیعرییەوە، خاوەنی تەرز و هونەر و تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە بەوە هەم لە شاعیرانی دیکە جیا دەکرێتەوە، هەم دەتواندرێت بەرهەمی شیعری بەسەر بکرێتەوە و بناسرێتەوە.

٥ـ قەسیدەیەك کە لە ژێر سەرناوی (لە باسی پەرێشانی بابانەکاندا) یە، بەم دواییە بە پشتبەستن بە کۆنە دەستخەتێکەوە دراوەتە پاڵ (نالی). ئەم مەسەلەیە کە لەم باسەدا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی شێوازناسی و مێژووییەوە خراوەتە ڕوو، ئاشکرا دەبێت کە وا نییە. وەناشبێت هەر بۆچوونێك کە لە کۆنە بەیاز و

کەشکۆڵ و دەستخەتێکەوە خرابێتە ڕوو، بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زانستی بەڕاست و دروست وەربگیرێت و کاڵای حەقیقەتی بکرێت بە بەردا.

٦ـ ئەم تێکستە شیعرییە، بەسیما و بەڕوخسار و بە کرۆک و ناوەرۆک سەر بە دنیای شیعری (سالم)ە و لە چوارچێوەی ئەو چەند بەرهەم و شاکارە ئەدەبییانە دانابڕێت، کە شاعیر بە پەیوەندی لەگەڵ بابانەکان و میرایەتی باباندا هۆنیویەتییەوە.

## سەرچاوەکان

١ـ کتێب / أ ـ کوردی:


١ـ ئەنجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق"دەستەی کورد"، بەغدا، ١٩٨٣.

٢ـ بەرکوتێك لە خەرمانی شیعری سالم، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

٣– بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤ـ تاریخی سلێمانی وە ولاتی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، ئامادەکردنی: رەفیق سالح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥ـ چەپکێك لە گوڵزاری نالی، مەسعود محەمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٦ـ دیوانا مەلایێ جزیری، تحسین ابراهیم دۆسکی، وەزارەتا ڕەوشنبیری، چاپخانەیا هاوار، دهۆك، ٢٠٠٠.

٧ـ دوانزە سوارەی مەریوان، پیرەمێرد، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئازادی، سلێمانی، ١٩٥٩.

٨ـ دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، حەمە سەعید حەمە کریم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦.

٩ـ دەستنووسە کوردییەکان، د. کەمال فوئاد، ڤیزبادن، ١٩٧٠، (بە ئەڵمانی).

١٠ـ دیوانی سالم، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر،١٩٧٢.

١١ـ دیوانی کوردی، محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

١٢ـ دوو چامەکەی نالی و سالم، علاءالدین سجادی، بەغدا، ١٩٧٣.

١٣ـ سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، ب١، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.

١٤ـ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، مطبعة التعلیم العالي، أربیل، ١٩٨٨.

١٥ـ شێوازی شیعری جزیری، شعبان أحمد، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٦.

١٦ـ شێوازی شیعری گۆران، پەخشان عەلی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٧ـ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، حەمە نوری عومەر کاکی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٨ـ گەشتی ریچ بۆ سلێمانی، و/ محەمەد حەمە باقی، ئێران، تەورێز، ١٩٩٢.

١٩ـ لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، د. مارف خەزنەدار، المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.
٢٠ـ میرایەتی بابان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢١ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چ٢، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٢.
٢٢ـ مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدا، ب٣، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢٣ـ مێژووی بیری کوردی، مامۆستا جەعفەر، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٤ـ نالی لە دەرەوەی کوردستان دا، د. عەبدوڵڵا حەداد، هەولێر، ٢٠٠٠.
٢٥ـ هەنگاویك لە سەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم) دا، محەمەد عەلی قەرەداغی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩.
ب / عەرەبی :
٢٦ـ الاسلوبية، د. فتح الله احمد سليمان، دار الاوقاف العربية، القاهرة، ٢٠٠٨.
٢٧ـ الاسلوبيه والاسلوب، د. عبدالسلام المسدي، ط٤، دار سعاد الصباح، الكويت، ١٩٩٣.
ج / فارسی:
٢٨ـ بيدل و سپهری و سبك هندی، حسن حسينی، چ٤، انتشارات سروش، تهران، ٢٠٠٨.
٢٩ـ تاريخ و جغرافيای كردستان (سير الاكراد)، عبدالقادر ابن رستم بابانی، چاپخانه ارژنگ، تهران، ١٩٨٧.
٣٠ـ صناعات ادبی، استاد جلال الدين همايی، انتشارات مؤسسه مطبوعات علمی، تهران، ١٩٦٠.
٢/ فەرهەنگ:
٣١ـ فرهنگ فارسی، د. محمد معين، ج٤، چاپخانه سپهر، تهران، ١٩٨١.
٣٢ـ لغتنامه دهخدا، علی اكبر دهخدا، ج١١، چ٢، تهران، ١٩٩٨.
٣/ گۆڤار و ڕۆژنامە:
٣٣ـ جەنگی بابان و عوسمانی، محەمەد مستەفا کوردی، گ/ ڕزگاری، ژ/(١٠ ـ ١١ ـ ١٢)، ١٩٧٠.
٣٤ـ أ – لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، د. کەمال فوئاد، گ/ چریکەی کوردستان، ژ(٤)، لەندەن، ١٩٨٠.
ب – شینی ئەدیبانی کورد، د. کەمال فؤاد، گ/ چریکەی کوردستان، ژ/(٨ ـ ٩)، لەندەن، ١٩٨٥.
٣٥ـ لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، کاکەی فەللاح، گ/ ڕۆشنبیری نوێ، ژ/(٢٥)،١٩٧٤.
٣٦ـ لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، کەمال فوئاد، ڕ/ژین، ژ/(٣٥)، ١٩٧١.

# ڕەنگدانەوەی سەبکی هیندی(*) لە شیعری سالمی ساحێبقڕاندا

**پێشەکی**

(سالمی ساحێبقڕان) بە یەکێک لە پێشەنگەکانی شیعری کلاسیکی کوردی (قوتابخانەی بابان) دەناسرێت، شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات لە وێنەی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکیدا هەبووە، بەتایبەتیش زمانی فارسی. کاریگەربوونی بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی زۆر بەڕوونی بە شیعر و بەرهەمەکانییەوە دیارە شەیدای شاعیرانی فارسی زمان لە وێنەی (حافز و سائیب و جامی) بووە و زۆر جار لە شیعرەکانیدا ناوی بردوون. لە دیوانەکەیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شیعری مولەمەع و تێهەڵکێشی کوردی و فارسی هەیە. لە ڕووی زمان و شێواز و سەبکی شیعرییەوە پێڕەوی لە (سەبکی هیندی) کردووە و تاروپۆی بەشێک لە غەزەل و قەسیدەکانی بەم جۆرە سەبکە تەندراوە. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ بەدیارخستن و تیشک خستنە سەر ئەو لایەنە ئەدەبی و هونەرییەی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی شاعیرانی فارسی زمانی سەبکی هیندیدا.

**تەوەری یەکەم:**

**أ- کورتەیەکی ژیننامەی سالمی ساحێبقڕان:** (سالم) ناوی عەبدوڕەحمان بەگی کوڕی محەمەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە، زێدگای بنەڕەتی بنەماڵەکەیان لە ناوچەی (سنە) و (ئەردەڵان)دا بووە، ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان کە باپیرە گەورەی ساحێبقڕانەکانی سلێمانییە و لەوێ بە (ئەحمەد بەگی گەورە) دەناسرێت، لە ڕۆژگاری حوکمداری (خالید پاشای بابان)دا (لەنێوان ١٧٤٧ تاوەکو ١٧٦٣ی زایینی حوکمڕانی کردووە) لەسەر خواستی ئەو، لەگەڵ بەشێک

له بنەماڵەکەیان دەگوێزنەوە بۆ پایتەختی (میرایەتی بابان)، کە ئەوسا لە (قەلاچوالان) بووە. (ئەمین، ١٩٩٨: ١٨٧).

ئەحمەد بەگی گەورە دوو کوڕی بوون:

١. مەحموود بەگ، کە باوکی مستەفا بەگی (کوردی)یە.

٢. محەمەد بەگ، کە بە (قەرە جەهەننەمی) ناسراوە و باوکی (سالم) بووە. دوا بەدوای بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی شاری سلێمانی (١٧٨٤ز)، وەکو پایتەختی تازەی میرایەتی، خانەوادەی ئەحمەد بەگیش، کە بەشێک بوون لە دەسەڵاتی میرایەتی و ئەو خۆیشی سوپاسالاری میرنشینەکە بووە لە قەلاچوالان، هاوڕێ لەگەڵ بابانەکاندا دەگوازنەوە بۆ سلێمانی و دەبن بە دانیشتووی شاری تازە. لەوێ (مەحموود بەگ) لە شوێنی باوکی کاروباری سەربازی و سوپایی میرایەتی پێ دەسپێردرێ و دەبێت بە وەزیری جەنگی بابانەکان. لە دەستنیشانکردنی ساڵی هاتنە دنیای (سالم)، جیاوازی لەنێوان لێکۆڵەرانی کورد (ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمی، مامۆستا سەجادی و مارف خەزنەدار،...)دا هەیە، بەڵام هەموو لە سەر ئەوە کۆکن کەوا لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیا و، لەوێ خوێندوویەتی و پێگەیشتووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، (خەزنەدار، ٢٠٠٣: ١١٧).

سالم هاوڕێ و هاوسەردەمی ڕابەرەکانی دیکەی بزووتنەوەی شیعری بابان؛ (نالی، نەفعی، کوردی، مەلا وەسمان) بووە، ئاڵوگۆڕی نامە و نامەی شیعری لەنێوانیاندا هەبووە. (سالم) لە ڕۆژگاری خۆیدا وەکو کەسایەتی و کەڵە خوێندەوار و شاعیر و ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتە بەدیارکەوتووە. لە پارچەیەکی چەند بەیتیدا سەر ڕشتەی سوارچاکان و هونەرمەندانی شیعری کوردی (دەوری بابان)ی بۆ تۆمار کردووین:

**لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر ڕوئیەتی مەعشووق**
**کەمەربەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشقبازانا**
**لە یەک لا (نالی و مەشوی) لەلایێ (سالم و کوردی)**
**لە هەنگامەی هونەرگەرمی تکاجۆبوون لە (مەولانا)**

**لە مەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون**
**بە کوردی هەریەکە تازی سواریَ بوون لە بابانا**

(سالم) لەنێو شاعیرانی کورد دا (نالی و مەولانا خالیدی شارەزووری) بە مامۆستای خۆی زانیوە و بەندی پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەواندا هۆنیوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کتێبخانەی کوردی تاوەکو ئەمڕۆ خاوەنی دیوانێکی تەواو و پوخت و زانستیی شاعیر نییە، بەڵام چاوگێڕانێکی خێرا بە ڕەشنووسی ئەو دیوانەی لەبەر دەستی ئێمەدایە و (سالانێکە بنەماڵەی زانیارانی کورد: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی خەریکی بوون و ئێستا لە سەروبەندی تەواوبووندایە و، لە ڕێگەی مامۆستا سدیق ساڵحی، کارگێڕی بنکەی – ژین – لە سلێمانی، کۆپییەکی وەدەست ئێمە کەوتووە)(**)، چەند ئامار و ئاماژەیەکمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە بەم جۆرە:

## ئاماری کۆی شیعرەکانی دیوانی سالم

| پیته سەروا | غەزەل | | قەسیدە | | پارچەی مولەمەع | | پارچەی داشۆرین | | شیعری موناجات | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پارچە | دێر | پارچە | دێر | پارچە | دێر | پارچە | دێر | پارچە | دێر |
| ا | ٣٨ | ٢٨٠ | ٣ | ٧٨ | ١ | ٨ | ٤ | ٨٢ | – | – |
| ب | ٥ | ٣٨ | – | – | ١ | ٧ | ١ | ٨ | – | – |
| ت | ٢٢ | ١٦٤ | – | – | ٢ | ١٨ | ٣ | ٥١ | – | – |
| ث ج ح خ د ذ | ١٠ | ٧٣ | – | – | ٢ | ٢٠ | – | – | – | – |
| ر ز | ٢٥ | ١٨٧ | ١ | ٣٧ | ٤ | ٣٣ | ٤ | ٤٣ | ١ | ١٠ |
| س ش ص ض ط ظ | ٩ | ٥٢ | – | – | ٣ | ٢٢ | – | – | – | – |
| ع غ ف ق ک ط ل | ١٢ | ٨٢ | – | – | ١ | ٧ | ١ | ٨ | – | – |
| م | ٢٤ | ١٧٤ | – | – | ٢ | ١٦ | ١ | ١٢ | ١ | ٨ |
| ن | ٢٤ | ١٧١ | ٤ | ٢٣٧ | ١ | ١٢ | – | – | – | – |
| و وو | ٤١ | ٢٨٦ | – | – | ١ | ٩ | ٣ | ٤٣ | ١ | ٦ |
| ی | ١٨ | ١٢٨ | ٢ | ٤٤ | ٢ | ١٩ | – | – | – | – |
| ێ | ٣١ | ٢٢١ | – | – | ٤ | ٢٨ | ١ | ١٢ | – | – |
| هـ | ٥٤ | ٣٨٧ | ١ | ٤١ | ١ | ٩ | ٣ | ٣٣ | ١ | ١٧ |
| کۆ | ٣١٣ | ٢٢٤٣ | ١١ | ٤٧٣ | ٢٥ | ١٨٩ | ٢١ | ٢٩٢ | ٤ | ٤١ |

٣٧٤ تێکستی شیعری = ٣٢٣٨ دێڕە شیعر + ٢ تاک = ٣٢٤٠ دێڕ

لەبەر ڕۆشنایی ئەم داتا و ئامارانە دەتوانین بڵێین:

- سالم شاعیر و شاسواری غەزەلخوێن و غەزەلنووسی یەکەمینە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.
- لە قەسیدەسەراییدا خاوەنی چەندین چامە و قەسیدەی مێژوویی و داستانی و قارەمانێتییە، کە کەم وایە شاعیرانی کورد لەم مەیدانەشدا شان لە شانی بدەن، سەرباری چەندین پارچەی پێنج خشتەکی و تێهەڵکێش.
- خاوەنی زۆرترین پارچەی شیعری مولەمەعاتە، بەتایبەتیش مولەمەعاتی (کوردی – فارسی).

**ب- دانوستانی کولتووری – سالم و فەرهەنگ و ئەدەبی ئێرانی:**

لە سۆنگەی هۆکارگەلێکی مێژوویی و سیاسی، لە ڕابردوودا زمانی کوردی نەبۆتە زمانی خوێندن و نووسین و فەرهەنگ لەبەرامبەردا زمان و فەرهەنگ و کلتووری (عەرەبی – فارسی – تورکی) لە کۆمەڵی کوردەواری و لەناو چینی خوێندەوار و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستاندا باو و باڵادەست بووە. بەو هۆیەوەش کەوا چەپەری مزگەوت و گۆشەی حوجرە و مەدرەسەی ئایینی تەنها شوێنی زانست و خوێندەواری بوون، بۆیە دەبینین کەوا:
- زمانی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە، وەکو زمانی قورئان و حەدیس و زانستەکانی ئایین و شەریعەتی ئیسلام، سەرچاوەی یەکەمی خوێندەواری بووە لە کوردستان و بەو هۆیەوەش بەشی هەرە زۆری شاعیر و ئەدیب و زانا و دانایانی کورد لە بەراییدا مەلا و زانای ئایینی بوون.
- زمانی فارسی لە هەموو خوێندنگا و مەدرەسە ئایینییەکانی کوردستاندا، وەکو زمانی فەرهەنگ و شیعر و ئەدەب، هەمیشە ئامادە بووە و دەستی یەکەمی سەرچاوەکانی زمان و ئەدەبی فارسی، بەتایبەت بەرهەمەکانی (سەعدی و حافز و جامی و مەولانا...) بەشێک بوون لە بەرنامەکانی خوێندن (موتابچی، ١٩٧٣: ٧٢) لەمەوە شاعیرانی

کلاسیکی کورد ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا بوون.

– لە قۆناغەکانی دواتر زمانی تورکیش، کە زمانی ئیدارە و دەوڵەتداری بووە، لە کوردستاندا پەرەی ستاندووە و بڵاوبۆتەوە، ئەمە وای کردووە دەستەی یەکەمی (منەوەرانی کورد) لە سەروبەندی سەدەی (١٩ و ٢٠)دا کاریگەری زمان و ئەدەبی تورکیشیان بەسەرەوە بێت.

کەواتە لە سەروبەندی چەکەرەکردنی بزووتنەوەی شیعری بابان، گەلێک بوار لەبەردەم بەریەککەوتنی کلتووری و کاریگەری زمان و ئەدەبی فارسی ئاوەڵا بووە. (سالم) کە یەکێک لە ڕابەر و کۆڵەگەکانی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە بوو، دیارە لەو کاریگەری و کارتێکەرییە بە دوور نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا کە زمانی ڕەسمی میرنشینەکەی بابانیش هەر فارسی بووە (میرزا، ٢٠١٣: ٢٦).

بەدەر لەو هۆکارە مێژوویی و گشتییانە، پەیوەست بە (سالم) هۆکارگەلی تایبەت و کاریگەری دیکەش لە ئارادا بوون، تا ئەوەی ڕەنگدانەوەی زمان و ئەدەب و کلتووری فارسی لە ناو شیعرەکانیدا خەستتر و پڕ ڕەنگتر بێت لەوانەش:

– هامشۆی بەردەوامی (سالم) لەنێوان سلێمانی و سنە و تاراندا خواستە و ناخواستە، لە سۆنگەی دوو هۆکارەوە:

یەک: بەشێکی خانەوادەکەی لە ناوچەی سنە و ئەردەڵاندا مابوونەوە، بۆیە سالم، وەک چۆن (کوردی)ی ئامۆزاشی، بەردەوام قاچێکیان لەم دیو و یەکێکیان لەو دیو بووە، ئەمە لە شیعرەکانیدا دیارە:

**– لە حوسنی دلبەران، گەرچی (سەنەندوج) گوڵستانێکە**
**بەبێ دلبەر لەبەرچاوم چ وێرانە مەکانێکە**

**– بەبێ ڕووی تۆ فەزای باغی (سەنەندوج)**
**لەناو دڵما وەکو ناری سەقەر بوو**

**– دەڵێی فیردەوســـە گوڵزاری (ســـەنەندوج)**
**وەلـــێ بــێ تۆ لـــەلای مــن وەک دەرەک بـــوو**
**– چ بڵێم حاڵەتی دڵ چۆنە لە هەجرا (سالم)**
**سەحنی گوڵزاری (سەنەندوج) وەکو زیندانی منە**
**– (ســـەنەندوج) باوجـــودی باغ و گوڵـــزار**
**بەبــێ تۆ تـــارە لێـــم وەک شـــامی میحنـــەت**

دوو: بەهـۆی ململانـێ و باڵباڵێنی نـاو بنەمـاڵەی میرەکـانی بابـان، زۆر کەڕەت خـــانەوادەی ســـالم بەهـــۆی لایەنگیرییـــان بـــۆ لایەنێـــک، دووچاری کۆچ و ڕەو و ئاوارەیی بوون لە ئێرانا، سالمیش، (ئەگەر لە ناچـاری و بە نـابەدڵیش بووبێـت) سـەری ئـاوارەیی هەڵگرتـووە، واش بووە لەوێ گیری خواردووە و ڕێگەی گەڕانەوەشی نەبووە. بۆیە لە چەنـدین پـارچە شـیعردا، کە پێـدەچێت لە دەورانـی ئەو ئـاوارەیی و دەربەدەرییەی ئێرانیدا هۆنیبێتییەوە، گلەیی لە بەختی خۆی و گازاندە لە زەمانە دەکات و ناڕەزایی دەردەبڕێت:

**– شـــۆڕەزاری خاکـــی (ڕەی) ئەمجـــارە دامەنگیـــرمە**
**ڕووو لە هـەر وادی دەکەم خـــاری وەکو زنجیرمـــە**
**ئیبتیدا بۆ (ڕەی) کە هاتم فیکـــری عەقلیم لێ نەکـــرد**
**حەپسی تـــارانم گونـــاهی کاری بــێ تەدبیرمـــە**
**– لەگەڵ دڵ شەرتە (سالم) گەر نەجاتم بێ لە (تارانا)**
**بەهەشت گەربێتە دەشـــتی (ڕەی) بەئێرانا گوزەر ناکـــەم**
**– خۆزگـــە دەمزانـــی لە (تارانا) نەجاتـــم کەی دەبـــێ**
**کۆیی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر (ڕەی) دەبێ**
**– بـــە عەقـــل ئـــەو ڕۆژە پێـــم زانـــی دەفـــەوتـــێ**
**کە (ســـالم) عـــازیمی موڵکـــی عەجەم بـــوو**

جێکەوتە و کاریگەری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی ئێرانی لەسەر سالم و بەرهەمی شیعری لەسەر سێ ئاستدا بەدیار دەکەوێت:

١- لەسەر ئاستی وشە و زاراوە و پێکهاتەی زمانی: زمانی شیعری سالم تەژی لە وشە و زاراوە و پێکهاتەی بوارەکانی جیهانی ئەدەب و فەرهەنگی فارسی و کلتووری ئێرانییە، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە یەکێک لە سیماکانی فۆرم و ڕوخساری شیعری شاعیر پێکدەهێنێ و لە شاعیرانی دیکەی هاوسەردەمی جیادەکاتەوە، ئەم خاسیەتە، واتە (فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا) بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی تایبەت کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە، بگەڕێوە بۆ (میرزا، ٢٠١٣). تەنانەت ئەو زمانە شیعرییە فارسی ئامێزەی سالم کاریگەری لەسەر لایەنی چەمکی واتا و دەربڕینە سەخت و ئاڵۆزەکانی شاعیریشەوە هەبووە، کە لە پێکهاتە و دەربڕین و سنعەتسازی شیعرەکانییەوە ڕەنگی داوەتەوە (سەرچاوەی پێشوو: ٦٥).

٢- کاریگەری ڕاستەوخۆی شاعیرانی فارس، لەوێنەی (سەعدی، حافز، کەلیم، سائیب) لەسەر ئاستی ئەدەبییەوە، بەسەر هزر و بیر و شیعر و بەرهەمی سالم، ئەو بەڕادەیەکی بەرز سەرسامی شیعر و بەرهەمی مەزن شاعیرانی فارس بووە (سەجادی، ١٩٧١: ٢٦٥). ئەمە کاریکی وای کردووە کە هەموو پارچە مولەمەعاتەکانی دیوانەکەی، شیعری مولەمەعاتی (کوردی – فارسی) بن. تەنانەت بەشێکی بەرچاویش لەمانە شیعری مولەمەعاتی تێهەڵکێشبن لەسەر شیعر و بەرهەمی شاعیرانی فارسی، وەکو لەم نەخشە ڕوونکەرەوەیەدا بەدیار دەکەوێت.

**شیعری مولەمەعاتی سالم**

(٨) پارچە شیعری مولەمەعاتی (کوردی – فارسی)ی خۆی

(٩) پارچە شیعری مولەمەعاتی تێهەڵکێش لەگەڵ شیعری (حافز)

(٦) پارچە شیعری مولەمەعاتی تێهەڵکێش لەگەڵ شاعیرانی دیکە (سەعدی، مەولانا شارەزووری، جامی، شەوکەت)

٣- ئاستی واتا و دەلالەت:

پەیوەندیی شیعر و بەرهەمی سالم لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی لە دوو ڕوانگەی دیکەوە خۆ دەنوێنن، لەسەر ئاستی بابەتی ناوەرۆک و واتا و دەلالەتدا، یەکێکیان ئەوەیە کەوا زۆر جار سالم واتا و دەلالەتی شیعرەکانی لە واتا و بیر و بەرهەمی شاعیرانی فارسی هەڵبژاردەی خۆی هەڵێنجاوە و ئینجا لە بەرگ و پۆشاکێکی کوردی بەشێوەیەکی وەستایانە و هونەری لەنێو دێڕە شیعرەکانی خۆیدا گونجاندوویەتی، لێرەدا بەگوێرەی دەرفەت چەند نموونە بە بەراورد لەگەڵ (حافز) دەهێنینەوە کەوا یەکێتیی واتا و دەلالەت کۆیان دەکاتەوە (میرزا، ٢٠١٣: ٦٤):

حافز:

**دوش از مسجد سوی میخانه آمد پیر ما**
**چیست یاران طریقت بعدازاین تدبیر ما**

سالم:

**بۆ تۆبە سویی مەسجید هاتم بچم لە ڕێدا**
**بۆ کۆیی مەیفرۆشان عەزمم شتابی هێنا**

حافز:

**از بهر بوسه ز لبش جان همیدهم**
**إینهم همی ستاندو آنهم نمیدهد**

سالم:

**گیان دەدەم ئەمساڵ بەنرخی ماچێکی دوو ساڵی تر**
**قەت بەمەشرووتی سەلەم لەم بەیعەشا سەودا نەبوو**

ئەم مەسەلەیە لەئاست شاعیرانی دیکەشدا لەوێنەی (سەعدی، جامی، هاتیف...) دا بەڕاست دەگەڕێت.

ڕوانگەی دووەمیان ئەوەیە، کە سالم لەشێوەی دەربڕین و چۆنییەتی خستنەڕووی بیر و بابەت و مەبەستە شیعرییەکانی پێڕەوی

له شێوازەکانی (سەبکی شیعری) فارسی کردووە، لەوێنەی (خوراسانی و عیراقی و هیندی) (سەرچاوەی پێشوو: ٦٠).

بەتـــایبەتیش شـــێوازی (ســـەبکی هینـــدی) کە دیـــارترین تایبەتمەندییەکانی بـریتین لە؛ بایەخدان بەنـاوەرۆک (ناوەرۆکسـازی) و واتای ورد و تازە و خەیاڵپەردازی و بیری ئاڵۆز و جەختکردن لەسەر وێنەی ڕەوانبێژی (میر صادقی، ١٣٧٣: ١٣٠ – ١٣١).

دیـارە ڕەنگـدانەوەی زمـان و شـێواز و فەرهەنگـی ئێرانـی لە شیعرەکانی سالمدا بەشێکی بۆ پاشخانی فەرهەنگی و مەعریفیی شاعیر و بەشێکی بۆ باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو سەردەمە و بەشێکی بۆ ژیانی تایبەتی و کەسێتی خۆی دەگەڕێتەوە. نالەباریی چەرخ و ئەو شکســتی و نــاهەمواریی بەســەر وڵات و نەتەوەکەیــدا هــاتوون، ناتەندروستی و غەم و پەژارەی بەدرێژایی تەمەن، هەموو ئەمانە بوون بە هەوێنی ژیان و لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە (کاکی، ٢٠٠٨: ١١١).

**تەوەری دووەم:**

## أ- لەبارەی زاراوە و چەمکی شێواز و شێوازگەری:

لە فەرهەنگی (خاڵ) لە بەرانبەر وشەی (شێواز)دا هاتووە: شێوەی تایبەتی نووسین یان قسەکردن (اسلوب) (خال، ١٩٦٤: ٣٥١) لە فەرهەنگە کوردییەکانی دیکەدا، شێواز بە (شێوە، ڕوخسار، ڕەفتار و ڕێباز...) لێکدراوەتەوە، کە زیاتر واتای گشتی وشەکە دەبەخشن و بۆ بابەتەکەی ئێمە لێکدانەوەکەی (خاڵ) دروست و گونجاوە. وشەی شێواز لە بەرانبەر وشەی (style)ی ئەوروپیدا بەکار دەبرێت، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (Stilus)ی گریکی – لاتینییەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا (أسلوب) و لە زمانی فارسیدا واتای (سبک) دەگرێتەوە (کاکی ٢٠١٢: ١٨).

لە کوردیدا (شێوازگەری – یاخود – شێوازناسی) ئەو زانستەیە کە لە مەسەلەکانی تایبەت بە شێواز و شێوازی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، کە لە بەرانبەر زاراوەکانی (stylistics)ی ئەوروپایی و (الاسلوبیة)ی عەرەبی و (سبک شناسی) فارسیدا هاتووە.

ئەم زانستە ڕەگو ڕیشەکەی بۆ ڕۆژگارێکی کەونارای سەردەمانی گریک و ڕۆمانەکان دەگەڕێتەوە. (ئەرستۆ) بە پشتبەستن بە (زمان و شێواز)ەوە ڕەگەزە ئەدەبییەکانی لەیەکتر جیاکردۆتەوە، بە نموونە (پاراوی زمان) بە یەکێک لە مەرجەکانی بابەتی (تراژیدیا –Tragedy) دادەنێت و دەڵێت: (مەبەستم لە زمانی پاراو ئەو زمانەیە کە ڕیتم و مۆسیقا و گۆرانی تێدابێت)، واباوە کە زمانی تراژیدیا زمانێکی چێژبەخشە، چونکێ زمانێکی بەرز و ڕازاوە و چێژدارە، لە قالبی گفتوگۆدایە و ئاواز و ڕیتمێکی تایبەتی هەیە (هۆراس، ١٩٧٤: ٢٧).

لێکدانەوەی فەرهەنگ و لوغەتنامە عەرەبی و ئیسلامییەکان بۆ وشەکە هەمووی وەکو یەکە، بە ڕیزێک دارخورما، یان ڕوخسار و ڕووکار لێکدراوەتەوە، هەروەها بە واتای (هونەری ئاخاوتن)یش هاتووە (بوملحم، ١٩٦٨: ٩).

ڕوونتـرین پێناسـه لای زانایـانی پێشـین و نزیـک له تێگه‌یشـتنی ئه‌مڕۆیی، له‌لایه‌ن (ئیبن خه‌لدون – له ٨٠٨ی کۆچی مردووه) له کتێبی (المقدمـة)داهاتووه، ئه‌و ده‌ڵێ: (الاسلوب – شـێواز) بـریتییه له‌و قالـب و چوارچێـوه هۆشـه‌کییه‌ی که‌وا پێکهـاته زمانییه‌کـانی تیـادا داده‌ڕژرێت، به‌شـێوه‌یه‌ک که له‌گه‌ڵ ئامـانجی گوتـار و هـونه‌ری ئاخاوتنـدا بگونجێت (سه‌رچاوه‌ی پێشوو: ١١ – ١٢).

له‌م پێناسه‌یه‌دا چه‌ند خاڵ تێبینی ده‌کرێت:

١. شـێواز قالب و چوارچێوه‌یه که وشـه و پێکهاته‌ی زمـانی تیادا داده‌ڕژرێت. لێره‌دا شـێواز خۆی له وشـه و پێکهـاته زمانییه‌کان جیایه، هه‌روه‌هـا له عه‌رووز و له ڕه‌وانبێـژیش. له کاتێکـدا وشـه و پێکهـاته زمانییه‌کان مادده و که‌ره‌سته‌ی شـێواز پێکده‌هێنن، که‌چی ڕه‌وانبێژی و عه‌رووز خاسیه‌ت و تایبه‌تمه‌ندیی ئه‌و که‌ره‌سته و پێکهاتانه ده‌ستنیشـان ده‌که‌ن. لێره‌وه شێواز ده‌بێته: شێوه‌ی داڕشتنی قسـه و ئه‌ندازیاریی ئه‌و قالـب و چوارچێـوه‌یه‌ی که‌وا قسـه‌که‌ی تیـادا داده‌ڕژرێت. له‌مه‌وه ئیـبن خه‌لـدون ڕێـگه له‌و تێکه‌ڵاویـیه ده‌گرێـت که له بیـرو مێشـکی مرۆڤـدا دروسـتده‌بێت، له‌نێوان زمـان وه‌کو وشـه و پێکهـاته، له‌گه‌ڵ چۆنییه‌تی هه‌ڵبژاردن و داڕشتنی وشه و پێکهاته‌کان که کرۆکی شێواز خۆیه‌تی.

٢. شـێواز وێنه‌یه‌کی هۆشـه‌کی وشـه و پێکهاته‌کانه که خه‌یـاڵ له شێوه‌ی قالب و چوارچێوه‌دا ده‌ریده‌خات، له‌مه‌وه په‌یوه‌ندی له‌نێوان بیر و ده‌ربڕین (ته‌عبیر) ده‌خرێته ڕوو، که له وێنه‌ی دوو ڕووی دراوێکن و ناکرێت له یه‌کتر جیا بکرێنه‌وه. ئینجا که هات و شێواز بریتی بێت له‌و وێنه هۆشـه‌کییه‌ی که له ڕێگه‌ی خه‌یاڵه‌وه ده‌رده‌خرێت، له‌مه‌وه شـێواز حـوکمه که‌وا ته‌عبیـر له‌و بیـر و خه‌یـاڵه و ته‌نـانه‌ت له که‌سـایه‌تی خـاوه‌نه‌که‌ی بکـاته‌وه. له‌مه‌وه له‌و پێناسـه‌ی ڕۆژئاواییه‌کـان نزیـک ده‌که‌وینه‌وه که ده‌ڵێ: شێواز بریتییه له که‌سێتی مرۆڤ خۆی.

٣. شـێواز به گـوێره‌ی بـابه‌ت ده‌گۆڕێت، چـونکێ هه‌ر یه‌کێک له هونه‌ره‌کانی ئاخاوتن شێوازی تایبه‌ت به‌خۆی هه‌یه که تیایدا له‌وێنه‌ی

جۆراوجۆردا دەمەیێت. لەمەوە شێوازی زانستی لە شێوازی ئەدەبی جیا دەبێتەوە. لەناو شێوازی ئەدەبیشدا شێوازی هونەری پەخشان جیاوازە لەشێوازی هونەری شیعر، لەناو شێوازی شیعریشدا، شێوازی پارچەی فەخروشانازی جیاوازە لە شێوازی غەزەل و .... تاد.

٤. بناغەی شێواز بریتییە لە (هەڵبژاردن)ی وشە و بێژە و پێکهاتەی دروست و گونجاو و (ڕیزکردن) یان لە باڵ یەکتر لە چوارچێوەیەکی هۆشەکیدا. لەمەوە کاری نووسەر و شاعیر لە کاری وەستای دیوار (بەننا) دەچێت. نووسەر و شاعیران کەرەستەکانیان (کە گوتە و بێژە و پێکهاتەی زمانین) لەسەر زار و زمانی خەڵک، یان لە دووتوێی کتێب و فەرهەنگەکاندا هەڵدەگوێزن و هەڵدەبژێرن، وەکو چۆن وەستای دیوار کەرەستەی باش و پوخت و دروست لە سروشتدا هەڵدەبژێرێت بەمەبەستی سازکردنی دیوار و خانوو. (بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی پێناسەکەی ئیبن خەلدون سوود لە سەرچاوەی پێشوو: ١١ – ١٢ وەرگیراوە).

لە ڕەخنەی نوێدا چەمکی شێواز (سەبک) لەوەدا کورتدەکرێتەوە، کە بە واتای لادانە لە ڕێڕەوی ئاسایی دەربڕین، (لادان لە نۆرم Norm)، بەم پێیە سەبک و شێواز بەو لادان و جیاوازییانە دەناسرێت کە لە شێوەی دەربڕینی هەر نووسەرێک لەگەڵ شێوەی دەربڕینی نووسەرانی دیکەدا بە دیدەکرێت (رضایی، ١٣٨٢: ٣٢٣).

ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کەوا (شێوازگەری) لە ئێستادا زانستێکی بەرفراوان و فرەلایەنە، لەهەر ڕوانگە و ڕووکارێکەوە لێی بڕوانیت چەندین ڕەهەندی جیاواز و چەشنی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە بابەتەکەی ئێمە هەڵیدەگرێت، بەقەڵەمی درشت و بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی دەکەین.

تێکڕای واتا و چەمک و پێناسەکانی شێواز لە دەوری سێگۆشەی (نووسەر/ پەیامدەر) و (تێکست/ پەیام) و (خوێنەر/ پەیامگر) دا دەخولێنەوە.

دەستەی یەکەم لە شێوازناسان مەسەلەی شێواز لە پەیوەندیی دەروونی لەنێوان نووسەر و تێکستدا دەبینن، بەو مەعنایەی گرینگی بە پرۆسەی دەروونی ئەفراندنی تێکست دەدەن. دەستەی دووەمی تۆژەران ئەوانەن کە باس لە مەرگی نووسەر دەکەن، لەمەوە ئەوان لە پانتایی خودی تێکستدا بەدوای چەمک و پێناسەی شێوازدا دەگەڕێن. دەستەی سێیەم چەمکی شێواز لە کاردانەوەی خوێنەر و وەرگری پەیام لە بەرانبەر تێکستدا ڕاڤە دەکەن (چالی، ٢٠٠٨: ٢٢) بەدیوێکی دیکەدا هەموو چەمک و پێناسە جیاوازەکانی شێواز لەلایەن تویژەرانەوە لە کۆن و تازەدا لەژێر سێ ناونیشانی سەرەکیدا پۆلینبەندی کراوە، کە بەم شێوەیەن:

١. بینینی تایبەت: شێواز حاسڵ و دەرەنجامی ڕوانین و جیهانبینی ناوەوە و دەرەوەی نووسەرە کە لە ڕواڵەت و شێوەیەکی تایبەتی زمان و بەیان خۆی نمایش دەکات. لەمەوە شێواز لە سیمای کەسایەتی دەچێت و کەسایەتی نووسەر لەو دەقەدا دەردەکەوێت کە دەینووسێت و سروشتی خۆی پێدەبەخشێت (عەلی، ٢٠٠٩: ٢٣).

٢. هەڵبژاردن: لەم بۆچوونەوە شێواز بریتییە لە هەڵبژاردن و بژارکردنی نیشانە و کەرەستەکانی زمانێکی دیاریکراو، بەمەبەستی دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو، ئەم هەڵبژاردنە لەنێوان ئەو کەرەستە و نیشانە زمانییانەدا دەبێت کەوا هاوشان و جێگرەوە و بەدیلی یەکترن (چالی، ٢٠٠٨: ٢٤).

٣. لادان لە باو: لەمەوە شێواز لە بەزاندنی یاسا و ڕێسا باوەکانی زمان و بەکارهێنانێکی تازە و نوێی زمان و ڕێزمانەوە دێتەدی، زمانی ئەدەبی یاساکانی زمانەوانی پێشێل دەکات و لەو شێوە باوەی زمان دەردەچێت کە خەڵک لەسەری ڕێککەوتوون، بەمە لە واتا فەرهەنگییەکەی دوور دەکەوێتەوە تا ئەوەی ناو و واتایەکی نوێ بە شتەکان ببەخشێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە پرۆسەی (داهێنان) و بە لادان لە باو (Norm) ناو دەبرێت (عەلی، ٢٠٠٩: ٢٧).

ئەم سێ ڕەهەندە سەرەکییەی شێواز لە ئەنجامدا یەکدەگرنەوە و تێهەڵکێش دەبن، چونکێ هەردید و بۆچوونێکی تایبەت و نوێ، پێویستی بەهەڵبژاردنی کەرەستەی نوێ و تایبەت هەیە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا لادان لە زمانی باو و ئاسایی دێتە ئارا.

تا ئێرە وا هەستدەکرێت کە پرۆسەی شێوازناسی هەمان پرۆسەی کاری ڕەوانبێژییە، چونکێ زیاتر چەمکی شێواز و جۆراوجۆری دەربڕین بۆ تاکە واتایەک بەرجەستە بووە، یاوەکو دەربڕینی واتایەک بەشێوازی جۆراوجۆر کە هەمان پێناسەی (زانستی بەیان)ە، بەڵام ڕاستییەکەی شێوازناسی لەمە فراوانترە، چونکە لە شێوازناسیدا بابەتی ((Frequency) یاخود (بسامد – التواتر) و دووبارەبوونەوەی دیاردە شێوازییەکان (Stglistic features) لە ئارادایە، لە کاتێکدا لە ڕەوانبێژیدا ئەم بابەتە لە ئارادا نییە (چاڵی، ۲۰۰۸: ۲۷).

– جۆرە سەرەکییەکانی شێواز:

جیاواز لە قوتابخانەکان و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە لە شێواز، بابەتی شێوازناسی سێ ڕێچکەی سەرەکی دەگرێتە پێش:

۱.شێوازی تاکە کەس (شاعیر و نووسەر و ئەدیب).

۲.شێوازی چەرخ و قۆناغ و سەردەم.

۳.شێوازی نەتەوەیی، هەر گەل و میللەتێک.

– ئەو هۆکارانەی کەوا کاریگەرییان بەسەر شێوازەوە هەیە:

۱. کەسایەتی نووسەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و بایۆلۆجی.

۲. بابەتی نووسین، کە وابەستەیە بە جۆری (ژانر)ی ئەدەبییەوە.

۳. ڕەگەز و ڕەچەڵەکی نەتەوەیی.

٤. ڕۆشنبیری و زانیاری نووسەر (بوملحم، ۱۹٦۸: ٦۲).

**ب- دەورەی سەبکی لە مێژووی شیعری فارسی و کوردیدا:**

١. مێژوونووسـی ئەدەبـی فارسـی: بەپێـی سـەرچاوەکان لە مێژوونووسیی ئەدەبیاتی فارسیدا دوو ڕێباز تێبینی دەکرێت، یەکەمیان نووسـینەوەی مێـژووی ئەدەبە بە گـوێرەی زنجیـرەی سـاڵنامە و سـەدەکان (کرۆنۆلـۆجی). واتـە دابەشـکردنی تەواوی مێـژووی (١٢٠٠) ساڵەی ئەدەبی فارسی بۆ چەند قۆناغ و سەردەم و چاخێک، کە هەر قۆناغێـک سـەدەیەک یـا چەنـد سـەدەیەک دەگـرێتەوە و تیایـدا ڕەوتـی پەرەسـەندنی زمـان و ئەدەب فەرهەنگی فارسـی خـراوەتە بەر بـاس و لێکـۆڵینەوەوە، لە پـاڵ ئەوەشـدا ژیـان و بەرهەمـی ئەدەبـی و فیکریـی شـاعیران و نووسـەرانی قۆنـاغەکە یەکلایـی کـراوەتەوە، بـۆ وێـنە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی مێژوونووسی ئەدەبی فارسـی، لەوێنەی: (تـاریخ ادبیات در ایـران – ادوارد بـراون)، (تـاریخ ادبیات ایران – جلال الدین همـایی)، (تـاریخ ادبیـات ایـران – ذبیح اللـه صفا)، پێڕەوی لەم ڕێبـازە کـراوە ، مێـژووی ئەدەبـی فارسـی هەر لە چـاخی کـۆنەوە تـاوەکو سـەردەمی نوێ، بەپێی سـەدەکانی کۆچی و میلادی بۆ چەند چەرخ و سـەردەم دابەشـکراوە، زۆریـش وا هەیە کەوا ئەم چەرخ و قۆنـاغە ئەدەبی و فیکرییانە لەگەڵ قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی دەوڵەتی ئێران ئاوێتە کراوە.

دەسـتەی دووەمـی مێژوونووسـانی ئەدەبی فارسـی لە دەروازەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ مێژوونووسیی هەردوو هونەرە سـەرەکییەکەی ئەدەبـی فارسـی بە (شـیعر و پەخشـان)ەوە چـوون و، لە ڕوانـگەی مێـژووی زمـان و زمـانەوانی و سـەبک و شـێوازەوە لە ژێر ناونیشـانی (ادوار سبکی) لەمێژووی گەشـەکردنی ئەدەبیاتیـان کۆڵیـوەتەوە. لێکۆڵەر و تـوێژەرانی نـاوداری ئەدەبی فارسـی لەوێنەی (ملک الشـعرای بهـار)، (محمد غلامرضایی) (سیروس شمیسا)، (شفیعی کدکنی)، پێڕەوییان لەم ڕێبازە کردووە. ئەم دەستەیە ڕەوشی پەرەسـەندن و پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی فارسییان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەسـەر پێنج قۆنـاغ و (دەورە سبکی)دا دابەشکردووە، بەم شێوەیە:

- سبک خراسانی.
- سبک عراقی.
- سبک هندی.
- سبک دوره بازگشت.
- سبک ادب نو

دیاره ئەم پۆلینبەندییە بەشێوەیەکی گشتییە و دەشێ هەر کام لەم دەورانە، کە خۆی قوتابخانەیەکی ئەدەبی پێکدەهێنێت، لە ناوخۆیدا بۆ لق و بەشی بچووکتر دابەشبکرێن (شمیسا، ١٣٨٣: ١٤).

**تەوەری سێیەم:**

**أ- دەورەی سەبکی هیندی:**

کۆتاییەکانی سەدەی یانزەهەمی کۆچی هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوا ئاڵوگۆڕێکی ئەدەبی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەت لەدوای سەقامگیری دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی زنجیرەی (سەفەوی) لە (ئیسفەهان) و پیادەکردنی (ئایینزای شیعە) وەکو مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت.

دەوڵەتمەدارانی سەفەوی دیدێکی ئایدیۆلۆژییان بۆ شیعر و ئەدەبیات لەبەرچاو دەگرت، لە ئەنجامی ئەمەدا بەشێکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی ئێرانی کۆچ و باریان تێکنا و ڕوویان کردە کۆشک و سەراو دەرباری پاشایان لە وڵاتی هیند (شمیسا، ١٣٨٣: ٢٧٢). لەمەوە قوتابخانەیەکی تازە لە شیعری فارسی نەشونمای کرد و بڵاوبووەوە کە ماوەی سەد و پەنجا ساڵ درێژەی کێشا و لە دوایە بە (دوره سبک هندی) ناودێرکرا. لە سەرچاوەکانی تایبەت بە ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی فارسی بە دووردرێژی هەڵوەستە لەسەر ئەم قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییە و شاعیرانی پێڕەوکاری و لایەنی تایبەتمەندییە هونەرییەکانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە کراوە. (کەلیمی کاشانی – ١٠٦١ی کۆچی مردووە)، (سائیبی تەبریزی – ١٠٨٠ی کۆچی مردووە)، (بێدلی دەهلەوی – ١٠٥٤ – ١١٣٣ کۆچی) بە سەردەستەی شاعیرانی پێڕەوکاری ئەم قوتابخانەیە دەناسرێن.

لێرەوە ئەگەر ئاوڕێک بۆ لای شیعری کلاسیکی کوردی بدەینەوە دەبینین کەوا ئەو سەرچاوەی ئاوی لێ خواردۆتەوە و جێکەوتەی لەسەر داناوە شیعر و ئەدەبی فارسی بووە، بە واتایەکی تر کانیاوی هاوبەشی شیعری کلاسیکی کوردی بە هەردوو قوتابخانەی (کرمانجی و بابانییەوە) شیعری فارسییە. مەلای جزیری (١٥٦٧ – ١٦٤٠ز) لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی و نەشونمای سەبکی هیندی لە ژیاندا بووە، وەلێ بەهۆی بارگرژیی بەردەوامی نێوان ئێران و

عوسمانی و، نوێباوی ڕێبازەکە لە ئێران لەلایەک و، لایەنگیری مەزهەبی و مەسەلەی سۆفیزم و عیرفان لەلایەکی تر، زیاتر لە ژێر کاریگەری (سەبکی عیراقی) و کارتێکردنی هەردوو نوێنەرە سەرەکی و بەرجەستەکەی ئەم شێوازە، واتە (سەعدی و حافز)دا بووە (چالی، ٢٠٠٨: ٨٤). شاعیرانی دواتری قوتابخانەی کرمانجی لەوێنەی (خانی و پرتەوبەگی هەکاری و ...) هەر بەم شێوەیە.

بەم ڕەنگە ڕەنگدانەوەی (سەبکی هیندی) لە شیعری کلاسیکی کوردی تا پایەدار بوونی قوتابخانەی شیعریی بابان وەدوادەکەوێت. تا ئەوەی لە ڕێگەی شاعیرانی قافڵە سالاری ئەو بزووتنەوە شیعرییە، لە نموونەی (نالی و سالم)، چەکەرە دەکات و بڵاودەبێتەوە.

**ب- خاسیەت و بنەماکانی سەبکی هیندی:**

شیعری سەبکی هیندی خاوەنی چەند خاسییەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیەتی:

١. لە باری زمان و فەرهەنگی شیعری.

٢. لە ڕووی هزر و بیرەوە.

٣. لەلایەنی ئەدەبییەوە.

ئینجا بەمەبەستی کورتی و پوختی و خۆ بە دوور گرتن لە درێژدادڕی، لەسەر گرینگترینی ئەو تایبەتمەندییانە دەوەستین، لەم چەند بڕگەیەی لای خوارەوەدا:

١. نواندن و هاوتاکردن (تەمسیل و موعادەلە): لەنگەری بایەخپێدان و سەنگی مەحەک لە سەبکی هیندیدا دەخرێتە سەر تاکە یەک بەیتی شیعر، (واتا دوو نیوەدێڕ). ئینجا مەسەلەکە چۆنییەتی گرێدان و بەیەکەوە بەستنەوەی هەردوو نیوەدێڕەکەیە کە لە ڕێگای نواندن و هاوتا کردنەوە جێبەجێ دەبێت. شاعیر لە بابەتێکی ژیری و ناهەستییەوە لەنیوە دێڕی یەکەمدا بۆ وێنە و واتا و لێکدانەوەی شتی بەرجەستە و بەرهەست دەچێت لە نیوەدێڕەکەی تریدا، ئەویش لە

ڕێگـــای نوانــدن و جــوانی بــایس و چووانــدنەوە (حســینی، ١٣٧٨: ١٨). لە نموونەی ئەم دێڕەی (سائیب):

**- دنیا به أهل خویش ترحم نمی کند**

**آتش امان نمی دهد آتش پرست را**

٢. ناوەڕۆکسازی: بە واتـای بایەخدان بە مەبەسـت و نـاوەڕۆک و خستنەڕووی بیـری ورد و نـوێ و نەگـوتراو (بـابەتی نـوێ و مەعنـای بێگانە) لە چوارچێوەی یەک تاکە بەیتی شیعر، وەک (سائیب) دەڵێ:

**یک عمر می توان سخن از زلف یار گفت**

**در فکر آن مباش که مضمون نمانده است**

٣. نـا ئاشـنایی و هێنـانەوەی واتـا و چووانـدنی دەگمـەن و نـامۆ، (سائیب) دەڵێ:

**هر که دید آن خالها بر گرد چشم یار گفت**

**این غزالان بین که بر گرد حرم آسوده‌اند**

٤. پەیوەندیی چەند لایەنەی وشە و دەستەواژە و نیوە دێڕەکان لەگەڵ یەکتری، بە قەولی (سائیب) کە دەڵێ:

**گل رخسارت از دلسوزی تب آتشین گشته**

**ملاقات لب تبخاله را تنگ شکر کرده**

٥. بازیکردن بە وشە و داتاشینی زاراوە و پێکهاتەی تایبەت، وەکو (بیدل) کە دەڵێ:

**قیامت میکند حسرت، مپرس از طبع ناشادم**

**که من صد دشت مجنون دارم و صد کوه فرهادم**

٦. زیادە ڕۆیی و خەیاڵ بەرزی، وەکو (کەلیم) کە دەڵێ:

**می نهم در زیر پای فکر، کرسی از سپهر**

**تا به کف می آورم یک معنی برجسته را**

یان (سائیب) گوتەنی:

**نزاكت آن قدر دارد كه هنگام خراميدن**

**توان از پشت پايش ديد نقش روى قالى را**

٧. شانازيكردن و سەوداسەرى و خود سەرسامى، لەوێنەى (سائيب) كە دەڵێ:

**چون سرمه از نظرها هرگز گران نگرديم**

**ما در سواد عالم چون شعر انتخابيم**

**ج- سالم و شيعرى سەبكى هيندى:**

بێ گومان پاشخانى ڕۆشنبيرى و مەعريفى سالم و ئاشنايەتى لەگەڵ ئەدەب و شيعر و بەرهەمى مەزن شاعيرانى ئێرانى، ڕێگە خۆشكەر بوون بۆ شارەزابوونى لە سەبك و شێوازەكانى شيعرى فارسى و لەوانەش خاسيەت و بنەما هونەرييەكانى شێوازى هيندى، دووريش نييە كەوا ئەم ئاراستە هونەرييە لەگەڵ بارى دەروونى و زەوق و سەليقەى شاعيرى ئەودا باشتر گونجاو بێت، بۆيە پێڕەوى لەو جۆرە سەبك و شێوازە كردووە و شيعر و بەرهەمەكانى لەژێر ڕۆشنايى ئەو ڕێبازە ئەدەبييەدا هۆنيوەتەوە و كەفوكوڵى دەروون و هزرو بيرەكانى پێ دەربڕيوە (كاكى، ٢٠٠٨: ١٣٥).

لێرەدا دوو مەسەلەى گرينگ دێنە پێشەوە و پێويستە سەرنجيان بۆ ڕابكێشين، يەكيان ئەوەيە كاتێك دەگوترێت كەوا ديارترين بنەماكانى سەبكى هيندى بريتييە لە ناوەڕۆكسازى و واتاى ورد و تازە و خەياڵپەردازى و بيرى قووڵ و جەختكردن لەسەر وێنەى ڕەوانبێژى، پێويستە ئەو ڕاستييە لە بيرنەكەين كەوا ئەم بنەما هونەرييانە بەشێوەيەكى گشتى ڕۆڵيان لە بنياتنانى شيعرى كلاسيكى كورديدا بينيوە بەتايبەتيش بزووتنەوە شيعرييەكەى قوتابخانەى بابان (ميرزا، ٢٠١٣: ٥٨). دووەميش ئەوەيە كەوا سالم نەهاتووە موو بە موو لاسايى خاسيەت و بنەماكانى سەبكى هيندى بكاتەوە وەك چۆن لە شيعرى شاعيرانى بەرجەستەى ئێرانى سەربەو ڕێبازەدا هاتوون. بەڵكو ئەو

لەلایەک پێـــڕەوی لەو بنەمـــا شـــێوازییانەی ئەو ڕێبـــازە کـــردووە کە وەڵامدەرەوەی هەستونەست و باری دەروونی کەسایەتی خۆی بووە، لەلایەکی تریش ئەم بنەما هونەری و دیاردە شێوازییانەی لەگەڵ بنیاتی زمان و ئەدەبی کوردی و هەست و بیری کوردانەی خۆی و ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی سەردەم و کۆمەڵگاکەی گونجاندووە، بۆیە شیعری سەبکی هیندی لەلای سالم بە ئارایشت و بەرگ و پۆشاکێکی کوردانە ڕازێندراوەتەوە و پێشکەش کراوە.

لێرەوە گەشتێک بەشیعر و بەرهەمی شاعیردا دەکەین و لە هەوڵی ئەوەدا دەبین لە چەند لایەنێکەوە ڕەنگدانەوەی خاسیەتەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی سالم بەرچاو بخەین و بۆچوونەکان بەنموونەی شیعری ڕوون بکەینەوە:

- ناوەڕۆکسازی: لەشێوازی هیندیدا بەو مەعنایە دێت کە شاعیر ناوەڕۆکی ورد و بیری پێچاوپێچی ئاڵۆز و ئەندێشەی دوورە دەست بەهۆی ڕاڤە و چواندنی نائاشنا لە تاکە دێڕێکدا بخاتە ڕوو.

**لە زوڵمی چەرخی دوونپەروەر سەخی تەبعانی حاتەم دڵ**
**بەڕاهی کوویی دوونانا لە هەر سوو کاسەگەردانن**

لێرە واتا و مەبەستی شاعیر بەسانایی دەسگیر نابێت. دەبێ سەرە داوەکان بدۆزینەوە و بەشوێنیاندا بڕۆین لە دوایی‌دا بە یەکەوەیان گرێبدەینەوە، شوێنپێی گوزارەکان هەڵدەگرین تا بەمەبەست دەگەین:

لە زوڵمی ⟵ (چەرخی دوونپەروەر) ⟵ (سەخی تەبعانی – حاتەم دڵ) ⟵ (بەڕاهی کوویی دوونانا) ⟵ لەهەر سوو ⟵ (کاسەگەردانن).

شاعیر تەنها بۆ گەیشتن بەحاڵی بەدی (کاسەگەردان)ی بابانەکان، زۆر دوور و پێچاوپێچ ڕۆیشتووە. دواتر سەرنجی ئەم تەعبیرە ناسروشتی و خەیاڵییە بدە: (بەڕاهی کوویی دوونانا)، شتی لەو جۆرە مەگەر تەنها خەیاڵی شاعیرانەی سالم پەی پێبردبێت!.

**بەدەستی کەشمەکەش هەرسوو دڕا بەرگی خودئارایی**
**قەبایی نۆکەر و ئاغا هەموو بێ چاکودامانن**

ئەمجارە دەبێ لە کۆتاییەوە دەستپێبکەین، دەپرسین بۆ (بێ چاکودامان) بوون؟ بۆ وەڵامی پرسیارەکە پێویستە بۆ دواوە بگەڕێینەوە، تا لە فریزی بەرایی لە (بەدەستی کەشمەکەش)دا دەیدۆزینەوە.
لەم دێڕانەشدا نموونەی هەمان پێچ و پەرچ و تەعبیری بێگانە دەبینن:

**– هەوای ماچی لەبت ڕێی بەندەری زوڵفی بەدڵ ون کرد**
**موسافیر بۆ سەیاحەت سوویی چین چوو تووشی ماچین هات**
**دوعام بۆ دەفعی چاوی بەد لە حوسنی تۆ ئەکرد ئەمشەو**
**لەدەم روح الامین تا سوبحدەم ئاوازی ئامین هات**

ئەم گرێ وەسفییانە (ڕێی بەندەری زوڵف) و (ئاوازی ئامین) داهێندراو و نائاشنان.
– نواندن و هاوواتایی: بەهۆی چوواندنی ورد و جوانی بایسی (حسن التعليل) ناوازە لەنێوان (عیللەت و مەعلوول)، شاعیر لەنیوە دێڕی یەکەم کە باس لە دروشم و بابەتێکی ژیری و ناهەستییە (غیر محسوس)، بۆ بابەتێکی هەستی (محسوس) و بەرجەستە دەچێت لەنیوە دێڕی دووەم و بەیەکەوەیان گرێ دەداتەوە. وەک ئەوەی نیوەدێڕی دووەم شەرح و تەفسیرێکی بەرجەستە بێت بۆ بابەتەکەی نیوەدێڕی ئەووەل:

**– چ سوڵحێکە وتم زوڵفت لەگەڵ ڕوو پێکەوەن دایم** (ژیری)
**وتی هەرگیز لە شەودا مەجلیسی من بێ چرا نابێ** (هەستی)
**– جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لە بێچیزی** (ژیری)
**لە ژێر باری غەما هەر یەک لە خەمدا میسلی چەوگانن** (هەستی)

**– ئەبەد قەت سیڕڕی ئەندامت بەتای جامەی کەتان نابێ**

**بەڵێ شەوقی چرا ئەڵبەت لە فانۆسا نیهان نابێ**

**– زەمانە قەت لەگەڵ ئەولادی ئادەم باوەفا نابێ**

**وەکو گوربەی سیەهـ ئەسڵا بە مەردم ئاشنا نابێ**

– دوور ئەندێشی و وردبینی: یەکێکی دیکە لە بنەما هونەرییەکانی سەبکی هیندی گەڕان و وردبینییە بەدوای دۆزینەوەی پەیوەست و هاوبەستەگی تازە و نوێ لەنێوان شتەکاندا لەڕێگەی خەیاڵی بە پێزو بیری ورد و دوور و قووڵ. بابزانین سالم لە وەسفی سوارچاکی و قارەمانێتی (عەزیز بەگی بابان)دا چەند ورد و دوور ڕۆیشتووە:

**– پەناهم شەهسەوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا**

**دەکا زەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتیا پەیدا**

شاعیر بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئازایەتی ئەو شاسوارەی بابان لە سیمایەکی خەیاڵی و بەبیردانەهاتوودا بەرجەستە دەکات، ئەویش بەرکەوتنی نووکی سمی ئەسپەکەیەتی بە خارو بەردی کێوی ئەلبورزا، ئەمە چۆن تەسویر و نواندنێکە!.

**– هەموو ئەشعاری دۆشینم لە وەسفی لێوی نۆشین بوو**

**دەچەسپا لەب بەسەر یەکدا، حیکایەت بەسکە شیرین بوو**

– یاریکردن بە وشە و داتاشینی پێکهاتەی تایبەت: ئەمە سەلیقە و بلیمەتی شاعیر بەدیار دەخات لە هەڵبژاردنی وشەگەلێک کە لە داڕشتندا لە یەکەوە نزیکن بەڵام لەواتادا دوور.

**– خەمی قەددم لە غەمدا شێوەیی ئەبرووتە تا مووتە**

**بەدایم پێچشی خاتر وەکو گیسووتە تا بووتە**

**– زولفی تۆ موو بە موو خەریکی خەمە**

**دڵی من نەوبەنەو غەریقی غەمە**

لەم دێڕانەدا بازیکردن بە وشە و بێژەکان ڕوون و ئاشکران، ئینجا بۆ سازکردنی پێکهاتەی تازە ئەم نموونانە ببینە:

**- چـیهرەیی مـەقسەد هوەیدا بوو لە هەر جا سوبحوار**
**موژدە ئەی (یەعقوبی دڵ) یوسف بە کەنعان هاتەوە**

**- وەک (هەماوەردانی) مەیدان چاو و ڕووی هەروا لەمن**
**بـۆ کـەمینم گـەردشی (ڕوو بـەر قەفا) بوو ئاسمان**

**- نـەنووسراوە لە (مەکتەبخانەیی عیشقا) حرووفی نـا**
**لە جوابت هەر بەڵێ بۆ (سالم)ە گەر ئەمری مردن بێ**

ئەم پێکهاتـــانە (یەعقـــوبی دڵ، هەمـــاوەردان، ڕووبەرقەفـــا، مەکتەبخـانەیی عیشـق) بـاڵا دەسـتیی شـاعیر لە پێکهاتەسـازیدا نیشـان دەدات.

- ئاڵۆزیی واتا و بیری پێچاوپێچ: ئەمەش جۆرێکە لە خەیاڵبازی و بژارەکاری لە واتادا لە ڕێگەی جۆرێک لە تەشبیهات و چواندنی سەخت و ڕەق.

**- بە خۆر خوێن بێنە ئەی گریە لەچاوەی چاوی تاری من**
**حەنا لازم بووە بۆ پێی سەگی کۆیی نیساری من**

**- لەسەر سەبزی چەمەن یاری سەهم قەددم کە جلوەی کرد**
**لە سوجدەی خاڵی لالێوی بنەوشە گەردەنی خەم بوو**

**- لە تەوافی حەرەمی کەعبەیی ئەربابی وەفا**
**وەکو حوجاجی حەبەشە سیلسیلەهای موویی حەبیب**

- غەم و بێزاری لە ژیان و داد و فریاد لەدەست زوڵم و ستەمی دنیـا، ئەمە جۆرێـک لە ڕەشـبینی لە جیهـانبینی شـاعیردا پێکهێنـاوە، کە دەشـێ ڕەنگـدانەوەی بـاری ژیـان و دۆخـی دەروون و دەوروبەری کۆمەڵایەتی سالم بووبێت، کاتێک دەزانین کەوا جەوروستەمی ڕۆم و نەهامەتییەکانی بابانییانی بەچاوی خۆی دیون:

**– دەزانی باغی بەختی ئەهلی دڵ بۆ قەت سەمەر نادا**
**فەلەک هەرگیز موورادی مەردمی ئەهلی هونەر نادا**

**– تەماشای جەوری دنیا کەن چ قەهرێکی لە خوسرەو گرت**
**نە بۆ تاجی نیشانێ ما نە بۆ تەختی نیا پەیدا**

زۆرجار زێدەڕۆیی لە دەربڕینی غەم و پەژارە و ناخۆشی و نەخۆشی، کە ئەمیش لە شێوازی هیندییەوە سەرچاوە دەگرێت، لە شیعری (سالم)دا بە خەستی بەدی دەکرێت و دەبێت بە دیاردە (کاکی، ٢٠٠٨: ١١٣).

**– غەم وەکو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا**
**ئاوی هایل زایە کەشتی کەوتمە حاڵی حەلوەلا**

**– شەتتی میحنەت هات لەسەردا سەددی هۆشی ڕاڕفان**
**بادی غەم لێم بوو بە شەرکێ جیسری شادیم تێکشکا**

– بەهێزیی دەربڕین و نەفەسی توند و پێکهاتەی زمانی و ڕێزمانی نائاشنا لە ڕستە شیعرییەکاندا. شاعیر بۆ ئەوەی سەرنجی بەرانبەری بۆ هەواڵ و خەبەرێکی تایبەت ڕابکێشێت کە ئەو مەبەستییەتی، پەنا بۆ بەزاندنی یاسا و دەستوورەکانی ڕێزمان دەبات (لادانی ڕێزمانی)، لەوێنەی پاش و پێشخستنی کارو بەشەکانی ڕستە، کە هێزو تین و برەو بە ناوەڕۆک دەبەخشێت.

**– بەسەرچێ گەر حەیاتم بێ زەمستانی غەم و هیجران**
**دەکەم ڕۆژێ تەماشای باغ و گوڵزارم وەلی زەحمەت**

**– بە گیسوو چاکە زنجیرم بکا دلبەر لە ڕووی موژگان**
**لە ڕوویا با منی دێوانە بەس ڕوویی دڵ لە خەنجەر کەم**

**– بنێری یاری شیرینم ئەگەر بۆ جانی شیرینم**
**دەرەک بێ جێم لە دۆزەخدا ئەگەر ئانێ تەئەممول کەم**

**– بنووسم چۆن لە هیجرانا بەبادی سیمبەر کاغەز**

**دەکا گوم دووکەڵی ئاهم لەبەر مەددی نەزەر کاغەز**

لەم نموونانەی پێشەوەدا ڕیزبەندی ڕێزمانی کەرەستەکان پچڕێندراون، لە پێناو گەیاندنی واتا و مەبەستی تایبەت، ئینجا بەشێوەیەکی تازە ڕێکخراونەتەوە.

– گیانی حەماسەت و شانازی: گیانی حەماسەت و بیری قارەمانی لە شیعری سەبکی هیندیدا تیشک دەداتەوە، بەجۆرێک کە خواست و ئاواتەکانی مرۆڤ دەورووژێنێ و هاوکاری لە بەرزکردنەوەی ڕوحییەتی بەهێز دەکات (حسینی، ١٣٧٨: ١٢). سالم لە قەسیدە داستانییەکانیدا، بایەخی زۆری بەوێنەی سفت و وەسفی چڕوپڕی جوامێری و ئازایەتی سوارەی بابان داوە، کە نیشانەی عەشقی شاعیرە بۆ ڕیتم و ئاهەنگی حەماسەتئامێز و ورە بەرزی:

**– وەختی حەملەی ڕۆژی مەیدان موددەعی واپێدەکەن**

**دێتە لەغزش پێ و ڕیکاب و سست دەبێ دەستی عینان**

**– ڕەنگی سەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای پیرمە سوور**

**گرمە گرمی تۆپی ڕۆمی هەو هەوی سوارەی بەبان**

**– ئەگەر ئاوی بەقای نۆشیبێ دوشمن، فائیدەی نادا**

**لە مەوجی جەوهەری تیغی حورووفی لابەقا پەیدا**

دیارە داستانە کۆنەکانی قارەمانی و سوارچاکی، لە نموونەی چیرۆک و داستانەکانی (شانامەی فیردەوسی) و پاڵەوانەکانی وەکو (رۆستەم، سام و نەریمان، ئەفراسیاو، پووری دەستان، کەیخوسرەو، ڕوویین تەن، پیل ئەفگەن، سیاوەش...) هەمیشە وێردی سەر زارو زمان و ناو دێڕە شیعرەکانی سالم بوون.

– وشە و زاراوەی کلیلی: زۆرجار کۆمەڵێ وشە و زاراوە هەن شاعیران خواستە و ناخواستە دەپەرژێنە سەریان و لەزۆربەی شیعرەکانیاندا شوێن دەگرن و چەندبارە دەبنەوە. تا ئەوەی دەبن

بەدیاردەیەکی شێوازی و شیعری زۆر لە شاعیران لە ڕێگەی ئەم وشە و زاراوە کلیلییانەوە دەناسرێنەوە (چالی، ٢٠٠٨: ١٢٦). بە نموونە شاعیرێکی وەکو حافز وشەی (رند) دیوانەکەی داگرتووە، لە شیعری (مەلای جزیری)دا وشەی (چیچەک: چۆلەکە) هەمیشە لە گوڵزاری شیعرەکانیدا دەخوێنیت. لای شاعیرانی سەبکی هیندی وشەیەکی وەکو (بسکە) یاخود (از بسکە) کە وشەیەکی چەندێتی ڕێزمانییە و لە فارسیدا بەواتای (زۆر، ئەمەندە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ..) دێت ئامادەیییەکی بەرچاوی هەیە، وەکو ئاماژەیەک بۆ زیادەڕۆیی و پێ لێهەڵبڕین، وەک لەم نموونانەدا دیارە:

**- خام گویان بسکە می سازند معنیها شهید**

**شد زمین شعر آخر، چون زمین کربلا**

(غنی)

**- زمانە بسکە مرا خاکساری مردم کرد**

**بە آب دیدەء من می توان تیمم کرد**

(میر الهی)

**- فرشتە راه نیابد بر زمین آید**

**بە چرخ بسکە دعاهای مستجاب رود**

(کلیم)

**- بسکە چون جوهر آیینە تماشا نظریم**

**می چکد خون تحیر ز رگ و ریشەء ما**

(بیدل)

چاوگێڕانێک بە شیعرەکانی سالم ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم تەعبیرە (بەسکە و ئەزبەسکە) لە زۆر جێگا و دێڕە شیعرەکانیدا هاتووە و چەندبارە بۆتەوە تەنانەت تەنیا لە قەسیدەی (لە ئەحواڵی پەرێشانی بابانەکان)دا چوار کەڕەت ئەم وشەیە پاتە بۆتەوە:

**جەوانانی سەهی قەد بەسکە داماون لە بێچیزی**

**لەژێر باری غەما هەریەک لە خەمدا میسلی چەوگانن**

**گەهێ (قلب الاسد) ئەز بەسکە بێ سایەن لە وادیدا**
**وەکو مەجنوونی سەحرایی لەبن خـــاری موغەیــلانن**
**کزەو دوودی کەباب دەردێ لە مەتبەخهای بێ دوودا**
**بەیادی قووتی شامی شــەو جگەرها بەسکە بوریــانن**
**لە جەوری چەرخی گەردوون بەسکە حەیرانن بەناچاری**
**بەلەب خــەندان و شادانن بە دڵ غەمگیــن و گریانـن**

ئینجـا لە زۆر دێـڕی شـیعر و غەزەلەکـانی شـاعیردا ئەم وشـەیە بەدی دەکرێـت و تـا ئەوەی بـۆتە وشــەیەکی کلیلـی و شـیعری پـێ دەناسرێتەوە.

- ڕەدیف و پاش قافیە و شانازیکردن بەدەسەڵاتی شیعری:

ڕەدیف و پاش قافیە لە شیعری شاعیرانی فارسی زمـانی سـەبکی هینـدی دیاردەیەکی بەرچـاوە، دیـوانە گەورەکەی (سـائیب) ئەم ڕاستییە دەسـەلمێنێت. لای سـالم مەسـەلەی پـاش سـەروا و ڕەدیـف وەکـو هـونەرێکی شـیعری زۆر بەدی دەکرێـت. تەنـانەت تەنهـا لەو پـارچە شــیعرانەی کە لە دیوانەکەیــدا لە بەشـــی دەنگەســـەروای (واو)دا تۆمـارکراون، کە سـەرجەمیان (٤٧) پـارچەیە، (١١) غەزەلیـان بە پـاش سەروای (ئەمشەو) کۆتایی هاتووە، کە ئەمە چەند نموونەیەکێتی:

**- لە مەهتابا کە دڵ دیی ئەگریجەی وەک عەقرەبت ئەمشەو**
**گوریزی دا لە عەقرەب، کەوتە چاهی غەبغەبت ئەمشەو**
**- بە تەنگە دڵ لە سینەمدا وەکو مورغــی قەفەس ئەمشــەو**
**بەجان شیوەن دەکەم یاران لە هیجرانا هەوەس ئەمشەو**
**- هەمیسـان ڕوح لە تەن بێزارە ئەمشـــەو**
**لــە دڵما بــاز خــەیاڵی یــارە ئەمشــەو**

هەروەهــا شــانازیکردن بەخـۆ و بەدەســەڵاتی شـیعری لایەنێکـی دیکەی شیعری سالمە کە لە سەبکی هیندی بەهـرە وەردەگرێت، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو بارەوە:

**– لە دڵما ڕاستەی سەر مەشقی فیکرم بوو قەدت، بۆیێ**
**هەموو شیعرم کە مەوزوونتر لە باڵای نازەنینان بوو**

**– نووکی قەڵەمم تیژە وەک نووکی درەوشی تۆ**
**سووهان زەدەیە فیکرم وەک گازنی بوڕڕانت**

**– ڕەنگینە هەموو شیعرم وەک نەقشی تەکەڵتووی زین**
**مەزموونکەشە فیکرم وەک قولاپی درووومانت**

دیارە گەڕان و پشکنین و وردبوونەوە لە شیعری سالم زۆر گۆشە و لایەنی دیکەی لەم بابەتەمان بۆ ئاشکرا دەکات، لەپێناوی ئەوەی باسەکەمان چوارچێوەی گونجاو و ئاسایی تێنەپەڕێنێت بەم چەند تێبینی و ڕوونکردنەوە شیعرییانە واز دەهێنین.

## ئەنجام

١.دانوســتاندن و ئــاوێتەبوونی کلتــووری، لە کــۆن و لە ئێســتادا لەنێــوان گەلانــی ڕۆژهەڵات لە نمــوونەی (کــورد و عەرەب و فــارس و تــورک)دا شــتێکی بەرچــاو و ئاســاییە، بەم پێــیە زمــان و ئەدەب و فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و تورکی ڕەنگدانەوەی لە سامانی شیعری کلاسیکی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی تا ئەندازەیەکی زۆر هەبووە.

٢.لە سۆنگەی کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی زمـان و ئەدەب و کلتـوور و فەرهەنگی فارسـی بۆتە سـەرچاوەیەک لە پـایەداربوونی بـزووتنەوەی شـیعری کـوردی ناوەڕاسـت (قوتابخـانەی بابــان) و، شــاعیرانی پێشــەنگی ئەم بــزووتنەوەیە لەم ســەرچاوەیە سوودمەند بوون و ئەمەش لە دیوان و شیعر و بەرهەمەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.

٣.سـالمی سـاحێبقڕان، بەشـێوەیەکی تـایبەت پەروەردەی زمـان و ئەدەب و فەرهەنگی مەزن شاعیرانی فارسـی زمان بووە، کە بەخەستی لە زمان و شێواز و فەرهەنگە شیعرییەکەی ڕەنگی داوەتەوە.

٤.ســالم شــارەزا و ئاشــنای شــێوازەکانی شــیعری فارســی و بەتـایبەتیش شـێوازی شیعری سـەبکی هینـدی بـووە، بنەمـا هـونەری و ئەدەبییەکـانی ئەم جـۆرە شـێوازە، بەهـۆی کـۆمەڵێ هۆکـاری خـودی و بابەتی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن.

* ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی ٢٠١٥دا ئامادەکراوەو لە (کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد و فەرهەنگ و ئەدەبی ئێرانی و ئیسلامی)، کە لە ڕۆژانی ٧–٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ لە (دانشگای کوردستان — سنە) بەڕێوەچوو، پێشکەشکراوە.

** دیوانەکە لە ئێستادا چاپکراوە

**لیستی سەرچاوەکان:**


- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٨، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپەمەنی خاک، سلێمانی.
- بوملحم، علي، ١٩٦٨، في الاسلوب الادبي ، المكتبة العصرية، بيروت.
- چالی، شەعبان، ٢٠٠٨، شێوازی شیعری جزیری ، دەزگەها سپیرێز ، دهۆک.
- حسینی، حسن، ١٣٨٧، بیدل و سپهری و سبک هندی ، سروش، تهران.
- خاڵ، شێخ محمد، ١٩٤٦، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
- خەزنەدار (د.)، مارف، ٢٠٠٣، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- رضایی، عربعلی، ١٣٨٢، واژگان توصیفی، ادبیات، انگلیسی– فارسی، فرهنگ معاصر، تهران.
- (١) کاکی، حەمەنوری عومەر، ٢٠٠٨، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- (٢) کاکی، حەمەنوری عومەر، ٢٠١٢، شێوازی شیعری نوێی کوردی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- سەجادی، علاءالدین، (١٩٧١) مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- (١) شمیسا (دکتر)، سیروس، ١٣٨٣، سبک شناسی شعر، ویرایش دوم، نشر میترا، تهران.
- (٢) شمیسا (دکتر)، سیروس، ١٣٨٤، کلیات سبک شناسی، ویرایش دوم، نشر میترا، تهران.
- عەلی، پەخشان، ٢٠٠٩، شێوازی شیعری گۆران ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- موتابچی (د.) ئەمین عەلی، ١٩٧٢، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، ژمارە (١٦)، بەغدا.
- میرزا (د.)، ئاڤان عەلی، ٢٠١٣، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- مودەریس، مەلا عەبدولکەریم، ٢٠١٥، دیوانی سالم، ((ڕەشنووسی بڵاونەکراوە).
- میر صادقی (ذوالقدر)، میمنت، ١٣٧٣، واژەنامە هنر شاعری، کتاب مهناز، تهران.
- هۆراس، ١٩٧٩، هونەری شیعر، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز، بەغدا.

# هونەری مولەمەع لە شیعری سالمدا[1]

### تەوەری یەکەم:

**أ_ وشە و چەمك و زاراوە:**

لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا (تەلمیع) بە واتای نەخشاندن و ڕازاندنەوە هاتووە، (مولەمەع) بەو ولاغە گوتراوە کەوا پەڵەپەڵەی ڕەنگی جیاواز لە ڕەنگی بنەڕەتیی خۆی لە لەشیدا هەبێت و شێوەیەکی نەخش و درەوشانەوەی پێ ببەخشێت (ابن منظور، ٢٠٠٨، ج٣، ٢٣٤). لە ڕووی زاراوەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا (عەرەبی و فارسی) یاخود (فارسی و عەرەبی) لە هۆنراو (نظم)دا تێکەڵاو بکرێت، وەك ئەوەی نیوە دێڕێکی فارسی و نیوە دێڕێکی عەرەبی یا بە پێچەوانە، یاخود دێڕێك یا چەند دێڕێك لەم و چەند دێڕێك لەوی تریان پێکەوە لە پارچەیەکدا بهۆندرێتەوە.

دیارە ئەم جۆرە لە ناساندن و پێناسی (مولەمەع)ە لەمەڕ سەرچاوە فارسییەکانەوەیە کەوا تەنیا حیسابیان بۆ هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی کردووە. (همایی، ١٣٧٧، ١٤٦). لەم بوارەدا د. خەزنەدار ڕەخنە لەم پێناسەی سەرچاوە فارسییەکان دەگرێت و دەڵێت: ئەمان تەنیا بە پێوەر و پێوانەی فارسییەوە بۆ مەسەلەکە چوون. (خەزنەدار، ١٩٨٤، ٢١٦).

گومان لەوەدا نییە کە ئەم هونەرە شیعرییە لە بنەڕەتدا لە شیعری عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووە و شاعیرانی عەرەبیی فارسیزان لەو بوارەدا دەستپێشخەر بوون. لە دوای ئەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەدەبی فارسی و لەسەر دەستی شاعیرانی فارسیی عەرەبیزان پەرەی سەندووە و بڵاو بووەتەوە. بۆیە لە سەرەتادا شیعری مولەمەع هەر تەنیا لە سنووری هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدا ماوەتەوە و بە شیعری (ذو لسانين) ناسراوە، لە دواتردا ئەم هونەرە

---

[1] ئەم باسە لە سێیەمین کۆنفرانسی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی پێشکەش کراوە، کەوا لەنێوان زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر و دانشگای الزهرای کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ڕۆژانی ٢٠_١٠/٢٢/ ٢٠١٩ لە هەولێر بەڕێوەچوو.

دەپەڕێتەوە بۆ ناو شیعری تورکی  و کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات  و هەر تەنیا لە سنووری زمانەکانی عەرەبی و فارسیدا نامێنێتەوە. بەم پێیە پێناسەیەکی تازە وەردەگرێت و دەبێت بەو پارچە شیعرەی کە بە زیاتر لە زمانێك هۆنرابێتەوە بە مەرجێك تەواوی شیعرەکە هیی خودی شاعیرەکە خۆی بێت، بەڵام ئەگەر بێت و دێر و نیوە بیانییەکان هیی شاعیرێکی دیکە بن ئەوا ئەوکات ئێمە لە بەرانبەر دوو هونەری شیعریدا دەوەستین، یەکیان هونەری تێهەڵکێش (تضمين) و ئەوەکەی تریان هونەری (تەلمیع)، پارچەکەش دەبێت بە مولەمەعی تێهەڵکێش. (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٦٨).

لە ئەدەبی عەرەبیدا باس لە جۆرێکی دیکە لە هونەری شیعر دەکرێت بەناوی (الملمعە). ئەویش ئەوەیە کەوا نیوە دێرێکی بەیتەکە (یەك میصراع) خاڵدار بێت و نیوە دێرەکەی تر بێ خاڵ. ئەوەش جۆرێکە لە کارسازی و نەخشاندن و زیاتر لە شیعری (مەقامات)دا باو بووە، وەکو ئەم بەندە لە مەقاماتی (مجمع البحرين)، کە هیی شاعیری ناوداری عەرەب (شیخ ناصیف اليازيجي/١٨٠٠_١٨٦٩م)یە:

أسمرُ كالرمحِ لهُ عاملٌ          يغضي فيقضي نخبُ شيقٌ
مسكُ لماهُ عاطرٌ ساطعٌ          في جنة تشفي شّجِ ينشــقُ

ئەم هونەرە بە (الرقطاء) و (الخيفاء)یش ناو دەبرێت. (عاصی و یعقوب، م٢، ١١٩٦).

**ب_ مولەمەع وەکو هونەرێکی شیعری:**

هۆنینەوەی ئەم جۆرە شیعرە، واتە هونەری (تەلمیع) هەر لە سەرەتاوە وەکو بەشێك لە سیفەتی جوانکاری حیسابی بۆ کراوە، بە تایبەت ئەو بەشە لە جوانکاریی شیعری  کەوا بە (سنعەتی بێژەیی) دەناسرێت. ئەم جۆرە سنعەتە دەپەڕژێتە سەر ڕازاندنەوەی وشە و ڕستە و دیوی دەرەوەی زمان، (واتە ڕوخساری زمان) و جۆرێك لە ئارایشت و سیما و ڕوخسارێکی جوان و ڕازاوە بە ئاخاوتن دەبەخشێت. لێرەوە ئەو سنعەتانەی کەوا پەیوەندییان بە ڕوخساری زمانەوە هەیە، لە نێویشیاندا (ڕازاندنەوەی بێژەیی_ وشە و ڕستە) وەکو ئامرازی بەرهەمهێنانی هۆنراو (نظم) دەژمێردرێن، واتە جوانکاریی هۆنراون. لە کاتێکدا ئەو

سنعەتانەی کە پەیوەندییان بە ناوەرۆك و نـاواخنی زمانـەوە هەیـە، (ڕازاندنـەوەی واتـایی)، واتـە (جوانکـاری شـیعری) پێکـدەهێنن و وەکـو ئـامرازی بەرهـەمهێنانی شیعری سەیر دەکرێن. (صفوی، ب١، ٢٠١٨، ٢١٠). بەم پێیە هونەری مولەمەع دەچێتە خانەی جوانکاریی هۆنراو و ڕازاندنەوەی دیوی دەرەوەی دەقی شیعری.

ئینجا لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کەوا ئایا بۆچی شاعیران زۆر جار پەنا بۆ داهێنان و هۆنینەوەی شیعری مولەمەعات دەبەن؟ دەتوانین بڵێین کەوا سەرسامی و کاریگەربوونی شاعیران لەناو یەکتریدا شتێکی ئاساییە، چ جای سەر بە یەك زمان و نەتەوە بووبن یاخود زمان و نەتەوەی جیاواز، کەواتە هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی لاساییکردنەوە و کاریگەربوون، دووەم شت ڕادەی باڵادەستی و هونەر و دەسەڵاتی شاعیر نیشان دەدات بە زمانی جیاواز و لە ئاست شاعیرانی مەزن و ناودارادا، لەو لاشەوە ئاستی داهێنان و هونەرمەندیی شاعیر نیشان دەدات، ئاخۆ تا چ ڕادەیەك لە توانایدا هەیە و دەتوانێت لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو بدات و سەرکەوتوو بێت.

## تەوەری دووەم:

### أ_ هونەری مولەمەع لە شیعری عەرەبی و فارسیدا:

هیچ گومان لەوەدا نییە کەوا مولەمەع وەکو هونەر و سنعەتێکی ئەدەبی سەرەتا لای شاعیرانی عەرەب دەرکەوتووە. واتە لە شیعری عەرەبیدا چەکەرەی کردووە. بە تایبەتی لە شیعری سەردەمی عەباسییەکاندا، کەوا ئەدەب و ڕۆشنبیریی عەرەبی بە شێوەیەکی فراوان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمان و کلتوور و ئەدەبی فارسییەوە. (ضیف، ٢٠١٣، ٩٤). بە گوێرەی بیروڕاکانی هومایی لە کتێبە ناوادارەکەیدا (فنون بلاغت و صناعات ادبی)، هونەری مولەمەعوێژی لە ئەدەبی فارسیدا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی و یەکێك لە مولەمەعوێژانی مەزنی ئەو سەردەمە، شاعیر و دانای ناوداری ئێرانی (ئەبولحەسەن شەهیدی کوڕی حوسێنی بەڵخی) یە، کەوا هاوسەردەمی (ڕوودەکی/ لە ٣٢٩ی کۆچیدا مردووە) بووە و لە ساڵی (٣٢٥ی کۆچی) کۆچی دوایی کردووە. ئینجا لە دوای ئەوەوە شاعیرانی فارسی عەرەبیزان شیعری مولەمەعاتی زۆریان هۆنیوەتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بووە کەوا شاعیرانی عەرەبی فارسیزان، زۆر زووتر لەمان دەستیان دابوویە هۆنینەوەی شیعری مولەمەعات (همایی، ١٣٧٧، ١٤٦).

شیعری مولەمەعات لە ئەدەبی فارسیدا لە کۆنەوە بووە بە دیاردە و دیوانی شیعر و بەرهەمی مەزن شاعیرانی ناوداری ئێرانی لە وێنەی، (حافز و سەعدی و جامی و مەولەوی و ڕازی و کەلیم و صائب و...) بە پارچەی مولەمەعاتی بەرز و پاراو ڕازاونەتەوە، جا چ لە فۆرمی غەزەل یان قەسیدە، یان تەرجیع بەند و موسەممەتدا بێت. (قندیل، ١٩٧٥، ٢٧٣). هەروەها لە ئەدەبی فارسیدا جۆرێك لە مولەمەعات هەیە کە بە (سێگۆشەی شیعری_ مثلثات) ناو دەبرێت، کە پارچەیەکە لە کۆمەڵێك بەندی سێ بەیتی پێکدێت، بەیتێکی بە زمانێك و دوو بەیتەکەی تر یەکێکیان بە فارسی و ئەوەی دیکە بە شێوە زمانێکی ناوچەیی دەبێت. ناودارترین وێنەی لەم بابەتە سێگۆشە شیعرییەکانی (سەعدی شیرازی/ ٦٠٦_٦٩١ی کۆچی)ن کە دێری یەکەمی هەر بەندێکی بە زمانی عەرەبی و دێری

دووەمی بە فارسی و دێری سێیەمی بە شێوە زمانی ناوچەیی شیرازییە، وەك ئەم نموونەی لای خوارەوە:

**إن إستحسنت هذا القول بعدى    قل اللهم نور قبر سعدى**

**چه باشد گر ز رحمت پارسایی    کند در کار درویشی دعائی**

**که خیرت باد از این معنی کت اشنفت    بگی رحمت و سعدی باکش این کفت**

(میر صادقی، ١٣٧٣، ٢٢٩)

**ب_ هونەری مولەمەع لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:**

مولەمەع وەکو سنعەت و هونەرێکی شیعری، لەپاڵ هونەرەکانی دیکەی شیعری کلاسیکیدا، لە ڕێگەی شیعری فارسییەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی و بۆ ئەم مەبەستەش زمانەکانی تر، لە وێنەی عەرەبی، فارسی، تورکی بەکاردەهێندرێت. شاعیری کورد بە مەبەستی نواندنی توانا و هونەر و دەسەڵاتی شیعری لە هەوڵی ئەوەدا بووە، هەندێك دێر یاخود نیوە دێر بە زمانێکی تر، یا دوو زمانی تر و یان زیاتر لەپاڵ زمانە خۆماڵییەکەدا، تێچینی تێکستە شیعرییەکەی خۆی بکات، بە جۆرێك کە هەموو ڕستە شیعرییەکان بە هەموو زمانەکان لە ڕووی کێش و سەروا و واتا و دەلالەتەوە لە تەك یەکتریدا تەبا و ڕێك و گونجاوبن. (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦٨). لە بەرانبەر ئەمەشدا لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا، لە زۆر شوێن ڕستەی شیعری بە زمانی بێگانە، بە تایبەتیش بە زمانی عەرەبی لە دوو توێی تێکستەکاندا دەبیندرێت، کەوا بریتین لە ئایەتی قورئان، یا حەدیسی پێغەمبەر، یا وتە و پەند و ئیدیەمێك...هتد، بەڵام ئەمانە ناچنە نێو خانەی بابەتی مولەمەعەوە، بەڵکو هونەرێکی دیکەی شیعرییە و بە ناوی (تێهەڵکێش_ تضمین) دەناسرێت. بۆ نموونە لە هەندێك بەندی چیرۆکە شیعرییەکانی (فەقێ تەیران/١٥٤٩_ ١٦٣١ز)دا لەتە دێری عەرەبی بەدی دەکرێن کەوا نموونەی هونەری تێهەڵکێش دەنوێنن:

**گەلەك سۆتم کرم کەباب**
**کریە ب من سەد ڕەنگ خراب**
**(یا لیتنی کنت تراب)**
**وێران ئەزم، مالم خراب**

***

(یــا لیتنـــی کنـــت فخـــور)
وەی نازکـــا مـــن تـــە ژ دوور
بـێ هـش کـرم خـاڵێ دهـوور
وێران ئـەزم، مالـــم خـــراب

(دێرەشی، ٢٠٠٥، ٢٣١)

هەروەها پێچەوانەی ڕای هەندێك لە نووسەرانی کورد تێچێنکردنی ئایەتی قورئانی و حەدیسی پێغەمبەر (د.خ)، وەك ئەوەی لە شیعری (حاجی قادری کۆیی/١٨١٥_١٨٩٧ز)دا هاتووە، دەچێتە خانەی تێهەڵکیشەوە و نەوەکو مولەمەع:

بۆچـی فەرموویـەتی نـەبیی ئـەمین
(اطلبـــوا العلـــم ولـــو بالصـــین)
نێر و مێ لەو حەدیسـە فـەرقی نییـە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینـی نییــە

(عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٧٢)

ئەگەر بمانەوێت بە قەڵەمی درشت ئاوڕێك لە هونەری مولەمەع لای شاعیرانی کلاسیکی کورد بدەینەوە، ئەوا دەبینین:

_ (شێخی جزیری/ ١٥٦٧_١٦٤٠ز) وەکو چۆن دەستپێشـخەر و سـەرامەدە لە زۆرێك لـە هونـەرەکانی شیعری کلاسیکی کوردیـدا، ئـەوا لـە بابـەتی هونـەری مولەمەعیش هەر وایە و لـە دیوانەکەیـدا کۆمـەڵێك شیعری مولەمـەعاتی کـوردی_ فارسـی و کـوردی_عـەرەبی بەرچـاو دەکـەوێت. جـا یـا ئـەوەتا مولەمـەعاتی داهێندراوی خۆیەتی، یاخود شیعری مولەمـەعاتی تێهەڵکێشـن،. واتـە دێـر و نیـوە دێری زمانەکانی تر هیی شاعیرانی دیکەن.

_ لای (خـانی/ ١٦٥١_١٧٣٧ز) شـیعری مولەمـەعاتی کـوردی_فارسـی، کـوردی_ عـەرەبی، تەنانـەت پارچـە شـیعرێکی چـوارینەبەندی بـە چـوار زمـان: عەرەبی، فارسی، تورکی، کوردی هۆنیوەتەوە.

_ لای نالی چەند پارچە شیعری مولەمەعاتی_ عەرەبی دەبیندرێت.

_ مستەفا بەگی کوردی زمانەکانی فارسـی و عـەرەبی و تـورکی لـە شـیعرە مولەمەعەکانیدا بەکارهێناوە. هەروەها شـێخ ڕەزای تاڵـەبانیش بـە هـەمان شـێوە

فارسی و عەرەبی و تورکی لە تەک زمانی کوردیدا بەکارهێناوە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦٩).

شاعیری ماوەی باسەکەی ئێمەش، واتە (سالمی ساحێبقڕان/١٨٠٥_١٨٦٩ز) وەکو لە دوایی باسی لێوە دەکرێت، لە بواری شیعری مولەمەعدا، بە تایبەتی شیعری مولەمەعاتی کوردی_فارسی شاعیری یەکەمینە و لە دیوانەکەیدا زۆرترین پارچەی شیعری مولەمەع بەرچاو دەکەوێت.

ئەم هونەرە لە ئەدەبی کوردیدا لە دوای شاعیرانی کلاسیکی پێشەنگیش، هەر بەردەوامی هەبووە و هاتووەتە ناو شیعری نوێی کوردیشەوە. بۆ نموونە ئەم هونەرە لای (شێخ نوری شێخ سالح ١٨٩٦_ ١٩٥٨ز)، (بێکەس/ ١٩٠٥_ ١٩٤٨ز) تەنانەت لای (دڵدار/ ١٩٠٨_١٩٤٨ز)ی شاعیریش بەدی دەکرێت. بەم جۆرە لە لامان ئاشکرا دەبێت، کەوا لە شیعری کوردیدا، مولەمەعاتی دوو زمانەی (کوردی_ فارسی) یاخود (کوردی_ عەرەبی)، ئینجا شیعری مولەمەعاتی سێ زمانە (کوردی_ فارسی_ عەرەبی)، هەروەها چوار زمانەی (کوردی_ فارسی_ عەرەبی_ تورکی) بەدی دەکرێت لە وێنەی ئەم نموونە شیعرییانەی لای خوارەوە:

_ کوردی– فارسی:

**دڤێ طاقێ دڤێ خانێ مە عەیش و ئێمنی کانێ**
**کەسێ دەست دت ژ دەورانێ نهالەك ڤێ گولستانێ**
**(در آغوشش چەمی آرد کە از دل جانش بسپارد**
**جرس فریاد می دارد کە بربندید محملها)**

(دۆسکی، ٢٠١١، ٢٨)

_ کوردی– عەرەبی، مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

**حۆریی باغی جینانی یا گوڵی باغی ئیرەم**
**(ام نجوم العرش ام شمس علی فوق العلم)**
**سەرکەشی ئێلی گەلآلی شۆخی بابان و عیراق**
**(نور ابصار العرب ظل الرؤساء العجم)**

(کوردی، ١٩٧٣، ٣٨)

_ كوردی – عەرەبی– فارسی، جزیری دەڵێت:

**فێرس و رمباز گهان یەك ب تیر**
**(احمد فى البين قتيل الرماح)**
**(بوسه زنان هر كه بر آن آسنا)**
**(فكن من جبهته لا براح)**
**حوسنێ تە دایا نە مەلا هەر كێ دی**
**(صح له انك عين الفصاح)**

(دۆسكی، ٢٠١١، ١١٥)

_ كوردی عەرەبی – فارسی – توركی، ئەحمەدی خانی دەڵێت:

**(فات عمرى في هواك يا حبيبى كل حال)**
**(آه و نالم همدمم شد در فراقت ماه و سال)**
**(گر بنم قانم ديلرسن حوق دن اولمشتر حلال)**
**مەست و سەرخۆشم ژ عەشقێ من نەما عەقل و كەمال**

(الدوسكي، ٢٠٠٥، ٢٢٠)

## تەوەری سێیەم:

### هونەری مولەمەع لە شیعری سالمی ساحێبقڕاندا:

لە دوای حەزرەتی (نالی/ ١٨٠٠_ ١٨٧٦ ز)، سالمی ساحێبقڕان دووەمین مەزن شاعیری سەر بە قوتابخانەی شیعری کوردیی ناوەڕاست (بابان) بووە. بە هۆی پاشخانە ئایینی و کۆمەلایەتی و ڕووناکبیرییەکەی، (کە لە شوێنی دیکەدا هەلوەستەمان لەسەر کردووە و تاوتوێمان کردووە. زۆر بە خەستی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمان و ئەدەبیاتی فارسییەوە، تانوپۆی ئەم جێکەوتە و کاریگەربوونەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا بەدیار دەکەوێت، جا چ لە ڕووی زۆر بەکاربردنی وشە و زاراوەی فارسییەوە بێت، یاخود کاریگەربوون و ئاوڕدانەوە لە شیعر و بەرهەمی شاعیرانی فارس بێت و یاخود شوێن پێ هەلگرتنیان لە شێواز و داڕشتنی شیعری و تێهەلکێش و مولەمەعاتەوە بێت، تا دەگاتە وەرگرتنی واتا و دەلالەتی دێر و نیوە دێری شیعری ئەو شاعیرانە و تێئاخنینی لە شیعر و بەرهەمی خۆیدا لەپاڵ سوود وەرگرتن لە تێمە و وێنە و بیرۆکەی قارەمانان و داستانە دێرینەکانی ئەدەبی فارسی لە نموونەی (شانامە)دا. (تۆفیق، ٢٠١٣، ٥٤)

تارمایی و سایە و سێبەری ئەدەبی فارسی و بە تایبەتیش شیعر و بەرهەمی مەزن شاعیرانی ئێرانی لە وێنەی: (سەعدی، حافز، جامی، کەلیم، سائیب...هتد) بەسەر شیعر و بەرهەمی سالم لە دوو لایەنەوە خۆی دەنوێنێت: یەکەمیان ئەوەیە سالم زۆر بە ڕوونی پێڕەوی لە سەبك و هۆنینەوە و داڕشتن و دەورە و سەبکە شیعرییە ناسراوەکانی فارسی کردووە و هەموو تایبەتمەندییە هونەرییەکانی ئەم شێوازانە، بە تایبەتیش شێوازی سەبکی هیندی و عێراقی لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە (کاکی، ٢٠٠٨، ١٣٥). دیاردەی دووەم و بەرچاو لەم ڕووەوە، ڕادە و زۆری شیعرە مولەمەعەکانییەتی لە دیوانەکەیدا، کەوا هەر هەموویان شیعری مولەمەعاتی کوردی– فارسین و لە شێوەی مولەمەعاتی تێهەلکێش لەسەر شیعری شاعیرانی سەرمەشقی سالم خۆی لە وێنەی: سەعدی و حافز و جامی هۆنراونەتەوە، بەم پێیە ئەگەر بمانەوێت بە وردی تیشك بخەینە سەر ئەم لایەنە ئەوا پێویستە پەنا بۆ ئەم داتا و ئامارانە بەرین:

١_ له دیوانی شیعری سالمدا (٢٦) پارچەی شیعری مولەمەعی کوردی- فارسی هاتووە، بەمە سالم دەبێتە یەکەمین شاعیری کورد، کە بەم ئەندازەیە شیعری مولەمەعات لە دیوانەکەیدا هەبێت.

٢_ لەمانەدا (٢٣) یان، پارچەی شیعری مولەمەعاتی غەزەلن لە (١٩٨) دێردا، لە تەك (٣) دانەی پارچەی مولەمەعی پێنج خشتەکی لە (٧٥) نیوە دێردا.

٣_ لە کۆی شیعرە مولەمەعاتەکانی سالم، (٣) پارچەیان مولەمەعاتی داهێنراون، واتە تەواوی تێکستەکان بە دێر و نیوە دێرە کوردی و فارسییەکانەوە، لە دانان و هۆنینەوە سالم خۆیەتی لە (٢٧) دێری هۆنراوەدان، لە بەرانبەردا (٢٣) پارچەیان شیعری مولەمەعاتی تێهەڵکێشن، کوردی- فارسی و لەسەر شیعری شاعیرانی دیکەدا دامەزراون، وەکو شیعری مولەمەعی تێهەڵکیش لەسەر شیعری سەعدی/ ٤ پارچە، شیعری مولەمەعی تێهەڵکێش لەسەر شیعری جامی/ ١ پارچە، شیعری مولەمەعی تێهەڵکێش لەسەر شیعری مەولانا خالیدی شارەزووری/ ١ پارچە، شیعری مولەمەعی تێهەڵکێش لەسەر شیعری شەوکەت/ ١ پارچە.

٤_ سالم دوو پارچەی شیعری مولەمەعی تێهەڵکێشی لە شێوەی بەندی پێنج خشتەکی لەسەر شیعری حافز هۆنیوەتەوە، کە یەکەمیان لە (٣) بەند و دووەمیان لە (٦) بەندی پێنج خشتەکی لەسەر شیعرێکی مەولانا خالیدی شارەزووری هۆنیوەتەوە کەوا لە (٦) بەند پێکهاتووە. بەندی پێنج خشتەکی لە (٥) نیوە دێری پێکدێت، کە (٣) نیوە دێری یەکەمیان کوردین هیی سالم خۆیەتی، (٢) نیوە دێرەکەی تر فارسین، هیی شاعیری دووەمن، کە سالم شیعرە مولەمەعە پێنج خشتەکییە تێهەڵکێشەکەی خۆی لەسەر دامەزراندووە.

**تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعری مولەمەعاتی سالم:**

أ_ هەموو شیعری مولەمەعاتی سالم دوو زمانەن و تەنیا کوردی و فارسین، لە بەرانبەردا زمانەکانی دیکەی لە وێنەی عەرەبی و تورکی، لە شیعری سالمدا تەنیا لەسەر ئاستی وشە و زاراوە و دەستەواژە بەدی دەکرێن.

ب_ هەموو پارچە شیعرە مولەمەعەکانی سالم، تەنیا یەك دانەیان نەبێت، بە نیوە دێری کوردی دەست پێدەکەن، ئینجا نیوە دێرە فارسییەکانیان بەدوادا دێت.

ج_ شیعرە مولەمەعەکانی سالم، بە گشتی لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە پارچەی غەزەلن و لەنێوان (٦ بۆ ١٣) دێردا دەخولێنەوە.

د_ لەو نێوەدا (٣) پارچەی شیعری مولەمەعی پێنج خشتەکی بەدی دەکرێن، کە ئەمانیش لە مەبەست و ناوەڕۆکدا لە بابەتی غەزەلن، تەنیا لە ڕووی قالبی شیعرییەوە جیاوازن.

هـ_ شیعرە مولەمەعەکانی لە ڕووی کێشی شیعرییەوە بەم جۆرە دابەش بوون:

_ ١٢ پارچەیان لەسەر کێشی هەزەج و قالبە کێشەکانی هۆنراونەتەوە.

_ ٨ پارچەیان لەسەر کێشی ڕەمەل و قالبە کێشەکانی دامەزراون.

_ ٤ پارچەیان لەسەر کێشی موزاریع و قالبە کێشەکانیدان.

_ ٢ پارچەیان لەسەر کێشی خەفیف و قالبە کێشەکانییەتی.

و_ لە دێری کۆتاییی بەشێك لە پارچە مولەمەعەکاندا سالم هەم ناسناوی شیعری خۆی هەم هیی ئەو شاعیرەشی بردووە، کە مولەمەعەکەی لەسەر شیعری ئەو دامەزراندووە، وەکو حافز و سەعدی و ئەوانی تر، بەڵام لە بەشێکی تریان ناوی شاعیرەکە نەبراوە، جا یان لەبەر ئەوەیە، کەوا هەم شاعیرەکە و هەم شیعرەکە ناودار و ناسراو بوون، کە پێویست بە ناوهێنانیان نەبووە، یا ئەوەتا پارچەکەی بە تەواوی نەگەیشتووەتە دەست و ئەو دێر و نیوە دێرانەی کۆتاییان پەڕیون.

وا هەیە سالم ئەو شیعرەی کەوا وەری گرتووە و تەلمیعی کردووە، بە تەواوی و بە ڕێکی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بەڵام واش هەیە، کە تەنیا چەند دێرێکی لەو شیعرە وەرگرتووە و تەلمیعی کردووە. تەنانەت لە هەندێك پارچەدا پاش و پێش یان ئاڵوگۆڕی لە دێرەکانیشدا کردووە. تێبینی ئەوەش دەکرێت کە جار وایە سالم نیوە دێرەکانی خۆیشی هەر نیمچە وەرگێڕانێکی نیوە دێرەکانی دیکەی شیعرە فارسییەکە خۆیەتی(مودەرریس، ٢٠١٥، ٢٨٣).

## ئاماری شیعری مولەمەعات لە دیوانی سالمدا

| زنجیرە | لاپەڕە لەدیوانی سالم | جۆری مولەمەعەکە | ژمارەی دێر | مولەمەعی تێهەڵکێش لەسەر شیعری | کێش | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٧٤ | تێهەڵکێش | ٨ | حافزی شیرازی | هەزەجی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٢ | ١٣٦ | تێهەڵکێش | ٨ | حافزی شیرازی | هەزەجی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٣ | ١٤٧ | تێهەڵکێش | ٧ | حافزی شیرازی | خەفیف، مەخبوون، ئەسڵەم، موسەببەغ | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٤ | ١٨٤ | تێهەڵکێش | ١٠ | حافزی شیرازی | خەفیف، مەخبوون، مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٥ | ١٨٧ | تێهەڵکێش | ٨ | حافزی شیرازی | ڕەمەلی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٦ | ٢٥١ | تێهەڵکێش | ٩ | حافزی شیرازی | هەزەج، ئەخرەب، مەخبوون، مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٧ | ٢٨٣ | تێهەڵکێش | ٦ | حافزی شیرازی | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ٨ | ٢٨٥ | تێهەڵکێش | ٧ | حافزی شیرازی | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ٣٧٨ | تێهەڵکێش | ٨ | حافزی شیرازی | ڕەمەلی هەشتی مەحزووف | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٠ | ٣٨٦ | تێهەڵکێش | ٧ | حافزی شیرازی | هەزەجی شەشی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١١ | ٤١٦ | تێهەڵکێش | ٧ | حافزی شیرازی | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٢ | ٤٥٩ | تێهەڵکێش | ٣ بەندی پێنج خشتەکی | حافزی شیرازی | ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسڵەم | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٣ | ٦٥٢ | تێهەڵکێش | ٩ | حافزی شیرازی | ڕەمەلی هەشتی مەحزووف | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٤ | ٧٩٤ | تێهەڵکێش | ٦ بەندی پێنج خشتەکی | حافزی شیرازی | موزاریعی هەشتی ئەخرەب | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٥ | ٩١٩ | تێهەڵکێش | ٨ | حافزی شیرازی | هەزەجی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٦ | ٩٤٥ | تێهەڵکێش | ١١ | حافزی شیرازی | هەزەجی هەشتی ئەخرەب | لە کۆتاییدا ناوی حافز نەهاتووە |
| ١٧ | ٢٦١ | تێهەڵکێش | ١١ | سەعدیی شیرازی | ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی سەعدی هاتووە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | ٤٥٤ | تێهەڵکێش | ١٢ | سەعدیی شیرازی | هەزەجی شەشی مەحزووف | لە کۆتاییدا ناوی سەعدی نەهاتووە |
| ١٩ | ٥٩٩ | تێهەڵکێش | ١٢ | سەعدیی شیرازی | هەزەجی هەشتی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی سەعدی نەهاتووە |
| ٢٠ | ٩٩٦ | تێهەڵکێش | ٧ | سەعدیی شیرازی | ڕەمەلی هەشتی مەحزووف | لە کۆتاییدا ناوی سەعدی هاتووە |
| ٢١ | ٣٨٤ | تێهەڵکێش | ٧ | جامی | هەزەجی شەشی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی جامی هاتووە |
| ٢٢ | ٢٧٥ | تێهەڵکێش | ٦ بەندی پێنج خشتەکی | مەولانا خالید | ڕەمەلی هەشتی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی مەولانا هاتووە |
| ٢٣ | ٩٥٣ | تێهەڵکێش | ٧ | شەوکەت | هەزەجی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی شەوکەت هاتووە |
| ٢٤ | ٢٩٨ | داهێنراو | ١٣ | ــــــ | ڕەمەلی هەشتی مەقسوور | لە کۆتاییدا ناوی سالم هاتووە |
| ٢٥ | ٩١٢ | داهێنراو | ٧ | ــــــ | هەزەجی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی سالم هاتووە |
| ٢٦ | ٩٢٢ | داهێنراو | ٧ | ــــــ | هەزەجی هەشتی تەواو | لە کۆتاییدا ناوی سالم هاتووە |

ز_ له داوێنی ئەم باسەماندا بە پێویستیی دەزانین چەند نموونە و پارچەی جیاواز لە شیعرە مولەمەعەکانی سالم بخەینە ڕوو:

_ پارچەیەکی مولەمەعی تێهەڵکێشی سالم لەسەر شیعرێکی ناوداری (خواجە حافزی شیرازی):

**ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتە جێ، ماهی جیهان ئارا**
**(بە خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را)**
**لەبن خاری موغیلان وەصڵ، ئەگەر بێ، ئارەزوو ناکەم**
**(کنار آب رکن آباد و گلگشت مصلا را)**
**نەصیحەت بگرە گوێ قوربان! لە لایان زۆر بە تەعظیمە**
**(جوانان سعاتمند، پند پیر دانا را)**
**دوصەد جار، گەر بە گوێی خۆم حەرفی سەردت بشنەوم، شادم**
**(جواب تلخ میزیبد لب لعل شکرخا را)**
**ئەگەر حۆری لە کەوثەر شوست و شۆی خۆی دا، بە تۆ نابێ**
**(بە آب و رنگ و خال و خط، چە حاجت روی زیبا را)**
**لە ئیدراکی شکەنج و عوقدەیی زوڵفت پەرێشانم**
**(کە کس نگشود و نگشاید بە حکمت این معما را)**
**کە شوعلەی طەلعەتی یووسف طولووعی کرد، بە چی زانیم؟**
**(کە عشق از پردهٔ ظلمت برون آرد زلیخا را)**
**کەلامت حافظا! دڵسەنجە، بۆ (سالم) وەها چاکە**
**( کە بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریا را)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٧٤)

تەلمیعی تێهەڵکێشی سالم لەسەر شیعری مەولانا خالید:

**دڵ لە میحنەت کەیلە، ڕێم کەن، با بە غەم دەرچم لە شار**
**ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە جەمعی مەردوومان بگرم کەنار**
**دەستە و ئەژنۆ دانیشم بۆ حاڵی خۆم بگریم بە زار**
**(موسم عیداست و ما نومید از دیدار یار**
**عالمی در عیش و نوش و ما دو چشم اشکبار)**

*** * ***

**ئەی ڕەفیقان! بێن بە مەردی، چاری ئەم بێ چارە کەن**
**غەرقی لوججەی زەرفی دەردم لەم دەمە، سەرتا بەدەن**
**نـەونیهالی شـادمانیم، بـۆ نـەبێ سـا ڕیشـەکەن؟!**
**(هـر کسـی بـا یـار در گشـت و گلسـتان اسـت و مـن**
**ز اشـك سـرخم شـد كنـار و از داغ هیجـران لالـەزار)**

تاوەکو دەڵێت:

**کەس نەبێ (سالم) لە دونیادا وەکو من تووشی دەرد**
**بێ نەوا کەوتوومـە غوربـەت، ناتـەوان و ڕەنـگ زەرد**
**شیعری (مەولانا) دەڵێم و هەڵدەکێشـم ئـاهی سـەرد**
**(خالـــدا گرنیســـتی دیوانـــە و صـــحرانورد**
**تـــو کجـــا و کابـــل و غـــزنین و خـــاك قنـــدهار)**

(مودەرریس، ۲۰۱۵، ۲۷۷)

_ تەلمیعی تێهەڵکێشی سالم لەسەر شیعرێکی (جامی):

**گوارەت کەوتە سەر ڕەوشەن بنـاگووش**
**(سـهیل و مـاه را کـردی هـم آغـوش)**
**لـەبی شـیرینی دلبـەر، کـانی لەعلـە**
**(از آن لعلـی کـە زا جـان میـبرد هـوش)**
**وەکـو لـەعلی گـوارەت ئاڵـە ئەشـکم**
**(منش در دیده جا کردم، تـو در گـوش)**
**ئەگەر دەیدی لەبی تۆ، پووری (هورمز)**
**(نمـودی لعـل شـیرین را فرامـوش)**
**بە ئیما گەر طەلـەب کـەم، ماچـی لێوی**
**(بـە لؤلـؤ لعل را گـیرد: کـە خـاموش)**
**پەیاپـەی دێتـە ڕوو، ئەشـکم سـەیل**
**(از آن خـونی کـە در میزنـد جـوش)**
**وەکـو (جـامی) ئەگـەر سالم حـەریفی**
**(ز خـون دل شـراب لعـل مـی نـوش)**

(مودەرریس، ۲۰۱۵، ۳۸٤)

_ نموونەیەکی تێهەڵکیش لەسەر شیعری (سەعدی):

**ئەی بە طەڵعەت ماهی کامیل، وەی بە حورمەت (ب) و (ت)**
**(زلــف دار همچــو عنــبر، لــب چــو (ش) و (ك) و (ر))**
**عیشوەیی چاوت، دەبا وەختی نیگەه صەد گیان و دڵ**
**(قلبــه ٔ آزادگـــانی، ای صـــنم! بـــا (ر) و (خ))**
**دڵ وەهـا ئاشـوفتەیە شـەوها لـە قەیـدی (م) و (و)**
**(دردمنـــدم، مســـتمندم، تـــب گرفتـــه (ت) و (ب))**
**(غەین) و (میم)م گەر نەخۆی، جانا لـە دەسـتت دەردەچم**
**(دردمنـــــدان را ببایـــــد (ط) و (ب) و (ی) و (ب))**
**بـەزمی (ی) وو (ا) و (ر) وەك جەننەتـە بـۆ (م) و (ن)**
**(مطربـان بـا نـای و بـربط، بـا ربـاب و (دال) و (ف))**
**مـوددەعی دووره و منـیش مەسـتم لـە (و) و (ص) و (ل)**
**(تـا سـحرگاهان نهـاده (ل) و (ب) بـا (ل) و (ب))**
**(س) و (ا) و (ل) و (م) ئاگاهـە بـێ کیـذب و خـیلاف**
**(ایـن غـزل گفتـه اسـت مسـکین (س) و (ع) و (د) و (ی))**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٩٦)

_ مولەمەعی تێهەڵکیشی سالم لەسەر شیعری (شەوکەت):

**ئەسـیرم بـاز لـە داوی قەیـدی طوڕڕەی موشـك بـۆ مـوویی**
**( فرنگـی زاده خـویی، کـافری، زنـار گیسـویی)**
**گوڵ ئەندامێ، سەمەن بوویێ، مەلەك ڕوویێ، فریشـتە خـوو**
**(زلیخـا مشـربی، لیلـی وشـی، شـیرین سـخن گـویی)**
**غـەریب تاقـە بـە مـەحبووبی، تەماشـای خـاڵی لای لێـوی**
**(تـو گـویی بـر لـب آب بقـا بنشسـته هنـدویی)**
**بلێم: گەر وەك گوڵ و ماهە بە نەفحە و ڕوو، خەطا و سەهوە**
**(نـدارد مـه چـنین رویـی، نـدارد گـل چـنین بـویی)**
**لـە تـۆی پیراهـەنی دەرکـەوت کـە پوسـتانی، وتم: ئـەی دڵ**
**(تماشـاکن کـه سـرو نـاز بـار آورده لیمـویی!)**

**به عیشوەی چاوی مـەخمووری وەهـا پەیوەسـتەیە ئـەبرۆی**
**(تـــو پنـــداری کمانداریســـت در دنبـــال آهـــویی)**
**به (سالم) (شـەوکەت)ە زنجیری مـەجنوونی لـە کۆی لـەیلا**
**(اســیر خـــال او گـــردم ز تـــیر چشـــم جـــادویی)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٥٣)

_ پارچەیەك لە شیعری مولەمەعی داهێندراوی (سالم) خۆی:

**بـە یـادی ڕووی دلآرامــی، صـەفایە، نەشـئەیە، ڕامــی**
**(بیـا سـاقی! بـده جـامی کـزان یـابم سـرانجامی)**
**لە طوڕڕەی زوڵفی شەب ڕەنگا مەپۆشە ڕوویی خورشیدت**
**(کـه در عشـقت پـس از عمـری بـرون آوردەام شـامی)**
**دەکـا شـیرین لـە خـەشما تـەڵخگۆیی لێـوی شـیرینت**
**(دعـا گرنیسـت، خـوش وقـتم ز گفتـارت بدشـنامی)**
**بـلاٚ ئـاهم دەمـیٚ بـیٚ غـەم لـە دڵـدا بێتـە دەم سـاتیٚ**
**(کـه بـی هجـر جگرسـوزت بـه سـربردیم ایـامی)**
**لـە پاداشـی حوقـووقی ڕەنـج و خیدمـەتهای دێـرینم**
**(چـه خواهـد شـد ز رحمـت بـر زبـان آرد ز مـن نـامی)**
**لەسـەر گۆشـیی مـودامی گۆشـەوارەت وەختـە عـاجز بم**
**(نمیـدانم کـه دارد از کـه بـر گـوش تـو پیغـامی)**
**صەبا عەططـار و جا گـوڵزار و سـاقی یـار و بیٚ ئـەغیار**
**(بیـا سـالم، غنمیـت دان بکـش بـر یـاد جـم جـامی)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩١٢)

## ئەنجامەکان

١_ مولەمەع، فۆرمێکی شیعری کلاسیکییە، لە ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەڵات، وەکو عەرەب و فارس و تورك و کورد بەدی دەکرێت، مەبەست لێی ئەوەیە کە زیاتر لە زمانێك لە هۆنینەوەی تێکستی شیعریدا بەکارببرێت بەو مەرجەی یەکێتیی فۆرم و ناوەرۆك تێیدا پارێزراو بێت.

٢_ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، شیعری مولەمەعاتی دوو زمانە و چەند زمانە بەدی دەکرێت، بەڵام بەشی زۆری مولەمەعاتی شاعیرانی کورد، بە هەردوو زمانی کوردی_ عەرەبی یاخود کوردی_ فارسین.

٣_ سالمی ساحێبقڕان لە بواری شیعری مولەمەعاتدا شاعیری کوردیی یەکەمینە و زۆرترین پارچەی شیعری مولەمەعاتی کوردی_ فارسی لە دیوانەکەیدا بەدی دەکرێت. ئەم تێکستانە خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەت و مۆرك و تایبەتمەندیی ئەدەبی و هونەرین، کە لە شوێنی خۆیاندا باسیان لێوە کراوە.

## سەرچاوەکان


١_ ابن منظور، جمال الدين محمد بن كرم، ٢٠٠٨، لسان العرب، ج١٣، دار صادر، بيروت.

٢_ الدوسكی، تحسين ابراهيم، ٢٠٠٥، جواهر المعاني في شرح ديوان احمد الخاني، دەزگاها سپيرێز يا چاپ و وەشانێ، دهۆك.

٣_ تۆفیق، (د) ئاڤان عەلی میرزا، ٢٠١٣، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم، بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٤_ خەزنەدار، (د) مارف، ١٩٨٤، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة، بغداد.

٥_ خەزنەدار، (د) مارف، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦_ دۆسکی، تحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ جزیری، سپیرێز، دهۆك.

٧_ دێرەشی، سەعید، ٢٠٠٥، دیوانا فەقێی تەیران، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك.

٨_صفوی، کورش، ٢٠١٨، لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، ب١، وەرگێڕان، عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٩_ ضيف، شوقي، ٢٠١٣، الفن ومذهبه في الشعر العربي، ط١٤، دار المعارف، القاهرة.

١٠_ عەبدوڵڵا، (د) ئیدریس، ٢٠١٢، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

١١_ عاصي و يعقوب، (د) ميشال و (د) اميل بديع، سنة طبع؟، المعجم المفصل في اللغة و الادب، ج٢، دار العلم للملايين، بيروت.

١٢_ قنديل، (د) اسعاد عبدالهادي، ١٩٧٥، فنون الشعر الفارسي، مكتب الشريف و سعيد رأفت، القاهرة.

١٣_ کاکی، حەمە نوری عومەر، ٢٠٠٨، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

١٤_ کوردی، مستەفا بەگی، ١٩٧٣، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

١٥_ مودەرریس، مەلا عەبدولکەریم و ئەوانی تر، ٢٠١٥، دیوانی سالم، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٦_ میر صادقی، میمنت، ١٣٧٣، واژه نامه هنر شاعیری، کتاب مهناز، تهران.

١٧_ همایی، استاد جلال الدین، ١٣٧٧، فنون بلاغت و صناعات ادبی، چاپ چهاردهم، نشر هما، تهران.

# پاش سەروا لە شیعری سالمدا

١_ چەمك و پێناسەی پاش سەروا.
٢_ پاش سەروا لە شیعری فارسی و عەرەبیدا.
٣_ پاش سەروا لە شیعری کوردیدا.
٤_ پاش سەروا لە شیعری سالمدا.

**١_ چەمك و پێناسەی پاش سەروا:**

دیاردەی پاش سەروا یاخود (ڕەدیف)، دەشێت لە دوو لایەنەوە وەسف و پێناسە بکرێت، یەکەمیان لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە، زۆربەی نووسەران و سەرچاوەکانی جوانکاریی ئەدەبیات لەم لایەنەوە پێناسەی پاش سەروایان کردووە بەو هۆیەی، کەوا پاش سەروا خۆی سەنعەتێکی جوانکارییە وەك بەشێك لە هونەری ڕەوانبێژی[1]. دووەمیان ڕوانگەیەکی زمانەوانییە، کە بە لای ئێمەوە پاش سەروا بەر لە هەموو شتێك دیاردەیەکی زمانەوانییە، بۆیە وەسف و پێناسەکردنی لەم لایەنەوە ورد و زانستیترە، هەروەها دەگمەنیشە و توێژەرانی ئەدەب کەمتر ئاوڕیان لێ داوەتەوە. لەم بارەوە (علی محمد حق شناس) دەڵێت: (پاش سەروا هاوچەشنییەکی تەواوە لە دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی وەکو (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) لە بەدوایەکداهاتنێکی یەکسان، کەوا لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمانی و واتاییەوە هەمان ڕۆڵی یەکسانی هەبێت و لە کۆتایی دێر و نیوە دێری شیعردا دوابەدوای سەرواوە دێت) (حق شناس، ١٣٧٠، ٦٢). لەم پێناسەیەوە وەسف و مەرجەکانی پاش سەروا دەبن بەم خاڵانەی خوارەوە:

---

[1] سێ لقە سەرەکییەکەی ڕەوانبێژی هەر یەکێکیان هەم بە هونەر هەم وەکو زانستێکی سەربەخۆش ناو دەبرێن، بۆیە زۆرجار دەگوترێت، زانستی ڕوونبێژی، یان زانستی جوانکاری یاخود زانستی واتاناسی، بەڵام وردەکارییەکانی هەر یەکێك لەم زانستانە زۆر جار بە سەنعەت ناو دەبرێن. دەگوترێت سەنعەتی ڕازاندنەوەی وشەیی، یان واتایی لە هونەری جوانکاریدا. سەنعەت زیاتر کارسازی و هونەروەری دەگەیەنێت، بۆیە ئەگەر سەنعەتەکانیش بە هونەر ناو ببرێن هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت.

– پاش سەروا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دانەیەکی ڕێزمانی.

– پاش سەروا بۆی هەیە وشەیەك، یاخود فریز و گریێ، یان ئەوەتا ڕستەیەکی تەواو بێت.

– وشە سەرواکان لە هەموو ئاستەکاندا واتا و ڕۆڵ و ئەرکی یەکسانیان دەبێت.

– لە کۆتایی دێر و نیوە دێری شیعردا دەبێت.

– لە دوای سەرواوە دێت.

لە ئاست ئەم پێناسەیەدا دەشێت ئەوەشی بخەینە سەر، کەوا:

– مەرج نییە پاش سەروا هەمیشە لە کۆتایی دێر و نیوە دێرەکانەوە بێت، بەڵکو دەشێت لەناو لەتە دێرەکان و دوابەدوای سەروای ناوەوە بێت. وەکو لەم نموونەیەدا ڕووندەبێتەوە:

**مەم بۆ من و هەیمەنەت ژ بۆ تە**

**غەم بۆ من و سەڵتە نەت ژ بۆ تە**

(بۆ من و) پاش سەروان بۆ سەروای یەکەم و سەرەتایی نیوە دێرەکان (مەم، غەم). وەکو چۆن شوێنی (پێش سەروا)شیان گرتووە بۆ سەروای نیوە دێرەکان (هەیمەنەت، سەڵتەنەت)، لە کاتێکدا (ژ بۆ تە) پاش سەروایە بۆ هەردوو نیوە دێرەکە.

**ئەرك و ڕۆڵی پاش سەروا:**

لە بڕگەی سێیەمی پێناسەکەی حەق شناسدا هاتووە، کەوا پاش سەرواکان لە کۆتایی (یاخود ناوەوەی) دێر و نیوە دێرەکانی شیعردا دێن و هەمان واتا و ڕۆڵ و ئەرکی یەکسانیان دەبێت. جا ئەگەر هات و زانیمان، کەوا ڕۆڵ و ئەرکی سەروا لە شیعردا چییە، ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێت هیی پاش سەرواش بە هەمان شێوە و ئەندازەیە. ئینجا بە گەڕانەوە بۆ ئەرکی سەروا لە شیعردا وەکو شەفیعی کەدکنی دەستنیشانی کردووە (کدکنی، ١٣٧٩، ٦٢)، هەروەها ئەرکەکانی ڕەدیف وەك ئەوەی لە (عەروزناسی شیعری کلاسیکی کوردی)دا هاتووە (عزیز، ٢٠١٦، ١٧٧)، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەرك و ڕۆڵی پاش سەروا لە شیعردا لە دەوری سێ تەوەردا دەخولێتەوە:

یەکەم: تەوەری ئاواز و مۆسیقای شیعری.

دووەم: تەوەری واتا و دەلالەت.

سێیەم: تەوەری زمانەوانی.

سەبارەت بە تەوەری یەکەم، وەکو دەزاندرێت یەکێك لە ئەرکە هەرە گرنگ و ئاشکراکانی سەروا لە شیعردا، لایەنی نەغمە و ئاواز و مۆسیقاکەیەتی لە کۆتایی دێر و نیوە دێرەکاندا، هەروەها بەیەکەوە گرێدانی دێرەکان و بەخشینی هاوئاهەنگی و یەکێتیی ئاواز و مۆسیقایە بە پارچەی شیعر. کەوابێت پاش سەرواش لەم لایەنەوە هەمان ئەرکی سەروای هەیە و بەڵکو زیاتریش، واتە هەم ئەرکی تەواوکردنی ئەرکی مۆسیقایی سەروا و هەم ئەرکی زیادکردنی ئەرکی مۆسیقایی سەرواشی لە ئەستۆدایە، بۆیە دەگوترێت پاش سەروا لە وێنەی پاوانە و خڕخاڵ وایە لە کۆتایی دێر و نیوە دێرەکاندا بۆ بیرۆکە و بۆچوونەکانی شاعیر. (کدکنی، ١٣٧٩، ١٣٠). ئینجا ئەگەر زانیمان کەوا کێش بناغە و بنیاتی مۆسیقای شیعر پێکدەهێنێت، ئەوا وەکو ئەدەبناسانی ئێرانی دەڵێن هەر بە هۆ و لە سۆنگەی پاش سەرواوەیە کەوا شیعری فارسی لە ڕووی ژمارە و جۆر و بەشەکانی کێشەوە هەموو حەد و حیسابێکی تێپەڕاندووە (هەمان سەرچاوە، ١٣٠). ئینجا ئەگەر هات و لە پارچە شیعرێکدا لەپاڵ سەروا و پاش سەرواوە پێش سەرواش هاتبێت، (واتە ئەگەر هات و ئەم سیانە لە دێرە شیعرێکدا کۆ ببنەوە، ئەوا ئیقاعی شیعرەکە بەهێزتر دەبێت و سەراپای وشەکانی دێرەکە گوڕی سەروایان بەبەردا دەچێت و دەکەونە نێو کارلێکی ئاوازی دەنگی شیعرەکە و .. هەر هەموو وشەکان بەشداری دروستکردنی ئاوازی دێرە شیعرەکە دەکەن و لەگەڵ سەروای کۆتایی تێك دەکەنەوە) (گەردی، ١٩٩٩، ١٧٣). بۆ نموونە هەژار دەڵێت:

**ژیان خۆشـــە لەگەڵ ئەوین برا بێ**

**گیان خۆشە بە هۆی ئەوین جیا بێ**

(هەژار، ١٩٨٩، ٣١٥)

لێرەدا:

– ژیان

– گیان

وشە سەروای یەکەم و سەرەتایین.

- برا
- جیا
وشە سەروای کۆتایین.

- خۆشە: لە هەردوو نیوە دێردا پاش سەروایە بۆ وشە سەرواکانی سەرەتا و پێش سەروایە بۆ وشە سەرواکانی کۆتایی، بێ: پاش سەروایە لە هەردوو نیوە دێردا.

ئینجا هەر لە باری مۆسیقاییەوە پاش سەروا وەکو پێویستییەکی کێش سەیر دەکرێت، واتە پێویستییەکی ئاوازە، بە تایبەت لەو شیعرانەدا کە لە لایەنی کێشەوە لەسەر هەبوونی پاش سەروا دادەمەزرێن، ئینجا لەو جۆرە شیعرانەدا ئەوە هەر پاش سەروایە، کەوا بالأنسی کات و ڕیتمی دێرە شیعرەکان بە یەکسانی ڕادەگرێت (عزیز، ٢٠١٦، ١٧٧)

سەبارەت بە تەوەری دووەمیش، واتە ڕۆڵی پاش سەروا لە برشتپێدانی واتا و ئاوەلأکردنی ئاسۆی خەیالأت و ئەندێشەی شاعیر لە بەردەم هێنانەوە و داهێنانی واتای جۆراوجۆر، ئینجا چەند بارە بوونەوەی پاش سەروا لە لایەك جەختکردنەوەی واتا و پێداگرتن لەسەری دەگەیەنێت و لە لایەکی ترەوە ئەرکی تەواوکردنی واتای دێرە شیعرەکان و ڕازاندنەوە و جوانکردنی ناوەرۆکیشیانی هەیە، لەپاڵ ئەرکی گرێدان و بەستنەوەی دێرەکان بەیەکەوە. وەك لە نموونەیەدا دەبیندرێت:

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**

(مەلا کەریم، ١٩٧٠،٦٦)

ئەم جۆرە لە دووبارەکردنەوە وەکو لە پاش سەروادا دەیبینین یارمەتی پێکەوە گونجاندنی نیوە دێرەکان و بەشەکانی دەقە شیعرییەکە دەدات هەم لە ڕووی ئاوازەیی و هەم لە ڕووی دەلالیشەوە. ئینجا بە هۆی شوێنەکەشییەوە کەوا بە زۆری لە کۆتایی دێر و نیوە دێرەکانە، ئەوا نیوە دێرەکان بە یەکەوە گرێدەداتەوە، وەکو چۆن پاش سەروا بە شێوەیەکی گشتی دەبێت بەو تەوەرە

سەرەکییەی کە بیرۆکەی سەرتاپای هۆنراوەکەی بە دەوردا دەخولێتەوە، واتە دەبێت بە ئالاهەڵگری بیری سەرەکیی هۆنراوەکە، وەك ئەو یەکێتیی و یەکانگیرییەی لەنێوان پاش سەروا لە لایەك و هەم بابەتی شیعر و هەم باری دەروونی شاعیرەوە لە لایەکی دیکەوە پێکدێت، وەك لە ماتەمنامە و شیعری شینگێڕی و حاڵەت و دۆخی نائومێدیی شاعیردا بەدیاردەکەوێت (گەردی، ١٩٩٩، ١٦٤).

ئەمانە هەموو تایبەتمەندیی پاش سەروان ڕۆڵیان لە بەهێزکردن و برەوپێدانی واتادا هەیە، بە سەرفی نەزەر لەو کۆت و بەند و ئاستەنگانەی باس دەکرێن، کەوا هەم خودی سەروا خۆی و هەمیش پاش سەروا لە بەردەم بژاردە و ئیختیاراتی شاعیردا دروستی دەکەن (کدکنی، ١٣٧٩، ١٤٠).

سێیەمین ئەرك و ڕۆڵی پاش سەروا لە لایەنی زمانەوانییەوەیە، پاش سەروا خۆی دەچێتە خانەی جوانکاری و بە تایبەتیش لایەنی ئارایشت و ڕازاندنەوەی وشەیی، کەوا جوانی و دلگیری بە دیوی دەرەوەی دەق دەبەخشێت، ئینجا تا ڕادەیەکی زۆر توانا و دەسەڵاتی شاعیر نیشان دەدات بەسەر زمان و شێواز و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی شیعرییەوە. لەپاڵ دەستڕەنگینیی شاعیر لە سازکردن و داهێنانی پێکهاتە و خوازەی زمانیی جۆراوجۆر، هاوزەمان هەم زمانی شیعری و هەم زمانی ئەدەب جوان و بە پێز دەکات. ئینجا وەکو لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا پاش سەروا بۆ تێکست وەکو خشڵ وایە، واتە سیمایەکی جوانکردن و ڕازاندنەوەیە لە وێنەی تارایەکی ئاڵوواڵا بەبەر پارچەی شیعریدا دەکرێت، جا ئەگەر بەم مەعنایە بێت ئەوا هەبوونی پاش سەروا لە شیعردا نە واجیبە نە حەتمییە، بەڵکو ئاکارێکی ئارەزوومەندانەیە.

## ٢_ پاش سەروا لە شیعری فارسی و عەرەبیدا:

نووسەرانی ئێرانی سوورن لەسەر ئەوەی کەوا پاش سەروا سەنعەتێکی جوانکاریی تایبەت بە شیعر و ئەدەبی فارسییە و هەر لە بنەڕەتدا لە بارهێنان و داهێنانی ئەواندا بووە. لەم بارەیەوە دکتۆر کدکنی دەڵێ: ((لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی شیعری فارسی و عەرەبی و تورکییەوە ئەوە بە چاکی دەردەکەوێت، کە

پاش سەروا تایبەت بە ئێرانییەکانە و لـە داهێنـانی ئەوانـدا بـووە)) (کدکنی، ١٣٧٩، ١٢٤). ئینجا هـەر ئـەویش جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە پـاش سـەروا لـە ئەدەبیاتی زمانەکانی ئەوروپادا بەرچاو ناکەوێت و لە ئەدەبی تورکیشدا لەژێر تـاو و کاریگەریی شیعری فارسیدا لە دوای سەدەی سێزدەهەمی زاینییەوە پەیدا بووە. سەبارەت بە بوونی پاش سەروا لە شیعری عەرەبیدا ئەوا هەمان ڕاوبۆچوونی هەیە کە لە دیوانی شیعری عەرەبیدا شتێك بەو ناوە بەدی ناکرێت، ئـەو چـەندانەش لـە شیعری پاش سەروادار کە لـە ئـەدەبی عەرەبیـدا دەبینـدرێت، ئـەوە لـە داهێنـانی شاعیرانی بەڕەسەن فارسی عەرەبیزان و عەرەبی وێژن کە ناوە نـاوە ئاوڕیـان لـەم هونەرە داوەتەوە (کدکنی، ١٣٨٣، ٢٢٢).

سەبارەت بە بوون و ڕەسەنایەتیی پـاش سـەروا لـە شـیعری فارسـیدا، ئـەم توێژەرە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگێڕێتـەوە، یـەکیان لایـەنی مۆسـیقایی پـاش سەروایە، بە هۆی نەبوونی (حەرەکاتی ئیعراب_ وەك ئەوەی لـە زمـانی عەرەبیـدا هەیە واتە زەممە و فەتحـە و کەسـرە) لـە زمـانی فارسـیدا، وەسـتاوی و ناتـەوانی کشانی دەنگەکانی کۆتایی سەروا و پاش سەروا، وەکو پێویستییەکی ئاوازەیی بـۆ تەواوکردنی لایەنی مۆسیقایی سەروا هاتووەتە کایـەوە و بووەتـە زەروورەتێـك بـۆ شیعری فارسی. دووەمیان هەبوونی دەستەیەك لە کـاری یاریـدەدەر یـاخود کـاری پەیوەسـتی لـە زمـانی فارسـیدا، لـە وێنـەی (اسـت، شـد، بـود...) کـەوا تایبەتمەندییەکی زمانە ئارياييەکانە و بووەتە هۆکاری ڕێ خۆشـکەر و یارمەتیـدەر بۆ برەوسەندن و فراوانبوونی پاش سەروا لە شیعری فارسیدا (کدکنی، ١٣٧٩، ١٣٨).

دیارە هەر ئەم دوو بەڵگە و دەلیلە چۆن بـۆ پەرەسـەندن و بـەربڵاوی پـاش سەروا لە شیعری فارسیدا ڕاستن، ئاواش دەرحەق بـە شـیعری کـوردیش وەڕاسـت دەگەڕێن، بـە تایبـەتیش هۆکـاری دووەم کـەوا لـەنێوان هـەردوو زمـانی فارسـی و کوردیدا هاوبەشە و زمانی کوردیش لـە ڕیـزی زمانـە هیندوئەورووپاییەکانـە و کـارە یاریدەدەرەکانی گرووپی (بوون_Verb to be)، (هەبوون_Verb to have)، (کردن_ Verb to do) ڕۆڵێکـی چـالاك دەگێـڕن لـە سـازکردنی پێکهاتـە و دەسـتەواژەکان. وەکو چۆن (عەزیز گـەردی) بـە ئامـار و بـە داتـا سـەلماندوویەتی، کـەوا ئـەم سـێ دەستەیە لە کارە یاریدەدەرەکان بە هەموو جۆرە گەردان و دەمکاتەکانیانەوە، لە

شیعری کلاسیکی کوردیدا لە ڕیزی پێشەوەی هەموو پاش سەرواکان دێن. (گەردی، ١٩٩٩، ١٦٤). ئینجا وەکو لە دواییدا ئاماژەی بۆ دەکەین، ئەم جۆرە لە پاش سەرواکان کە بە هاوکاریی ئەم کاری یاریدەدەرانە ساز دەکرێن، لە شیعری سالمیشدا پلەی یەکەمی هەیە. ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە دیاردەیەکی دیکەوە ئەویش چۆنییەتیی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەیە کەوا کار لە حاڵەتی ئاساییدا هەمیشە لە کۆتایی ڕستەدا دێت (SOV). ئینجا دووبارەبوونەوەی کار و کارە یاریدەدەرەکان بۆ حاڵەتی جیاجیا لە کۆتایی ڕستەی شیعری دێر و نیوە دێرەکاندا دەبێتە حاڵەتێکی زۆر ئاسایی و بەربڵاو. هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو دیاردەیە بکەین کە ڕێژەکانی کاری هەبوون (هەیە، نییە) زیاتر لە بیست پارچەی شیعری سالمدا بوون بە پاش سەروا. (عەزیز گەردی) هۆکارێکی دیکەش بۆ زۆری هەبوونی پاش سەروا لە شیعری کوردیدا دەگێڕێتەوە بۆ مەیلی زیاتری شاعیرانی کورد بە لای بەکارهێنانی کێشە درێژەکان، بە تایبەت هەشت هەنگاوییەکانی (ڕەمەل و هەزەج و ڕەجەز و موزاریع و ...) کە ماوە لە بەردەم شاعیردا دەکاتەوە پاش سەروا لە کۆتایی دێرەکاندا بەکار بێنێت و وشەیەك یان گرێ و دەستەواژەیەك بگرە تا ڕستەیەکیش لە کۆتایی دێرەکاندا دووبارە بکاتەوە (گەردی، ١٩٩٩، ١٦٤).

**سنووری پاش سەروا:**

زۆربەی سەرچاوەکان سنوورەکانی پاش سەروا لەنێوان (وشە، گرێ، ڕستە)دا دەستنیشان دەکەن، کاتێك دەڵێن: پاش سەروا وشەیەکە یاخود زیاتر و لە کۆتایی دێر و نیوە دێرەکانی شیعردا بە هەمان واتا دووبارە دەبێتەوە. ئەو پێناسەیەی کە لە (دائرة معارف الإسلامية)دا هاتووە و خاوەنی (موسیقی شعر) هێناویەتییەوە دەڵێت: وا هەیە پاش سەروا لە تاقە پاشگرێکی سادە (Suffix) یاخود لێکدراو، کە لە یەك بڕگە یاخود چەند بڕگەیەکی جیاواز پێکهاتووە (کدکنی، ١٣٧٩، ١٢٤)، لەپاڵ ئەمەشدا کەدکەنی خۆی باس لە پاش سەروای لە وێنەی (ئەلیفی ئیطلاق) و (م_ی ضمیر) و (ڕەدیفی حەرف)ی دەکات. (سەرچاوەی پێشوو، ١٤٩). هەروەها لە درێژەی باسەکانیشدا (عەزیز گەردی) باس لە ڕێژەکانی کاری

بیٚ هێزی (بوون) دەکات، کە زۆرجار لە کۆتایی ڕستەدا دێن، لە نموونەی (بوو، هەیە، دەبێت) یاخود ڕێژەی نەرێیەکانیان (نەبوو، نییە، نابێت). ئەوەی پەیوەندیی بە ئەلفەکانی (ئیطلاق و ئیشباع)ەوە هەیە، ئەمانە تەنیا بۆ پاراستن یاخود زێدەکردنی لایەنی ئاوازەییی دێرە، نە واتا دەبەخشن نە ئەرك و ڕۆڵێکی ڕێزمانیش جێبەجیٚ دەکەن. بۆیە نابن بە پاش سەروا، بەڵکو شوێنی پاش ڕەدیف دەگرن وەك لەم نموونە فارسییەدا دەبینرێت(1):

_ نموونە بۆ ئەلفی ئیطلاق:

**تا چند تو پس روی بەپیش آ**
**در کفـــر مرو بســوی کیش آ**
**در نیش تو نوش بین بەنیش آ**
**آخر تــو بە اصـــل خویش آ**

(کدکنی، ١٣٧٩، ١٥٣)

_ نموونە بۆ کاری یاریدەدەری (بوو)

**من دی سەحەر شاهیٚ مەجەر　　لبسیٚ دبەر مەخموور بوو**
**ئەو دێم زەری سوڕ موشتەری　　یاڕەب پەری یا حوور بوو**

(دۆسکی، ٢٠١١، ٢٨٣)

_نموونە بۆ کاری یاریدەدەری (هەیە):

**عاشـــقی بیٚ دڵ دەناڵیٚ، مەیـــلی گریانـــی هەیە**
**بیٚ شکە هــــــەورە تریشـــقە تاوی بارانـــی هەیە**
**چاوی من دەم دەم دەڕێژیٚ ئاوی صاف و خوێنی گەش**
**دا بڵێن دەریـــای عومانـــە دوڕ و مەرجانـــی هەیە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٥٧٢)

---

(1) لە شیعری کوردیدا پاشگرەکان و ئامرازی کۆ و کاری بیٚ هێزی (ە) حیسابی پاش ڕەدیفیان بۆ دەکرێت کاتێك بەشێك نابن لە بنج و لە ڕەسەنی وشە سەروادا، نەوەك پاش سەروا. ئەو مەسەلەی (ڕەدیفی حەرفی)یەش کە باس دەکرێت ڕەنگە بۆ فارسی بشێت، بەڵام لە شیعری کوردیدا بەدی ناکرێت.

_نموونە بۆ کاری یاریدەدەری نەرێی (نییە):

**ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە**
**نەی شەکەر قەددە، بەڵابەندی هەیە، قەندی نییە**
**عادەتێـــکی هەیە هەرگیــز لە کەسێ ناپرسێ**
**ظالمێـــکی وەیە، قەط خەوفی خوداوەندی نییە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٥٩٢)

**٣_ پاش سەروا لە شیعری کوردیدا:**

ئـەم دیاردەیـە وەکـو چـۆن لـە شـیعری فارسـیدا پێشـینەیەکی دوور و لەمێژینەی هەیە و بووەتە بەشێك لە تەکنیکی فۆرمی شیعری کلاسیکی فارسـی و بە تایبەتیش غەزەلیاتی فارسـی، بـەو ڕادەیـەش دیاردەیـەکی کۆن و لەمێژینـەی شیعری کوردییە، بە ئاوڕدانەوەیەك لە میراتی شیعری کۆن و کلاسیکی کوردی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێت[1].

لە دووبەیتییەکانی بابا تاهیری هەمەدانیدا کە کۆنترین شـاعیری کـوردە، لـە کۆی (٢٩٤) چـوارینەدا، (١٧٣) چـوارینەیان پـاش سـەروایان هەیـە، کـە دەکاتـە ڕێـژەی (٥٨,٨٪)ی هـەموو چـوارینەکانی. وەك لـەم چـوارینەی لـە دەسـتپێکی دیوانەکەیدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| **تن محنت کشی دیرم خدایا** | **دل حسرت کشی دیرم خدایا** |
| **ز شوق مسکن و داد غریبی** | **بەسینە آتشـــی دیرم خدایا** |

(وحید دستگردی، ١٣٨٧، ١)

---

[1] ڕەخنەگر و ئەدەبیاتناسی ناوداری ئێرانی (د. محمد شفیع کدکنی) لـە کتێبـە ناودارەکانیـدا (صـور خیال در شعر فارسی) و (موسیقی شعر) کاتێك دێتە سەر باسی پاش سەروا لـە شـیعری فارسـیدا، ئاماژە بۆ ئەم دیاردەیە دەکات لە زمانە ڕۆژهەڵاتییـەکان، لـە وێنـەی عـەرەبی، تـورکی، هینـدی و سانسکریتی لەپاڵ زمانە ئەوروپییەکانی وەکو ئینگلیزی و فەڕەنسی بێ ئەوەی ناوێك لە بوونی ئەم دیاردەیـە لـە شـیعری کوردیدا بێنێـت، لـەم بـارەوە (عـەزیز گـەردی) ڕای وایـە کـەوا یـان بـەهۆی نەشارەزاییەوە بووە یاخود لە دەمارگرژییەوەیە کە ئاوڕی لە شیعری کوردی نەداوەتەوە، ئەگەر نا بـۆی دەردەکـەوت، کـەوا شـیعری کـوردی چ لـە ڕووی مێژووییـەوە یـان لـە ڕووی فراوانییـەوە بـێ ئەوەندە لە فارسی کەمتر پابەنـدی پـاش سـەروا نـەبووە. ئێمـە لامـان وایـە زیـاتر پەیوەنـدیی بـە نەشارەزایی و بێ ئاگاییی ناوبراوەوە بووبێت لەوبارەوە. لەگەڵ ئەوەی (بابـا طـاهیری/ هەمـەدانی ٩٣٥_ ١٠١٠ز) لە دیراساتی ئێرانیدا بایەخی زۆری پێدراوە.

لــه شــيعرى (مــەلاى جزيــرى/١٥٦٧_١٦٤ن) لــه كــۆى (١٢٥) پارچــەى ديوانەكەيدا (٥١) پارچـەيان پـاش سـەروادارن، كـەوا ڕێـژەى (٤٠،٨٪) سـەرجەمى شيعرەكانى پێكدەهێنێت.

ئەى شەهنشاهێ موعەظظەم حەق نگەهدارێ تە بێ
سوورەيـــى (انا فتحنـــا) دۆر و مــــادارێ تە بێ
هەر كنارێ پێڤـــــە وەرگێڕى عينانـــــێ هممەتێ
زوهرە بـــى پەيكێ تەو و كەيوان ڕكێبدارێ تە بێ

(دۆسكى، ٢٠١١، ٣٠٣)

لێرەدا بەر لەوەى بپەرژێينە سەر مەسەلەى پاش سەروا لە شيعرى سـالمدا، ئاوڕێك لەو هونەرە شيعرييە لاى شاعيرانى ترى بابان دەدەينـەوە، كـە ئـاوكوف و هاوسەردەمى سالم بوون، تاوەكو ڕادەى هـاتن و سـوودوەرگرتنى ئەوانيشـمان لـە پاش سەروا لە لا ڕوون بێتەوە:

– لاى (نـالى/١٨٠٠_١٨٧٦ن) لـە كـۆى (١٣٩) تێكسـتى شـيعرى ديوانەكـەى (٣٨) تێكستيان پاش سـەروايان هەيـە، كـە ڕێژەكـەى دەكاتـە (٢٧،٣ ٪) (مدرس، ١٩٧٦، ٧٥_٧١٧)

– لە شيعرە كورديەكانى (كوردى/١٧٨٢_١٨٥٩ن) لە كۆى (١١٤) پارچـە، (٤١) پارچەيان پاش سەروادارن، واتە بە ڕێژەى (٣٥،٩٪) و ئينجا نزيكەى هـەموو پارچە فارسييەكانيشى پاش سەروايان هەيە، كە ژمارەيان (٩) پارچەيە. (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١_ ب٢)

– لە ديوانى (مەلا وەسمان/١٨٠٦_١٨٨٩ن)دا لـە كـۆى (٥١) پارچـەدا (١٥) يان پـاش سـەروايان هەيـە، واتـە نزيكـەى (٢٩،٤٪)ى ديوانەكـەى (موتابچى، ١٩٧٣، ٣_٢٦٥)

– لە ديوانى (نـەفعى/؟_ ١٨٤٧ن)دا پـاش سـەرواكان بـەم شـێوەيە دابـەش بوون:

– لە كۆى (١٠) پارچەى شيعرى كورديدا (٥) پارچـەيان پـاش سـەروادارن، واتە بە ڕێژەى (٥٠٪).

– له (٧٨) پارچه شیعری فارسیدا (٢٦) پارچەیان پاش سەروایان هەیە، واته به ڕێژەی (٣٣،٣ ٪).

– له (٢٨) پارچەی تورکیدا (٨) دانەیان پاش سەروادارن، واته ڕێژەکەی (٢٨،٥٪)

(دۆسکی، ٢٠١٠، ٢٧_٢٣٢)

لێرەوە ئەو ڕاستییەمان لا ئاشکرا دەبێت، کە دیاردەی هەبوونی پاش سەروا له شیعری کلاسیکی کوردیی شاعیرانی باباندا دیاردەیەکی باو و بڵاو بووە، بەشێکی بەرهەمی شیعریان له غەزەل و قەسیدەدا لەسەر هەبوونی پاش سەروا دامەزراندووە. تەنانەت یەکێکی وەکو (مەولانا خالیدی شارەزووری/ ١٧٧٨_١٨٢٧ز)، کە سالم به مامۆستای یەکەمینی خۆی زانیوە و پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەودا هۆنیوەتەوە، زیاتر له (٩٠٪) بەرهەمە شیعرییەکانی کە زۆرینەیان به زمانی فارسین له سەروادارییدا پێڕەویان له پاش سەروادا کردووە. (مدرس، ١٩٧٩، ٤٦٥_ ٦٥٤ز).

٤– پاش سەروا له شیعری سالمدا:

بەر لەوەی بچینه سەر وردەکاری و لێکۆڵینەوەی هونەری پاش سەروا له بەرهەمی شیعری سالمدا، سەرنج دەخەینه سەر چەند تایبەتمەندی و خاڵێکی گەشی له شیعر و دیوانی سالمدا و له سەرەتادا ئاماری فۆرمه شیعرییەکانی دیوانی سالم دەخەینه ڕوو، کە بەم جۆرەیە:

–(٣٢٥) پارچەی شیعری غەزەل له (٢٤١٠) دێردا کەوا ڕێژەی (٨٦,٤٪)ی بەرهەمی شیعری سالم پێکدەهێنێت.

– (٢٦) پارچەی مولەمەع که ڕێژەی (٦,٩٪) دیوانەکەی پێکدەهێنیت.

–(٢٢) پارچەی شیعری داشۆرین کەوا ڕێژەکەی دەکاته (٥.٨٪)ی دیوانەکەی.

–(٩) قەسیدەی هەمەچەشن له (٣٨٥) دێردا کەوا ڕێژەکەی دەبێته (٢,٤٪)ی دیوانەکەی.

– (٥) پارچەی شیعری سکاڵا له (٦٥) دێردا که ڕێژەکەی دەکاته (١,٣٪).

– (٤) پارچەی شیعری ئایینی له (٤٣) دێردا که ڕێژەکەی دەکاته (١,١٪).

– (٤) پارچەی پێنج خشتەکی لە (٥٠) دێردا کە ڕێژەکەی دەکاتە (١,١٪).
– (٤) پارچەی چوارین لە (٨) دێردا کە ڕێژەکەی دەکاتە (١٪).
– (٢) تاك بەیت کە ڕێژەکەی دەکاتە (٠,٥٪).
– (١) پارچەی شیعری تەرجیع بەند لە (٣٨) دێردا کە ڕێژەکەی دەبێتە (٠,٢٥٪)، (مودەرریس، ٢٠١٥، دیوان).

بە ڕەچاوکردنی ئەم ئامار و ژمارانە و دەورکردنەوەیەکی دیوانەکەی ئەوەمان لە لا ڕوون دەبێتەوە، کەوا سالم لە زۆر بواردا شاعیری شیعری کلاسیکی کوردیی پێشەنگ و یەکەمینە، بە تایبەت لە بوارەکانی غەزەلخوێنی و قەسیدەسەرایی و مولەمەع وێژیدا، کە هەر بوارێك لەم بوارانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە.

لە مەسەلەی پاش سەرواداری لە شیعر و بەرهەمی سالم، ئەو لەو مەیدانەشدا لەناو شاعیرانی کلاسیکی کورد، گۆی هونەری بردووەتەوە. لە کۆی (٣٧٦) پارچە شیعری کوردیی دیوانەکەیدا (١٤٢) پارچەیان شیعری پاش سەروادارن کە ڕێژەیان دەکاتە (٣٧,٧ ٪)ی شیعرە کوردییەکانی. هەروەها لە کۆی (١٩) شیعری فارسیدا (١٣) شیعریان پاش سەروایان هەیە، واتە ڕێژەی (٦٨,٤ ٪)ی شیعرە فارسییەکانی. وەکو زۆرترین بەشیش لە پاش سەرواداری بەر غەزەلەکانی دەکەوێت، بەو هۆیەی شیعری غەزەل لە دیوانی سالمدا پشکی شێری بەر دەکەوێت، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەوە پاش سەرواداری لە بنەڕەتدا وەکو سەنعەت و هونەر تایبەت بە شیعری غەزەلیاتە بەر لەوەی هی فۆرمە شیعرییەکانی دیکە بێت. لە نموونەی قەسیدە و ڕوباعی قیتعە و مەسنەوی ئەوانی تر. (کدکنی، ١٣٧٩، ١٥٦) بۆ مەسەلەی لێکۆڵینەوە و پۆلبەندی لە سەنعەتی پاش سەرواداری لە شیعری سالمدا، دەشێت لە چەند ڕوویەکەوە لێیان بدوێین، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ_ ڕێژەکانی کاری یاریدەدەری (Verb to be)، لە وێنەی (بوو، هەیە، دەبێت) لەگەڵ ڕێژەی نەرێکردنیان لە ژمارەیەکی زۆری تێکستدا بوون بە پاش سەروا، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

- کاری یاریدەدەری (هەیە) لە (٤) تێکستدا و نەرێیەکەی (نییە) لە (٦) تێکستدا هاتوون:

**حاڵەتی عاشق گەلێ ئەوقاتی دڵگیری هەیە**
**صوبح دەم بۆ ئەهلی دڵ، ئەنواعی تەئثیری هەیە**
**ضەربی سوجدەی ئاستانەت باز ڕەواجی دا بە ڕووم**
**خاکی دەرگات بۆ جەبینم حوکمی ئیکسیری هەیە**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٨٧٣)

**بۆ منی بێ سەروپا، غەیری وەفا، پیشە نییە**
**بۆ دڵی من، صەنەما! جوز ستەم، ئەندێشە نییە**
**تاب و ڕەنگم نییە ئەز بەسکی تکا خوێنی دەروون**
**مەیی ئەحمەر کە نەما، ڕەونەقی ناو شیشە نییە**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٨٧٣)

_ (بوو) لە (١٤) تێکستی شیعریدا بووەتە پاش سەروا:

**ئەگەرچی شەو ئەنیسم وەك مەلەك بوو**
**بەبێ تۆ، تیری ئاهم تا فەلەك بوو**
**کە ئەڵماسی موژەت گێڕا بە دڵما**
**بەجوز تۆ، هەرچی مەوجووداتە حەك بوو**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٦٢٦)

_ ڕێژەکانی کاری یاریدەدەری (دەبێ، ببێ، نابێ، نەبێ) لە ژمارەیەك لە پارچە شیعرەکان شوێنی پاش سەروایان گرتووە. بگەڕێوە بۆ (مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٥٨_ ٩٩٣)، بۆ نموونە:

**خۆزگە دەمزانی لە تارانێ نەجاتم کەی دەبێ؟!**
**کۆیی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ؟!**
**طەیی ئەرزم بۆ نەکا، تا ڕۆحی شاهی نەقشبەند**
**کەی بەپێی پڕ ئابلەم وادیی فیراقت طەی دەبێ**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٨٣)

_ ڕێژەکانی کاری یاریدەدەری (Verb to do) لە وێنەی (کا، دەکا، بکا، نەکا...) لە ژمارەیەك پارچەدا شوێنی پاش سەروایان گرتووە:

**بە مەحضی جەوری دڵبەر، هەر کەسێ تەرکی مەحەببەت کا**
**لە قەبریشـــا، بە میحنـــەت، تا قیامەت گریـــە عادەت کا**
**قوبووڵ ناکا ببـــێ غـــەیرەز پەریشـــانی لە عالەمـــدا**
**فەلەك، گەر پێڕەویـــی کرداری یاری بـــێ مرووەت کا**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٠٣)

**پەنجە بۆ تەصویری ئەبرووت، پەیڕەویی (مانی) دەکا**
**خامە بۆ زەنجیری گێسووت، عەنبەر ئەفشـــانی دەکا**
**قووتـــی ڕۆحە لێوەکەت، یاقووت وەهـــا ئاودار نییە**
**مەنعی بازاڕی عەقیـــق و لەعلـــی ڕوممـــانـــی دەکا**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٠٣)

**دیدە بێ دیداری دڵبـــەر تارە، مەستووری نەکا**
**خۆیشی نەزدیـــکە لە نەزدیـــکم، بلا دووری نەکا**
**دەهری دوون ناپایـــەدار و نازەنینان بـــێ خەبەر**
**بەم قەرارە، حەیفە با مەعشووقە مەغرووری نەکا**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٠٩)

د_ جێناوە سەربەخۆکانی (تۆ، من) لە (٨) تێکستدا بوون بە پاش سەروا:

**عاقیبەت لەذذەتی دا کەشمەکەشی زەحمەتی تـۆ**
**میننەتـــی نایە سەرم، مەیمەنەتی مەینەتی تۆ**
**میهری ڕووت بەسکە لە دڵمایـە شەوی هیجرانـت**
**نیمە یەك ذەڕڕە لە ڕۆژدا هەوەســی ڕوئیەتی تۆ**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٧٢٥)

**بەخوڕ خوێن بێنە، ئەی گریە ! لە چاوەی چاوی تاری من**
**حەنا لازم بووە بۆ پێـــی سەگی کۆیـــی نیســـاری مـن**
**ڕەفیقان، گەر دەچن بۆ سەیری باغ و گوڵ، خودا حافیـظ**
**موهـــەییایە لە ڕووی یـــارا گوڵ و باغ و بەهـــاری مـن**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٦٧)

**ئاستی وشە:** لەم ئاستەدا وشەکان یا ناو دەبن لە وێنەی (دۆست، حەبیب، یاد، ئەحمەد، کاغەز، عومەر، دڵ، سەمەرقەند، بەهار، حوسەین، یار، ئاسمان)، یاخود ئاوەڵناو لە وێنەی (ئاشکار، ظاهیر، عەیان، موشکیلە) یا ئاوەڵکار وەکو (عاقیبەت، عەبەث، زەحمەت، هەموو، دەم)، یان ئەوەتا کاری تەواو دەبن وەکو (دەردەخا، هێنا، هات، گرت، هات و گوزەشت، دەباریێ، دەڕژێ)، ئەم وشانە هەر یەکێکیان بووە بە پاش سەروا لە تێکستێکدا. لێرەدا بۆ هەر جۆرێك لە وشەی پاش سەرواکان نموونەیەك دەهێنینەوە:

ناو:

**نەما ڕەنگم بەبێ دیداری ئەحمەد**
**چ دڵتەنگم بەبێ ڕوخساری ئەحمەد**
**سەری پڕ شۆڕشم سەودایی هیجران**
**دوو چاوم تا سەحەر بێداری ئەحمەد**

(مودەڕریس، ٢٠١٥، ٢٦٥)

ئاوەڵناو:

**ئەگەر شەو ڕۆشنایی بێ لەبەر نووری قەمەر ظاهیر**
**دەکا پیشانیی یارم لە دەیجوورا سەحەر ظاهیر**
**بە سەهلی تێ مەگەن یاران! غوباری مەقدەمی دڵبەر**
**بە مادەرزادەیی ئەعما گەر بکا نووری بەصەر ظاهیر**

(مودەڕریس، ٢٠١٥، ٣٦٧)

کار:

**بەسەر گوڵدا لە شانەت دڵ دەبارێ**
**قەضا بۆ دڵ لەسەر سونبول دەبارێ**
**چراغێ ڕووبەڕووی حوسنت بسووتێ**
**بە دوودی ئەو لە هەورا گوڵ دەبارێ**

(مودەڕریس، ٢٠١٥، ٩٩٩)

ئاوەڵکار:

**شۆڕی شەهرم گەر وەهابـــێ، جێمە هاموون عاقیبەت**
**یاری لەیلا خەصلەتم دەمکاتـــە مەجنـــوون عاقیبەت**
**گەر شەپۆلی بەحـری ئەشـــکم موڵـکی ڕووم وا داگرێ**
**دەبنە یەك هەردوو لەگەڵ دەریایی جەیحوون عاقیبەت**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٣٩٧)

گرێی ناوی:

**گوریزانـــی جەفـــــام، ئەی تورکی سیمین بەر، خودا حافیظ**
**لەتاو جەورت دەڕۆم، ئەی شۆخی مەه پەیکەر، خودا حافیظ**
**بە یەغما چوو، لە یەك ئیـــما، مەتـــاعـــی صەبـــر و ئارامم**
**بە دەرویشی دەڕۆم، ئەی تـــورکی غارەتـــگەر، خودا خافیظ**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٣٩٧)

گرێی کاری:

**بۆ منی سەرگەشتە، ئەلحەق، بێ وەفا بوو ئاسمان**
**دەرحەقم ئەمجـــارە یەکسەر پڕ جەفا بوو ئاسمان**
**تێکی دا بونیادی وەصـل و شیشەیی بەزمی شکاند**
**بۆ خەرابـــی موڵکی دڵ، پڕ موددەعا بوو ئاسمان**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥١٩)

**پاش سەروا لە شیعرە فارسییەکانی سالمدا:**

ئەوەی پەیوەندیی بە تێکستە فارسییەکانیشەوە هەیە لەو بوارەدا وەکو پێشتر ئاماژەی پێدراوە. لە کۆی (١٨) تێکست و تاکێکەوە، ئەوا (١٠) تێکست و تاك دێرەکە پاش سەروایان هەیە. پاش سەروای ئەمانیش لە وێنەی تێکستە کوردییەکان، لەنێوان پاش سەروای یەك بڕگەیی لە نموونەی کاری ناتەواوی (شد)ی یاریدەدەر، تا دەگاتە کاری تەواو لە نموونەی (انداخت)، تا وەکو پێکهاتەی (کار+ جێناو)، ئینجا فرێز و ڕستە. لێرەوە نموونەکان بۆ هەر دۆخێك بە جیا نیشان دەدەین:

_پاش سەرەوای یەك بڕگەییی سادە، کاری یاریدەدەر:

**باز لیلی ز خیـمه بیرون شد**

**بند ببرید و عقل مجنون شد**

**برقع از رخ فکند جلوەکنان**

**آفت عاشـــقان محزون شد**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٠٥٠)

_ کاری تەواو

**تا مشــك سیــه سر گل چتر برانداخت**

**بر طلعت مه شب ز خجالت سپر انداخت**

**پـــروانهٔ دل گرم پر طوف رخـــش بود**

**از پرتو آن شمـــع درخشنده پر انداخت**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٠٣٧)

_گرێی کاری (می سازد):

**ز خالش دلبرم در دام گیسو دانه می سازد**

**اساس صید مرغ دل چ استــادانه می سازد**

**سر و جانم فـدای دلبری گردد که در خلوت**

**برای بزم عاشـــق از لبش پیمانه می سازد**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٠٤٦)

**ئەنجامەکان**

١_ پاش سەروا وەکو سەنعەتێکی جوانکاریی شیعری، لە شیعری فارسییەوە سەری هەڵداوە و پاشان لەناو شیعری میللەتانی دیکەشدا لە ڕۆژهەڵات بڵاو بووەتەوە، وەکو عەرەب و تورك و کورد.

٢_ پاش سەروا سێ ئەرکی بنەڕەتی هەیە: ئەرکێکی مۆسیقایی، ئەرکێکی دەلالی، ئەرکێکی ڕێزمانی.

٣_ سنووری پاش سەروا دەشێت یەك بڕگە بێت، هەروەها بۆ وشە و گرێ و ڕستەیەکیش فراوان دەبێتەوە.

٤_ ئەم هونەرە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا پێشینەیەکی دێرینی هەیە، لە هەر چوار قوتابخانە شیعرییە ناودارەکەی کوردی (لوڕی، گۆران، کرمانجی، بابانی)، سەنعەتێکی شیعری باو و بڵاو بووە.

٥_ لە قوتابخانەی شیعری کوردیی ناوەڕاست (بابان)دا و لای شاعیرانی هاوسەردەمی سالم، ئەم هونەرە بایەخێکی بەرچاوی هەبووە و پێڕەوی لێ کراوە.

٦_ پاش سەروا لە شیعر و بەرهەمی سالم وەکو سەنعەتێکی شیعری زۆر پێڕەوی لێ کراوە و بوونێکی بەرچاوی هەیە.

٧_ پاش سەرواکان لە شیعر و دیوانی سالمدا فرە جۆر و ڕەنگاوڕەنگن، بە جۆرێك هەموو ئاستەکانی وشە و گرێ و ئاستی ڕێزمانی گرتووەتەوە.

**سەرچاوەکان**

١_ حەمەبۆر، محەمەد مستەفا، ٢٠١٠، دیوانی کوردی، ب١، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢_ حق شناس، علی محمد، ١٣٧٠، مقالات، انتشارات نیلوفر، تهران.
٣_ دستگردی، وحید، ١٣٨٧، دیوان بابا طاهر، چاپ و انتشارات اقبال، تهران.
٤_ دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ جزیری، سپیرێز، دهۆك.
٥_ دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم و مەسعود خالد گولی، ٢٠١٠، دیوانا نەفعی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٦_ عزیز، هیوا نورالدین، ٢٠١٦، عەرووزناسیی شیعری کلاسیکی کوردی، پەرتووکخانەی سۆران بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٧_ کدکنی، محمد رضا شفیعی (دکتر)، ١٣٧٩، موسیقی شعر، مؤسسەء انتشارات آگاه، تهران.
٨_ کدکنی، محمد رضا شفیعی (دکتر)، ١٣٧٩، صور خیال در شعر فارسی، مؤسسەء انتشارات آگاه، تهران.
٩_ گەردی، عەزیز (د)، ١٩٩٩، سەروا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
١٠_ مەلا کەریم، محمدی، ١٩٧٠، دیوانی بێخود، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا.
١١_ مدرس، مەلا عبدالکریم و ئەوانی تر، ١٩٧٦، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٢_ مدرس، مەلا عبدالکریم و ئەوانی تر، ١٩٧٦، یادی مەردان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٣_ موتابچی، امین (دکتۆر)، دیوانی مەلا وەسمان، مطبعة الاداب، النجف الاشرف.
١٤_مودەرریس، مەلا عەبدولکەریم و ئەوانی تر، ٢٠١٥، دیوانی سالم، ب١_ ب٢، بنکەی ژین، سلێمانی.
١٥_ هەژار، ١٩٨٩، مەم و زین، ئەنستیوتی کورد، پاریس.

# ڕەمز و ئاماژە لەشیعری سالمدا
## (داستانی – ئەفسانەیی – مێژوویی – ئایینی – فەرهەنگی)

### بەشی یەکەم

**تەوەری یەکەم:**

**أ/ چەمک و زاراوە و پێناسە:**

لە ڕەخنەی تازەدا چەمک و زاراوەگەلێکی لە چەشنی (ڕەمز – سیمبوڵ)، (هێما و ئاماژە – سیمۆتیک)، (نیشانەکاری – دال و مەدلول)، هەر کام بوار و کایەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئێمە لە خستنەڕووی ئەم باسەدا لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی (ڕوونبێژی و جوانکاریدا)، هەوڵمان داوە سوود لەم چەمک و زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییە تازانەش وەربگرین.

پەنابردنی شاعیران بۆ سوود وەرگرتن لە بوارەکانی بەکاربردنی ڕەمز و هێما و نیشانەکاری لە شیعردا، وەک ئەوەی لە جوانکاری واتاییدا باس دەکرێت، تاڕادەیەک دەچێتە خانەی جۆرێک لە هونەر و کارسازی ئەدەبی بەناوی (تەلمیح – تێلنیشان)ەوە. ئێمە لەم باسەدا لە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە دەڕوانینە مەسەلەکان و هەوڵ دەدەین لە پێناسەیەکی گشتگیردا ڕەمز و ئاماژە و تەلمیح یەک بخەین. بۆیە دەڵێین ڕەمز و ئاماژە و تەلمیح، بریتییە لە هێنانەوەی ناوێک یا زاراوەیەک یا دەستەواژەیەک لە شیعردا، کە ئاماژە بۆ چەمکێک یاخود بابەتێکی فراوانتر بکات، لەوێنەی داستان و ئەفسانەیەک یا ڕووداو و بەسەرهاتێک یا پەندێکی پێشینان یا شیعرێک یاخود بابەتێکی ئایینی، بە کورتی و بەبێ ئەوەی تەواوی بابەتەکە باس بکات و لەسەری بوەستێت(*).

---

(*) لە سەرچاوە کوردییەکانی تایبەت بە ڕەوانبێژی لە وێنەی: (ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، خۆشخوانی، جوانکاری لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا) لە هەرکامیان

لێرەدا چەمک و زاراوەکانی وەکو (ڕەمز و تەلمیح و نیشانە) دەشێ هەموویان لەژێر چەتری (ئاماژە، هێما)دا کۆ بکرێتەوە، چونکە لە پێناسەی گشتیدا یەک دەگرنەوە، کە هەریەکێکیان وشەیەک یا پێکهاتەیەکە لە شێوەی هێما و ئاماژەدا، کە نوێنەرایەتی بابەتێکی فراوانتر لە دەرەوەی خۆیدا دەکاتەوە. بۆ نموونە (نالی) دەڵێ:

- **سەر (بەردەباز)ی ڕێتە، تەن تەختەبەندی جێتە**
**دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕۆح ماڵی خۆتە بیبە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٣٩٥)

- بەردەباز: بەرد + ە + باز، بەردێکە لە ناوەڕاستی جۆگایەکی تاڕادەیەک بەرین، یان تەنکاوێکدا دادەندرێت تا یارمەتی مرۆڤ بدات لە پەڕینەوە و دەربازبوون. ئەمجارە وەکو (ڕەمز و خوازە) هێمایە بۆ خۆبەختکردن و خاکەساری لە پێناوی خەڵکیدا. لە پێناسەی سەرەوەدا ئەم لایەن و وردەکارییانە بۆ (ڕەمز و ئاماژە و تەلمیح) دەستنیشان دەکرێت:

١- ئاماژەکردن بۆ چیرۆک، داستان، ئەفسانەیەک. (کوردی) دەڵێ:

- **خۆت بۆ ستەمان کەم بووی، بیستت قسەی ئاغیاریش**
**(فیرعەون)ی زەمان ئامان، گوێ مەگرە لە (هامان)ت**

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٩١)

هەردوو ناوەکە ئاماژە بۆ داستانی حەزرەتی مووسا لەگەڵ فیرعەونی پاشای وڵاتی میسر دەکەن.

---

=

پێناسەیەک بۆ (تەلمیح) خراوەتە ڕوو. پێناسەکان وەکو یەک نین، بەڵام زۆریش لە یەکتر دوور نین. وەکو لەسەرەوە باس کراوە ئێمە لە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە دەڕوانینە (تەلمیح). هەروەها ناولێنانی (تەلمیح) بە (تێلنیشان) دیار نییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە! بۆیە ئێمە لەم باسەدا پەنا بۆ زاراوەکە خۆی دەبەین.

٢- ئاماژەکردن بۆ ڕووداو و کەسایەتیی مێژوویی. (نالی) دەڵێ:

- **شـاهی جـەم جـا (نـالیا)، تاریخ جم، تـەئریخییە دانەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو**

(مدرس، ١٩٧٦، ٣٧٤)

لەم دێڕەدا (تاریخ جم) ئاماژەیە بۆ مێژووی ڕووداوێک، ئەویش مردنـی سـلێمان پاشـای کـوڕی ئاوڕەحمـان پاشـای بابـانە لە سـاڵی (١٢٥٤ی کۆچی)دا. هەروەها ئاماژە بۆ ناوی دوو کەسایەتی و قارەمانی مێژوویش کراوە، یەکەمیان (جەم – جەمشید) پاشای کیانییە، دووەمیان (ئەسکەندەری مەکدۆنی)یە.

٣- ئاماژەکردن بۆ شیعرێک یان پەندێک (نالی) دەڵێ:

- **شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکیی (کـەی لـە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا)**

(مدرس، ١٩٧٦، ١٠٧)

- ئەم نیـوەدێڕەی دوایـی لەشـێوەی ئیـدیەم یـاخود پەنـدێکی پێشینانە، کەوا لە شیعرەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

٤- ئاماژەکردن بۆ بابەتێکی ئایینی: (نالی) دەڵێ:

- **(نالی)، نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە ئـەمما نـیەتی قـووەتی دڵ، قـودرەتی ئینشا**

(مدرس، ١٩٧٦، ٧٨)

لە نیوە دێری یەکەمدا دەستەواژەی (سیحری بەیـان و حیکمەتی شیعر) هاتووە، کە ئاماژەیە بۆ فەرمـوودەیەکی پێغەمبەر (د. خ): (ان من الشعر لحكمة وان من البيان لسحرا).

دەشێ باسەکە درێژەی پێ بدرێت نموونەی ڕەمز و ئاماژەکردن بـۆ زانیـاری و رۆشـەنبیریی گشـتی، ڕێوڕەسـم و نەریـت و لایەنـی ئەدەبیش بهێندرێتەوە.

**ب/ مەبەست لە بەکارهێنانی ڕەمز و ئاماژە و تەلمیح:**

١- بەدیهێنانی زمانێکی شیعریی تایبەت و تۆکمە و پتەو. شاعیر بەهۆی چڕکردنەوە و بەکارهێنانی زمانێکی تەلیسماوی پڕ لە ڕەمز و ڕاز و ئاماژەوە دەتوانێت زمان و شێوازێکی شیعری سفت و کاریگەر دابهێنێت، وەک ئەوەی عەرەب دەڵێ: (التلميح أبلغ من التصريح).

٢-بەهێزکردنی بابەت و مەبەستی ناوەڕۆکی شیعر، بە سوود وەرگرتن لە زیادەڕۆیی و زمانی خوازە و مەجاز و چواندنی بەهێزەوە.

٣- فراوانکردنی واتە و دەلالەت لە بەرانبەر بەکاربردنی وشەگەلێکی کەمدا، واتا وەکو دەگوترێت بە وشەی کەم و بچووک واتا و دەلالەتی زۆر و گەورە بدەیت بەدەستەوە، کەواتە کۆبەندی ئەم سێ خاڵەی پێشوو؛ خۆی لەدەست پێڕاگەیشتن بە زمانێکی شیعریی پتەو، شێواز و دەربڕینی جوان و سەرنجڕاکێش و، واتا و دەلالەتی قووڵ و فراواندا دەبینێتەوە.

٤- لەپاڵ ئەمانەشدا سوود وەرگرتن لە ڕەمز و ڕاز و هێما و ئاماژە، جۆرێک لە تەم و مژ و لێڵی لە دەربڕیندا دێنێتە ئاراوە. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا مەبەستی شاعیرە و ئاستی جوانکاری و ئەدەبییەتی دەقی شیعری بەرز دەکاتەوە. ئینجا لە ڕێگەی (ئیحاله) کردن و (تەداعی)یەوە خوێنەر پەی بە مەبەست و ناوەڕۆکی ڕەمز و کۆدەکان دەبات و دەتوانێت شییان بکاتەوە. ئەم کارە هەم تێگەیشتنێکی هونەری دروست دەکات و هەم چێژێکی ئەدەبی لە لای خوێنەر بەرپا دەکات.

**ج/ پێکهاتە و چۆنیەتیی دروستبوونی ڕەمز و ئاماژەی تەلمیحی:**

١- هەر چیرۆک و ڕووداو و بەسەرهاتێک لە هەر بوارێکدا بێت، داستانی، ئەفسانەیی، مێژوویی، ئایینی... تاد، بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕووی بنیات و پێکهاتەوە لە چەند یەکە (بنەما – سازە)یەکی سەرەکی پێکدێت وەکو؛ کەسایەتی و قارەمان، ڕووداو، کات و شوێن و شانۆی

ڕووداوەکان، ئینجا وەسف و سیمای قارەمانەکان و لەپاشان زنجیرە و ئەڵقە و بەشەکانی چیرۆک و ڕووداوەکان ... تاد.

ئینجا شاعیر لە کاتی سازکردنی ئاماژەیەکی تەلمیحی، بۆ ئەوەش مانا و دەلالەتی ئاماژەکە بەدروستی بگەیەنێت، ناچار دەبێت لانی کەم دوو دانە لە یەکە و سازە پێکهێنەرەکانی داستانەکە بێنێتەوە.

(کوردی) دەڵێت:

- **کوێر بوو دیدەم، وەکو (یەعقووب)، بەخودای دیدەکە بۆت**
  **سا بێرە وەکو (یوسف) بەشفای دیدەکە بۆت**

(حەمە بۆر، ٢٠١٠، ١٠٨)

لەم دێرەدا دوو (یەکە – سازە)ی سەرەکی بەدی دەکرێت کە بریتین لە (یەعقووب) و (یوسف)، کەوا ئاماژە بۆ داستانی (حەزرەتی یوسف) دەکەن. دەشێ لە دێرێکدا لە دوو یەکە و نیشانە زیاتر هەبێت وەکو ئاماژەی تەلمیحی دەلالەت بۆ هەمان داستان بکەن بە مەرجێک نیشانەکان لەگەڵ یەکتریدا گونجاوبن، هەروەها وەکو یەکەی گرێدراو تەواوکەری یەکتر بن. وەک لەم نموونەیەی (نالی) دا هاتووە:

- **(هودهود)ی دڵ حەبسی (بەڵقیس)ی (سەبا)ی دیوە یەقین**
  **خۆی کە دامێن گیری (شاهـ)ی (ئاصەف)ی ثانی دەکا**

(مدرس، ١٩٧٦، ١٠٥)

ئاماژەکانی وەکو (هودهود، بەڵقیس، سەبا، شاهـ ، ئاصەف) هەموویان بنەماگەلێکی یەک داستان پێکدەهێنن کە ئەویش داستانی (حەزرەتی سلێمانی پێغەمبەرە)، ئینجا بنەماکان هەم ڕێکەوتن و گونجان لەنێوانیاندا هەیە و هەمیش تەواوکەری یەکترین. بەڵام وا پەسەند و باوە هەرچەندی نیشانە و ئاماژە تەلمیحییەکان کەمتر بن (لانی کەم دووان)، ئەوا دێری شیعر لە باری لێڵی و ئاڵۆزییەوە هونەریتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هاتو ئاماژەکان لە هەرە ناودار و ناسراوەکانی داستانەکان بن (شمیسا، ١٣٨٩، ٥١).

٢- وا دەبێت تەنیا لە ڕێگەی (یەک پێکهاتە)وە لە دێری شیعردا ئاماژە بۆ ڕووداو و داستانێک دەکرێت. لەم حاڵەتەدا پێکهاتەکە لە شێوەی (یەکەیەکی لێکدراو)ەوە دەبێت، جا یا لە شێوەی (پێکهاتەی وەسفی)دا دەبێت لە وێنەی؛ فەرهادی کوهکەن، زاڵی پیل ئەفگەن، پیری کەنعان، یا (پێکهاتەیەکی ئیزافی)، لە وێنەی شیرینی ئەرمەن، سلێمانی زەمان، خوسرەوی پەرویز... (نالی) دەڵێ:

- **ئەهلی ئەم شارە هەموو نۆکەر و ئەتباعی ئەون**
  **(یوسفی میسرە)، عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٥٧١)

(یوسفی میسر)، پێکهاتەیەکی ئیزافییە و ئاماژە بۆ داستانی (حەزرەتی یوسف) دەکات.

٣- ڕەمز و ئاماژە لە شێوەی قالب و کلێشە و مۆتیڤ: هەندێک لەو ڕەمز و ئاماژە و نیشانانەی لە شیعری کلاسیکدا دێن، لە دەرەوەی پێناسەی تەلمیحن و ئاماژە بۆ ڕووداو و داستان و مێژووییەک ناکەن، بەڵکو هەر خۆیان ڕەمز و ئاماژەی ئەدەبی و فەرهەنگی تایبەتن، دەلالەت بۆ چەمک و بابەت و تێگەیشتنێک دەکەن و لە وێنەی قالب و کلێشە دێن و پاتە دەبنەوە. بەشێک لەمانە لە شێوەی ناوێک یا زاراوەیەکەوە دێن و دەلالەت بۆ بابەتێک دەکەن کە پەیوەندیی بە نەریت یا ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی یاخود زانیاری گشتییەوە هەیە. لەوێنەی؛ ئیکسیر، گۆگردی ئەحمەر، شەمعی کافوور، وەک لەم دێرەی (نالی) دا هاتووە:

- **ئەی شەمسی مایە پەروەر و (ئیکسیری) قەلبی خاک**
  **بنوارە حالی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٤٣١)

هەندێکیشیان لە شێوەی ڕەمز و مۆتیڤی ئەدەبین، واتا وشە و زاراوەگەلێکە لە شیعر و ئەدەبیاتدا بە واتا و دەلالەتی تایبەت هاتوون و وەکو مۆتیڤ و زاراوەی ئەدەبی جێگیر بوون و ڕۆیشتوون و دێن و دووبارە دەبنەوە. لە وێنەی؛ ڕەقیب، مەیخانە، تورک، شەمع و پەروانە... تاد. (کوردی) دەڵێ:

- **(ڕەقیب) سەد جار دەرم کا یاجنێوم پێ بدا،**
  **ناعیلاجم، هەر دەبێ بێم، بۆ صیلاحی کارەکەم**

(حەمە بۆر، ٢٠١٠، ب٢، ٣٥٠)

## تەوەری دووەم:

### أ/ ڕەمز و ئاماژە و تەلمیح لە شیعری سالمدا:

وەکو لە پێشەوەدا باس کراوە، هونەری ئاماژە و تەلمیح بابەتێکی جوانکارییە و بە پلەی یەکەم لە خزمەتی ئارایشتکردن و قووڵکردنەوەی واتادایە. ڕادە و چۆنییەتیی بەهرەگیری هەر شاعیرێکیش بەندە بە ئاستی زانیاری و ڕادەی ڕۆشنبیریی شاعیر خۆیەوە تا چ ڕادەیەک ئاگاداری لەبارەی مێژووی کۆن و نوێ، داستان و ئەفسانە و زانستی ئایینی و زانیاریی گشتییەوە هەیە. یا بە واتایەکی دیکە کۆگای بیر و هۆش و خەیاڵدانی شاعیر تا چەند سەرشار و پڕە لە زانست و زانیارییە جۆراوجۆرەکان و لە ئاکامدا هەر ئەم پاشخانە ڕووناکبیرییە ساماندارەیە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ سوود وەرگرتن لەم سنعات و هونەرەدا.

لەناو شاعیرانی کلاسیکی کورددا سالمی ساحێبقڕان بەوە ناسراوە، کەوا مرۆڤێکی ڕووناکبیر و کارامە و شارەزا بووە لە هەموو بوار و زانستەکان، چونکێ وەکو دەبینین شیعر و دیوانی سالم ئاوێنەی بالانوێنی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و فرەلایەنی سالم خۆیەتی و هەروەها هی سەردەمەکەشییەتی (قەرەداغی، ٢٠١٠، ١٤). کەم وایە پارچە شیعرێکی سالم هەبێت، خاڵی بێت لە چەند ڕەمز و ئاماژە، بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، داستان و ئەفسانەیەک، ڕەسم و نەریتێک یا زانیارییەکی گشتی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی. هەروەها لە قەسیدەکانیشیدا ڕوون و ئاشکران کەوا تێگەیشتنێکی قووڵیشی سەبارەت بە هاوکێشە سیاسییەکانی سەردەمەکەی هەبووە دەرحەق بە میرایەتیی بابان و ئەو کێشە و گرفتانەی دووچاری هاتوون لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا. سالم ئاشنایەتی و شارەزاییەکی زۆری لەگەڵ فەرهەنگی فارسی و ئێرانیدا هەبووە. تەنانەت سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی فارسی لە شیعری سالمدا وەکو دیاردەیەک بەرچاو دەکەوێت. بە شێوەیەکی ڕەهاش دەکرێت ئاماژە بۆ ئەو لایەنە بکرێت، کەوا هیچ

شـاعیرێکی کلاسـیکی کـورد بەقەدەر سـالم لە شـیعرەکانیدا ڕەمـز و ئاماژەی مێژوویی و داستانی و ئەفسانەیی بەکارنەهێناوە. بەتایبەتیش داسـتان و ئەفسـانە ئێـرانییە ناودارەکـان، چ ئەوانەی لە (شـانامەی فیردەوسی)دا هاتوون یا لە شیعر و دیوانی شاعیرانی گەورەی ئێرانیدا ئاماژەیـان بـۆ کـراوە. ئەوەی ڕاسـتی بێـت مەسـەلەی لێکـدانەوە و بەدواداچوونی وشە و زاراوەکان و ڕەمز و ئاماژە و نیشانە داستانی و فەرهەنگـی و ئەدەبییەکـان لە شـیعر و دیـوانی سـالمدا پێویسـتی بە فەرهەنگێکی تایبەت هەیە کە لە توانا و بڕستی ئەم باسەی ئێمەدا نییە.

**ب/ چۆنیەتیی ڕەمز و ئاماژەکان لە شیعری سالمدا:**

موتوربەکردنی دێرەکان بە ڕەمز و ئاماژەی تەلمیحی لە شیعری سالمدا بە چەند شێوە هاتووە:

١- بەکارهێنانی ڕەمز و ئاماژەکان لە شێوەی پێکهاتەی وەسفی، یاخود پێکهاتەی ئیزافی. بۆ نموونە:

- **سـیحری فیکری من، قەڵەم دێنێتە چەرخ**
  **(موعجیزەی عیسا)، بوو، (چالاکیی عەسا)**

(دیوان: ١١٥)[١]

- (مـوعجیزەی عیسـا) پێکهـاتەیەکی ئیـزافییە و ئامـاژە بـۆ داسـتانی حەزرەتی عیسای پێغەمبەر دەکات.
- (چـالاکی عەسـا) پێکهـاتەیەکی وەسـفییە و ئامـاژەیە بـۆ داسـتانی حەزرەتی مووسای پێغەمبەر.

٢- هـاتنی یەک ڕەگەز و سـازەی داسـتانی، لە وێـنەی ڕەمـز و ئاماژەیەک بۆ داستانەکە لەگەڵ چەند وشەی دیکە، کە واتا و دەلالەتێکی تەواوکەریـان هەبێـت و سـەرنجی خـوێنەر بەرەو لای داسـتانەکە

(١) بە مەبەسـتی کـورتبڕی سـوودمان لەم کلێشـەیە (دیـوان: ل) وەرگرتـووە، کە ئامـاژەیە بۆ دیوانی سـالم و ژمـارەی لاپەڕەکەی. ئەمە لە بـری ئەوەیە کە هەر جارە بنووسین؛ (مودەرریس، ٢٠١٥، ل ...).

ڕابکێشـــن. ئەم بەشـــانەی دیـــکە یەکەی لاوەکـــی و تەواوکەرن بـــۆ داستانەکە:

- **(جەم) لەذذەتی خوماری وەکوو من نەدی، ئەبەد**
**نـــۆشیومە تـــا شـــەرابی مەحەببەت بە جامی دڵ**

(دیوان: ٤٢٥)

(جەم) تاکە ڕەگەزێکی تەلمیحییە و ئاماژە بۆ داستانی (جەمشیدی هەخامەنشی) دەکات. وشەکانی وەکو (خومار و شەراب و جام) وشـە و ڕەگەزی لاوەکین، تەواوکەری نیشانەکەن، چونکێ جەمشید، بە جام و شەراب ناودار بووە. وا دەبێت یەک ڕەمز و ئاماژە بەتەنیا دێت، بەڵام وەسفێکی لەگەڵ هاتووە و چەمکی ئاماژەکە ئاشکرا دەکات:

- **دەترسم بێ لەناکاودا (سـەمووم)ێ**
**نە گوڵ بێڵێ، نە دڵ بێڵێ، نە گوڵزار**

(دیوان: ٢٩٥)

سێ دەستەواژەکەی نیوەدێڕی دووەم، چەمک و کرۆکی نیشانەکە (سـەمووم) ئاشـکرا دەکەن، کەوا ئامـاژەیە بـۆ بـاهۆزە وێـرانکەرە ناودارەکە.

٣- ڕەمـز و ئامـاژە ئەدەبییەکـان، هەر خۆیـان هێمـا و ئامـاژەی سەربەخۆ پێکدەهێنن و وەکو کلێشە و مۆتیڤ دووبارە دەبنەوە. یا ئەو وشـە و زاراوانەی لە شـێوەی ڕەمـز و ئامـاژە دێـن و پەیوەنـدییان بە فەرهەنگ و زانیاریی گشتییەوە هەیە.

- **یارم لە دەر دەروون هات، دەستی (ڕەقیب) لە دەستا**
**غـــەمناک و شـــادمانم: ڕەحـــمەت عـــەزابی هـێنا**

(دیوان: ١٣٥)

(ڕەقیب) ڕەمز و ئاماژەیەکی ئەدەبییە:

- **وجوودم ڕاستە خۆی سووتا، وەلێ ئەکثەر خەتای یـارە**
**لە ئەصلا قەلبی من (گۆگرد)ە، شوعلەی ڕوویی ئەو نارە**

(دیوان: ٧٥٦)

(گۆگرد) ڕەمز و ئاماژەیە، کە پەیوەندی بە زانیاریی گشتییەوە هەیە.

٤- بوونی دوو ڕەگەز و ئاماژەی تەلمیحی تایبەت بە یەک داستان:

- **نە (فەرهاد) کەوتە شۆری من، نە (شیرین) گەییە حوسنی تۆ**
**لە دڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بە ڕووی بەردا**

(دیوان: ٥٧)

٥- بوونی چوار ئاماژەی تەلمیحی بۆ یەک داستان:

- **لێوی یاقووتت (نگین)ە، (خاتەم)ی نادر ظوهوور**
**مۆری دەستی (ئاصەف)ە، ئەمری (سولەیمان)ی دەکا**

(دیوان: ١٠٤)

هەموو نیشانەکان (نگین، خاتەم، ئاصەف، سلێمان) ئاماژەن بۆ داستانی حەزرەتی سلێمانی پێغەمبەر.

٦- هەندێ لە ئاماژە تەلمیحییەکان لەشێوەی چوواندندا هاتوون، بەتایبەت چوواندنی ڕەوان، کە تیایدا تەنیا دوو بنەما سەرەکییەکە (لێچوو – لەوچوو) دێت:

- **(مولکی ڕەی – نەجد) و (منم – مەجنوون) و (لەیلا – دلبەر)م**
**(بێستوون – ئەلبورز) و (من – فەرهاد) و (شیرین – یارم)ە**

(دیوان: ٧٩٨)

**(شاوەتەن)، (لەقلەق خەرام)، (گەردەن سەقاقوش)، (سەرزەغەن)**
**(سابرێن ڕیش)، (ناقەزانوو)، (پێ شوتورمورغ)، (عەقل کەر)**

(دیوان: ٣٢٤)

سالم لە هەریەک لەم دوو دێرەدا لەشێوەی وێنەی چوواندندا، لە یەکەمیان چوار و لە دووەمیان هەشت ئاماژەی تەلمیحی هێناوەتەوە.

٧- وا هەیە ڕەگەز و ئاماژە تەلمیحییەکان بە واتایەکی خوازەیی (وەکو خوازە) وەرگیراون و بەکارهێندراون، نەوەک بە واتا دروست و ڕاستەقینەکانی خۆیان:

- **زاهــيدی خـەلوەت بـە ظاهیر مەنعی عیشقم لیٚ دەکا**
**(زاڵی دەوران)یش، لەبەر پیری، بووە عەقڵی خەرەف**

(دیوان: ٤٠٥)

زاڵی دەوران: لە واتا دروستەکەیدا ئاماژەیە بۆ (ڕۆستەمی کوڕی زاڵ) قارەمانی ناسراوی داستانەکان، بەڵام لەم دێرەدا شاعیر وەکو خوازە و بە مەبەستی ڕەمز و ئاماژە بۆ (چەرخی زەمانە) بەکاری هێناوە.

٨- جۆرێکی دیکە لە بەکارهێنانی ڕەمز و ئاماژەکان وا دەبێت، کە شاعیر ڕەمز و ئاماژەکان لە شێوەی دەستەواژەیەکدا دەخاتە ڕوو، کە بە شێوەیەکی گشتی تەعبیر لە ڕووداوێک یا داستانێک دەکەن:

- **(ئــەهلی کـووفە فەقدی ئاویان کرد لە میهمانی عەزیز)**
**خانەخۆیی من مەنعی نان و قووت و جێگە و ڕیٚ دەکا**

(دیوان: ٤٦)

نیوەدێری یەکەم ئاماژەیە بۆ (داستانی سۆزناکی کەربەلا)

- **دیدەنی ئەبروویی تۆ، (فیتنەیی شەهری صەفەر)**
**دیــدەیی جــادوویی تــۆ، مایەی حیلە و فەریب**

(دیوان: ١٥٩)

(فیتنەی شەهری صـەفەر) ئاماژەیە بۆ شوومی مانگی سەفەر لە مێژووی ئیسلامەتیدا، کەوا چەندین ڕووداوی کارەساتباری تیایدا ڕووی داوە. وەکو شەڕی (صەفەین)، کوژرانی ئیمام حەسەن، چلەی ئیمام حوسێن، کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام (د. خ).

**جـ/ ڕادەی سوود وەرگرتنی سالم لە ڕەمز و ئاماژەکان:**

وەکو لە پێشـەوە ئاماژەمـان پێـداوە ڕادەی توانـا و دەسـەڵاتی شاعیر لە سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی ڕەمز و ئاماژە و نیشانەکان بەندە بەتوانا و زانست و ڕۆشنبیری و شارەزایی شاعیر خۆیەوە.

سالمیش یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکیانەی کورد کە بەشێوەیەکی زۆر فراوان سوودی لەم هونەرە وەرگرتووە. ڕەمز و ئاماژە و نیشانە تەلمیحییەکان بۆ شاعیری بەتوانا و لێهاتوو لەوێنەی کەرەستەی خاوی هونەریدان و لە چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و چۆنییەتی خستنەڕوویان، پێویستی بە کارامەیی و لێهاتوویی و دەستڕەنگینی شاعیر هەیە، تا لە وێنەی سنعەتکارێکی هونەرمەند بەڕەچاوکردنی گونجان و هاوچەشنی لەسەر تەوەری هاونشینیدا هونەرمەندانە ڕیزبکرێن، نەوەک تەنیا ڕیزکردنێکی ناهونەری و هەڕەمەکی بێت. (شەمیسا، ١٣٨٩، ٤٤).

سەبارەت بە ڕادەی سوود وەرگرتنی سالم لەم هونەرە دەکرێ یەک دوو نموونە بهێنینەوە:

- لە لاپەڕە (٤٩٧)ی دیوانی سالم و دەستپێکی پارچەکانی پیتی (ن)دا، غەزەلێک هاتووە کە خۆی لە (٩) دێر پێکهاتووە بەڵام نزیکەی (١٦) ئاماژەی تەلمیحی تیادا هاتووە واتە نزیک لەوەی لە هەر نیوەدێرێک و ئاماژەیەکی تەلمیحی تیادا هاتبێت.

- ئەگەر دەورێکی ئەو قەسیدە ناودارەی سالم بکەینەوە کە لە (٤٢) دێردایە وەکو موژدە و نوقڵانەیەک بۆ گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای باباندا گوتویەتی، بەڕوونی دەبینین کە سەرشارە لە ڕەمز و نیشانە و ئاماژەگەلی (داستانی و مێژوویی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی)، بە ڕەنگێک کەم دێر هەیە کە شاعیر زیاتر لە دوو یا چەند ڕەمز و ئاماژەی تیادا بەکارنەبردبێت، وەک لەم چەند دێرەی سەرەتای قەسیدەکەدا دەبیندرێت:

- **تیر وەش (دەی مەهـ) گوزەشت و عەهدی (نەیسان) هاتەوە**
  **بولبولی بێ دڵ، لە دەوری گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە**
  **سەختگیری کرد ئەگەر سەرما، وەکو (ئەفراسیاب)**
  **بادی (نەورۆز)ی بە میثلی (پووری دەستان) هاتەوە**

**لەشـــکری گـــوڵ جـــوملە خەنـــدانن، دەڵـــێن ســـەرما شـــکا**
**تـــا (ســـولەیمان)ی صـــەبا بـــۆ (دێـــو)ی زســـتان هـــاتەوە**
**بـاغە پەژمـووردەی (خەزان) و خـوڕڕەمی (ئەوقـاتی حـووت)**
**(مـــاهی نەورۆزی) بە عەکســـی (مـــاهی ئابـــان) هـــاتەوە**
**... تاد**

(دیوان، ٨٣٠)

ئینجا ئەگەر بێتو بە وردی ڕووپێوێکی هەموو دێرەکان بکەین دەبینین سوود وەرگرتی شاعیر لە ڕەمز و ئاماژە و نیشانە داستانییەکان لە دێرەکاندا بەم شێوەیەیە:

دێری (١): دەی مەهـ/ نەیسان ⟵ ڕەمز و ئاماژەی تایبەتن بە ژمێرەی کەلوەکان.

دێری (٢) ئەفراسیاب/ پووری دەستان ⟵ ڕەمز و ئاماژەیە بۆ داستانی ڕۆستەمی زاڵ.

دێری (٣): سلیمان/ دێو ⟵ داستانی حەزرەتی سلێمان.

دێری (٤): ماهی نەورۆزی/ ماهی ئابان ⟵ حساب و ژمێرەی مانگ و وەرزەکان.

دێری (١٠): گوڵ شەوی ئوردی بیهیشت ⟵ حساب و ژمێرەی وەرزەکان.

دێری (١٤): یەعقووب/ یوسف/ کەنعان ⟵ داستانی حەزرەتی یوسف.

دێری (١٥): هودهود/ موڵکی سەبا/ تەختی سلیمان ⟵ داستانی حەزرەتی سلێمان.

دێری (١٦): قوسطەنطین/ صەدر/ سوڵتان ⟵ ڕەمز و ئاماژەی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانی.

دێری (١٧): ئاصەفی ثانی/ پاشاه ⟵ داستانی حەزرەتی سلێمان.

دێری (١٨): کەیخوسرەو/ جەیحوون/ ئیران ⟵ داستانی مێژوویی کەیخوسرەوی کیانی.

دێری (١٩): هەفتخوان/ ڕووبین تەن ⟵ داستانی ڕۆستەم.
دێری (٢٢): هیلالی شامی عید/ ڕۆزەداران ⟵ ئاماژەیە بۆ بۆنەیەکی ئایینی.
دێری (٢٥): مولحید/ کوفر/ ظولمەت ⟵ئاماژەیە بۆ چەمکێکی ئایینی.
دێری (٢٦): بورجی دەوڵەت/ خورشیدی ڕەخشان ⟵ڕەمز و ئاماژەیە بۆ جێگیربوونی خۆر لە کەلوەکان.
دێری (٣٤): خرس خوو/ شێری غەڕڕان ⟵ ڕەمز و ئاماژەی ئەدەبی (خوازە).
دێری (٣٥): زاغ/ بازی تەرلان ⟵ ڕەمز و ئاماژەی ئەدەبی (خوازە).
دێری (٣٩): طایری دەوڵەت ⟵ ڕەمز و ئاماژەی ڕۆشنبیری.
دێری (٤٠): قائان ⟵ڕەمزی مێژوویی.

ئینجا ئەو وەسف و نیشانانەی کە وەکو ئیدیەم بۆ پیاهەڵدانی عەبدوڵڵا پاشا بەکارهێندراون لە تێکستەکەدا بریتین لەمانەی خوارەوە:

- **چراغی دوودمانی ئەهلی بابان.**
- **حاکمی مەنفی.**
- **شاهی نەحل ئاسا.**
- **ماهی نەو.**
- **شێری مەردی گورد.**
- **عادیل.**
- **بەدری ئیمان.**
- **خورشیدی ڕەخشان.**
- **حاکمی مەرکەز شناسی ئەهلی دیوان.**
- **بابی فەقیران.**
- **حاکمی مەعزولکەردە.**
- **قابیلی بەیداغ و لەشکروسان.**
- **صاحێبی چەتر و لیوا و طەوق و فەرمان.**

- **شێری غەڕڕان.**
- **بازی تەڕلان.**
- **صاحێبی شەمشیر و دیرع و خوود و خەفتان.**
- **ڕەموەشێنی مەعرەکەی دەشتی مەریوان.**
- **پوشتبەندی لەشکری وەندان و جافان.**
- **کانی کەرەم.**

**د/ پۆلینبەندیی ڕەمز و ئاماژە و نیشانەکان لە شیعری سالمدا:**

جۆرەکانی ڕەمز و ئاماژە و نیشانەی تەلمیحی بە شێوەیەکی گشتی لە شیعر و دیوانی سالمدا ئەم بەش و جۆرانەی دەشێت لێ دەستنیشان بکرێت:

**١- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی:** ئەم ڕەمز و ئاماژانە دەگرێتەوە کە دەلالەت بۆ چیرۆک و داستان یاخود ئەفسانەیەک دەکەن، ئەمانەش لەناو خۆیاندا ئەم چەشنانە دەگرێتەوە:

أ-ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی ئایینی: ئەمانە بابەتگەلێکی داستانی و ئەفسانەیی ئایینین. کە لە زۆربەی ئایینەکاندا بەشێوازی جۆراوجۆر هاتوون و باسیان لێوەکراوە. لە نموونەی داستانەکانی (ئادەم، ئیبراهیم و ئازەر، یوسف و زولەیخا، مووسا... تاد).

ئەگەر هەر یەکێک لەمانە وەربگرین، لە نموونەی داستانی حەزرەتی مووسای پێغەمبەر و فیرعەون و هۆزی بەنی ئیسرائیل، دەبینین وەک چۆن لە تەوراتدا بەدرێژی هاتووە، لە هەریەک لە ئینجیل و قورئانیشدا هاتووە، ئینجا هەندێ لایەنی گێڕانەوەکان سیمای ئەفسانەیی بەخۆیەوە گرتووە.

ب- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەی ئێرانی: سەرچاوەی ئەم ڕەمز و ئاماژانە بریتیین لە چیرۆک و داستان و ئەفسانە ئێرانییەکان، کە لە شانامە و ئەسکەندەرنامە و کتێبەکانی تایبەت بەمێژووی کۆنی ئێران زەمیندا هاتوون. بۆ نموونە یەکێکی وەکو

(ڕۆستەم) کە قارەمانێکی ئەفسانەیی ئێرانی کۆنە، بەدەیان جۆر و ڕێژە و شێوەی جۆراوجۆر ناو و ئاماژەکانی لە شیعری سالمدا هاتوون کە هەر هەمووشیان ئاماژە بە داستانی ڕۆستەمی زاڵ دەکەن لە مێژووی ئێراندا کە بەشی زۆری لە (شانامە)دا باس کراوە. بەشێک لە ناو و ناسناوەکانی ڕۆستەم ئەمانەن: ڕۆستەمی دەستان، پووری زاڵ، زاڵی سامی نەریمان، گورزی ڕۆستەم، مەردی پیل ئەفکەن، شێر ئاوژەن، ڕووبین تەن، تەهمتەن، خاوەنی ڕەخش و بەبری بەیان،... کە وەکو گوتمان هەموو ئەمانە لە (شانامەی فیردەوسی)دا هەڵهێنجراون. دیارە داستان و ئەفسانەی ئێرانی نموونەی زۆری هەیە کە لە شوێنی خۆیدا ناویان دێت.

جـ- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەییی ڕۆژهەڵاتی: داستانەگەلێکی لە وێنەی (لەیلا و مەجنوون و یوسف و زولەیخا و شیرین و فەرهاد)، ئەگەرچی ئەسڵ و بنەچەیان دیارن و ڕەنگە هیی گەلێکی تایبەت بووبن، بەڵام بەدرێژایی مێژوو لە مۆرکە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی خۆیان دابڕاون و بوون بە بەشێک لە ئەدەب و کلتووری هەموو گەلانی ڕۆژهەڵات، چونکێ بە هەموو زمانەکان و لای هەموو میللەتان وەک بەشێک لە ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆریی خۆیان هەن و بڵاوبوونەتەوە.

٢- **ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی:** ئەمانەش بریتین لە:

أ- ڕەمز و ئاماژەی تایبەت بە میر و پاشا و پاڵەوان و کەسایەتییە مێژووییەکان، لە وێنەی ئەسکەندەر، هۆلاکۆ، عەزیز بەگی بابان.

ب- ڕەمز و ئاماژەی تایبەت بە ڕووداو و سەربردەی مێژوویی. لە وێنەی داستانی ئەیاز و سوڵتان مەحموود، حەڵقە بەگوش – ئاماژەیە بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤە ڕەشپێستەکان لە مێژوودا، شەهریار – ئاماژەیە بۆ قارەمانی داستانی هەزار و یەک شەوە.

جـ- ڕەمـز و ئامـاژەی تـایبەت بە شـوێنەوارە مێژووییيەکـان، لە وێنەی تاقی کیسرا، گودروون، قەسری خەوەرنەق، کانی ئاسکان.. تاد.

**٣- ڕەمز و ئاماژەی تایبەت بەئایین و مێژووی ئیسلام:**

أ- ڕەمـز و ئاماژەکـانی تـایبەت بە ئایەتەکـانی قورئـانی پیـرۆز، لاتقنطوا، نەفسی ئەممارە، ئایەی حیجاب.

ب- ڕەمز و ئاماژەکانی تایبەت بە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسـلام؛ ڕووداوی ئیفک، فیتنەی شەهری صەفەر، داستانی یاری غارومار.

جـ- ڕەمز و ئاماژەکـانی تـایبەت بە نـاو و شـوێن و کەسـایەتی و چەمـکە ئیسـلامییەکان، حەرەم، عـالەمی قـودس، مەحشـەر، یـارانی پێغەمبەر (د. خ).

**٤- ڕەمز و ئاماژە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان:**

أ-ڕەمـز و ئامـاژە ئەدەبییەکـان، ڕەقیـب، ئـاهوو، شـەمع و پەروانە، ساغەر و پەیمانە.

ب- ڕەمـز و ئامـاژەی تـایبەت بە نەریـت و بیروبـاوەڕ: تەب و لیموو، زمرووت و حەی، خەرموهرە، بووم.

جـ- ڕەمز و ئامـاژەی تـایبەت بە زانیـاری و ڕۆشـنبیریی گشـتی: ئەرەستوو، ڕاهیب، ئیران و توووران، دووڕڕی یەتیم.

**جۆرەکانی ڕەمز و ئاماژە لە شیعری سالمدا:**

١- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی

أ- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی ئایینی.

ب- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی ئێرانی.

جـ- ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی ڕۆژهەڵاتی.

٢- ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی:

أ- ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی تایبەت بە میر و پاشا و پاڵەوان و کەسایەتییە مێژووییيەکان.

ب- ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی تایبەت بە ڕووداو و سەربردەی مێژوویی.
جـ- ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی تایبەت بە شوێن و شوێنەوارە مێژووییەکان.

٣- ڕەمز و ئاماژەی تایبەت بەئایین و مێژووی ئیسلام:
أ- ڕەمز و ئاماژەکانی تایبەت بە قورئانی پیرۆز.
ب- ڕەمز و ئاماژەکانی تایبەت بە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلام.
جـ- ڕەمز و ئاماژەکانی مێژوویی تایبەت بە ناو و شوێن و کەسایەتی و چەمکە ئیسلامییەکان.

٤- ڕەمز و ئاماژە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان:
أ- ڕەمز و ئاماژەکانی تایبەت بە نەریت و بیروباوەڕ.
ب- ڕەمز و ئاماژە ئەدەبییەکان.
جـ- ڕەمز و ئاماژەی تایبەت بە زانیاری و ڕۆشنبیری.

## بەشی دووەم

**ڕەمز و ئاماژەی داستانی و ئەفسانەیی: (ئایینی – ئێرانی – ڕۆژهەڵاتی)**

١- ئادەم
٢- ئاذەر
٣- ئاوی حەیات
٤- ئەصحابی کەهف
٥- ئەیوب
٦- ئیدریس
٧- ئیرەم (باغی ئیرەم)
٨- بەرزەخ
٩- بت
١٠- جەم
١١- ڕووبین تەن
١٢- ڕۆستەم
١٣- سامیری
١٤- سەمەندەر
١٥- سەلم و توور
١٦ سلێمان
١٧- شەططی ساوا
١٨- شیرین و خوسرەو
١٩- شێخی صەنعان
٢٠- ضەحاک
٢١- طەلیسم
٢٢- عاد و ثەموود
٢٣- عەنقا
٢٤- عووج
٢٥- عیسا
٢٦- فەرەنگی و داسنی (ئایین)
٢٧- قاروون (گەنجی قاروون)
٢٨- لەیلا و مەجنوون
٢٩- مەنصووری حەللاج
٣٠- مەنن و سەلوا
٣١- مووسا
٣٢- نەمروود
٣٣- نووح
٣٤- وامیق و عەذرا
٣٥- هاروون
٣٦- هوما
٣٧- یوسف و زولەیخا

**ئادەم:**

١- داستانی حەزرەتی ئادەم پێغەمبەر، کە وەکو یەکەمین مرۆڤ و یەکەمین نێردراوی خودا و بە باوکی هەموو ئادەمیزاد دەناسرێت. هەروەها مەسەلەی لەخشتەبردنی لە لایەن ئیبلیس و لە پاشان دەرکردنی خۆی و دایکە حەوا لە بەهەشت، ئەمانە هەموو لە شیعری سالمدا بەم شێوانە هاتوون: (نەسلی ئادەم، ئەولادی ئادەم، ئادەم لە جەننەت دەرکرا، جەننەت موڵکی ئادەم بوو).

- **زەمانە قەت لەگەڵ ئەولادی (ئادەم) باوەفا نابێ**
  **وەکو گوربەی سیەهـ ، بەمەردوم ئاشنا نابێ**

(دیوان: ٩٥٨)

٢- جەننەت، وەکو مۆتیڤێکی بەربڵاو (٢٧) جار لە شیعری سالمدا دووبارە بۆتەوە. لە شێوەکانی: (جەننەت، جینان، خولد، بەهەشت، فیردەوس و هاوچەشنەکانیان). ئینجا (حوور و بەهەشت و کەوثەر)، (فیردەوس و دۆزەخ)، هەروەها ئاماژەکیش بۆ (ڕەضوان)ی دەرگاوانی بەهەشتیش هەیە:

- **ئەم جیهانە (خولدە) بۆ مەردوم، وەلێ بۆ من (سەقەر)**
  **عومری شیرینم بە تەڵخی چوو، لەبەر طوولی سەفەر**

(دیوان: ٢٧٦)

**صوحبەتی (حوور و بەهەشت و کەوثەرە)**
**جۆیبار و سەبزەزار و هەمدەمی**

(دیوان: ١٠٠٨)

**تووشی دەردی (ئادەم)م یاران! لەقەیدی خاڵەوە**
**((برامید دانەای افتادەام در دام دوست))**

(دیوان: ١٨٩)

٣- ئیبلیس/ شەیطان/ ئەهریمەن: ئەو فریشتەیەی کەوا سەرپێچی لە فەرمانی یەزدان کردووە: ((وإذ قلنا للملائکة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبلیس أبی/ ئەوساش بە فریشتانمان وت: سوژدە لەبەر ئادەم بەرن. هەموویان سوژدەیان بۆ برد مەگین ئیبلیس؛ ئەو لە فەرمان سەرپێچی کرد – سورەتی البقرة: ٣٤))(*). تا لە ئاکامدا باوکە ئادەم و دایکە حەوا لە خشتە دەبات و دەبێتە هۆی دەرپەڕاندنیان لە بەهەشت.

- **لە قوربی قافلەی دونیا، موکەممەل دوشمنە (ئیبلیس)**
**بەهوشیاری برۆ (سالم)، کە دوشمن دەوری ڕاهی گرت**

(دیوان: ١٧٧)

- **کە (شەیطانیش) ستیزەم دا، خەیاڵی دانە قەت ناکەم**
**لەتاو دەوری جەفا، ئەم دەفعەیە لەم داوە گەر بەربم**

(دیوان: ٤٣٢)

**ئاذەر**

ئەگەرچی لەشیعری سالمدا لەشێوەی (بتی ئاذەر، خەلیل و ئاذەر) دا هاتووە، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا (ئازەر)ە؛ ((وإذ قال إبراهیم لأبیه آزر ... – الانعام: ٧٤)). ئازەر باوکی ئیبراهیمی پێغەمبەر بووە، کەوا ناسناوی (الخلیل)ە، ئازەر خۆی (بت تراش) بووە، قەومەکەشی (بتپەرست) بوون، سەرەنجام ئیبراهیم پشت هەم لە باوکی و هەم لە قەوم و هۆزەکەیشی دەکات و بتەکانیشیان ورد و خاش دەکات. ئەم داستانە لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەتی (الانعام) ئاماژەی بۆ کراوە(**).

---

(*) هەموو دەقەکانی قورئانی پیرۆز و وەرگێڕانە کوردییەکان کە لە تەواوی ئەم باسەدا هاتوون لەم سەرچاوەیە وەرگیراون؛ قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی: هەژار، چاپی دووهەم، ١٣٨٩.

(**) لە باس و لێکدانەوەی ناو و چیرۆک و ئاماژەکاندا تەنیا لە چوارچێوەی شیعر

- گەرچی بە جان و بەدڵ، لەم دەرە هەر تۆی (خەلیل)
خــاطری (ســالم) لــە ڕووت (وەک بتی) ئاذەر شکا

(دیوان: ٩٥)

لەسەر خاڵی ڕوخت کەس وەصفی خاڵی کەس نەکا، خەتمە
(خەلیل)ی پێ بڵێن نابــێ، کە هەر کەس جێــی لە (ئاذەر) بێ

(دیوان: ٩٧٤)

**ئاوی حەیات:**

١- سەروچاوە و کانیاوێکی ئەفسانەییە لە ناوچەیەکی باکوور و لە شوێنێک لە تاریکایی دایە کە بە (ظولمەت) ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەر کەسێک لەو ئاوە بخواتەوە ژیانی جاویدان و نەمریی پێ دەبەخشرێت. لە شیعری سالمدا وەکو مۆتیڤ نزیکەی (٢٧) جار پاتە بۆتەوە، بە شێوازەکانی؛ (ئابی بەقا، ئاوی حەیوان، آب حیات، چشمە زلال، زلال جام فرسا، سەرچەشمەی حەیات).

- لە هەر سوو حاصیلە ظولمەت، ڕەهـ ئەندەر ڕەهـ لە گێسووتا
دەســـا (ئـــاوی حـــەیـــاتیش) وا لـــەنـــاو چاهی زەنەخدانت

(دیوان: ٢١٠)

- بێ لەبت شاد نیم بەسەر (چەشمەی حەیات)
دەردی تـــۆ نـــادەم بـــەدەرمـــانی حـــەکیم

(دیوان: ٤٩٦)

لەنێوان ئەم مۆتیڤە، واتە (ئاوی حەیات) لەگەڵ هەریەک لە (خضر) و (ظولمەت)دا گونجان و تەناسوبێکی بەتین هەیە، بۆیە زۆرجار بە یەکەوە دێن.

=

و دیوانی سالمدا دەمێنینەوە و زیاتری لەسەر نادوێین. بۆ نموونە ئاماژەیەک بۆ (ئیبراهیم و ئاگر) لە شیعری سالمدا نییە، بۆیە ئێمەش خۆمانی لێ دەبوێرین.

٢- خضر (حەزرەتی خدر – خدری زیندە)، پیاوچاکێکە گوایە لە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە بۆیە بە نەمری ماوەتەوە، ناسناوی (زیندە) واتە (هەمیشە زیندوو) لەمەوە هاتووە. لە خەیاڵدانی کوردەواری وەکو (فریادڕەس) سەیر دەکرێت، لەکاتی تەنگانەدا فریای خەڵکی بێ چارە و بێ دەرەتان دەکەوێت، لە شیعری سالمدا بە (خضری نەجات، عومری خضر، وەکیلی خضر، خضروار، خضر ئاسا) ناوی براوە(*):

- وەکیلی (خضر)ی ئەی خاڵی لەبی یار
لــە گــوێی ئــابی حــەیاتا جانشینی

(دیوان: ٩٢٨)

- (خضر) وارم ئەگەر ماچێ کەرەم کەی
«بــە آب زنــدگــانی بــردەام پــی»

(دیوان: ٩٤٥)

٣- ظــوڵمەت: وەســفی ئەو شــوێنەیە کە ســەرچاوەی (ئــاوی حەیات)ی لێیە، ئەم سیانە (ئاوی حەیات، خضر، ظولمەت) هاوڕێکن، بۆیە زۆرجار بەیەکەوە دێن و لەشیعری سالمدا (٧) جار هاتوون:

- (خضر) ئــاســا دڵــم (ئــابی بەقا)ی نۆشی لەخوەی عاریض
کە شەوهای (ظولمەت)ی طەی کرد لە حەڵقەی چینی گیسوویێ

(دیوان: ١٠٣٢)

**ئەصحابی کەهف (یارانی ئەشکەوت):**

حەوت کەســی ڕۆمــانی خەڵکــی شــاری (ئیفیســیۆس – Ephesus) بــوون، کە دەســتیان لە بتپەرســتی هەڵگــرت و باوەڕیــان بە ئــایینی (مەســیح) هێنــابوو، لەتــاو زوڵــم و ســتەمی (دقیــوس – Desius)ی ئیمپراتــۆری ڕۆمــانی هەڵــدێن و پەنــا بــۆ ئەشــکەوتێک دەبەن و لەوێ خۆیــان حەشــار دەدەن. کاتێــک دەخەون هەتــا ســاڵانێکی درێــژ ئەوجا

(*) هەندێک لەم ناوی کەسایەتی و چیرۆک و داستانانە زۆر بڵاو و ناسراون، بۆیە بەپێویستی نازانین زۆریان لەسەر بدوێین.

بەخەبەر دێنەوە. سەگێکیشیان لەگەڵ بووە کەوا بەسەگی ئەصحابی کەهف ناو دەبرێت. ئەم داستانە لە قورئانی پیرۆزدا و لە سورەتی (الکهف) ئاماژەی بۆ کراوە، لەشیعری سالمیشدا چەند جار ئاماژەی بۆ کراوە:

- **مەنزلی (ئەصحابی کەهف)ە، خانەیی مەعشووقی من**
  **هەر کە دیم دەرگا نەبوو، لەوسەر کە دیم دەرگا نەبوو**

(دیوان: ٦٤٦)

## ئەیوب:

یەکێکە لە پێغەمبەرەکان و ناوی چەند کەڕەت لە قورئاندا هاتووە. بە سەبر و خۆڕاگری لە بەردەم کۆست و ئێش و ئازاردا ناسراوە. یەکێک لە (ئەسفارەکانی تەورات) تایبەتە بە سەبر و ئارامیی ئەیوب و ئەزموون و گەنگەشەکانی لە تەک دۆستان و هاوڕێیانی (معین، ج٥، ٢٢٠). لە شیعری سالمدا ئاماژە بۆ؛ (ئەیوب، جامەی ئەیوب، صەبری ئەیوب) کراوە:

- **لە عیشقا هەر منم هەمدەرسی مەجنوون**
  **لە صەبرا هەر منم ئوستادی (ئەییوب)**

(دیوان: ١٥٦)

- **طەڵەبی بۆسە دەکەم. صەبر دەی، دەڵێ صەبرت هەبێ**
  **لەم هەموو صەبرە، دڵم تاقەتی (ئەییوبی) هەیە**

(دیوان: ٨٦٣)

## ئیدریس:

ناوی پێغەمبەرێکی ناودارە لە نەوەی (شیتی کوڕی ئادەم) بووە. ناوەکەی لە دەوری سەعیکردن و دەورو دەرس وتنەوەی زۆرەوە (تدریس)، هاتووە. بە خاوەنی سێ نیعمەت دەناسرێت؛ پاشایەتی، حیکمەت، پێغەمبەرێتی. گوایە وەکو (خدر و ئەلیاس) ژیانێکی جاویدانەی

هەیە. ناوی لە قورئاندا هاتووە، بەپێی چیرۆکەکان وا باوە کەوا ئێستا لە بەهەشتایە (برهان، ج١، ٩٥). لە شیعری سالم بەم شێوازانە ئاماژەی بۆ کراوە؛ (حەضرەتی ئیدریس، تەهلیلی ئیدریس، ئیدریس):

- **دڵم تا جەننەتی وەصلت قبووڵ کا**
  **دەبەم ناوت بەقەد تەهلیلی (ئیدریس)**

(دیوان: ٣٨٠)

- **وەک یەهوود دونیا گرێی وادا لەڕیشەی طالیعم**
  **حەضرەتی (ئیدریس) بەناخون سەعی کا ناکرێتەوە**

(دیوان: ٨٤٥)

**ئیرەم:**

لە شیعری سالمدا بە ناو و پێکهاتەکانی وەکو: (باغی ئیرەم، گوڵزاری ئیرەم، خیابانی ئیرەم، سەرووی ئیرەم، گلستان ارم) هاتووە. ئاماژەیە بۆ ئەو باغ و بێستان و کۆشک و سەرایەی (شەدادی کوڕی عاد) لەبری بەهەشت بۆ خۆی دروستی کردبوو، لە مێژوودا بە (بەهەشتی شەداد) ناو براوە. داستانی (شەداد و باغی ئیرەم) لە کتێبەکانی تەفسیری قورئاندا بە پەیوەندی لەگەڵ (ئایەتەکانی ٦ و ٧ و ٨ لە سوورەتی الفجر)دا لێکدراوەتەوە: ((الم تر کیف فعل ربک بعاد * إرم ذات العماد* التي لم یخلق مثلها في البلاد/ خۆ دیتت کە پەروەرندەت چی کرد بەرامبەر هۆزی عاد؛ * بەرەی ئیرەم خێوی خانووی ئەستووونداری (تەرز و گوشاد)؛ * ئەو ماڵانەی وێنەیان لە شارانیشدا چێ نەکرابوو)):

- **کەوتە دەست قامەتی سەروت بە طەرەب**
  **لە (خیابانی ئیرەم)، نەشئونوما**

(دیوان: ٥٤)

- قـامەتی سـەروە بــە (گـوڵزاری ئیرەم)
سـێبە ڕوخـسارت بە فیردەوسی نەعیم

(دیوان: ٤٩٥)

**بەرزەخ:**

- جەسارەت بەرزەخی شەرمی لە ڕووها دایە لا، هەرسوو
غــەرەضها ئــاشكارا بــوو، لـەدلها مەیلەها كـۆ چوو

(دیوان: ٦٥٧)

بەرزەخ لەڕووی فەرهەنگییەوە بەو بەربەست و بەرگیرە دەگوترێت كە لە نێـوان دوو شـتدا هەبێـت و نەهێڵێـت بـبن بە یەک. ئەم نـاوە لە ڕووی زاراوەییەوە بیروڕای جۆراوجۆر لەبارەیەوە هەیە، بەتـایبەت لە مەیـدانی عیرفـان و سـۆفیەتیدا. لێـرەدا بە واتـای (پەردە و ڕووبەنـد و ڕووپـۆش) هـاتووە. وشـەكە لە بنەڕەتـدا لەم ئـایەتەوە هـاتووە: ((مـرج البحـرين يلتقيـان * بينهمـا بـرزخ لا يبغيـان/ جەمسـەری دوو دەریایـانی گەیانـدەیەک * بەرزەكێكیـان لەنێوانیانـدا كە بەسـەر یەكتـردا نـایەن – الرحمان: ١٩ – ٢٠)).

**بت:**

- بــە تـرک آن بتی ناصح دهد پندم، که گر بیند
همان ساعت ورا در یک نگه دیوانه می سـازد

(دیوان: ١٠٤٦)

بـت، كـۆتەڵێكە كافرەكـان دەیپەرسـتن و سـوژدەی بـۆ دەبەن، لە عەرەبیدا (صـەنەم)ی پـێ دەڵـێن لە ئەدەبیاتدا وەكو كینـایە بـۆ دڵـبەر و مەعشـووق بەكار دەبرێت. لە فەرهەنگی (برهـان قـاطع)دا هـاتووە كەوا وشەی (بت) لە بنەڕەتدا ئاوێستاییە و لە (Buiti)ییەوە هـاتووە كە نـاوی دێوێک بووە. هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵـێ؛ لە ئاوێسـتادا سـێ كەڕەت (بـۆ ئیتی دیو – Buiti daevo) هاتووە، مەبەستیش دێوێكە، كەوا خەڵكی ناچـار

بە بتپەرستی کردووە (برهان، ١٣٦١، ج١، ٢٣٣). لە شیعری سالمدا بە شێوەی (بت، صەنەم، صەنەما) هاتووە:

- **کافرم گەر بەحثی (بتخانە) و جگەر لات بێنمە ناو**
**بۆ منی شەیدا، هەمیشە، ئەی سەمەن بۆ، تۆی (صەنەم)**

(دیوان: ٤٨٦)

لەپاڵ ئەوەشدا ناوەکانی وەکو (بتخانە، بوتکەدە، بتخانەء چین)یش هاتوون. بتخانە؛ ناوێکی لێکدراوە بە واتای خانوو یاخود جێگەی بتەکان دێت، یان سەنتەر و مەڵبەندی بتپەرستی. ئینجا هەر بە پێوەندگی خوازەی بت، بتخانەش وەکو خوازە بۆ حەرەمسەرا و ئارامگەی ژنان و مەعشووقەکانی شاهان و پیاوە مەزنەکان بەکار دەبرێت:

- **هەموو شەو تا سەحەر بۆ دڵ، خەیاڵت**
**(حیکایت میکند بتخانەء چین)**

(دیوان: ٥٩٩)

**جەم:**

١.(جەمشید) یەکێک بووە لە پاشا ئەفسانەییە مەزن و ناودارە ئێرانییەکان، لە (برهان قاطع)دا لەوبارەوە وا هاتووە: پاشایەکی ناودارە و لەسەرەتادا ناوی (جەم) بووە، بە واتای سوڵتان و پاشای مەزن، تا ڕۆژێکیان لە کاتی گەشتوگەڕانی بە دنیادا دەگات بە ئازەربایجان، لە ڕۆژێکی ساف و خۆشدا کە خۆر تازە لە خاڵی یەکەمی کەلووی کاوڕدا بووە (ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵی هەتاوی)، فەرمانی داوە تەختێکی زێڕینیان بۆ لەسەر شوێنێکی بەرز داناوە و خۆیشی تاجێکی گەوهەرداری لەسەر ناوە و چووە لەسەر تەختەکە ڕۆنیشتووە، کاتێک خۆر هەڵدێت و تیشکی هەتاو بەر ئەو تاج و تەختە دەکەوێت شەوق و بڵێسەیەکی یەکجار ڕووناکی لێ بەرپا دەبێت. بەو هۆیەش لە زمانی (پەهلەوی)دا بە شەوق و تیشک دەگوترێت (شید)، بۆیە ئەم بێژە پاشگرە دەخرێتە پاڵ ناوی پاشا و دەبێت بە (جەمشید). بەواتای پاشای ڕۆشن و درەوشاوە. هەر ئەو ڕۆژەش دەکرێت بە بۆنە و جەژنێکی

گەورە دەگێڕن، ڕۆژەکەش ناو دەندرێت (نەورۆز). (برهان، ١٣٦١، ج٢، ٥٨٧).
جەمشید خاوەنی (جام) یاخود (ئاوێنە)یەک بووە کە پێی گوتراوە (جامی جەم، یا جامی جەمشید)، کە گوایە ئەم ئاوێنەیە هەموو دنیای تیادا دیار بووە بۆیە ناو نراوە (جامی جهان نما، یان جامی جهان ئارا). جەمشید لە کۆتاییدا بە دەستی (زوحاک) لەنێوبراوە.

لە شیعری سالمدا ناو و نیشانەکانی جەمشید بەم شێوانە هاتوون: (جەم، جمشیدوکی، جام جمشید، جامی جەم، عەیشی جەم، جانشینی جەم)

- **جانشینی (جەم) بەحیشمەت من دەبم**
  **گەر وەکو لەعلی لەبت بمبێ نگین**

(دیوان: ٥٩٦)

- **صەبا عەططار و جا گوڵزار و ساتی یار و بێ ئەغیار**
  **«بیا (سالم) غنیمت دان، بکش بر یاد (جم) جامی»**

(دیوان: ٩١٣)

٢.هەروەها ناوی چەند پاشایەکی (کییانی)یش لە شیعری سالمدا هاتوون لە وێنەی: (کەی، کەی کاووس، کەی قوباد، جەم و کەی)، کەوا بەر لە پیشدادییەکان حوکمڕانی وڵاتی ئێران بوون، کە هەموو پێش ناوەکانیان (کەی) بووە. (کەی) بە مەبەستی ڕێز و لە بەرزی و بڵندییەوە لە ئەستێرەی (کەیوان)ەوە وەرگیراوە، کەوا یەکێکە لە ئەستێرە گەڕۆکە هەرە بەرزەکان:

- **ئەی لە نالینا، چ گوستاخانە بۆ ئەربابی سەمع**
  **بەحثی ئەییامی گوزەشتەی (کەیقوباد) و (کەی) دەکا**

(دیوان: ١٠٦)

٣.ئینجا بە پەیوەندی لەگەڵ پاشایانی کیانی لە (٣) شوێندا لە شیعری سالم ناوی (طووسی نەوزەری – پەیکانی طووسی نەوزەری) هاتووە، کەوا پاڵەوانێکی ناسراوی سەردەمانی کەیقوباد و کەیخوسرەو بووە:

- **(وای بــر حالم) لـــەبەر خـــوونـــڕێزییی موژگانی یار**
**یەک بە یەک دڵدۆزە وەک (پەیکانی طووسی نەوزەری)**

(دیوان: ٩٠٠)

**ڕووبین تەن:**

وشـــەکە لە بنەڕەتـــدا ئاوەڵنـــاوێکی فارســـییە و (ڕوویـــین تەن)ە، پێکهاتەکەی بەم جۆرەیە: (ڕوو + ین + تەن = ڕوویین تەن) لە کوردیدا (ڕووبین تەن). ڕوو: کانزاییێکە وەکو پۆڵا لە سەختی و قاییمیدا. ئینجا (ڕوویـــین تەن)، دەبێـــتە ئەوەی تەنێکـــی بەهێـــز و ســـەختی هەبێـــت چەکوچـۆلە کـاری تـێ نەکـات. (معین، ١٣٦٠، ج٢، ١٦٩٧). ئەم مەسـەلەیە لە بنیاتدا لە ئەفسـانەی (ئاشـیل – ئاخیل)ی قارەمـانی شـەڕی (تەروادە)وە داکەوتـووە. کاتێـک بەمنـداڵی دایکـی دەیخـاتە نـاو ئـاوی ڕووبـاری (ئەسـتیکس) کە لە ژێـر زەویـدا بـووە. بەو هـۆیەی وا بـاو بـووە هەر کەسێک و هەر شـتێک لەشـولاری بەو ئـاوە بسـمیل کرابێت دەبـوو بە ڕووبیین تەن، واتە خاوەن تەنی پۆڵایین. ئەوەنـدە هەیە دایکی ئاشـیل لە کـاتی بسـمیلکردنی کـوڕەکەی لە ئـاوی ڕووبـارەکەدا پاژنەکـانی پێـی دەگرێت تا بە ئاوەکەدا نەچێت، بۆیە پاژنەکانی ئاشیل تەڕ نابن و نابن بەڕوویین تەن، وەکو لە ئەفسانەکەدا هـاتووە، هەر ئەمەش دەبێتە خاڵی لاوازی ئەم پـــاڵەوانە لە ئاکامـــدا بەهـــۆی تیرێکـــی ژەهـــراوییەوە کە ئاراسـتەی پاژنەکـانی دەکـرێن، دەبێـتە هـۆی پێکـران و لەنـاوچوونی. (گریمال، ١٣٩١، ج١، ٨). ئەم نازناوە ئەفسانەییە بە فراوانی گوێزراوەتەوە بۆ نـاو ئەدەبیـاتی فارسـی و لەوێشـەوە بۆ شـیعری کلاسـیکی کـوردی. لە ئەدەبی کۆنی فارسـیدا داسـتانێکی هاوشـێوە هەیە کەوا (ئەسـفەندیار)ی پاشـا و قارەمـانی (کیـان)ی هەر چاوەکانی نەبێت، دەنـا هەمـوو لەشـی ڕوویین تەن بووە ئەم ئەفسانەیە بەهۆی گۆڕانی دەنگییەوە لە کوردیدا بـووە بە (ڕووبین تەن) و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا و بەتایبەت لە شیعری سالمدا زۆرپاتە بۆتەوە:

- له غه‌مزه‌ی تۆوه دڵ (ڕووبین ته‌نێكه)
بــه‌جێ مــاوه له‌تیرت به‌سكی په‌یكان

(دیوان: ٤٩٧)

- چــونكه پــڕ په‌یكانی تیری غه‌مزه بوو، ڕووسه‌خته دڵ
ڕووی كه‌مان وه‌رگێڕه بۆ دیده، كه ئه‌و (ڕووبین ته‌ن)ه

(دیوان: ٨٢٠)

له‌م دێـره‌ی دواییـدا ده‌سـته‌واژه‌ی (ڕووبـین ته‌ن و دیـده) هـاتووه، لێره‌دا (سالم) ئاماژه بۆ داستانی (ئه‌سفه‌ندیار)ی (كیان)ی ده‌كات، كاتێك ئه‌و قاره‌مانه ده‌چێته شه‌ڕی ئه‌ژدیها و له ئاكامدا تا ده‌یكوژێت هه‌موو له‌شی به‌خوێنی ئه‌ژدیهاكه سوور ده‌بێت ته‌نیا چاوه‌كانی نه‌بن، بۆیه سه‌رتاپای له‌شی ده‌بێته ڕوویین ته‌ن و ته‌نیا چاوه‌كانی نه‌بن، كاتێكیش ئه‌سـفه‌ندیار له‌گه‌ڵ (ڕۆسـته‌م)دا وه‌گیـر دێـن و له شـه‌ڕێكی سـه‌ختدا ڕۆسته‌م بریندار ده‌بێت و نزیک ده‌بێت له دۆڕاندن، (سیمرغ) به فریای ڕۆسـته‌م ده‌كه‌وێت ئامۆژگاری ده‌كات، كه‌وا تیر ئاراسـته‌ی چاوه‌كانی ئه‌سفه‌ندیار بكات، چونكێ ڕوویینه نییه، تا له ئاكامدا ڕۆسته‌م به تیر چاوه‌كانی ئه‌سفه‌ندیار ده‌پێكێ و له مه‌یدان ده‌كه‌وێ و بێ هۆش ده‌بێت. (شمیسا، ١٣٨٩ ، ١١٧).

## ڕۆسته‌م:

نـاوه‌كه به واتـای (پـاڵه‌وان – به‌هێـز و توانـا) دێـت. نـاودارترین قاره‌مان و پاڵه‌وانی داستانیی جیهانگیری ئێرانییه‌كانه. خه‌ڵكی زابلستان بـووه، هێـز و توانـای له ئه‌نـدازه به‌ده‌ر و له سـه‌رووی هێـز و توانـای مرۆڤه‌وه بووه، ناسناوی (ته‌همته‌ن) بووه، واته دلێر و به‌هێز. له ئه‌ده‌ب و فه‌رهه‌نگــی ڕۆژهه‌ڵاتــدا، به تــایبه‌تیش فه‌رهه‌نگــی ئێرانــی دوای موســوڵمانه‌تی، ڕۆسـته‌م كـاریگه‌رترین و دیـارترین قاره‌مـانی داسـتانه كۆنه‌كـانه و له ته‌واوی ئه‌ده‌بیـاتی ئێرانیـدا خـۆی ده‌نوێنێـت. تـا وای

لێهاتووه بووه به قارەمانێکی نەتەوەیی. ئەو هەمیشە یا لە پێناوی ناو و ناوبانگدا یا بە مەبەستی نەهێشتنی سێبەری ستەم و نەنگی جەنگاوە.

(هەفتخوان)ی ڕۆستەم، ئاماژەیە بۆ شەڕو نەبەردە بێ ئامانەکانی. باوکی ناوی (زاڵ) بووە بۆیە دەگوترێت (ڕۆستەمی زاڵ)، (زاڵ)یش کوڕی سامی نەریمان بووە. ئەم داستانە بە هەموو لق و پۆپییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی و لە ئەدەبی فولکلۆری کوردیدا (داستانی ڕۆستەم) شوێنێکی بەرچاوی گرتووە. تەنانەت وەکو ئاماژە بۆ کۆتا نەهاتنی چیرۆک و شەڕ و نەبەردەکانی ڕۆستەم، لە کوردیدا بۆتە ئیدیەم و دەگوترێت: بووە بە حەکایەتی ڕۆستەم – کۆتایی نایەت. ڕۆستەم بە هەموو وەسف و ناسناو و قارەمانە هاوشان و دوژمن و ناحەزەکانیشییەوە لە شیعری سالمدا ئامادەگییەکی فرە و بەرچاویان هەیە. بە نموونە لە ناسناوەکانی ڕۆستەمدا ئەمانە هاتوون: شێراوژەن / شێر دەبەزێنێت، پیل ئەفگەن / فیل بە عەرز دادەدات، تیرئەفگەن / تیرهاوێژ. هەروەها ناوی ڕۆستەم لە شیعری سالمدا لەم پێکهاتە ئیزافییانەدا هاتووە: تیری ڕۆستەم، زۆری ڕۆستەم، گورزی ڕۆستەم، کەمەندی ڕۆستەم، ئینجا وەکو گرێی وەسفی: ڕۆستەمی دەستان/ داستان، پووری زاڵ/ کوڕی زاڵ، ڕۆستەمی زەمان. ئەنجا: بەبری بەیان/ زریێ بەناوبانگی ڕۆستەمە، ڕەخش ناوی ئەسپی ڕۆستەمە. ئەو قارەمان و کاراکتەرانەی لەپاڵ داستانی ڕۆستەمدا ناویان لە شیعری سالمدا هاتوون: فەرامورز/ کوڕی ڕۆستەمە، سیاوەش و خوێنی سیاوەش/ شاگرد و قوتابی ڕۆستەم بووە، ئەشکەبووس، ئەفراسیاب، بیژەن، بەهرامی گوور. ئینجا لە ناوی ڕۆستەمەوە چەند دەستەواژەیەک هەڵهێنجراون لەوێنەی: پیری زاڵ، زاڵی دەهری دوون، زاڵی دەوران، کە وەکو خوازە بۆ زەبری زەمانە و درێژی ڕۆژگاری دنیا بەکار دەبرێن:

- **کلکی دووشەق، تیری دووسەر کەم بە سیمورغی خیرەد**

**(ڕۆستەمی دەوری زەمانم) ڕەزمی ڕووبین تەن دەکەم**

(دیوان: ٤٨٢)

**سامیری:**

- **بـه مەیلی موددەعی، یارم بە قەتلی من میانی بەست**
**بە میثلی (سامیری) خوێنم لە پێی گووساڵە دەڕژێنێ**

(دیوان: ١٠٢٦)

سـامیری کەسـێکی گـومڕا بـووە و نـاحەزی حەزرەتـی مووسـا. توانیویەتی کۆمەڵێک لە خەڵکانی بەنی ئیسرائیل و پەیڕەوانی حەزرەتی مووسا لەخشتە بەرێت و بە فەند و فێڵ زێڕ و زیوێک کە هەیانبووە لێیان بکێشێتەوە و کۆتەڵی گوێرەکەیەکی لێ ساز بکات، ئینجا پێیان بڵێت کە ئەمە خواوەندی ئێوە و خواوەندی مووسایە و دەبێ هەموو لایەک بیپەرستن. بە لای ڕاڤەکارانی قورئانەوە، چەند لایەنێکی ئەم چیرۆکە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ((فاخرج لهم عجلا جسدا له خوار فقالوا هذا إلهكم واله موسى/ ئیتر کۆتەڵی گۆلکێکی بۆ دەرخستن کە ئەیبۆڕاند. ئەوسا وتیان: ئەمەیە خودای ئێوەیە و خودای موسایشە – طه: ٨٨)). (یاحقی: ١٣٩١، ٤٤٤). سامیری لەشیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا وەکو جادووگەرێکی گومڕاو خەڵک لەڕێ لادەر دەناسرێت. گوێرەکەکەیشی ئاماژەیە بۆ گەمژەیی و نافامی. لە شیعری (کوردی)دا هاتووە:

- **بـۆ فـریبی عـاشقان و، جـەزبی دڵ، وا مـاهیری**
**ڕەنگە شاگردیت بکەن، میهتەر: (نەسیم) و (سامیری)**

(حەمەبۆر: ٢٠١٠، ب٢، ١٦٢)

**سەمەندەر:**

ئەم نـاوە ڕەگێکـی یۆنـانی و لاتینـی هەیە و لە (سـالاماندرا – Salamandra)وە هاتووە. لە ڕاستیدا گیانەوەرێکی خشۆکی وشکاوییە لە شێوەی مارمێلکەدایە و تۆزێک گەورەتر. لە ئەفسانەکاندا واباوە کە سەمەندەر لەناو ئاگردا دەژیەت و ئەگەر لە ئاگر بێتەدەر دەمرێت. سەمەندەر بەم وەسف و تایبەتمەندییەی ژیان لەناو ئاگردا، لە

ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا ناسراوە و لە بەرهەمەکانی ئەلکساندەر پرۆپ و شەکسپیردا ناوی هاتووە. لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا بەو گیانەوەرە ناسراوە کە لە ئاگردا ناسووتێت و ژیان و مەرگ و ژیانەوەشی هەر لەناو ئاگردایە. (یاحقی، ١٣٩١، ٤٨٣). لە شیعری سالمدا بە، سەمەندەر، سەمەندەری، موقیمی لە نارا سەمەندەری.. ناو و شۆرەتی هاتووە:

- **لە ڕووی ئەم شەمعەدا صیحەت طەلەب کا قوربجۆ، سەهوە**
**دەسووتێ یەک نەظەر، پەروانە ئاسا، گەر (سەمەندەر) بێ**

(دیوان: ٩٧٤)

## سەلم و توور:

بەگوێرەی ئەفسانە ئێرانییەکان، فەرەیدوونی پاشای پیشدادی، سەرزەمینی مەملەکەتەکەی لەنێوان هەرسێ کوڕەکەیدا دابەش دەکات: تورکستان دەدات بە توور و لەمەوە وڵاتەکە ناوی دەگۆڕێت بۆ توران، ڕۆم دەدات بە سەلم و، ئێرانیش دەبێت بە بەشی ئیرەج، ئیرەج دایکی لەگەڵ براکانی تری جیابوو. ئەوان ئیرەیی پێ دەبەن و دەکەونە ئاژاوە و پیلان گێڕان لەدژی تا لە ئاکامی شەڕ و شۆڕێکی درێژخایەن لەناوی دەبەن. ئیرەج نەوەیەکی دەبێت کە لە کچێکییەوە وەپاش کەوتبوو، فەرەیدوونی باپیری لای خۆی گلی دەداتەوە و پەروەردەی دەکات و پێی دەگەیەنێت، ناوی (مەنوچەهر) دەبێت، فەرەیدوون لە شوێنی خۆی مەنوچەهر دەکات بە پادشا و خۆیشی کەنارگیر دەکات. مەنوچەهر بەپشتیوانی (سام)ی باپیری ڕۆستەم، تۆڵەی باپیری کوژراوی لە سەلم و توور وەردەگرێتەوە. ئەم شەڕ و هەرا و جەنگ و دەعوایە وێرانی تەواوی هەموو مەملەکەتی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە وڵاتی سەلم و توور دەبن بەوێرانی و چۆڵگە و لە ئەدەبیاتدا بە بیابانی سەلم و توور ناو دەردەکات (شەمیسا، ١٣٨٣، ٥٠٣، بەدەستکارییەوە). لە شیعری سالمدا ئاماژە بۆ داستان و بیابانی سەلم و توور کراوە:

- **غەم جەیشی (سەلم) و (توور)ە، ئەسەر (ئیرەجی) دڵم**
**بە شۆڕشی وەغا و ئەلەم، سینە بوو بە (ڕەی)**

(دیوان: ٩٤٤)

**سولەیمان:**

سلێمان کوڕی حەزرەتی داودە و هەردووکیان لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل بوون. حەزرەتی سلێمان بە ژیری و توانا و شانوشکۆ ناسراو بووە. دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بەسەر با و جنۆکە و پەری و مار و مێروو و گیاندار و پەلەوەراندا هەبووە و زمانی ئەوانی زانیوە. لە قورئانی پیرۆزدا لە هەر یەک لە سورەتەکانی (النمل) و (سبأ) دا ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی چیرۆکی سلێمانی پێغەمبەر کراوە. وەک چۆن لە تەوراتدا داستانی حەزرەتی سلێمان و با، سلێمان و مێرووله، سلێمان و دێو، سلێمان و پەپووەسلێمانە، سلێمان و بەلقیسا، سلێمان و خاتەم، بە وردەکاریی زۆرەوە خراوەتە ڕوو. چیرۆک و داستانی حەزرەتی سلێمان بە هەموو توخم و ڕەگەزە داستانییە سەرەکییە پێکهێنەرەکانییەوە بۆتە مادە و کەرەستەگەلێکی ڕەمزیی دەوڵەمەند لە ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا. لەم ناوەدا ئەدەبی کوردی و شیعری سالمیش بەشێکی گەورەی هەیە لەو بابەتانەدا. ڕەگەز و یەکە پێکهێنەرەکانی ئەم داستانە کە لە شیعری سالمدا هاتوون ئەمانەن:

- خاتەمی حەزرەتی سلێمان (ئەنگوشتەری).
- مهری سلێمان (موهر – مۆری حەزرەتی سلێمان).
- هودهود (هەواڵچنی خۆشخەبەری حەزرەتی سلێمان).
- بەلقیس (شاژنی سەبەء و لە پاشان خێزانی حەزرەتی سلێمان).
- ئاصەف (وەزیری حەزرەتی سلیمان).
- تەختی سولەیمان.
- چیرۆکی حەزرەتی سلێمان و دێو.
- چیرۆکی حەزرەتی سلێمان و مێرووله.

- **سولەیمان نەیدەکرد ئەسراری خاتەم قەت لەگەڵ سوخرە**
  **ئەگەر لەو وەختەدا ظاهیر دەبوو، لەعلی بەدەخشانت**

(دیوان: ٢٠١٣)

- لەشکری گوڵ جوملە خەندانن، دەڵێن: سەرما شکا
تــا (سولەیمان)ی صەبا، بۆ (دێو)ی زستان هاتەوە

(دیوان: ٨٣١)

- ئـاشکارا هـــەر طـــەرەف (هودهود) لە پەروازا دەڵـــێ:
ڕووبەڕووی (موڵکی سەبا)، تەختی (سولەیمان) هاتەوە

(دیوان: ٨٣٣)

حەزرەتـی سلێمان لەگەڵ بەڵقیسـای قەڕاڵیچەی (سـەبەء) دەکەوێتە جەنـگەوە، بـا بەڵقیسـا بەتەخـت و تـاراجەوە دێنێـتە لای سـلێمان، کە بەڵقیسا دەگاتە لای باوەڕی پێدەهێنێت و شووی پێدەکات:

- عەکسی ڕووت نەبوایە گەر، بۆچ ئابڕووی (بەڵقیس) دەچوو
کــەی بــە (جەم) یان دا لە شێوەی لێوی تۆ (ئەنگوشتەری)

(دیوان: ٩٠٠)

- لــێوی یــاقــووتــت نــگینە، (خاتەمی) نادر ظوهوور
مۆری دەستی (ئاصەف)ە، ئەمری (سولەیمان)ی دەکا

(دیوان: ١٠٤)

**شەططی ساوا:**

- مــوعجیزەی یــاری پەری چیهرەی دلارامم شکا
(شەططی ساوا)، تاقی کیسرا، ئاگری یەزدان فەنا

(دیوان: ٤٠)

ســاوا (ســاوە) دەریــاچەیەکە لای شــاری (ســەماوە)ی خــوارووی عێراق. دەڵێن گوایە لە پێشدا هەموو ساڵێک زەلامێکی تێدا خنکێندراوە تـا لە لافـاو ڕزگـار بـبن. تـا لە ناکاوێـک ئـاوەکە شــەوی لەدایکبـوونی پێغەمـبەر (د. خ) ڕۆچـووە و دەریـاچەکە وشـک بـووە. هەر ئەو شــەوە تـاقی کیسـراش، کە نیشـانەی دەسـەڵاتی فارسـەکان بووە شـەق بـووە و ئـاگری ئاگرپەرسـتانیش، لەگەڵ ئەوەی پاسـەوانی بەدیـارەوە بـووە تـا نەکـوژێتەوە، بەڵام کـوژاوەتەوە. ئەم ڕووداوانە بە نیشـانەی گەورەیـی

پێغەمبەر (د. خ) دانراون و ئەوەیان گەیاندووە کە ستەم و بێ دینی بە پەیدابوونی ئەو نامێنێت و دەپێچرێتەوە (مدرس، ٢٠١٥، ٤٠).

## شیرین و خوسرەو:

١- یەکێک لە بەسۆزترین داستانە دڵدارییەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتە. لەنێوان خوسرەوی پەروێز (کیسرای پاشای ساسانی نەوەی نەوشیروانی دادپەروەر، ٣٦٦ – ٥٩١ زایینی)، لەگەڵ (شیرینی ئەرمەن)، کە دواتر چیرۆکی (شیرین و فەرهاد)یش تێچێنی داستانە سەرەکییەکە دەبێت و تا ئەوەی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی لە داستانە سەرەکییەکەدا کەمتر نییە.

خوسرەو بە واتای (شا یاخود پادشا)یە، پەرویز، لە پیرۆزی و سەرکەوتنەوە هاتووە. ئەمە کاراکتەری یەکەمی قارەمانی سەرەکیی داستانەکەیە و لە شیعری سالمدا (١٥) جار هاتووە بەم واتایانەوە:

أ- وەکو پاشا/ خوسرەو، خوسرەوی خاوەر، سوپاهی خوسرەو، کەیخوسرەو، خوسرەوی پەرویز، کلاە خسروی، شاهی کەیخوسرەو، تاج خسروی، پووری هورمز.

ب- وەکو خوازە بۆ جوانی و دڵگیریی یار و دڵخواز و مەعشووق/ خوسرەوی خووبان، خوسرەوی خووبانی کشمیر، کەیخوسرەوی عیشق. لە پەراوێزی داستانی عەشقی خوسرەو و شیریندا ناوی ئەم کاراکتەرانەش لە شیعری سالمدا هاتوون: شێرۆ/ کوڕی خوسرەو لە ژنی یەکەمی، مەریەم/ ژنی یەکەمی خوسرەو، شاپوور/ یاوەر و ڕاوێژکاری خوسرەو، شەککەری ئەصفەهانی/ ئەو کچە نازدار و جوانەی، کەوا خوسرەو لەدوای مردنی (مەریەم)ی ژنی یەکەمی دەیخوازێت.

- **ز (تاج خسروی) برتر کلاه فقر درویشی**
  **نمی ارزد جهان گیری بەغوغای شر و شورش**

(دیوان: ١٠٥٦)

**- بەرابەر لەشکری (کەیخوسرەو)ی عیشق**
**گـوریزی دا خیرەد وەک شـاهی تووران**

(دیوان: ٤٩٧)

**- (خوسرەوی خووبان) گوزەرکا گەر، بە پایەندازیی ئەو**
**چـاو لـە ئـەشکی نوقـرەگون دەڕژێنێ دینار و درەم**

(دیوان: ٤٨٧)

**- فەلەک نەیخستە مەحشـــەر خوونی (فەرهاد)**
**بە (شێرۆ) حەقی (شیرین) سەند لە (پەرویز)**

(دیوان: ٣٧٤)

٢-شـــیرین: کـــچە شـــازادەیەکی ئەرمەنـــی بـــووە، مەعشـــووقەی خوسرەوی پەرویز بووە، دواتر هی (فەرهادی کوهکەن/ کێو هەڵکەن) و لە دوایشدا (شێرۆ)ی کوڕی خوسرەویش چاوی تەماحی تێ دەبڕێت. (٢٥) جـار نـاوی لە شـیعری سـالمدا ئاماژەی پێـدراوە، جـارێکیش بە ناسناوی (شیرینی داستان):

**- نە (فەرهاد) کەوتە شۆری من، نە (شیرین) گەییە حوسنی تۆ**
**لە دڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بە ڕووی بەردا**

(دیوان: ٥٧)

**- تجلی صورت (شیرین) ز روی سنگ بگذارد**
**اگر از عکس رویت پرتـو از (بیســتون) افتد**

(دیوان: ١٠٤٣)

٣-فەرهـاد: نـاوی عاشـقی ئەفسـانەیی شـیرین و حەریـف یـاخود ڕەقیبـی خوسـرەوی پەرویـز بـووە. ئەنـدازیاری نەخـش و پەیکەرسـاز بـووە. دوابەدوای داهێنـــان و بڵاوبـــوونەوەی شـــاکارەکەی (نیزامـــی)، (شـیرین و خوسـرەو)، فەرهـاد نـاو و ناوبـانگێکی زۆر پەیـدا دەکـات، تەنانەت هەندێ لە هۆزە کوردەکان، لەوێنەی (کەلهوڕ) خۆیان بە نەوە و نەژادی ئەو دەزانـن (یـاحقی، ١٣٩١، ٦٣٠). خوسـرەو بـۆئەوەی فەرهـاد لەسەر ڕێگەی خۆی دوور بخاتەوە داوای لێ دەکات ڕێگایەک لە کێوی

(بێستوون) هەڵبکەنێت و لە بەرانبەردا ئامادە دەبێت بۆی دەستبەرداری شیرین بێت، بۆیە فەرهاد بە (کێوهەڵکەن) ناودێر دەکرێت. لە شیعری سالمدا (١٠) جار ناوی (فەرهاد) و (٨) جار بە (کوهکەن – کوەکن) و لە (٣) شوێنیش ناوی (تیشەو دەمی تیشە/ ئەو تەور و تەبشوویەی کەوا فەرهاد کێوی پێ هەڵکەندووە) هاتووە. (٣) کەڕەت ناوی (بێستوون) هاتووە، کە کێوێکی بەردینی سەخت و بەرزە و دەکەوێتە باکووری کرماشانەوە، وەکو بەڵگەی زیندووی شانۆی ڕووداوەکانی داستانەکەیە. هەندێ لە شوێنەوارەکانی ئەم داستانە بە لاپاڵی ڕوو لە باشووری کێوی بێستوونەوە ماون. لە نموونەی پەیکەری کۆڵراوی (شەبدیز ئەسپی خۆشڕەوی خوسرەو)، ئەو ڕێچکە پلیکانەییەی، کە فەرهاد بە باڵای کێوەکەدا لەسەر خواستی خوسرەو هەڵی کەندووە. ئەم ناوچەیە حەوز و سەروچاوە ئاوێکیشی لێیە، دەمێکە کراوەتە سەیرانگا و شوێنی گەشتوگوزار بەناوی (طاق بیستون/ تاق وەسان)ەوە. چەندجار و لە سەردەمی جیاوازدا، ئەو دەرفەتە بۆ بەندە ڕەخساوە، کە سەردانی ئەم سەیرانگا و شوێنەوارانە لە داوێنی بێستووندا بکەین و وێنە و ڕەسمیان لێ هەڵبگرینەوە. دواجار ئەوە بوو لە خزمەت مامۆستای نەمر (د. مارف خەزنەدار)دا لە هاوینی (ساڵی ٢٠٠٥)دا سەردانی ئەو شوێنەوارانەمان کرد.

لە دەقە ئێرانییە کۆنەکاندا ئاماژەی پچڕپچڕ بۆ ئەم داستانە کراوە. تاوەکو شاعیری داستانسەرای مەزنی ئێرانی (نیزامی گەنجەوی/ ١١٣٥ – ١٢١٧ ز) دێت و لە شوێنەوارە ناودارەکەیدا (پنج گنج، یاخود: خمسهٔ نظامی) ئەم داستانە سێ لایەنییە نەمرەی (خوسرەو – شیرین – فەرهاد) بە ڕازاوەترین شێوە تۆمار دەکات. ئەم زاتە لەسەر زمانی خۆی ڕایدەگەیەنێت کەوا دایکی لە خانەوادەییێکی خانەدانی کوردانە:

**گر مادر من رئیسهٔ کرد مادر صفتانه پیش من مرد**

دوای ئەوەش لە ئەدەبی کوردیدا، داستانی (شیرین و خوسرەو) شاکاری شاعیری ناوداری کورد (خانای قوبادی/ لەساڵی ١٧٤٠ی

زایینیدا داستانەکەی هۆنیوەتەوە) یەکەمین و گرینگترین سەرچاوەیە بۆ ئەم داستانە، کەوا لەسالّی (١٩٧٥)دا، لە ئامادەکردنی، محەمەدی مەلا کەریم، لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپ و بلاّوکراوەتەوە.

**- بە ئیمای دیدەیی مەعشووقە، عاشق کێو لەبن دێنن**
**لەلای (سالم) کەنەندەی (بێستوون) موژگانی (شیرین) بوو**

(دیوان: ٦٤٣)

**- لە کۆی عیشقا دوصەد کێوی جەفا بارە لەسەرشانم**
**یەقین (سالم) لە میحنەتدا منیش (فەرهاد)ی (شیرین)م**

(دیوان: ٤٥٣)

**- دامتراشیوە بەناخون لە غەمت، سینەیی ڕێش**
**شوهرەتی (کۆهکەن) و وەصفی (دەمی تیشە) نەما**

(دیوان: ١٢٩٠)

**صەنعان (شێخی صەنعان):**

پوختەی داستانی شێخی سەنعان وەکو لە (منطق الطیر)ی (عەطار)دا هاتووە بەم جۆرەیە: شێخی سەنعان لە مەککە (٤٠٠) موریدی هەبوون، شەوێک لە خەودا دەبینێ کەوا سوژدە بۆ بتێکی ڕۆمی دەبات. تێگەیشت کە خوا ئەوی خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکەوە، لەگەڵ موریدانی ڕوو دەکەنە ولاّتی ڕۆم، لەوێ عاشقی کچێکی گاور دەبێت، موریدەکانی هەرچی دەکەن و دەکۆشن بێ سوود دەبێت. شێخ لە دەوروبەری گەڕەکی ماڵی کچەکەدا لێی دادەکوتێ. کچەکە عەشق و سەودایی شێخ بە گاڵتە وەردەگرێت، دواتر دەکەوێتە ئەزموونکردنی و پێی دەڵێت؛ ئەگەر ڕاست دەکەیت، سوژدە بۆ بت بەرە، قورئان بسووتێنە و دەست لە ئیمان و باوەڕی خۆت هەڵبگرە. شێخ لەبەر خاتری کچەکە هەموو ئەوانە دەکات، خەرقەکەی ئاگر تێ بەردەدات و زوننار دەبەستێت و ساڵێکیش بەرازەوانی دەکات، موریدەکانی بێ هیوا دەبن و بەناچاری دەگەڕێنەوە بۆ مەککە و چیرۆک و ماجەرای شێخ بۆ یەکێک لە خەلیفەکانی شێخ دەگێڕنەوە.

خەلیفە سەرزەنشتیان دەكات، كەوا بۆچ شێخیان بە تەنیا جێهێڵاوە و داوایان لێ دەكات بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی ڕۆم. مورید و یارانی شێخ دێنەوە بۆلای شێخیان لە چۆلەوانی و لەبەر بەرازان، شێخ شەرم دادەگرێت و دێتەوە سەرەخۆ، بەگەڵ یارانی دەكەوێتەوە و خەرقەكەی دەپۆشێتەوە و وێكڕا بەرەو حیجاز دەبنەوە. ئەو سەفەرە كچەكە خەون دەبینێت و دەگۆڕێت، وەدوای شێخ دەكەوێت، دەیگاتێ و لەسەر دەستی ئەو ئیمان و باوەڕ دەهێنێت و موسڵمان دەبێت. ئینجا لە دوایە گیان دەسپێرێت (گوهرین، ١٣٨٢، ٦٧ – ٨٨). عەطار داستانی شێخی صەنعانی لە (٤٠٩) دێرە شیعری مەسنەویدا خستۆتە ڕوو. مەزن شاعیری ناوداری كوردیش (فەقێی تەیران/ ١٥٤٩ – ١٦٣١ز) داستانی (بەیتا شێخی سەنعانی) لە ساڵی (١٦٢٠ی زایینیدا) لە (٣٦١) بەندی چوارینەدا هۆنیوەتەوە (دێرەشی، ٢٠٠٥، ٣١٣ – ٤٤٥). ئەم داستانە لە شیعری شاعیرانی كوردیی سەر بە ڕێبازی سۆفیزم لە وێنەی (جزیری و مەحوی)دا بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە، لە شیعر و دیوانی سالمیش هەروەتر.

١- صەنعان (٧) جار هاتووە لە ڕێژەی؛ بەدین صەنعانم، شێخی صەنعان، وەك صەنعان.

٢- لەبەرامبەردا كچی (تەرسا)ی دڵبەری شێخ (٢) جار ناوی هاتووە لە وێنەی: كچی جوان و یاری ستەمكاری مەسیحی، دینی تەرسا، دوختی تەرسا، تەرسای مەسیحی.

- وەكو كچی گاوری هاوكووفی شێخ، تەرسا و شێخی صەنعان، موئمین و تەرسا، لامەذەبی تەرسایی.

- **تووشی دەردێ هاتووم (سالم) لەعەهدی چاوی یار**
  **(شێخی صەنعان) بەم سیاقە شیفتەیی (تەرسا) نەبوو**

(دیوان: ٦٤٧)

- **عەینی جەهلە ڕوویی دڵ گەر سوویی (تەرسا) خوونەكەم**
  **(شێخی صەنعان)یش لە ڕێگەی عیشقدا پیری هەیە**

(دیوان: ٨٦٦)

٣-زوننار: ئەو ملوانکە خاچدارەی مەسیحییەکان لە ملی دەکەن. یاخود ئەو کەمەربەندەیە کە خەڵکانی مەسیحی بۆ جویکردنەوەی خۆیان لە موسوڵمانان لە پشتی دەبەستن. دیارە کەمەربەندی زەردەشتییانیش هەیە و هەر بەو ناوەوەیە. لەشیعری سالمدا بەم شێوازانە ئاماژەی بۆ کراوە:

- زوننار، زوننـاری کافران، زوننـاری تەرسا، زوننـاری گێسوو. (لێرەدا تێکەڵاوییەک لە شیعری سالمدا لە مەسەلەی (تەرسا) و (زوننار) لەنێوان گاور (کافر) و مەسیحییاندا بەدی دەکرێت[*]، لام وایە زوننار تایبەت بە گاور و تەرسا بۆ مەسیحی بێت لەو بارەوە هێمن دەڵێت:

**شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا**
**مـن خــەریکم بـۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە**

(هێمن، ١٩٧٩، ٩٣)

- **ئەسیرم باز لەداوی قەیدی طوڕڕەی، موشک بۆ موویی**
**((فـرنـگی زادە خـویی، کـافـری، زنـار گـیسـویی))**

(دیوان: ٩٥٣)

- **وەکو (صەنعان) لە عیشقت شێفتە و مەجذووب و مەحزوونم**
**قەسەم بەو زوڵفە شەب ڕەنگەت، کە وەک زونناری (تەرسا)یە**

(دیوان: ٨٥٦)

---

[*] لە فەرهەنگەکانیشدا ئەم تێکەڵاوییە بەدی دەکرێت، لە (خاڵ) و (هەمبانە بۆرینە) و (کوردستان)دا. گاور: جارێک بە فەلە و دیان و مەسیحی دەناسێت و جارێک بە خوانەناس و کافر و زەردەشتی!؟

## ضەححاک:

١- (ئەژدەهــاک): پێنجەمــین پاشــای ئێــران بــووە، بە گــوێرەی ســەرچاوە ئێرانییەکــان، ئەژدەهــاک بەنەژاد عەرەب بــووە. دەڵــێن لەو سەردەمەدا خواردنی گۆشتی گیانلەبەران نەریتێکی باو بووە. ئەژدەهاک بەر لە پاشـایەتی خـاوەنی ڕەوە ئەسـپێکی زۆر بـووە (١٠٠٠٠ ئەسـپ)، بـۆیە بە (بیوراســپ) نــاودار بــووە. لە زمــانی (دەری)دا بە دە هەزار دەگوترێت (بیوەر).

٢- وەک لە شانامەدا هاتووە: زەححاک بە هاندان و لەخشتەبردنی ئەهریمەن، باوکی خۆی دەکوژێت، خۆی لە شوێنیدا دەکات بە پاشای عەرەب. ئەهـریمەن خـۆی لە شـێوەی ئاشـپەزێک نیشـان دەدات و شـا وەکو نۆکەر لەلای خۆی گلی دەداتەوە. لە بەرانبەردا ئیبلیس بۆ ڕێز لێنـان و وەکـو وەفـایەکیش هەردوو لاشـانی پاشـا مـاچ دەکـات و ون دەبێت لە دوایە لە شوێنی ماچەکانی ئیبلیسدا دوو مار لەسەر شانەکانی پاشادا دەڕوێن، هەرچەندی دەیانبڕن چارە نابێت و دووبارە دەڕوێنەوە. ئەمجـار ئەهـریمەن خـۆی لەســەر شـێوەی حەکـیم و پزیشـک نیشــان دەداتەوە و ئامۆژگـاری پاشـا دەکـات، کەوا ڕۆژانە مێشکی دوو مـرۆڤ دەرخواردی مارەکان بدرێت تـاوەکو ئازارت نەدەن. لەو ڕۆژە بەدواوە، ڕۆژانە دوو گەنـج سـەر دەبـڕدرێن مێشـکەکانیان دەرخـواردی مـاران دەدەن. ئینجـا دەگوترێـت یـا (ئەرمائیـل)ی وەزیـری پاشـا کە مرۆڤێکـی خێرومەنــد و جــوامێر بــووە، یــا هەنــدێ لە ئاشــپەزەکانی کۆشــکی پاشـایەتی، ڕۆژانە یەکێک لە گەنجەکـان بە پەنهـانی ئێـزن دەدەن و بـۆ کێـوی (دەماوەنـد) بەڕێ دەکرێـت، لە بـری ئەوە مێشـکی ئاژەڵێـک – مەڕێک تێکەڵ بە مێشکەکەی تر دەکرێت دەرخوردی ماران دەدرێت.

٣- پاشـایەتی زەحـاک، بەپێی ئەفسـانەکە، نزیک لە هەزار سـاڵی خایاندووە، زوڵـم و ستەمی لە ئەندازە بەدەر بووە و خەڵک لە دەسـتی هەراسان بوون. تـا ئەوەی ئاسنگەرێک بەنـاوی (کـاوە)، کەوا کوڕەکـانی ئەویش ببوونە قوربانیی مارەکانی سەرشانی زەححاک، خەڵکی هاندا بۆ

شۆڕش و ڕاپەڕین و لە ئەنجامدا تەخت و تاجی پاشایان تێکوپێکدا و لەسەر تەختی دەسەڵات هێنایانە خوارەوە. ئینجا لەدوایە (فەرەیدوونی کوڕی تەهمورس) بەهاوکاری و پشتیوانی کاوە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، فەرەیدوون زەححاکی بەدیلی کەلەپچە کرد و ڕەوانەی کێوی دەماوەندی کرد و بە زنجیر لە کەرتکە شاخێکەوە شەتەک درا (شەمیسا، ١٣٨٩، ٤٥٣).

٤- چارەنووسی ئەو گەنجانەی کەوا لە دەماوەند کۆدەبوونەوە، وەک لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە بەم جۆرەیە:

**چو گرد آمدی مرد ایشان دویست**

**بران سان که نشناختندی که کیست**

**خورشگر بدیشان بزی چندو میش**

**سپردی و صحرا نهادند پیش**

**کنون کرد أز آن تخمه دارد نژاد**

**که از آباد نایذ بدل برش یاد**

واتە: کاتێ ئەو پیاوانە کۆبوونەوە و ژمارەیان بوو بە دووسەت، بە جۆرێک کەس نەیدەزانی ئەمانە کێن. ئاشپەزەکانی دەربار چەند دانە بزن و مەڕیان پێ بەخشین و ئەوانیش لە دوایە ڕوویان لە دەشت و بیابان کرد. نەژادی کوردانی ئێستا لەوانەوە وەپاش کەوتووە، بۆیە هەرگیز ئاوەدانییان بەیاددا نایەت (عارف، ٢٠٠٧، ٤٦٢).

٥- بەپێی هەندێ گێڕانەوە، ئەو ڕۆژەی کە فەرەیدوون بە تەخت و تاجی شایەتی شاد دەبێت، ڕۆژی (میهر) بووە، کە دەکاتە ڕۆژی شانزەهەمی مانگی حەوتەمی هەتاوی. ئیتر ئەو ڕۆژە کراوە بە جەژن و ناو نراوە جەژنی (میهرەگان)، میهرەگان بەواتای خۆشەویستی و مەحەببەت، هەروەکو بەواتای ڕۆژ (خۆر)یش دێت. ئینجا ڕۆژی شانزەهەمی هەموو مانگەکانی هەتاویش (میهر ڕۆژ)ی پێدەگوترێت.

شاعیری ناوداری ئێرانی (مەسعودی سەعد)، هەموو واتاکانی (میهر)ی لەدێرە شیعرێکدا کۆکردۆتەوە:

**روز میهرو، ماه میهرو، جشن فرخ مهرگان**
**مهر بفزای ای نگار مهرچهر مهربان**

واتە: لە ڕۆژی میهر و مانگی میهر و جەژنی شادی میهرەگان، خۆشەویستی و مەحەببەت نیشان دە، ئەی جوانی ڕوخسار ڕۆژی میهرەبان. لە ئێرانی کۆندا جەژنی میهرەگان (کەوا جگە لە فەرەیدوون، دەدرێتە پاڵ هەریەک لە جەمشید و کیسرا ئەنەوشێروانیش)، دووەمین جەژنی گرنگی ئێرانییەکانە لەدوای نەورۆز، ڕێک دەکەوێتە ناوەڕاستی ساڵیش لە بەرانبەر نەورۆزدا. ئەم داستانە بە هەموو کەسایەتی و پەلوپۆکانییەوە، بۆتە کەرەستەگەلێکی بەپێز و دەوڵەمەند و، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ پێ ڕازاوەتەوە. هەم لەلای گەلی کورد، هەم لەلای بەشێک لە گەلانی ڕۆژهەڵات، نەورۆز جەژنی سەرکەوتنە بەسەر زوڵم و ستەم و سەرەتای بەهار و کۆتایی زستانە، ئاگرکردنەوەش سیمبوڵی سەرکەوتنە لەو ڕۆژەدا.

لە شیعری سالمدا ضەححاک وەکو پاشای ستەمکار، ئینجا ئەژدیهای ضەححاک و ماری ضەححاک، بۆ زوڵف و مووی یار بەکارهێندراوە.

**- بینات نا عەهدەکەی (ضەححاکی تازی)**
**لەطورڕەت موو بەموو مارانە ئەمشەو**

(دیوان: ٧٠٤)

**- (ماری ضەححاکن) یەکایەک مووت بە مەحبووسانی زار**
**وەهیچ صەعبە بەندی سیلسیلەی زنجیری تۆ**

(دیوان: ٧٢٩)

**- سەری زوڵفت سەری کردە دەماغم**
**لە دۆشت (ئەژدەهای ضەححاکە) ئەمشەو**

(دیوان: ٧٠٠)

## طەلیسم:

لە (تەلیسـما – telesma)ی یۆنـانییەوە هـاتووە. کردەوەیەکـی نائاساییە لە ڕێگەی پەیبردن بە هێزی کاریگەری ئاسمانی – زەمینییەوە دێتەدی و کاروباری عەجیب و غەریبی لێ دەکەوێتەوە. دەشێ (تەلیسم) کارێکی ناعادەتی، یاخود وێنە و نەخش و نیگارێک بێت کەوا گەنجینە و شتی حەشـاردراوی پێ بپارێزرێت. لە فەرهەنگی (المنجد)دا هـاتووە؛ طەلیسم و طەلیسمات، هێڵکاری یا نووسراوێکە جادووگەران بەکاری دەهێنن و پێیان وایە کە هەموو ئازاربەخشێک لە ناودەبات (المنجد، ١٩٨٦، ٤٩٦). وەنەبێت مەسەلەی تەلیسم تایبەت بێت بەفەرهەنگ و ئەدەبیاتی جیهـانی ئیسـلام و ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوەتـا لە تەواوی سـەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا تەلیسمێک هەبووە و بەکارهاتووە بەناوی (ئەبراکادبرا – abracadabra) کە بەم شێوەیە بووە:

ABRACADBRA

ABRACADBR

ABRACADB

ABRAACAD

ABRACA

ABRAC

ABRA

ABR

AB

A

ئەم پێکهاتەیە لە عیبریدا لە دە پیت دروست بووە، پیتی A لە ڕۆخی لای چەپی سێگۆشەکە دە جار دووبارە بۆتەوە و توانایەکی جادووگەرانەی پەیداکردووە، وەکو دوعا و تەلیسم و ئەستێرەی پێنج پەڕ جۆرێک لە ئارامی و ئاسوودەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت (یاحقی، ١٣٩١،

٥٥٩). وەكو لە داستانی (هارووت و مارووت)دا هاتووە، (بەگوێرەی سورەتی بەقەرە: ١٠٢)، سیحر و جادوو لە (بابل)ەوە گوێزراوەتەوە بۆ سەرزەمینی هۆزی ئیسرائیلییەکان و لە سەردەمی حەزرەتی سلێماندا ئەهریمەنەکان سەرگەرمی ئەوە بوون خەڵکی (فەلەستین) فێری سیحر و جادوو بکەن.

بەم جۆرە تەلیسم و سیحر و جادووی بابل، ناوەڕۆکێکی بەپێز و دەوڵەمەندی ختسۆتە بەردەستی شاعیران لە ڕۆژهەڵات، ئینجا هەر بەوپێیەش لە شیعری کوردیشدا هەروایە. لای سالم بە چەند شێوە تەعبیر لەم چەمکە کراوەتەوە؛ طەلیسم، طەلیسمی بابل، طەلیسمی ڕوو:

- **ئومێدی دڵ نەماوە تا حەشر ئازادی قەیدت بێ**
  **(طەلیسمی بابلە)، جانا! مەگەر چاهی زەنەخدانت**

وەک دەگوترێت ئەم چاڵە، یاخود ئەو بیرەش کەوا (هارووت)ی تیادا سەراوخوار هەڵواسراوە تا ڕۆژی حەشر، لەسزای کوشتنی (مارووت)ی برای، ئەویش لە بابلە. بڕوانە ⟵ چاهی هارووت:

- **عیشقی تۆ بۆ جانی عاشق وەک (طەلیسمی بابلە)**
  **بۆ گرفتی دڵ، زەنەخدانت (چەهی هارووتە) ڕاست**

(دیوان: ١٨٢)

**عاد و ثەموود:**

- **ئەمە هەر پەرتەوی ئەو ڕۆژەیە ئەییامی قەدیم**
  **(کە همە تافت بر آرامگۀ (عاد و ثمود)**

(دیوان: ٢٦١)

عاد و ثەموود، دوو هۆزی کۆنینەی ئامۆزا و بن ئامۆزای دانیشتووی یەمەن بوون لە نەوەی سامی کوڕی نووح. شەددادی کوڕی عاد، ئەوەی کەوا کۆشک و سەرا و باغ و بەهەشتی ئیرەمی دروست کردبوو لەمانە بوو. ئەم دوو هۆزە لە قورئانیشدا ناویان وێکڕا هاتووە، هەروەها وێکڕاش لەبەین چوون. گوایە خەڵکانی قەوی تەن و

بـالا بەرز بـوون و هەسـتی بینـین و بیسـتنیان سەرسـوورهێنەر بـووە. ئەمانە بتپەرست و ستەمکار بوون. خوا (هـوود) پێغەمبەری بۆ ناردن تاکو ڕێنماییان بکات بۆ ڕێگەی ڕاست، بەڵام بێ سوود بوو. لە ئاکامدا یەزدان لە ڕێگەی باهۆزێکی بەهێزەوە تارومارى کردوون: ((كذبت ثمود وعاد بالقارعة * فاما ثمود فاهلكوا بالطاغية * واما عاد فأهلكوا بريح صرصر عاتية/ سـەموود و عـاد ڕوودواوە دڵکوتەکەیـان بەدرۆ دانـا * هـۆزی سـەموود بە نەعرەتێکـی بـێ وێـنە، قڕانیـان کـرد * هەرچـی هۆزەکەی عادیش بوو، بە بایەکی هەرە بەهێز لەبەین چوون – الحاقة: ٤ – ٦)).

**عەنقا:**

نــاوێکی تریشـــی هەیە (ســیمورغ)ی پێــدەگوترێت. باڵنــدەیەکی ئەفسانەییە، بە پاشای باڵندەکان دەناسرێت. لە پەهلەویدا بە (سین مورو Sen – murv) ناو دەبرێت. لە شانامە و ئاوێستا و داستانە پەهلەوییەکان بەشێوەیەکی سـەیر و سەرسـوڕمێن وێنا کـراوە. گوایە هێلانەکەی لە کێوی (ئەلبـورز) یـاخود کێـوی (قـاف)ە. لە داسـتانەکاندا هـاتووە؛ کەوا ســیمورغ (زاڵ)ی بــاوکی ڕۆســتەمی لەگەڵ فەرخەکــانی خــۆی بەخێـوکردووە، کـاتێکیش زاڵ دەگەڕێـتەوە نـاو خـانەوادەکەی پەڕێکـی سیمرغ لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، تا لەکاتی تەنگانەدا بەهۆی ئەو پەڕەوە داوای یارمەتی لێ بکات و بێتە هانای. بەپێی داستانی ڕۆستەم و زاڵ، کە لە شانامەدا هـاتووە، سیمورغ چەنـد جار هەم بەفریـای زاڵ و هەم بەفریای ڕۆستەمیش کەوتووە، لە زۆر تەنگانە و ئاڵەنگاریدا بۆتە مایەی سـەرکەوتن و پیرۆزییـان. (عەنقا) لە فەرهەنـگ و کلتـووری عەرەبـدا بە شتێک دەگوترێت، کە نەبێت (یاحقی، ١٣٩١، ٥٠١).

لە ئەدەبی کوردیدا بەیتێکی مەشـهووری (شێخ ڕەزا)مان هەیە، کە تیایـدا نـاوی (عەنقـا) دەبـات بەوەی کەوا نـاوەکە خـۆی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی نییە:

- **سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەروەکو ئابی بەقا**
  **تـــەیری عـــەنقا، شـــاری جـــابولقا، پڵاوی خانەقا**

(مستەفا: ٢٠١٠، ١٧٦)

وەکو چۆن لەو بارەیەوە بەیتێکی عەرەبیش هەیە و دەڵێ:

- **الغولُ و الخِلُّ و العنقاء ثالثهـم**
  **أسماءُ أشياءٍ لم توجد ولم تكنِ**

لە شیعری سالمدا ناوی (عەنقا) چوار کەڕەت ئاماژەی بۆکراوە.:

- **شەهـ کێیە لەلای مەعشووق؟ عوششاقی گەدا شاهن**
  **ئـــاریێ لـــە نـــەظەر ئـــەودا (عەنقا) بە مەگەس نابێ**

(دیوان: ٩٦١)

هەروەهـا نـاوی (بەیضـەیی ڕوخ) هـاتووە. دیـارە (روخ)یـش هەر پەلەوەرێکـی ئەفسـانەیی و گوایـا لەشـی زۆر بەهێـز و گەورەیە، کە دەتوانێت کەرکەدەنێک بەرز بکاتەوە. ناوی لە گەشتەکانی (سندباد) و (هەزار و یەکشەوە)دا هاتووە.

- **ئەی بەرابەر توخمی باتووت (بەیضەیی ڕوخ) هێڵکە کەو**
  **وەی مـــوقابیل طـــوولی مـیلت، نێرکی کاردوو و مەنـــار**

(دیوان: ٣٠١)

لە دێڕێکیشـــدا نـــاوی (شـــتورمورغ) هـــاتووە، واتە (نەعـــامە). وشـــترمورغ پەلەوەرێکـی زەلامە و تیـژڕۆیە، بەڵام ناتوانێـت بفڕێـت. مەڵبەنـدی سـەرەکیی ئەفریقـا و ڕۆژهەڵاتـی نـاوینە، جۆرێکیشـیان لە خـوارووی ڕۆژئـاوای ئاسـیا دەژیەت. لە ئێسـتادا کـێڵگەی تـایبەت بە بەخێوکردنی وشترمورغ پەیدابووە. گۆشتەکەیشی وەک دەگوترێت بۆ باداری و ڕۆماتیزم بەسوودە.

- **شاوە تەن، لەقلەق خەرام، گەردەن سەقاقوش، سەر زەغەن**
  **ســابرێن ڕیـش، نـاقە زانـوو، پێ شوتورمورغ، عەقل کەر**

(دیوان: ٣٢٤)

**عووج:**

- **زۆر نییه گەر ساقی عووجیان کرد بە جیسری ئاوی نیل**
  **ئـیستخوانی دەسـتی مـیرزا، پـول لـەسەر دەریا دەکا**

(دیوان: ٩٧)

مەبەست عووجی کوڕی عەنەقە. ناوی پیاوێکی ئەفسانەییە کە بە باڵابەرزی و زلئەندامی ناسراوە. گوایە لە ڕۆژگاری حەزرەتی ئادەمەوە تا سەردەمی مووسا ژیاوە. لەڕووداوەکەی تۆفانی حەزرەتی نووحدا سواری کەشتییەکە نەبووە، بەڵام بەزیندوویی ماوەتەوە. دژایەتی مووسای کردووە. مووسا دەچێتە دڵییەوە عەساکەی بەکار بێنێت. عەساکەی پیادا دەکێشێت بە عاستەم بەر پاژنەی دەکەوێت و برینداری دەکات، لەدواییدا بەو برینەوە دەمرێت. ئەو بە زۆرخۆریش ناودار بووە، ڕۆژانە بەچەندین خەروار تێری نەدەخوارد (شمیسا، ١٣٨٩، ٤٧٠). سالم لە سێ دێردا ئاماژەی بۆ عووج کردووە. لە هەر سێ شوێندا بە شێوەیەکی تەنزئامێز و بە مەبەستی داشۆرینی کەسێک سوودی لەناو و شۆرەت و وەسفە سەیروسەمەرەکانی وەرگرتووە.

**عیسا:**

١- حەزرەتی عیسای پێغەمبەر، کەوا ناسناوی (مەسیح، یان، مەسیحا)یە. خاوەنی کتێبی ئاسمانیی (ئینجیل – bible – مزگانی)یە. کوڕی حەزرەتی (مەریەم)، کە بەبێ شووکردن پێی دووگیان بووە. بۆیە بە (روح الله) ناودەبرێت. لە بەشێکی ئایەتی ژمارە (١٧١)، سوورەتی (النساء)دا هاتووە: (انما المسیح عیسی ابن مریم رسول الله وکلمته ألقتها الی مریم وروح منه../ ئاشکرایە کە مەسیحی کوڕی مەریەم پێغەمبەری خودا بووە، خودا بەفەرمانی خۆی و هەر لە نەفەسی پیرۆزی خۆی هاوێتیە ناو تۆلی مەریەم). لەمەوە ڕاڤەکارەکان گوتوویانە؛ کەوا فریشتەی خودا حەزرەتی جوبرائیل فووی لە قۆڵی کراسەکەی حەزرەتی مەریەم کردووە و ئینجا ئەو عیسای ڕەزگ

کەوتووە، هەربۆیەش مەسیحییەکان حەزرەتی عیسا بە کوڕی خودا دەزانن.

٢- مەسیحییەکان باوەڕیان وایە کە حەزرەتی عیسا لە شەوی (یەڵدا) هاتۆتە دنیاوە. لەو ڕۆژەدا (کە ڕێکەوتی ٢٥ی دیسامبەرە) هەر ساڵ (جەژنی لەدایکبوون) دەگێڕن. (یەڵدا) وشەیەکی سریانییە بەواتای (میلاد)ی عەرەبی دێت.

- **بەیاضی ناصییەی تۆ بوو، سفیدەی دا بە صوبحی عید**
  **لە نوسخەی قیرگون زوڵفت، سیاهی (برد شەوی یەڵدا)**

(دیوان: ١١٩)

٣- ئیعجازی عیسا: بەپێی گێڕانەوەکان حەزرەتی عیسا خاوەنی کۆمەڵێک (موعجیزە/ پەرجوو/ بەهرە و کاری خاریق و نائاسایی) بووە. کە بەشێکیان لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێدراوە. دیارە ژیننامەی حەزرەتی عیسا، وەکو یەکێک لە پەیامبەرە هەرە مەزن و پیرۆزەکان، هەروەها موعجیزەکانیشی لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا بایەخی زۆری پێدراوە و بۆتە مایەی ناوەڕۆکسازییەکی بەپیت و دەوڵەمەند، بەتایبەتیش لە بواری شیعری کلاسیکیدا. تەنانەت مەسەلەی لە خاچدان و خۆبەقوربانیکردنی لەپێناو بیروباوەڕەکەیدا، بوونەتە ڕەمز و سیمبۆلێک لە ئەدەبیاتی جیهانیدا. لەم ڕووەوە (شێرکۆ بێکەس) گوتوویەتی:

- **لەسەر (صەلیبی) کوردستان**
  **لەبەرچاوی هەموو جیهان**
  **ڕۆژی دەیان مەسیحی کورد:**
  **ئەکرێن بە قوربانی ژیان**

(بێکەس، ١٩٧٣، ١٥٨)

سەبارەت بە موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا لە قورئانی پیرۆزدا (المائدة: ١١٠) هاتووە: ((خوا گوتی: ئەی عیسای فرزەندی مەریەم! وەبیر خۆتی بێنەوە چەندم چاکە دەربارەی خۆت و دایکت کرد؟ من گیانی

هەرە پیرۆزم ناردە یاریت، لەسەر بێشکە و بەگەورەییش دەتتوانی خەڵک بدوێنی. من لەلایەنی خۆمەوە فێری کتێب و کارزانی و تەورات و ئینجلیم کردی، ئەوساکەشت هەر لەبیربێ کە لە حەڕی بە ئیزنی من شێوەی مەلێکت چێ کرد و فووت تێ کرد و بەئیزنی من بوو بە باڵدارێک و دەفڕی. دیسان هەر بەئیزنی من بوو تۆ کوێرەکانی زگماک و نەخۆشینی بەڵەکیت خۆش دەکردەوە و بە ئیزنی من مردووشت زیندووکردەوە)) (هەژار، ١٣٨٨، ١٢٦).

لە شیعری سالمدا نزیکەی (١٤) جار ناوی حەزرەتی عیسا و وەسف و ئاماژە پێناسراوەکانی هاتوون، وەکو:

- موعجیزەی عیسا، مورغی عیسا، ئەنفاسی عیسا، تەرسای عیسەوی، مەسیح – مەسیحا، عیسا، ڕوخساری مەسیحایی تۆ، مادەری عیسا، عیسای مەریەم، لەبی دولبەر مەسیحایە، عیسا نەفەس، چەلیپا.

- **شەڕیانە لە ئەندێشەیی موو، موئمین و (تەرسا)**
**کێشاویە لەسەر مەصحەفی ڕوو، شەکلی (چەلیپا)**

(دیوان: ٨٥)

- **سیحری فیکری من قەڵەم دێنێتە چەرخ**
**(موعجیزەی عیسا) بوو، (چالاکیی عەسا)**

(دیوان: ١١٥)

- **بۆ موطیعی، (عیسە ئاسا) ڕاستڕەو بوو (پیش از این)**
**وەک خەتی (تەرسا) بینای نا حەرفی واروون عاقیبەت**

(دیوان: ٢٣٠)

- **برسر مصحف رو (زلف چلیپا) داری**
**تو پری چهرە مگر (دین مسیحا) داری**

(دیوان: ١٠٦٦)

**فەرەنگ و داسنی...:**

- **(فـەرەنگ) و (داسـنی) و (گـەبر)ی بـەدخوو (نوصەیری) و (ئەرووس) و (دەیلەم) و (جوو)**

(دیوان: ٦٥٩)

١- سـەبارەت بە (فەرەنگـی) گـوتراوە؛ لە (ئەفـرەنس، فـرانس)ەوە هـاتووە. واتـە خەڵکی فرەنسـا کە بە ئـایین مەسـیحین دواتـر نـاوەکە بە بـاڵای هەمـوو خەڵکـی ئەوروپـادا بـڕاوە و بەهەمـوویـان دەگوترێـت (فەرەنگـی). ئینجا بەو هۆیەوەش، کە دانیشـتووانی ئەوروپا زۆرینەیـان مەسیحین، بۆیە (فەرەنگی) وەکو واتایەکی سەربار بۆتە ناسناو و بە هەموو خەڵکێکی مەسیحی دەگوترێت فەرەنگی.

٢- داسـنی: (داسـن) نـاوی چیـایەکی مەزنە لە بـاکووری شـاری مووسـڵ و بەری ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری دیجـلە، ئەو کـوردانەی لەو نـاوچەیە نیشـتەجێن (داسـنی)یان پـێ دەگوترێـت و هەمووشـیان سـەر بەئایینی (ئێزدی)ن، لەمەوە ناوەکە گوێزراوەتەوە و بەسـەر تایفەکەشدا بڕاوە. لێرەدا (داسـنی) ئامـاژەیە بۆ (کوردانی ئێـزدی) و بەتـایبەت بۆ ئایین و باوەڕەکەیان.

٣- گەبـر: بەواتـای (گـاور) دێـت. بە پەیڕەوانـی ئـایینی مەسـیحی دەگوترێـت، بەواتـای (فەلە). ئینجـا ئەم نـاوە بەخەڵکـی خوانەناسـیش هەڵدەدرێت، واتە (کافر).

٤- نوصـەیری: بە (عەلەوی)یـش دەناسـرێت. تـایفەیەکی ئـاینین لە چیـای عەلەوییەکـان و بـاکووری سـوریا، ناوەکەیـان دەچێـتەوە سـەر دامەزرێـنەری تایفەکەیـان (محەمـەمەدی کـوڕی نوصـەیر) کە لە سـاڵی (٨٧٣ی کۆچیدا) مردووە (المنجد، ١٩٨٤، ٧١٠).

ئەرووس: مەبەسـتی خەڵکـی ڕووسـە، کە زۆربەیـان بەئـایین مەسیحین. لە ئەدەبی زارەکی کوردیدا لە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) پێیان دەگوترێت؛ عرووس.

٥- دەیلەم: هۆزێکی ئێرانی بوون، نیشتەجێی (دەیلەمستان). تا سەدەی هەشتەمی کۆچی ناویان هەیە و لە بنەڕەتدا لە هۆزی (گێلەکی) جیابوونەتەوە، هەر لەو سەدەیەدا دەسەڵاتدارانی هۆزی (کیایی) زۆریان لەمانە کوشتووە و ئەوانەش کە ماونەتەوە تێکەڵاو بە گێلەکییەکان بوونەتەوە. (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٥٥٠).

٦- جوو: ئەم تایفەن کە پەیڕەوی لە ئایینی (جوولەکە - مووسایی) دەکەن. ناوەکەیان لە بنەڕەتدا عیبرییە (Juda)، بە یۆنانی Joudaios، بە لاتینی Judaeus، بە ئینگلیزی Jew و بە ئەڵمانی Jude، یە بەو کەسە دەگوترێت؛ کەوا بە (جوولەکەیی - یەهوودی) لەدایک بووبێت (برهان، ١٣٦١، ج٤، ٢٤٦٠).

**قاروون (گەنجی قاروون):**

- **غەیری (قاروون) کێ دەزانی جێی ڕەقیب**
  **مووسە ئاسا گەر موطیعم بێ زەمین**

(دیوان: ٥٩٧)

- **ئەی ڕەقیب با تۆ لەگەڵ من ظولمی فیرعەونی بکەی**
  **سەرزەمین قووتت دەدا وەک (گەنجی قاروون) عاقیبەت**

(دیوان: ٢٣٠)

قاروون ئامۆزای حەزرەتی مووسا بووە. موڵک و سامانێکی زۆری هەبووە، بەجۆرێک چەندین گەنجینە و دەفتەرداری هەبووە. زۆریش بەو ماڵ و سامانەی نازیوە، لە بەرانبەریشدا قرچۆک و ڕەزیل و چاوچنۆک بووە. لەسەر ئەو ڕەزیلییەی لەگەڵ مووسادا دەکەوێتە کێشە و هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پیلانگێڕان مووسا بەدناو و سووک و ڕسوا بکات مووسا لە سۆنگەی ئەوەوە نەفرینی لێ دەکات، خوداش زەمین لەرزەیەک دێنێ و قاروون و کۆشک و تەلار و موڵک و ماڵ و سامانی هەموو نغرۆی ژێر زەمین دەکات (دهخدا، ١٣٧٧، ج١١، ١٧٣٠٨).

**لەیلا و مەجنوون:**

لەیلا کچی سەعدە و لە هۆزی (بەنی عامیری) بووە. مەجنوونیش، ناوی قەیسی کوڕی مەلوح و لەهەمان هۆز بووە و بە (قەیسی عامیری) ناسراوە. (بەنی عامیر، یان عامیری) هۆزێکی عەرەب بوون لە بیابانی (نەجد)دا ژیاون، ئەم دووانە هەر لە منداڵییەوە زۆر بە گەرمی عاشق و سەوداسەری یەکتر دەبن. باوکی لەیلا سەرپێچی دەکات و کچەکەی نادات بەقەیس و بەڵکو دەیدات بەکەسێکی تر. تا لە ئەنجامدا بارودۆخی قەیس سەر دەکێشێت بۆ شێتی و دێوانەبوون، هەربۆیەش بە (مەجنوون) دەناسرێت. ڕوو لە چۆل و بیابان دەکات و گوایە لەگەڵ گەلەی ئاسک و گیانەوەراندا گوزەراندوویەتی:

- **شۆری شەهرم گەر وەها بێ، جێمە هاموون عاقیبەت**
  **یاری (لەیلا) خەصلەتم، دەمکاتە (مەجنوون) عاقیبەت**

(دیوان: ٢٢٩)

لە ئەدەبیاتدا (لەیلا) بۆتە مەعشووقەی شیعری و وەکو ڕەمز بۆ هەموو یار و دڵخوازی شاعیران بەکار دەبرێت. مەجنوونیش بەهەمان شێوە. لە ئاکامدا مەجنوون لەتاوی عیشقی لەیلا بەناکامی سەر دەنێتەوە. گوایە لەیلاش هەرگیز خۆی نەداوەتە دەستی مێردەکەی و تا لە سوێیان و لە حەسرەتی عەشقی ناکامی مەجنووندا سەری ناوەتەوە.

داستانی (لەیلا و مەجنوون) لەگەڵ ئەوەی لە بنەڕەتدا عەرەبییە، بەڵام بەفراوانی گواستراوەتەوە و بۆتە بەشێک لە کلتوور و ئەدەبیاتی نەتەوە موسڵمانەکان. لە کوردیدا هاتووە:

- **من و مەجنوون لە مەکتەبخانەیی عیشقا دەرس خوێن بووین**
  **ئەمن خەتمی کەلامم کرد، لە (واللیل)ا بەجێ ما ئەو**

مەزن شاعیرانی ئێرانی لەوێنەی: (نیزامی، سەعدی، میرخوسرەوی دەهلەوی، جامی، هاتف، عەبدی بەگی شیرازی، وەحشی بافقی) ئەم چیرۆکەیان بە شیعر هۆنیوەتەوە. هەروەها نزیکەی (٣٠) شاعیر و نووسەری تورک ئەم چیرۆکەیان بە شیعر و بە پەخشان داڕشتۆتەوە.

(قادر، ٢٠١١، ٦٩ – ١٢٢). له ئەدەبی کوردیدا داستانی لەیل و مەجنوون بایەخێکی زۆری پێدراوە. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بە هەر سێ زارەکە، گۆرانی، کوردیی باکوور، کوردیی ناوەڕاست، وەکو شاکارێکی ئەدەبی هۆندراوەتەوە. هەروەها چەند دەقی چاپکراوی ئەو داستانەمان لەشێوەی ئەدەبی میللیدا لەبەردەستە. (سەرچاوەی پێشوو). لەئەدەبیاتی عیرفانیی ڕۆژهەڵاتدا (لەیلا) بۆتە نوێنەری عەشقی یەزدانی. (مەجنوونیش) بۆتە مەزهەری گیانی نائارامی ئینسانی، کەوا وێڵ و سەرگەردانە، کەوتۆتە عەشقێکی ئەبەدی و بەدوای گەیشتن بەویصالی مەقامی حەزرەتی باڵاوەیە. بەڵام تا گیان لە بەندی قەفەزی لەش ڕەها نەبێت هەرگیز بەو مەقامە ناگات. (یاحقی، ١٣٩١، ٧٣٢). چیرۆکی عەشقی (لەیلا و مەجنوون)، بۆتە وێردی سەرزار و زمانی شاعیرانی کورد و کەم وایە شاعیرێکمان هەبێت، بەتایبەت لە کلاسیکەکان، ئاماژەی بۆ ناو و چیرۆکی عەشقی ئەوان نەکردبێت. ڕەمز و دەلالەت و قارەمانەکانی ئەم داستانە هەمیشە لە یادگەی سالمدا حازر بوون و بەتایبەتیش لە غەزەلەکانیدا بەچڕی بەدی دەکرێن.

- لەیلا (١٦) جار ئاماژەی بۆ کراوە، لە شێوازی؛ لەیلا، لەیلای عەرەب، کۆیی لەیلا، لەیلاوەش.

- **تا بە (لەیلایی عەرەب) مایلە، مەجنوونی دڵم**
  **صەعبە خوڕڕەم بێ لە هیجرا بە ظەریفانی عەجەم**

(دیوان: ٤٦١)

- **مەڵێن (مەجنوون) شکا شانی لە بۆسینی سەگی (لەیلا)**
  **لەلای عاشق، خیلافی عاقڵی، ئەو هەتکە تەمکین بوو**

(دیوان: ٦٤٣)

مەجنوون: (٨) جار ئاماژەی بۆ کراوە وەکو: قەیس، مەجنوون، چۆڵگەردی هاموون، مەجنوونی صەحرایی، مەجنوونی بیابان، مەجنوونی دڵم، مەنزل لەلای مەجنوون، مەجنوون کوش.

- **(قەیس)ی تۆن کوللەن لەغەم زومرەی عەرەب**
**(شەمس)ی تۆن جەمعەن بەهەم ئەهلی عەجەم**

(دیوان: ٤٥٨)

- **بەمیثلی ئەشکی (مەجنوون) خوێنی موشتاقانی بێ سامان**
**لــە شمشێری برۆی بێ دادی (لەیلی) مەهـ جەبین دەڕژێ**

(دیوان: ١٠٠٦)

- **ئیشارەی چاوی مەخموور و نیگاهی ناوەک ئەندازت**
**بەمیثلی غەمزەیی (مەجنوون) کوشی ئیمایی (لەیلا)یە**

(دیوان: ٨٥٧)

## مەنصووری حەللاج:

حوسێن کوڕی مەنسووری حەللاجە (حەللاج: بەواتای هەللاج یان پەڕەچـی دێـت). عـاریف و سـۆفیی نـاوداری ئێـرانییە، لە سـۆفییەتیدا خـاوەنی مەزهەبێکی تـایبەتی بـووە و بەگـوتنەوەی وێـردی (أنـا الحـق) نـاوی دەرکـردووە. ئەم وێـردەی مەنسـوور (أنـا الحـق – مـن خـودام) دەگەیێنـێ! و لەپـای ئەمەدا بە کـافر و زەنـدیق درایە قەڵەم و لەسـەر فەرمـانی (مـوقتەدیر)ی خەلـیفەی عەباسـی لەسـاڵی (٣٠٩ی کۆچییـدا، بەرابەر ٩٢١ی زاینییە) لەدار دراوە. هەروەهـا کۆمەڵێک قسـە و باسـی دیکەشی لێ دەگێڕدرێتەوە نزیک لە کوفر و باوەڕشـکێنی، کەوا لەلای ئەهلـی تەسـەوف و عیرفانـدا بە (شـەطەحات – وڕێـنەی سـۆفییان) ناودەبرێـت. ئیمـامی غەزالـی لە پەیڕەوانـی حەلـلاج بـووە. پۆزشـی بـۆ زۆرێک لەم گوتانەی حەلـلاج هێنـاوەتەوە و دەڵـێ؛ هەمـوو ئەمـانە لە بێ پایانی عیشق و خۆشـەویستی و، جۆش و خرۆشی حـاڵگرتن و، توانەوە لە خۆشەویسـتی خـودا، بە سـەرزار و زمـانی حەللاجـدا هـاتوون. کەسانێکیش حەلـلاج بە وەلی و خوانـاس و خـاوەن کەرامـات دەزانن لە مێژووی ئیسـلام دا. (یاحقی، ١٣٩١، ٣١٣). ژیـان و چـارەنووس و دروشـمە نـاودارەکەی مەنسـوور (أنـا الحـق). دواتـریش مەسـەلەی لەداردانـی، بوونەتە مایەی بابەتگەلێکی تراژیدیائامێز لە مەیدانی ئەدەبیاتی نەتەوە

موسـولّمانەکان و لە ئەدەبیـاتی عیرفانیـدا حەلـلاج بـۆتە سەرمەشـقی عاشقانی شەهید لە ڕێگەی خۆشەویستی خودادا. شاعیرانی سۆفیزمی کورد لە وێنەی (جزیری و مەحوی) لە لیریکە عارفانەکانیاندا بەزۆری مامەڵەیان لەگەڵ چەمک و زاراوە عیرفانییەکانی مەنسووری حەللاجدا کردووە.

- مەلای جزیری دەڵێ:

**هوستایێ عیشقێ دل هەڤۆت، سەرتا قەدەم هنگی دسۆت**
**ڕەمزا (أنا الحق) هەر دگۆت، باوەڕ بکەن مەنصوورە دڵ**

(دۆسکی: ٢٠١١، ٢٠٩)

- مەحوییش گوتوویەتی:

**با حەقیشی بێ، لەبۆ (مەنصوور) (أنا الحق) حەق نییە**
**شـێتییە مـەجنوون ئـەگەر بـێ نـازی لەیلایی بکا**

(مدرس، ١٩٧٧، ١٩)

لە شیعری سالمدا ناوی (مەنصوور) سێ کەڕەت و (منصووری حەللاج، أنا الحق، هو الحق)یش هاتوون.

- **دەکـێشی خـوێنی سـالم حـەرفی ئیسمت**
**وەکوو (مەنصوور)، ئەگەر ببرێتە سەر دار**

(دیوان: ٢٧٤)

- **مەقامم کەن بە زەجر، ئەر داری (مەنصوور)**
**دەکـێشی خـوێنی مـن نـەقشی (انا الحق)**

(دیوان: ٤٠٩)

**مەنن و سەلوا:**

- **لەکەس ڕۆزیت نەوێ، جوز ڕازیقت، گەر مەردی دەروێشی**
**زەمین گەر قەحطی قووتە، بۆت دەبارێ مەنن و هەم سەلوا**

(دیوان: ٢٦)

مەنن و سەلوا: بەکوردی بریتین لە گەزۆ و شۆکە. دوو خۆراکی سروشتین گوایە لە ئاسمانەوە دەبارێتە سەر درەخت و مرۆڤیش کۆیان دەکاتەوە و بۆ خۆراک بەکاریان دەهێنێت. ئەمانە لە ڕاستیدا بەرو دەردراوی خودی ئەو درەختانەن کە بەسەریانەوە پەیدادەبن. ئەم باوەڕی لە ئاسمان دابارینەشیان لە داستانی حەزرەتی مووسا و هۆزی ئیسرائیلییەکاندا باس دەکرێت، کاتێک هۆزی ئیسرائیلییەکان لەتەک مووسادا لە بیابانی سینادا گیر دەخۆن و بۆ خۆراک یەخەی مووسا دەگرن، بە دوعای مووسا (مەنن و سەلوا)یان لە ئاسمانەوە بۆ دێتە خوارێ. وەک لە قورئاندا هاتووە: ((وانزلنا عليهم المن والسلوى كلوا من طيبات ما رزقناكم/ گەزۆشمان دەگەڵ شێلاقە بۆ هەناردن: بخۆن لەو شتە پاکانەی کردوومانەتە ڕۆزیتان – الاعراف – ١٦٠)).

**مووسا:**

١- یەکێکە لە پێغەمبەرە مەزنەکان و خاوەنی ئیرادە و بڕیار بووە. لە تەوڕاتدا دەڵێ؛ (مووسا) لە وشەی (ماشا)ی عیبرییەوە هاتووە، بەواتای (دەرهاتوو)، کەوابێت مووسا بەمەعنای (لە ئاوەوە دەرهاتوو)ە. لە سەردەمێکدا بەهۆی بیروباوەڕەکەی لەگەڵ فیرعەونی میسریدا کەوتۆتە کێشەوە. (فیرعەون) ناسناوی حاکم و پاشاکانی میسری کۆن بووە. بەپێی دەقە مێژووییەکان ئەو فیرعەونەی کەوا مووسا لەسەردەمی ئەودا ژیاوە دەبێ (ڕامسیسی دووەم) بووبێت، کە دوازدە سەدە لەپێش زایین ژیاوە و گوایە (٤٠٠) ساڵیشی تەمەن کردووە.

٢- فیرعەون ئیددیعای خوایەتی کردووە. وەکو لەدەقی قورئاندا هاتووە (النازعات: ٢٤): ((فقال أنا ربكم الاعلى وتی: ئەمن پەروەرێنی هەرە پایەبەرزتانم)).

٣- فیرعەون لە ئەستێرەناسەکانی خۆی بیستووە، کەوا منداڵێک دێتە دنیاوە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەو. بۆیە بڕیار دەردەکات؛ هەر منداڵێک لەدایک دەبێت دەمودەست بیکوژن. دایک و باوکی مووسا

ئیلهامیان بۆ دێت، کەوا منداڵەکەیان بخەنە ناو بێشکە صندووقێکەوە و بیدەن بەدەم ئاوەوە. ((اذ أوحینا الی أمک مایوحی أن اقذفیه في التابوت فاقذفیه في الیم/ کاتێ ئەوەی کە پێویست بوو ئاوێتمانە دڵی دایکت کە: بیخەرە دار بەستەوە و بیهاوێژەرە ناو زێوە – طه: ۳۸ – ۳۹)). (ئاسیا) ژنی فیرعەون لەڕێی کەنیزەکێکەوە، منداڵەکە گل دەدەنەوە و مووسا لە کەناری ئاسیادا پەروەردە دەبێت و پێدەگات. ئاسیا هەر زوو باوەڕ بە بانگەوازی مووسا دەهێنێت، کە فیرعەون پێدەزانێت، فەرمان دەدات، لەبەرچاوی خەڵک چوار مێخەی دەکێشن و لەداری دەدەن.

٤- فیرعەون وەزیرێکی دەبێت (هامان)، کە ڕاوێژی بۆ دەکرد و لە ستەم و خراپەکارییدا ڕێنماکاری بوو.

- **لەگەڵ من جەوری خۆت کەم بوو، ڕەقیبیش بوو بە هەمڕازت**
**دەخیل (فیرعەونی) عەصری خۆت! مەکە سا گوێ لە (هامانت)**

(دیوان: ٢١٠)

٥- چیرۆک و داستانی زۆر سەبارەت بە ژیان و سەربردەی حەزرەتی مووسا لە هەریەک لە قورئانی پیرۆز و تەورات و ئینجیلدا هاتوون، کە لە سەرچاوەکانی بەردەستدا ئاماژەیان بۆ کراوە (شەمیسا، ١٨٣٩، ٤٩٣، ٦٢٥)، هەروەها (یاحقی، ١٣٩١، ٣٢٠، ٧٧٧)

٦- مووسا هەموو جار لە کێوی (طوور) لە بیابانی (سینا) لەگەڵ خودادا موناجاتی کردووە. تا ڕۆژێکیان دەڵێ خودایا خۆتم نیشان دە!، (رب ارني)، بەڵام وەڵام ئەمە دەبێت (لن تراني). دواتر یەزدانی مەزن نیشانێکی خۆی لە کێوەکەدا بەدیار خست، کێو هەرەسی هێنا و لەژێر زەبردا پارچە پارچە بوو (سوورەتی الاعراف، ١٤٣) سالم لەو بارەوە گوتوویە:

- **یەک ذەڕڕە عەکسی پەرتەو، دەرکەوت و طووری سووتاند**
**ئایینە سەخت ڕووبوو، لەو عەکسە تابی هێنا**

(دیوان: ١٤٣)

- **بــه قــنديل دلــم مــهر جمالش در شب هجران**
**فروزد پرتو نورى كه (موسى) ديد در (طور)ش**

(ديوان: ١٠٥٦)

لەمەوە مووسا بە (کەلیم – کەلیم الله) ناوی دەرکردووە. وەکو لە سوورەتی (الاعراف. ١٤٤)دا هاتووە، (وکلم الله موسی تکلما).

- **لــه يەمی مــوعجیزەتا قەطرەیە ئەنفاس و کەلام**
**هەردوولا شاهیدی ئەم قەولە، چ عیسا، چ (کەلیم)**

(دیوان: ٤٩٠)

٧- کە مووسا ڕوو دەکاتە وڵاتی میسر داوا لە فیرعەون دەکات باوەڕ بهێنێت و کاتێک فیرعەون لەبەرانبەر مووسادا هەست بە دەستەوەستانی دەکات، داوای لێ دەکات کە لەگەڵ جادووگەرەکانی بکەوێتە پێشبڕکێ. جادووگەرەکان لە دیوانی فیرعەوندا مارەکانی خۆیان بەرەڵلا دەکەن و مارەکان بەرەو لای مووسا دەخشێن. مووسا بە فەرمانی خودا دار عەساکەی دەستی فڕێ دەداتە سەر زەوی، عەسا ڕاستەوڕاست دەبێت بەئەژدیهایەک هەموو مارەکان قووت دەدات. ((فالقى عصاه فاذا هي ثعبان مبين/ مووسا عەساکەی فڕێ دا؛ کەچی لەپڕ بوو بە ئەژدیهایەکی ئاشکرا – الاعراف: ١٠٧)). ئەمە یەکێکە لە موعجیزەکانی حەزرەتی مووسا:

- **زەمزەمەی عیشقە لەناو میصری وجوودم هەمە جا**
**ئــاتەش ئــەفشــانە هەناسەم وەکو (ثوعبانی کەلیم)**

(دیوان: ٤٩١)

٨-مووسا بە خاوەنی (یەدی بەیضا) ناسراوە. ئەمە لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، (سوورەتی طە: ٢٢). لە تەوراتیشدا هاتووە، کە مووسا هەرکات دەستی لە گیرفانەکانی دەردێنان وەکو بەفری سپی دەبریسکانەوە.

- لـه قوببەی نووری پوستانت، (یەدی بەیضا) نموودارە
ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێبی جامەی تۆ، (کەفی مووسا)

(دیوان: ١٢٠)

٩- مووسـا و یـارانی لە هـۆزی ئیسـرائیل، لە دەسـت سـتەم و جەوری فیرعەون، دەیـانەوێ لە میسـر دەربچـن، ڕووبەکەنە ڕووبـاری (نیـل) تـا بوارێـک بـدۆزنەوە بـۆ پەڕینەوە. مووسـا بە فەرمـانی یەزدان بەدار عەسـاکەی لە ئـاوەکە دەدات ڕووبـار شـەق دەبێـت و بەسـەلامەتی دەپەڕنەوە؛ ((فأوحینـا الـی موسـی أن اضـرب بعصـاک البحـر فـانفلق/ ئەوسـا مووسـامان تێگەیاند: بە عەسـاکەت لە زەریادە! زەریـا قەڵشـی و هەرلایەکی وەک چیایەکی مەزن بوو – الشعراء: ٦٣).

١٠- کاتێـک فیـرعەون و سـوپاکەی دوایـان دەکەون، ئـاو تێکـدەکاتەوە و فیـرعەون و سـەربازانی غەرق دەبـن. هەنـدێ لە ڕاڤەکـارانی قورئـان گوتوویـانە: کە فیـرعەون دەزانێـت کـاری لە کـار ترازاوە دەیەوێ دەمی بکاتەوە و باوەڕ بێنێت، حەزرەتی جوبرائیل تۆپە قوڕێک لە دەریاکە هەڵدەگرێت و دەمی فیرعەونی پێ دادەخـات و پێـی دەڵێت: ((الآن وقد عصیت قبل وکنت من المفسدین/ جا تـازە؟ تۆیەک لەپێشـدا یـاغی بـووی و لەڕیـزەی خراپەکارانـدا بـووی – یـونس: ٩١)). داستانی حەزرەتـی مووسـا، بەهەمـوو ڕەمـز و ڕووداو و کەسـایەتی و دەلالەکـانییەوە، لە شـیعری سـالمدا بە شـێواز و واتـای جۆراوجـۆر تەوزیف کراون، لەبارەی فیرعەونەوە هاتووە:

- فیرعەون، هامـان، ظولمی فیـرعەون، ظولمی فیرعەون و هامـان، سەبارەت بە مووساش بەم شێوازانە:

- مووسا، عەسا (٢)، عەصای مووسا، مووسـای عیمـران، ثوعبانی مووسا، مووسای (داوێن پاک)، مووسـا و طـوور، مووسـایی دڵ، کەلیم، ثوعبانی کەلیم، ئیعجازی کەلیم، مووسـا ئاسـا، طوور (٣). (شەعشـەعەی طـوور، ئاتەشـی طـوور، سـوختە طـوور، کێـوی طـوور، طـووریی سـینا، یەدی بەیضـا (٣) بـۆ زانیـاری سـەبارەت بەم بـابەتە سـوود لەو دوو سەرچاوە ناوبراوەی پێشوو وەرگیراوە).

- (عەصای مووسایە)، مەر نێزەی لەرەغمی مشتی فیرعەونی
بــە بــەرقی ئــاتەش ئــەفشان و بــەشکڵی ئــەژدەها پەیدا

(دیوان: ٧٢)

- تاقە خاڵی ڕووت، بەتەجریدی مەسیح
ساحیرە چــاوت، بە (ئیعجازی کەلیم)

(دیوان: ٤٩٥)

- در کـفم سـاعد سیمین تو بربود عنان
کە بەدل بردن (سالم) (ید بیضا) داری

(دیوان: ١٠٦٧)

نەمروود:

- گەمیە کەوتە گێژی (نەمروود)، تەن وەکو ئاش هاتە خول
بــای مــوراد کــەی دێ، خەبەردە، توو خودا ئەی ناخودا

(دیوان: ٢٨).

- دوور لــەدینم، مــیثلی (نــەمروود) بــۆ منارەی هــەجوییان
خاک و زێت پێ قەد دەکەم، ئەی سەنگ شکێن، وەک چۆلەکە

(دیوان: ٧٧٤)

نەمروود نـاوی پاشـایەکی بتپەرسـت بـووە لە بابل، لە سـەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمدا ژیاوە، گوایە لە نەوەی حامی کوڕی نووح بووە. تـاجی لەسـەر نـاوە و لەسـەر تەختـی پاشـایەتی ڕۆنیشـتووە و داوای خـوایەتی کردووە. لە داستانی نەمروود دا دوو ڕووداو پەیوەستن بەم دوو دێرەی شیعری سالمەوە:

١-سـەبارەت بە لەدایکبـوونی؛ کەشـتییەک لەنـاو دەریـادا تێـک دەشـکێت، ژنێکی دووگیـان لەنـاو کەشـتییەکەدا دەبێت. بۆ دەربازبوون خۆی بە تەختەدارێکەوە دەگرێتەوە، چارەنووس وای هێناوە ژنە لەسـەر تەختە دارەکەدا منداڵەکەی دەبێت و خۆیشی گیان دەسپێرێت. بە ئەمری خوداوەند بایەکی بەڕەحمەت هەڵدەکات و ئەو تەختە دارەی منداڵەکەی

بەسەرەوەیە بەرەو کەناری دەریاکە دەبات. منداڵەکە ڕزگاری دەبێت، پێدەگات و دەبێت بەم (نەمروود)ە. (شمیسا، ١٣٨٩، ٦٥٨).

٢- لەبارەی منارەی نەمروود، کەوا بە (بورجی بابل) ناسراوە لە مێژوودا دەگوترێت؛ نەمروود دوای ئەوەی هەوای سەرکێشی و خۆبەزلزانی لە کەللەی دەدات، فەرمان دەردەکات منارەیەکی تا دەکرێت بەرز و بڵندی بۆ دروست بکەن، تا بچێتە سەری و ئەو خوایە ببینێت کە ئیبراهیم دەڵێ وا لە ئاسماندایە و بیدوێنێت. منارەکە دروست دەکرێت و نەمروود سەردەکەوێت، بەڵام هیچ نابینێت و دێتە خوارەوە. بۆ بەیانییەکەی نەمروود و قەومەکەی کە لە خەو هەڵدەستن دەبینن هەموو زمانیان گۆڕاوە، لەبری سریانی کە زمانی ڕەسەنی خۆیان بووە، بە (٧٢) زمانی بیانی جۆراوجۆر دەدوێن و تێکیش ناگەن (یاحقی، ١٣٩١، ٨٢٣).

**نووح:**

- **ئاهی ئەم حاکمانە تەحقیقە، ئەگەر نەگرێ نیظام**
  **قەومی (نووح)یش دەچنە جەننەت، بێ شک و شوبهە و گومان**

(دیوان: ٥٣٩)

یەکێکە لە پێغەمبەرەکان، گوایە پێنج هەزار ساڵێک بەر لە ئێستا بووە. وا باوە کە هەزار ساڵی تەمەن کردبێت، بۆیە (عومری نووح)یش بۆتە ئیدیەم، لە پەنجا ساڵیدا دەبێتە پێغەمبەر هەموو عومری خۆی لەڕێی ڕێنمایی و ئامۆژگاری نەتەوەکەی بەخەرج داوە، کەچی ئەوان لە بەرانبەردا زۆر ستەمکار و گومڕا و خراپ بوون. کەمێکیان نەبێت، یەزدانی مەزن دووچاری هەلاکەت و فەلاکەتی کردوون.

**وامیق و عەذرا:**

- **(وامیق)یش وەک من لەڕێی عیشقا جەفا و جەوری نەدی**
  **گەر بە میثلی ڕوویی دڵبەر عاریضی (عەذرا) نەبوو**

(دیوان: ٦٤٥)

- مەکەن مەنعم وەکو (وامیق) ئەگەر ئاشووفتەو و زارم
جـگەرگاهم شـیکافی نـاوەکی مـوژگانی (عـەذرا)یە

(دیوان: ٨٥٦)

داستانێکی عاشقانەیە، چیرۆکی عەشقی کوڕێک بەناوی (وامیق) و کچێک بەناوی (عەذرا – بەواتای – پاکیز) دەگێڕێتەوە، داستانەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە و دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی پەهلەوی و ئینجا فارسی. عەزرا کچە شازادەی شاری (سامۆس) دەبێت، وامیقیش هەر لە دەرباری پاشا (فەلقرات)ی باوکی عەزرا کار دەکات. ئەم دووانە عاشق و ماشقی یەکتر دەبن، بەسەد دڵ شێت و شەیدای یەکتر دەبن. پاشای باوکی عەزرا کە بە مەسەلەکە دەزانێت، وامیق سووڕگوم دەکات و لە وڵات دووری دەخاتەوە. لەدوایە فەلقرات لە جەنگێکدا دەکوژرێت و دوژمنەکانی کچەکەشی (عەذرا) بەدیلی دەبەن و عەزرا لە دووریدا بەخەم و حەسرەتەوە و بەناکامی سەردەنێتەوە. وامیقیش هەر بەو دەردەوە دەچێت. شاعیرانی ئێرانی، لە بەراییدا (عونصری) و ئینجا چوار پێنجێکی تریش، ئەم داستانەیان بە هۆنراو هۆنیوەتەوە. لەشاعیرانی تورکیش هەر یەک لە مەحموود لامیعی و بەهەشتی، ئەم داستانەیان هۆنیوەتەوە (شریفی، ١٣٨٧، ١٤٥٤).

**هارووت (چاهی هارووت):**

- دڵـی سـاحیر، لـەبەر زوڵـف و زەنەخ، ناگاتە ڕوخسارت
لەیەک سوو حەڵقەیی ئەفعا، لەیەک سوو (چاهی هارووت)ە

(دیوان: ٧٤٣)

هـارووت و مـاڕووت؛ نـاوی دوو فریشـتەی ئەفسـانەیین، کە هـاتوونەتە سـەر زەوی خەڵکیـان فێـری گوناهـ و سـیحر و جـادوو کـردووە. بـۆیە خـودا غەزەبـی لـێ گرتـوون و لە بیرێکـدا لە بابـل سـەراوخوار هەڵواسـراون و تـاوەکو ڕۆژی قیـامەت بەو شـێوەیە

دەمێننەوە، هەمیشە تینوویانە بەڵام دەمیان ناگاتە ئاوی بیرەکە. ئەمانە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ناویان وەکو سیمبولی جادوو و سەرپێچی و گوناهکاری ڕۆیشتووە. هەروەها ئەو بیرەش کە تیایدا زینداین بە (چاهی هارووت و ماڕووت) دەناسرێت. ئەم داستانە لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە: ((ولكن الشياطين كفروا يعلمون الناس السحر وما أنزل على الملكين ببابل هاروت وماروت وما يعلمان من احد حتى يقولا انما نحن فتنة فلا نكفر.../ شەیاتینی خوانەناس بوون، خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد، ئەو زانستەش کە هاتبووە سەر هارووت و مارووتی جووتە فریشتە لە بابڵدا، هەر کەسێکیان فێری جادوو بکردایە، پێشەکی تێیان دەگەیاند: ئێمە هەر بۆ جەڕباندنین... البقرة: ١٠٢)). دیارە ئەمانە لە قورئاندا وەکو دوو فریشتە ناویان هاتووە، بەڵام یاخی بوون و ڕێگەی خراپەکاریان گرتۆتە بەر. لە شیعری (نالی)یشدا ئاماژەیان بۆ کراوە:

- **ڕەقیب و موددەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن**
  **لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی (هارووت و مارووت)ن**

(مدرس، ١٩٧٦، ٣٢٦)

**هوما:**

باڵندەیەکی ئەفسانەیی بە فەڕ و پیرۆزە. وا باوە هوما ئەگەر بێت و بەسەر کەسێکەوە بنیشێتەوە یاخود سێبەر بکات ئەوا ئەو کەسە دەبێت بە پاشا یا خێر و خۆشی بەسەردا دەبارێت. لە هەقایەتی کوردەواریدا وا باوە ئەگەر پاشای شارێک مردبا، ئەوا دانیشتووان هەموو لە مەیدانێک کۆدەبوونەوە، تەیری هومایان هەڵدەدا و بەسەر کێدا نیشتبایەوە ئەوا ئەو کەسە بە پاشا هەڵدەبژێردرا. هەروەها (بازی بەخت و طائر السعد)یشی پێ گوتراوە لە شیعری (نالی)دا هاتووە:

- **سایەیی پایە وەکو (باڵی هوما) و بازی سپیم**
  **نەوەکو بوومی قەدەم شووم و، نە هەمڕەنگی قەلم**

(مدرس، ١٩٧٦، ٢٨٩)

لای سالم بەم شێوازانە لە شیعرەکانیدا بەکار هاتووە:
- هوما (٢)، پەڕڕی هوما (٢)، ظیللی هوما (٢)، سایەی هوما (٢).

- **گەر لە سایەی ئاستانەی دڵبەرم جێم دەسکەوێ**
**قەت شەرەف ناکەم هەوەس ئیتر لەژێر (پەڕڕی هوما)**

(دیوان: ٤٢)

- **ناکەوێتە سەر سەری (سایەی هوما)، تا وانەبێ**
**لووتی پاپاخی لەگەڵ سەقفی فەلەک دەعوا دەکا**

(دیوان: ٩٧)

هەروەها لەشێوەی (طایری دەوڵەت – بازی دەوڵەت)یش هاتووە:
- **(طایری دەوڵەت)، بحمدالله، بەئەمری شەهرەزوور**
**موستەعید و خورڕەم و یازان و تازان هاتەوە**

(دیوان: ٨٤٠)

**یوسف و زولەیخا:**

چیرۆکی حەزرەتی یوسف و داستانی عەشق و سەودای زولەیخا بۆی، یەکێک لە بەسۆزترین داستانە دڵدارییە کۆنەکانە. لە قورئانی پیرۆزدا و لە سوورەتێکی تایبەتیدا ئەم داستانە زۆر بەوردی خراوەتەڕوو. (سوورەتی دوازدەهەمی قورئان/ یوسف). ئینجا هەر لە قورئانیشدا ئەم چیرۆکە بە (أحسن القصص) پێناسە کراوە. ئینجا لای ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز زۆر گەشەی پێدراوە و کتێب و دانراوی تایبەتی لەبارەوە نووسراوە.

١- یوسف کوڕی یەعقووبی پێغەمبەر بووە، خەڵکی (کەنعان) بوون، کەنعان شارێک بووە لە فەڵەستین. یەعقووب کە بە پیری کەنعان ناسراوە، لە بەرەی دوو ژنان (١٢) کوڕی بوون. یوسف و بنیامین لە ژنێک و ئەوانی تریش لە ژنێکی تر.

٢- یوسف کوڕی بچووک و خۆشەویستی باوکی دەبێت. باوکی نیازێکی وای دەبێت کە یوسف بکات بەجێنشینی خۆی. براکانی یوسف لەم هەڵسوکەوتەی باوکیان قەڵس دەبن، ئیرەییش بە یوسف دەبەن، بۆیە بڕیار دەدەن بە پیلانێک لەناوی بەرن. بە فێڵێک دەیبەنە دەرودەشت و دەیخەنە ناو کۆنە بیرێکەوە، کراسێکی خوێناویش بۆ باوکیان دەبەنەوە و دەڵێن گورگ خواردوویەتی. باوکی لەگەڵ ئەوەی باوەڕیان پێ ناکات، بەڵام سەبر و ئارامی دەبێت و دان بە جەرگی خۆیدا دەگرێت: ((فصبر جميل والله المستعان على ما تصفون/ خۆڕاگری بێ ناشکوری چاری منە، لەمەڕ ئەوانەش کە ئێژن، خودا دەهانامەوە دێ – یوسف: ١٨)).

٣- یەعقووب غەم دایدەگرێت و لەژوورێکدا خۆی گۆشەگیر دەکات، ئەم ژوورە لە ئەدەبدا بە (کولبەیی ئەحزان) ناودارە. تا چاوەکانی لەدەست دەدات، (پیری کەنعان) غەمبارە، بەڵام هیوابڕاو نەبووە.

- **لەم (کولبەیی ئەحزان)ە عەشقی سەنەمێکم بوو**
  **لەم چۆل و بیابانە، باخی ئیرەمێکم بوو**

(عەونی، ٢٠١١، ١٦٧)

- **بەشوهرەت (سالم)م ئەمما لەهیجرەت (پیری کەنعانم)**
  **دەبێ ڕۆشن بەوەصڵت، دیدەیی تارم، وەلێ زەحمەت**

(دیوان: ٢٣٥)

٤- کاروانێک بەڕێگاوە دەبێت بەرەو وڵاتی میسر، لە ڕێگە بۆ پشوودان لادەدەن و ئاوکێشەکەیان ئاو لە بیرەکە هەڵدەگۆزێت، منداڵێکی بچکۆلانە و خنجیلانە لەگەڵ دەوڵکەکە دێتە دەرەوە. لەگەڵ خۆیانا دەیبەن و لەبازاڕی میسر، هەرزانفرۆشی دەکەن.

٥- (عەزیزی میسری) وەزیری یەکەم لەدوای فیرعەون، خۆی و خێزانەکەی (زولەیخا)، وەجاخ کوێر دەبن. یوسف لە بازاڕ دەکڕن تا

گەورەی بکەن و بیکەن بەکوڕی خۆیان. یوسف گەورە دەبێت و پێدەگات زیرەک و وریا و هۆشمەند لەپاڵ ئەوەشدا جوان و شۆخ و دڵگیر، گوایە نیوەی هەموو جوانی بە یوسف بەخشرا بوو نیوەکەی تریش بۆ هەموو خەڵکی، بۆیە بە مانگ چوێندراوە، (ماهی کەنعان). کۆمەڵێک بەهرە و هونەریشی هەبووە؛ زانینی ژمارە و پێوان، خوێندن و نووسین و لە هەموویشی گرنگتر بەهرەیەک، کەوا خودا پێی بەخشیبوو، بە موعجیزەی یوسفیش دەزاندرێت، مەسەلەی تەعبیر و لێکدانەوەی خەون بووە.

٦-زولەیخا دڵی دەچێتە یوسف و سەوداسەری دەبێت، یوسف بەپیرییەوە ناچێت، زۆری لەگەڵدا خەریک دەبێت و سوودی نابێت. عەشق و شەیدایی زولەیخا بۆ یوسف لەناو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوە، ژنانی شار قاویان داخست و لۆمەی زولەیخایان دەکرد، کەوا گیرۆدەی داوی عەشقی نۆکەرێکی خۆی بووە. زولەیخا میواندارییەک ساز دەکات و ژنانی شار بانگهێشت دەکاتە ماڵەکەی، لەدوای نان خواردن هەریەکە و میوەیەکی نارنج و چەقۆیەکیان دەداتە دەست و ئینجا یوسف لە کۆڕەکەدا دەردەکەوێت. ژنان تەواو سەرسامی جوانی یوسف دەبن و هۆشیان لای دەست و چەقۆکانیان نامێنێت، دەستوپەنجەی خۆیان خوێناوی دەکەن و زمانی حاڵیان دەیگوت؛ هەرگیز نابێت ئەمە لە مرۆڤ بێت. ((وقلن حاشا لله ما هذا بشرا إن هذا الا ملك كريم/ گوتیان: ئەی نامەخوا! ئەمە مرۆ نییە و بێ سۆ فریشتەیی خۆشەویستە – یوسف: ٣١).

- **کەفی عەقلی بڕی، دڵ وەک (زولەیخا)**<br>**بە تیغی غەم، لەعیشقی (ماهی کەنعان)**

(دیوان: ٤٩٨)

- **نارنجی (زولەیخا)یە، گۆی چاهی زەنەخدانت**<br>**طەوقی ملی (شیرین)ە پاوانەو و خرخاڵت**

(دیوان: ١٩٨)

٧- یوسف مل نادات، زولەیخا لە داخان لای مێردەکەی تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستێت. یوسف دەخرێتە زیندان و ساڵانێک لەوێدا دەمێنێتەوە. لەناو زیندانیدا بە لێکدانەوەی خەون بۆ زیندانییەکان ناو دەردەکات.

٨- پاشای میسر خەون دەبینێت، حەوت گای لەڕ حەوت گای قەڵەو هەڵدەلووشن، حەوت گوڵە گەنمی پووچ حەوتی سەوز و قەڵەو هەڵدەقرچێنن. خەونی پاشا لێک نەدرایەوە، تا یوسفیان هێنا، گوتی حەوت ساڵان هات دەبێت، بە داهات و خێر و بەرات دەبێت، لەدوای ئەوە حەوت ساڵان قڕوقات و نەهات دەبێت.

٩- عەزیز دەمرێت، زولەیخا لە حەیف و نامرادی چاوەکانی لەدەست دەدات، لات و ناگزوور دەکەوێت. یوسف بەفەرمانی پاشای میسر پایەی (عەزیزی میسر)ی پێ دەدرێت، تا مشووری بارودۆخی سەختی وڵات بخوات.

١٠- براکانی یوسف لەو هات و نەهاتییانەدا بۆ کڕین و سەودای دانەوێڵە دێنە وڵاتی میسر. یوسف دەیانناسێتەوە، بەڵام خۆی دەمامک دەکات تا پەی پێ نەبەن. ئینجا فێڵێک ڕێک دەخات و (بنیامین)ی برای گل دەداتەوە، کە لەلای باوکی لە شوێنی ئەودا بوو، تاوەکو باوکیشی ناچار بکات بەرەو وڵاتی میسر بێت، کراسێکی خۆیشی بەدیاری بۆ باوکی دەنێرێت.

١١- بەبۆنی کراسەکە ڕۆشنایی بۆ چاوی یەعقووب دەگەڕێتەوە. شوکرانەبژێری خوا دەکات و لەگەڵ کوڕەکانی ڕوودەکەنە وڵاتی میسر و بەیەکتر شاد و شوکر دەبنەوە.

١٢- زولەیخا باوەڕ بە خودا و ئایینی یوسف دەهێنێت، یەزدان چاوەکانی پێ دەبەخشێتەوە و دەگەڕێتەوە تافی جوانی و جحێڵی و دەبێت بە هاوسەری یوسف.

داستانی یوسف و زولەیخا لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی، (عەرەبی، فارسی، تورکی، کوردی)، چ لەبەشی ئەدەبی فۆلکلۆری و چ لە ئەدەبی نووسراودا، بۆتە وێردی سەرزار و زمانی هەموو خەڵک. عەشق و

سەودایی زولەیخا بۆتە مۆتیڤێکی دەوڵەمەندی ناوەڕۆکسازی غەزەل و شیعری لیریکی. لە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیشدا هەر ئامادەیە. لە شیعری سالمدا ڕەگەزە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی ئەم داستانە بەم شێوازانە هاتوون:

- یەعقووب (٣) جار، پیری کەنعان، کەنعانیان.
- یوسف (٢)، وەکو یوسف (دەمامکی یوسف)، ئیعجازی یوسف، ماهی کەنعان، یوسفی کەنعان، یوسف بە کەنعان هاتەوە.
- زولەیخا، نارنجی زولەیخا، زولەیخا مەشرەب.

- **دیدە نابینایە وەک (یەعقوب) لەهیجرانی (عەزیز)**
**تۆی خودا، صاحێب مەکان و تۆی خودایا لامەکان**

(دیوان: ٥٤٨)

- **پیری جان دادە خەبەرکەن لە جەلالیی (یوسف)**
**قەت بە ڕەنگێ لە دڵا فیکرەتی کەنعانی نییە**

(دیوان: ٨٨٤)

- **کە شوعلەی طەلعەتی (یوسف) طولووعی کرد، بەچی زانیم؟**
**((کە عشق از پردهٔ ظلمت، بیرون آرد (زلیخارا) ))**

(دیوان: ٧٦)

- **گەرچی میصرە (شارەزوور)، ئەمما خەرابە بێ (عەزیز)**
**ڕوو دەدا لەم خەڵقە ئاخر، حاڵەتی کەنعانیان**

(دیوان: ٥٤٨)

- **گوڵ ئەندامی، سەمەن بوویی، مەلەک ڕوویی، فریشتە خوو**
**((زلیخا مشربی، لیلی وشی، شیرین سخن گویی))**

- (دیوان: ٩٥٣)

- **چیهرەیی مەقصەد هوەیدا بوو لە هەرجا صوبح وار**
**موژدە، ئەی (یەعقووبی دڵ!) (یوسف بە کەنعان) هاتەوە**

(دیوان: ٨٣٣)

## بەشی سێیەم

### ڕەمز و ئاماژەی مێژوویی:
### (قارەمان و کەسایەتی – ڕووداو – شوێن)

١- ئەدهەم
٢- ئەسکەندەر
٣- ئەیاز و سوڵتان مەحموود
٤- ئووەیس
٥- بابان
٦- بابانی (عەزیز بەگ/ عەبدوڵلا پاشای بابان)
٧- بابەجان
٨- بەکرەجۆ
٩- بەلعەم
١٠- بووعەلی سینا
١١- پیرمەصوور
١٢- تورک
١٣- جەیحوون
١٤- حاتەمی طەی
١٥- حەبەش
١٦- حەکیمی ڕۆمی
١٧- حەڵقە بەگووش
١٨- خاقانی
١٩- دار الخلافه
٢٠- دەریای قولزم
٢١- دەماوەند
٢٢- ڕەی
٢٣- ڕۆم
٢٤- سەرچنار
٢٥- سەیوان
٢٦- سککەی زەڕ
٢٧- سنە
٢٨- شارەزوور
٢٩- شاهی نەقشبەند
٣٠- شەمس
٣١- شەوقی مەهـ و چاکی کەتان
٣٢ شێخەباس
٣٣- شەهرەیار
٢٤- صاحێبقڕان
٣٥- صەدر و سوڵتان
٣٦- طاقی کیسرا
٣٧- فەیلە قووس
٣٨- قائان
٣٩- قاروون
٤٠- قەجەر
٤١- قەصری خەوەرنەق
٤٢- قەیصەر
٤٣- قوسطەنطینیە
٤٤- کانی ئاسکان
٤٥- گورجی
٤٦- گودروون
٤٧- مانی
٤٨- مەجووسی
٤٩- مەروان
٥٠- مەریوان
٥١- مودخەل
٥٢- نادر
٥٣- وەندات و جافان
٥٤- هۆلاکۆ

**ئەدهەم:**

- **بەتاجی فەقر، ئەگەر (ئەدهەم) صیفەت، جۆیایی سوڵتانی لـەتەختی سـەڵتەنەت هەڵسە، وەرە ژێر خەرقەیی مەولا**

(دیوان: ٢٧)

مەبەست لە (ئەدهەم) گەورە پیاوچاکی ئێرانی (ئیبراهیمی ئەدهەم)ە، کە ناوی تەواوی (ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمی بەڵخییە). لە زاهیدە گەورەکانی سەدەی دووەمی کۆچییە، (لە ساڵی ١٦٠ یاخود ١٦٦ی کۆچیدا کوژراوە). لە بەڵخەوە دەچێتە مەککە و تێکەڵ بە کۆڕی گەورە خواناسانی ئەوێ دەبێت. دواتر ڕوو دەکاتە شام و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ نیشتەجێ دەبێت. ناوبراو لە جەنگێکی دەریاییدا لە بەرانبەر ڕۆمە بیزەنتییەکاندا شەهید بووە (معین، ١٣٦٠، ج ٥، ٧٥).

**ئەسکەندەر:**

سەرکردە و جەنگاوەری جیهانگیری مەقەدۆنی کەوا بە (ذوالقرنین) ناسراوە. لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا لە جێگەی باوکیدا دەبێت بە پاشا و لە (٢٢) ساڵەی تەمەنیدا بە سوپایەکی مەزنەوە ڕووی کردۆتە ڕۆژهەڵات و میسر و شام دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە شەڕی (گۆگمێلا)دا (ساڵی ٣٣١ پ. ز) لەسەر ڕووباری (خازر) لە نێوان هەولێر و موصل بەسەر (داریۆش)دا سەردەکەوێت و ئێرانیش داگیر دەکات. دواتر بەرەو هیندستان دەڕوات. داستانەکان وا دەگێڕنەوە، کە (ئەسکەندەر) لە هەوڵی گەیشتن بە (ئاوی حەیات) بووە، بەڵام هەوڵەکەی بێ هوودە دەبێت لە شیعری سالمدا وەکو (ئەسکەندەر و شاهی ئەسکەندەر) ناوی هاتووە. وەکو چۆن ئاماژە بۆ قەومی (یەئجووج و مەئجووج) و (دیواری ئەسکەندەر، بەستەی ئەسکەندەر)یش کراوە، کە دەگوترێت لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بەرەو ڕۆژهەڵات، دانیشتووانی ناوچەیێک هانایان بردۆتە بەر ئەسکەندەر، کەوا لەدەست زوڵم و ئازاری تایفەیەک بەناوی (یەئجووج و مەئجووج)، کە کەس نازانێت ئادەمیزادن یاخود جانەوەر،

ڕزگاریـان بکـات. ئەسـکەندەر فەرمـان دەدات بەربەنـدێکیان لە ئاسـن و بەرد و گەچ و قیـر لەڕوودا دروسـت بکرێـت، ئەم بەربەنـدە دەکەوێـتە دەربەندی (قەفقاس) و بە (سەددی ئەسکەندەر) ناودەبرێت، ئەو تـایفەیە لەوێـدا بەنـد دەکـرێن و خەڵکیش لەدەسـت زوڵـم و زۆریـان ڕزگاریـان دەبێت.

ئەســـکەندەر لە تەمەنـــی (٣٢) ســـاڵیدا لە (٣٢٤ پ. ز) لە (بابـــل) دەمرێـت. تەرمەکەی دەگـوازرێتەوە بـۆ شـاری (ئەسـکەندەریە)، کەوا هەرخۆی لە کەناراوەکانی دەریـای (ڕۆم)دا (ناوەڕاسـتی ئێسـتا) بنیـاتی نـابوو. لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەتی (الکهف) ئایەتەکانی (٨٦ ، ٩٤ تاوەکو ٩٧)، ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی داستانی ئەسکەندەر کراوە (شمیسا، ١٣٨٩، ١٢٠ – ١٢٢).

- **(شاهی ئەسکەندەر) ئەوەی بۆی مرد و دەستی بۆ نەدا**
  **((جـــرعهٔ بـــود از زلال جـــام جـــان فـــرســـای تو))**

(دیوان: ٦٥٤)

- **یەئجووجی غەم لە عالەمی دڵ با نەگا بەجان**
  **ســـەد بـــەستە بێ تا بە ویصالت سکەندەری**

(دیوان: ٧٩٨)

## ئەیاز و سوڵتان مەحموودی غەزنەوی:

ســـوڵتان مەحمـــوودی غەزنەوی (لە ١٠٥٧ زاییینیـــدا مـــردووە) نـاودارترین پاشـای غەزنەوییەکـان بـووە، بە (یمـین الـدولە) ناسـراوە. عەشق و عەلاقەیەکی تـایبەتیی لەگەڵ غـولامێکی تورکدا دەبێت بەنـاوی (ئەیـاز – ابـو الـنجم)، تـا سـەر دەکێشـێت بـۆ ئەوەی (ئەیـاز) ببێـت بە یاوەری هەمیشەییی سوڵتان و هەتا کۆتاییی تەمەنی سوڵتان لە هەمـوو گەشـت و گەڕان و سـەفەر و غەم و شـادییەکدا هـاوڕێتی بکـات. ئەیـاز لەدوای مردنـــی ســـوڵتان مەحمـــوود دەگـــوازێتەوە بـــۆ لای ســـوڵتان (مەسـعوودی غەزنەوی) لە (نیشـابوور). داسـتانی هـاوڕێتی و عەشـق و عەلاقەی ســـوڵتان مەحمـــوود لەگەڵ ئەیـــازدا، کە مرۆڤێکـــی وریـــا و

هۆشمەند و سەرو ڕوخسار جوان و دڵگیریش بووە، بە چەندین شێوە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە. بە دەیان مەسەلە و چیرۆک و سەربردەی نێوان ئەم دووانە بەشێوەی جۆراوجۆر باس دەکرێت و دەگێڕدرێتەوە. (یاحقی، ١٣٩١، ٧٥٣). یەکێک لەو چیرۆکانە مەسەلەی نکوولێکردنی سوڵتانە لەو بەڵێنەی کەوا بە (فیردەوسی) دابوو. لە هۆنینەوەی شانامەدا وابڕیار بووە سوڵتان بۆ هەر دێڕێک دینارێک بدات بە فیردەوسی، کەچی لەبری ئەمە درهەمێک دەدات. فیردەوسی لە بەرانبەردا پارەکە دەبەخشێت بە حەمامچی و گۆزەگەرێک و بەسەختیش دەکەوێتە هەجووکردن و داشۆرینی سوڵتان. لەدوایەش بۆی دەردەچێت و ڕادەکات بۆ مازەندەران. لە دوای ساڵانێکی درێژ سوڵتان لەم ڕەفتارەی پەشیمان دەبێتەوە و فەرمان دەردەکات تەواوی حەقی فیردەوسی کەوا (٦٠٠٠٠ شەست هەزار دینار)ە، دیارە پارەی ئەوساش بە زێڕ و زێو دەبێت، بەکاروانی وشتران بۆ (طووس) و بۆ لای فیردەوسی ڕەوانە بکرێت. کاتێک کاروان دەگاتە دەروازەی شاری طووس و دەبینن وا جەنازەی فیردەوسی لە دەروازەی شارەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێ دەکرێت (شەمیسا، ١٣٨٩، ٦٠٦). لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەم لە بەشی فۆلکلۆر و هەم لە بەشی ئەدەبی میللی و شیعری کلاسیکیدا (داستانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس) ئامادەیی زۆری هەیە. لە شیعری سالمدا لە شێوەی:

- ئەیاز – مەحموود – غەزنە
- ئەیاز و مەحموودی غەزنەوی، ناوی هاتووە:

**شێفتەی گێسووی ئەیازێکم، لەغەم (مەحموودسان)**
**لەشکری غەمزەی لە (غەزنەی) خاطرا غارەتگەرە**

(دیوان: ٧٦١)

- **چەسپیدە با هەمن دڵ و عیشقت، هەمیشە وەک**
**زوڵفی (ئەیاز) و گەردەنی (مەحموودی غەزنەوی)**

(دیوان: ٩٢٩)

**ئووەیس (وەیس):**

- **بەسەنگی تەوبە دوندانی طەمەع بشکێنە، پەس بیخۆ**
**بەدوندانی قەناعەت نانی سوڵطانیی (ئووەیس) ئاسا**

(دیوان: ٢٥)

مەبەست (وەیسی قەرەنییە)، کەوا یەکێک بووە لە پیاوانی لەخواترسی (تابیعین). گوایە ئەم حەدیسەی پێغەمبەر (د. خ) سەبارەت بەو وتراوە: ((إني أشم رائحة الرحمن من جانب اليمن/ ئەز بۆنی ڕەحم و بەزەیی یەزدان دەکەم لە گوزەری یەمەنەوە)). ئووەیس لە شەڕی (صفين)دا شەهید بووە (برهان، ١٣٦١، ج١، ١٨٨). ئەم شەخسە جێ نزرگەی لە سلێمانی لە قسنێکدا بووە لەنزیک (ئوتێل ئاشتی)ی ئێستا، خەڵکو خوا زیارەتی قسنەکەیان کردووە بەتایبەتیش ئافرەتان. گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردیش هەیە بەو شەخسەدا هەڵدەڵێ:

- **با بچینە سەر وەیس، وەیسی خۆمانە**
**پرسیاری لێ بکەین، خەتای کاممانە**

(بابان، ٢٠١٢، ب١، ٦٠)

**بابان:**

١-پەیوەندیی سالم و بنەماڵەکەی لەگەڵ بابان و بابانییەکان، چ وەکو دەسەڵات و میرایەتی، چ وەکو پەیوەندیی کەسی لەگەڵ میر و پاشاکانیان، پەیوەندییەکی هەمەلایەنە و قووڵ و یەکانگیربووە. ئەمە باسێکی تایبەتە و لە شوێنی دیکەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین. ئەوەندە هەیە سالم خۆیشی وەکو شاعیرێک بۆتە ڕەمز و سیمبولێک بۆ ئەو سەردەم و دەسەڵات و بنەماڵەیە، مەبەست بابان و بابانییەکانە. ئینجا ئەو لەو دیوان و کۆبەرهەمە شیعرییەی کەوا لەبەردەستدایە چەند پارچە شیعر و قەسیدەی زۆر نایاب و ناوازەی هەیە، کەوا لە مێژووی ئەدەبی کوردیشدا کەم وێنەن، تایبەت و تەرخانکراون بۆ هەندێک ڕووداوی مێژوویی گرینگ و تایبەت بە بارودۆخی میرایەتیی بابان و

هەندێک لە میر و پاشا و کەسایەتییە دیار و قارەمانەکانیان. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو دەق و تێکستە شیعرییانە دەکەین، بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی کەوا لە دیوانی ((سالم))دا هاتوون:

أ- در وصف عزیز بگ بابان، قەسیدەیەکی (٣٣) دێرییە لە وەسف و ستایشی ((عەزیز بەگی بابان))دا. (دیوان: ٦٣)

ب-الوداع ئەی موڵکی بابان الوداع، پارچەیەکی (١٠) دێرییە (دیوان: ٣٩٨).

ج- رزم عزیز بگ بابان با اسماعیل پاشای ڕومی: قەسیدەیەکە بریتییە لە (١٠١) دێر، بگەڕێوە بۆ: (دیوان: ٥٢٢)

د- در وصف پریشانی نوکران بابان؛ قەسیدەیەکە لە (٤٨) دێری شیعر پێکهاتووە. (دیوان: ٥٧٦).

هـ- تهینەای مرخص شدن عبداللە پاشای بابان: ئەم قەسیدەیەش بریتییە لە (٤٢) دێری شیعری. (دیوان: ٨٣٠). قەوارەی سەرجەم ئەم تێکستانە بریتییە لە (٢٣٤) دێری شیعری، کە لە ناواخنی ئەم تێکستانەدا زۆرترین ڕەمز و ئاماژەی داستانی و قارەمانێتی بەدی دەکرێن. بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە کێڵگەی واتایی بابان و بابانییەکانەوە هەبێت، ئەوا دەیان جار ئەم چەمک و مۆتیڤانە پاتەبوونەتەوە: (موڵکی بابان، ئەهلی بابان، سوارەی بەبان، لە بابانا، خاصەی موڵکی بابان، ... تاد).

- **(الوِداع) ئەی (موڵکی بابان)، (الوِداع)**
  **(الوِداع) ئەی جایــی جانان، (الوِداع)**

(دیوان: ٣٩٨)

- **بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصەی (موڵکی بابان)ن**
  **لــە بێ دادیی فــەلــەک هەر یەک سەراسیمە و هەراسانن**

(دیوان: ٥٧٦)

- **هەوری بەدبەختی کە هاتە ڕووی فەلەک، وەک ڕەنگی قیڕ**
**کــەوکــەبەی مــاهی مــورادی (ئــەهلی بابان) بوو نیهان**

(دیوان: ٥٢٦)

لێرەدا بە پەیوەندی لەگەڵ (بابان و بابانییەکان)، ئاماژە بۆ دووان لە قارەمانەکانیـان دەکەیـن، کەوا لە شـیعری سـالمدا بـایەخی زۆریـان پێدراوە و قەسیدەی تایبەتیان بۆ گوتراوە:

٢- عەزیـز بەگی بابان: کوڕی ئاوڕەحمان پاشای بابان و مامی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا بووە. لە دوای نەمانی دەسەڵاتی بابانەکـان و حـوکمی ڕاسـتەوخۆی تـورک بـۆ سـلێمانی، عەزیـز بەگ سەری دانەنەواند و کەوتە خۆئامادەکردن بۆ بەرهەڵستی و دەرکردنی ئـۆردووی تـورک. هەنـدێک لە بەگزادەکـانی بابـان و هێزێکـی زۆری لەدەوری کـۆ دەبێـتەوە. لە سـاڵی (١٨٥٠)دا عەزیـز بەگ بە سـوپا و لەشـکرەکەیەوە هێـرش دێنێـت بـۆ سـەر سـلێمانی بەمەبەسـتی ڕزگارکردنی، بەڵام بەهۆی نابەرانبەریی هێز لەنێوان لایەنگرانی عەزیز بەگ و سوپای نیزامیی تورک، بەتایبەتیش بەکارهێنانی هێزی تۆپخانە لەلایەن سـوپای تـورکەوە لەدژی شۆڕشـگێڕەکان و خیـانەت و ناپـاکی هەندێک لە دۆست و لایەنگرەکانی عەزیز بەگ، هێزەکەی عەزیز بەگ دووچـاری شکسـت دەبێـت و ژمـارەیەکی زۆریشـیان لـێ دەکوژرێـت، عەزیز بەگ لەدوای ئەم شـەڕە خۆیشـی بەناچاری تەسلیمی دەسـەڵاتی تورک دەکات و دوور دەخرێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ (ئەمین، ١٩٩٨، ١٩٩). سالم قەسیدەیەکی شاکاری داستان ئاسای زۆر بەرز و نـاوازەی لەسـەر ئەم شەڕە و بوێری و ئازایەتی عەزیز بەگ و لایەنگرەکانی هۆنیوەتەوە و لە وێنەی فیلمێکی سینەمایی، پانۆڕامای وردەکاری هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە بێ ئامانەی خستۆتە ڕوو. قارەمانی داستانەکە (عەزیز بەگی بابـان) بەم وەسـف و پێکهاتـانە نـاودێر کراوە: (شـێری بێشـەی مـوڵکی بابـان، شـێری ژیـان، میری بازیان، ڕۆستەمی ثانی، چوواندنی عەزیز بەگ بە عەزیزی میسر ... تاد):

- **(شێری بێشەی مولْکی بابان) بوو (عەزیز) ئەمما درێغ**
**وەک گرێی داموسکی بێ، وا قەومەکەی زوو هەڵوەشان**

(دیوان: ٥٤٨)

- **سا فەلەک! کەیخوسرەوی خوێنی سیاوەش گوم مەکە**
**(ڕۆستەمی ثانی ) عەزیزە و موددەعی توورانیان**

(دیوان: ٥٤٥)

٣- عەبدوڵڵا پاشای بابان: دوا میر و پاشای بابانەکانە، بەر لەوەی بەیەکجاری لێ بخرێ و دوور بخرێتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ، ماوەیەک لەلایەن والیی بەغداوە، کراوە بە قایمقام بەسەر سلێمانییەوە. دواتر بانگی بەغدا دەکرێ و لەوێ بە دەستبەسەری ڕەوانەی ئەستەمبۆڵ دەکرێت.

ساڵی (١٨٥٤) لە شەڕی (قەرم)، دەوڵەتی عوسمانی بەناوی (جیهاد)ەوە هانی خەڵکیان دەدا و هۆزەکانیان کۆ دەکردەوە لەبەرانبەر هێرش و پەلاماری ڕووسیا و وڵاتانی ئەوروپی. هەروەها مەترسی ئەوەش هەبووە ئێران سوود لە لاوازیی عوسمانییەکان وەربگرێت، کە ئەوان لە بەرەکانی باکوور لە جەنگێکی سەختەوە تێوەگلا بوون، ئەمیش لە بەرەکانی ڕۆژهەڵاتدا پەلاماری ئەملاکی دەوڵەتی عوسمانی بدات، بۆیە لەدەرباری عوسمانی بیر لەوە کرایەوە (عەبدوڵڵا پاشای بابان) بگێڕنەوە بۆ سلێمانی بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێز و پتەوکردن و پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات. ئەم دەنگۆیە لە سلێمانی بڵاودەبێتەوە، کەوا پاشا بە ڕێگەوەیە بەرەو بەغدا و لەوێشەوە بۆ سلێمانی، سالم، وەکو نوقلانەی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا، دەستپێشخەری دەکات و قەسیدەیەکی پتەو دەهۆنێتەوە، کە تیایدا (عەبدوڵڵا پاشا) وەکو یەکێک لە قارەمانەکانی بابان وێنا دەکات، کە هیوا و ئاواتێکی زۆری پێوە بەند دەبێت. لە بابەتی ڕەمز و ئاماژەکانەوە، قەسیدەکە پڕاوپڕە لە هێما و ئاماژە داستانییەکانی

(ڕۆستەمی زاڵ) و قارەمانەکان و نەبەردییەکانی (شانامە)، کە عەبدوڵڵا پاشایان پێ وێنا دەکات. سالم کۆمەڵێک نازناوی داستانی و مێژوویی بە باڵای عەبدوڵڵا پاشادا دەبڕێت لە نموونەی: (چراغی دوودمانی ئەهلی بابان، یوسفی کەنعان، ئاصەفی ثانی، شاهی کەیخوسرەو، بابی فەقیران، طایری دەوڵەت، قائان، شێری مەردی گورد، ..).

- پێی وتم دوێ شەو لە کونجی میحنەتا، واضیح، سرووش:
  وا (چــراغی دوودمـــانی ئــەهــلی بـــابـــان) هــاتــەوە

(دیوان: ٨٣٣)

- (ئاصەفی ثانی) مورەخخەص بوو، بە ئەمری پادشاهـ
  بـــۆ نـــیظامی مـــوڵکی بـــەینی ڕۆم و ئیران هاتەوە

(دیوان: ٨٣٤)

**بابەجان:**

- **دای بەسەریا، هەرکە گرتی نەبضی مەوج ئاسایی ئەو**
  **یــەک نــەظەر شــێوا بــەجارێکی حــەواسی (بابەجان)**

(دیوان: ٥١٠)

مەبەست لێی میرزا بەدیعی حەکیم باشی (بەدیعی باباجان)ە. کەوا حەکیم باشیی تایبەتی میرەکانی بابان بووە، لە سلێمان پاشاوە تا دەگاتە عەبدوڵڵا پاشا لەنێوان ساڵەکانی (١٨٢٨ – ١٨٤٥)دا. لە سلێمانی ژیاوە و ناسناوی (بابەجان)ی لەلایەن سلێمان پاشای میری میرانەوە پێ بەخشراوە. توانا و زیرەکیی میرزا بەدیع لە بواری پزیشکیدا لەو ڕۆژگارە لە هەموو کوردستاندا دەنگی داوەتەوە (بابان، ٢٠١٢، ب١، ٤١٨). میرزا بەدیعی حەکیم باشی باپیری هونەرمەندی گەورە (بەدیع باباجان/ ١٩٢٣ – ١٩٩٦) بووە. کەوا بۆ یەکەم جار پۆرترێت و وێنەی خەیاڵی مەزن شاعیرانی کلاسیکی کوردی، لەسەر داوا و خواستی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی/ ١٩٥٢)

کێشاوە. هەر ئەم وێنانە بوون کەوا شوێنی وێنەی ڕاستەقینەی ئەم شاعیرانەی گرتۆتەوە و تاوەکو ئەمڕۆ پێیەوە ناسراون.

**بەکرەجۆ:**

- **دێتە گوێم دایم بەزاری، نالەیی مەحزوونی دڵ**
**بێ قەراری و ئیضطیرابە، ساڵ و مەهـ ، قانوونی دڵ**
**وا تەپی کاخی موراد و تێک شکا ئەستوونی دڵ**
**(بکرەجویی شد زهر چشتم روان از خون دل**
**عاقبت کردم دوا داغ فراق سرچنار)**

(دیوان: ٢٧٨)

بەکرەجۆ، واتە (بەکر جۆگا)، یاخود جۆگای بەکر بەگ. ئەم جۆگایە لەسەردەمی بابانەکاندا لەلایەن بەکرە سووری بابانییەوە ڕاکێشراوە بۆ ئەوەی زەوی و زاری ناوچەی (بەکرەجۆ)ی ئێستای پێ ئاوبدرێت. ئاوەکەی بەشێکی لە ئاوی سەرچنار و بەشێکیشی لە چەمی قلیاسانەوە وەرگرتووە. بەکرەجۆ ئێستا بۆتە ئاوەدانییەکی گەورە و بەشێک لە شاری سلێمانی. ئەمە بەندێکە لە شیعرێکی پێنج خشتەکی سالم لەسەر پارچەیەکی لیریکی بەسۆزی مەولانا خالیدی نەقشبەندی. مەولانا لەکاتێکدا لە خزمەتی شاهـ عەبدوڵلای دەهلەوی، لە ئەفغانستان لە سلووکدا دەبێت. بەیانییەکی ڕۆژی جەژن دەبێت، سۆزی غەریبی هەڵدەستێت و یادی (دایکی میهرەبانی) و خاک و زێدی وڵات و نیشتمانی دەکاتەوە و کول و تاسە و سوێی دەروونی لە غەزەلێکی (٧) بەیتیدا دەردەبڕێت کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**موسم عید است و ما نومید از دیدار یار**
**عالم در عیش و نوش و ما دوچشم اشکبار**

سالمیش بەهەمان سۆز و سووتانەوە چەند بەندێکی پێنج خشتەکی لەسەر دێرەکانی مەولانادا هۆنیوەتەوە.

**بەلعەم:**

- **دەزانم دێتە سەرچی کاری (سالم)**
**فەریبی چاوەکەت دەیکاتە (بەلعەم)**

(دیوان: ٤٦٦)

وەک ئەو شەرحەی لە دیوانی سالمدا بۆ وشەکە کراوە هەمان شتیش لە (دهخدا)دا هەیە و دەڵێ: (بەلعەمی کوڕی یاعوور)ە کەوا مرۆڤێکی خواپەرست و زاهیدێکی گەورە بووە لە سەردەمی حەزرەتی عیسادا ژیاوە. شەیتان زەفەری پێ بردووە و ئیمان و باوەڕی لەدەست داوە (دهخدا، ١٣٧٧، ج٤، ٤٩٦١).

**بووعەلی سینا:**

- **ذەلیلی نەفسی ئەممارە، شکستی بیمی ئەم مارە**
**پەناهت بۆ (عەلی) بێتە، مەڕۆ بۆ (بووعەلی سینا)**

(دیوان: ٢٧)

بووعەلی سینا (ئیبن سینا): زانا، فەیلەسووف، پزیشک و ئەستێرەناس و بیرکاری گەورە و ناسراوی ئێرانییە. کۆمەڵێک ناسناوی هەبووە لە وێنەی؛ الشیخ الرئیس، حجة الحق، شرف الملك و امام الحكماء. لە دەوری (بوخارا) لەساڵی (٣٧٠ی کۆچی) هاتۆتە دنیا و لە ساڵی (٤٢٨ کۆچی) لە (هەمەدان) چۆتەوە بەر دلۆڤانیی خودا. نووسراو و شوێندارەکانی بایەخی زۆریان پێ دراوە. هەندێکیان بۆ سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان وەرگێڕدراون (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٨٥) لە هەموو نووسراو و دانراوەکانی ناودارتر کتێبێکە بە ناونیشانی (القانون في الطب)، کە لە پێنج بەرگدایە و بە زمانی عەرەبی و سەبارەت بەزانستی پزیشکی نووسیویەتی. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی و وەکو پرۆگرامی زانستی پزیشکی لە زانکۆکانی ئەوروپادا خوێندراوە. لەو ساڵانەی دوایی پێش ئۆغرکردنی، مامۆستا هەژار (عەبدولڕەحمانی

شەرەفکەندی/ ١٩٢١ – ١٩٩٠)، بۆ برا ئێرانییەکانی کردۆتەوە بە فارسی و لە فەرهەنگستانی ئێراندا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**پیرمەصوور:**

- **وەک پیری خورد ساڵە خەمی داری (پیرمەصوور)**
**مەشغوولی لەغزشە، هەمەجا، پایی تا بەسەر**

(دیوان: ٣٣٦)

ناوەکە لە بنەڕەتدا لە (پیرمەنصوور)ەوە هاتووە. پیر؛ بە واتای بەساڵاچوو، شێخی تەریقەت، شەخس و پیاوچاکیش دێت. لێرەدا مەبەستی ئەمەی دواییە. شەخس و پیاوچاکێکە مەزارگەکەی لە داوێنی گەڕەکی مەڵکەندییەوە بووە. ئێستا ئەو گەڕەکە بەو ناوەوەیە (پیرمەسوور)، لە ژووررووی سلێمانیدا. بەگوێرەی (جەمال بابان)، ئەم زاتە شێخێکی باطینی بووە، مێژووەکەی بەدروستی دیار نییە و لەپاڵ هەریەک لە پیر میکائیل و شێخەباس و مەولانادا بە (چوار قطب) ناسراون. (بابان، ٢٠١٢، ب ١ – ٢، ٥٦).

- **ڕەنگی صەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای (پیرمەصوور)**
**گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی، هەوهەوی سوارەی بەبان**

(دیوان: ٥٤٠)

**تورک:**

لە شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا، وەکو مۆتیڤێکی زۆر بڵاو، بۆ کچ و یار و دڵخواز و مەعشووق بە چەندین وەسفی جۆراوجۆرەوە بەکاردێت. لە ناوەڕۆکسازی غەزەل وەکو ئاماژە بۆ (یارو دڵخواز)، لە پێشەوەی هەموو بابەتەکانە. تا وای لێ هاتووە (مەعشووق)ی غەزەل هەمیشە وەکو (تورک)ێکی خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی تایبەت وێنا بکرێت. (شەمیسا) لە کتێبی (سیر غزل در شعر فارسی) ئەم بابەتە بەو جۆرە تاوتوێ دەکات: لە سەدەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلامەتی (غولام و کەنیزەک)یان، لە ناوچەکانی (تورکستان)ی کۆنەوە دەهێنا بۆ

ئێران، غولامەکان بەهۆی چوست و چالاکی و بەکاری و بوێرییەوە، زیاتر لە پێکهاتەکانی سەربازی و لەشکرییەوە بەکاردەخران و دەبوون بە جەنگاوەری چاپووک. لەولاشەوە پاشاکانی سامانی و غەزنەوی بایەخی زۆریان بەشاعیران دەدا و مەسەلەی خەڵاتکردنیان و بەخشینی غولام و کەنیزەک پێیان بەشێک بووە لەو پەیوەندییەی نێوانیان. بۆیە لە غەزەل سەراییدا هەر لە زوویێکەوە وەسف و تاریفی ئەو غولام و کەنیزانە بەدی دەکرێت. بەتایبەت غولامانی مناڵکاری سەر و ڕوخسار جوان لە بەرگ و ئاکاری سەربازیدا. ئینجا هەر ئەو غولامانەش بوون لە کۆڕی مەیگێڕیدا بەزم و مەجلیسیان دەڕازاندەوە و بناغەی بەدمەستییان پێکدەهێنا. شاعیران لەم وەسفی ڕەفتار و ئاکارانەی غوڵامان تا سەدەکانی دواییش هەر بەردەوام بوون. ئیتر مەعشووقێک کە لە غەزەلدا دێتە گۆڕێ هەمیشە (تورک)ە، لێرەدا (تورک) سیما و ڕوخساری جوانێک وەردەگرێت. کە خاوەنی تەواوی نیشانەکانی کەسێکی تورک نەژادە، بەواتای خاوەن دەمی بچووک، ئەندامی ڕێک، چاپووک و کەمەرتەنگ، لەپاڵ سیفەتگەلێکی وەکو سەختگیر و غارەتگەر و تالانچی (شەمیسا، ١٣٨٠، ٣٢). لە شیعری کلاسیکیدا سیما و ڕوخساری مەعشووق، کە لە بناغەدا سەربازێکی تورک بووە، هەمیشە لە کر و ئاکارێکی سەربازیدا نیشان دەدرێت: بەواتە ئەبرۆی کەوان، موژەی وەک خەنجەر و زوڵفی کەمەند و نیگای وەک تیرە، خوو و ڕەوشتیشی هەمان ڕەوشتی سەربازانی تورکە، خوێنڕێژ، ستەمگەر، جەفا پیشە و غارەتگەر و پەیمان شکێن و بەدمەست. ئەمە وەکو کلێشە بە هەموو مەعنا و دەلالەتێکەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو شیعری کوردی، کەنیز و غوڵام ئەگەرچی دەستەمۆی شاعیر خۆیشی بوون، بەڵام هەمیشە بە دەست خوو و ڕەفتار و ئاکاریانەوە ڕەنجی کێشاوە، هەمیشە شاعیر کوشتە و قوربانی دەستی یار و دڵخوازەکەیەتی.

لە شیعری سالمدا ئەم یار و دڵخوازە تورکڕەفتارە جەفاکارە، لەگەڵ حاکم و دەسەڵاتدار، یان سەرباز و جەنگاوەری تورکی

ڕاستەقینە (سەربە دەوڵەتی عوسمانی) تێکەڵاو دەبن، بۆیە (تورک) لە شیعری سالمدا دەبێتە کۆمەڵێک واتا و دەلالەتی سەربار، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین پۆلینیان بکەین:

١. بەپێی واتا فەرهەنگییەکەی، وشەی (تورک)، بۆ گەلی تورکە، یان سەربازێکی تورکان، (١٦) کەڕەت پاتە بۆتەوە لە شێوازی: (تورکی غارەتگەر، ئەسیری تورکمەن، تورکانی جەفاجۆ، نیزامی تورک، تورک ئوشاغ، تورکی ئەرۆملی، غەواصی ئەتراک):

- **چاوی عیبرەت هەڵبڕە، ئەی دڵ لە وەضعی دەهری دوون**
  **سەیر کە سا (تورکی فەلەک) چیی کرد بە زومرەی کورد زوبان**

(دیوان: ٥٢٧)

- **مەرگی (تورکانی جەفاجۆ) صەد قەدەم پێش گوللە کەوت**
  **تا پلە ئەنگوشتی بۆسی، ئەو گەیشتە سەر نیشان**

(دیوان: ٥٣٧)

٢. وەکو پێکهاتەی ئیزافی و وەصفی بۆ چاو (١١) جار: (تورکی دیدە، تورکی تیر ئەفگەن، تورکی چاو)، بەکارهاتووە:

- **(تورکی پڕ فسوونی چاوی) کاری صەد جادوو دەکا**
  **ساعەتەن تەسخیر دەبێ، بۆ هەر مەکانێ ڕوو دەکا**

(دیوان: ٩٨)

- **(تورکی چاوی) دڵبەرم وەختی نیگەهـ تیر ئەفگەنە**
  **عاشق ئەر فەرضەن فەراmووز بێ، لە ظولما بەهمەنە**

(دیوان: ٨٢١)

٣. وەکو خوازە لەبری کچی جوان و یاری ستەمکار (٧) جار هاتووە لە شێوازی: (تورکانی سیمبەر، تورکی قەبا پۆش، تورکی زەڕین پۆش، تورکانە):

- **مــيانت بــەستووە، (تــورکانە)، بــۆ قەتلم لە مەستیدا**
**تەحەممول کە زەمانێ، تا ببۆسـم دەست و شـەمشیرت**

(دیوان: ١٧٨)

- **گــوریزانی جــەفام، ئــەی (تورکی سیمین بەر) خودا حافیظ**
**لەتاو جەورت دەڕۆم، ئەی شۆخی مەهـ پەیکەر، خودا حافیظ**

(دیوان: ٣٩٧)

٤. بۆ ڕوخساری ڕەنگ سپی یاریش (تورکستانی ڕوو) هاتووە:

- **غەریب و گۆشەگیر و فەردە وەک من**
**لـە تــورکستانی ڕووتا، خاڵی هیندوو**

(دیوان: ٦٢٨)

**جەیحوون:**

- **گەر شەپۆلی بەحری ئەشکم موڵکی ڕووم واداگرێ**
**دەبــنە یــەک لــەگەڵ (دەریایی جەیحوون) عاقیبەت**

(دیوان: ٢٢٩)

لە دوو شـوێنی دیکە لە شـیعرە کوردییەکانـدا و (ل ٨٣٤، ٨٤٢)، لە شوێنێکیش لە شیعرە فارسییەکانی سالم (ل ١٠٥٠)، بە هەمان چەمک و واتـاوە هـاتووە. لە کۆنـدا (ئـامۆ دەریا)یـان پـێ گوتـووە. ڕووبـارێکە دەکەوێـتە بەشـی ئاسـیای وڵاتـی ڕووسـیا، لە شـاخەکانی بـاکووری ئەفغانســتان (نــاوچەی پــامیر) ســەرچاوە هەڵــدەگرێت و دەڕژێــتە دەریاچەی (ئارال). درێژییەکەی (٢٦٥٠) کیلۆمەتر دەبێت و بۆ ئاودێری کێڵگەکانی پەمۆ سـوودی لـێ وەردەگیرێت. ئەم ڕووبارە لەڕۆژگاری یۆنانییەکاندا بە (ئاکۆس Oxus) ناوبراوە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٦٠).

**حاتەمی طەی:**

حـاتەم کـوڕی عەبـدوڵلا کـوڕی ئەبـی سـەعدی طـائی، مرۆڤـی بەخشندە و جوامێری عەرەبی ناوداری سەردەمی جاهیلییە. لە هۆزی (طەی) بووە لە ناوچەکانی نێوان نەجد و شام هاتۆتە دنیا و هەر لەو ناوەش مردووە. لەبارەی حاتەمی تەی چیرۆک و داستانی مێژوویی و خەیاڵی زۆر دەگێڕدرێتەوە. لە ئەدەبیاتی عەرەب، فارس، تورک، کورد، تا بە هیند و ئەفغانیش ڕادەگات چیرۆک و سەربردەی زۆری دراوەتە پاڵ کە لە دەوری چاوتێری و دەهندەیی ئەو پیاوە دەخولێنەوە. لەناو عەرەبـدا وەکـو نمـوونەی سـەخاوەت و بەخشـندەیی نـاوی دێـت و دەگوترێت: أكرم من حاتم الطائي. لە کتێبی (بوستان)ی شێخی سەعدیدا چیـرۆک و سـەربردەی زۆر لەبـارەی دەهنـدەییی حـاتەم باسـکراوە. دیـوانێکی شیعریشـی لە پـاش بەجێمـاوە. (یاحقی، ١٣٨٦، ٣١٠). لە شـیعری سالم لە چەند شـوێنێکدا ئامـاژە بـۆ ناوبانـگ و چیرۆکـی بەخشـندەیی حاتەم کراوە:

- **وەخـتی بـەخشش گـەر بنووسم داسـتانی هـیمەتت**
  **مـەردی دانا وەصفی جوودی (حاتەمی طەی) کەی دەکا**

(دیوان: ١٠٨)

- **ئـەگەر مەیلی کەرەمکا طەبعی شۆخی**
  **دەکاتە مەردی دوونان، (حاتەمی طەی)**

(دیوان: ٩٣)

**حەبەش:**

وڵاتێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، ئێستا (ئەثیوبیا)ی پێ دەگوترێت. ئەم ناوە لە پاڵ ناوەکانی (زەنگی) و (هیندوو) بە هەمان دەلالەتی فرە واتایی بەکارهاتوون بەم شێوەیە:

١-: وەکو ئامـاژە بـۆ دانە و ڕیـزەی خـاڵ (ئەبنـای حەبەشـی زادە، حوججاجی حەبەش).

- **لـــە طـــەوافی حەرەمی کەعبەیی ڕوو، حەڵقە زەنن**
**وەکو (حوججاجی حەبەش) سیلسیلە موویی حەبیب**

(دیوان: ٦٠)

٢-: ئامـــاژە بـــۆ خەڵکـــی حەبەشـــە (ئەهلـــی حەبەش)، بە ســـیفەتی پاســـەوان و غـــولام و خزمەتکـــار، بەو هـــۆیەی ڕەش پێســـتەکان بە نموونەی خەڵکی ئەفریقیا و هیندستان، بەهۆی هۆکارگەلێکی مێژوویی کراون بە کۆیلە و غولام و پاسەوان. بۆیە بەم چەمک و دەلالەتەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیش مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

- **دەستی ڕەددم دا لە سینەی (جارییەی ئەهلی حەبەش)**
**وا لە لەعلی مـــوڵکی ڕوویی شـــاهیدی نەو بوو عەیان**

(دیوان: ٥٦٤)

٣-: وەکو ئاماژە بۆ ڕەشـێتیی خاڵ و زوڵف و مووی یار، یاخود ئاماژە بۆ شەو و تاریکی:

- **دێ لە ڕێگەی (حەبەشی)ی زوڵفەوە بۆ میصری ڕوخت**
**ظـولمەتی کـوفری هەمووی دی، هەوەسی دینی هـەیە**

(دیوان: ٨٧١)

**حەکیمی ڕۆمی:**

- **کـــەس وەک دڵـم لـە شۆری مەحەببەت بەڵەد نییە**
**هـــەروەک (حەکیمی ڕۆمی) و (ئەشعاری مەثنەوی)**

(دیوان: ٩٢١)

مەبەســت مەولانــا جــەلالــەددینــی ڕۆمــی بەڵخیــیە (٦٠٤ – ٦٧٢ی کــۆچی). یەکێــک لە گەورەتــرین و نــاودارترین شــاعیرانی ســۆفیزمی ئێرانییە. لە (بەڵخ) هــاتۆتە دنیــاو لە (قۆنیە) لە ئەنــادۆڵ کــۆچی دوایــی کردووە. دوو لە دانراو و شوێنەوارە ناودارەکانی مەولانا بریتین لە:

١- مەثنەوی مەعنەوی؛ لە زنجیرەیەک چیرۆک و حەکایەتی ئایینی و عیرفانی پێکهاتووە، لە (٦) بەرگ و (٢٠٦ هەزار) بەیتدایە.

٢- دیوانی شەمسی تەبریزی؛ دیوانی شیعر و غەزەلیانی مەولەوییە و بریتییە لە (٥٠ هەزار) بەیتی شیعری. ڕێبازێکی سۆفیزمیش لە پەیڕەوانی حەزرەتی مەولانا لەدوای خۆی بەناوی (مەولەویە) پێکهاتووە و بەردەوامی هەبووە (انوری، ١٣٨٧، اعلام/٣، ٢٠٩١).

- **ای ندیم خیز، می بەجام ریز**
**کآید از چمن، یاد مشک بیز**
**شدبهار (بلخ)، بوستان تونیز**
**زندەکن زمی، رسم زردەهشت**

(دیوان: ١٠٤١)

**حلقە بەگوش:**

- **تاشدم حلقە بەگوش در میخانهٔ عشق**
**هردم آید غمی از نو بەمبارک بادم**

(دیوان: ٤٦٠)

(حلقە در گوش)یش دەگوترێت، بەواتای (ئەڵقە لەگوێ) دێت. ئەمە خۆی وەسفە و کینایەیە بۆ غولام و خزمەتکار، یاخود گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری. لە ڕووی مێژووییەوە، لە کۆمەڵگەی کۆیلایەتیدا لە یۆنانی کۆنەوە تا سەردەمی جاهیلی عەرەب، مرۆڤە کۆیلەکان ئەڵقەیەکیان دەکرایە گوێ، تا لە مرۆڤە ئازادەکان جیا بکرێنەوە. ئەم ئەڵقەیە هێمای کۆیلایەتی و فەرمانبەرداری بووە بۆ کەسێک. ئەگەر یەکێکیان ئازاد کرابا ئەوا ئەڵقەکەی لەگوێ دادەماڵرا. لەو بارەوە (نالی) گوتوویەتی:

- **(حلقە درگوش)ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە**
**با نەناڵێ، لێی مەدە (عن لطمە کف الکفە)**

(مدرس، ١٩٧٦، ٤٥٠)

**خاقانی:**

- **دەستزەنی ئەشعاری (خاقانی) و غەیرم قەد نییە**
**قالەنیم، بدزم لەهەر سەطریٚ کەلامی (ئەنوەری)**

(دیوان: ٩٠٠)

خاقانی، شاعیری گەورە و ناوداری ئێرانی (ئیبراهیم کوڕی نجیب الدینی شەروانی)یە. لە دەوری (٥٢ی کۆچی)دا لە دایکبووە و لە ساڵی (٥٨٢ یاخود ٥٩٥ی کۆچی)، کۆچی دوایی کردووە. دیوانی شیعریی بریتییە لە کۆمەڵێک (قەسیدە و غەزەل و قیتعە و چوارین). لەگەڵ مەنزوومەیەک بەناوی (تحفة العِراقَین) کە چەند جار چاپ کراوەتەوە. لە قەسیدە سەراییدا خاوەنی شێوازێکی تایبەت و ناودار بووە. (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٤٧٣). ئەنوەری: ئەمەشیان شاعیر و بیرمەندی ناسراوی ئێرانی (وحیدالدین محمد بن محمد)ە. لە سەدەی دوازدەهەمی زاینیدا ژیاوە. یەکێک لە پەیڕەوکارانی ئیبن سینا و لە قەسیدە و غەزەل سەراییدا کارامە بووە. دیوانەکەی چەند جار لە چاپ دراوەتەوە (هەر ئەو سەرچاوەیە، ١٩١).

**دارالخلافە:**

- **خاڵی سەرصەفحەی ڕوخی جانان، چ نادر کەوتووە؟**
**حیکمەتی (دار الخلافە)ی گورجیان هیندوو دەکا**

(دیوان: ٩٨)

دار الخلافە، سەرا و شوێنی فەرمانڕەوانیی و جیٚ نیشنگەی پاشایە، واتە پایتەخت. بە هەر شارێک دەگوترێت کەوا پایتەخت بووبێت و هێمایە بۆ چەقی دەسەڵات. لە سەردەمی (قاجارەکان)دا بە شاری (تاران)دا هەڵدراوە. لە کۆندا ئەم پێشگرە باو بووە بۆ شار و شوێنە دیارەکان؛ دار السلام بۆ بەغدا و ... تاد، هەروەها هەندیٚ شار و شوێنیش بە دار الحکمە.. دار العلم... ناسرابوون.

**دەریای قولزوم:**

- **غەم وەکو (دەریایی قولزوم)، ئەشک مەوج و خۆم حوباب**
**سەیری (سالم) کەن لەدەریای بێ پەیا کەوتە شەنا**

(دیوان: ٥٣)

عەرەب لە کۆنەوە ئەم ناوەیان بەسەر دەریای سووردا بڕیوە. خۆی لەبنەڕەتدا لە ناوی شاری (قیلیزمە)وە داکەوتووە، کەوا هەم شارێک و هەم بەندەرێکە لە نزیک شاری (السویس) لە میسر، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکان (المنجد، ١٩٨٤، ٥٥٥).

**دەماوەند:**

- **تا لە (گەیلان) بارش و تا تەم (دەماوەند) داگرێ**
**ڕێزشی ئەشک و هەناسەی سینەیی ئەفگارمە**

(دیوان: ٧٩٧)

دەماوەند: دەم + ئاوەند، دەم بەواتای تەم و هەڵم دێت، ئاوەند واتە خاوەن. کەواتە (دەماوەند) دەبێتە تەماوی و سەربەتەم، بەهۆی بوونی گرکان لە لووتکەکەیەوە. بەرزترین لووتکەیە لە ڕیزە چیاکانی (ئەلبورز) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تارانەوە هەڵکەوتووە. بەرزاییەکەی (٥٦٧١ مەتر) دەبێت. لە داوێنەکانیدا کانیاوی گڕاو (ئاوی گەرمی مەعدەنی) لێیە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٥٣٦). لە داستانە کۆنە ئێرانییەکاندا وا باوە کە (زەححاک) لەم کێوەدا زیندانی کراوە. ساڵ دوازدەی مانگ سەری بەتەمە، ئەمە هاتۆتە ناو فۆلکلۆری کوردیشەوە:

- **غەم و تەم لەسەری من هەروەک کێوی دەماوەند**
**تازە بێ تۆ حەرامە بۆ من سەیری زەماوەند**

(گۆرانی تاهیری خەلیلی)

## ڕەی:

ناوچەیەکی دەشتایی مێژووییە لە سەردەمی هەخامەنشیدا وەکو بەشێک لە خاکی مادی گەورە دەژمێردرا. داریوش لە کەتیبەکەی بێستووندا ناوی بردووە. شاری تاران لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا بەو ناوەوە ناوزەد دەکرا، یەکێک لە ئاوەدانترین و مەزنترین شارانی ئێران بووە. لە سەردەمی مەغۆلەکاندا سەرپاکی وێران دەکرێت و لە دوای ئەم ڕووداوە دێیەکی بچووک کە دەکەوێتە باکووری ئەم شوێنەوە بەناوی تاران ناو دەردەکات و بەرەبەرە ئاوەدان دەبێت و لە ڕۆژگاری زەندییەکاندا زۆر پێش دەکەوێت و لە ئەنجامدا لەسەردەمی قاجارەکاندا دەبێت بە پایتەختی ئێران (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٦٣٦) سالم خۆشی بووبێت یان ناخۆشی، وا پێدەچێت ڕۆژگارێکی لەو شارە گوزەراندبێت و بەچاکی شارەزای مێژووەکەی بووبێت. هەر بۆیە (ڕەی) چ وەکو ناوچەیەکی جوگرافی بێت یان شار و ئاوەدانی، لە شیعری سالمدا بە تۆخی ڕەنگدانەوەی هەیە و نزیکەی (١٥) جار ناوی هاتووە. بەم دارشتنانەی خوارەوە: (مولکی ڕەی، دەشتی ڕەی، خاکی ڕەی، کەربەلا و ڕەی، تاران).

- **شۆڕەزاری خاکی (ڕەی) ئەمجارە دامەنگیرمە**
  **ڕوو لە هەر وادی دەکەم خاکی وەکو زنجیرمە**

(دیوان: ٧٧٩)

- **لەگەڵ دڵ شەرطە (سالم) گەر نەجاتم بێ لە (تاران)ـا**
  **بەهەشت ئەربێتە دەشتی (ڕەی) بەئێرانا گوزەر ناکەم**

(دیوان: ٤٧٥)

## ڕۆم:

لە سەردەمی ڕابردوودا بە تورکی عوسمانلی گوتراوە (ڕۆم). چونکە ئەوان هاتوونەتە سەر هەوار و وڵات و مەملەکەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات و پایتەختەکەشیان (قوسطەنطینیە) خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان. واتە (تورک) بوون بە میراتگری (ڕۆمەکان) و بۆیە لای گەلانی

ڕۆژهەڵات بە (ڕۆم) نــاو دەبــرێن. لەو نــاوەدا دەســەڵاتدارانی ڕۆم، بەتــایبەتیش والییەکــانی بەغــدا بەرکەوتنــی زۆریــان لەگەڵ بابانەکانــدا هەبووە، چ وەکو میرایەتی یان پەیوەندیی گشتی و کۆمەڵایەتی. جا چ لە کاتی ئاشتی و ئاساییدا بووبێت یا لە کاتی شەڕوپێکدادان و پەلاماردان، تا لە کۆتاییشدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەر ئەوان بوونەتە هۆکار بۆ ڕووخــــان و لەبەینچــــوونی میرایەتیـــــی بابانەکــــان و پەرت و پەرتەوازەکردنــی بنەماڵەکەشــیان. هەربــۆیە وەک دەبینــین (ڕۆم) بە هەموو مەعناییکەوە لەسەر دڵی سالمدا بووە بەگرێیەکی دەروونــی و لە شـیعرەکانیدا هەوڵـی داوە بەڕاسـت و بەچەپ و بەشـێوازی جۆراوجـۆر بیانکوتێ. ئینجا زیاتر لە (٣٠) شوێن و بەشێوەی جیاواز وەکو ڕەمز و ئاماژە ناویان لە شیعری سالمدا براوە:

- ڕووم/ ڕۆمـی/ ڕۆم (١٠) جـار، تورکـانی ڕۆم، تەنخـوای (تەرزە) ڕۆم، عەدلـی ڕۆمـی، ڕۆم و ئینگلـیس، حاصـل (بـاج و خەراج)ی ڕۆمی، تورکی ئەرۆملی ... تاد.

١- ڕۆم: وەکو وڵات:

- **من بەشەک دەموت: نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم؟**
  **دڵ وتـــی! (ســالم) یــەقینت بــێ، بە قورئان هاتەوە**

(دیوان: ٨٤٠)

٢- ڕۆم: وەکو قەوم و طایفە:

- **حــاکمە ڕۆمی لــەسەر تــەختی (سـولـەیمانی) درێغ**
  **کەوتە دەستی دێوی دوون، موهری (سولەیمان) الامان**

(دیوان: ٥٢٨)

٣- وەکو دەسەڵات و هێزی سوپایی:

- **سەددی سەر حەددی عەجەم، هەم پاسەبانی مەملەکەت**
  **شـێری بـێشەی مــوڵکی بابان، ژێر دەسـتی ڕوومییان**

(دیوان: ٥١٦)

**سەرچنار:**

- **(سـەرچنار)ی چـەشمەیی چاوم، ئەگەر وا هەڵقوڵێ**
**مەوج و گەردابی دەگاتە کێوی (گودروون) عاقیبەت**

(دیوان: ٢٣٠)

- **سـووتا دڵـم بـەحاڵەتی جۆباری (سـەرچنار)**
**لێلاوە چەشمەساری وەکوو چاوی بێ بەصەر**

(دیوان: ٣٣٦)

سەروچاوە و ئاوێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای سلێمانییەوە. لە کۆندا دەوری ئاوەکە چۆم و باغات بووە و ناوەکەش لە (سوورەچنار)ەوە هاتووە. (مێجەرسۆن)ی حاکمی سیاسیی ئینگلیز وا ناوی بردووە. (مستەر ڕیچ) لە گەشتەکەیدا بۆ سلێمانی لە ساڵی (١٨٢٠)دا سەرەتا قۆناغ و بنکە و بارەگای لەوێ داناوە. ئەوکات دوورە شار بووە. مەولانا خالیدیش لە غەزەلە غوربەتئامێزەکەیدا یادی کردۆتەوە:

- **بکرەجویی شد زهر چشمم روان از خون دل**
**عاقبت کردم دوا داغ فراق سرچنار**

(دیوان: ٢٧٨)

لە سەردەمی (ئەحمەد پاشا)ی دوا میری باباندا سەربازگە بووە و مەشق و ڕاهێنانەکانی سوپای ئەحمەد پاشا لەو ناوەدا کراوە. لەئێستادا هاوینەهەوارێکی ڕازاوەیە و بۆتە بەشێک لە شاری سلێمانی (بابان، ٢٠١٢، ب١ – ٢، ٦٢).

**سەیوان:**

- **(سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەمدیدە، خوار و ژوور**
**هەر قەبری پڕغەمانە بەهەر لا دەکەم نەظەر**

(دیوان: ٣٣٥)

گردێکی گەورەیە بە لای ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە، بەر لە بنیاتنانی شاری سلێمانی، باخ و ڕەز و دارستان بووە و دارسێویشی هەبووە. شوێن گەشت و سەیرانی میرەکانی بابان بووە، چادر و دەواریان لێ هەڵداوە و هەر جارە و چەند ڕۆژێکی لێ ماونەتەوە. ڕایەکیش هەیە کە ناوەکەی لە چادر یاخود چەترەوە هاتبێت. بەڵام وا باوە، کە لە داری (سێوان)ەوە هاتبێت، کە لێی بوون. لەدوای بنیاتنانی شاری سلێمانی کراوەتە گۆڕستان. تەرمی زۆر لەناودارانی شارەکە لەوێ نێژراون لە وێنەی سلێمان پاشای بابان و شێخ مارفی نۆدێ. هەروەها بەشێک لە شاعیران و شەهیدەکانی شاریش (بابان، ٢٠١٢، ب١-٢، ٥٧). مەزاری شاعیری جێ باسی ئێمە (سالمی ساحێبقڕان) و (کوردی)ی ئامۆزایشی وا لەوێدان. (ئەخۆل)ی شاعیر بەم جۆرە وەسفی دەکات:

- **ئەی گردی سەیوان، سەیوانی سێوان**
  **ئەی کەنزی گەوهەر، سەرتا بە لێوان**
  **هەر خوا ئەزانێ چی لە دڵتایە**
  **چەند گوڵی وەریو لە ژێر چڵتایە**

**سککەی زەڕ:**

- **لەڕووی غونچەی دەهانت گوڵ لە گوڵشەندا بەها ناکا**
  **کە سککەی زەڕ ظوهووری بوو، ڕەواجی شەهرەوا نابێ**

(دیوان: ٩٥٩)

سککە: پارچە مەعدەنێکی داڕێژراوە، نەخش و نیگارێکی تایبەتی بەسەرەوەیە و بەناوی (درهەم و پوول و پارە) ڕەواجی پێدەدرێت لە مامڵەتی کڕین و فرۆتندا بەکاردەبرێت. ئەگەر مەعدەنەکە گرانبەها بوو لە وێنەی (لیرەی زێڕ و زیو)دا دەبێت. دیارە ئەم جۆرە پارەیە لە سەردەمانی زوودا باو بووە و کاری پێکراوە. سەبارەت بە (شەهرەوا)ش لە دیوان و لە شەرحی وشەکەدا هاتووە؛ کەوا پارەیەکی قەلب بووە شای قاجار ڕەواجی پێداوە.

**سنە: (سەنەندوج):**

بنەماڵەی سالم لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو دەڤەرە بوون. بەشێک لە خزمەکانیان هەر لەو ناوچەیە ژیاون و سالمیش زۆر هامشۆی خزمەکانی و سنەی کردووە. سنە دوایین پێگە و پایتەختی میرایەتی ئەردەڵان و ئەردەڵانییەکان بووە. ناوی شارەکە وێردی سەرزاری سالم بووە و لە شیعرەکانیدا بەم شێوانە ناوی بردووە:

سەنەندوج (٢) کەڕەت، گوڵزاری سەنەندوج (٢) کەڕەت، باغی سەنەندوج، موڵکی سنە، شاری سنە.

- **لە حوسنی دوڵبەران، گەرچی (سەنەندوج) گوڵستانێکە**
  **بەبێ دڵبەر لەبەرچاوم چ وێرانە مەکانێکە**

(دیوان: ٧٨٥)

- **ڕەنگە ئەمجار بێتە (گاڕان) سەرحەدی موڵکی (سنە)**
  **ڕم وەشێنی مەعرەکەی دەشتی مەریوان هاتەوە**

(دیوان: ٨٣٩)

**شارەزوور (شەهرەزوور):**

- **گەرچی میصرە (شارەزوور)، ئەمما خەرابە بێ (عەزیز)**
  **ڕوو دەدا لەم خەڵقە ئاخر، حاڵەتی کەنعانیان**

(دیوان: ٥٤٨)

- **کەوتە ناو کەففەی کەرەم، دووبارە خەرجی (شەهرەزوور)**
  **طاڵیعی دەروێش و موفلیس بوو کە قائان هاتەوە**

(دیوان: ٨٤٠)

سالم لە شیعرەکاندا دوو کەڕەت ناوە کوردییەکەی (شارەزوور)ی هێناوە و پێنج کەڕەتیش ناوە فارسییەکەی (شەهرەزوور). لە شیعری (نالی)یشدا دوو کەڕەت ناوە کوردییەکە هاتووە:

- **قـوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**
  **ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور**

(مدرس، ١٩٧٦، ١٧٤)

شــارەزوور، بەو بەشــە دەگوترێــت لە پارێزگــای سـلێمانی کەوا پانتــاییيەکی نــزمە لە زەوی و بەشــی خــوارووی دۆڵــی تــانجەڕۆ پێکـدەهێنێت. لە خـوارووی شـارۆچکەی (عەربەت/ ٢٤ کـم خـوارووی سلێمانی) دەستپێدەکات تا دەگاتە (خورماڵ) و لەوێشـەوە بۆ (هەڵەبـجە) و تـا ئەوەی بەشـێک لە دێهـاتی (دەربەنـدیخان)یش دەگـرێتەوە. پانتـایی دەشــتەکە (٦٥٦) کیلـۆمەتری چوارگۆشــەیە. بـێ گومــان شــارەزوور، ناوچەیەکی ئاوەدانی مێژوویی و کەونارا بووە. لە زۆر لە کتێبی گەڕیدە و جوگرافیناسـاندا نـاوی هـاتووە. بیـروڕای جیـاواز و دوور لە یەکـیش لەسـەر مەسـەلەی نـاوەکەی هەیە. لێرە بەکـورتی ئامـاژە بـۆ بیـروڕای زانـای نـاوداری کـورد (تۆفیـق وەهبـی بەگ) دەکەیـن. نـاوبراو پێـی وایە بەشـی دووەمـی نـاوەکە (زوور) لە (زور)ی عەرەبیـیەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کە بەمانـای (نەورایـی و قـووڵایی) دێـت. شـێوەی تۆبـۆگرافی نــاوچەکەش ئەوە دەســەلمێنێت، کە لە ڕابــردوودا بەهــۆی نزمــایی زەویەکەیەوە لەشێوەی دەریاچەیەکدا بـووە. بەم شێوەیە (شـارەزوور) دەبێتە؛ شارێکی هەڵکەوتوو لە نزماییدا. بەوپێیەش حەوزی شارەزوور لە چاو ڕیزە چیا هەڵکشاوەکانی دەوران دەوریشـی هەر بە نـاوچەیەکی نزمایی دەژمێردرێت (بابان، ١٩٨٩، ١٨١).

**شاهی نەقشبەند:**

- **نەقشە ڕووت بۆ دڵ بە (شاهی نەقشبەند)**
  **یــاری دێــریـنە بــە قــورئانی کـەریم**

(دیوان: ٤٩٥)

- **طەیی ئەرضم بۆ نەکا، تا ڕۆحی (شاهی نەقشبەند)**
  **کـەی بــەپێی پــڕئابلەم وادیی فیراقت طەی دەبێ**

(دیوان: ٩٨٢)

ناسناوی دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندییە، کەوا یەکێکە لە دوو ڕێبازە باو و ناسراوەکانی سۆفییەتی لە کوردستاندا. ناوی موحەمەد بەهائوددینی کوڕی موحەمەدی بوخارییە. خۆی لە بنەچەدا ئێرانی بووە و ڕێبازی سۆفییەتی لە (سەمەرقەند) لەسەر دەستی هەریەک لە شێخ موحەمەد بابای سەمماسی و شێخ عەبدولڵخالیق فەجدەوانی وەرگرتووە (الزوبي، ٢٠٠٤، ٤٠٦). شێخ موحەمەدی بوخاری (شاهی نەقشبەند)، لە گوندێک بەناوی (قەصری هیندووان)، کە لە پاشاندا ناونراوە بە (قەصری عاریفان) لەساڵی (٧١٧ی کۆچی)دا هاتۆتە دونیا و لە (٧٩١ی کۆچی)دا وەفاتی کردووە و هەر لەو گوندەش نێژراوە. زاراوەی (نەقشبەند)، ئاوەڵناوێکی لێکدراوە لە (نەقش + بەند) پێکهاتووە بەواتە شێخ بەهائوددین نەققاشی دەروون بووە و نەقشی (اللە)ی لەدەروونی خۆی و موریدەکانیا چەسپاندووە (نەقشبەندی، ١٩٨٥، ٤٥٢). ئەم ڕێبازەی سۆفییەتی هەر لەکۆندا لە ناوچەکەدا هەبووە، بەڵام بەهۆی ڕابووردنی ڕۆژگار و پەیدابوونی ڕێبازی سۆفییەتی نوێ، (قادری) لەناوچەکەدا، نەقشبەندی کز و لاواز و بەرکەنار بووە. تاوەکو مەولانا خالیدی شارەزووری (١٧٧٩ – ١٨٢٧ز) پەیدا دەبێت و گوڕوتین و گیانێکی تازە وەبەر ڕێبازەکەدا دەکاتەوە. هەر بۆیەشە مەولانا خالید بە (موجەدید)ی ڕێبازی نەقشبەندی دەناسرێت.

**شەمس:**

- **(قەیس)ی تۆن کوللەن لە غەم زومرەی عەرەب**
  **(شەمس)ی تۆن جەمعەن بەهەم ئەهلی عەجەم**

(دیوان: ٤٥٨)

- **حەیرانی ڕەهی عیشقن، گەر (شەمس)ە وەگەر (مەنصوور)**
  **( سالم ) نبودپیدا زین بادیە پایانی**

(دیوان: ٩٢٣)

مەبەست (شەمس تەبریزی)یە، محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مەلەک داد، عارفی ناودار و ناسراو لە تەوریز لەساڵی (٥٨٢ی کۆچی) هاتۆتە دونیاو لەدوای (٦٤٥ی کۆچیدا) کۆچی دوایی کردووە. شەمس هەر زوو ڕێگەی سلووک و ڕێبازی سۆفییەتی دەگرێتە پێش، شام و حەلەب و بەغدا گەڕاوە، تاوەکو لە ساڵی (٦٤٢ی کۆچی) لە قونیە دەگیرسێتەوە و لەگەڵ (مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی)دا یەک دەگرنەوە. چیرۆکی دڵبەندیی شەمس و مەولانا زۆری لەبارەوە گوتراوە. تا ئەوەی هەندێ جار حەقیقەت و گومان تێکەڵاو دەبن و مەسەلەکان وەکو بەڕێز (دکتۆر موعین) دەڵێت؛ لە سنووری کۆڕی دەرس و پەند و ئامۆژگاری و وەعز تێدەپەڕێت. چیرۆکی هاوسۆزی ئەم دووانە و تۆران و ڕۆیشتنی شەمس و لەپاشان گەڕانەوەی بۆ قونیە و ئینجا ڕۆیشتن و گومبوونی یەکجارەکی زۆری پێدەوێت. ئێمە لەکورتی دەیبڕینەوە. مەولانا جگە لە شوێنەوارە ناودارەکەی (مثنوی معنوی)، دیوانی غەزەلیاتی بەناوی (کلیات شمس تبریزی) لە (٥٠) هەزار بەیتدا چاپ و بڵاوبۆتەوە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٩١١).

**شەوقی مەهـ و چاکی کەتان:**

**- پەرتەوی عاریضی یار و دڵی صەد پارەیی من**
**قیصصەیی (شەوقی مەهـ و چاکی کەتان)ە بەعومەر**

(دیوان: ٣٤٨)

مەبەست لە (کەتان) پارچە کووتاڵێکە لە ڕیشاڵ و قەد و گەڵای درەختی کەتان دەچندرێت. ئەم ڕیشاڵانە وەکو پەمۆ دەڕسترێن و پارچەیان لێ دروست دەکرێت. لە عورفی شیعر و ئەدەبیاتدا وا باوە، کە ئەم پارچەی لە کەتان چندراوە، لەبەردەم پرتەوی مانگەشەودا خۆی ناگرێت و کون کون و هەلا هەلا دەبێت.

**شێخە باس:**

**- زســتانی ئــەوەلین بــوو دڕا بــەرگی (شێخەباس)**
**ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخصیش دەخا ضەرەر**

(دیوان: ٣٣٦)

(شــێخەباس) شەخســێک بــووە مەزارەکەی لە خــوارووی شــاری سـلێمانی نزیـک بەڕێـگەی (قەرەتۆغـان) بـووە بەرانـبەر بە ماڵەکـانی (وڵوبە). وەکو مامۆستا مدرس لە دیوانی نالیدا باسی دەکات و دەڵێت؛ ئەم شەخصــە یەکێــک بــووە لە ســەیدەکانی بەرزنــجە و قەبــرەکەی زیارەتگای خەڵکی بووە. ئەم شەخصە عەلەم دارێکی هەبووە هەمیشە بە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵوواڵا ڕازاوەتەوە، بۆیە نالی لەدوورە وڵاتدا دەپرسێت:

**- ئێستەش بەبەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)**
**یــا بــێ نــەواو و بەرگە، گەڕاوە بەشەخسی عوور**

(مدرس، ١٩٧٦، ١٧٥)

سالمیش بەو جۆرەی سەرەوە وەڵامی داوەتەوە.

**شەهرەیار (شهریاران):**

**- ئەی ڕوموززی (شەهرەیاری) واضیحە بۆ ڕای تۆ**
**زیــنت تــاج و نــگـینت از گــوهــر والای تـو**

(دیوان: ٦٥٢)

بەگوێرەی (برهـان قاطع)، شـەهرەیار بە پاشـایەک دەگوترێت کە لە هەمـوو پاشـاکانی زەمـانی خـۆی گەورەتـر بێـت. هەروەهـا گەورە و فەرمـانڕەوای شـاریش بەو نـاوەوە هەڵـدەدرێت (برهـان، ١٣٦١، ج٣، ١٣١٦). ئێسـتا لە فارسـیدا (شـهرەدار) جێگەی گرتـۆتەوە. لە داسـتانی (هەزار و یەک شــەوە)دا، (ســوڵتان شــەهرەیار) دۆســت و هــامرازی (شــەهرەزاد)

بووە. ئینجا هەر ئەم ناوانە (شەهرەیار، شەهریاران) ناسناوی کۆمەڵێک لە میر و پاشاکانی ئێرانی بووە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

- کـجا مــوکب شهریاران دهر
کزیشان نبینم نشانی بەشهر

(دیوان: ١٠٩٦)

**صاحێبقڕان:**

- مەعشـــووقە یەک تومانی، جانانە دوو هەزاری
(صــاحــێبقڕان)ە پــیرت، مــانووتە یاری غارت

(دیوان: ١٧١)

- موسەخخەر بوو جیهان، یەکسەر، لەسیحری عیشوەیی چاوی
بــەکێشی خـــۆی لــە شــۆخیدا، ئــەویــش صــاحــێبقڕانــێکە

(دیوان: ٧٨٥)

چەند ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ ئەم ناسناوە لێکدراوەی (صاحێبقڕان) لە ئارادا هەیە، بەو هۆیەی ئەمە پەیوەستە بەناسناوی بنەماڵەی (سالم) خۆیشییەوە بۆیە لە شوێنی دیکەدا بەدرێژی باسی لێوەدەکرێت. بۆ ئاماژەی ئەم دوو دێرە دەڵێین: قڕان؛ یەکەیەکی پارەی ئێرانی بووە کە لە زیو دروست کراوە و لە سەردەمانی قاجارییەوە تا ڕۆژگاری پەهلەوی کاری پێکراوە. لەمەوە صاحێبقڕان: دەبێتە کەسی خاوەن پارە و ماڵ و سامان، دەوڵەمەند و خاوەن نگین. لە شیعرەکانیش هەر ئەمە مەبەستە.

**صەدر و سوڵتان:**

- بەرق وەش بۆ موڵکی مەورووثی لە (قوسطەنطین)ەوە
حــاکمی مــەنفی بــەئەمری (صەدر و سوڵتان) هاتەوە

(دیوان: ٨٣٤)

لە سیستەمی کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیدا پیاوی یەکەمی دەوڵەت، کە حاکم و فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریەت بووە، بە (سوڵتان) ناوبراوە. هەروەها بە سەرۆکی وەزیرانیش گوتراوە؛ (صەدر). (صدر الدوله) یان (الصدر الاعظم).

**طاقی کیسرا:**

- **لە خاکی ئاستانەی دڵبەرا ئوفتادەو و شادم**
  **دەگاتە (طاقی کیسرا)، ریفعەتی جێگەی سەگیم ئەمشەو**

(دیوان: ٩٦٩)

یەکێک لە ناودارترین ئەو کۆشک و تەلارانەی، کەوا شاهەکانی ئێرانی بنیاتیان ناوە، بە (تاقی کیسرا) یاخود (ئەیوانی کیسرا) دەناسرێت. گوایە لە سەردەمی کیسرا ئەنەوشێروانی ساسانی لەسەر ڕووباری دجلە و لە شاری مەدائین (٢٠کم) لە خوارووی بەغدا، شوێنی سەلمان پاکی ئێستا، بنیاتنراوە. شانوشکۆی ئەم تاق و کۆشک و سەرایە زۆر بەناوبانگ بووە. شاعیرانی عەرەب و فارس زۆریان بەسەر شوێنەواری وێرانە و کەلاوەی ئەم کۆشک و سەرایەدا هەڵگوتووە. لەوێنەی (بوحتووری) و (خاقانی) و هی دیکەش.

**فەیلەقووس:**

- **ئەی چەرخی واژگون! ستەمی تۆ بەکێ بڵێم؟**
  **ظالم دڵی بەجەورو جەفا میثلی (فەیلەقووس)**

(دیوان: ٣٧٦)

بەگوێرەی (برهان قاطع)، ناوەکە لەبنەڕەتدا (فیلیپۆس – Philippos) بووە و دواتر لەئەنجامی گۆڕانی دەنگیدا وای لێ هاتووە. ناوی یەکێکە لە پاشایانی یۆنانی کۆن، گوایە باپیرەی دایکی ئەسکەندەر بووە. گەردانکردنێکی ڕەمەکییانەشی بۆ کراوە؛ فەیلەق + ئۆس = سەرلەشکر.

فەیلەق بەواتای لەشکرە و ئۆسیش بەواتای سەرکردەیە (برهان، ١٣٦١، ج٣، ١٥١٢).

دیارە پاشایەکی ستەمکار و دڵڕەق و بێ بەزەیی بووە و ناوی بەم جۆرە ڕۆیشتووە.

**قائان:**

- **کەوتە ناو کەففەی کەرەم، دووبارە خەرجی شەهرەزوور**
  **طالیعی دەرویش و موفلیس بوو کە (قائان) هاتەوە**

(دیوان: ٨٤٠)

قائان؛ ناسناوی پاشاکانی مەغۆلستان بووە، بەواتای (شەهەنشا) دێت، دەلالەت بۆ پاشایەک دەکات کە خاوەنی شانوشکۆیەکی مەزن و دادپەروەر و دەهەندە بێت.

**قەجەر:**

- **بۆ نیشانەی قەلبی دڵ، ڕەسمی (قەجەر)یان گرتووە**
  **چاوەکانت، وا بە قیرقاجی نیگەهـ داوا ئەکەن**

(دیوان: ٥٩٢)

سووککراوەی (قاجار)ە. ناوی تیرەیەکە سەدە و نیوێک حوکمی ئێرانیان کردووە و لە مێژووی ئێراندا بە سەردەمی (قاجاری) یاخود (قاجاریە) ناو دەبرێت. لە ئاغا محەمەدخانی قاجارەوە (١٧٧٩ تا ١٧٩٦ حوکمڕانی کردووە) دەست پێدەکات و لە ئەحمەد شای قاجار (١٩٠٨ تا ١٩٢٥ حوکمڕانی کردووە) کۆتایی دێت. لە فەرهەنگەکاندا ئەم (قیرقاجی نیگەهـ) بەواتای (لاترقەوچ و بەخوارەکە و پێچەکە سەیرکردن) دێت. یا وەک لەو دیوانەکەدا هاتووە؛ سەرەوخوارکردنی ڕوانینە. لەڕاستییەکەی ئەم مەسەلەیەمان بەپەیوەندی لەگەڵ (ڕێ ڕەسمی قەجەر) بۆ ساغ نەکرایەوە. لەدیوانەکە دەڵێ: ڕەنگە ئەم چاو و قاجارە ئاماژە بن بۆ

(محمد شاى قاجار/ ١٨٣٤ – ١٨٤٦ حوكمڕانی كردووه) كه دەڵێن جارێكیان چاوی چل هەزار كەسی لە شاری (كرمان) دەرهێناوه (مدرس، ٢٠١٥، ٥٩٢).

**قەصری خەوەرنەق:**

- **لەبەر نەقشی خەیاڵت، كولبەیی من**
**سەراسەر نەقشە وەك (قەصری خەوەرنەق)**

(دیوان: ٤٠٨)

كۆشك و تەلارێكی یەكجار مەزن و بەرز بووه، نوعمانی كوڕی مونذیر، لەسەر زێی فورات لە ناوچەی حیره، یەك میل لە ڕۆژهەڵاتی نەجەفی ئێستا، بۆ پاشای ساسانی یەزد گوردی یەكەمی دروست كردووه. بەهۆی ناودار بوونییەوه لە شیعری جاهیلیدا ناوی هاتووه. كۆشك و سەرای خەوەرنەق، لەپاڵ كۆشكی (سەدیر) كه لە نزیكی ئەو بووه، بەیەكێك لە سێ دانەی سەیروسەمەرەكانی جیهان ئەژمار كراوه. خەوەرنەق ناوی لەگەڵ داستانی بنیاتنەرەكەی، كەوا (سنمار)ی یۆنانی بووه پێكەوه دێن. ئەویش كورتییەكەی بەم جۆرەیە؛ كاتێك (سنمار)ی تەلارسازی بنیاتنەر دەستی لە كارەكەی بەر دەبێت، بەفەرمانی نوعمان لەسەربانی تەلارەكەوه هەڵدەدرێتە خوارەوه و دەكوژرێت، نەبادا دوای ئەوه كۆشكی دیكەی لەو نموونەیە لە پاشەڕۆژدا دروست بكات! (دهخدا، ١٣٧٧، ج٧، ١٠٠٩٦).

**قەیصەر:**

- **ڕەهـ و ڕەسمی یەلی، گەر بێتە خاطر**
**دەكا شەق سینەیی (قەیصەر) بەدەشنەی**

(دیوان: ٩٣٨)

وشەكە یۆنانییە (Kaisar) لە ڕێگەی ئارامییەوه هاتۆتە ناو عەرەبی. بەو منداڵە دەگوترێت كه بەر لەدایكبوونی بەشێوەیەكی سروشتی دایكی

بمرێت، ناچار سکی دایکەکە بدڕن و مناڵەکە دەربێنن. یەکەمین پاشایەک کە بەو شێوەیە لە دایکبووە (ئاغسطوس) بووە، بۆیە (قەیصەر) دەبێت بە ناسناوی و لە پاشاندا ناسناوی هەموو پاشاکانی ڕۆم (برهان، ١٣٦١، ج٣، ١٥٥١). لە ئێستاشدا منداڵێک کە بەو شێوەیە دێتە دنیا، دەڵێن بەهۆی نەشتەرگەری قەیصەرییەوە لەدایکبووە.

**قوسطەنطین:**

- **بەڕق وەش بۆموڵکی مەورووثی لە (قوسطەنطین)ەوە**
  **حاکمی مەنفی بەئەمری صەدر و سوڵتان هاتەوە**

(دیوان: ٨٣٤)

- **فیتنەخیزە ڕاهی (قوسطەنطین) بەمیثلی هەفتخوان**
  **ئەم بەهەر خوانێ وەکو ڕووبین تەن ئاسان هاتەوە**

(دیوان: ٨٣٥)

شاری ئەستەمبۆڵی ئێستایە، کاتی خۆی ئیمپراتۆری ڕۆم (قوسطەنطینی یەکەم)، لە ساڵی (٣١٢ی زایینی)، ئایینی مەسیحی قبوڵ دەکات و بەفەرمی ڕایدەگەیەنێ، ئینجا پایتەختەکەیشی دەگوازێتەوە بۆ شاری (بیزانس). دواتر شارەکە بەناوی ئەوەوە ناوزەد دەکرێت و دەبێت بە (قوسطەنطینیە)، کە لەو سەردەم پایتەختی ئیمپراتۆریای ڕۆمی ڕۆژهەڵات بووە.

**کانی ئاسکان:**

- **ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو، (کانیی ئاسکان)**
  **ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئەڕۆمی پڕە لە کەر**

(دیوان: ٣٣٧)

کانی و سەروچاوە ئاوێک بووە لە ڕۆژئاوای سلێمانی و جۆگەو بێشەلانی لەبەردەمدا بووە و جێ هەوار و سەیرانگاش بووە. دوور لە

ئاوەدانی بووە و ڕەوەی ئاسک چوونەتە سەری بۆ ئاوخواردنەوە. برایم پاشا بناغەی شاری سلێمانی لەخوار دێی (مەڵکەندی) و نزیک لەو سەروچاوەیەی (کانی ئاسکان) دامەزراندووە. ئێستا یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی شار.

## گورجی:

- **خاڵی سەر صەفحەی ڕوخی جانان، چ نادر کەوتووە؟**
  **حیکمەتی (دار الخلافه)ی (گورجیان) هیندوو دەکات!**

(دیوان: ٩٩)

مەبەست گەلی (گورجی) یە کە لە گورجستاندا دەژین. گورجستان کەوتۆتە داوێنی بەری ڕۆژئاوای چیاکانی قەفقاس. پایتەختەکەی (تفلیس)ە. گورجییەکان دوو لەسەر سێی خەڵکی وڵاتەکەیان پێک دەهێنن. بەشێک لە مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە ئەم شوێنە لەکۆندا مەڵبەندی سەرەکی گەلانی ئاری نەژاد بووە لەناوچەی قەفقاس (معین، ١٣٦٠، ج ٦، ١٦٨٦). خەڵکی گورجی بەزۆری باڵابەرز و قژ زەرد و سوور و سپین. لەم دێرەی سالمیشدا ئاماژەکە بۆ ئەم لایەنەیە.

## گودروون:

- **سەرچناری چەشمەیی چاوم ئەگەر وا هەڵقوڵێ**
  **مەوج و گەردابی دەگاتە کێوی (گودروون) عاقیبەت**

(دیوان: ٢٣٠)

چیا هەرە بەرز و پیرۆزەکەی دەشتی (سلێمانی)یە. بەرزایی لووتکەکەی (٢٦٨٤) مەترە. ناوەکەی لەناوی شەخسێکەوە هاتووە (پیر مەگروون)، کە پیرێکی باطینی ئیسماعیلی یان کاکەیی بووە و لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا ژیاوە. ڕایەکی واش هەیە پێی وایە ناوەکە لە (پیر عەنبەر کودروون)ەوە هاتبێتن، خۆی لە بنەڕەتدا (کوردوون) بووە لەپاشان وەرگەڕاوە. ئەم پیرە لە سێبەری لووتکەی شاخەکە نێژراوە.

لـــووتکەی پیرەمەگـــروون لە ســـەردەمی بەردینـــی یەکەمـــدا وەکـــو خواوەندێک پەرستراوە. دواتر بۆتە پەرستگە و لەوێدا نەزر و قوربانی پێشکەش بە خواوەندەکانی ئەو نەتەوە کۆنـانە کـراون کەوا ڕەوڕەوەی مێـژوو بەسـەریاندا ڕابـوردووە. ئیتـر نـاوەکە لەنـاوی ئەم شەخسـەوە هـاتووە، جا چ عـومەر کدروون بێت، یاخود عەنبەر گوورون یان پیر محەمەد کوروون. ئەمە پوختەی بیروڕای زانای ناوداری کورد (تۆفیق وەهبی بەگ) بـووە، کە شـانس وای هێنـاوە خۆیشـی لە داوێنی ئەم چیا سەرکەشەدا بنێژرێت (بابان، ١٩٨٩، ٧٦).

**مانی:**

- **پەنجە بۆ تەصویری ئەبرووت، پەیڕەوی (مانی) دەکا**
**خـامە بـۆ زنجیری گێسووت، عەنبەر ئەفشانی دەکا**

(دیوان: ١٠٣)

- **بە جوز (مانی)ی موصەووير قەوسی ئەبرۆی تۆی نەکێشاوە**
**کـــە (مـــانی) نـــەقشی کـێشا بـێ، دەبێ هـــەروا کەمانی بێ**

(دیوان: ٩٩٤)

دامەزرێـنەری ئـایینی (مـانەوی)یە. لە سـاڵی (٢١٥ی زایینـی) لە (ماردین) لەدایکبووە و لەساڵی (٢٧٦ی زایینی)دا کوژراوە. لە منداڵییەوە سـەرقاڵی فێربـوونی زانسـتی هەمـوو ئایینەکـان بـووە. لە (٢٤) سـاڵیدا پێغەمبەرایەتـی خـۆی ڕاگەیانـدووە و ئایینەکەشـی ئاشـکرا کـردووە. شـاپووری یەکەمـی پاشـای ئەشکانی سـەرەتا پشـتیوانی لـێ کـردووە، دواتـر لێـی پەشـیمان بـۆتەوە. مـانی ڕوودەکـاتە هینـدو چـین و دواتـر دەگەڕێتەوە ئێران. لەو مـاوەیەدا پەیڕەوانێکی زۆر بۆ ئـایینەکەی پەیدا دەکـات کتێـبە ئـایینییەکەی نـاوی (ئارژەنـگ)ە. ئەو بەمەبەسـتی ئەوەی خەڵکـانی عەوام و نەخوێنـدەواریش فێـری بـاوەڕ و ڕێ و ڕەسـمەکانی ئـایینەکەی بکـات، کتێبەکـانی بەوێـنەی زۆر جـوان و نەخـش و نیگـاری

ڕازاوە دەنەخشاند، بۆیە وەکو نیگارکێش ناوی ڕۆیشتووە (معین، ١٣٦٠، ج٦، ١٨٨٩).

لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا وەکو وێنەکێشێکی بلیمەت ناوی ڕۆیشتووە، دەڵێن (مانی) لە (بێ مانەند)ەوە هاتووە. لە شیعرێکی نالیدا هاتووە:

- **(مانی) نییەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ**
  **ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەففیس نەکشاوە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٥٣٥)

دێرەکەی دووەمی شیعری سالم لەم مەعنایەوە نزیکە.

**مەجووسی (زەردەشتی):**

- **پرچینی زوڵف و پەرچەم نەقشن لەڕوویی یارا**
  **وەک میللەتی (مەجووسی)، هەر دێن بەدەوری نارا**

(دیوان: ٧٩)

- **لەدەوری ناری ڕوو، زوڵفت (مەجووس)انی سەرەفگەندەن**
  **لە تابی بەرقی مەی ئەو کافرانە جوملە هەڵسێنە**

(دیوان: ٨٢٦)

١- وشەکە بەم شێوەیە هاتووە؛ لە یۆنانیدا (Magos)ە و لەلاتینیدا بۆتە (Magus) بەئارامی (مجوشا)یە و لەفارسیی باستاندا بە (megush) هاتووە و لەعەرەبیدا بووە بە (مەجووس). وەکو ناو بە پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی دەگوترێت لە ئاوێستادا بە (مەغو – moghu) هاتووە. زەردەشتی، ئایینێکی کۆنی ئێرانییە لەسەر بنەمای دووانەی؛ (ڕووناکی/ چاکە/ یەزدان) و (تاریکی/ خراپە/ ئەهریمەن) دامەزراوە. لە فەرهەنگە فارسییەکاندا وا هاتووە پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت، ڕووناکی و ئاگریان لەلا پیرۆزە و دەیپەرستن. لە قورئانیشدا ئاماژەیان بۆکراوە:

(إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابئين والنصارى والمجوس والذين اشركوا إن الله يفصل بينهم يوم القيامة إن الله على كل شئ شهيد/ ئەوانەی بڕوایان هێناو ئەوانەی بوونە جوولەکە و سوببی و مەسیحی و مەجووسی و ئەو کەسانەش شەریک بۆ خودا دەناسن، دیارە خودا ڕۆژی سەڵا بەکاری هەمووان ڕادەگا. دیارە خودا لە هەموو شت ئاگادارە – الحج: ١٧)).

٢- زەردەشت (ناری زەردەشتی):

- **وەرە ساقی بە (زەردەشت)ی خەواریق، تازە بنوێنە**
  **لە ئاوی خوشک و صافا، ئاگری تەڕ، شوعلە دەربێنە**

(دیوان: ٨٢٦)

- **ئاگری جەوری دلارامم هەتا دێ خۆش دەبێ**
  **(ناری زەردەشتی) بەدائیم کەی دەگاتە خوویی دۆست**

(دیوان: ٨٢٦)

ناوەکە لە پەهلەویدا بەم شێوەیەیە (zartuxst/ واتە خاوەنی وشتری زەرد). زەردەشت پێغەمبەری گەلانی ئێرانی کۆنە. هەندێک ئەو بە خەڵکی ئازەربایجان و هەندێک بە خەڵکی ڕەی و بە زۆریش بەخەڵکی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەدرێتە قەڵەم، لە سەردەمی پەیدابوونیشی کێشە هەیە. زەردەشتییە دێرینەکان سەردەمەکەی دەگەڕیننەوە بۆ دەوروبەری (٦٠٠ی پێش زایین). ڕۆژهەڵاتناسەکانیش باس لەسەدەکانی (٧ و ٦)ی پێش زایین دەکەن. باوکی (پوروشاسب) و دایکی ناوی (دەغدو – دەغدوویە) بووە، لە ڕۆژگاری گوشتاسب پەیدا بووە و ئەم شاهنشایە ئایینەکەی پەسەند کردووە. هەندێک لە سروودەکانی (ئاوێستا/ کتێبی ئایینی زەردەشتی)، کە تا ئێستا لەبەردەستن بەناوی (گاتەکان) هیی خودی زەردەشت خۆیەتی. وەک دەگێڕنەوە لە هێرشی دووەمین جاری (ئەرجاسبی تۆرانی) بۆ سەر ناوچەکانی (بەڵخ) بە دەستی سەربازێکی تۆرانی کوژراوە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٦٤٨).

٣-زەردەشتی؛ ئەو ئایینەیە کەوا زەردەشت دایهێناوە لەم ئایینەدا (ئاهۆرا مەزدا) یەزدانی مەزنە. حەوت لە یارانی نزیک و شکۆدار بەهاوڕێتی کۆمەڵێک لە فریشتەکان خواستەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن. (ئەهریمەن) گیانی بەد و پۆخڵە، کۆمەڵێک هاوکار و دێو و درنجی هەیە. ئایینی زەردەشتی سێ پایەی گرینگی هەن، بیری چاک، گوفتاری چاک، کرداری چاک. لەم ئایینەدا ئیمان و باوەڕ بە جیهانێکی دیکە و پردی سیڕات و تەرازوو و داوەری و بەهەشت و دۆزەخ ڕوون و ئاشکران. سەرکەوتن لەمانە لە ڕاستیدایە و مرۆڤ دەبێت لەپێناوی ئەم سەرکەوتنەدا تێبکۆشێت (سەرچاوەی پێشوو، ٦٤٩).

٤- زەند و پازەند:

**- مەجووسی ناری عیشقت ناگوریزە**
**دەزانم مەتن و مەعنای (زەند و پازەند)**

(دیوان: ٢٦٠)

ناوی دوو کتێبی ئایینی زەردەشتین. زەند، هەمان کتێبی ئایینی زەردەشتی (ئاوێستا)یە، کە بە بڕوای زەردەشتییەکان لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە. بۆیە زۆرجار لە شێوەی ناوێکی لێکدراودا دەگوترێت (زەند – ئاوێستا). بەگوێرەی (دهخدا)، زەند وەرگێڕدراوی (پەهلەوی) ئاوێستایە.

(پازەند) وەک لە (برهان قاطع)دا هاتووە شەرح و لێکدانەوەی (ئاوێستا)یە. هەندێکیش ڕایان وایە (زەند) و (پازەند) دوو کتێبی دانراوی زەردەشتن سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی (برهان، ١٣٦١، ج١، ٣٥٢). لە دێڕە شیعرەکەی (سالم)دا وەکو دەبیندرێت، مەسەلەکە بەم شێوەیە یەکلایی کراوەتەوە:

زەند: مەتنە، واتە دەقەکانی ئایینی زەردەشتین. یان دەقەکانی ئاوێستان.

پازەند: مەعنایە، واتە شەرح و لێکدانەوەی دەقەکانی ئاوێستایە.

٥- ڕاهیبی پازەند: ڕاهیب بەو پیاوە ئایینییانە دەگوترێت (جگە لە پیاوانی ئایینی ئیسلام)، کەوا خۆیان بۆ خواپەرستی تەرخان دەکەن. ڕاهیبی پازەندیش پیاوانی ئایینی زەردەشتین. ئەمانە لەبنەڕەتدا بە (مووغ یاخود موبید/ موغبید/ موگبید) دەناسرێن.

**مەروان:**

**- مایەیی فیتنەیی، ئەی نەفسی پەلید**
**بـۆ خەلیفەی دڵی من (مەروان)ی**

(دیوان: ٩١٧)

**- لە ئەصلا بانییی ئەم کارە کاسبهای شەهری بوون**
**لەئەمری فیتنەئەنگێزا، سەراسەر، میثلی (مەروان)ن**

(دیوان: ٥٨٧)

مەبەست (مەروانی کوڕی حەکەم)ە. وەزیر و ڕاوێژکاری خەلیفەی سێیەم (حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان) بووە و بۆتە مایەی نەهامەتی بۆ خەلیفە. لە شەڕی (جەمەل)دا پشتیوانی لە (عائشە) دەکات و لە دژی (عەلی). ساڵی (٦٤ی کۆچی) دەچێتە دیمەشق و لەسەر تەختی خەلافەت دادەنیشێت. بەم کارەی دەسەڵات لەدەست نەوەکانی بنەماڵەی ئەبو سوفیان دەردەهێنێت، تیرەیەکی تر لەنێو ئومەوییەکان دەبنە دەسەڵاتدار بەناوی (مەروانی). تەنیا ماوەی دە مانگ لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە (معین، ١٣٦٠، ج٦، ١٩٥٧).

**مەریوان:**

**- ڕەنگە ئەمجا بێتە (گاڕان) سەرحەدی موڵکی سنە**
**ڕم وەشێنی مەعرەکەی (دەشتی مەریوان) هاتەوە**

(دیوان: ٨٣٩)

(مەریوان) شارۆچکەیەکە لە ڕۆژئاوای شاری (سنە)، دوایین خاڵی سنووری نێوان میرایەتیی ئەردەڵان بووە لەگەڵ بابانەکان. شەڕ و پێکدادانی گەورە و مێژوویی لەم ناوچەیەدا لەنێوان سوپای هەردوولادا بەرپا بووە. ئەمەی لێرەدا مەبەستە ئەو شەڕەیانە، کەوا (عەبدوڵڵا پاشای بابان/ برای ئەحمەد پاشا)، لە سەردەمی حوکمڕانی ئەحمەد پاشادا لە ساڵی (١٨٤٢ی زایینی) لە شەڕ و پێکدادانێکی گەورەدا لە ناوچەی مەریوان لەشکری والی سنە تێکدەشکێنێت. ئەمە هەر هەمان ئەو شەڕەیە کە (شێخ ڕەزا) مێژووی هاتنە دنیای خۆی پێ دیاری کردووە:

- **کە عەبدوڵڵاهـ پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد**
  **(ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبستان بوو**

(مستەفا، ٢٠١٠، ٩٥)

**مودخەل (ئەشعەث):**

- **بازووتە هەردوو جێی پوول، زانیومە چەند عەزیزن؟!**
  **(مودخەل) فیدای یەمینت، (ئەشعەت) فیدای یەسارت!**

(دیوان: ١٧٢)

- **(سالم) ئەگەر طەلەب کەی، (ئەشعەت) بەکۆمەکی کار**
  **وەک کیسە پوولی (مودخەل) صەد عوقدە دێتەکارت**

(دیوان: ١٧٥)

وەک لە دێڕەکاندا هاتووە، دەبێ ئەم دوو کەسە کەسانێکی پووڵەکی و ڕژد و قرچۆک بووبن. لە شەرحی دیوانەکەدا هاتووە: مودخەل، ڕژد و پارەپیس، (ڕەنگە ناوی یەکێکی بەناوبانگیش بووبێ). ئەشعەت، ناوی زەلامێکی کۆنی پارەپیس و پووڵەکی بووە (مدرس، ٢٠١٥، ١٧٢) لە سەرچاوە فارسییەکاندا باسی (ئەشعەت) ناوێک هاتووە؛ ئەشعەتی چاوچنۆک (؟ - ١٥٢؟ کۆچی). ئەشعەتی کوڕی جوبەیر، یەکێک بووە لە هەرزە گۆیانی عەرەب، خەڵکی مەدینە و پیاوی

عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر بووە. لە چاوچنۆکیدا بۆتە ئیدیەم (انوری، ۱۳۸۷، ج۱، أعلام، ۱۹٤).

**نادر (چەتری نادری):**

- **هەرچی (نادر) قەبض و بەسطی کرد بە شمشیر و سوپا**
**ئـەم بـەتیغی جـەوهـەرئالوودی خەمی ئـەبروو دەکا**

(دیوان: ۹۸)

- **لـە (چـەتری نادری) ڕوتبەم گەلێ باڵاترە ئێستە**
**کە من ئیکسیری خاکی ڕەهگوزاری سەرفرازێکم**

(دیوان: ٤٤٤)

۱- مەبەست (نادر شای ئەفشارە/ ۱٦۸۸ – ۱۷٤۷ز). بە دڵڕەقی و بێ بەزەیی ناسراوە. لە ڕێگەی شەڕو پەلامار و شمشێر و سوپاوە تا وڵاتی چینی لە ڕۆژهەڵات خستۆتە ژێر فەرمانی خۆی. لەشکر و قۆشەنی تا موصل و بەغدایش هاتووە. لە مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتدا زۆر ناودارە. یەکێک لە شاعیرانی کورد (ئەڵماس خانی کەنوولەیی/ ۱۷۰۲ – ۱۷۷٦ ز) لە سوپای نادر شادا پلەی سەرهەنگی هەبووە. مەنزوومەیەکی شیعریشی بەناوی (نادرنامە) هۆنیوەتەوە، کە باس لە شەڕ و داگیرکارییەکانی نادر شا دەکات.

۲-چەتری نادری: ڕەنگە پێکهاتەیەکی خوازەیی بێت، تەعبیر لە شانوشکۆ و پێگەو پایەی بەرزی شایەتی دەکات، بەتایبەتیش بۆ یەکێکی وەکو نادر شا.

**وەندات و جافان:**

- **کەڕڕ و فەڕڕ با کەم بکا والی بەفەوجی (چێش کەرۆ)**
**پـووشـتبەندی لەشـکری (وەندات و جافان) هاتەوە**

(دیوان: ۸٤۰)

مەبەست هەردوو هۆزی (وەندییەکان) و (جافەکان)، بە ڕای ئێمە مەبەست لە (وەندات) هەر تەنیا هۆزی (وەندی) ناوچەی گەرمەسێر (خانەقین و مەندەلی) نییە. بەڵکو هەموو ئەو هۆزانەش دەگرێتەوە کەوا پاشگری (وەند) ناسناوی هۆزەکانیان تەواو دەکات، کە هەندێکیان لە ناوچەی زەهاو و هەندێکیشیان لە سنووری کەرکووکدا دەژین. وەکو: جەلیل وەند، جەلال وەند، هەمەوەند... تاد. ئەوەی پەیوەندیی بە هۆزی جافیشەوە هەیە ئەوە یەکێک لەو دوو هۆزە هەرە مەزنەی کوردستانە (جاف و هەرکی). سنوور و قەڵەمڕەوی هۆزی جاف، لەنێوان (کفری و شێروانە)وە تاوەکو (کەلیخان و سنە)یە. زیاد لە (٣٠) هەزار خێزان دەبن. هۆزی جاف پشتیوان و هێزی هەرە مەزنی میرایەتیی بابان بوون.

**هۆلاکۆ:**

- **بۆ ظولمی لەئەندازە بەدەر وەک یەکی خوڵقاند**
**خەللاقی ئەزەل، مەشرەبی تۆو طەبعی (هۆلاکوو)**

(دیوان: ٦٦٨)

هۆلاکۆخان نەوەی جەنگیزخانی مەغۆلی بووە. لەشکرکێشی بۆ هەر کوێیەک کردبێت وێرانی کردووە. لە کوشت و بڕ و ستەمکاریدا سڵی لە هیچ نەکردۆتەوە. لەمێژوودا دیارە، چۆن لەساڵی (١٢٥٨ی زایینی)دا، شاری بەغدای کاول و وێران و غەرقی فرمێسک و خوێن کردووە. وەکو ڕەمزی زوڵم و ستەم لە مێژوودا ناوی دەرکردووە.

## بەشی چوارەم

**ڕەمز و ئاماژەی پەیوەست بەئایینی ئیسلام: (ئایەتەکانی قورئان – مێژووی ئیسلام – شوێن و چەمکە ئایینییەکان)**

١- ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز
٢- ئایەی حیجاب
٣- ئیفک
٤- پردی سیراط
٥- حەرەم
٦- روح الامین
٧- زەمزەم
٨- سەبعەی قوڕڕا
٩- سەقەر
١٠- شیعە و سوننە
١١- صەفا و مەروە
١٢- طووبا
١٣- طەریقەت
١٤- عالەمی قودس
١٥- عیشقی حەقیقی
١٦- عیشقی مەجازی
١٧- غار و مار
١٨- غیلمان
١٩- فەردی قەدیم
٢٠- فیتنەی شەهری صەفەر
٢١- کەربەلا
٢٢- کەعبە
٢٣- کەوثەر
٢٤- مەحشەر
٢٥- مەولا
٢٦- موعجیزە
٢٧- یارانی پێغەمبەر

**ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز:**

ئاماژە بۆ یەکێک لە ئایەتەکانی قورئان لە دێڕی شیعردا دەچێتە خانەی (تەلمیح). سالم لە شیعرەکانیدا و هەرجارەی بۆ مەبەستێکی تایبەتی کورتە ئاماژەیەکی بۆ یەکێک لەئایەتەکان کردووە، بێ ئەوەی زۆری لەسەر بڕوات و هەڵوەستە لەسەر کرۆکی مەبەستەکەی بکات، بەڵکو تەواوی واتا و دەلالەتەکانی ئایەتەکەی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە. وەکو لەم نموونانەدا دەیانبینین:

**نەفسی ئەممارە:**

- **بە قەولت (نەفسی ئەممارە)م، دڵا! بۆ طوڕڕە دەمکێشی**
  **کە من مەغلووبی ئەممارەم، بە ئەم مارەم مەترسێنە**

(دیوان: ٨٢٧)

پێکهاتەیەکی خستنەپاڵ (ئیزافییە)، بەو مانایە دێت، کەوا ناخ و دەروون فەرماندەری مرۆڤن و چۆنی بخوازن بەو ئاراستەیە مرۆڤ ڕاپێچ دەکەن. پێکهاتەکە خۆی ئاماژەیە بۆ ئایەتی (٥٣) لە سوورەتی (یوسف) کە دەڵێ: ((وما أبرئ نفسي إن النفس لأمارة بالسوء/ منیش هەرگیز پاکانە بۆ خۆم ناکەم. نەوس هەموو خەراپەیەک بە پیاو دەکات)). (نالی) نزیک لەو مەعنایەی سالم گوتوویەتی:

- **موطمەئین خاطر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لەشەڕی**
  **(نەفسی ئەممارە)، کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٥٨٦)

**لا تقنطوا:**

- **تەرجەمەی ئایەتی (لاتقنطوا) ئەم شیعرە دەکا**
  **با نەویدێ لە غەفووریی ڕەحیمت بدەمێ**

(دیوان: ١٠١٥)

لاتقنطوا، واته بێ ئومێد مەبن، ئاماژەیە بۆ ئایەتی (٥٣) لە سوورەتی (الزمر): ((قل یا عبادي الذین اسرفوا علی انفسهم لاتقنطوا من رحمة الله إن الله یغفر: بێژە ئەی عەبدەکانی من! ئەی ئەوانە کە بەلادان لە ئەندازە، ناهەقیو لە خۆ کردووە! نابێ ئێوە لەبەزەیی خوا ناهومێد بن)). دێرەکە خۆی تەعبیر لە ناوەرۆکی ئایەتەکە دەکاتەوە. بەتایبەت لەنیوەدێری دووەمیدا؛ با مزگێنی ئەوەتان بدەمێ کە خوا خاوەن بەزەیی (ڕەحیم) و بەخشندەیە.

**ماسعی:**

**– بەخاڵی مەصحەفی (سالم) تەکاسول غەیرە مەقدوورە**
**بە ئەمری سیرعەتی کۆشش کە ئایەی (ماسعی) دێنێ**

(دیوان: ١٠١٩)

السعی: بەواتای کار و کۆشش دێت. (ماسعی)ش ئەوە دەگەیەنێت کە چەند کار و کۆشش بکەیت، ئەوەندە خێر و بێرت پێدەگات. پێکهاتەکە ئاماژەیە بۆ ئەم ئایەتەی خوارەوە: ((وأن لیس للانسان الا ماسعی * وأن سعیه سوف یری/ مرۆڤ بۆخۆی خەبات نەکا، هیچ پاداشتێکی پێ ناگا* بۆ هەر کارێکیش ماندووبی، پاداشتی خۆی هەر پێدەگا – النجم: ٣٩ – ٤٠)).

**لیلة القدر:**

**– شەو دەڵێن، دڵبەر نیشانەی (لیلة القدر)ی هەیە**
**پەرتەوی ئەو نوورە، بۆچ جارێ لە کولبەم ناکەوی**

(دیوان: ١٠٢٨)

دابەزینی قورئانی پیرۆز هاوڕێ بووە لەگەڵ پرشنگی نوور و ڕووناکی لە شەوێکی بەڕێزدا، سالم مەبەستی ئەو نوور و پرشنگەی شەوی (قەدرە) کە خۆی لە سوورەتی (القدر)دا دەنوێنێت، بەئاواتەوە

چمکێکی ئەو نووره ماڵەکەی ڕووناک بکاتەوە. (القدر) سوورەتی ژماره (٩٧)ه لەقورئانی پیرۆز و له (٥) ئایەت پێکهاتووه.

**ئایەی حیجاب:**

- **ڕوو هـەر لـه من دەپـۆشێ، وا حاڵییه که جبریل**
  **هەر خاصصه بۆ من و ئەو، (ئایەی حیجابی) هێنا**

(دیوان: ١٣٥)

بەم جۆرەیه: ((یا ایها النبي قل لازواجک وبناتک ونساء المؤمنین یدنین علیهن من جلبابهن وذلک أدنی أن یعرفن فلا یؤذین وکان الله غفورا رحیما/ ئەی پێغەمبەر! ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی خاوەن باوەڕداران حاڵی بکە، با خۆیان بەچارشێوەکانیان داپۆشن؛ ئەم کاره باشتر دەبێته هۆی ئەوه که بناسرێن و ئازار نەدرێن. خودا لەخەتا دەبووری و دڵۆڤانه – الاحزاب: ٥٩)). لەم ئایەتەدا یەزدان یەکتر بینینی پیاو و ژنی نامەحرەمی حەرام کردووه و بڕیاریشی لەسەر ئەوه داوه که ژنانی بڕواداران خۆیان دابپۆشن.

**ئیفک:**

- **موجتەهید! تۆ ڕوخصەتی (ئیفک)ی حومەیرا بۆ دەدەی**
  **کێ دەکا توهمەت به زەوجەی سەییدی (فـخر الـبشر)**

(دیوان: ٣١٨)

ئیفک، بەمەعنای درۆ و بۆختان دێت، حومەیراش ناسناوی حەزرەتی عائیشەی خێزانی پێغەمبەره (د. خ) ، بەواتای سوور و سپی دێت. ئیفکی حومەیرا، چیرۆکی ئەو درۆ و بوختانەیه که مونافیقەکان بۆ حەزرەتی عائیشەیان هەڵبەستا بوو. کاتێک پێغەمبەر له مەدینەوه دەچێته غەزای هۆزی (بنی المصطلق)، عائیشەیشی لەتەکدا دەبێت، لەدوای سەرکەوتن و بڕانەوەی شەڕ، سوپای ئیسلام شەڕگاکه چۆڵ

دەکەن و دەگەڕێنەوە، عائیشە بەجێ دەمێنێت و شەوی بەسەردا دێت، بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ یەکێک لەوانەی لە خزمەتی سوپای ئیسلام دابوون دەگەڕێتەوە، مونافیقەکان ئەمە بە هەل دەزانن و دەنگۆیەکی بوختان و درۆ دەرحەق بە عائیشە بڵاودەکەنەوە. ئەم ڕووداوە هەم پێغەمبەر و هەم عائیشەش زۆر ئازار دەدات، تاوەکو حەزرەتی جوبرائیل دێتە خوار و پەیامی خودا دێنێت و ئاگاداری دەدات کە ئەمە درۆ و بوختانێکی شاخدارە: ((إن الذين جاءوا بالافک عصبة منكم لا تحسبوه شرا لكم بل هو خير لكم/ ئەوانەی ئەو بوختانەیان هەڵبەستبوو، دەستەیەک هەر لەخۆتان بوون. پێتان وانەبێ بۆ ئێوە خراپ دەبێ، بەڵکو قازانجە بۆ ئێوە – النور: ١١)). (قراعه، ١٩٦٩، ١٠٣). لەدوایە هەندێک لە زانایانی شیعە، لەبەر هۆکاری مێژوویی و پەیوەست بە دووبەرەکی نێو موسڵمانان، تا ڕادەیەک برەویان بە چیرۆکەکە داوە، بۆیە سالم لێرەدا سەرزەنشتیان دەکات.

**پردی سیراط:**

- **مەجنوون غەمی کوا: پردی سیراط ئەر وەکوو موو بێ**
  **دەیکێشێ لەوێشا کەشەی طوڕڕەیی لەیلا**

(دیوان: ٨٦)

لە فەرهەنگی (معین)دا هاتووە: پردی سیراط، پردێکە لەسەر پشتی دۆزەخ – لەنێوان دۆزەخ و بەهەشتدا. وەک دەڵێن لە موو باریکترە و لە دەمی شمشێر تیژترە. دانیشتووانی بەهەشت بەپێی کاری باش و خراپیان، کە لە دنیادا ئەنجامیان داوە، بەسەر ئەم پردەدا تێدەپەڕن؛ هەندێکیان وەکو برووسکە خێراو هەندێک وەکو بای تیژڕەو و هەندێکیش لە وێنەی ئەسپی ڕەوهان، بەڵام گوناهکاران پێیان دەخلیسکێ و دەکەونە ناو دۆزەخەوە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٩٩٧). لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ (الصراط المستقيم) بەواتای؛ ڕاستە ڕێگا کراوە

(الفاتحة: ٦)، کەوا هی ئەوانەیە کە خودا خۆی چاکەی دەگەڵ کردوون، ئەوانەی کەوا گومڕا نەبوون.

### حەرەم:

مەبەست دەوروبەر و ماڵی خودایە، واتە (کەعبە)ی پیرۆز لەشاری (مەککە). ئەم ناوە بەچەند واتا و دەلالەت لە شیعری سالمدا هاتووە لەوانە: (حەرەمی کەعبە، مورغی باغی حەرەمی تۆ، صەیدی حەرەم بگەڕێوە بۆ ئاهوو، حەوشی حەرەم، کەعبەیی ڕووت، کەعبەی ئەکبەر).

- **چونکە ئاهووی دڵ لە (کەعبەی ڕوویی تۆ) پەروەردەیە**
  **لێی مەدە تیری نیگەهـ ، صەییاد! هەی صەییادی**

(دیوان: ٨٨٩)

- **دەزانن بۆ موصیبەت دێتە ڕێگەم**
  **شکارم (پیش از این) (صەیدی حەرەم) بوو**

(دیوان: ٦٤٠)

- **مەعلوومە کە گریەم لە هەوای (کەعبەیی ڕووتە)**
  **بەم ئەشکە لەدیدەم، کە دەڵێی زەمزەمە ئەم شەو**

(دیوان: ٧٠٢)

### روح الامین:

- **دوعام بۆ دەفعی چاوی بەد لەحوسنی تۆ دەکرد، ئەمشەو**
  **لەدەم (روح الامین) تا صوبح دەم ئاوازی (ئامین) هات**

(دیوان: ١٦٦)

مەبەست جوبرائیلە. ڕوح؛ ناوی جوبرائیل خۆیەتی و، (ئەمین) لەوەوە هاتووە کەوا ئەوەی لە گوتەی خوادا دەیبیست وەک خۆی لەلای پێغەمبەر (د. خ) دەیگوتەوە. واتە بەئەمانەتەوە نەقڵی دەکرد. لە قورئاندا هاتووە: ((نزل به الروح الامین * علی قلبک لتکون من المنذرین/ ڕوح الامین هێنایە خوار * بۆ سەر دڵت؛ تا تۆ لەترسێنەران بی – الشعراء: ١٩٣)).

**زەمزەم:**

- **خۆشا ئەییامی گریانم لە خاکی کەعبەیی مەقصەد هەموو قەطرەی سروشکم، بۆ شەرەف وەک ئاوی (زەمزەم) بوو**

(دیوان: ٦٣٧)

زەمزەم، بیرە ئاوێکە لە کەعبەی شەریف، لەم زەمانەدا حەجاجەکانی ماڵی خودا لەگەڵ خۆیاندا ئاوی زەمزەم دەهێننەوە و بۆ تەبەڕوک کەمێکی دەدەن بە خەڵک تا بیخۆنەوە. گوایە (زەمزەم) بە ئاوێک دەگوترێت کە لەنێوان شۆڕ و سازگاردا بێت.

**سەبعەیی قوڕڕا:**

- **پەیڕەویی (سەبعەیی قوڕڕا) نییە بۆی**
  **بەنەوا خاریجی هەر حەوتە، مەلا**

(دیوان: ١١٦)

ئاماژەیە بۆ ئەو حەوت قورئان خوێنە ناودارەی سەرەتای ئیسلامەتی، کەوا خوێندن و تەجویدی قورئانی پیرۆز لەوانەوە گواستراوەتەوە. ناوەکان بەم شێوەیە هاتوون: ١- نافع، ٢- ئەبوعەمر، ٣- ئیبن عامر، ٤- عاصم، ٥- حەمزە، ٦- کەسائی، ٧- عەبدوڵڵای کوڕی کوثەیر. حەوت شێوازیش لە خوێندنەوەی قورئاندا پێڕەوی لێ دەکرێت، کە هەر شێوازێکیان بۆ یەکێک لەمانە دەگەڕێتەوە (معین، ١٣٦٠، ج٦، ٢٢٨٦).

**سەقەر:**

- **ئەم جیهانە خولدە بۆ مەردوم، وەلێ بۆ من (سەقەر)**
  **عومری شیرینم بەتەڵخی چوو، لەبەر طوولی سەفەر**

(دیوان: ٢٧٦)

سالم له چەند جێگە لە شیعرەکانیدا ئەم ئاماژە و مۆتیڤانەی دووبارە کردۆتەوە: سەقەر، جەهەننەم، دۆزەخ،...و لەپاڵ، جەننەت، فیردەوس، خولْد... تاد. لە پێشەوە پەنجەمان بۆ هەندێ لەم چەمکانە ڕاکێشاوە. وشەی (سەقەر)، لەڕووی فەرهەنگییەوە، گەرمایی زۆر و بەتینی بەرکەوتنی تیشکی خۆر دەگەیەنێت. لەڕووی زاراوەییشەوە دەلالەت لە دۆزەخ و جەهەندەم دەکات، کە شوێنی سزادانی بێ باوەڕەکانە و پێچەوانەی بەهەشتە.

**شیعە و سوننە:**

١- دووەمین گەورەترین تایفەی موسڵمانن، مەبەست لەزاراوەی (شیعە)، یاران یاخود پەیڕەوانی حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە، کە باوەڕیان بە پێشەوایەتیی ئیمامی عەلی و کوڕەکانی هەیە، چەند دەستە و تاخمێکی دیکەش هەن لە موسڵمانان کە دەچنە ژێر چەتری بیروباوەڕی شیعەگەریێتی، لەوێنەی: زەیدی، ئیسماعیلی، سەرپەڕەکان (غلات)، شیعەی دوازدە ئیمامی (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٩٥٦). شیعەگەریێتی لەمێژووی ئیسلامدا پێشینەیەکی قووڵی هەیە، بنەماکەی لە مەسەلەی جیاوازیی بیروڕا لەسەر جێنشینی حەزرەتی موحەممەد (د. خ)، پێغەمبەری موسڵمانانەوە سەری هەڵداوە. ئەم جیاوازییە لە ڕابردوودا سروشتێکی خوێناوی وەرگرتووە و کارەساتی گەورەی لێ کەوتۆتەوە. لە کلتوور و ڕووناکبیریی کۆنی کوردەواریدا، بەتایبەت لای کوردە سوننییە شافعییەکان، بەشێوەیەکی نێگەتیڤ مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە کراوە. هەر ئەم دیدە نێگەتیڤ و ناحەزانەیە لە شیعری سالمیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە بەم شێوازانە ناویان براوە:

- ڕافیضی شیعە، (رفض/ لە ڕەتکردنەوەوە هاتووە، گوایە ئەوان واتە شیعەکان، جگەلە عەلی هەموو خەلیفە و جێنشینەکانی دیکە ڕەت دەکەنەوە، بۆیە پێیان دەگوترێت، ڕافیضی)
- نەزانی رافیضی، بیلادی ڕافیضی (مەبەست وڵاتی ئێرانە).
- شیعەزادە، عالمی ناعالمی شیعە.

لەگەڵ هەمـــوو ئەمانەشـــدا، لە شـــیعری ســـالمدا زۆر بەڕێـــز و پایەبەرزی و پیرۆزییەوە و لەچەند جێگەدا لە دیوانەکەی ناوی (ئیمامی عەلی و ئیمامی حوسێن) هـاتووە. بگەڕێوە بۆ ⟵ عەلی، هەروەها بۆ ⟵ کەربەلا.

- **فـەرقی (فـارووق) و (شـەمر) ناکا، نەزانی (رافیضی)**
  **حەشری شەمر و ئەو لەگەڵ یەک کا، خودایی دادگەر**

(دیوان: ٣١٩)

- **حەق بدا فرصەتم بە ئیذنی عومەر**
  **دوشـــمنی شـیعە زادە بـم تـا بم**

(دیوان: ٤٢٨)

٢- سوننی: بەپێڕەوانی سوننەتی پێغەمبەر (د. خ) (لە قسە و کردار و ڕەفتـار) دەناسـرێن. خەلیفەکـانی ڕاشـدین (ئەبـوبەکر و عـومەر و عوسمان و عەلی) بە جێنشینی بەحەقی حەزرەتی پێغەمبەر دەزانن، لەگەڵ شـیعە و شـیعەگەریێتیدا جیـاوازیی قووڵیـان لەنێوانـدا هەیە. ڕەمزەکانی ئەهلی سوننەت لە شیعری سالم بەڕێزەوە ناویان هاتووە لەوێنەی: سوننی، دوڕڕەی عومەر، فاورووق، عوثمان ... سالم پارچەیێکی (٧) دێریشی هەیە کەوا پاش سەرواکەی بە (بە عومەر) کۆتایی هاتووە:

- **قەوسی ئەبرۆ و موژەت تیروکەمانە، بەعومەر**
  **نیگەهت قەیدی دڵ و ئافەتـی جانە بە عومــەر**

(دیوان: ٣٤٨)

٣- ســالم لەگەڵ ئەو هەڵوێســتە ناحەزانەیشــی ســەبارەت بە شیعەگەریێتی، ئیدیعای ئەوەشی کردووە کەوا فەرق و جیاوازی لەلای ئەو لەنێوان شیعە و سوننەدا نییە:

- **شـیعە و سـوننی لـەلای من هەر یەکێکن، چونکە یار**
  **نەسلی ئەولادی (حوسەین) و ئەصلی فەرعی (عوممەر)ە**

(دیوان: ٧٦١)

- **به (عەلی) سوێندت دەدەم، (شیعە)ی ئەگەر، ڕەحمت بێ**
**خـــۆ ئـــەگـــەر سوننیی، ئەی شۆخی زەمانە بە (عومەر)**

(دیوان: ٣٤٩)

**صەفا و مەروە:**

- **بە صەفا دێت و دەکا هەروەلە بۆ (مەروە)یی عیشق**
**خـــاری ئـــەو ڕاهـــە لـــە پا نەرمییی نەسرینی هەیە**

(دیوان: ٨٧٢)

دوو شـــوێنن لە مەکـکەی پیـرۆز، لە دەوروبەری بەیـت. حاجییـان ئەرک و کۆششـی خۆیـان بە زیـارەت و هـاتوچۆ لەنێـوان ئەو شـوێنەدا جێبەجێ دەکەن، هاتوچۆیەکە دەبێت بە نەرمەغار (هەروەلە) بێت. گوایـە حەزرەتـی ئیبـراهیم بەهەشـتاوی لەو نـاوەدا بەنەرمە ڕاکـردن بەدوای ئـاودا گەڕاوە بـۆ (هـاجەرە)ی خێزانـی و کـۆرپەکەی (ئیسـماعیل). ئینجـا ئەمە بووە بە (تەقلید) و لە مەراسیمی حەجدا دووبارە دەکرێتەوە.

**طووبا:**

- **گەر لەبن سایەیی (طووبا) بەصەفا مـاوا کـــەم**
**بێتە دڵ یادی بەدیی ئەو سەگە، جێگەم سەقەرە**

(دیوان: ٧٦٣)

وشـــەکە خـۆی مـوعەڕڕەبە، بەواتـــای ئەوەی بیـــانییە و کـــراوەتە عەرەبـی، لە سـریانیدا (tuba)یە و لە عبیریـدا (tova). بەواتـای شـادی و خۆشـی یـاخود شـتی بـاش دێت. (تووبـا) خۆیشـی نـاوی درەختـێکە لە بەهەشـت و وەک دەگوترێت هەر لقێکی لەماڵێکدایە، لە مـاڵی خەڵکـانی بەهەشتی، هەر لقێکیشی میوەی جۆراوجۆر و بۆنخۆش دەگرێت (معین، ١٣٦٠، ج٥، ١١٠١).

**طەریقەت:**

- **بـــەس مـــوشکیله زاهـــید، بـگەیە عـیشقی حەقیقی**
**بۆ شوغلی (طەریقەت)، هەیە صەد سیڕڕی ڕەقیقی**

(دیوان: ٩٠٨)

بەگوێرەی بۆچوونی ئەهلی سلووک، تەریقەت پاککردنەوەی ناخە، لە بەرانبەریشدا شەریعەت پاککردنەوەی ڕوواڵەتە، دووەمین قۆناغیشە لە سێ قۆناغەکەی ڕێگای سلووک؛ شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت. وەکو دەشگوترێت ڕێگەیەکە خەڵک دەگەیەنێت بە خودا، لەکاتێکدا شەریعەت ڕێگایەکە بۆ گەیشتنی خەڵک بە بەهەشت. تەریقەت لە شەریعەت تایبەتترە، چونکە هەم حوکمەکانی شەریعەت دەگرێتە خۆی (کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە)، هەم کۆمەڵێک حوکمی تایبەتیشی تێدایە وەکو کردەوەکانی دڵ و وەرزشی دەروون و وەلانانی بیرکردنەوە لە هەموو شتێک جگەلە خودا (دهخدا، ١٣٧٧، ج١٠، ١٥٤٤٥).

**عالم قدس:**

- **دوش جان در قضای (عالم قدس)**
**بـه تـماشـای صـنع بیچون شـد**

(دیوان: ١٠٥٠)

جیهانی قودس زاراوەیەکی سۆفیانەیە، جیهانی باڵایە و بریتییە لە واتا خواییەکان، کە دوورە لە حوکمی ئەفراندن و کەموکوڕی پەیدابوون. یاخود بریتییە لە جیهانی ناوی حەق و سیفەتەکانی (شوان، ٢٠١٠، ٢٣٥).

**عیشقی مەجازی:**

- **لـە دڵما بـازە بـۆ حـوسنی حـەقیقەت دیدەیی باطن**
**مەڵێن (عیشقی مەجاز)م هەر لەسەر بۆس و کەنارێکە**

(دیوان: ٧٧٩)

له بەرانبەر (عیشقی حەقیقی/ ڕاستەقینە)دا داندراوە، پێی گوتراوە (مەجاز) واتە ناڕاستەقینەیە. عیشقی حەقیقی عیشقی مرۆڤە بۆ خودا، عیشقی مەجازیش عیشقی مرۆڤە بۆ مرۆڤ. لە عورفی ئەدەبی کلاسیکیدا وا بووە هەر شاعیرێک دەبێت مەعشووقەیەکی هەبێت و پێیدا هەڵبڵێت، بەم عیشقە گوتراوە مەجازی. بۆ نموونە بۆ (جزیری) (سەلما) یەک و بۆ (نالی) (حەبیبە) یەک و بۆ (سالم)یش (بەهێ) ناوێکیان دۆزیوەتەوە. وابووە ئەم عەشقی مەجازییە بۆتە قۆناغێک بۆ پەڕینەوە بۆ دنیای عەشقی حەقیقی.

**عیشقی حەقیقی:**

- **داخیلی (بەزمی حەقیقەت)، کەی دەبی، پیری سلووک**
  **تا بەخوێنی دوختەری ڕەز خەرقە ئەنگووری نەکا**

(دیوان: ١٠٩)

- **بەس موشکیلە زاهید! بگەیە (عیشقی حەقیقی)**
  **بۆ شوغلی طەریقەت، هەیە صەد سرڕی ڕەقیقی**

(دیوان: ٩٠٨)

لەپێشەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە عورفی زاراوەی سۆفیانەدا عیشق دوو جۆری هەیە، یەکیان عیشقی حەقیقییە؛ کە بریتییە لە عەشقی زات و سیفات و کارو کردەوەی یەزدانی مەزن. ئەم عەشقە جۆرێکە لە ئیلهام و شەوق لە پێناوی گەیشتن بە خۆشەویستی ڕاستەقینە کە خودای حەق یاخود خودا خۆیەتی. عیشقی مەجازی، عەشقی مرۆڤەکانە لەناو خۆیاندا وا هەیە عەشقی مەجازی دەبێتە کلاوڕۆژنەیەک تا ئەوەی مرۆڤ بەرەو عەشقی حەقیقی بڕوات.

**غارومار (یاری غار):**

- **یا عەلی خۆتۆ دەزانی داستانی (غارومار)**
  **جوهد و صیدق و پاکیی صیدیقی ئەکبەر سەربەسەر**

(دیوان: ٣١٨)

- **مەعشووقە یەک تومانی، جانانە دوو هەزاری**
**صـــاحێب قڕانە پیرت، مانووتە (یاری غار)ت**

(دیوان ١٧٢)

لە ئـایەتی (٢٠) لە سـوورەتی (التوبـة)دا هـاتووە: ((الا تنصـروه فقد نصـره اللـه اذ اخرجـه الـذين كفـروا ثـاني اثـنين اذهمـا فـي الغـار أذ يقـول لصاحبه لاتحزن ان الله معنا../ ئەر ئێوە یاریدەی نـادەن، خـودا بۆخۆی دەهانای هات. وەختێ خودا نەناسـەکان ئەویـان دەرکرد، ئەودەمەش کە لە ئەشکەوتەکەدا بوون و هەر یەکێک بوو لە دوو کەسان، ئەوێ کاتیش بە هاوالەکەی خۆی دەگوت: خەمت نەبێ خودامان دەگەڵە...)). (غار) ئەو ئەشـکەوتەیە لە کێـوی (ثەور) لە نزیـک مەککە، کەوا حەزرەتـی مـحەمەد (د. خ) بەهـــاوڕێیەتی (ئەبـــوبەکر)، لە یەکەم شـــەوی کۆچکردنیـــدا لە مەککەوە بۆ مەدینە پەنایان بۆ بردووە. لەناو ئەشـکەوتەکە پێغەمـبەر (د. خ) دەبۆرژێت و خەوی لێ دەکەوێت مارێک لە کونێکەوە لەگۆشـەیەکی ئەشـکەوتەکە سـەرەتاتکێ دەکـات، ئەبـوبەکر بۆ ئەوەی پێغەمـبەر بەئاگـا نەیەت و مارەکەش زیانی پێ نەگەیەنێت، پاژنەی پێی لەکونی مـارەکە قـایم دەکـات تـا ڕێـگە لە هـاتنەدەرەوەی بگرێـت، مـارەکەش پێـیەوەی دەدات. لەم کەین و بەینەدا پێغەمبەر بەئاگا دێت و چارەسـەری برینەکە بـــۆ ئەبـــوبەکر دەکـــات. واش دەگوترێـــت؛ کەوا مـــارەکە بەنیـــازی زیـارەتکردنی پێغەمـبەر بـووە و ئەبـوبەکریش ڕێـی لـێ گرتـووە، بـۆیە ئەمـیش پێـیەوە داوە. سـالم بە ڕێژەکـانی وەکـو (یـاری غـار، غارومـار، غاری یار) لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بەم چیرۆکەداوە.

**غیلمان:**

- **فەضای خولدی بەرین بێ یار، ئەویش هیجران و ئەندووهـــە**
**ئەگەر طووبایە، گەرقەصرە، وەگەر (غیلمان) وەگەر (حوور)ە**

- بەتۆ نابن هەموو (غیلمان)ی جەننەت
ئـــەتۆ، ئەی نووری دیـدەم، نازەنینی

(دیوان: ٧٥٩)

(غیلمـــان) نـــاوی کـــۆیە و تـــاکەکەی (غـــولام)ە واتە کوڕوکـــاڵ، بەو کەسـانە دەگوترێت کە ڕوخسـاریان سـاف و لـووس بێت و مـووی لـێ نەهاتبێت (لووسـکە). (غیلمـان) خـۆی ئەوانەن کە لە بەهەشـتدا خزمەتـی دانیشـتووانەکەی دەکەن، بـۆیە ناویـان لەتەک بەهەشـت و خولـد دێـت. (غیلمان و حوور) لە ئەدەبیاتدا ناویان بەیەکەوە دێت، حوور یان حۆری واتە پەری، ئەمـــانیش ژنـــانی بەهەشـــتن و دەدرێـــن بە دانیشـــتووانی بەهەشت. پەری بەو مانایە دێت کە لە جوانیدا نموونە بێت. لە شـیعرێکی نالیدا هاتووە:

- یـــەعنی ڕیـــاضی ڕەوضـــە کـــە تێدا بـــەچەن دەمێ
موشکین دەبی بە کاکۆڵی (غیلمان) و زوڵفی (حـوور)

(مدرس: ١٩٧٦: ١٨١)

**فەردی قەدیم:**

- حادیث و فەردی مەجازن هەموو فەرماندەهی دەهر
بـــێرە لای مـــن، خـــەبەری (فەردی قەدیم)ت بدەمێ

(دیوان: ١٠١٥)

فەرد بەواتـای تـاک و بـێ وێـنە دێـت، قەدیـم، نـاوێکە لە ناوەکـانی یەزدان. ئەوەی بەپەروا و ڕەهـا و ڕاوەسـتاوە لە جـێگەی خۆیـدا ئەوە یەزدانـی مەزنە. بەمە (فەردی قەدیـم) وەکـو سـیفەت و ناسـناوی خـودا دێت.

**فیتنەی صەفەر:**

- دیدەنی ئەبروویی تۆ، (فیتنەیی شەهری صەفەر)
دیـدەیی جـادوویی تـۆ، مایەیی حیلە و فەریب

(دیوان: ١٥٩)

(صەفەر) ناوی مانگی دووەمی ساڵی کۆچییە جگە لەوەی ناوەکە خۆی لە پووچی و بەتاڵییەوە هاتووە، چەند ڕووداوی کارەساتباریش لە مێژووی ئیسلام لەم مانگەدا ڕوویان داوە. لەوانە؛ شەڕی (صەفین) لە ساڵی حەوتەمی کۆچی و لە سەرەتای ئەم مانگەدا ڕووی داوە ئیتر مەسەلەی شەڕ و ئاژاوەی نێو موسڵمانان لەمەوە داکەوت و کارەساتی دیکەش هەر لەم مانگەدا داکەوتووە: کوژرانی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلی، چلەی شەهیدبوونی ئیمامی حوسێن، کوژرانی ئیمام ڕەزا و تەنانەت کۆچی دوایی حەزرەتی پێغەمبەری ئیسلامیش هەر ڕێکەوتی ئەم مانگە بووە. بۆیە بەمانگێکی شووم دەدرێتە قەڵەم.

**کەربەلا:**

شارێکە لە خوارووی عێراق لەسەر ڕۆخانەی ڕووباری فورات. لە کۆندا ئەو شوێنە بیابان و چۆڵەوانی بووە، تا لە دوای ساڵی (٦١ی کۆچی، ٦٨٠ی زایینی) و لە ئەنجامی شەڕەکان و شەهید بوونی (ئیمامی حوسێن) لەو شوێنەداو، بوو بە شوێنێکی پیرۆز و مەڵبەندی مەزارەکانی ئیمامە شەهیدەکانی شیعە. شەڕ و داستانی سۆزناکی کەربەلا لە مێژووی ئیسلامەتیدا ڕووداوێکی مێژوویی گەورەیە. لەم ڕووداوەدا لەشکری (حوسێنی کوڕی عەلی) لەبەرانبەر سوپای (یەزیدی کوڕی موعاویە)دا کەوتنە جەنگەوە. لەئەنجامی ئەم شەڕو دەعوایەدا ئیمامی حوسێن بەخۆی و بەشێک لەیارانی شەهید بوون و بەشێکیشیان بەدیل گیران. ئەم شەڕە لەڕێکەوتی (١٠ی مانگی موحەڕڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچی) ڕووی داوە.

لە شیعری سالمدا، ئەم داستانە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕەمز و هێماوە لەوێنەی؛ حوسەین، قەتلی حوسەین، شەهیدی کەربەلا، ئامادەیی هەیە تەنانەت سالم پارچەیەکی (٦) دێری هەیە کەوا پاش سەرواکەی بەدەستەواژەی (بەحوسەین) کۆتایی هاتووە:

- **قامەتت سەرووی ڕەوانە بە حوسەین**
**عـاریضت بـاغی جـینانە بەحوسەین**

(دیوان: ٦١٢)

- **خۆم چەپۆکم دا بەسەردا، ئەسپەکەم شیوەنییەتـــی**
**تــازەمــان کرد هەردوولا شینی (شەهیدی کەربەلا)**

(دیوان: ٤٥)

- **غەیری تیغی نەڕ، گەرووی لەب تیشنەگان ئـاوی نەدی**
**کـوشتەگانی کورد زوبان، دەدوت (شەهیدی کەربەلان)**

(دیوان: ٥٤٢)

**کەعبە (کعبە و کنشت):**

- **آن کە ذو الجلال، دادش این جلال**
**وان کــە رای او، مــظهر جــمال**
**بــر شــیوخ پــاک، برکشیش حال**
**طوف کوی او، کعبە و کنشت**

(دیوان: ١٠٤٢)

کەعــبە پەرســتگە و شــوێنی زیــارەتی موســڵمانانە، کەنیشــتیش پەرستگا و شوێنی زیارەتی خەڵکی جوولەکەیە. ئەوەی یەکیان دەخات پەرستن و زیارەتیماڵی یارە کە پەرستگای خۆشەویستییە، لە عورفی سۆفیەتیدا هەموو پەرستگاکان یەکن، سەربە هەر ئایین و مەزهەبێک بن و چـونکێ هەموویـان شـوێنی خواپەرسـتین. بـۆیە لە عـورفی عارفانـدا دەگوترێت: کنشت و کعبە و مسجد و میخانە یکیست. بەواتا مزگەوت و کەعبە و کەنیشت و مەیخانە یەکێکە، ڕووگەی عەشق و خواپەرستین.

**کەوثەر:**

ئـاوی کەوسـەر، ڕووبـار یـاخود حەوز و سـەروچاوە و ئـاوێکە لە بەهەشـت. لە زمـانی پێغەمـبەرەوە (د. خ) دەگێـڕنەوە کەوا فەرمـوویەتی:

کەوسەر ڕووبارێکە دەڕژێتە دەریای منەوە. دەریای من لەنێوان (صەنعا) و (ئەردەن)دایە و درێژاییەکەی ڕێگە ڕۆیینی یەک مانگی سوارێکە. کەوسەر لە شیر سپیتر و لە هەنگوین شیرینتر و لە بەری دەست نەرمترە. جام و پیاڵەکانی لەزیو دروست کراون، هەر کەسێ قومێکی لێ بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت. هەروەها دەگوترێت کەوا هەموو ڕووبارەکانی بەهەشت دەڕژێنە حەوزی کەوسەرەوە. (یاحقی، ١٣٩١، ٦٧٨). لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئاماژە بۆ ئەم سەرچاوە ئاوە کراوە. هەروەها سوورەتێکیش بەم ناوەوە هەیە. ئەم ئاوە (کەوسەر)، کۆمەڵێک دەلالاتی ڕەمزیی هەیە، ئاماژەیە بۆ خێر و فەڕ و خۆشی و ئاوەدانی و بەخشندەیی. هەر بەم چەمک و واتایانەش لە ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری سالمیشدا: کەوثەر، حەوضی کەوثەر (٢) بار، کەوثەری من، هاتووە. لە پێکهاتەیەکی وەکو: (مەحشەر – کەوثەر – حوور)یشدا بەدی دەکرێت.

- **بەیادی بۆسەیی لەعلی لەبت ئەزبەسکی لەب خوشکم**
  **ئەبەد تیشنەم، ئەگەر – فەرضەن – لەگۆشەی حەوضی کەوثەر بم**

(دیوان: ٤٣٣)

- **وعدهٔ خلد به محشر دهدم واعظ شهر**
  **من کنون از لب و رخ جنت و کوثر دارم**

(دیوان: ١٠٥٩)

**مەحشەر:**

- **من لە نەشئەی جامی لەعلت، (مەحشەر)یش نایێمە هۆش**
  **جامی وا (سالم) لەدەورا قیسمەتی جەم کەی دەبێ**

(دیوان: ٩٨٥)

مەحشەر، شوێنی کۆبوونەوەی هەموو ئادەمیزادە لە ڕۆژی هەڵسانەوە و زیندووبوونەوەدا. کاتەکەیشی دیار نییە کە ئەو ڕۆژە کەی دێت. لە قورئاندا زۆر باسی کراوە. لە ئەدەبیاتدا؛ دەشتی مەحشەر،

ڕۆژی مەحشـەر، سـەحرای مەحشـەریش هـاتووە. وەکـو خـوازەش بـۆ ئاپۆڕەی خەڵک و ڕووداوی گەورە دەگوترێت.

- **ڕەنگی (صەحرای مەحشەر)ی بوو شیوەکەی لای پیرمەصوور**
  **گـرمەگرمی تـۆپی ڕۆمـی، هـەوهەوی سـوارەی بـەبان**

(دیوان: ٥٤١)

**مەولا:**

- **بەتاجی فەقر، ئەگەر ئەدهەم صیفەت، جۆیایی سوڵطانی**
  **لەتەختی سەڵطەنەت هەڵسە، وەرە ژێر خەرقەیی (مەولا)**

  **دڵا هەر کەس دەپرسێ لێت لە (مەولا) کێیە مەقصوودت**
  **بـڵێ: (مـەولا)یی دەروێشان عـەلییی عـالییی ئـەعلا**

(دیوان: ٢٧)

لێـرەدا مەبەسـت لە مەولا حەزرەتـی ئیمـامی عەلیـیە، بەپێـی ئەو فەرموودەیەی کە لە پێغەمبەر (د. خ) دەگێڕنەوە: ((من کنت مولاه فعلي مولاه/ ئەمن سەروەری کێ بووم، عەلیش لەجێی من سەروەریەتی)).

**موعجیزەی (شق القمر):**

- **لە ڕەشکی لێوی تۆ، غونچە شەقی برد**
  **لەخەندەی (موعجیزەی شق القمر) بوو**

(دیوان: ٦٢٢)

- **بە ئاهیستە لەبم گەر بێتە سەر ڕووی نازکت یەک دەم**
  **لەجێی بۆسەم دەبینن (موعجیزەی شق القمر) ئەمشەو**

(دیوان: ٦٨٨)

(موعجیزەی شق القمر) ئەوەیە؛ کەوا حەزرەتی پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) بە ئاماژەی قامکەکانی مانگی لە ناوەڕاستی ئاسماندا دوولەت کـردووە. ڕاڤەکـارانی قورئـان مەسـەلەکەیان بەو جـۆرە لێکداوەتەوە:

کافرەکانی مەککە هەموو ئەو پرسیارانەی کە جوولەکەکانی مەدینە لە تەوراتیان دەرهێنابوو، ئاراستەی پێغەمبەر کردووە. ئەمیش یەک بەیەک وەڵامی داونەتەوە. جوولەکەکان دەیسەلمێنن و دەڵێن هەمووی وایە: بەڵام کافرەکان قەناعەتیان نایەت و دەڵێن ئێمە گوێ لە قسەی جوولەکەکان ناگرین، بەڵگەیەکمان گەرەکە کە بەچاوی خۆمان بیبینین و بیسەلمێنێت کە ئێوە پێغەمبەری خودان. وەک ئەوەی ئەو مانگەی لە ئاسماندایە و بە بەرچاومانەوەیە ببێت بە دوولەت، لەتێکیان لە ڕۆژهەڵات و لەتەکەی دیکەیان لە ڕۆژئاوادا ئاوابێت. پێغەمبەر لە شەوێکی چواردەیەمدا کە مانگ لە هەموو کاتێک تەواوترە، لەخودا دەپاڕێتەوە بە قامکی ئاماژە بۆ مانگ دەکات، بەفەرمانی خودا مانگ دوولەت دەبێت و هەر لەتێکیان لەلایەک ئاوادەبێت. خەڵکیش هەموو ئەوە بەچاوی خۆیان دەبینن (شمیسا، ١٣٨٩، ٥٩٠).

**یارانی پێغەمبەر (پێغەمبەر و یارانی):**

- **بۆ (موحەممەد) نەعتخوانم چاکیری (حەمزە) و (عەلی)**
  **خاکی پێی (سەلمانی پاک)یش بۆ سەری من ئەفسەرە**

(دیوان: ٧٦٢)

١-مەبەست (موحەممەد)، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبدولموتەڵیب کوڕی هاشم کوڕی عەبدولمەنافە. پێغەمبەری مەزنی ئیسلامە (د. خ). بەڕای ئێمە پێویست بەناساندن ناکات، چونکە کەم کەس هەیە لە ئێمە زانیاریی لەبارەوە نەبێت.

٢-حەمزە کوڕی عەبدولموتەڵیب کوڕی هاشم. مامی پێغەمبەر و قارەمانی شەڕەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلام بووە. دوو سێ ساڵ لە پێغەمبەر گەورەتر و لە ساڵی دووەمی پێغەمبەرایەتیی موحەممەد باوەڕی هێناوە. لەگەڵ ئەودا بۆ (مەدینە) کۆچی کردووە. لەشەڕی (بەدر)دا جوامێری و ئازایەتیی بێ وێنەی نواندووە. لەشەڕی (ئوحد)یش هەر بەو جۆرە جەنگاوە تا لە مەیدانی شەڕەکەدا لە نیوەی دووەمی

مانگی شەوال لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا شەهید دەبێت. (هیند)ی ژنی (ئەبو سوفیان) سینگی حەمزەی هەڵدڕیوە و جگەری دەرکردووە و خواردوویەتی. لەمەوە پێغەمبەر زۆر غەمبار دەبێت و زۆریش دەگریەت، تا لە کۆتاییدا خۆی نوێژی مردووانی لەسەر دەخوێنێت و بەخاکی دەسپێرن. حەمزە لەکاتی شەهید بوونیدا تەمەنی (٥٧) ساڵ بووە (دهخدا، ١٣٧٧، ج٦، ٩٢٠٠).

٣- **عەلی:** حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب، چوارەمین خەلیفەی موسڵمانان و ئامۆزای پێغەمبەر (د. خ)، مێردی (فاطمة الزهراء)ی کچی بووە. باوکی هەردوو ئیمامەکان حەسەن و حوسێنە. ئیمامی عەلی لە مێژووی ئیسلامدا بە جوامێری و بوێری و خاوەن زانست ناوی دەرکردووە. چیرۆک و سەربردە سەبارەت بە حەزرەتی عەلی زۆرن کە لێرە ماوەی باسکردنیان نییە. بە (حەیدەر) ناودەبرێت و ناسناوی (شێری خودا)یە. شمشێرەکەشی بە (ذوالفقار) ناودار بووە.

لە شیعری سالمدا (١٣) جار ناوی هاتووە، بەم وەسفانەی خوارەوە: عەلی، شێری خودا، شێری مەردان، سەیفی عەلی، شمشێری عەلی، ذوالفقاری حەیدەری، شاهی نەجەف.

- **ڕەنجشی عوثمانە بۆ تۆ، ڕەنجشی (شێری خودا)**
**تۆ بەیادی باغی جەننەت، مەنزلت ناری سەقەر**

(دیوان: ٣١٨)

- **عومری شیرینم بە تەڵخی بوو لە ڕێگەی تۆ، تەلەف**
**سا جەفا تاکەی، وەفا کە، بێ لە ڕێی (شاهی نەجەف)**

(دیوان: ٤٠٤)

- **خەم بووە قەددم بە (شمشێری عەلی)**
**قیسمەتم عیجزە بەتەقسیمی قەسیم**

(دیوان: ٤٩٦)

- **حەڵقەیی زوڵفی خەمت میثلی کەمەندی ڕۆستەمە**
**کەچ نموودارە برۆت، وەک (ذولفقاری حەیدەری)**

(دیوان: ٨٩٩)

٤- سەلمانی پاک: سەلمانی فارسییە، یەکێک لە یارانی دیار و ناوداری پێغەمبەر (د. خ) بووە و یەکێک لە کەسایەتییە مەزنەکانی مێژووی ئیسلامەتییە، لە دێهاتی ئەصفەهان هاتۆتە دنیا و هەر زوو باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێناوە. لە قەشەکانەوە دەبیستێت کە پەیدابوونی پێغەمبەرێکی تازە نزیکبۆتەوە. دەکەوێتە گەڕان و سۆراغکردن، شام و موصل و نەسیبین دەگەڕێت، دواتر لە مەدینە دەگیرسێتەوە. باوەڕ بە پێغەمبەر دەهێنێت و دەبێت بەیەکێک لە یارانی نزیکی. گوایە پێشنیازی هەڵکەندنی خەندەک لە شەڕی (خەندەق)دا هی ئەو بووە کە سوپای موسڵمانانی لە زەرەر و زیانێکی زۆر پاراستووە. سەلمان لەلایەن موسوڵمانانی هەردوو ئاینزای شیعە و سوننەوە پلە و پایەیەکی بەڕێزی هەیە. لەساڵی (٣٥ یان ٣٦ی کۆچی) وەفاتی کردووە. لە (مەدائین) نێژراوە لە شوێنێک کە بەناوی ئەوەوە (سەلمان پاک) ڕۆیشتووە لەنزیک بەغدا و مزگەوتێکیش لە پاڵ گۆڕەکەیدا بنیات نراوە. (دهخدا، ١٣٧٧، ج٩، ١٣٧٣٤).

٥- عومەر:

- **قەوسی ئەبرۆ و موژەت تیروکەمانە، بە عومەر**
  **نیگەهت قەیدی دڵ و ئافەتی جانە، بە عومەر**

(دیوان: ٣٤٨)

عومەری کوڕی خەتاب، لە یارانی نزیکی پێغەمبەر و (د. خ) دووەمین خەلیفەی ئیسلام لە خولەفای ڕاشیدین لەنێوان ساڵانی (١٣ تا ٢٣ی کۆچی/ ٦٣٤ - ٦٤٤ی زاینی). لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا شام و عێراق و ئێران و میسر کەوتۆتە ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئیسلام. مرۆڤێکی کارگێڕ و هۆشمەند بووە لە ماوەیەکی کەمدا فتووحاتی مەزنی بۆ ئیسلام هێناوەتە ئارا. کۆمەڵێک دامەزراوەی گرنگی بنیاتناوە لە وێنەی؛ ساڵنامەی کۆچی، گەنجینەی مالیات/ بیت المال، دەفتەرداریی موڵک و سامانی دەوڵەت لەسەر شێوەی ئێرانییەکان، شارەکانی بەسرا و کوفە لە ڕۆژگاری ئەودا ئاوا کراون. بەدەستی (فەیرووز)ی ناسراو

به (ئەبـو لوئلـوئە) شـەهید کـراوە (معین، ١٣٦٠، ج ٥، ١٢١٠). نـاوی لە زۆر شـوێن لە شـیعرەکانی سـالمدا هـاتووە. بە تـایبەتیش لە غەزەلێکـی (٧) دێریـدا کە سـالم تیـادا وەڵامـی (کـوردی) داوەتەوە، هەمـوو پـاش سەرواکانی بە فرێزێکی سوێندخواردن (بەعومەر) کۆتایی هاتووە.

٦- عوسمان:

- **لێ دە وەک مورڕە بەئەنگوشـتی غەضەب**
  **هــەر کــەسێ کــینەیی (عوثمان)ی هەیە**

(دیوان: ٨٧٠)

مەبەست عوسمانی کوڕی عەففانە، سێیەمین خەلیفەی موسڵمانانە لەدوای پێغەمبەر (د. خ) ماوەی خەلافەتی لەنێوان (٢٣ تا ٣٥ی کۆچی/ ٦٤٤ تـا ٦٥٦ی زاینـی)دا بـووە. حەزرەتـی عـومەر لە سـەرەمەرگیدا مەسـەلەی دەستنیشـانکردنی خەلیفەیەکـی تـازەی بە کـۆڕێکی شـەش کەسـی لە گەورەکـانی موسـوڵمانان سـپارد، لە ئەنجامـدا حەزرەتـی عوسـمان، کە خۆیشـی یەکێک بـوو لەم شـەش کەسـە، بۆ خەلیفـایەتی دەستنیشـان کـرا. لە سـەردەمی ئەودا تـونس و قـوبرس و خوراسـان و بەشێک لە طەبەرستان فەتح کراون. بەشێک لە موسڵمانان لە کردار و ڕەفتاری عوسمان ناڕازی بوون، سەبارەت بە تەخشان و پەخشانکردنی ماڵیـاتی موسـڵمانان بەسـەر خزمەکانیدا و بەتـایبەتیش ڕۆڵەکـانی بەنـی ئـومەیە. لە کۆتاییـدا لەسـاڵی (٣٥ی کـۆچی) هەر بەفیتـی ئەو ناڕازییـانە دەکوژرێـت. لەدوای ئەو وەک دەڵـێن (حەزرەتـی عائیشـە) کراسـەکەی عوسـمان وەکو ئامرازێک بۆ وروژانـدن و بەرپاکردنی جەنگ لەدژی (حەزرەتی عەلی) بەکار دەهێنێت. هەربۆیە (کراسـەکەی عوسـمان) بۆتە زەربولمەسەل بۆ بیانوو هێنانەوەی نابەجێ (معین، ١٣٦٠، ج٥، ١١٦٠). لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی خەلیفایەتیدا عائشە دژایەتی عوسمانی کردووە و لەو پێناوەدا مەککەیشی جێ هێشتووە!

٧- بیلال:

- **ای تـو مولا و بندهٔ تو جهان**
**احمدی کن که من (بلال) توام**

(دیوان: ١٠٥١)

نـاوی بـیلال کـوڕی ڕەبـاحە. لە سـاڵی (٨ یـاخود ٢٠ی کـۆچی) لە دیمەشـق کـۆچی دوایی کـردووە. بانگ خـوێن و خـەزنەدار و یەکێک لە یـارانی نزیـک و خۆشەویسـتی پێغەمـبەر (د. خ) بـووە. دایکـی نـاوی (حەمامە) بووە. سەرەتا یەکێک بووە لە خوانەناسەکان، بەڵام دوابەدوای موسوڵمانبوونی و لەپای نزیکبوونەوەی لە پێغەمبەر، ئێش و ئازارێکی زۆری بەدەست خوانەناسـەکانەوە چەشتووە و لە بەرانـبەردا سـەبر و ئۆقرە و دڵسۆزییەکی بێ وێنەی بۆ ئایینی ئیسلام و بۆ پێغەمبەر نیشان داوە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٢٧٤).

٨- حەسسان:

- **خـاڵە بــیستوومە مــوئمینـی جــافان**
**کە لە طەبعی کەسێکە وەک (حەسسان)**

(دیوان: ٥٥٣)

حەسسانی کوڕی سابیت کوڕی مونزیری خەزرەجی ئەنسارییە، بە شــاعیری پێغەمــبەر (د. خ) ناســراوە. یەکــێکە لەو کەســانەی کە بە (المخضـرمین) دەناسـرێت. (مخضـرم) ئەو کەسـەیە کە هەردوو دەوری جـاهلییەت و موسـڵمانەتی بینیبێـت. لە شـیعرەکانیدا بەرگـری لە ئـایینی ئیسلام کردووە. ستایشی پێغەمبەر و سەرزەنشتی قوڕەیشییەکانی زۆر کردووە. دەگوترێت لەسەرەتادا پێغەمبەر پێی گوتووە؛ چۆن دەتوانیت سەرزەنشتی قوڕەیشییەکان بکەیت لەکاتێکدا ئەمنیش هەر لەوان بم؟. حەسسـان لەوەڵامـدا دەڵێـت؛ سـوێند بەخـودا مـن وا تـۆ لەنـاو ئەوانـدا دەردەهێـنم وەک چـۆن مـوو لەنـاو ماسـتدا دەردەهێنـدرێت. دیـوانی شـیعرەکانی لە کۆنەوە تـا ئێسـتا چەنـدین جـار لە کـات و شـوێنی جیـادا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی پێنجەم

## ڕەمز و ئاماژەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری: (نەریت و بیروباوەڕ – زانیاری و ڕۆشنبیریی گشتی)

١- ئاهووی موشک
٢- ئەرەستۆ و ئەفلاتوون
٣- ئەجرامی سەبعە
٤- ئەوقاتی قەوس و ئەوقاتی حوت
٥- ئیکسیر
٦- ئێران و توران
٧- بووم
٨- بیدی مەجنوون
٩- تەب و لیمۆ
١٠- تووتی
١١- تووتیا
١٢- چین و ماچین
١٣- حەریف
١٤- خەرموهرە
١٥- داستان و ئەفسانە
١٦- دورڕی یەتیم
١٧- ذو ذەنەب
١٨- ڕاهیب
١٩- ڕەقیب
٢٠- زەعفەران
٢١- زەهری هەلاهیل
٢٢- زەنگی
٢٣- زمرووت
٢٤- سەمووم
٢٥- شەراب و مەیخانە
٢٦- شەمع و پەروانە
٢٧- عەطارید
٢٨- عەقیق
٢٩- فەرەنگی زادە
٣٠- فەروەردین
٣١- فەلەک الاطلس
٣٢- قلب الاسد
٣٣- کافوور
٣٤- کەبکی دەری
٣٥- کەهکەشان
٣٦- کشمیر
٣٧- کەوکەبی سەعد
٣٨- گۆگرد
٣٩- مارسرگنج
٤٠- ماری ئەرقەم
٤١- ماهی
٤٢- ماهی ئابان
٤٣- مەصحەف
٤٤- ماهوپەروین
٤٥- موڵکی دڵ
٤٦- مەیخانە
٤٧- نەرد
٤٨- نەقدی جان
٤٩- نەورۆز
٥٠- نیسان
٥١- هەمایۆن
٥٢- هیندوو
٥٣- یەڵدا
٥٤- یاری گەنجەفە

**ئاهووی موشک:**

١- واتای فەرهەنگییەکەی (ئاسک)ە، لە شیعری کلاسیکیدا وەکو خوازە بۆ (یار – دڵخواز – مەعشووق) بەکارهاتووە، لە شیعری سالمدا ئەم وەسفانەی ئاهوو دەبیندرێن: (ئاهووی خەتا، ئاهووی چین، ئاهووی سەحرا، ئاهوو لە ڕەمدا)، وەکو چۆن بەم پێکهاتانەش هاتووە: (بەڕڕە ئاهوو، نافەیی ئاهوو، ڕەمی ئاهوو، دیدەیی ئاهوو، گەلەی ئاهوو، صەیدی ئاهوو). دیارە ئاسکی ناوچەکانی وڵاتی (چین و خەتا و ختەن) ناودارن، بەو هۆیەی بۆنی (میسک/ موشک) لەناو ناوکیان (نافەی ئاهوو) دەردەهێندرێت. ئاژەڵێکی جوان و بێوەیە، لە داستانەکاندا هاتووە کە (مەجنوون) لە بیاباندا لەگەڵ ڕەوەی ئاسکاندا سووڕاوەتەوە، بۆیە مۆرکێکی پیرۆزیشی وەرگرتووە، لە دەورانی پێشوو دەوروبەری (کەعبە) ئاوەدانی لێ نەبووە، بۆیە ئاسکەکان بەگەلە هاتوونەتە دەوروبەری (حەرەم) و لە کانیاوی (ئاوی زەمزەم)یان خواردۆتەوە، بۆیە لەو سنوورەدا کوشتن و ڕاوکردنیان حەرام کراوە، ئەمانە هەموو لە شیعری سالمدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە. (کوردی) دەڵێ:

- **ئاخری کوژتت بە هیجران ئاسکەکەی دەرماڵی خۆت**
  **(کم ندیتُ بالنداء لاتقتل صید الحرم)**

(دیوانی کوردی: ٣٨)

لە شیعری سالمیشدا (ئاهوو – کەعبە – صەییاد) لەدێڕێکدا کۆکراونەتەوە:

- **چونکە (ئاهوو)ی دڵ لە (کەعبە)ی ڕوویی تۆ پەروەردەیە**
  **لێی مەدە تیری نیگەهـ ، (صەییاد) هەی صەییادی**

(دیوان: ٨٨٩)

٢- موشک (میسک)، بەزۆری لەگەڵ (ئاهوو) دێت چونکێ لەنێوانیاندا گونجان هەیە، دەگوترێت: ئاهووی موشک، واتە ئەو جۆرە ئاسکەی، کەوا (میسک)ی لێ وەردەگیرێت، چونکێ هەموو جۆرەکانی ئاسک میسکدار (موشکین) نین. بۆ بۆنی خۆشی زوڵف و پەرچەمی

یاریش دەگوترێت. وەکو گوترا ئاهووی موشکین لە وڵاتانی وەکو (چین و خەتا و خوتەن)دا دەژین، بۆیە ناوی ئەمانەیش لەگەڵ (ئاهوو) و (موشک)دا دێت. لە شیعری سالمدا: (موشکین زوڵف، نافەیی موشکین، موشک بۆ موو، موشکی خەتا، مشک تاتار) هاتووە.

- **ئەسیرم باز لە داوی قەیدی طوڕڕەی (موشک) بۆ موویی**
  **(فرنگی زادە خویی، کافری، زنار گیسویی)**

(دیوان: ٩٥٣)

- **ای عطر گرفتە در تن یار**
  **وی نافەگشای (مشک) تاتار**

(دیوان: ١٠٦٨)

- **(ڕەشکی نافەی)، بۆیی زوڵفی، نافی خونچەی کرد بەخوێن**
  **وا لە گەردنیا خەراجی گەردنی (ئاهووی خەتا)**

(دیوان: ٤١)

- **تەماشای گۆی زەنەخدانت دەڵێی نارنجی بەغدایە**
  **نیگاهی چاوی فەتتانت، وەکو (ئاهوویی سەحرا)یە**

(دیوان: ٨٥٦)

**ئەرەستۆ:**

لە دیوانی سالمدا چوار کەڕەت ئاماژە بۆ ناوی: (ئەرەسطوو، ئەرەستوو، فیکری ئەرەستوو) کراوە. هەروەها دوو کەڕەتیش ناوی (ئەفلاتوون) هاتووە: (ئەفلاتوون، فەلاتوون). ئەرەستۆ، حەکیم و دانا و فەیلەسووفی ناوداری یۆنانی بووە. لە (٣٨٤ بۆ ٣٢٢ی پ. ز) ژیاوە. لە (ئەسینا) شاگرد و قوتابی (ئەفلاتوون) بووە. ئەفلاتوون لە هەموو خوێندکارەکانی زیاتر بە چاوی ڕێزەوە سەیری کردووە، چونکێ بەهرە و بلیمەتیی تیادا بەدی کردووە. لەدوای مردنی مامۆستاکەی لە (مەقەدۆنیا) دەگیرسێتەوە، پەروەردە و پێگەیاندنی (ئەسکەندەر) بەو دەسپێردرێت، بەم بۆنەیەوە تاوەکو کۆتایی ئەسکەندەر پەیوەندی لەگەڵ

مامۆستاکەی هەر بەردەوام بووە. (معین، ۱۳٦۰، ج٥، ۱۲۱). لە شیعری سالم (ئەفلاتوون و ئەرەستۆ) وەکو زانا و بیرمەند ناویان هاتووە:

- بە سیحری غەمزە مەغلووبم، ئەگەر چی
(ئـەرەسـطوو) بـم لـە ئیدراکی علووما

(دیوان: ۱۲۳)

- سوودی کوا فیکری (فەلاطوون) بۆ عیلاجم (بعد از این)
دەردی من دەردێکە، ئـەصلەن، قـەت چ دەرمانی نییە

(دیوان: ۸۸۰)

**ئەجرامی سەبعە:**

- طـەلاقی خـاوی دا چـاوم، لـە عیشقی مـاهی ڕووی یاری
وەکو (ئەجرامی سەبعە)، هەر طەرەف بێ ظەرف و سەییارە

(دیوان: ۷٥۳)

مەبەسـت لە (ئەجرامـی سـەبعە) هەر حەوت ئەسـتێرە گەڕۆکەکەی گەردوونە کە بـریتین لە: مانـگ، عەتاریـد، زوهـرە، خـۆر، مەڕیـخ، موشتەری، زوحەل. ئەمانە لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی فارسیدا بەناوی ترەوە ناودەبرێن و لە شیعر و ئەدەبیاتیشدا ئەم ناوە فارسییانە باون کە بریتین لە؛ ماه، تییر، ناهید، میهر، بەهرام، بەرجیس، کەیوان (معین، ۱۳٦۰، ج٦، ۲۲۸۱).

**ئەوقاتی قەوس/ ئەوقاتی حووت:**

- ظـاهیر بـووە لـە ئـاه و دڵ و ڕۆژ و ڕوویی مـن
(ئەوقاتی قەوس) و فەصلی خەزان و تەمووز و دەی

(دیوان: ۹٤۱)

۱- قەوس، مەبەسـت (کەلـووی کەوان)ە کە یەکـێکە لە دوازدە کەلووەکان و کەوتۆتە نێوانی هەردوو کەلووی دووپشک و گیسک. ئەم کـۆمەڵە ئەسـتێرەیە کە ئەم کەلـووە پێکـدەهێنن شـێوەیان لەوێـنەی

کەوگیری دەمەنخوون یاخود بەرەواژی دەچێت و ئەمە بۆتە هێمای کەلووی کەوانە و بەرانبەر نۆیەمین مانگی ساڵی هەتاوی دەوەستێت کە کۆتایی پایزە.

٢- تەمووز، دواتر باس دەکرێت، حەوتەمین مانگی ساڵی زاینییە. دەی؛ ماهـ دەیەمین مانگی هەتاوی و دەستپێک و یەکەمین مانگی زستانە:

- **مەبە ئەیمەن لە (تیر و قەوسی) دونیا**
**((غنیمت دان فراغ بهمن و دی))**

(دیوان: ٩٤٧)

٣- ئەوقاتی حووت:

مەبەست لە (ئەوقاتی حووت)یش، کەلووی نەهەنگە کەوا بەرانبەر بە دوا مانگی ساڵ (مانگی دوازدەهەم) دەوەستێت، واتە (ڕەشەمە). سالم لەوبارەوە دەڵێ:

- **باغە پەژموردەی خەزان و خورڕەمی (ئەوقاتی حووت)**
**ماهی نەورۆزی بە عەکسی (ماهی ئابان) هاتەوە**

(دیوان: ٨٣١)

واتە لەم (ئەوقاتی حووت - مانگی ڕەشەمە)یەدا چەم و باغ و دار و دەوەن شادی و جموجۆلیان تێ دەکەوێت، چونکێ زستان لەکۆتاییدا دەبێت و بەهار بەڕێوەیە. بەگوێرەی ئەستێرە ناسان موشتەری دوو ماڵ و قۆناغی هەیە یەکیان لە (ڕۆژگاری کەوانە - ئەوقاتی قەوس) و سەرەتای وەرزی زستانە ئەوەی دووەمیان (لە ڕۆژگاری نەهەنگە - ئەوقاتی حووت) و کۆتایی وەرزی زستانە.

**ئیکسیر:**

(الاکسیر - elixir)، کیمیاگەران دەڵێن، کەوا گەوهەرێکی توێنەرەوەیە و تەواوکارە، مادە ناتەواوە کەمنرخەکان دەگۆڕێت بۆ

مادەی تەواو و گرانبەها، وەک ئەوەی جیوە دەکات بە زیو، مس دەکات بە زێڕ. هەروەها ئیکسیر وا ناوبراوە کە دەرمانی هەموو دەردێکە. لە عورفی سۆفییەتیدا دید و سەرنجدانی مورشیدی کامیل وەکو خوازە بە ئیکسیر ناودەبرێت (برهان، ج١، ١٥٥). لە شیعری سالمدا وەکو فرێزی خستنەپاڵ؛ (وەصلی ئیکسیرمە، هونەر ئیکسیرمە، حوکمی ئیکسیر) هاتووە.

- **خەرجی سوجدەی ئاستانەت باز ڕەواجی دا بەڕووم**
  **خاکی دەرگات بۆ جەبینم حوکمی ئیکسیری هەیە**

(دیوان: ٨٥٦)

- **هونەر ئیکسیرمە، بێ، تا زەڕ و سیمت بدەمێ**
  **دیدە دەریامە، وەرە دوڕڕی یەتیمت بدەمێ**

(دیوان: ١٠٨٤)

هەر بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا ناوی هەردوو زانستی (کیمیا) و (سیمیا)ش چەند جارێک هاتوون. لە عورفی پێشیناندا کیمیا زانستێک بووە ئەوەی زانیبێتی لەتوانایدا هەبووە مەعدەنە بێنرخەکان بکات بە زێڕ. گوایە کیمیازانان کەسیشیان فێر نەدەکرد لە نەوەکانی خۆیان بەولاوە. (سیمیا)ش زانستی پەیبردنە بە شتە نەزانراوەکان (مدرس، ٢٠١٥، ب٢، ١١٣٩).

- **(سیمیا)ی عیشق و (کیمیا)ی ویصاڵ**
  **(هرچە دارم ز یمن همت اوست)**

(دیوان: ١٨٤)

### ئێران – توووران – تاتار:

فەرەیدوون، شەشەمین پاشای پیشدادی و یەکێک لە گەورەترین پاڵەوانی داستانیی هاوبەشی گەلانی هیندۆ – ئێرانییە. وەک لە شانامەدا هاتووە فەرەیدوون، دوا بەدوای شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر و سەرنگونکردنی (ضەحاک) کە باوکیشی بەدەستی ئەو کوژرا بوو،

بەیارمەتی و هاوکاری کاوەی ئاسنگەر هاتۆتە سەرتەختی پاشایەتی و (٥٠٠ ساڵ) حوکمڕانی کردووە. ڕۆژی تەختنیشی ئەو کراوەتە جەژن و ناونراوە (جەژنی میهرەگان). کچانی پاشای یەمەنی بۆ هەرسێ کوڕەکەی (سەلم و توور و ئیرەج) هێناوە و سەرزەمینی مەملەکەتەکەیشی لەنێوان هەرسێ کوڕەکەیدا دابەش دەکات. وڵاتی تورکستانی بە توور بەخشی و لەوە بەدواوە ناوی بوو بە (توووران)، ڕۆمی داوە بە سەلم و ئیرەجیش ئەو وڵاتەی بەرکەوت کە دواتر لەناوی ئەوەوە ڕا بە (ئێران) ناسرا.

- **لەگەڵ دڵ شەرطە (سالم) گەر نەجاتم بێ لە تارانا**
**بەهەشت ئەر بێتە دەشتی ڕەی، بە (ئێران)ا گوزەر ناکەم**

(دیوان: ٤٧٥)

(تاتار)یش ناوی ناوچە و تایفەیەکی مەغۆلستانە لە پێشان بەشێک بووە لە توووران، وەک باس دەکرێت تاتارەکان دڕندەترین تایفەی زەردپێستی باکووری ئاسیا بوون، جەنگیزخان لەم تایفەیە بووە و لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەودا (تاتارستان) بەهەمووو ئەو سەرزەمینە دەگوترا، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو، دواتر دەگۆڕێت بۆ مەغۆل و مەغۆلستان. (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٣٤٨). ئەم ناوی ناوچە و وڵات و تیرە و تایفانە، کەوا بەشێک بوون لە فەرهەنگی ڕووناکبیریی کۆن، هەر هەموویان لە شیعری سالمدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە، زۆرجاریش بەیەکەوە هاتوون. توووران لەم پێکهاتانە دەبیندرێت: (شاهی توووران، تووورانیان – وەکو قەوم و تایفە، تووورانیان – بە پەیوەندی لەگەڵ جەنگوجیدالی دوورودرێژی ڕۆستەم لەبەرانبەر ئەم تایفەیەدا وەک شانامە باسی دەکات و بەحساب شەڕی نێوان ئێران و تووورانە).

- **لە بیمی هەیئەتی ڕۆستەم، وەکو (تووورانییان) پڕ بیم**
**طەلایەداری ڕەهـ (حاجی حوسەینیش) دەیدەبانێکە**

(دیوان: ٧٨٣)

- بەرابەر لەشكری كەیخوسرەوی عیشق
گوریزی دا خیرەد وەک (شاهی توران)

(دیوان: ٤٩٧)

(تاتار)یش بەم شێوانە دەبیندرێت: (نامەٴ تاتار، طورڕەی موشكینی تاتار، زولفی تاتار – بەو هۆیەی لەگەڵ وشەی تاڵ تاڵ، وەکو دوو وشەی هاوبێژ لەیەکەوە نزیکن و بەهۆی گۆڕانی دەنگیشەوە، تاتار لەڕووی واتاییەوە گۆڕاوە بۆ تاڵ تاڵ واتە داو داو.

- لەسەر ڕوو لادە طورڕەیی موشكینی (تاتار)ت
دەستی تەطاول ڕانەكێشێ با بەسەر ڕووما

(دیوان: ١٢٥)

**بووم (كوندەبوو):**

- عەرصەیی مەیدانی چەرخە، ئێستە چەولانگاهی (بووم)
بوو بەلانەی زاغی بەدخوو، ئاشیانەی باڵەبان

(دیوان: ٥٢٧)

- دەركی خیگەی با كەبەردا، دوزدی خەو شەو تا بەڕۆژ
دەنگی دەڕوا كووبەكوو، وەک بۆڵەبۆڵی (كوندەبوو)

(دیوان: ٦٨٢)

باڵندەیەكە ناوی بەشووم و بەدیومنی ڕۆیشتووە، (كوندە پەپوو)شی پێدەڵێن. بەسەر كاوڵ و خەرابە و وێرانەدا هەڵدەنیشێت و دەخوێنێت، زیاتر ئێواران و بەتاریكی بەدیاردەكەوێت. ئەم تێڕوانینە زیاتر لە فەرهەنگی گەلانی موسڵماندا باوە، لە فەرهەنگی ئێرانی كۆن و لە فەرهەنگی ئەوروپاییدا، كوندەبوو باڵندەیەكە نیشانەی فەڕ و چاكەیە، وەكو سومبول و ئاماژە بۆ چەمكگەلێكی وەكو؛ دووربینی، بیرمەندی، هۆشمەندی و بێ دەنگی و شەوگار و ڕووح سەیر دەكرێت. لە داستانە كۆنەكاندا هاتووە؛ كاتێک (كوندە پەپوو) دەچێتە لای حەزرەتی سلێمان

و سـەلام دەكـات، سـلێمان لێـی دەپرسـێت؛ بـۆچ لە دانەوێـڵەی ئـێمە ناخۆیت؟ دەڵێ؛ ئاخر ئادەم بەو هـۆیەوە لە بەهەشت وەدەرنرا!. پرسـی؛ باشە لە ئاوی ئێمە ناخۆیتەوە؟ گوتی؛ ئاخر قەومی نووح لە ئاودا غەرق بـوون، بـۆیە نـاوێرم لێـی بخـۆمەوە!. لێـی پرسـی: ئەی بـۆچی لەسـەر وێرانەدا هەڵدەنیشـی؟ گـوتی؛ ئەمەیـان لە بـاب و بـاپیران بەمیـرات بـۆم مـاوەتەوە. سـلێمان دەپرسێت: ئەدی بـۆچی لە ڕۆژدا بەدیـار ناكەویت؟ دەڵێ: تاوەكو گوناهی ئادەمیزادەكان نەبینم (یاحقی، ١٣٩١، ٢٨٩).

**بیدی مەجنوون:**

- **سوجدەجۆن، وەک (بیدی مەجنوون)، سەروەها، ئەفگەندە سەر**
  **بـۆ تـەفـەڕڕوج، گـەر خـەرامـان بـێ لـە بـاغا قـامەتت**

(دیوان: ١٦٩)

- **لـە باغا (بـیدی مەجنوون) زۆر بەدەئبە**
  **ئەبەد، تا بێ بە سوجدەی ئەو دەبا پەی**

(دیوان: ٩٣٨)

لە شـەرحەكەی دیوانـدا، بیـدی مەجنـوون، جارێـك بە (شـۆڕەبی) و جـارێكیش بە (دار بیـی بە ئوسـوول) لێكـدراوەتەوە. ئەم جـۆرە (شەنگەبی)یشی پێ دەگوترێت. بەڵام لەڕاستیدا (مەجنوون)ەكەیمان بۆ سـاغ نەكـرایەوە. بەو هـۆیەی چـڵ و چـۆپی شـۆڕەبی ڕوو لە زەوی دەكاتەوە بۆیە لەگەڵ مەسەلەی (سوجدە بردن) كە لە دێرەكانی سالمدا هاتووە زۆر گونجاو و ڕێكە. لە (ویكپیدیا)دا لەژێر وێنەی (شۆڕەبی)دا نووسراوە (الصفصاف الباكي) ئەم وەسفەش لەگەڵ شێوەی درەختەكە گونجاوە.

**تەب و لیمۆ:**

(تەب) بەواتـای (تـا) دێـت، كە بـریتییە لە بەرزبـوونەوەی پـلەی گەرمی لەشی مرۆڤ بە هۆكارێک لە هۆكارەكان لە وێنەی نەخۆشی، (تەب) فارسییەكەیەتی. دیارە بۆ كەسێک تـای لـێ دێت و گـەرمایی لە

خوێن و لەشیدا بەرز دەبێتەوە، لە کۆندا (لیمۆ) یاخود (ئاوی لیمۆ) وەکو دەرمان بەکارهاتووە، تاوەکوو لەشی نەخۆشەکە سارد ببێتەوە و تایەکەی دابەزێت. بۆیە زۆر جار (تەب – لیمۆ – تەبرید) بەیەکەوە هاتوون. وەکو لە (برهان قاطع)دا هاتووە، بنەچەی ئەم ڕووەکە (لیمۆ) لە هیندستانەوەیە و ناوەکەیشی هەر هیندییە. ئینجا واش باوە کە ئاوی لیمۆ ژەهری مار و دووپشکیش سارێژ دەکات (برهان، ١٣٦١، ج٣، ١٩٢٢). ئەم مەسەلەی لیمۆدەرمانییە لە فەرهەنگ و ڕووناکبیریی پێشیناندا باو بووە، هەربۆیە لە شیعری سالمیشدا بەچەند شێواز دەبیندرێت: (تەب و لیمو (٢) کەرەت، لیمۆ و تەب (٤) کەڕەت، بۆ دەفعی تەبم سا دەرخە لیمۆییێ). ئینجا لیمۆ وەکو خوازە لای شاعیران بۆ (مەمک)ی یار و دڵخواز بەکارهێندراوە، ئەمیش بۆ دەفعی تای عەشق!.

- **(تەب)ی موحریقمە بۆ پوستان و لێوت**
  **دەوای تەبریدی من، عونناب و (لیمۆ)ت**

(دیوان: ٢٢٧)

- **حیجابت با بەناری ئارەزوو، (سالم) نەسووتێنێ**
  **لەچاکی جامە بۆ دەفعی (تەب)ی، سا دەرخە (لیموو)یێ**

(دیوان: ١٠٣٣)

**تەمووز:**

- **هەر طەرەف ڕەملی بیابان و هەوا گەرمیی (تەمووز)**
  **تیشنەلەب، کەشمەکەشی داوە بەمن، بەرقی سەراب**

(دیوان: ١٥٠)

- **نەوبەهاری من خەزان و فێنکیی صوبحم (تەمووز)**
  **پەرتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەک کەتان**

(دیوان: ٥٢٥)

لە هەردوو دێردا (تەمووز) ئاماژەیە بۆ وەرزی گەرما، لە ساڵنامەی زایینیدا بەناوی مانگی (گەلاوێژ) هاوتا کراوە. مانگی حەوتەمە لە

ساڵنامەی (گریگۆری)دا. وشەکە لە (دیمۆزی) ئەفسانەی سۆمەرییەوە هاتووە، کە خواوەندی پیت و بەرەکەت و چاندن بوو لە وڵاتی میسیۆپۆتامیادا. بەپێی داستانە سۆمەرییەکە (دیمۆزا) مێرد و گراوی (ئینانا – عەشتار) بووە. ئەم دووانە بەشێکی ژیانیان لەجیهانی ژێرەوە (دۆزەخ)دا بەسەر بردووە. ڕەنگ بێ گەرمی و وشکی ئەم وەرزە، واتە (تەمووز) پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەبێت.

### تووتی: (طوطی):

مەلێکە لە ڕەگەزی کۆترە و پەڕ و باڵی ڕەنگاو ڕەنگە و دندووکی گەورە و چەماوەیە. دوو شت لەم باڵندەیەدا بۆتە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی شاعیران بەلایەوە؛ یەکیان ئەوەیە فێری قسە دەکرێت و لاسایی بنیادەم دەکاتەوە. بۆیە پێی گوتراوە (تووتیی شیرین کەلام، یان خۆش ئاواز)، دووەمیش ئەوەیە کەوا (قەند و شەکر) دەخوات، بۆیە وەکو وشەی دووانە (تووتی و شەکر و شیرینی) ناویان وێکڕا دێت. لە شیعری سالمدا ناوی لە (٧) جێگادا هاتووە، یان لەتەک (قەند و شەکر)دا یان وەکو (تووتیی ناطق، خۆش لەهجە، خوش ئاواز).

- **(سالم) ئەر (تووتییە) بێ قەندی لەبت**
  **مات و مەبهووتە وەکوو بووتیمار**

(دیوان: ٣٠٨)

- **جیلوە طاووس و نیگاهـ ئاهوو و دەڕڕاج خەرام**
  **(طووطی ئاواز) و هوماسەیەو و فەڕڕوخ قەدەمێ**

(دیوان: ١٠١٠)

### تووتیا:

- **پەناهم شەهسەوارێکە، گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا**
  **دەکا ضەربی سمی ئەسپی، لەخارا (تووتیا) پەیدا**

(دیوان: ٦٥)

- **چ موشتاقم خەرامان بێ بەشۆخیی قامەتی سەرووی غوباری مەقدەمی، بۆچاوی تارم، (تووتیا) دێنێ**

(دیوان: ١٠١٩)

تووتیا، بەواتای (سوورمە) یاخود (کل) دێت سوورمە و کل وەکو لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا هاتووە، تۆز یاخود بڕەی زیوە، (لە کیمیادا دەگوترێت ئۆکسیدی زیو). هاوڕاوێکی ڕەنگ سووری تاریکی ئاماڵ ڕەشە، هەم وەکو دەرمانی چاو بەکاردەبرێت، هەمیش بۆ ڕەشکردن و ئارایشتدانی مژۆڵ.

**چین: (چین و ماچین):**

مەبەست لە (چین) وڵاتی چینە لە ڕۆژهەڵات و لە کۆندا بریتی بووە لە تورکستان و ناوچەکانی تیبتی کۆن. (ماچین)یش بە (چینی گەورە – چینی مەزن) دەگوترێت؛ کە هەموو دەڤەرەکانی، مەنشوریا، مەنگۆڵستان و تورکستان و بەشێکی سیبریاش دەگرێتەوە. (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ٥٥) لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا بە وڵاتی (ئاهوو – ئاسک) بەناوبانگە بەتایبەت (ئاهووی موشکدار – خاوەن میسک) کە لەناوچەکانی (خەتاو – خوتەن)ی سەرووی وڵاتی چیندا هەن. (ماچین)یش هەر بەو بۆنەیەوە ناوی دێت (چین و ماچین) وەکو پێکهاتەیەکی دووانەی ئاوازەداری هاوواتا، وەکو خوازەیەکی شیعری جارێک بۆ (چین چین)ی زوڵف و پەرچەم و جارێکیش بۆ (ماچ و مووچ) بەکاردەبرێت. ئەم دووانەیە (چین و ماچین) لە شیعری سالمدا ئەم واتا و دەلالەتانە دەگەیەنن:

١- وڵات و مەملەکەت:

- (چین، حیصنی چین، بتخانەء چین، ماچین، دەوڵەتی ماچین):

٢- ناسناوی پاشایانی چین: (خاقانی چین، فەغفوور):

- دڵ لە زوڵفا بە سیاحەت هەوەسی (چین)ی هەیە
بە (سەمەرقەند)ی لەبا، نییەتی (ماچین)ی هەیــە

(دیوان: ٨٧١)

- بەیادی چیهرە، ئەی دڵ ! بەندی طورڕەی
لـە کــوردستانە (ســالم)، تـۆ لە (چینی)

(دیوان: ٩٢٨)

- بێ بە (کشمیر)ی ڕوخا، (دەوڵەتی ماچین)ی کەدی
بۆ (خەتا)ی طورڕە، دەڵێن: نافەیی موشکینی هەیە

(دیوان: ٨٧١)

حەریف:

- (حــەریف) تــۆ بـێنە دەی داشێ، بــەتــەنها وا لــە خانێکە
قڕانی بەستە، کەو و بڕنۆ و بڵێ سادەی، (حەریف) زووکە

(دیوان: ٧٨٢)

- (حەریف)ی نەوجەوان ئەسبابی پیریی چەندە هەرزان کرد
نــگین و کــەوش و شـــانە و خـــەنجەری ڕەهــنی قـڕانێکە

(دیوان: ٧٨٣)

١- بە یەکێک دەگوترێت لەتەک کەسانێکی دیکە خەریکی کارێک بن و جۆرێــک لە مـــلانە و پێشـــبڕکێ لەنێوانیانـــدا هەبێــت. بەتـــایبەت لەیـاریکردنی دووانەیـی وەکـو دامە و شـەترەنج و تـاوڵەدا. هەریەک لە یاریکارەکـان دەبـن بە حەریـف بـۆ ئەوەی بەرانـبەری، لە کاتێکـدا کە هەریەکەیان توانای بردنەوە و زاڵبوونی هەبێت.

٢- هاونشینی لەتەک یەکتریدا لە کۆڕی مەینۆشی و بادە و مەستی و عەشقبازیدا.

- حەققەن لە بەزمی مەستان هەر تۆی (حەریف)ی دێرین.
ســادەی وەرە لــەڕووی نــاز، ئەی زوڵفی بۆ عەنبەرین

(دیوان: ٧٩٦)

٣- بە دۆست و هاوڕێ و یار و دڵبەر و هاودەمیش دەگوترێت (حەریف) (انوری، ١٣٨١، چ٣، ٢٥٠٩).

٤- (حەریف و جەمعی حەریفان)یش بۆ هاوڕێبازانی ڕێگەی سلووک و ڕێبوار و موریدانی ڕێگەی عەشقی حەقیقی بەکاردەبرێت. دێرەکەی (صافی هیرانی) لەم سۆنگەیەوە گوتراوە:

- **ئەی موتریبی (حەریفان) دەست کە بەنەغمە خوانی**
  **ئاوازی تۆیە بۆ دڵ، وا دەفع ئەکا غەممانی**

**خەرموهرە:**

- **لە فەردی وەصفی یارا، عارە ناوی موددەعی بردن**
  **لەڕشتەی فیکرما، (خەرموهرە) هەمسیلکی گوهەرناکەم**

(دیوان: ٤٧٤)

بەکوردی (مووروووەکەرانە)یە. موورووویەکی گەورەی پانی ڕەنگ سپی یاخود شینی ئاوییە، لەبری کووژەکە بۆ چاوەزار لە ملی وڵاخی بەرزە دەکرێت.

**داستان و ئەفسانە:**

- **گوێ گرن یاران لە بازاڕ و مەحەللە و چارسوو**
  **(داستان)ی حاڵی (سالم) هەر طەرەف (ئەفسانە)یە**

(دیوان: ٨٦٠)

- **دەست لە تۆ هەڵناگرم، تا نەمکوژن**
  **حەرفی ناصیح سەربەسەر (ئەفسانە)یە**

(دیوان: ٨٦١)

لە ڕووداو و قارەمان و شوێنکاتێکدا، چیرۆک و سەربردەیەک ساز دەبێت بەناوی (داستان) کە بەواتای (چیرۆک) دێت و بواری بڵاوبوونەوەی سنووردار و ئاساییە، بەڵام ئەوەی دەکەوێتە سەرزار و

زمـــانی خەڵـــک و بە فراوانـــی بڵاودەبێـــتەوە و ســـیمایەکی سەرسووڕهێنەریشی دەبێت و ئەوە دەبێت بە (ئەفسانە). ئێستا لەبواری ئەدەبیاتناسیدا پێناسەی ورد و زانستی بۆ ئەم دوو چەمکە ئەدەبییە لەئارادا هەیە. بەڵام ئێمە بەپێی پێویستیی دێرەکان قسەمان لەبارەوە کردووون. ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنیشە سالم لەو ڕۆژگارەدا جیاوازی لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا کردووە:

**دوڕڕی یەتیم:**

- **هونەر ئیکسیرمە، بیٚ، تا زەڕ و سیمت بدەمیٚ**
  **دیدە دەریامە، وەرە (دوڕڕیٚ یەتیم)ت بدەمیٚ**

(دیوان: ١٠١٤)

ئاماژەیە بۆ مرواریی گەورە و درشت کە تەنیا یەک دانەی لەناو قەپێلکی (صەدەف)ەکەیدا هەبووبێت. لە کوردیدا (گەوهەری یەک دانە)ش گوتراوە، وەک لە گۆرانی فۆلکلۆریدا هاتووە:

**مـــاڵیٚ بـــابـــم بـــیٚ وەفـــا**
**ســـەبرم نـــەما تـــاکەی جەفا**
**لێم زیزە لێم زیزە چاوجوانیٚ**
**گـــەوهـــەری یـــەکـدانـەیـە**
**دەم قەند و ڕوو ماهی تابانم**

(گۆرانی محەمەدی ماملیٚ)

**نوزەنەب:**

- **کـــەوکەبی ســـەعدم لـــە بورجا، دەفعەییٚ، باڵا نەبوو**
  **(نوزەنەب) بۆ بەختی واروون، قەت دەمیٚ ئاوا نەبوو**

(دیوان: ٦٤٥)

(الـنجم المـذنب) بەگـوێرەی زانســتی فەلەکناسـی ئەسـتێرەیەکە بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە ناوکێکی بچووکی هەیە بە خەرمانەیەکی

گازی دەورە دراوە و کلکێکی گازیی درێژی بەدواوەیە، وەک ئەوەی کە بە (ئەستێرەی کلکداری هالی) ناسراوە لە ساڵەکانی ١٩١٠ و ١٩٨٥دا لە ئاسماندا بەدیارکەوتووە (المنجد، ١٩٨٦، ٢٣٩). لە داستانە کۆنەکاندا بە ئەستێرەیەکی شووم دەناسرێت و بە (ئەستێرەی کەزیەدار) ناودەبرێت. ئەستێرە ناسە ئێرانییەکان دوازدە جۆریان لێ دەستنیشان کردووە و هەر جۆرێکیان بە نەگبەتی و نەهامەتییەک گرێ داوەتەوە. هی وایان هەیە ڕەمزی کوشتن و کوشتارە، هی تریان هێمای نەهاتییە و بەوجۆرە. لای هیندییەکان (٨٠) جۆری هەیە و هەر هەمووشیان شوێنەواری خراپی هەیە، ئەم ئەستێرەیە وەک لە شەرحی دیوانەکەدا هاتووە، ئەگەر هاتو بەزوویی ئاوا نەبوو، ئەوا شووم و نەگبەتییەکەی زیاتر دەبێت.

**ڕاهیب:**

- **وا لەسەر بامی بوتکەدە، ڕاهیب**
  **ئەم کەلامە دەڵێ بەناڵەیی زار!**

(دیوان: ٦٧٨)

ناوی بکەرە لە (رَهَبَ)ەوە هاتووە بەواتای: ترساو، مەبەست پیاوی ئایینی زاهید و گۆشەگیر و لەخوداترساوە. لە شیعری (سالم)دا جارێک بۆ پیاوی ئایینی زەردەشتی بەکارهاتووە (راهیبی پازەند) جارێکیش وەک لێرەدا دەبیندرێت ئاماژە بۆ (راهیبی بوتکەدە) دەکرێت. لە ئایینی مەسیحیشدا راهیب کەسانێکن لەخواترس و تەرکی دنیا کردوون، کەوا خەریکی ڕێوڕەسم و زانستەکانی ئایینین.

**ڕەقیب:**

ڕەمز و مۆتیڤێکی هەرە بڵاوە لە شیعری کلاسیکیدا، واتای فەرهەنگیی وشەکە: پاسەوان و پارێزەر دەگەیەنێت. بۆ واتای زاراوەیی وشەکە لە (لغت نامە)دا هاتووە ئەگەر دوو کەس لە ئاست کەسێک یا

شتێک عاشق و ئارەزوومەند بن ئەوە هەر کامێکیان لە بەرانبەر ئەوی دیــکەدا دەبێــت بە (ڕەقیــب). دوو کەس ئەگەر عاشــق بــن و یەک مەعشووقیان هەبێت، ئەوە هەر یەکەیان دەبێت بە ڕەقیبی ئەوی کەیان، چونکە هەر یەک لەمانە دەیەوێت پارێزگاری لە مەعشووقەکەی بکات لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا (دهخدا، ١٣٧٧، ج٨، ١٢٢٠٢). ڕاستییەکەی ئەم وشـەیە، واتــایەکی زاراوەیــی دیکەشــی هەیە، وا بــزانم ئەمەیــان لە واتــا و بۆچــوونەکەی پێشــەوە گەلێــک ناســراو و بڵاوتــرە. ئەویــش ئەوەیە کەسـانێک کە دەبـنە کۆسـپ و تەگەرە لەبەردەم دڵـداران و هەمیشـە لە هەوڵی چاندنی تۆوی ناحەزی و بەدفەڕی دووبەرەکیدان بۆ ڕێگریکردن لە بەیەک گەیشـتنی دڵـداران. لای شـاعیران ڕەقیـب، کەسـی نـاحەز و مونافیسـی شـاعیرە لە ئاست یـار و دڵبەرەکەیدا. واش هەیە لە هەوڵـی زەفتکردنی یار و مەعشووقی دڵدارانە، تا عاشقە ڕاستەقینەکان بێ بەش و ڕەنجەڕۆ بکـات. دیـارترین کەسـایەتیی (ڕەقیـب) لە ئەدەبی کوردیـدا کەســایەتیی (بەکــر مەرگەوەڕ)ە لە داســتانی (مەم و زیــن)دا. کەوا بە (بەکرە شـۆفار) نـاو دەبرێت، نـاوی لەتەک نـاوی شـەیتانەوە دەبردرێت، یاخود وەکو ئیدیەم لە کوردەواریدا بە (دڕکی مەم و زینـان) دەناسـرێت. ئەم مـۆتیڤە لە شـیعری سـالمدا زیـاد لە (٣٥) کەڕەت هـاتووە. چ وەکـو نـاحەز یـاخود حەریـف یـاخود کەسـێکی خـاوەن کـردار و ڕەفتـاری ناپەســەند، (جەوری ڕەقیـب). (ڕەقیـب) لە شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا هەمیشە نوێنەرایەتی لایەنی (شـەڕ و خراپە) دەکات لەبەرانبەر لایەنی (خێر و چاکە)دا.

- **یارم لە دەردەروون هات دەستی (ڕەقیب) لە دەسـتا**
  **غــەمــناک و شــادمــانم: ڕەحــمەت عــەزابی هێنا**

(دیوان: ١٣٥)

- **چ دەبــێ، گــەر لــە (ڕەقیبم) دڵـم ئازاری ببێ**
  **هەر گوڵێ بولبولی بێ، حوکمە دەبێ خاری ببێ**

(دیوان: ٩٦٥)

- **له توهمەت، تا تەوانا بێ، (حذر کن) ئەی (ڕەقیب) ئامان!**
**لــە دامەن پاکییی مووسا، زەمین صاحێب گوناهی گرت**

(دیوان: ١٧٧)

زەنگی:

مەبەسـت لێـی نسـبەتدانی خەڵـکە بـۆ (زنجبـار – زنگبـار)، کە دوورگەییێکە لە ئۆقیانووسی هیندی و لە نزیک کەناراوەکانی کیشوەری ئەفریقیایە، دانیشتووانەکەی ڕەشپێستن. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە لەگەڵ (هیندوو) هاوڕێکن. لە شیعری سالمدا زەنگی بە چەند دارشتن و واتا هاتووە:

١- زەنگی/ ئاماژەیە بۆ ڕەنگی ڕەشی مرۆڤی ڕەشپێست.
٢- لەشکری زەنگی/ بۆ ڕیزەی خاڵ و تاریکی و شەو بەکاربراوە.
٣- عەیالی ئەهلی زەنگان/ مەبەست غوڵام و نۆکەر و خزمەتکارە.

- **لــەچـاو بـەختی سیاهـ و ڕۆزگارم**
**ڕوخی زەنگی دەبێتە عەینی کافوور**

(دیوان: ٣١٣)

- **باز نیهان بوو لەشکری زەنگی لـەحیصنی نیستی**
**وا لەبەر تیپی شەهی خاوەر، ڕەواڕەو بوو عەیان**

(دیوان: ٥٦٤)

- **نــەبـانیی و نەباغی ما لە فەوجی لەشکری ئیسلام**
**لەخۆفا طیفلی مەردوم وەک عەیالی ئەهلی زەنگانن**

(دیوان: ٥٨٠)

زەعفەران:

- **لەدەست ڕەنگڕێژی دەوران، ڕەنگی چیهرەم (زەعفەران)ێکە**
**حــەدیقەی دڵ، لــەبەر بــارانی غــەم، وەضعی خەزانێکە**

(دیوان: ٧٨٠)

گیاییکە لە تیرەی پیازی، گوڵێکی وەنەوشەیی کاڵ دەگرێت، لەئاو و هەوای مام ناوەندی دەڕوێت. ئێران مەڵبەندی زەعفەرانە و وەکو بەهاراتێکی گرانبەها ساڵانە لە (٩٠%)ی بەرهەمی زەعفەرانی هەموو دنیا لەدەوری (٣٥٠٠٠ تەن) لە ئێران بەرهەم دەهێندرێت. لە ئەدەبیات و لە زار ئاخاوتنی خەڵکیش ئاماژەیە بۆ ڕەنگی زەرد.

**زەهری هەلاهیل:**

- **بەدەست تۆ قەندە بۆم، (زەهری هەلاهیل)**
  **لەلام زەهرە بێ تۆ، لەذذەتی قەند**

(دیوان: ٢٦٠)

- **چاوەکانت هەردوو کوێربن، دەستە و ئەژنۆ دانیشی**
  **زیندەگیت (زەهری هەلاهیل) بێ، مەماتت قەت نەبێ**

(دیوان: ٩٨٨)

هەلاهیل؛ بە جۆرە زەهرێک دەڵێن کە هیچ داوودەرمانێک چاری ناکات و دەستبەجێ دەکوژێت. لە ناوی گیاییکەوە هاتووە کە لە شێوەی کاهوو و تالیشک وایە و لەسەر سنووری نێوان هیندو چین دەڕوێت. واتە زەهرەکەش لەناوی گیاکەوە هاتووە. دواتر بۆتە ناسناو بۆ هەر ژەهرێکی کوشندە (دهخدا، ١٣٧٧، ج١٥، ٢٣٠٥٩).

**زمرووت:**

- **ئەژدەهای زوڵفت لەکوێری کەوتە سەر تیغی برۆ**
  **خاڵی تۆ بۆ دیدەیی حەی دانەیی (زمرووت)ە ڕاست**

(دیوان: ١٨٢)

- **بەخاصیییەت وەکوو زومرووتە عەدلی**
  **دەبێ سا دوشمنی کوێر بن وەکوو حەی**

(دیوان: ٩٣٨)

لەم بارەیەوە لە فەرهەنگی (معین)دا هاتووە؛ (زومورد: Zomorrod) بەردێکی گرانبەهای سەوز ڕەنگە، چەندی گەورەتر بێت بەنرخترە. لە کۆندا وا باو بووە، کە سەیرکردنی زمرووت، چاوی مار کوێر دەکات (معین، ١٣٦٠، ج٢، ١٧٤٦) هەر بەم چەمک و مەعنایەش لە شیعری سالمدا ئاماژەی بۆ کراوە.

**سەمووم:**

- **دەترسم بێ لەناکاودا (سەمووم)ێ**
  **نەگوڵ بێڵێ، نەدڵ بێڵێ، نەگوڵزار**

(دیوان: ٢٩٥)

بای سەمووم، باهۆزێکی گەرمە و لەوەوە هاتووە کە بەسەر بیابانە گەرمەکاندا ڕادەبرێت و تێکەڵ بە هالاوی گەرمی بیابان دەبێت ئەوسا ڕوو دەکاتە ئاوەدانی. هەندێک باوەڕیان وایە کە (بای سەمووم) زیاتر بەڕۆژ هەڵدەکات و کەمتر لە شەو. لە بەرانبەردا (بای حەروور)یش هەیە کە زیاتر بەشەو هەڵدەکات و کەمتر بەڕۆژ (دهخدا، ١٣٧٧، ج ٩، ١٣٤٦٦).

**شەراب و پەیمانە:**

جووتە وشەیەکی تەواوکەر و پێکەوە گرێدراون لەگەڵ مەی و ساقی و مەیخانە، ڕەگەز و کەرەستەگەلی تەمام عەیاری بەزمی مەینۆشی پێکدەهێنن لە شیعر و ئەدەبیاتدا. لە شیعری سالمدا بەم جۆرە هاتوون:

- **مەیخانە، ساغەر (پیالە)، ساغەر و شیشە و پەیمانە**

بۆ شەرابیش ئەم وەسفانە بەدی دەکرێن:

- شەرابی جەی (جەی گەڕەکێکی شاری ئەصفەهانە و بە شەرابی نایاب ناودار بووە).

- **جــورعه نـۆشی بـۆ بکەم، ئیتر لە بەزمی (مەیکەدە)**
**چاوی مەخموورت بەعاشق کاری (بادەی جەی) دەکا**

(دیوان: ١٠٧)

- دوختەری ڕەز/ دوختی ڕەز (مەبەست داری مێو و ترێیە، شەرابیش بەزۆری لە ترێ دروست دەکرێت و بۆیە (کچی ڕەزی) پێ دەگوترێت.
- مەیی ئەحمەر (شەرابی سوور، جۆرە باو و ناودارەکەیەتی)
- می ناب، آب انگور، شراب مرد افکن

- **بە حەیا بێرە حوضوور و بەئەدەب سوجدە بەرە**
**خــەڵـوەتی دڵــبەرە سالم، ئـەمە (مەیخانە) نییە**

(دیوان: ٨٧٦)

- **ساقییا (ساغەر)ی من خومرەیە، نەک ڕەطڵی سەبوک**
**دەرخــوری مەستیی مــن (شــیشەوو پەیمانە) نییە**

(دیوان: ٨٧٥)

- **تـاب و ڕەنگم نییە ئەز بەسـکی تکا خوێنی دەروون**
**(مــەیی ئــەحمەر) کە نەما، ڕەونەقی ناو شیشە نییە**

(دیوان: ٨٧٣)

### شەمع و پەروانە:

ئەمە وێنەی داستانی عەشقی پەروانەیە بۆ بڵێسە و مەشخەڵی ڕووناکی، کە لە تاریکاییدا لە مۆمێک یا چراییێکی ئاساییدا هەڵدایسێت پەپوولەی بەستەزمان بەهەشتاوی بۆی دێت و خۆی ئاوێزانی ئاگرەکە دەکات، لە ئاکامدا هەڵدەپرووکێت و دەبێت بە قوربانی. عەشق و تاسەی پەروانە بۆ شەوقی شەمع و چرا بۆتە مۆتیڤێکی زۆر باوی شیعری عاشقانە، لە فەرهەنگی سۆفییانەشدا سەربردەو پەراوێزێکی بۆ تەرخان

کراوه. له غەزەل و شیعری لیریکی کوردیشدا هەمیشە ئامادەیە. له بەرهەمی شیعریی سالمدا ئەم مۆتیڤە بەم ڕێژە و چەمکانە هاتووە:

- شەمع و پەروانه (٣) کەڕەت، شوعله، شەم، شەوقی شەم، پەروانەی عیشق، شەمعی دڵ، پەروانه و چراغ.

- **دڵی (پەروانەوارم) حەسرەتا، عومری چ کۆتا بوو؟**
  **به ئەووەل (شوعله) سووتاندی، (چراغی) ڕوویی ڕەخشانت**

(دیوان: ٢١٠)

- **سەفەری هات و نەهاته هەوەسی کۆیی حەبیب**
  **گەردی ئەو (شەمعه)، دڵا! طاقەتی (پەروانه) نییه**

(دیوان: ٨٧٦)

- **مەرحەمەت بێهوودەیە، ئەو (شەمعی ڕوو)ی خۆی دەربخا**
  **دڵ دەسووتێ، چار نییه (لابد) دەبێ (پەروانه) بێ**

(دیوان: ٩٨٦)

**عەطارید:**

- **بێته گەردش یەک نیگەهـ ، پەنجەی (عەطارید) سست دەکا**
  **((طوطی خوش لهجه، یعنی کلک شکرخای تو))**

(دیوان: ٦٥٣)

له حەوت ئەستێره گەڕۆکەکەی دەوری زەوی بچووکترینیان (عەتارید)ە، بەقەدەر هەندونیوێکی مانگ دەبێت. له خولانەوەی بەدەوری خۆردا (٨٨) ڕۆژی پێ دەچێت، یەک جاریش به دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. واته ساڵێک و ڕۆژێکی بەقەدەر یەکن. ئەم ئەستێرەیه بەرگه هەوای نییه بۆیه بۆ ژیان دەست نادات. عەتارید لەلای یۆنانییەکان خواوەندی ڕەوانبێژی و بازرگانی بووه. لای پێشینان باوەڕ وا بووه عەتارید له ئاسمانی دووەمیندا دەخولێتەوە (معین، ١٣٦٠، ج٥، ١١٨٣).

عەقیق:

- گــریە دەڕژێنێ بــەسەر ڕووما دەمادەم ئەشکی خوێن
بێن تەماشاکەن لەیەک صەفحە، (عەقیق) و (زەعفەران)

(دیوان: ٥١١)

عەقیق یاخود (ئاقیق) نـاوەکەی عەرەبییە، جۆرێکە لە بەردی جوان و بەنرخ، ڕەنگە سـوورەکەی لە هەمـووان نایابتر و نـاودارترە. هەمیشـە فرمێسکی سووری عاشقان و لێوی سووری مەحبووبان لە سووریدا بە ئـاقیق چوێنـدراوە. (زەعفەران)یـش وەک لەپێشــەوە باسـکرا هەمیشــە تەلمیح و ئاماژەیە بۆ ڕەنگی زەردی عاشقان. لەم دێڕەی سالمدا (عەقیق و زەعفەران) بەیەکەوە هاتووە. ئاماژەیە بۆ فرمێسـکی سـووری شـاعیر لەسەر ڕووی زەرد هەڵگەڕاو.

فەرەنگی زادە:

- ئەسیرم باز لەدوای قەیدی طوڕڕەی موشک بۆ موویی
(( (فــرنگی زادە) خــویی، کــافری، زنــنار گــیسویی))

(دیوان: ٩٥٣)

لە ئەدەبیـاتی کۆنـدا (فەرەنـگ) ئامــاژەیە بـۆ خەڵکـی ئەورووپـای مەسیحی، کە لەناوی تایبەتیی (فرانس و فرانسە)وە بۆتە ناوێکی گشتی. بۆیە (فەرەنگی زادە و فەرەنگی خـوو) وەسـف و ئامـاژەیە بـۆ یـارێکی ناموسڵمان ئاسای جەفاکار و بێبەزەیی.

- نەقشی چین، بوویی خەتا، (خوویی فەرەنگ) موویی حەبەش
هــیندوویی خــاڵ و عــەرەب دیـدە، نــەزاکەت عــەجــەمێ

(دیوان: ١٠١٠)

فەروەردین:

- یــادی وەصل، ئــەی دڵ! لەهیجرا موشکیلە
وای لە (دەی)دا، مەیلی (فەروەردین) دەکەی

(دیوان: ٩٤٩)

له پەهلەویدا (fravartin)ە، ناوی یەکەمین مانگی ساڵی هەتاوییە، بەواتای جێگیربوونی خۆره له کەلووی کاوڕدا، که یەکەمین کەلووه له دوازده کەلووەکەی ئاسماندا. هەروەها ناوی ڕۆژی نوزدەمینه لەهەر یەکێک له مانگەکانی هەتاویدا. فارسەکان لەو ڕۆژانەدا که تیایدا ناوی مانگەکه و ڕۆژەکه یەک دەگریتەوه جەژن دەگێڕن لایان وایه خێر و فەڕه گەر جلی تازه بپۆشن و بچنه سەیری ڕانه مەڕەکانیان و گەلەی ڕەشەوڵاغ و ئەسپەکانیان (بورهان، ١٣٦١، ج٣، ١٤٧٦)

**فلک الاطلس:**

- **لوجەیی ئەشکم له خوێن عەکسی وەها کرد ظهوور**
  **بۆ (فلک الاطلس)ی شێوەی ئەحمەر شکا**

(دیوان: ٩٥)

فەلەک بەمانای چەرخی گەردوون و ئاسمان دێت. (فەلک الاطلس) یاخود (فلک الافلاک)، له گەردوونناسیی دێرینەدا بریتییه له ئاسمانی نۆیەمین که هەموو ئاسمانەکانی تر دەگرێته خۆی، واته له سەرووی هەموو ئاسمانەکانه و دەورانـدەوری هەموانیشی داوه. ئەم بەرگه ئاسمانه بەهۆی تیشکدانەوەی خۆرەوه هەمیشه ڕەنگێکی سووری بریسکەداری هەیه.

**قلب الاسد:**

- **گەهێ (قلب الاسد) ئەز بەسکی بێ سایەن لەوادیدا**
  **وەکوو مەجنوونی صەحرایی لەبن خاری موغەیلانن**

(دیوان: ٥٨٤)

بەپێی (دهخدا) یەکێک لەو کۆمەڵه ئەستێرەیەی که وێنەی شێرێک دەنوێنن. بەتایبەت ئەوەیان که له هەموویان ڕۆشنتره و ڕووەو باشووره به (قلب الاسد ملکی) دەناسرێت. ئینجا ئەمه بۆته کینایه بۆ ناوەڕاستی هاوین و چلەی گەرما (دهخدا، ١٣٧٧، ج١١، ١٧٦٧٤).

**کافوور (شەمعی کافوور):**

- **بەرقە بۆ خەرمەنی عاشق، بەیەقین جەورو جەفات**
**ســەروی میهرت لەدڵا داروویی (کافوور)ە مەگەر**

(دیوان: ٣٥٤)

- **شـەوی یــەڵدا، لە بەزمـــی دڵبەرا، هەرگیز چرام ناوێ**
**لەتۆی فانۆسی پیراهەن تەنی وەک (شەمعی کافوور)ە**

(دیوان: ٧٥٩)

هەموو شتێک زۆر سپی بێت و ساردیش بێت، نسبەنی دەدرێتە پاڵ کافوور. ماددەیەکی گیاییە ناوەکەی سانسکریتییە (Karpura)، یا ئەوەتا لە درەختەوە (وەکو گەزۆ) وەردەگیرێت ئەم جۆرە (جوودانە)ی پێ دەگوترێت. یا دەستکردە لە دارێکەوە پاڵفتە دەکرێت لەدوای کوڵاندنی. لە (برهان قاطع)دا هاتووە، کەوا ناوی گیاییێکیشە لە تیرەی گیاکەوەر و لە وڵاتانی چین و ژاپۆن و باکووری ئێران دەچێندرێت و لەبەری گوڵەکانی کافوور دروست دەکرێت (برهان، ١٣٦١، ج٣، ١٥٧١).

**کەبکی دەری:**

- **با سوجدەبەرێ (کەبکی دەری) نەقشی بەری پێت**
**سا هەڵسە بکەن خۆش ڕەوشان مەشقی خەرامت**

(دیوان: ٢٠٢)

نــاوەکە پێکهــاتەیەکی وەســفییە، کەبکــی دەری؛ واتە کەوی دەر و دەشت و کێوان، گوایە لە کەوی ئاسایی گەورەترە و دووبەرانبەری ئەو دەبێت، ڕەنگێکی خۆڵەمێشی نەخشینی خەتخەتی باریکی سپی هەیە و بەچاکترین باڵندەی کێوی وەسف دەکرێت (دهخدا، ١٣٧٧، ج١٢، ١٨١٤٢).

**کەهکەشان:**

- **شەمعی دەسگاهی ملووکانەی گەیانە مــەرکەزی**
**بەرقی قیندیلی فرووزانی دەچوو بۆ (کەهکەشان)**

(دیوان: ٥٠٧)

واته ڕێگای کاکێشان، کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەی بچووکن بەسەریەکەوە لە شێوەی ڕێگایەک لەبەرزایی ئاسماندا کشاوە وەک ئەوەی کا بێت و لەڕێگەیەکدا ڕژابێت و بڵاو بوو‌بێتەوە، ئینجا لەشێوەی ڕێگایەکی سپی لە تاقی ئاسماندا بەدیار دەکەوێت. لە عەرەبیشدا ناوە شەعبییەکەی (درب التبانة)یە و ناوە زانستییەکەشی (المجرة)یە.

**کیشمیر:**

- **ڕەفیقان! ئێوە گەر ئاشوفتەیی یارانی ئەکرادن**
  **بەشۆخی، دڵبەری من خوسرەوی خووبانی (کیشمیرە)**

(دیوان: ٧٦٩)

- **بێ بە (کیشمیر)ی ڕوخا، دەوڵەتی ماچینی کە دی**
  **بۆ خەتای طورڕە، دەڵێن: نافەیی موشکینی هەیە**

(دیوان: ٨٧١)

هەرێمێکە لە نێوان هیند و پاکستاندا، شارێکیش بەو ناوەوە لە هەرێمەکەدا هەیە. شاڵی تورمە کیشمیری لە دنیادا بەناوبانگە، هەم سروشتێکی جوان و دڵگیر و ڕازاوەی هەیە، هەم ئاو و هەوای سازگار، هەم ژنان و کچانی جوان و نازەنینن لە وێنەی پەریی بەهەشتی سەر ڕووی زەمین. شارەکە هەر لە کۆنەوە ئاپۆرە و ئاوەدان بووە. (٦٠) هەزار خانوو وماڵی تیادا بووە و (١٨) هەزار دەستگای تەونکارییان هەبووە تایبەت بەشاڵ چنین.

**کەوکەبی سەعد:**

- **(کەوکەبی سەعد)م لە بورجا، دەفعەیێ، باڵا نەبوو**
  **(ذونب) بۆ بەختی واڕوون، قەت دەمێ ئاوانەبوو**

(دیوان: ٦٤٥)

بەواتـای (ئەسـتێرەی بەخـت) دێت، بەگـوێرەی ئەستێرەناسـان ئەم ئەسـتێرەیە دەرکەوتنـی دەبێـتە مـایەی بەخـتەوەری وەک چـۆن لەبەرانبەردا (ئەستێرەی شووم)یش هەیە.

**گۆگرد (گۆگردی ئەحمەر):**

- **وجوودم ڕاستە خۆی سووتا، وەلێ ئەکثەر خەتای یـارە**
  **لە ئەصلا قەلبی من (گۆگرد)ە، شوعلەی ڕوویی ئەو نارە**

(دیوان: ٧٥٦)

- **تەمامە خۆم وەها گوم کەم بەناکامی لەدەست جەورت**
  **هـەتا دەمرم بـەنایابی وەکـو (گـۆگردی ئەحمەر) بم**

(دیوان: ٤٣٣)

مـاددەیەکی سـادەی وەکـو مەعـدەن یـاخود بەردی نەرمـی زەرد ڕەنگە، زوو ئاگر دەگرێت و لەناو ئاویشدا هەر دەسووتێت هەندێک جار لە شـێوەی هەڵمێـک لە درزی زەوی دێـتە دەرەوە و ڕاسـتەوخۆ لە لێوارەکاندا دەیبەستێت و دەبێتە گیراوەیەکی پەیت. چوار جۆری هەیە، هەرە نایابەکەیـان گـۆگردی سـوورە، کە ڕەنگێکـی سـووری بـریقەداری هەیە. لە هەنـدێک شـوێن لەنـاو کانیـاوی گەرمـدا (کانیـاوی مەعـدەنی)، لەگەڵ ئاوەکە لەژێر زەویدا هەڵدەقوڵێت. گۆگردی سـوور وەکو بەردی گەوهەر دەژمێردرێـت، لە شـەواندا وەکـو ئـاگر دەدرەوشـێتەوە و ڕووناکایی تـاوەکو چەند قۆنـاغ دەڕوات (بەدەستکارییەوە، دهخدا، ١٣٧٧، ج ١٢، ١٨١٣٨).

**لەیل (واللیل):**

- **پـەرچەمت تـارە بـە (واللیل)ی کـەلام**
  **بێ وەفا و ڕەحمی بەڕەحمان و ڕەحیم**

(دیوان: ٤٩٦)

اللیل: واتە شەو، لە ئاوابوونی خۆرەوە تا هەڵاتنەوەی شەوی پێ دەگوترێت. لە کوردیدا (لەیل) جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی وەکو خوازە بەکاردەبرێت بۆ:

- ئاماژەکردن بۆ (لەیلای عامیری) دڵخوازەکەی مەجنوون، ئینجا لەمەوەش بۆ هەموو (مەعشووقێک)ی عاشقان بەشێوەیەکی ڕەها.
- وەکو ئاماژە بۆ تاریکی.
- وەکو هێما و ئاماژە بۆ ڕەنگی ڕەشی بسک و زوڵف و پەرچەمی یار.

لەم دێرەدا سالم هەرسێ واتاکەی بۆ (اللیل) لەبەرچاو گرتووە:

- اللیل بەواتای شەو، شەویش یانی تاریکی، تاریکیش دەلالەت بۆ ڕەنگی ڕەش دەکات.
- لەپاڵ ئەمانەشدا ئاماژەیەکی سەرباریش هەیە، ئەویش ئەمەیە کەوا سوێندی بە شەو خواردووە (بە واللیل)ی کەلام، واتە وەکو چۆن لە (کەلامی خوا)دا هاتووە: ((والضحی * واللیل إذا سجی/ سوێند دەخۆم بە چێشتەنگاو * بەجەنگەی هەدادانی شەو / الضحی: ١ - ٢)).

**مار سرگنج:**

- **نیست ممکن که بر آن زلف کشد دست خیال**
  **بەچە جرأت ز سر گنج چنین مار کشد**

(دیوان: ١٠٤٨)

لە باوەڕ و ئەفسانە کۆنەکاندا وا هاتووە کە مار بەسەر گەنجەوە کەپکە دەکات، تاوەکو کەس دەستی بۆ نەبات. لە مەسەلەی تەلیسمی سەر گەنجینەکانیشدا واهاتووە، کەوا مار پاسەوانییان دەکات و دەیانپارێزێت. لەمەوە (ماری سەری گەنج) بۆتە ئیدیەم و هاتۆتە نێو ئەدەبیاتەوە، وێنەکە بەم جۆرە گواستراوەتەوە: زوڵف و بسک و

شابسکی یار وەکو دوو ماری ڕەش پاسەوانی لە گەنجی ڕوخساری یار دەکەن، لە بەرانبەر هەر دەستدرێژییەک لەم بارەوە، لە شیعری (نالی)دا هاتووە:

- **ئەژدەهای زوڵفی لەدەوری گەنجی حوسنی حاریسە**
**حەڵقە حەڵقە، چین بە چین، سەرتا بە خواری گرتووە**

(مدرس، ١٩٧٦، ٥٣٩)

لەلای (پیرەمێرد) وێنەکە زۆر ڕوونترە:

**های لە بەیاندا، های لە بەیاندا**
**های لەو بەیانەی دیم لە بەیاندا**
**خاڵێ لەمابەین جووتەی بەیاندا**
**ئەستێرەی بەیان لەتۆی بەیاندا**
**دوو مار بەحەڵقە دەوری بەیان دا**
**تاڕێی بەی نەبێ دز لە بەیاندا**
**گەرەکمە لەخوا مەرگم نیشان دا**
**سەر لەبەیان دا دەم لەبەیان دا**

(ئاشنا، ٢٠٠١، ب٢، ١٨٠)

**ماری ئەرقەم:**

- **بۆ پاسی ڕوو لە طوڕڕەیی موو، (ماری ئەرقەم)ی**
**چین چین حەصاری بەستووە، هەرسوو بەمەحکەمی**

(دیوان: ٩١٤)

سەبارەت بەهەمان باوەڕی دێری پێشوو، ماری سەری گەنج لێرەدا ئاماژە بۆ جۆرێکی تایبەت لە (مار) کراوە، (ماری ئەرقەم)، بەگوێرەی (المنجد) ئەمەیان پیسترین جۆری مارە و لە کوردیدا ماری بەڵەکی پێ دەگوترێت. بەڵەک ئەوەیە کەوا پەڵەپەڵەی ڕەش و سپی لە پێستیدا هەبێت.

**ماهی (سەمەک):**

(ماسی/ السمک)، گیانەوەرێکە لە ئاو دەژیەت، لە ئەندێشە و داستانەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە، دیارە ئەمەیش لە چیرۆک و داستانێکەوە سەری گرتووە کە لە هەندێ کتێبەکانی تەفسیر و مەولوودنامە کوردییەکانیشدا هەیە، من خۆم لە کاتی مەولوود خوێندنەوەدا بیستوومە دەگوترا: (زەوی لەسەر شاخی گایە و گا لەسەر پشتی ماسییە و ماسی لەسەر ئاوە، ئاو لەسەر تاریکییە، تاریکی لەسەر هەوایە و لەدوای ئەوە کەس نازانێت چ باسە و چ هەرایە). ئەم مەسەلەیە شێوەی باوەڕێکی ئەفسانەیی وەرگرتووە و ڕێگەی چۆتەوە ناو ئەدەبیاتیش. لە شیعری سالمدا وەکو ئاماژە بەو داستانە هاتووە: ماهی، سەمەک، پشتی سەمەک.

- **گاوی ژێر زەمین، ماهی لەگەڵ گاجووت، سەمەک و گاو**

- **لە صەیحەم هاتە لەرزش قەلبی (گاوی ژێرزەمین) ئەمشەو**
  **دڵی کەیوان لە ئاهی من لە هەفتەم ئاسمان سووتا**

(دیوان: ١٢)

- **ئاهی خۆم بۆ نانی جۆ، سمکۆڵی ئەسپم بۆ حەشیش**
  **ئەم گەیشتە (پشتی ماهی)، ئەو گەیشتە ڕووی سەما**

(دیوان: ٤٧)

- **باری دڵ گەر هەڵگرێ، دەشکێ بە تەنها گەردنم**
  **حامیلی ناکا (سەمەک) هەمدۆشی وەک (گاوی) نەبێ**

(دیوان: ٩٩١)

**ماهی ئابان:**

- **باغە پەژمووردەی خەزان و خورڕەمی ئەوقاتی حووت**
  **ماهی نەورۆزی بەعەکسی (ماهی ئابان) هاتەوە**

(دیوان: ٨٣١)

مـانگی هەشـتـەمینە لە سـاڵنامەی هەتـاوی و لەو کـاتەدا خـۆر لە کەلووی دووپشک جێگیر دەبێت، هەروەها ناوی فریشتەیەکیشە، کەوا ڕا و تەگبیـر و ڕزق و ڕۆزی لەم مـانگەدا پەیوەنـدیی بەوەوە هەیە. ڕۆژی دەیەمـی ئابـان ماهـ ، کە دەکـاتە (ڕۆژی دەیەمـی مـانگی دە) پێـی دەگوترێـت (ئابانگـان) و لە کۆنـدا ئێرانییەکـان بە ڕۆژێکـی پیـرۆز و بەفەڕیان دەزانی و جەژن و ئاهەنگیان لەو ڕۆژەدا دەگێڕا (برهان، ١٣٦١، ج ١، ٢). ماهی ئابان، خەزەڵوەرە، دەستپێکی وەرزی ماتەمی سروشتە، لە بەرانبەردا (نەورۆز) وەرزی ژیانەوە و بووژانەوەیە.

**مەصحەف:**

- **بەخاڵی (مەصحەف)ی (سالم) تەکاسول غەیرە مەقدوورە**
  **بـەئەمری سـیرعەتی کـۆشش، کە ئایەی (ماسعی) دێنێ**

(دیوان: ١٠١٩)

- **بر سر (مصحف) رو زلف چلیپا داری**
  **تـو پری چهره مگر دین مسیحا داری**

(دیوان: ١٠٦٦)

لە (صـحیفە)وە هـاتووە. کۆمەڵێـک پەڕە و نـامە و نووسـراو لە بەرگێـدا کـۆکرابێتەوە (مەسـحەف)ی پـێ دەگوترێـت لە ڕووی زمـانەوانییەوە. وەکـو زاراوە بـۆ قورئـانی پیـرۆز بەکاردەبرێـت. بەو هـۆیەی لاپەڕەکـانی قورئـان وەکو ئەسـڵ، بێ گەرد و پاک و پیـرۆزن، لەمەوە ڕووی یاران و خۆشەویستانیش بە (مەسحەف) چوێندراوە و لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا وا ڕۆیشتووە.

**ماهـ و پەروین**

- **بە ڕوخ وەک شەم، بەئەبرۆ خەم، سیەهـ پەرچەم، لـە من بێ غەم**
  **گـوارەی تـوو کە هـات و چوو، موقارین بوو (مەهـ و پەروین)**

(دیوان: ٦٠٢)

پەروین، چەند ئەستێرەیەکی بچووکن لە یەک شوێندا لە کەلووی گاجووت کۆ دەبنەوە، وێنەیەک لە شێوەی گەردنبەند یاخود هێشووە ترێ، بە عەرەبی (ثریا/ چلچرا)ی پێ دەڵێن. هەروەها یەکێکیشە لە بیست و هەشت هەوارەکەی مانگ و لە کاتی کۆبوونەوەی (مانگ و پەروین) پێکەوە بە (نێرگزی چەرخی گەردوون) ناودەبرێن (معین، ١٣٦٠، ج٥، ٣٤٣). هەر لە شیعری سالمدا ئاماژە بۆ (مەهـ و موشتەری)یش کراوە. موشتەری گەورەترین ئەستێرەیە لە گەڕۆکەکان و لەدوای زوهرە لە هەمووان درەوشاوەترە، ڕەنگێکی سووری درەخشانی هەیە و ئەمە بۆتە مایەی ڕێگە خۆشکردن تا وەکو کەرەستەی جوانکاری بێتە ناو شیعری کلاسیکییەوە.

**موڵکی دڵ (مورغی دڵ):**

- **بۆ خەراجی (موڵکی دڵ)، وادیارە لەشکر تیپی بەست**
  **چاوی ئەو سەرهەنگی تورکە و صەففی موژگانی سپەهـ**

(دیوان: ٨٥١)

- **بەس موصیبەت وا لە ڕێی (مورغی دڵ)ا**
  **تا لەناو موو خاڵی ڕووی تۆ دانەیە**

(دیوان: ٨٦٢)

دوو پێکهاتەی ئیزافین، وەکو ئیدیەم لە شیعری کلاسیکیدا بەکار دەبرێن، تا ئەوەی نرخ و بەهایەکی کۆمەڵایەتی بۆ (دڵ) لەبەرچاو بگیرێت. لە یەکەمدا (دڵ) وەکو پاشای خاوەن موڵک و ماڵ و سەڵتەنەت وێناکراوە، ئیتر بۆ تەسخیر و ژێر فەرمانکردن، پێویست بە لەشکرکێشی و جەنگ و دەعوا دەکات. لە دووەمدا وێنەیەکی خوازەیی بڵاو و ناسراوە لە شیعری کلاسیکیدا و ڕەگەز و پێکهاتەکانی بریتین لەوەی کەوا (دڵ) وەکو باڵندە وێنا دەکرێت و خاڵی ڕووی یاریش (دانەی داوە) و تاڵی زوڵفی سەر ڕوخساریشی (داوە)کەیە ئیتر وێنەکە

ڕوون و ئاشکرایە، (دڵ) بەدوای (دان)ەکەدا وێڵە و لە ئاکامدا گیرۆدەی (داو)ەکە دەبێت. لای (وەفایی) وێنەکە ڕوونترە:

- هــاتم بــەبۆنەی خاڵت تووشی داوی زوڵفت بووم
تەیرێکی نابەڵەد بووم نـــەمــزانــی دانـــەی داوە

(دەشتی، ٢٠١٩، ٣٤٨)

**مەیخانە:**

- **بە حەیا بێرە حوضوور و بە ئەدەب سوجدە بەرە**
**خـــەڵوەتی دڵــبەرە (ســـالم) ئـەمە مـــەیخانە نییە**

(دیوان: ٨٧٦)

پێناسـەکەی بەکورتی ئەمەیە: شـوێنی مەیفرۆشـی و مەینۆشـییە. لە (فەرهەنگی دهخدا)دا (١٥) ناوی هاووتای بۆ ڕیز کراوە لە نموونەی؛ شەرابخانە، خەرابات، مەیکەدە، ماخور، حانە... تاد.

- **میان مسجد و میخانە راهیست**
**غریبم عاشقم آن رە کدام است**

(احمد جام)

واتە لەنێـوان مـزگەوت و مەیخـانەدا ڕێگـایەک هەیە بەو نـاوەدا ڕادەبرێت، بەڵام من غەریبەیەکی سەوداسـەر و عاشـقم، نازانم کامەیە!. لە مەیدانی سۆفیگەریدا (خەرابات و مەیخانە) وەکو خوازە بۆ خانەقا و مەڵبەندی پیر و ڕابەری تەریقەت بەکاردێت (دهخدا، ١٣٧٧، ج١٤، ٢١٩٥٥).

**نەرد (نەڕاد):**

- **نـوسخەیی ئـەو خـاڵە نەدراوە لە (تەختە)ی ڕۆزگار**
**ڕوح دەکا (بەستە) لە (نەردی) عیشقی ئەودا خاڵەکەم**

(دیوان: ٤٨٧)

**بـــە (نـــەڕاد)ی فــیراقــت نـــەقـدی جـــان ئـــاخر دەدۆڕێـــنـم**
**بە خاڵی (موهرە)یی وەصڵت، ئەگەر صەد دەفعە (شەش) دەرکەم**

(دیوان: ٤٧٧)

(نەرد) ئێستا یاریی (تاوڵە)یە. یارییەکی ناسراوی دێرین و کۆنینەیە، جۆرێک لە کێبڕکێی تێدایە هەم کارامەیی و هەمیش شانس و بەختیش ڕۆڵێکی زۆری تێدا دەگێڕێت. یارییەکە خۆی و کەرەستەکانیشی (مۆرە و زار و تەختە و پوولەکان)ی لە شیعری کلاسیکیدا هاتوون. بەستن و گیرانی هەر شەش خانەکان وەک هێمای نائومێدی و نەگبەتی لێک دەدرێتەوە:

- **کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لەمن گرتن حەریف**
**مۆرە هەڵداوێم و بێ هوودە بەهیوای دوو شەشم**

(هێمن، ١٩٧٤، ١١٥)

نەڕراد، کەسی یاریکەرە لە نەردێنەدا. لەم یارییەدا هێنانی (شەش) بەتایبەتیش (دوو شەش) زۆر گرینگە، بۆیە زۆر ناوی دێت، چونکێ وەکو فریادڕەس وایە بۆ هەر یەکێک لە حەریفانی یاریزان.

**نەقدی جان:**

- **موحەصصیل بێ، ئەگەر بۆ (نەقدی جان)ت، قابیضی قودرەت**
**ڕەضامەندم لە بالینت ئەمن بگرێت و تۆ بەردا**

(دیوان: ٥٨)

- **(نەقدی جان)م نرخی یەک ئیما طەلەب کەی حاضرە**
**بۆ مەتاعی وا کەسێ ناکا لە بەیعا چەند و چوون**

(دیوان: ٥٩١)

نەقد و نقوود، بەواتای پوول و پارە دێت، لە سەردەمی کۆن نقوود لە زێڕ و زیو بووە، بۆیە هەم بچووک هەم گرانبەها، سووک و ئاسانیش بووە بۆ مەسەلەی مامەڵە و کڕین و فرۆتن. تەنانەت بۆ دۆڕان و بردنەوەش لە یاری و گرەوکردندا. ئینجا هەمیشە عەزیز و خۆشەویستیش بووە، بۆیە لەگەڵ (گیان) کە عەزیز و بەهادارترین شتە لای مرۆڤ بەرابەر کراوە و لە پێکهاتەیەکی ئیزافیدا یەکیان گرتۆتەوە

لەوێنەی (نەقدی جان). ئەم پێکهاتەیە بۆتە کەرەستەیەکی شیعری، وەک لای سالم دەبیندرێت.

**نەورۆز:**

- **صوبحی (نەورۆز)ە، وەختی بەزمی شەراب**
**الـصـبــوح الــصــبــوح یــا احــبــاب**

(دیوان: ١٤٧)

- **بەڕەنگ (سالم) چ سەهلە صوبحی (نەورۆز) گەر بە یەڵدا بێ**
**بـــەبـێ ڕوویی جـــیهان ئـــەفرۆزی یـــاری نـــازەنینی مـــن!**

(دیوان: ٥٧٣)

بەواتای ڕۆژی نوێ دێت، ڕۆژی یەکەم و سەرەتای ساڵی تازەیە بۆیە بە (نەورۆز) ناو دەبرێت. لەو ڕۆژەدا خۆر لە سەرەتای کەلووی کاوڕدا جێگیر دەبێت، دەگوترێت یەزدانی مەزن لەو ڕۆژەدا گەردوونی ئەفراندووە و هەر حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکەیش بەفەرمانی خودا لەو ڕۆژەدا کەوتوونەتە خولانەوە و حەزرەتی ئادەمیش لەو ڕۆژەدا خەڵق کراوە. لە (برهان قاطع)دا زۆر بەدرێژی هەڵوەستە لەسەر لایە مێژوویی و ئەفسانەیی و ئایینیی ئەم ڕۆژی جەژن و موناسەبەتەدا کراوە، کە بەقەدەر نامیلکەیەکی تەواو دەبێت. بەپێی ئەو سەرچاوە ساڵنامەی ئێرانیی کۆن بریتی بووە لە تەنیا دوو وەرزی سەرما و گەرما و لە دەستپێکی هەر کام لە وەرزەکانیش جەژن و ئاهەنگ بەرپا کراوە. لە ڕۆژی دەستپێکی وەرزی گەرما و سەری ساڵەکە جەژنی (نەورۆز)ی تیادا گێڕدراوە، لە ناوەڕاستی ساڵ و دەستپێکی وەرزی سەرماشدا جەژنی (میهرەگان) بەڕێوەبراوە. وا باوە کەوا پاشاکانی ساسانی لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا هەر ساڵ، بەدەم نیاز و خواست و داواکاریی خەڵکەوە چوون و دیل و زیندانییەکانیان ئازاد کردووە و لێبووردنیان بۆ تاوانباران دەرکردووە. هەروەها لەو ڕۆژانەدا بەگشتی سەرگەرمی

عەیش و نۆش و شادی بوون. لە عەرەبیدا بووە بە (نیروز) و زۆر ناوی لە شیعری شاعیراندا هاتووە. ئێستا کورد وەکو جەژنێکی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ ئەو بۆنەیەدا دەکات و بەشێک لە گەلانی ڕۆژهەڵاتیش وەکو جەژن و بۆنەیەکی شادی مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا دەکەن. بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەوە بگەڕێوە بۆ:(بورهان، ١٣٦١، ج٤، ٢١٨٧).

**نیسان:**

- **تیروەش دەی مەهـ گوزەشت و عەهدی نەیسان هاتەوە**
  **بولبولی بێ دڵ، لەدەوری گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە**

(دیوان: ٨٣٠)

لە ساڵنامەی سریانیدا ناوی مانگی دووەمە لە سێ مانگەی وەرزی بەهار، بە (ئاورێل) ناودەبرێت. وەکو خوازە لەبری (بەهار) بەکاردەبرێت و وەک چۆن ئاماژەیە بۆ وەرزی (باران و بەهار). لەو ماوەیەدا خۆر لە کەلووی (گاجووت)دا دەمێنێتەوە. لە ساڵنامەی کوردیدا مانگی (گوڵان)ە، لە فۆلکلۆریشدا بە مانگی (گوڵ و سەیران) ناوی براوە:

**سەیران مانگی نیسانە چونکە وەعدەی گوڵانە**
**نازی گوڵ و گوڵ غونچە چریکەی بولبولانە**

(گۆرانی تایەر تۆفیق)

**همایون:**

- **جلوه ای کرد عشق و تودهٔ خاک**
  **پڕ زنان تا فراز گردون شد**

**قرعه عشقشان به نام افتاد**
**فال دیوانگان (همایون) شد**

(دیوان: ١٠٥٠)

هەمایۆن، بەواتای پیرۆز و بەفەڕ و موبارەک دێت لێرەش بەواتای هاتنە ئارا و جێبەجێ بوونە شاعیری ئێرانی (ئەمیر موعەززی) لەو بارەوە گوتوویە:

**جشنی است بس مبارک، عیدیست بس همایون**
**بـر شـهریـار گـیتی فـرخنده بـاد و میمون**

(بورهان، ١٣٦١، ج٤، ٢٣٦٦)

واته جەژنێکی پیرۆز و زۆر موبارەکە و بۆ پادشای مەزنی هەموو جیهانیش ببێتە مایەی بەرەکەت و بەختەوەری.

## هیندوو:

مەبەست وڵاتی هیندستانە، لە فارسی کۆندا بەم شێوەیە (hindu) هاتووە. هەروەها ئاماژەیە بۆ طایفەی ئایینی (هیندۆسی)، کە بەشێکی گەورە لە دانیشتووانی هیندستان پێکدەهێنن. لە ڕابردوودا وڵاتی هیند – یاخود – هیندستان نیمچە کیشوەرێک بووە. دواتر دابەش بووە بۆ هیند و پاکستان. لە ساڵانی حەفتاکاندا (بەنگلادیش)یش لە پاکستان جوێ بوویەوە. وەکو دەگوترێت (طائیفەی هیندوو): مەبەست ئایین و باوەڕی هیندۆسییەکانە، کەوا ئایینی زاڵ و باوە لە هیندوستان و لەبنەڕەتدا تێکەڵەیێکە لە ئایینی بوودایی و براهەنی، کە لەسەر چەند پایەیەک وەستاوە وەکو؛ پیرۆزی کتێبی (ڤیدا)، کتێبی ئایینی هیندۆسییەکان دۆنادۆن، یەکانەیی کەسایەتی تاک لەجیهانی بوون. پاراستن و پیرۆز ڕاگرتنی ئاژەڵ و بەتایبەتیش مانگا (أنوری، ١٣٨٢، ج٢، ٢٦٢٧). (هیندوو) وەکو مۆتیڤ و کلێشە ئاماژەیەکی زۆر بڵاوە و لە شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا بەفراوانی ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری سالمدا هیندوو (٢٨) کەڕەت بەواتا و دەلالەتی جۆراوجۆر ئاماژەی پێ دراوە:

- خاڵی هیندوو، یان، هیندوویی خاڵ (١٤) جار.

- **دەکا شیرین بەعاشق گۆشەگیری**
  **لە کونجی لەعلی لێوت (خاڵی هیندوو)**

(دیوان: ٦٦٤)

- هیندوو، بەواتای غولام و پاسەوان و نۆکەر (٦) جار، بەو هۆیەی ڕەشپێستن، وەکو لەپێشەوە گوتمان، ڕەگەزی مرۆڤی

ڕەشپێست بەهۆی هۆکارگەلێکی مێژوویی، هەر لە کۆنەوە وەکو بەندە و کۆیلە ناسراون.

- **دەورەیی (مـاء الحیاة)ی لــەب لـە زوڵـفی ظولمەتە**
**پاسەبانی ئاوی حەیوان (خاڵەکەی هیندووتە) ڕاست**

(دیوان: ١٨١)

- هیـنـدوو، وەکـو هێمـا بـۆ تـاریکی، ڕەشـێتیی خـاڵ و مـوو بەکارهاتووە. لە بەراییش گوتوومانە لەنێوان (هیندوو – زەنگی – حەبەشــی زادە) گونجـان و تەناسـوب هەیە لە هەمـوو ئەو ڕووانەی باسمانکرد. لە دێری شیعریشدا بەیەکەوە هاتوون.

- **(ئەبنای حەبەشی زادە) چ مەقبوولە لەلای ڕووم**
**دانـیشتووە بەزانووی ئەدەبا، (چاکیری هیندوو)**

(دیوان: ٦٥٠)

- **وتم (سالم) دزە، دەستی بولەند کرد، ئاینەی ڕاگرت**
**وتـی: کـێشکچی ئەم باغە بەدایم (خاڵی هیندوومە)**

(دیوان: ٨٠٤)

- **غەریب و گۆشەگیر و فەردە وەک من**
**لــە تورکستانی ڕووتا، (خاڵی هیندوو)**

(دیوان: ٦٢٨)

- **لە حەملەی ڕایی (هیندی غەم)، شەهی شادی گوریزانە**
**ســەراســەر لــەم ڕەهــە ئـیقلیمی دڵ پـامـاڵی فیلانە**

(دیوان: ٨٠٧)

**یەڵدا:**

- **شەوی (یەڵدا)، لە بەزمی دڵبەرا، هەرگیز چرام ناوێ**
**لەتۆی فانۆسی پیرا هەنتەنێ وەک شەمعی کافوورە**

(دیوان: ٧٥٩)

- **مونحەریف نابم لەڕێی عیشق، ئەرشەوی (یەڵدا) بڕۆم**
**زوڵـفی وەک (یــەڵدا)یی دڵــدارم هــەتا دەسـتگیرمە**

(دیوان: ٨٠٠)

لە پەیوەنـدی بەمەسـەلەی حەزرەتـی عیسـای پێغەمـبەردا باسـمان کـردووە. وشـەکە سـریانییە، لە عەرەبیـدا بـووە بە (مـیلاد)، درێژتـرین شـەوی سـاڵە. لە کۆتـایی وەرزی پاییز و دەسـتپێکی وەرزی زسـتاندا، شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن، وەکو شەوێکی تاریک و بە (شـەوەزەنگ) و شەوی (دەیجوور) نـاوی ڕۆیشـتووە. (کوردی) شیعرێکی نـاوداری لەم بارەوە هەیە:

- **شــەوی یــەڵدایە، یا دەیجوورە ئەمشــەو**
**کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو**

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٤٨٣)

لە شـیعری سـالمدا لە چەنـد شـوێنی تـر ئامـاژە بـۆ (شـەوی یەڵـدا) هاتووە.

**یاریی (ئاس و گەنجەفە و نەردێن و دامە):**

- **لە بــاتیی شــوغڵ و تەسـبیح و نومــاز و سـوننەت و مەسـجید**
**لە بەحثـــی (نەرد) و (ئـــاس) و (گەنـــجەفە) هەردەم بەیـــانێکە**
**لە غەوغای بێنە (دووشەش) یان، لە هەر سوو شەش جیهەت پڕبوو**
**لە دەنگـــی (مـــۆرە! هـــا دەی، زوو کە! هـــا) ئـــاخر زەمـــانێکە**
**گوشـــادی وا فـــڵان (مـــۆرە) مەییـــنە، بـــا بـــدۆڕێنی**
**(حەریـــف) تـــۆ بێـــنە دەی (داشـــێ)، بە تەنهـــا وا لە (خـــان)ێکە**
**(قڕانـــی بەســـتە)، (کەوو بڕنـــوو) بڵـــێ ســـادەی (حەریـــف) زووکە**
**چ ســـەهلە (مـــۆرە) گـــەر بێنی، لـــە ڕێـــی (پێنج و ســـیان)ێکە**

(دیوان: ٧٨٢)

سالم لەم دێرانەدا باسی ئەو یاریی پێشبڕکانەمان بۆ دەکات، کە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا باو بوون، جا چ بۆ سەرگەرمی و کات بەڕێکردن بووبێت، یان وەکو قومار بۆ سوود و بردنەوە. ئینجا وەستایی و کارامەیی خۆیشی لەو جۆرە یارییانەدا بەدیار دەخات. سەرەتا باسی یاریی کاغەزێن دەکات، (ئاس – پۆکەر) و (گەنجەفە)، ئینجا دێتە سەر (نەردێن) و (مۆرە) و (دووشەش)ی یارییەکە. لە دواییشدا دێتە سەر باسی (دامە)ی کوردەواری و ناوی کەرەستەکانی ئەو یارییە دێنێت لە وێنەی (داش) و (تەختە).

## لیستی سەرچاوەکان

**أ/ کوردی:**


١- ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠١، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ب٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٨، میرایەتی بابان، چ٢، چاپەمەنی خاک، سلێمانی.

٣- بابان، جەمال، ٢٠١٢، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤- بێ کەس، شێرکۆ، ١٩٧٣، من تینوویێتیم بەگڕ ئەشکێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی، بەغدا.

٥- حەمەبۆر، محەمەد مستەفا، ٢٠١٠، دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم – بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦- خەزنەدار، مارف، ٢٠٠٨، فەرهەنگی دیوانی نالی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٧- دەشتی، دوکتۆر عوسمان، ١٣٩٨، دیوانی وەفایی، انتشارات کردستان، سنه.
٨- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ جزیری، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک.
٩- دیوانی کوردی، ١٩٧٣، چاپخانەی کوردستان – هەولێر.
١٠- دێرەشی، سەعید، ٢٠٠٥، دیوانا فەقێی تەیران، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک.
١١- شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠١٠، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٢- قادر، د. خانزاد عەلی، ٢٠١١، ڕەنگدانەوەی لەیلا و مەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا، یەکێتی نووسەرانی کورد – مەڵبەندی گشتی، هەولێر.
١٣- قەرەداغی، محەمەد عەلی، ٢٠١٠، بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٤- عارف، د. محەمەد نووری، ٢٠٠٧، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
١٥- عەونی، ٢٠١١، دیوانی عەونی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.
١٦- مدرس، مەلا عبدالکریم و ئەوانی تر، ١٩٧٦، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٧- مدرس، مەلا عبدالکریم و محمدی مەلا کریم، ١٩٧٧، دیوانی مەحوی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٨- مستەفا، شوکور، ٢٠١٠، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٩- مودەرریس، مەلا عەبدولکەریم و ئەوانی تر، ٢٠١٥، دیوانی سالم، بەرگی یەکەم – بەرگی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
٢٠- هەژار، ٢٠١٠، قورئانی پیرۆز، وەرگێڕان، چاپی دووهەم، اسوه، تەهران.
٢١- هێمن، ١٩٧٤، تاریک و ڕوون، بنکەی پێشەوا.

**ب/ عەرەبی:**

٢٢- بابان، جمال، ١٩٨٩، اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، الجزء الاول، الطبعة الثانية، مطبعة الاجيال، بغداد.

٢٣- الزوبي، ممدوح، ٢٠٠٤، معجم الصوفية، دار الجيل – بيروت.

٢٤- قراعة، سنية، ١٩٦٩، عائشة – حبيبة رسول الله، مجلة العربي، العدد، ١٢٣.

٢٥- المنجد في اللغة والاعلام، ١٩٨٦، الطبعة السابعة والعشرون، دار المشرق – بيروت.

**جـ/ فارسی:**

٢٦- انوری، دکتر حسن، ١٣٨١، فرهنگ بزرگ سخن، ٨ جلد، اعلام ٣ جلد، سخن، تهران.

٢٧- برهان، محمد حسین بن خلف تبریزی، ١٣٦١، برهان قاطع، ٥ جلد، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، تهران.

٢٨- دهخدا، علی اکبر، ١٣٧٧، لغت نامه، ١٥ جلد، چاپ دوم از دوره جدید، مؤسسهٔ لغت نامهٔ دهخدا، تهران.

٢٩- شریفی، محمد، ١٣٨٧، فرهنگ ادبیات فارسی، انتشارات معین، تهران.

٣٠- شمیسا، دکتر سیروس، ١٣٨٩، فرهنگ تلمیحات، نشر میترا، تهران.

٣١- گریمال، پیر، ١٣٩١، فرهنگ اساطیر یونان و رم، ترجمهٔ: احمد بهمنش، جلد اول، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، تهران.

٣٢- گوهرین، سید صادق، ١٣٨٢، منطق الطیر، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

٣٣- معین، دکتر محمد، ١٣٦٠، فرهنگ فارسی، ٦ جلد، چاپ چهارم، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، تهران.

٣٤- یا حقی، دکتر محمد جعفر، ١٣٩١، فرهنگ اساطیر و داستان وارەها، چاپ چهارم، مؤسسهٔ فرهنگ معاصر، تهران.

# بابەتی شیعرنامە
# لە نێوان سالم و نالی - سالم و کوردیدا

نامەی شیعری یان شیعرنامە، پێناسەکەی لە زاراوەکە خۆیدایە، نووسراوێکە لە فۆرم و ڕوخسارێکی شیعریدا لە شاعیرێکەوە ئاراستەی شاعیرێکی دیکە دەکرێت، یاخود لەنێوان شاعیرێك و شاعیرێکی تر ئالوگۆڕ دەکرێت. بەزۆریش ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی دەبێت. لە ئەدەبی عەرەبیدا بە (إخوانیات) ناو دەبرێت، بەو هۆیەی زیاتر هەست و سۆزی برایەتی و دۆستایەتی تێدا دەردەبڕدرێت. ئەدەبی نامەنووسی بە تایبەتیش شیعرنامە، لە ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەرمان (فارس و عەرەب و تورك)، مێژوویەکی دێرینی هەیە. دیارە لە ژێر کارتێکردن و بە چاولێکەری لە ئەدەبیاتی ئەواندا ئەم هونەرە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیشدا پەیدا بووە[1].

ئەگەر لە چوارچێوەی واتا تایبەتییەکەی (شیعرنامە)دا بمێنینەوە و باس لە نامەی شیعری بکەین لە فۆرمە کلاسیکەکەی و لە شێوەی غەزەل و قەسیدەدا، ڕەنگە ئەو دوو نامەیەی لەنێوان (نالی) و (سالم)دا ئالوگۆڕکراون. یەکەمین کاری لەو جۆرەبن کە لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ئەنجامدرابن. ئەگەرچی بەر لەوانیش لە شیعری دیالێکتی (گۆران)دا ئەم ژانرە ئەدەبییە لای شاعیرانی گۆران زەمین لە وێنەی (ئەڵماس کەنوولەیی ١٧٠٢_ ١٧٧٦ز)، (ڕەنجووری ١٧٥٠_١٨٠٩ز) و بەتایبەتیش (مەولەویی تاوگۆزی ١٨٠٦_١٨٨٢ز) بە شێوەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت (کاروانی، ٢٠١٩، ٢٧١)

---

[1] لەم ساڵانەی دواییدا دوو کار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زانستیی بەپێز و بەهادار لەم بوارەدا ئەنجام دراون، کە لە هەموو ڕوویێکەوە لە مەسەلەی ئەدەبی نامەنووسیی کوردییان کۆڵیوەتەوە. ئەم دوو بەرهەمەش بریتین لە:

– محەمەد، کەمال ڕەئووف، ٢٠٠٤، ئەدەبی نامەنووسیی کوردی، جزمی ١، ٢، ٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– کاروانی، (د.) بەکر شاکر، ٢٠١٩، نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

**شیعرنامەکانی نێوان (نالی) و (سالم)**

ئەمانە وەکو دوو شاکار و دوو تێکستی هەرە بەرز و باڵای شیعری کلاسیکی کوردی، تەنانەت شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتیش، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگای شایان و پلە و پایەی خۆیان گرتووە. لە دونیای باس و لێکۆڵینەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیشدا زۆریان لەسەر گوتراوە و نووسراوە. کەم وایە باس و توێژینەوەیەك لەمەڕ شیعر و بەرهەمی ئەم دوو شاعیرە کرابێت و ئاوڕێك لەم دوو شاکارە ئەدەبییە نەدرابێتەوە[(١)]. ئێمە بۆ ئەوەی شتەکانی ڕابردوو سەبارەت بە لایەنەکانی مێژوویی، واتا و دەلالەت و مەبەست و ناوەرۆکی تێکستەکان دووبارە نەکەینەوە، لە کاتێکدا ئەم لایەنانە لەگەڵ گرنگیشیان لە چەندان باس و لێکۆڵینەوەدا تاوتوێ کراون. هەوڵ دەدەین لە چەند ڕوانگە و گۆشە نیگای تازەوە، کە پەیوەندییان بە بابەتەکەی ئێمەوە، واتە (شیعرنامە)وە هەیە باس لە دوو تێکستە شیعرنامەکەی (نالی) و (سالم)ەوە بکەین، ئەویش لەم لایەنانەوە:

أ- شیعرنامەکان لە فۆرم و ڕوخساری (قەسیدە)دا هۆنراونەتەوە.

ب- تێکستەکان بریتین لە دوو (نامەی شیعری) لەنێوان (نالی) و (سالم)ەوە ئاڵوگۆڕ کراون.

ج- لە کۆندا شیعرنامە ڕەچاوی هەندێك بنەمای ئەدەبی و هونەری کردووە، لە وێنەی (ڕەدیف) و (مونازەڕە) و (ئیقتیفا)... هتد.

أ- نامە لە فۆرمی قەسیدەدا:

قەسیدە بە یەکێك لە کۆنترین فۆرمەکانی شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتی دەژمێردرێت وەکو چۆن گرنگترینیشیانە، تەنانەت دەگوترێت کەوا (قەسیدە)

---

[(١)] لە مێژووی ئەدەب و دونیای لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا، تاوەکو ئەمڕۆ کەم وایە شاعیرێکی کورد بە قەدەر نالی و ژیان و بەرهەمی شیعریی نالی، باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرابێت، زۆر بە دەگمەنیش ڕێك دەکەوێت کە باس و لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە ئەنجام درابێت و ئاماژەیەك بۆ ئەم لایەنە لە شیعری نالی (واتە شیعر نامەکەی)، نەکرابێت. لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ دوو لەو لێکۆڵینەوانە دەکەین (یەکەمین و کۆتا کار)، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە نەفەسێکی زانستی ئەنجام دراون:

١_ سجادی، علاءالدین، ١٩٧٣، دوو چامەکەی نالی و سالم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٢_ تاهیر، محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٩، ڕاسپاردە بە بادا، چاپخانەی تاران.

یەکەمین و تاقانە فۆرمی شیعری کلاسیکی بووە لە ڕابردوودا لە جێگەی دایکی فۆرمە شیعرییەکانی دیکەدا بووە لە وێنەی غەزەل و قیتعە و تەخمیس و تەرکیب بەند و تەرجیعەکان... هتد، کە هەموو ئەم فۆرمە شیعرییە ناسراوانەی دوایی بە شێوەیەك لە شێوەکان لە قەسیدەوە چەکەرەیان کردووە (شمیسا، ١٣٨٠، ٣٦) دیارە (قەسیدە) بەپێی چەمك و تێگەی ڕەخنەی کلاسیکی شەرت و مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە لە سۆنگەی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتییەوە. هەموو ئەم شەرت و مەرجانەش لەم دوو تێکستی شیعرنامەیەدا بەدی دەکرێن.

بۆ نموونە:

١- قەسیدە تێکستێکی شیعریی درێژە و لە (٢٠) دێرەوە دەست پێدەکات و وا هەیە لە (١٠٠) دێریش تێدەپەڕێت و لەسەر بنەمای (بەیت) بنیات نراوە.

٢- قەسیدە خاوەنی پەیکەر و پێکهاتەیەکی تایبەتە لە ڕووی فۆرمی شیعرییەوە.

٣- ڕەچاوی مەرجەکانی کێشی عەرووزی، یەکێتیی کێش و یەکێتیی سەروای تێدا دەکرێت.

٤- یەکێتیی مەبەست و ناوەرۆك یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی قەسیدەدا.

لێرەدا هەڵوەستە لەسەر یەکە یەکەی شەرت و مەرجەکان دەکەین:

١- هەر دوو تێکستی شیعرنامەکانی (نالی) و (سالم) بە ژمارەی دێر، مەرجی قەسیدەیان لێ بەدی هاتووە. یەکەمیان بریتییە لە (٤٣) دێر و دووەمیشیان لە (٣٦) دێر پێکهاتووە[1].

دێری شیعری یا ئەوەی بە (بەیت) ناو دەبرێت، بەردی بناغەیە و هەموو تێکستێکی شیعری کلاسیکی و بە تایبەتیش قەسیدە لەسەر بنەمای بەیت بنیات دەندرێت. (بەیت) لە دوو بەش یا دوو باڵی یەکسان پێکدێت، باڵی ڕاست و باڵی چەپ، کە هەر یەکێکیان بە (میصراع) ناو دەبرێت. باڵی ڕاست و میصراعی یەکەم بە (صەدر) دەناسرێت، باڵی چەپ و میصراعی دووەم بە (عەجز). هەر باڵێك

---

[1] یەکێك لە مەرجەکانی تێکستی (ڕەدیف) ئەوەیە، کە ژمارەی دێرەکانیشیان بە قەدەر یەك بێت، بەڵام ئەم مەرجە لە تێکستەکاندا بەدی نەهاتوون و لەنگی تێ کەوتووە.

(میصراعێك) لە چەند (هەنگاو_ تەفعیلە) پێكدێت. دەبێت ئـەم دوو میصـراعە لـە (بەیت)ی شیعریدا هاوكێش و هاوسەنگ بن بە هەموو وردەكارییەكانیانەوە:

دێری شیعری (بەیت)

باڵی ڕاست (میصراع) — باڵی چەپ (میصراع)

(صەدر)

| صەدر | حەشوو | حەشوو | عەرووز |
|---|---|---|---|
| تەفعیلە | تەفعیلە | تەفعیلە | تەفعیلە |

(عەجز)

| ئیبتیدا | حەشوو | حەشوو | زەرب |
|---|---|---|---|
| تەفعیلە | تەفعیلە | تەفعیلە | تەفعیلە |

ئەمە ئەو سیستەمەیە، كە هەر دێرێكی شیعری كلاسیكی پێكدەهێنێت، هـەر ئەم سیستەمەش بە هەمان چەندایەتی و چۆنایەتی لە هەموو دێرەكانی قەسـیدەدا لە سەرەتاوە تا خوارەوە دووبـارە دەبێتـەوە. ئـەم وردەكارییـەی بـەیت، لـە هـەر دێرێكـی هـەردوو تێكسـتی شـیعرنامەكاندا لای (نـالی) و (سـالم)دا وەكـو پێویسـت پێڕەوییان لێ كراوە.

لە شیعرنامەكەی نالیدا:

| قوربانی<br>مەف عوو لوو | تۆزی ڕێ گە<br>فاعی لا تو | تم ئەی بادی<br>مە فا عی لو | خۆش مروور<br>فا عی لان | باڵی ڕاست |
|---|---|---|---|---|
| ئەی پەیكی<br>مەف عوو لوو | شارەزا بە<br>فاعی لا تو | هەموو شاری<br>مە فا عی لو | شا رە زوور<br>فا عی لان | باڵی چەپ |

لە شیعرنامەكەی سالمدا:

| جانم فی<br>مەف عوو لوو | دایی سروە<br>فاعی لا تو | كەت ئەی با دە<br>مە فا عی لو | كەی سەحەر<br>فا عی لەن | باڵی ڕاست |
|---|---|---|---|---|
| ئەی پەی كی<br>مەف عوو لوو | موستەعید لە<br>فاعی لا تو | هەموو ڕاهی<br>مە فا عی لو | پڕ خە طەر<br>فا عی لەن | باڵی چەپ |

ئەم سیستەمە لە (کێش و هەنگاوەکان و بڕگەبەندی و سەروادا) وەکو لە دێری یەکەمی هەردوو تێکستدا دەبیندرێت لە هەموو دێرەکانی هەردوو تێکستدا لە سەرەوە تا خوارەوە بە هەمان چۆنایەتی دووبارە بوونەتەوە.

وا باوە لە قەسیدەدا دێری یەکەم و دەستپێك کە بە (مەتلەع) دەناسرێت، هەردوو دێری هاوسەروا بن کە (موسەڕڕەع)ی پێدەڵێن. لە هەردوو شیعرنامەکەشدا وا هاتوون. لە شیعرنامەکەی نالی وشە سەرواکانی دێری یەکەم بریتین لە (خۆش مروور_ شارەزوور) کە هاوسەروان. لە تێکستەکەی سالمیشدا بریتین لە (بادەکەی سەحەر_ ڕاهی پڕ خەطەر).

٢_ پەیکەر و پێکهاتەی قەسیدە:

أ_ بەشی یەکەم پێشەکی و سەرەتای قەسیدەیە بە (تەغەزول) دەست پێدەکات، تەغەزول لە چەند دێرێك پێکدێت زیاتر وەسف و پێداهەڵدان و باس و خواسێکە، ناوەڕۆکەکەی یا لەبارەی سۆز و جوانیی ژن و مەعشووقەوە دەبێت، یاخود وەسف و ڕازاندنەوەی سروشت، یا پێداهەڵدانی مەی و مەستی و مەیخانە...هتد. گوتمان چەند دێرێکە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ چوونە ناو کرۆکی بابەت، پێویستە جوان و ڕەوان چێژبەخش بێت، تا خوێنەر کێش بکات بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە. هەردوو شیعرنامەکەی ئێمەش چەند دێرێکی سەرەتایان بۆ وەسف و ستایشی با و دەردەدڵ کردن لە تەك بادا تەرخان کردووە. لە قەسیدەنامەکەی نالیدا (٥) دێری یەکەم و لە وەڵامنامەکەی سالمدا (٩) دێری سەرەتاکەی.

ب_ بەشی دووەمی پەیکەر و پێکهاتەی قەسیدە خۆدەربازکردنە لە پێشەکی (غەزەل ئاسا)کە و وەرچەرخانە بەرەو لای کرۆکی بابەت و مەبەست، ئەویش بە دێرێك یا زیاتر جێبەجێ دەکرێت. ئەمە (تەخەلوس) واتە خۆڕزگارکردن یا دەربازبوونی پێدەگوترێت. ئەم یەك دوو دێرە هەردوو بەشی سەرەتا و مەتنی قەسیدەکە بەیەکەوە گرێ دەداتەوە. وەستایی و جوانی هونەر نواندن لەم یەك دوو دێرەدا (حوسنی تەخەللوس_ جوانی خۆدەربازکردن)ی پێدەڵێن. واتە جوانی نواندن لە خۆدەربازکردن لە پێشەکی و وەرچەرخان بەرەو لای مەتن. نالی بەم دوو دێرە جوان و سۆزدارییە خۆی لە پێشەکییەکە دەرباز دەکات و دەڵێت:

**سـووتا ڕەواقـی خانـەیی صـەبـرم، دڵ و دەروون**
**نـەیماوە غـەیری گۆشـەیی ذیكرێكی یـا صەبـوور**
**هـەم هەمعـەنانی ئـاهم و هـەم هـەمڕیكابی ئەشـك**
**ڕەحمی بەم ئاه و ئەشكە بكە، هەستە بێ قوصوور**

سالمیش بەم دوو دێرە خۆی دەرباز كردووە:

**میحنـەت ئەوەنـدە زۆرە دڵـم هێنـد تـەنگ بووە**
**دوودی هەناسـەیی سـەحەرم هــەوری گرتەبـەر**
**هیممەت كـە چابوكانە بـە ئیجرایـی مـەطڵەبـم**
**لەمسەر بڕۆ وەكو بەرید و لەوێ بێ وەكو تەتـەر**

ئەگەر تێبینی بكەین خۆدەربازكردن لـە هـەردوو تێكستـەكەدا، جگـە لـەوەی دەردە دڵێكی دەروونیی قووڵ و سۆز و سووتانێكی بێ ئامان لەلای هەردوو شاعیر دەخاتە ڕوو، كە بـە زمـانی دڵ دەدوێـن و مـەرجی جوانیی خۆدەربازكردنیـان لـێ هاتۆتە دی، ئەوا دەبینین لە هەردوو دێردا لادانێكی واتاییـان لـێ بـەدی دەكرێت لەگەڵ سیاق و بابەتی تەغەزولی سەرەتاكە. ئەم لادانە واتاییە وەكو دەستپێكێكی تازەیە بە مەبەستی وەرچەرخان بەرەو لای كرۆكی مەبەست و بابـەتی سـەرەكی لە هەردوو شیعرنامەكەدا.

ج_ بەشی سێیەم مەتن و بەدەنی بنچینەی قەسیدەیە كەوا بەشی سـەرەكی و بنچینەییە لە هەر تێكستێكی قەسیدەدا. لـە قەسیدەنامەكەی نالیدا مـەتن لـە دێری هەشتەمەوە دەست پێدەكات و تـاوەكو دێری چل درێژە دەكێشێت بـەم وردەكارییەی لای خوارەوە:

١_ وەسـف و ستایشـی مەڵبەنـد و زێـد و نیشـتمان، لـە دوو لقـدا خـۆی دەنوێنێت:

أ_ دێرەكانی (٨ بۆ ١٥) لەبارەی باس و خواس و وەسف و ستایشی شوێنە دیار و ناودارەكانی دەرەوەی شاری (سلێمانی)یەوەیە.

ب_ له دێری (١٥ بۆ ٢٩) له وەسف و ستایشی شار و خەڵکەکەی و گەڕەك و شەخس و شوێنه دیار و ناودارەکانی شارەوەیه له تەك ورووژاندنی پرسیارگەلێکی تایبەت به هەریەك لەو شەخس و شوێنانه که شاعیر یەکه به یەکه ناویان دەبات.

٢_ پرسیارگەلێك سەبارەت به خانەقای مەولانا و دەر و ژوورییەوه دەکات لەگەڵ وەسف و وێنەکێشانەوە، ئەمه دێرەکانی (٢٩ تا ٣٧)ی گرتووەتەوە. بۆ هەر پرسیارێك دوو وەڵام دەدات به دەستەوە، داوا له بەردەنگ دەکات به یەکێك له وەڵامەکان، وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

٣_ دێرەکانی (٣٨ و ٣٩) هەست و سۆزی شاعیره سەبارەت به حوجرەکەی دەخاتەڕوو، پرسیاریش له حاڵ و بار و چۆنیەتیی دەکات.

بەم شێوەیه بەشی بنچینەیی و مەتنی قەسیدەکه کۆتایی دێت.

٤_ بەشی چوارەم کۆتایی، (شەریته یاخود خیتام)ی قەسیدەیه. شاعیر به چەند دێرێك کۆتایی به تێکستەکەی دەهێنێت. لێرەشدا (حسن الختام_ جوانیی کۆتاییهێنان) شەرت و مەرجێکی جوانی و سەرکەوتوویی قەسیدەیه.

له تێکستەکەی نالیدا جوانی کۆتایی هێنان له چوار دێری کۆتایی (٤٠ تا ٤٣) دایه، شابەیت و کرۆکی قەسیدەکەش ئەم دوو دێرەن:

**لەم شەرحی دەردی غوربەته، لەم سۆزی هیجرەته**
**دڵ ڕەنگه بێ به ئاو و به چاوا بکا عوبوور!**
**ئایا مەقامی ڕوخصەته لەم بەینه بێمەوه**
**یا مەصلەحەت تەوەققوفه تا یەومی نەفخی صوور؟**

لێرەدا چەند سەرنج و تێبینییەك به پێویست دەزانین لەمەڕ قەسیدەنامەکەی نالیدا که له ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێی گەیشتووین:

١_ نالی قەسیدەنامەکەی له شام له ساڵی (١٨٥٣_ ١٨٥٤)دا بۆ سلێمانی و بەدیاریکراویش بۆ سالمی ساحێبقڕان بەڕێکردووە. ئەمانەش بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم بۆچوونەن:

_ له دێری (٨)دا وا هاتووه:

**وەك ئاهەکەم دەوان به هەتا خاکی کۆیی یار**
**وەك ئەشکەکەم ڕەوان به هەتا ئاوی (شیوەسوور)**

هەتا کۆیی یار: تاوەکو دەگەیتە بەردەرگای ماڵی دۆست (مدرّس، ١٩٧٦، ١٧٨) دیارە دۆستەکەی سالمی ساحێبقڕانە.

_ دێری (٤٢):

**ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە**
**یا مەصڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صوور؟**

ئەم دێرە (بیت القصید)ە لە چامەکەدا، بریتییە لە پرسیارێکی ڕوون و ڕاشکاو کە بە ڕێژەی ئاخاوتن ئاراستەی کەسی دووەمی تاکی بەردەنگ کراوە و پێویستیی بە وەڵامدانەوە هەیە. دیارە پرسیارەکە ئاراستەی سالم کراوە.

_ لە دێری (٤٣)دا:

**حاڵی بکە بە خوفیە کە ئەی یاری سەنگ دڵ**
**(نالی) لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور**

واتە بە نهێنی بە یاری دڵڕەقم، واتە دۆست و هاوڕێی بێ بەزەییم بڵێ، کە نالی لە شەوق و حەسرەتی دیداری تۆیە، لە دوورەوە سەلام دەنێرێت.

٣_ مەرجی سێیەمی قەسیدە: ڕەچاوکردنی مەرجەکانی کێشی عەرووز، یەکێتیی کێش و قافیەیە. مەسەلەی پێڕەوکردنی کێشی عەرووزی لە غەزەل و قەسیدەی کلاسیکیدا وەکو دەڵێن (تحصیل حاصل)ە و مەسەلەیەکی بڕاوەیە، چونکە (قەسیدە) لە بنەڕەتدا فۆرمێکی شیعریی کلاسیکیی عەرەبییە و لەسەر عەرووز دادەمەزرێت. لە سەردەمی دەوڵەتی عەرەبی_ ئیسلامیدا بۆ ناو فەرهەنگی میللەتانی ڕۆژهەڵات (فارس و تورك و کورد) پەڕیوەتەوە. لە سەرەتادا چۆن هاتووە ئاواش پارێزگاری لە بنەما و یاسا بنەڕەتییەکانی کردووە. هەردوو قەسیدەنامەکە لە سەر بنەمای کێشی (موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی/ مەقسووڕ یان مەحزووف) دامەزراون. ئەمە یەکێکە لە قالبە کێشەکانی موزاریع، وەکو خاوەنی (کێشی شیعری کلاسیکی کوردی)یش دەڵێت: موزاریع لە شیعری فارسی و کوردیدا زۆر بەکارهاتووە، چونکە پێکهاتەی هەنگاوەکانی هەر ئەوانەن، کە لە (هەزەج و ڕەمەل)دا بەکاردێن، ئەم دوو کێشەش لە کوردیدا لە کێشە هەرە باوەکانن (گەردی، ١٩٩٩، ١٨٤)

لەبارەی سەروا و یەکێتیی سەرواوە، هەردوو قەسیدەکە لەسەر دەنگی ڕەوی (ر) دامەزراون بۆیە بە دوو قەسیدەی (ڕائی) دەناسرێن. وەکو ڕەچاوکردنێکیش بۆ نامەی شیعریی شیعری (إخوانیات)، هەردوو تێکست پێڕەوییان لە هەمان چەشنی کێش و سەروا کردووە[1].

٤_ یەکێتیی مەبەست و ناوەرۆك لە قەسیدەدا:

ئەمەیان لە دوو ڕوانگەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، بەم جۆرەی لای خوارەوە:

أ_ شیعری کلاسیکی وەکو گوتمان لەسەر بنەمای یەکێتیی بەیت دامەزراوە، بۆیە هەر تاکە دێرێك یاخود بەیتێك وەکو یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ سەیر دەکرێت. واتە، واتا و دەلالەتی شیعری لە سنووری تاکە بەیتدا کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە، کەم وایە بیرۆکە و یەکە واتاییەکان لە دێرێك زیاتر بڕۆن و بۆ دێرێکی دیکە بپەڕنەوە، بەڵام ئەم قسەیە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە یەکێتیی بابەت لە قەسیدەدا نییە، بەڵکو دێرەکان بە هەموویان گەلەکۆمەکی دەکەن لە پێکهێنانی واتای گشتیدا، هەروەها ڕۆڵی سەرواش لەم بارەوە لەبیر ناکرێت، کە دێرەکان وەکو دانەی مرواری لە دەوری ڕایەڵەی واتادا لە وێنەی دانەکانی ملوانکەیەك بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

هەر بەم شێوەیە قەسیدەنامەکەی نالی، کە لە (٤٣) دێری شیعری پێکهاتووە و لە درێژەی تێکستەکەدا ڕەهەند و واتا و دەلالەتی جیاجیای گرتووەتە خۆ، بەڵام یەکێتیی گشتیی بابەت و ناوەرۆك بووەتە چوارچێوەیەك و هەموو واتا و دەلالەتی دێرەکان لە یەك بۆتەدا کۆ دەکاتەوە. جا لێرەدا ئەگەر وەکو پوختە بگوترێت کە مەسەلەکانی تایبەت بە غوربەت و نۆستالۆژیا و حەسرەتی دار و دیار تەوەری سەرەکی شیعرنامەکەی (نالی) بێت، ئەوا بێگومان هەموو دێرەکان لە خزمەت ئەم ئامانجەدان و لە دەوری ئەم تەوەرەدا کۆ دەبنەوە. ئینجا سەبارەت بە شیعرنامەکەی (سالم)یش هەروایە، جگە لە ڕوونکردنەوە و تەفسیلاتێك کە

---

[1] بەدەر لە ڕەچاوکردنی مەرجە بنەڕەتییە مێژووییەکانیش، زاراوەی (قەسیدە) لە شیعری نوێ و هاوچەرخیشدا ماوەتەوە و بە باڵای ئەو تێکستە شیعرییانەدا هەڵدەدرێت کە ئاماڵ درێژ و کشاو بن، بێ پێڕەوکردن لە مەرجەکانی کێش و سەرواش.

پەیوەستە بە هەلومەرجە سیاسییەکە و بارودۆخی میرنشین لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕۆمەکاندا.

ب_ ڕوانگەیەکی دیکەی پەیوەست بە یەکێتیی مەبەست ناوەڕۆك پەیوەندیی بە هەندێك لایەنی نەریتیی تێکستەکانەوە هەیە. وەك ئەوەی دەگوترێت هەردوو تێکستەکە بریتین لە دوو نامەی شیعریی، یەکەمیان لە (نالی)یەوە ئاراستەی (سالم) کراوە و دووەمیش لە شێوەی وەڵامنامەدایە لە (سالم)ەوە بۆ (نالی). ئەم جۆرە نامە شیعرییانە، کە لەنێوان شاعیراندا و لەسەر یەك کێش و سەروا دەهۆندرێتەوە و ئاڵوگۆڕ دەکرێت، لە ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیدا ناونراوە (إخوانيات). ئەم ژانرە ئەدەبییە ناوەڕۆکەکەی لە ناوەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە شیعری دۆستایەتی و برایەتی و هاوڕێیەتییە. شاعیران دەردی دڵ بۆ یەکتری دەکەن. داد و بێداد لە دەستی جەوری چەرخی چەپگەردی زەمانە دەردەبڕن. دکتۆر (شەمیسا) لەمبارەیەوە دەڵێت:

شیعری ئیخوانیات بەو هۆیەی، کەوا شاعیران تیایدا قسە و گوفتاری دووبارەی دێرینە و سۆز و خۆشەویستی لە بەرانبەر یەکتردا نیشان دەدەن و گلەیی لە چنگ زەبری زەمانە دەردەبڕن، بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی تێکستگەلێکی سۆزدار و پاراو و ڕەوان دەبن (شمیسا، ١٣٨٣، ٢٦٢). مەسەلەی ڕاستگۆیی لە دەربڕینی موعاناتی هەردوو شاعیر بەڕوونی لە هەردوو شیعرنامەکەدا هەستی پێدەکرێت. سیمایەکی دیکەی کە لە هەردوو شیعرنامەکە بەدی دەکرێت، مەسەلەی بۆ یەکتر خوێندن و بەرانبەری (مونازەڕە)یە، کە تێیدا مەبەست و بیرۆکە و هەستەکان لەنێوان شاعیرەکان ڕەد و بەدەل دەکرێن. هەروەها لاساییکردنەوە و شوێن پێهەڵگرتنی یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیە، واتە ئەوەی پێی دەگوترێت (ئیقتیفا)، کە لە کێش و سەروا و مەبەست و ناوەڕۆکیش لە تێکستەکاندا ڕوون و ئاشکران. ئینجا لایەنێکی دیکەش کە هەردوو تێکست لە ڕووی بابەت و ناوەڕۆکەوە یەك دەخات، ئەو سیمای دیالۆگ و پرسیار و وەڵامەیە کە لە بنیاتی هەردوو تێکستدا بەدی دەکرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئەم دوو شیعرنامەیە لە لایەنی جەوهەرییەوە سەر بە دوو دونیای جیاوازن، کە لە جیاوازیی جیهانبینی و سیستەمی فیکریی هەردوو

شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم جیاوازییە لە تەواوی بەرهەمی شیعری هەردوو شاعیر و مەسەلەی هەڵوێست لە کێشمەکێشەکانی ناو میرایەتیی بابان، بە پەیوەندی لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی ڕۆم و عەجەم ڕەنگی داوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی شیعری (نالی) مۆرك و کاریگەریی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و ڕەوانبێژیی عەرەبی زیاتر پێوە دیارە، لە کاتێکدا (سالم) زیاتر لە ژێر کاریگەریی زمان و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی ئێرانی بووە (سجادی، ١٩٧٣، ١٢٦).

_ (نالی) لە تەواوی بەرهەمی شیعریی، لە شیعرنامەکەشیدا کەمتر بە لای کێشمەکێشی سیاسی و ململانێی نێوان هەردوو زلهێزی ناوچەکە و هەتا دووبەرەکیی نێوان بنەماڵەی بابانەکانیشەوە چووە. لە شیعرنامەکەیدا زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی (یادەوەری و غوربەت و نۆستالۆژیا) بەسەریدا زاڵە، نەوەك مۆرکێکی سیاسی. لە کاتێکدا (سالم) لە کۆبەرهەرمی شیعرەکانیدا هەمیشە خۆی لە چەقی ململانێیەکانی نێوان ڕۆم و عەجەمدا دەنوێنێت و هەواداری و لایەنگیری بۆ میرایەتی و بنەماڵەی بابانەکان و تەنانەت دژایەتیی سیاسیی توند و ڕوون و ئاشکرایشی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی ناشارێتەوە، ئەم لایەنە لە وەڵامنامەکەدا زۆر ڕوون و ڕاشکاوانەیە.

_ لە شیعر و ژیاننامە و هەڵوێستیشدا دەشێت ئەوە تێبینی بکرێت کە (نالی) زیاتر عوسمانلی مەشرەب بووە. بەو هۆیەی ئەو لەپاڵ شاعیرێتیدا زانایەکی ئایینیی سوننیی شافعی مەزهەب بووە، ڕەنگە مەسەلەی مەزهەبیش ڕۆڵێکی لەم ئاراستەیەدا هەبووبێت، لە کاتێکدا (سالم) بە حوکمی پاشخان و ئیلتیزامی بنەماڵە و لایەنی فەرهەنگ و خوێندەواری و تا دەگاتە لایەنگیری لە باڵێکی ناو بنەماڵەی بابانەکان (بەرەی مەحموود پاشا)، زیاتر ئاراستە و ڕووی بە لای ئێراندا بووە (ئەمین، ١٩٩٨، ١٨٩).

دەقی هەردوو شیعرنامەکەی (نالی) و (سالم)

شیعرنامەکەی (نالی):

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم، ئەی بادی خۆش مروور**
**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)**

ئـەی لـوطفەکـەت خـەفیی و هـەواخواه و هەمدەمـە
وەی سـروەکەت بەشـارەتی سەرگۆشـەیی حـوضـوور
ئـەی هـەممیزاجی ئەشـکی تـەڕ و گـەرمی عاشـقان
طۆفـانی دیـدەو و شـەرەری قـەلبی وەك تـەنوور
گـاهێ دەبـی بـە ڕەوح و دەکـەی باوەشـێنی دڵ
طـاهـێ دەبـی بـە دەم، دەدەمێنـی دەمـی غـورور
مـەحوی قوبـووڵی خـاطری عـاطر شـەمیمتە
گـەردی شـیمال و گێـژی جـەنووب و کـزەی دەبـوور
سـووتا ڕەواقـی خانـەیی صـەبرم، دڵ و دەروون
نـەیماوە غـەیری گۆشـەیی ذیکرێکـی (یـا صـوبوور)
هـەم هەمعـەنانی ئـاهم و هـەم هـەمڕیکابی ئەشـك
ڕەحمێ بـەم ئـاه و ئەشـکە بکـە، هەسـتە بێ قوصـوور
وەك ئاهەکـەم دەوان بـە هـەتا خـاکی کـۆیی یـار
وەك ئەشـکەکەم ڕەوان بـە هـەتا ئـاوی (شیوەسـوور)
بـەو ئـاوە خـۆت بشـۆ لـە کـودووراتی سـەرزەمین
شاد بن بە وەصڵی یەکدی، کە تۆی طاهـیر، ئـەو طەهـوور
ئـەمجا مەوەسـتە تـا دەگەییـە عـەینی (سەرچـنار)
ئاوێکـە پـڕ لـە نـار و چـنار و گـوڵ و چـنوور
چـەشمێکە میپلـی خـۆر کـە لـە صـەد جێ، بـە ڕۆشنی
فـەورانی، نـووری صـافە لەسـەر بـەردی وەك بلـوور
یـا عەکسـی ئاسمانـە لـە ئاوێنـەدا کـەوا
ئەسـتێرەکانی ڕابکشـێن وەك شـەهابی نـوور
یـا چەشمەسـازی خـاطری پـڕ فـەیضـی عاریفـە
یـەنبووعی نـوورە دابـڕژێنێ لـە کێـوی طـوور
دەمـوت دوو چـاوی خۆمـە، ئەگـەر (بـەکرەجۆ)یی ئەشـك
نەبوایـە تیـژ و بێ ثـەمـەر و گـەرم و سـوێر و سـوور

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)
هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور
یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەن دەمێ
موشکین دەبی کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور
خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهار و فوصووڵی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەموو بوخوور
شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری (شارەزوور)
ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئوموور
سەیرێ بکە لە بەرد و لە داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام)؟
پیر و فوتادەتەن نەبووە (داری پیرمەسوور)؟
ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)
یا بێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور
ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)،
یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور؟
(سەیوان) نەظیری گونبەدی کەیوانە، سەبز و صاف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور؟
ئێستەش مەکانی ئاسکەیە (کانی ئاسکان)،
یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورەلوور؟
ئێستەش سروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)،
یاخۆ بووە بە صۆفییی وشکی لەحەق بەدوور؟

داخــۆ دەروونــی صــافە، گــوڕەی مــاوە (تانجــەرۆ)،
یــاخۆ ئەســیری خاکــە، بــە لێڵــی دەکــا عوبــوور؟
ســەیرێکی خــۆش لــە چــیمەنی نــاو (خانــەقا) بکــە
ئایــا ڕەبیعــی ئــاهووە، یــا ضــایــری ســتوور؟
سەبزە لـە دەوری گـوڵ تـەڕە وەك خـەططی ڕوویـی یـار
یـا پووشــی وشــك و زوورە وەکــوو ڕیشــی (کاکەســوور)؟
قـــەلبی مونـــەووەرە لـــە حـــەبیبانی نـــازەنین،
یــا وەك ســەقەر پــڕە لــە ڕەقیبــانی لەنــدەهوور؟
دەســـتبەندییانە دێـــن و دەچـــن ســـەرو و نـــارەوەن،
یــا حەڵقەیانــە صــۆفییی مــل خــوار و مەنــدەبوور؟
مــەیلێ بکــە لــە ســەبزە درەختــانی مەدرەســە:
ئـــەوراقیان موقەددیمـــەیی شـــینە یانـــە ســـوور؟
حــەوضــی پــڕی کــە نــائیبی دیــدەیی منــە لــەوێ،
لــێلاوی دانــەهاتووە وەك ســەیلی (شیوەســوور)؟
ئێســتەش کــەناری حەوشــەکە جێــی بــاز و کەوشــەکە،
یــاریی تیایــە، یــا بووەتــە مــەعرەضــی نوفــوور؟
چــاوێ بخــە لــە ســەبزەوو ســێرابی دائــیرە
جــێ جیلوەگــاهی چــاوەکەمە، نەرمــە یانــە زوور؟
توخــوا فــەضــایی دەشــتی فــەقێکان ئەمێســتەکەش
مەحشــەرمیثــالــە، یــا بووەتــە (چۆڵی ســەلم و تــوور)؟
واصــیل بکــە عــەبیری ســەلامم بــە حوجرەکــەم
چیی مـاوە، چـیی نـەماوە، لـە هـەیوان و طـاق و ژوور؟
ئــەو غــاری یــارە، پــڕ ئــەغیارە، یانــە خــۆ
هــەر غــاری یــارە یــا بووەتــە غــاری مــار و مــوور؟
زارم وەکـــوو هـــیلال و نـــەحیفم وەکـــوو خـــەیاڵ!
ئایــا دەکەومــە زار و بــە دڵــدا دەکــەم خــوطــوور؟

**لـەم شـەرحی دەردی غوربەتـە، لـەم سـۆزی هیجرەتـە**
**دڵ ڕەنگـە بـێ بـە ئـاو و بـە چـاوا بکـا عوبـوور!**
**ئایـــا مـــەقامی ڕوخصـــەتە لـــەم بەینـــە بێمـــەوە،**
**یا مەصڵەحەت تەوەققوفـە تـا یـەومی نـەفخی صـوور؟**
**حـاڵی بکـە بـە خوفیـە: کـە ئـەی یـاری سـەنگ دڵ**
**(نـالی) لـە شـەوقی تۆیـە دەنێـرێ سـەلامی دوور**

وەڵامنامەکەی (سالم):

**جـانم فیـدایی سـروەکەت ئـەی بادەکـەی سـەحەر!**
**ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهـی پـڕ خـەطـەر!**
**ئـەی میروەحـەی جـەمالی مەهئاسـایی دڵبـەران**
**وەی شـانەزەن بـە کـاکۆڵی تورکـانی سـیم بـەر!**
**جاڕووکەشـی مـەنازیلی جانـان لـە خـەڵوەتا!**
**فەڕڕاشی فەرشی سەبزە، بەهاران، لە دەشت و دەر!**
**مـاڵش دەدەی بە دەم لـە دەمـی خـوابی صـوبح دەم**
**هـەم زوڵفـی قیرگوونـەو و هـەم چـیهرەیی قەمـەر**
**بـاری لـە سـروەکەت بـە شـنەی، ئەنگـەبینی گـەز**
**کردوویـە جونبوشـت بـە هەمئاغۆشـی نـەی شـەکەر**
**وەختـی طـەوافـی عاریضـی دڵبـەر، شـنۆیی تـۆ**
**لەغزش دەخا بە گوڕڕە، لـە سـەر تـا بـە پێـی کەمـەر**
**کـەی دێتـە خەنـدە غونچـە، دەمـی، بـێ وەزیـدەنت؟**
**گـەر تـۆ نـەبی، درەختـی چـەمەن نـاگرێ پهمـەر؟**
**ئیحیـــاکونی جـــەمیعی نـــەباتاتی عالـــەمی**
**ڕەعنـا کشـا لـە تەربیـەتت قامـەتی شـەجەر**
**ئـابی حـەیاتی ئاتەشـی ئەفسـوردەیە دەمـت**
**تـەحریکی تۆیـە گـڕ لـە تـەنوورا کـە دێتـە سـەر**

میحنــەت ئەوەنــدە زۆرە، دڵــم هێنــدە تــەنگ بــووە

دوودی هەناســەیی ســەحەرم هــەوری گرتــە بــەر

هیممــەت کــە چــابوکانە بــە ئیجرایــی مــەطڵــەبم

لەمسەر بڕۆ وەکوو بەرید و لـەوێ بێ وەکوو تەتـەر

بـۆ مـوڵکی شـامە نامـەیی مـن، سـوویی (نالی)یـە

هـەر حـەرفی ئـەو لـە وەضـعی ویلایـەت دەدا خەبـەر

پرسـیویە_ظـاهیرەن_ لـە ڕەفیقـانی یـەك جیهـەت

ئـەحواڵی ئـەهلی شــەهر و موقیمــانی سەربەســەر

لەوســاوە حــاکمی بــە ســتەم دەربــەدەر کــرا

نەیدیوە کـەس لـە چیهرەیی کـەس جەوهـەری هونـەر

تــا بوو بە جـایی مـەطلـەعی خورشیدی مـوڵکی ڕۆم

سووتا گیاهی تیشنەو و خوشکیدە بوو شەمەر

ناکــەن هــەوایی هــیچ کــەبابێ ذەلیلــی شــەهر

بوریانــە بــەس لــە نــاری غــەما، پــارەیی جگـەر!

جــوز گــاهی ئــاه و گریــە لــە ئـەییامی ڕۆمییـا

نەمــدیوە وا بــبێ لــە فەرەحــدا لــەبی بەشــەر

(سەیوان) پڕە لە شەخصی ستەمدیدە، خـوار و ژوور

هـەر قـەبری پـڕ غەمانـە بـە هـەر لا دەکـەم نـەظهـر!

جێــی تورکــانی ڕۆمــە دەر و ژووری (خانــەقاه)

غافــڵ هــەموو لــە جــایی موریــدانی باخەبــەر!

ئـەو حـەوضـە پـڕ دەبوو کـە وەکوو چاوەکانی ئـەو

تــەغییرە ئــاوی وەك دڵــی مــەردانی پــڕ کــەدەر

ئـەو دەشـتە جـایی یـاریی یـارانی حـوجرە بـوو،

یەکســەر مــەقامی ڕۆمییــە هــەروەك تــەهی ســەقەر

ســووتا دڵــم بــە حاڵــەتی جۆبــاری (سەرچــنار)

لــێڵاوە چەشمەســاری وەکــوو چــاوی بــێ بەصــەر

زستانی ئەووەڵین بوو درا بەرگی (شێخەباس)
ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخصیش دەخا ضەرەر
وەك پیری خوردساڵە خەمی داری (پیرمەصوور)
مەشغووڵی لەغزشە، هەمە جا، پایی تا بە سەر
ئەو بەردەکانی ناوی نرا قصنی شەخصەکەی،
دایان بە شاخی دارەکەیا، تورکی بێ هونەر
وەك چاوی بێ غەمانە، هەموو (شیوی ئاودار)
بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەطرە بێتە دەر
ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو (کانیی ئاسکان)
ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ئەڕۆمی پڕە لە کەر
ئەمڕۆ فەضایی بازیگەهـ جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی (الحذر)
تا دوزدجۆیی نیمەشەبن تورکی بێ نیظام
دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکوو شەرەر
شەهرێکە پڕ لە ظوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین
جاییێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ
سەربانی پڕ لە گەژدوم و دیوانی پڕ لە مار
گوودالی پڕ لە ڕەهزەن و صەحرایی پڕ خەطەر
دڵ نایێڵێ بڵێم: چییە سامانی حوجرەکەی
هەر تۆڕی عەنکەبووتە، حیجابی بیروون و دەر!
نایێ صەدا لە پەنجەرەکەی، جوز فیغانی جوغد
غەیرەز شەقامی مووری نییە شوێن و پێ گوزەر
توو خوا بڵێ بە حەضرەتی (نالی): دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانییا گوزەر! !
(سالم) صیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاك
من کردم، ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر

**ئەم موڵکە نەظمی نابێ بەبێ ضەبطـــی واریثـــی**
**بێ ئەو، بە قەصدی ئەم طەرەفە، با نەکا سەفەر!**

مادامەکێ ئێمە لە بواری لێکۆڵینەوەدا لە شیعرنامەکانی نێوان (سالم و نالی و کوردی)دا دەخولێینەوە. بە دەرفەتی دەزانین لەم بوارەدا ئاوڕێکیش لەو دوو نامە شیعرییە بدەینەوە، کە لەنێوان شاعیران (نالی) و (نەفعی)دا ئاڵوگۆڕ کراون و تاکە سەرچاوەکیش بۆ ئـەم نامانـە، ئـەوا دیوانـە تـازە دۆزراوە و تـازە چـاپکراوەکەی (نەفعی)یە[(١)].

نامەی (نەفعی) بۆ (نالی)

**کە واصڵ بوو...**

**کە واصڵ بوو لەگەڵ بادی صەبا، ئەی موحتـەرەم نامـە**
**گـوتم بـۆی عەنبـەرە، یـا تـاجی فـەخرە، تـازە ئینعامـە**
**لــە مــەضــموونی مــونیفی تێـدەفکری ڕووح بەخشـایە**
**ئەگـەر سـەیری نویسـینی بکـەی، وەك لوئلـوئی تامـە**
**تەسەلسـول نویسـراوە هــەر وەکـوو زنجـیری مەسـتانە**
**حرووفــاتی یــەکا یــەك مونعەقیـد بـۆ جـان و دڵ دامـە**

---

(١) نەفعی، هاوسەردەمی نالی و سالم و کوردی بووە، لەپاڵ مەلا وەسمان (١٨٠٦_ ١٨٨٩) و شاعیرانی تریش، یەکێك بووە لە شاعیرانی بەرەی یەکەمی قوتابخانەی بابـان. جـارێ لـە پێشـەوە هـەبوونی شاعیرانێك لە وێنەی: مەلا وەسمـان، نـەفعی، حەسرەتی، فیکری...هتـد. ئـەم مەسـەلە دێرینـەی (سێکوچکەی بابان) تێدەپەڕێنێت و بازنەکە فراوانتر دەکات. ئەم شاعیرەمان واتـە (نـەفعی) بـەم دوا دواییە دیوانی شیعرەکانی لە ئەرشیفخانەی ئەستەمبۆڵدا دۆزراوەتەوە. هێشـتا زانیـاریی تـەواو لەمەڕ ژیاننامەکەی لە بەردەستدا نییـە، بـەپێی ئـەو زانیارییـە کەمـەی لەگـەڵ دیوانەکەیـدا تۆمـار کراوە، ناوبراو تا ساڵی (١٨٤٧) لە ژیاندا بـووە. لـە بنەڕەتـدا لـە سلێمانی بـووە، لەگـەڵ مـەولانا خالیددا ڕووی کردووەتە ئاوارەیی و سەرەنجام لە شام (دیمەشق) گیرساوەتەوە و هـەتا کۆتـاییی تەمەنی لەوێ ژیاوە. لە شام لەگەڵ (نالی) نامـەی شـیعرییان ئـاڵوگۆڕ کـردووە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بگەڕێوە بۆ:

_ دۆسـکی، تەحسـین ئیـبراهیم و (مەسـعود خالـد گـولی)، ٢٠١٠، دیوانـا نـەفعی، لـە بلاوکراوەکـانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

ئەگەرچی وەك منی مسکین، نییە لایق بە نامەی تۆ
بەڵێ تەحقیقە موطلەق لوطف و ئینعامی ئەتۆ عامە
ئەگەر پێشکەش بکەم ڕۆح و دڵ و جەستەم لە ڕێی نامەت
کەمە ئەلحەق لە ڕێی ئەو نامەدا ئەدنایی ئیکرامە
نەبوو مەئموولی من ئەصلا، بە نامەی تۆ ببم خوررەم
ئەمێستا بێ تەفەککور جەزمە زانیم سەعدی خەددامە
بە کوردی من وەکوو (نالی) نییە هەرگیز غەزەلخوانێك
بە تورکی و عارەبی و فارسی (نەفعی) بلێ خامە

نامەی (نالی) بۆ (نەفعی)

**موعططەر بوو...**

موعططەر بوو بە بوویی ئاشنایی قووەتی شامە
چ طالع بوو کە هەڵبوو، ئەم نەسیمی صوبحە، ئەم شامە
عەزیزا خاصصەتەن من لاییق و شایستەیی لوطفم
وە یاخود حوسن و خولقی شاملی ئینعامی تۆ عامە
وشك بوو بوو دەماغی ذەوقم ئێستاکە بکە طەوفی
کە کەعبێکی صەفایە زەمزەمێکی لەذذەت و تامە
بە طیبی خولقی تۆ یەکسەر کەشف بوو کوربەتی غوربەت
حەریفا با وجوودی تۆ هەموو ناکامییی کامە
دەمێکە هەمزوبانێکم نییە غەیری قەڵەم، هەر ئەو
دەروونی پڕ لە ناڵە و پوختە، خەڵکی پێی دەڵێن: خامە
نیشانەی پوختەگی بێ دەنگییە (نالی) ئەگەر پوختەی
بە حیددەت پەی بکە خامە، بە حوججەت طەی بکە نامە

(دۆسکی، ٢٠١٠،٣١ — ٣٣)

سەبارەت بە تێکستی ئەم دوو شیعرنامەیە:

_نازاندرێت نامەکان کامەیان لە پێش کامیانەوە نووسراوە، بەڵام لە سیاقی نامەکان وا بە دیاردەکەوێت کە هەردووکیان وەڵامنامە بن. ئەگەر نامەکەی (نالی) وەڵامی ئەم نامەیەی (نەفعی) بێت، وا دیارە پێشتر نامەیەك لە ئارادا بووە، کە بە دەستی نەفعی گەییوە چونکە هەر لە دەستپێکدا دەڵێت:

**کە واصل بوو لەگەڵ بادی صەبا نامە**

**گوتم بۆی عەنبەرە، یا تاجی فەخرە تازە ئینعامە**

ئینجا لەوەی (نالی)یشدا هاتووە:

**موعططەر بوو بە بۆیی ئاشنایی قووەتی شامە**

**چ طالع بوو کە هەڵبوو، ئەم نەسیمی صوبحە، ئەم شامە**

_ نیوەی دووەمی دێرەکە، واتە لەم ئێوارەیەدا ئەم نەسیمە بۆندارەی بەیانییان هەڵی کرد و پەیامێکی هێنا.

_ وەڵامناکەی (نالی) لە عورفی (ڕەدیف)ی نامە شیعرییەکەی (نەفعی) کەمێکی لاداوە بەوەی دێڕێکی کەمترە.

_بۆ ساغکردنەوەی و ڕاستکردنەوەی دەقی نامە شیعرییەکان پشتمان بە وێنەی دەستخەتەکان بەستووە، کە وەك پاشکۆ لە تەك دیوانەکەی (نەفعی)دا چاپ کراوە.

## شیعرێکی سالم و مەسەلەیەکی مێژوویی

لە بابەتی پەیوەندیی (سالم) لە تەك زانا و شاعیرانی هاوسەردەمی لە وێنەی: مەولانا خالیدی شارەزووری، نالی، کوردی لە پاشانیش مەشوی یاخود مەحوی، پارچە شیعرێکی (٦) دێری هەیە، کە وا لە هەر سێ چاپەکەی دیوانی سالمدا (کوردی مەریوانی/١٩٣٣)، (گیوی موکریانی/١٩٧٢)، (بنەماڵەی مودەرریس/ ٢٠١٥)دا هاتووە و دووبارە بووەتەوە، ئەم پارچەیە گومان و کۆمەڵێك پرسیار و تێبینی دەورووژێنێت، کە پێویستیان بە وەڵام و ڕوونکردنەوە هەیە، با لە سەرەتادا پارچە شیعرەکەی سالم دەور بکەینەوە:

**لە عەرصەی ئەوجی عیشقت، بازی دڵ هەڵسا لە دەورانا**

**بە بەرقی پرتەوی حوسنت، پەڕی سووتا لە طەیرانا**

**لـه ڕۆژی ئیمتیحانـا دیـم بەرابـەر ڕوئیـەتی مەعشـووق**
**کەمەربەسـتەی هونـەر هـاتن لـە تیپـی عیشـقبازانا**
**لە یەك لا (نالی) و (مەشوی)، لە لایێ (سالم) و (کوردی)**
**لە هەنگامەی هونەرگەرمی، تکـاچۆ بـوون لـە (مـەولانا)**
**لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سـواریی مەرکـەبی مـەضـموون**
**بە کوردی، هەر یەکە تازی سـەوارێ بـوون لـە (بابـان)ا**
**کە (نالی) تەوسەنی طەبعی بە طەرزێ گەرم جوستەن بوو**
**بە چـەوگانی خـیرەد گۆی دانشـی دەرکـرد لـە مەیـدانا**
**کە ڕەخشی طەبعی ڕامی هاتە سەر میقراضەکی تەعلیم**
**ڕیکـابی پـای بۆسـن (سـالم) و (مەشـوی) لـە دەورانـا**

(سالم) لەم تێکستەدا وا دەنوێنێت، کـەوا شـاعیرانی دەوری یەکـەمی بابـان (نالی و کوردی و خۆی)، بە هاوڕێیەتیی (مەشوی)، کە بە مەبەستی هونەرنواندن و لە پێشبڕکێ و شەڕەشیعردا چوونەتە لای (مەولانا) تاوەکو داوەری و ناوبژیوانییان لەنێواندا بکات و ڕادە و پایەی هونەرمەندیی هەرکامێکیان، کەوا شـاعیرانی نـاودار و ناسـراوی کـورد و سوارچـاکی مەیـدانی ئـەدەب و وێـژە بـوون لـەو چـاخەدا، دەستنیشان بکات، ئینجا (سالم) هەر خۆیشی ئەو ڕاستییە دەدرکێنێت کـە (نـالی) گۆی هونەری لەنێوانیاندا بردووەتەوە و بووە بە سوارچاك و پێشـەنگی هـەمووان. ئیتر ئەمانیش هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە کە شوێن پێی ئەو شۆڕەسوارە بکـەون و بەدوایدا بڕۆن. ئەمە پوختـەی بۆچـوونەکانی (سـالم) بـوو لـەو تێکسـتەیدا، ئینجـا ئەگەر هات و لە مەسەلەی ژیننامەی ئەم زاتانە ورد بینەوە بەم جۆرەیە:

مەولانا خالید ١٧٧٩_ ١٨٢٧ ز، تەنیا تاوەکو ١٨٢٠ لە سلێمانی ماوەتەوە.
نالی ١٨٠٠_ ١٨٧٧ ز، بەر لە ١٨٤٧ سلێمانی جێ هێشتووە.
کوردی ١٧٨٢_ ١٨٥٩ ز.
سالم ١٨٠٥_ ١٨٦٩ ز.
مەشوی ١٨٣٠_ ١٩٠٦ ز.

_ تا دوا ڕۆژەکانی ئەو ساڵەش (١٨٢٠ ز)، کە مەولانا بە یەکجاری سلێمانی جێ هێشتووە نە (سالم) خۆی و نە (مەشوی _ ئەگەر مەبەست مەحوی بێت کە هێشتا هەر لەدایك نەبووبوو)، هێشتا ئەو تەمەنەی شیعر و شاعیرێتییان نەبووە بناسرێن، چ جای ئەوەی لەبەردەم (مەولانا)دا شەڕە شیعر بکەن! تەنانەت ڕەنگە هێشتا (نالی)یش وەکو ئەو شاعیرە پایەبەرزە لە سلێمانی دەرنەکەوتبێت. بەڵگەی ڕوونیش ئەوەیە (مستەر ڕیچ) لە گەشتنامەکەیدا بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٨٢٠دا کە سێ مانگ لێی ماوەتەوە، بە هیچ شێوەیەك ناوی هیچ کام لەمانە نابات، کە وەکو شاعیر ناسراو و دەرکەوتوو بووبن، تەنیا (مەولانا) نەبێت هەڵوەستەی لەسەر کردووە و تەنانەت باس لە ڕۆڵ و هەلومەرجی ژیانی لە سلێمانی و مەسەلەی ئیرشاد و ڕابەرێتیی تەریقەتەکەی دەکات تا دەگاتە سەفەرکردنی لەناکاو و جێهێشتنی سلێمانی بەرەو بەغدا.

_ مەولانا خۆیشی لەگەڵ هەموو پلە و پایەکی ڕێزلێگیراویشی کە لەو ڕۆژگارەدا هەیبووە، وەکو شاعیر نەناسراوە، ئەگەرچی کۆمەڵێك شیعری فارسی و عەرەبی و چەند پارچەیەکی شیعری کوردی (کە زۆرتریان بە هەورامی و دیالێکتی گۆران)ە لەدوا بەجێ ماوە. ئینجا هەریەك لە (نالی و سالم و کوردی)یش لە دواییدا وەکو ڕابەر و مامۆستایەکی مەزن سەیریان کردووە و لە شیعر هۆنینەوەشدا شوێن پێیان هەڵگرتووە (ئەمین، ٢٠١٥، ك١ ب ٢، ٢٤٥)

_نالی و سالم و کوردی لە چارەگی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا لە بواری شیعر و شاعیریدا پێگەیشتوون و بە نەوەی یەکەمی شاعیرانی بابان دەناسرێن، لە کاتێکدا (مەولانا) لەو سەردەمەدا لە سلێمانی نەبووە، هەروەها (مەحوی) لە ناوەڕاست و نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە ئەستێرەی گەشاوەتەوە بۆیە لە ڕیزی نەوەی دووەمی شاعیرانی باباندا دەژمێردرێت لە ڕیزی شاعیرانی وەکو شێخ ڕەزا و حاجی قادر و وەفاییدا.

_ ڕاستە شیعرەکە بە هەموو پێوەرێکی زمان و شێوازی شیعری و دەلالەت و دەربڕینەوە لە تەبعی شیعریی سالمەوە نزیکە، بەڵام بۆ بەلاداخستنی ئەم ئیشکالە یا دەبێت (سالم) لە قۆناغێکی زۆر دواتردا، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا ئەم پارچەیەی هۆنیبێتەوە، یا ئەوەتا ئەم (مەشوی)یە ئەو (مەحوی)یەی شاعیری سۆفیی ناوداری کورد نەبێت و کەسێکی تر بووبێت.

_ گومانی تێدا نییە ئەم دەستە شاعیرەی بابان هەمیشە بەیەکەوە ناویان دێت واتە (نالی و سالم و کوردی)، پەیوەندیی پتەوی دۆستایەتی و هاوڕێیەتیش کۆی کردوونەتەوە و بە وردیش ئاگاداری بەرهەمی شیعری یەکتری بوون، بۆیە گەلێك فۆرمی شیعریی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدی دەکرێن، لە پاڵ کاریگەری و شوێن دانان و چاولێکەری لە زۆر بوار و هونەری شیعردا، ئینجا بەو پێیە ئاڵوگۆڕ و ڕەد و بەدەلی نامەی شیعریش لەنێوانا هەبووە، بە جۆرێك ئەم لایەنی کاریگەری و کاریگەربوونە لەنێوان ئەم شاعیرانەدا پێویستی بە کار و لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە. لەم ماوەیەدا ئێمە وەك چۆن لە ناونیشانی باسەکەماندا دیاریمان کردووە، لایەنێکی ئەم پەیوەندی و کاریگەرییانە باس دەکەین، ئەویش مەسەلەی نامەی شیعرییە لەنێوان ئەم شاعیرانەدا.

## شیعرنامە لەنێوان سالم و کوردیدا

چاپ و بڵاوبوونەوەی (دیوانی کوردی) لە دوو بەرگدا، بە لێکۆڵینەوەی مامۆستا (محەمەد مستەفا _ حەمەبۆر)، دەستکەوتێکی ڕووناکبیریی گەورە بوو لە مەیدانی ناساندن و لێکۆڵینەوەی سەرجەم بەرهەمی شیعری یەکێك لە شاعیرانی ناسراو و ناوداری کورد[1].

لە دوای ئەوەش چاپ و بڵاوبوونەوەی (دیوانی سالم) بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بنەماڵەی زانیارانی کورد (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی)، پارسەنگی شیعر و دیوانی هەر سێ کەڵە شاعیری ناوداری سەردەمی بابانی بە جارێك ڕاست کردەوە. بە جۆرێك هەموویان بەیەکەوە، واتە دیوانی نالی و سالم و کوردی، ببن بە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش لە بەردەستی مامۆستایان و توێژەرانی بواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. بۆ مەسەلەی ئەم شیعرنامانەی نێوان هەردوو شاعیر بە پلەی یەکەم پشت بە (دیوانی کوردی) بەستراوە، ئینجا (دیوانی سالم) لە دوای ئەوەوە دێت.

---

[1] بەداخێکی زۆرەوە وەکو دەردەکەوێت دیوانەکەی لە کاتی تایپ و هەڵەگیری و چاپ و دیزایندا، جگە لە هەڵەی چاپ کۆمەڵێك کەموکورتی تێکەوتووە، وەکو دووبارەبوونەوەی هەندێك شوێن و تێکچوونی ڕیزبەندیی تێکستەکان و پەڕینی هەندێك تێکستی شیعری کوردی، کە لە چاپەکانی پێشوویدا هەن و لێرەدا نابیندرێن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دیوانەکە چاپێکی پێشکەوتووە.

١_ نامەی (کوردی) بۆ (سالم)

موشتاقە دڵم

موشتاقە دڵم، لەو دەمەوە چۆڵە مەقامت
بۆ بیستنی ئەشعاری پڕ و خۆشی کەلامت
دڵ تابی غەمی هیجری نەماوە بەسە ئیتر
تازەی بکەوە عوشرەتەکەی ساڵ و عەیامت
تا (شیوەکەڵ)ت مەسکەنە شێواوە کەڵی ژین
ئاریٚ کە گومە لێم خەبەر و پەیك و پەیامت
ئەی جیلوەیی خاکی...
شەوگاری...
خۆت چاکی دەزانی..
کەی شەرتی وەفا و دۆستییە
پێکاوتە دڵ و شیفتەیی...
چاوم لە دەری مەقدەمی...
. . .
. . .
مەحرورمی سەری (لوطف)ی ئە(بیمار)یە (کوردی)
بۆییٚ کەسەری (سالم)ە لە هیجرانی بەسامت

حەمەبۆر دەڵێت: ئەم هەڵبەستە تەنیا یەك سەرچاوەی هەیە ئەویش (کەشکۆڵی عەلی ئاغای نەوتچیی زەنگەنەییە)، کە بە کورتکراوەی (عن) ناوی دەبات و هێشتاش چاپیش نەکراوە، هەرچەند بەداخەوە تەنیا چوار تاکی بەتەواوی ماوە و سیٚ تاکی (لەبەر پەڕپووتی) پچڕپچڕێکی سەرەتاکانیان دەست کەوتووە. ئینجا دەڵێت: لە سەرچاوەی ناوبراودا لە پەراوێزی شیعرەکەدا بە فارسی نووسراوە: ((نامە کردی در سلیمانیه برای سالم بشیوەکل فرستادە غفرالله لهما کە در پایان جوابش بنظر میرسد)). واتە: ئەم هەڵبەستە نامەی (کوردی)یە کە لە سلێمانییەوە بۆ (سالم)ی ناردووە بۆ شیوەکەڵ، خوا لێیان

خـۆش بـێ و لـە دواییشـەوە وەڵامەکـەی دەبینـدرێت (حەمـەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٧٧).
(شیوەکەڵ) گوندێکە لە ناوچەی (سیوەیل) سـەر بـە مەڵبەنـدی (شـاربازێڕ)ە، لـە سەردەمی بابانەکاندا بنکەیەکی بەهێزی فەرمانڕەواییی بابانەکان بووە. برا گەورە و ئاغای شیوەکەڵ لەو عانەدا (مەحموود ئاغـای کـوڕی سـەلیم ئاغـا)ی شـیوەکەڵ بووە، کە پیـاوێکی دەستڕۆیشـتووی مـەزن و پشـتوپەنایەکی گـەورەی میرایـەتیی بابـانیش بـووە. سـالم لـە قۆنـاغێکی دواتـر و لـە بۆنـەی مـەرگی کتـوپڕی ئـەم (مـەحموود ئاغا)یـەدا قەسـیدەیەکی ماتەمنامـەی زۆر بەسـۆزی لـە (٤٥) دێـردا هۆنیوەتەوە، کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەست پێدەکات:

**لێم گەڕێن با گریە کەم دیدە بە دیدە خونفشان**
**نایەڵێ یەك دەم بەڕاحـــەت ڕابوێرم ئاســـمان**

هەروەها ژیان  و سەردەمی ئەم مەحموود ئاغایە بووەتـە بابـەتی پیەسێکی پـڕ نـاوەرۆکی (پیرەمێـرد)ی نـەمر، هـەر بـە ناونیشـانی (مـەحموود ئاغـای شیوەکەڵ)ە. دیارە سالم وەکو نوێنەر و باڵیۆزی میرایەتی بە ئەرکێکی فەرمی لەو ڕۆژگارەدا لە (شیوەکەڵ) بووە و بەو هۆیەوە لە سلێمانی دوور کەوتووەتەوە و لـە دۆست و هاوڕێیانی دابڕاوە. (کوردی) لە شیعرەنامەکەیدا سۆزێکی خۆشەویسـتیی ڕاسـتەقینە لـە بەرانبـەر سـالمدا دەردەبڕێـت. لەگـەڵ ئـەوەدا نامەکـە نیوەچـڵ و ناتەمامـە، بـەڵام مەبەسـتی نامـەنووس هـەر لـە دێـری یەکەمـدا بـە ڕوونـی خـۆی دەنوێنێت. بەپێی قسەی مامۆستا حەمەبۆر ئەو لاپەڕەیـەی کەشـکۆڵەکە کـە ئـەم تێکستەی کـوردی لـێ نووسـراوەتەوە داوێـنی بـە قـەدەر (٤) دێـر نـەماوە. دێـری کۆتـایی شـیعرەکە ژمـارە (١١)یـە، کەوتووەتـە لاپـەڕەی بەرانبـەر و مـاوە، کـە ناسناوی (کوردی)یشی تێدا دەبیندرێت. بەوپێیەش وەڵامنامەکەی (سـالم) کـە لـە هــەر هــەمان سەرچـاوەدایە (١١) دێــرە، بــەپێی دەسـتووری ئــەدەبی کـۆن و کلاسـیکیش نامـە و وەڵامنامەکـە دەبێـت هـەم لەسـەر هـەمان کێش و سـەروا و هەمیش ژمارەی دێرەکـانیش بـە قـەدەر یـەك بێـت، بـەم جـۆرە ئـەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە کە نامەکەی کوردی (٤) دێری پێش کۆتایی فەوتاوە. وەکو لـە (دیـوانی کوردی) یشدا ئاماژەی بۆ کراوە دێری کۆتاییی شیعرنامەکە جۆرێك لـە (مەتـەڵ) و (موعەمما)ی تێدایە.

_ لە نیوە دێری یەکەم (بیمار) و (کوردی) هاتوون، لە نیوە دێری دووەمیش (سالم) و (هیجران)، (بیمار و سالم) ناسناوی شیعری سالمن، (کوردی و هیجری)یش هیی کوردین.

_کوردی ڕووی قسەی لە سالمە و دەڵێت: من لە پیتی (ل)ی سەرەتای وشەی (لوتف)ی بێ بەشم، هەر تەنیا تۆ هەتە و (سالم)یت، بۆیە من نیمە و لەمەوە لە (سام)ی هیجرانی تۆ کەسەردار و خەفەتبارم.

وەڵامنامەی سالم بۆ کوردی:

**ئەی طاسی بەدەن پڕ فەرەحی لەذذەتی نامت**
**وەی داغی دڵی خەستە، نەمەك سوودی کەلامت**
**ئەی سونبولی زوڵفت، هەمە دەم عەطری مەشامم**
**وەی زیوەری سەرچەشمەیی چەم، قەددی نەمامت**
**ئەی گەردنی جانم بە ئەبەد حەبسی کەمەندت**
**وەی مورغی دڵی شێفتە پەڕبەستەیی دامت**
**قاصید لە طەرەف تۆوە سەلامێکی گەیاندم**
**قوربانی وەفای دەم بە دەم و جەوری مودامت**
**ئەی جان بە فیدای نوکتەیی شیرینی دەهانت**
**وەی سەر بە نیثاری قەدەمی پەیك و پەیامت**
**قاصید نییە ئەم پەیکە، مەگەر (خضر)ی نەجاتە**
**بەخشیی بە منی موردە حەیاتێ بە سەلامت**
**ئارێ کە دڵ ئاوێنەیی دڵ بێ چ عەجائیب**
**قەستەم بە سەرت شێفتەترە بۆت کوڕی مامت**
**تۆ نیتە مەگەر ئارەزوویی دیدەنی مەهجوور**
**سا دەی وەرە ئەم مەردەمەکی دیدە مەقامت**
**تا سوجدە بەرن، کەبکی دەری بۆ بەری پێی تۆ**
**سا هەڵسە بکەن خۆش ڕەوشان مەشقی خەرامت**
**کوشتەت کە هەموو مونتەظیری شۆڕشی حەشرن**
**قەد دەرخە هوەیدا، کە قیامەت لە قیامت**

**تەئسیری عەشق، یانە لە ئەوصافی فلانی**
**(سالم) کە تکا شەهدی چەکیدە لە کەلامت**

(حەمەبۆر،٢٠١٠، ب١، ٨٠)[١]

وەلأمنامەکەی سالم ناسك و جوان و سۆزدارە، ئەم هەموو گەلەکۆمەکییە لە بەکارهێنانی پارتیکڵ لە سەرەتای دێرەکانی دەستپێکی تێکستەکەدا (ئەی، وەی، ئەی، وەی...) دەبێتە مایەی جۆشدانی هەست و سۆزی خوێنەریش. ئێمە دەقی وەلأمنامەکەی سالم لە (دیوانی کوردی)مان بە ئەسڵ وەرگرتووە، چونکە (١١) دێری تەواوە لە کاتێکدا دەقەکە لە (دیوانی سالم)دا (١٠) دێرە. هەروەها لە زۆر شوێن دەقەکەی دیوانی کوردیمان پێ جوان و پەسەندتر بوو. سەبارەت بە مێژووی ئاڵوگۆڕی نامەکان شتێکی ئەوتۆمان بۆ ساغ نەبووەتەوە.

## ٢_ شیعرنامەی سالم بۆ کوردی

ئەو کەشکۆڵە دەستخەتەی کە (مستەفا حەمەبۆر) لە ساغکردنەوەی دیوانی کوردیدا پشتی پێ بەستووە و بە گرنگترین سەرچاوەی بەردەستی ناوی بردووە، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێ داوە، کەشکۆڵێکی دەستنووسی (عەلی ئاغای نەوتچیی زەنگەنەیی) و لەگەڵ برایەکی کە بە ناوی (قەرە حوسێن)، کە سەرۆکی خانەوادەی نەوتچییانی کەرکووکیش بووە. دوا بە دوای ئەم دوو نامەیەی پێشکەشمان کرد لەم سەرچاوەیەدا هاتووە: (کردی زمانی بە (شیوکل) بسر بردە، (سالم) ارزوی دیدن او کردە و بقصیدەء زیر اشتیاقرا برای کردی بیان و خود سفری بسوی او و قصیدۀ را تسلیم کردە. شایع است کردی بە یك قصیدۀ (ردیف) غرا جوابش دادە، متأسفانە ان جوابرا حاصل نکردەام_علی_)). واتە: کوردی سەردەمێکی لە (شیوەکەڵ) بەسەر بردووە و (سالم) ئارەزوومەندیی دیتنی (کوردی) بووە، بەم چامەیەی خوارەوە بیرکردن و ئارەزووی خۆی دەربڕیوە و خۆی پێ نەگیراوە و چووە بۆ لایشی و خۆی هەڵبەستەکەی پێشکەش کردووە. دەنگ وا بلأوە کوردیش بە چامەیەکی بالأی هاوچەشنی ئەوەکەی سالم وەلأمی

---

[١] بۆ ڕاستکردنەوەی دەقی شیعرنامەکانی نێوان هەردوو لا سوود لە دیوانی هەردوو شاعیر وەرگیراوە.

داوەتەوە، بەڵام جێگەی داخە ئەوەکەی کوردیمان دەست نەکەوتووە (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٣٠٣). ئەمە دەقی شیعرنامەکەی سالمە، کە لەبەر ڕۆشناییی هەردوو سەرچاوەدا واتە (دیوانی کوردی و دیوانی سالم)، بە هۆی جیاوازیی زۆری نێوان هەردوو سەرچاوەدا ڕاستمان کردووەتەوە و هێناومانەتەوە:

**لە کونجی میحنەتا هەر شەو خەیاڵی وەصڵی دڵبەرکەم**
**وجوودم وا بە جاریێ دێتە جونبوش، وەختە پەڕ دەرکەم**
**لە ئەووەل حەرفیا وەك دڵ، لە کاغەذ بەردەبێ ئاگر**
**ئەگەر شەرحی شەرارەی ناری هیجرت ثەبتی دەفتەرکەم**
**تەلاشی طەییی ڕاهی کەعبەیی کۆی یارە مەقصوودم**
**منی بێ دەست و پا، لازم کە پا بۆ ئەم ڕەهە سەر کەم**
**بەگیسوو چاکە زنجیرم بکا دڵبەر لە ڕووی موژگان**
**لە ڕوویا با منی دێوانە بەس ڕووی دڵ لە خەنجەر کەم**
**لە ئەفلاکی خەیاڵا، کەوکەبی ڕووی یارە تا قوطبم**
**لە ظولماتی شەوی هیجرا ڕەهی کۆی ئەو دەبێ دەرکەم**
**بەڵێ (کوردی) کەمەندکێشم دەکا بۆ (شیوەکەڵ) ئیتر**
**چ میننەت بۆ پەیامێکی، ئەگەر مەشقی کەبوتەر کەم**
**سەرەفگەندەی حوضووری سەربوڵەندانی قیامەت بم**
**سەرم تا دانەنێم شۆری ویصاڵت گەر لەسەر دەرکەم**
**بە نەپڕادی فیراقت، نەقدی جان ئاخر دەدۆڕێنم**
**بە خاڵی موهرەیی وەصلت، ئەگەر صەد دەفعە شەش دەر کەم**
**قوبووڵی نرخی بۆسەی لەعلی ڕوممانی لەبت ناکەی**
**لە ئەشکم پڕ بە دامانت، ئەگەر یاقووتی ئەحمەر کەم**
**لەسەر ئەم مەزهەبەم (سالم) بە مەحظی ڕووبەڕووی مەطلەب**
**وەکو هیندوویی گیسوو هەر سەحەر تەعظیمی ئاذەر کەم**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٤٧٦)

حەمەبۆر لە کۆتایی ئەم تێکستەدا هەندێك سەرنج و تێبینی دەربڕیون لێرەدا بەشێکیان دێنینەوە. ئەو دەڵێت: ((ئەم پارچە هەڵبەستەی (سالم) ئەوەندە ڕێك و پێك و پڕ لە واتای قووڵ و ڕۆشنبیرییانە و هەستی ناسکە، هەتا زۆرتر سەرنجی بدرێت واتای سەرسامکەری لێ هەڵدەهێنجرێت.

(سالم) لە دوا تاکی هەڵبەستەکەیدا (ئازەر)ی بە شکۆمەند و پیرۆز و شایانی (تەعظیم) ناو بردووە، کە (سووری)ی ئاگرەکەی بەستووە بە (سووری)ی (لەعلی لەبی ڕوممانی کوردی) و ئینجا بە یاقووتی فرمێسکی خۆیەوە کە (کوردی) ماچ دەکات، لە دوایی بە (ئاگری سوور)ی پڕ جۆشی ئارەزوومەندی تاکی یەکەمیشەوە گرێی داوە)). هەروەها دەڵێت: (لە لێکۆڵینەوەمدا لەسەر (سالم) بۆم ڕوون بووەتەوە، کە (سالم) زانایەکی کەم هاوتای سەرێنی خۆی بووە لە (گەردوونناسی_فەلەك)دا، وەك لە تاکی چوارەمیدا ئەم ڕاستییە نومایانە و خۆیشم پەڕاوییەکی گەورەی دانراو وە دەستنووسی (سالم_ عەبدولڕەحمان بێگ)م دیوە کە مێژووی نووسینەکەیشی ڕێکەوتی ماوەی ژیانی سالم دەکات، لەبارەی پزیشکی و دەرمانسازی و بەستنی نەخۆشییەکانی مرۆڤەوە بە باری گەردوون و سووڕخواردنی ئەستێرەکان و بە (خاك) و (ئاو) و (ئاگر)ەکەی (کەسوونی)ی زانای هیندیی زەردەشتییەوە. لە تاکی پێنجەمیشدا مەبەستی لە (کەبووتەر) بە واتا (کۆتر) و جۆری (پۆپنەدار)ەکانیانە کە بە عەرەبی (حمام الزاجل)یان پێ دەڵێن. ئەمیش مەلێکی یەکجار هەستیارە و شوێنی سەرەتای ژیانی خۆی لێ تێك ناچێ و بیبەنە هەر کوێیەکی جیهان، کە هەر بەردرا زۆر بە خێرایی دەگەڕێتەوە ئەو شوێنە سەرەتاییەی. لەبەر ئەوە فەرمانڕەواکانی زوو، لە جێگەی ناردنی (پۆستە) و (تەلەفۆن) و (برووسکە) و جۆرە زۆرەکانی دیکەی هۆی بەیەکگەیشتن، ئەوسا ئەو جۆرە کۆترە بەکارهێندراوە بۆ گەیاندنی نامەی گرنگ و پاشکەوتن هەڵنەگر. کە نامەکەیان لە مشەممادا بە بن باڵی کۆترەکەوە چەسپ کردووە، بەریان داوە و بارتەقای خێراییی فڕۆکەی ئێستا نامەکەی گەیاندووە. سالمیش خۆی چواندووە بەو کۆترە و هەڵبەستەکەی خۆی گەیاندووەتە کوردی.

سالم ئەوەندە کوردی خۆش ویستووە و لە دڵەڕاوکێیی دووریی دابووە، لە تاکی سێیەمدا ڕای گەیاندووە لەباتی ئەوەی بە (پێ) بچێتە لای کوردی بە (سەرسەر) دەچێت و (سەر)ی خۆی دەکاتە (پێ) (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٣٠٥)

## ٣_ شیعرنامەیەکی کوردی لە تارانەوە بۆ سلێمانی

زۆر لە باس و بابەتەکەمان دوور ناکەوینەوە ئەگەر هات و ئاوڕێکیش لەو نامە شیعرییە بدەینەوە، کە وا (مستەفا بەگی کوردی) لە تارانەوە بۆ دۆستێکی ناردووە لە سلێمانی. جارێ با بزانین چیرۆکی ئەم شیعرنامەیە چۆن چۆنییە: سەرچاوەکەی بەردەستی حەمەبۆر لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ((بعد از سقوط ببه و هیجرت کردی رحمه الله به طهران و شعورکردنش به غربت این قصیده اشتیاقانه را برای یکی از دوستانش از عائله ببه به سلیمانیه فرستاده_علی)). واتە: لە دوای ڕووخانی فەرمانڕەواییی بابان و کۆچکردنی کوردی _ڕەحمەتی خوای لێ بێ_ بۆ تاران و هەست بە نامۆییکردنی، ئەم چامە[1] ئارەزوونامەیەی بۆ یەکێ لە دۆستانی خۆی لە خانەوادەی بابان بۆ سلێمانی هەناردووە. واتە (کوردی) ئەم چامەیەی لە ساڵی ١٨٥١ز دا هۆنیوەتەوە (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٣٠٨)

**عەزیزم نووری عەینەینم**

**عەزیزم نووری عەینەینم، غەریبم**
**صەبووری بەخشی جانی ناشەکیبم**
**لە کووچەی شاری تارانا بەبێ ناز**
**لە هەر باب و و لە ئەربابێ سەلیبم**
**وەرە ڕەحمێ بە حاڵم کە بەقوربان**
**لە یار دوور و لە مەسکەن بێ نەصیبم**
**دەسا هیممەت عیلاجێکی خەلاسی**
**بە مەرگی تۆ بە مەرگ لە دوای طەبیبم**

[1] بەباڵابرینی ناوی (چامە) بۆ ئەم شیعرنامانە، کە زیاتر پارچەی سۆزدارین و لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە لە غەزەلەوە نزیکن، لە ڕووی زانستییەوە دروست نییە، دیارە ناوەکە لەم شوێنانەدا زیاتر وەکو خوازە بەکاربراوە.

**ڕەهەندی دەستی کەس نیم خۆت دەزانی**
**فیراری جەوری ئەغیار و ڕەقیبم**
**عەجەب مەگرە نە هەر ڕۆڕۆی عەجەممە**
**پەشێوی ظولمی ڕۆمی نانەجیبم**
**ئەگەرچی کەسبی عیلمیشم هەموو کرد**
**لە لوتفت چاوەڕێی فەتحولقەریبم**
**دووشەش بوو داوی نەگبەت هەر لە ڕێدا**
**لە بەختی شەشدەر و یاری عەقیبم**
**ئومێدی زیندەگیم ناوە بە لاوە**
**کە قاتیل بوو بە جەڕڕاح و طەبیبم**
**عەجوولی وەحشەتی ئەو وەختە خۆم بووم**
**کە دیدەت بوو بە ئوستاد و ئەدیبم**
**ئەمێستاکەش دەڵێی یابووی بەرەڵڵام**
**لە پاش ئێوە ئەبێ بە چی بم؟**
**خودا ئەم ماجەرایەت چۆن قوبووڵە**
**لە زێد ناکام و ناشادی حەبیبم**
**ئەمەی دەیڵێم ئەگەر ئیغراقە (هیجری)**
**هیلاکی دۆستی مەیتەن قرمزی بم**

**٤_ شیعرنامەی مستەفا بەگی کوردی لە سلێمانییەوە بۆ سالم لە تاران**

لە سەرچاوەکەی دیوانی کوردیدا بەرانبەر بەم پارچەیە نووسراوە: ((نامۀ مصطفی بیك کردی در سلیمانیه برای سالم به طهران فرستاده رحمهما اللە، در زیر جوابش بعد از این قصیده مندرج است_علی_)). واتە: نامەی مستەفا بەگی کوردی لە سلێمانییەوە بۆ سالمی هەناردووە لە تاران _ خوا لێیان خۆش بێ_ کە وەڵامەکەشی لە دوای ئەم چامەیەوە نووسراوە (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٣٣٩)

## ڕەفیقی کونجی میحنەت

ڕەفیقی کونجی میحنەت، عـاجزن هـەر شـەو لـە نـاڵینم
گـوریزانن لەبـەر لێشـاوی مـەوجی بـەحری ئەسـرینم
ئەگەرچی ڕۆژ و شەو مەشغووڵی نەغمەی موطرییم ئەمما
لە تـەم خـاڵی نییـە سـاتێ دڵـەی مـەفتوون و غـەمگینم
نە هـەر دەردی منـە تـەنیا، ئەمـە دەردی هـەموو لایـە،
بە جارێ فـولکی شـێواوە، لـە نەگبـەت مـاە و پـەروینم
هەزار خۆزگەم بە خۆت دووری لە شاری پڕ بەلاّ و میحنەت
لە فرصەتدا منیش هەڵدێم لـە تـەڵخیی شـاری شـیرینم
طەبیب دێتن دەوای دەردم بکا، خۆ من زەدەی دووریـم
بـەبێ داروویـی وەصـڵی تـۆ، نییـە ئـارام و تەسـکینم
ئەگەر مومکن نەبوو وەصلت کە من مردم وەصییەت بێ
لـەباتی قـەوم و خوێشـانم، لەسـەر قـەبرم بکـە شـینم
شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بـۆ مەکـەن یـاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خـوێنینم
لە پەردەی (طاهیری) گەر بێ صەدای ئەو عاشقەی یـارەم
ئـیتر حاجـەت نییـە بێـنن، مـەلا بـۆ وەعـظ و تـەلقینم
عەبـەث (کـوردی) مـەلائیك دێـن دەپرسـن ئیعتیقـاداتم
کە (سالم) خۆی دەزانێ من لەسەر کام مەزهەب و دینم

ئینجا دوابەدوای ئەم هۆنراوەیەی کوردی لـە سەرچـاوەکەدا هـاتووە: ((وایـن جـواب سـالم اسـت در طهـران بـرای کـردی بـە سـلیمانیە فرسـتادە رحمهمـا اللە_علی_)): ئەمەش وەڵامی سالمە لە تارانەوە بۆ کوردی ناردووە لـە سلێمانی، خوا لێیان خۆش بێت.

## ڕەفیقی گۆشەیی غوربەت

ڕەفیقـــی گۆشـــەیی غوربـــەت هەراســـانن لـــە نـــاڵینم
لە ئەشکی دیدە ئەمشـەو، بـاز لـە خوێنـا مەوجـە بـالینم

**عورووجی سەند لە صەنعان وەصفی ئەحواڵم لە ڕێی عەشقا**
**مەگەر ئوستادی تەرسایە، بە خەصلەت یاری بێ دینم**
**چ جای دڵ، لە شەوقا خوێن بە چاو دێنێ، ئەگەر جارێ**
**خیضابی پێی سەگی کۆت بێ حەنایی ئەشکی ڕەنگینم**
**لە غەم ئێستەم دەبینن، وای دەزانن ئەووەلی دەردمە**
**دەمێکە بێ خودم یاران، بە یادی یاری دێرینم**
**ئەگەر دوورم بە لەش، ئەمما بە دڵ بیللا لەگەڵ تۆدام**
**لە ئەحواڵی وڵات ئاگام و بۆتە مایەیی شینم**
**شەهیدم من وەرن مەمشۆن و دەفنم کەن، دەخیل یاران**
**لە قەبرا حوججەتی حەشرە سەراپا بەرگی خوێنینم**
**بڵێن با یار لە وەختی مردنا زوو بێتە سەر شیوەن**
**قوبووڵمە گەر صەدای ئەو بێ لەباتیی دەنگی یاسینم**
**خەیاڵی وردی (کوردی) هەر کە دێتە گەردنم هەر شەو**
**بە ڕەنگی گۆشەوارەی تۆ دەبارێ ئەشکی ئەبرینم**
**لە کۆی عەشقا دو صەد کێوی جەفا بارە لەسەر شانم**
**یەقین (سالم) لە میحنەتدا منیش فەرهادی شیرینم**

**٥_ دوو پارچەی شیعری هاوچەشنی کوردی و سالم**

لە پەراوێزێکی کەشکۆڵەکەی (عن) دا، لەمەڕ ئەم دوو پارچە شیعرەی خوارەوە هاتووە: ((کردی و سالم رحمهما الله در ردیف یکدیگر فرمونده_علی_)). واتە: کوردی و سالم لە هاوچەشنی یەکتریدا گوتوویانە. هەرچی مامۆستا حەمەبۆرە، ڕای وایە کە ئەم دوو پارچەیە شیعرنامەن و لەنێوان سالم و کوردیدا ئاڵوگۆر کراون، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: من بە دووری نازانم کە (کوردی) ئەم هەڵبەستەی وەك نامەیەك بۆ (سالم) نووسیبێت. (سالم)یش هەڵبەستێکی هاوچەشن (ڕەدیف)ی ئەم هەڵبەستەی هەیە و وەك بیستوومە ئەو هەڵبەستەی (سالم) وەڵامە بۆ ئەم هەڵبەستەی (کوردی) (سەرچاوەی پێشوو، ٤٤٩)

_شیعرەکەی کوردی:

**لە وێرانەی دەروونم**

**لــە وێرانــەی دەروونم شــینە بــێ تــۆ**
**ئـیتر گـوڵزاری دڵ، کـەی شـینە بـێ تـۆ**
**لـە ئەشـك و ئـاهی سـەردم ئایینـەی دڵ**
**قوبان، سوور و ڕەشە و ڕەنگینـە بـێ تـۆ**
**جێگام صەحراو و، وەحشیم یار و هاودەم**
**درِك فــەرش و گــەون بالینــە بــێ تــۆ**
**لــە دووری تـۆ، بـە مـەرگ ئاواتـەخوازم**
**کـە جەسـتەم خەسـتەو و، دەردینـە بـێ**
**ڕەهی وەصلت ئەوەندە سـەخت و دوورە**
**بـە نـووکی دەرزی، بـیر کۆڵینـە بـێ تـۆ**
**زومســتان مەیلەکــەت، پــایز براکــەم**
**بـەهاری وەصـلی تـۆم هاوینـە بـێ تـۆ**
**گـریم مـن بوومـە والی و شـاه و سـوڵتان**
**توخوا سا کاکە گیان!، کەی ژینە بێ تۆ؟**
**لــە بتخانــەی عەشــقدا بوویتــە قیبلــەم**
**لـەتاو هیجرە کـە مـەی نۆشـینە بـێ تـۆ**
**دەڵێن (کوردی)، لـەبۆ تـۆ بووەتـە کافر**
**عەجـەب پیـاوێکی بـێ ئایینـە بـێ تـۆ**

_شیعرەکەی سالم:

**لــە ســینەمدا صــەدای ناڵینــە بــێ تــۆ**
**دڵــی زارم بەســێ غەمگینــە بــێ تــۆ**
**ئەبـەد وەك مـن غـەمیش صـاحێب وەفایـە**
**ڕەفیــق و هەمــدەمی دێرینــە بــێ تــۆ**
**هەناســەی ســەردی مــن دێــنێ زمســتان**
**گــڕەی گــەرمی دڵــم هاوینــە بــێ تــۆ**

دەمم تاڵ و سروشکم شۆرە دایم
ترش ڕووم و قصەم شیرینە بێ تۆ
دڵم باغ و گوڵم فرمێسکی ئاڵە
بەهار عومر و، ئەجەل گوڵچینە بێ تۆ
سروشکم قرمز و دیدەم سفیدە
ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ
فەرەح ڕابورد، ئەبەد بێ تۆ عوبوور کا
بە ڕووی دڵما خەفەت پەرژینە بێ تۆ
لە چنگ غەم صەیدە (سالم) وەك کەبووتەر
لە دڵیا میخلەبی شاهینە بێ تۆ

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٧٢٧)

ئینجا هەر بەپێی زانیارییەکانی مامۆستا حەمەبۆر (کوردی)یش هەمیسان یا لەلای خۆیەوە وەڵامی ئەم پارچەیەی پێشووی (سالم)ی داوەتەوە، یا لە ڕەدیفی وەڵامەکەی سالمدا، ئەم پارچەیەی دیکەشی هۆنیوەتەوە:

دەروون زامدار

دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ
سەرم گێژ و، تەنم بێ تینە بێ تۆ
خەوم بێ هۆشییە، بەرگم پەلاسە
خۆراکم خوێنە، شادیم شینە بێ تۆ
لە چاو ئەشك و لە دڵ ئاهم کە دەردێ
دەڵێی طۆفانی با و بارینە بێ تۆ
ڕەقیب ڕوو ترش و ئەشکی دیدە سوێرە
حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە بێ تۆ
صەبر چوو، هۆش و ئایین بوو فڕاندت
قەدر مەنزڵگەیی پایینە بێ تۆ
کەباب دڵ، خوێن مەیە، ساقی فیراقت
قەدەح چاو و مەزەم ئەسرینە بێ تۆ

دەروون گوڵزار و خوێن گوڵ، باغەبان دڵ
فوغـان بولبـول، جـەفا پـەرژینـە بـێ تـۆ
لــە هاوسـایان لــەتاو نـاڵینی (کــوردی)
دوعـای مەرگە، لە خــۆم ئامینە بێ تــۆ

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٤٥٦)

لە دیـوانی نـالی دوو تێکسـتی شیعری بـەدی دەکـەین، یەکـەمیان (٥) دێـر و ئـەوەی دووەمیـان (١٠) دێـرە، کـە لەسـەر هـەمان کـێش و ئاهـەنگ و سـەروادا هۆنراونەتــەوە، بــە تایبــەت پارچــەی یەکــەمیان لــە ڕووی بابــەت و فــۆرم و ناوەرۆکیشەوە زۆر لەم تێکستانەی (سالم) و (کوردی) نزیکە، سـەرەتاکەی بـەم جۆرەیە:

دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تــۆ
دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ

(مدرّس، ١٩٧٦، ٣٧٩)

بێگومـان مەسـەلەی هاوچەشـنی و بـە شوێنداچـوون (ڕەدیـف و ئیقتیفـا) لەنێوان ئەم تێکستانە و هەر سێ شاعیردا هەیە، وای دەبینم کـە زیاتر (سالم) و (کـوردی) بـە شـوێن (نـالی) دا چـووبن و لـەم فـۆرم و بابەتانـەیان (ئەگـەر بـۆ ئیمتیازیش بووبێت)، هۆندبێتەوە. ئەوان (نالی)یان بـە مامۆسـتای خۆیـان زانیـوە، بۆیە بە دوویدا هەنگاویان هەڵهێناوە.

### ٦_ نامەی (کوردی) بۆ (سالم) لە بەندیخانەی (تاران)ەوە

عەلی ئاغای نەوتچی (عن)، لـە پەراوێزێکدا لەمـەڕ ئـەم پارچـە هۆنراوەیـەی کوردی نووسـیویەتی و دەڵێـت: (( (سـالم) کـە در بندخانـهٔ طهران زندانی بـوده (مصطفى بيك كوردى) اين قصيده را براى او فرستاده و در پايـان جـواب (سـالم) رحمهما الله ديده ميشود)). واتە: سالم کە لە بەندیخانـەی تاراندا زینـدانی بـووە، مستەفا بەگی کوردی ئەم چامەیەی بۆ ناردووە. لە کۆتاییشدا وەڵامی سالم _خوا بیانبەخشێت_ دەبینرێت (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٤٧٣)

### لە کونجی بێ کەسیدا

لـە کـونجی بـێ کەسـیدا فـەردم ئـەمڕۆ
زەلیـل و زار و بــێ هەمــدەردم ئــەمڕۆ
شەماڵ نامـەی زەلیلـی و بێ کەسیی مـن
بـەرە بـۆ یـاری دڵ پـڕ دەردم ئـەمڕۆ[1]
گــەواهیی لافــی عەشــقی تۆیــە قوربــان
سروشـکی سـورخ و ڕەنگـی زەردم ئـەمڕۆ
وەکو مەجنوون، لە دووری لەیلی بێ مەیل،
خــەریك و وێڵــی بەڕیــە و هــەردم ئـەمڕۆ
لە سۆزی عەشـق و سـەردیی میهـری تۆیـە
دەروونــی گــەرم و ئــاهی ســەردم ئــەمڕۆ
وەکـو طـەیرێکـی گـوم بـووبێ جـەناحی
هێلانــــەواز و بــــەردا و بــــەردم ئــــەمڕۆ
مەگەر سـروەی نەسیمی وەصـڵی تـۆ بـێ
موعـەططـەڕ کـا دڵـەی پـڕ دەردم ئـەمڕۆ
لە عەرصەی وەصفی ئەو مەحبووبە، لەنگە
خــەیاڵی وەك ســوارەی جەڵــدم ئــەمڕۆ
لــەبۆ وەصــڵی جــەمالی یـاری، (کـوردی)
ئەگــەر ڕووحــم نــەدەم نامــەردم ئــەمڕۆ

### وەڵامی سالم بۆ کوردی

لە پەراوێزەکەی (عن)دا هاتووە: جواب سالم برای کردی رحمهما الله. واتـە: وەڵامی سالم بۆ کوردی_ خودا لێیان خۆش بێت_:

---

[1] لە شەرحەکەی حەمەبۆردا هاتووە: (عن) لەسەر ئـەم وشـەی (دەرد)ە، ئـەم پـەراوێزەی نووسـیوە: ((درد، مقصود از بیمار است کە یکی تخلصهای سالم اسـت_علـی_)). واتـە: مەبەسـت لـە وشـەی (دەرد) (بیمـار)ە، کـە یەکێکـە لـە ناسـناوەکانی سـالم. بـە قسـەی حەمـەبۆر: (سـالم و بیمـار و ڕەنجـوور) ناسـناوی سـالم بـوون، چـونکە (دەرد، بیمـار، ڕەنجوور)ی بـە یـەك واتـا دێـن (هـەمان سەرچاوە، ٤٧٣)

**له زیندانا**

**لـه زینـدانا کـه بـیٚ هەمـدەردم ئـەمڕۆ**
**ئەسـیری ناکـەس و دڵ بـەردم ئـەمڕۆ**
**لــه دارلحــوزنی دووریــدا صــەبا بــوو**
**گەیانــدی نامــەیی هەمفــەردم ئــەمڕۆ**
**له پام گەر بەنده، دەر، وازە لـه مـەیلم**
**دڵــم لاتــه زەبــوون و زەردم ئــەمڕۆ**
**گلـەی ناحـەق مەکـه، پرسـی دڵـم کـه**
**ئەگـەر بـیٚ مەیلـه، مـن نامـەردم ئـەمڕۆ**
**بـه سـروەی فێنکـی بـادی شـەماڵت**
**بـووه هـاوین، لـه ئـاهی سـەردم ئـەمڕۆ**
**خۆشا گەر تـۆ لـه پـەروازی وەکو مـەل**
**ئـەمن پابەنـدی بەنـدیی فـەردم ئـەمڕۆ**
**ئەگەرچـی بولبـولی سـەر خـاری هیجـرم**
**تەمەننای عەطری عەینی وەردم ئەمڕۆ[1]**
**قەریحەی شیعرەکەی پێشـووم نـەماوه**
**ئەوەند خەسته و دەروون پڕ دەردم ئەمڕۆ**
**به دڵ دەستی دوعای بەرزە که (سالم)**
**بەرەو شەمسـی جـەمالت گـەردم ئـەمڕۆ**

## ٧_ سالم و کوردی و شیعرێکی هاوبەش

به گوێرەی (دیوانی کوردی)، سەرچاوەکان لەمەڕ ئـەم تێکسته یـەك دەنگ نین، ئەگەرچی زۆرینه و ڕاستەقینه بـەو ئاراستەیەیه، کـه وا (سـالم) و (کـوردی)

---

[1] لەم دێرەشدا (عن) سەرنج و تێبینیی خۆی نووسیوه و دەڵێت: (( این بیت مقصود از دو تخلص هجری و کردی مصطفی بیك است)). واته: لەم تاکه هەڵبەستەدا مەبەست لـه (هیجری و کوردی) هەردوو ناسناوەکەی مستەفا بەگە، ئەویش بەم جۆرەیه: له نیوه دێری یەکەمدا (هیجر) هـاتووه که نیشانەیه بۆ (هیجری). له نیوه دێری دووەمیشدا (عـەینی وەرد) بـه واتـای (کالوَرد) یاخود (کوَرد)ی عەرەبییه که ئاماژەیه بۆ (کوردی).

پێکەوە ئەم شیعرەیان داناوە. ئینجا بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەست دیسان پەنا بۆ پەراوێزەکانی (عن) دەبەین کە لەو بارەیەوە دەڵێت: ((... از مصادر موثوقە مطلع شدم کە کردی و سالم مشترکاً در یك زیارت سادات زردیاوا رحمهم اللە، این را نظم فرموند. واتە: لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە زانیومە کە وا (کوردی) و (سالم) پێکەوە لە سەردانێك بۆ لای شێخەکانی زەردیاوا_ خودا لێیان خۆش بێت_ ئەم چامەیەیان داناوە)) (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب٢، ٥٩)

**لە نووری لامیعی**

**لە نووری لامیعی تەشتێکی ڕاگرت و وتی: ڕوومە**
**بە دۆشا ئەژدیهای پڕ نێشی ڕاکێشا، وتی: موومە**
**کە بازی چاوی بەردایە دڵم، پێم وت: ئەمان ڕەحمێ**
**وتی: وا دیارە زۆر گەوجی!، دڵت ئەمڕۆکە جەڵغوومە**
**تکام کرد قەتڵی من ناحەق نەکا سوننەت، وتی: فەرضە**
**وتم: بۆ ئاگرت بەردایە عومری من؟ وتی: خوومە**
**وتم: تەنها منم پابەندی عەشقی تۆم، وتی: گوم بە**
**سەدی وەك تۆ لە هەر سوو، بەستەیی زنجیری گیسوومە**
**وتم: تاکەی لە دەردابم، وتی: هێشتاکو ئەووەڵتە**
**وتم: سووچم ئەبێ چی بێ، وتی: عاشق کە مەزڵوومە**
**وتم: با بەس لە خوانی وەصڵی تۆ نەومید و بێ بەش بم**
**وتی: مردووت مرێ، عاشق بە دائیم زار و مەحرومە**
**وتم: زارم لە خەم ڕوانیی، وتی: قانوون مەشێوێنە**
**غەمی زۆر حاڵی زار، وەك لازم و، عاشق مەلزوومە**
**بە جان و دڵ وتم وەك نازت ئەکێشم، تووڕە بوو: بەسیە**
**قسەی نوێ بێنە ئەم قەولە قەدیم و شەرحی مەعلوومە**
**وتم: ڕەسمی وەفاداری بەجێ بێنە، وتی: نابێ**
**وەفا بۆ دولبەران، هەی بێ خەبەر، یەکبارە مەعدوومە**
**وتم: ڕاوی دڵت کردم، وتی: کوڵی شکارت بووی**
**وتم: چارە؟ وتی: عاشق وەهایە، صەیدی مەشئوومە**

وتم زەخمی دڵم بەس کارییە، توند بوو، وتی: لاچۆ
بە من چی؟ تیرەبارانی نیگاهی چاوی جادوومە
وتم: گەردن کەچی عەشقت منم قوربان، وتی: شێتی
هەزارێکی وەکو تۆ کوشتەیی شمشێری ئەبروومە
وتم: (سالم) دزە، دەستی بڵند کرد، ئایینەی ڕاگرت
وتی: کێشکچی ئەم باغە، بە (کوردی) خاڵی هیندوومە

لە چاپی دوایی دیوانی سالمدا (مودەرریس، ٢٠١٥، ب٢، ٨٠٢)، ئەم تێکستە تەنیا (٨) دێرە و تەنیا بە ناوی (سالم)یشەوە بڵاو کراوەتەوە. جیاوازیی نێوان دێرە هاوبەشەکان لە هەردوو تێکستدا زۆر زۆرن. لێرەدا دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین، کە وا ئەم شیعرە هاوبەشەی نێوان هەردوو شاعیر، لە ڕووی هونەری شیعرییەوە دیالۆگی نێوان کوڕە دڵدارێکی زار و گیرۆدە و کچە دڵبەرێکی لەخۆبایی و ستەمکاردایە، کە بە شێوەیەکی زۆر شیرین و پاراو هۆنراوەتەوە.

## ٨_ پارچە شیعرێکی بەندنامەی کوردی

لە پەراوێزێکی (عن) دا سەبارەت بەم پارچە شیعرەی (کوردی) وا هاتووە: ((نامه کردی در بندیخانه طهران سوی یارانش در شهر سلیمانیه_علی_)). واتە: نامەی کوردی لە بەندیخانەی (تاران)ەوە بۆ یارانی خۆی ناردووە لە شاری سلێمانی (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب٢، ٩٠). شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێشە، هەریەك لە (سالم) و (کوردی) دوو شاعیری هاوڕێ و هاوسەردەم و دوو ئامۆزا، چۆن نامەی خۆشەویستییان ئاڵوگۆڕ کردووە، چۆن جێ و نشینگەیان، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ، لە (شیوەکەڵ) ئاڵوگۆڕ کردووە، هەر بەو شێوەیە حەپس و زیندانیشیان لە تاران ئاڵوگۆڕ کردووە، هەر جارەی یەکێکیان لە شیوەکەڵ ماوەتەوە و هاوڕێکەی شیعرنامە و نووسراوی بۆ هۆنیوەتەوە و هەناردە کردووە. هەر جارەی یەکێکیان لە تارانا بەند و زیندانی بووە و شیعری بەندنامەی بۆ هاوڕێکەی بەڕێ کردووە. دیارە وەك (کوردی) خۆی گوتوویەتی هەر بەڕاستی ئەمە (مەسخەرەی دەهرە) وەکو دەیبینین:

شۆری ئەمجارەم

شۆری ئەمجارەم لە جۆری بەزمەکەی (شیرین) نییە
نەوعی سەودای (کاکەمەم)، یا شەوقی (خاتوو زین) نییە
مەسخەرەی دەهرە کە (بەندی هیجرەتە) دێوانەتان
دەك فەلەك بارت کەویَ وەك ڕێت لەسەر ئایین نییە
وا لە یار و مەملەکەت بووم، خاکی ڕووی دونیام بەسەر
بۆیەکا ئێستاکە کارم، بێ لە گریە و شین نییە
من لەگەڵ بەختی ڕەش و چەرخا کە پەنجە لێ دەدەم
چی دەبێ. سا با ببێ، غەیرەز ئەمەم تەمکین نییە
صەبری ئەییوبم هەبێ، هەردەم دەروونم بێتە جۆش
جوز لە نەظمی پارچە شیعرێ زێدەتر تەسکین نییە
شەرحی حاڵی من لە (تاران) سوویی یارانە، بەڵێ
بۆ میانی دۆستی، بستێکە قوڵڵەی چین نییە
نەفسی (هیجری) بەرزە، بۆیە ڕازی خۆی ناڵێ بە غەیر
سککەیی صاحێبقڕانی چۆن بەهای پایین نییە

## ٩_ لە کوردییەوە بۆ سالم

شەییەختەنی...

شَیختَني بهجركَ والله یا صُبَی
ڕەحمت برالە بۆ کەی و، جەورت هەتابەکەی؟
دائیم لە دەوری خاڵی روخت بێ قەرارە دڵ
هەروەك لە دەوری قوطبی فەلەك دائیرەی جودەی
هات جەیشی خەط ئەصەفحەیی ڕووت، ماڵی کاولم
هیندووش طەماعی کردووە لە تەسخیری موڵکی ڕەی
تا فەرشی جوودی تۆ لەسەر ئەم ئەرزە ڕاخرێ
مەشهوورە فەرش بە ذیللەتی حاتەم بە ئیسمی طەی

**وەك گـولّ جگـەر بـە خـوێنم وەك لالـە دلّ بـە داغ**
**بۆ سیبی ڕووت، شەقائیقی ڕووم ڕەنگی بوو بە بـەی**
**چـاوم پـڕ لـە شـەوقە بـۆ دیـدەنی تـۆ، دەكـەی؟**
**ڕەحمیّ لە پڕ، دەكەیت و سەریّ لە كـەپری دلّ دەدەی**
**بەهمەن صیفەت، بـە تـیری غـەم، ئەسـفەندیاری دلّ**
**ئوردیبەهشتی عەیشی بـەدەل بـوو، بـە عـەینی دەی**
**تیغـت لـەبۆ هیلاكـی مـن، ئەگـەر لـە مشـتە سـا**
**غەم عەزمی پێش دەستییە، خۆت زووكە، لێدە دەی**
**(كـوردی) لـە هیجـری (سـالم) ە وا غـەرقی میحنەتـە**
**ڕەحمـەت برالـە بـۆ كـەی و جـەورت هـەتا بـە كـەی**

لە سەرەتای ئەم پارچە شیعرەی (كـوردی)دا (عـن) نووسـیویەتی و دەڵێـت: ((نامە اشتیاق كردی برای سالم_ رحمهما الله_علی_)). واتە: ئەم پارچـە شـیعرە نامەیـەكی عـەزرەتی دیداری كوردییـە بـۆ سـالمی نـاردووە _خـودا لێیـان خـۆش بێت_. لێرەدا تێبینی ئەوە دەكرێت، كـە وا كەشـكۆڵەكەی (عـن) لـە دوای مردنـی ناوبراوان ڕوونووس كراوە، چونكە كە ناویـان دەبـات دەڵێـت: خـودا لێیـان خـۆش بێـت. ئینجـا هـەر لـە كۆتـاییی ئـەم شیعرنامەیەی كوردی و لـە باسـی سـۆراغی وەڵامنامەكەی (سالم) دەڵێت: ((جواب سالم برای كـردی  و متأسـفانه ایـن جـوابرا ناقصـاً حاصـل كـردم_علـی_)). واتـە: ئەمـەش وەڵامـی سـالمە بـۆ كـوردی و بـە داخیشەوەم كە وەڵامەكەی سالمم بە ناتـەواوی دەسـت كـەوتووە. لـەم قسـەیەوە مامۆستا حەمەبۆر ڕای وایە، كە ئەم وەڵامـەی سـالم دەبـوا (٩) دێـر بوایـە، بـەڵام تەنیا (٥) دێری دەست كەوتووە. دیارە لە دیـوانی سالمیشـدا پارچـەكە هـەر ئـەم (٥) دێرەیە (حەمـەبۆر، ٢٠١٠، ب٢، ٢٥٦). بەڵام بەو هۆیەی ناسناوی (سالم) لە كۆتـایی پارچەكەدا هاتووە، لەوە دەچێت هەر ئەو (٥) دێرە بووبێت.

وەڵامی سالم بۆ کوردی

جانانە حاڵی ئەم دڵە...

**جانانە حاڵی ئەم دڵە، گەر جوست و جۆ دەکەی**
**مەشغووڵیناڵەیە لە جودایی بە میثلی نەی**
**چیهرەم کە (پیش از این) بە صەفا ڕەنگی لالە بوو**
**ئیستە دەبا لە حینی خەزانا گرەو لە بەی**
**چاوت لە بەزمی بادەکەشان بێت و عیشوە کا**
**ناکەن، بە ڕەسمی نەشئەیی مەستی، هەوایی مەی**
**غەم جەیشی (سەلم) و (توور)ە ئەسەر (ئیرەج)ی دڵم**
**بە شۆڕشی وەغاو و ئەلەم، سینە بوو بە (ڕەی)**
**(سالم) دەلیلە میصرەعی (کوردی) بڵێ بە یار:**
**ڕەحمت براله، بۆ کەی و جەورت هەتا بە کەی**

بەر لەوەی ئەم بابەتە کۆتایی پێ بهێنین، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین، کە وا لە دیوانی کوردیدا دوو شیعرنامەی دیکەش بەرچاو دەکەون، بەم شێوەیە:

١_ (برادەر بۆچی وا)، ناونیشانی ئەم شیعرنامەیەیە کە وا (کوردی) لە تارانەوە بۆ (شێخ محی الدین)ی ناسراو بە (غەوسەی سلێمانی) نووسیوە، کە وا لەو کاتانەدا شێخی ناوبراو خۆیشی هەر لە تاران بووە. نامە شیعرییەکەی کوردی ئەمە سەرەتاکەیەتی:

**برادەر، بۆچی وا بێ (شوێن) و (شەرت و عەهد) و پەیمانی؟**
**لە من بێزاری داخۆ؟ یاری ئەغیار و ڕەقیبانی**

وەڵامنامەی شیعری غەوسەش بۆ کوردی سەرەتاکەی ئەم دێرەیە:

**عەزیزم! گەر بە (بێ شەرت)م بزانی؟ دیارە نایزانی**
**لە (یاران) نیم و، یاری (زوو)تم و لام، جانی جانانی**

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب٢، ٢٤١_٢٤٣)

٢_ هەروەها (کوردی) و (صەیدی هەورامی) نامەی شیعری دۆستایەتی و هاوڕێیەتییان لەنێواندا ئاڵوگۆڕ کراوە. دەستپێکی شیعرنامەی کوردی بۆ صەیدی بەم جۆرەیە:

**(صەیدی) مەزانان، (صەیدی) مەزانان**
**مە بۆ بزانـــان، گۆمەندەن جـــانـــان**

وەڵامنامەی صەیدیش بۆ کوردی بەم دێرە دەست پێدەکات:

**هیجری نەزانان، هیجری نەزانـــان**
**تۆ بە حاڵ دەردی ئێمەت نەزانان**

(حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب٢، ٣٠٩_٣١٣)

## سەرچاوەکان:


١_ ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٨، میرایەتی بابان، چاپەمەنی خاك، سلێمانی.
٢_ حەمەبۆر، محەمەد مستەفا، ٢٠١٠، دیوانی کوردی، ب١_ ب٢، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٣_ دیوانی سالم، ١٩٣٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی أیتام، بەغدا.
٤_ دیوانی سالم، ١٩٧٢، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
٥_ سجادی، علاءالدین، ١٩٧٣، دوو چامەکەی نالی و سالم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٦_ شمیسا، دکتر سیروس، ١٣٨٠، سیر غزل در شعر فارسی، انتشارات فردوس، تهران.
٧_ شمیسا، دکتر سیروس، ١٣٨٣، انواع ادبی، انتشارات فردوس، تهران.
٨_ کاروانی، (د) بەکر شاکر، ٢٠١٩، نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.
٩_ گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٠_ محەمەد، کەمال ڕەئووف، ٢٠٠٤، ئەدەبی نامەنووسیی کوردی، جزمی ١، ٢، ٣، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١١_ مدّرس، مەلا عبدالکریم و ئەوانی تر، ١٩٧٦، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٢_ مودەرریس، مەلا عەبدولکەریم و ئەوانی تر، ٢٠١٥، دیوانی سالم، ب١_ب٢، بنکەی ژین، سلێمانی.

# فۆرمی شیعری و کێش و سەروا
# لە شیعری سالمدا

فۆرمی شیعری، ئەو قالب و چوارچێوەیەیە کە دەقی شیعری تێدا دەمەیێت و قەوارە و ڕوخساری دەرەوەی تێکستی شیعری پێکدەهێنێت. لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا کۆمەڵێك فۆرم و قالبی شیعریی ناسراو هەن کە لە سەرەتادا لە قوتابخانەی شیعریی کوردیی باکوور (قوتابخانەی شیعریی بۆتان) بەدیار کەوتوون، بە تایبەتیش لە بەرهەمی مەزن شاعیری کورد (مەلای جزیزی ١٥٦٧_١٦٤٠ز) دا، کە ڕابەری یەکەم و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعریی کلاسیکیی کوردییە، لە وێنەی: غەزەل، قەسیدە، چوارین، و چوارینەبەند و چوارخشتەکی، پێنجینە و شەشینە، موستەزاد، مولەمەع، تێهەڵکێش، تەرجیع و تەرکیب بەند.. تا ئەوەی هەموو ئەم فۆرمە شیعرییانە لە سەردەمێکی دواتردا و لەسەر دەستی شاعیرانی پێشەنگی بزووتنەوەی شیعری کوردیی ناوەڕاست (قوتابخانەی شیعریی بابان/ سەدەی هەژدەهەم)، دووبارە بوونەتەوە و پەرەیان سەندووە و جێگیریش بوون. بە نموونە لە بەرهەمی شیعریی نالیدا (١٨٠٠_١٨٧٧ز)، ئەم فۆرمە شیعرییانە بەدی دەکرێن: تاك بەیت، غەزەل، قەسیدە، موستەزاد، مولەمەع، تێهەڵکێش. لە بەرهەمی شیعریی سالمی ساحێبقڕاندا، وەك لە خشتە و ئامارەکاندا دەبیندرێت، فۆرمی هەرە زاڵ و باوی شیعری بە پلەی یەکەم بریتییە لە غەزەل، ئینجا قەسیدە بە پلەی دووەم دێت، لە دوایەش فۆرمگەلێکی دیکە بە ژمارە و ڕێژەی جیاواز دێن. لێرەدا تیشك دەخرێتە سەر فۆرم و قالبە شیعرییەکانی دیوانی سالم:

### ١_ تاك بەیت:

بریتییە لە یەك دێرە شیعری عەرووزی، کە هەردوو نیوە دێرەکەی هاوسەروا (موسەڕڕەع) بن، تاك بەیت کەمترین بڕی شیعرە و وەکو کارێکی ئەدەبیی تەواو و سەربەخۆ سەیر دەکرێت[1]. شاعیر بیرۆکەیەکی ئایینی یا فەلسەفی یا کۆمەڵایەتی

[1] کەمترین بڕی شیعر ئەگەر بریتی بێت لە یەك تاکە دێر ئەوا تاك بەیتە، دوو دێری شیعر ڕەنگە چوارین یاخود دووبەیتی بێت، لە سێ دێر و بەسەرەوە دەچێتە خانەی غەزەل.

و پەند و حیکمەت دەئاخنێتە چوارچێوەی یەك دێری شیعرەوە بەبێ زیاد و کەم، وەکو زاراوە بە (الفرد) یاخود (المفرد) دەناسرێت. لە دیوانی نالیدا یەك دانە تاك بەیتی بەدیدەکرێت کە ئەمەی خوارەوەیە:

**صەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خڕخاڵییە**

**دەنگی سۆڵە، یا لە ژێر پێی ناڵەناڵی نالییە**

(مدرّس، ١٩٧٦، ٥٨٨)

لە دیوانی سالمدا دوو تاك بەیتی شیعری هاتوون کە ئەمانەن:

یەکەم:

**بە غەیرەز میهری تۆ، گەر بێ لە دڵما**

**زڕەی زنجیری ظالم بێ لە ملما**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٤٤)

کێش: هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف (مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون X٢).

دووەم: ئەمە ناونیشانەکەیەتی، فرد در وصف أمین أفندی:

**بە دو چاو دیومە، یەکێ دێتە نەظەر عەیبی چەهار**

**گونبەدی لووت و موجەددەر ڕوخ و ڕیش بۆز و حیمار**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٣٧٠)

کێش: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەقسوور (فاعیلاتون فەعیلاتون فەعیلاتون فەعیلان X٢).

### ٢_ ڕوباعی (چوارین):

بریتییە لە چوار نیوە دێری شیعری عەرووزی، نیوە دێرەکان هاوکێش دەبن، لە ڕووی سەرواوە ئەگەر هەر چوار نیوە دێر هاوسەروا بوون چوارینەکە پێی دەگوترێت (چوارینی تەواو)، هات و نیوە دێرەکانی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروا بوون و نیوە دێری سێیەم سەروای جیاواز بوو، کە زۆرینەی چوارینەکانی شیعری کلاسیکی بەو جۆرەیە، ئەوا دەبێتە (چوارینی ناتەواو). چوارینەبەند شیعرێکی ئامال درێژە و لە کۆمەڵێك بەندی چوارینە پێکدێت، چوارینەکان لە کێشدا یەك و لە سەرواسازیدا جیاواز دەبن.

له دیوانی سالمدا چوار پارچەی شیعری چوارینی جیاواز و سەربەخۆ هاتوون کە ئەمانەن:

یەکەم:

**گوڕێزانی جەفام، ئەی تورکی سیمین بەر، خودا حافیظ**
**لەتاو جەورت دەڕۆم، ئەی شۆخی مەهپەیکەر، خودا حافیظ**
**بە یەغما چوو، لە یەك ئیما، مەتاعی صەبر و ئارامم**
**بە دەروێشی دەڕۆم، ئەی تورکی غارەتگەر، خودا حافیظ**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٣٩٧)

کێش: هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو (مەفاعییلون مەفاعییلون مەفاعییلون مەفاعییلون٢X). چوارینی تەواوە و پاش سەرواداره.

دووەم:

**نیگەه ناکەی بە لای ئوفتادەگانا، قەد لەبەر تەمکین**
**دڵت کردم بە خوێن، سا بەسیەتی، ئەی کافری بێ دین!**
**بە دین صەنعانم و غەم کۆهکەن، مەنزڵ لە لای مەجنوون!**
**بە خوو تۆ دوختی تەرسایی، بە موو لەیلا، بە ڕوو شیرین!**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٦١٤)

کێش: هەزەجی هەشت هەنگاوی موسەببەغ (مەفاعییلون مەفاعییلون مەفاعییلو مەفاعییلان٢X). چوارینی تەواوە.

سێیەم:

**گەر مویەسسەر بێ لە هیجرا، خۆشە خەو**
**مەحضی چاولێکنان دەبینم، خۆم و ئەو**
**بێتە خەو هەر شەو حەبیبم، یا ئیلاه!**
**بێ بەقەد ڕۆژی قیامەت طوولی شەو**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٧١٢)

کێش: ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەحزووف (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلون٢X) لە ڕووی سەرواوە چوارینی تەواوە.

چوارەم:

**ئەی دڵا! حەلقەیی ئەو زوڵفە هەموو دامە، مەچۆ**
**ڕۆینی ئەو ڕەهە سەرخود هەوەسی خامە، مەچۆ**
**لازمە، گەرچی دڵا! دیدەنی دڵبەر، لاکین**
**قەولی ئەو دەرحەقی تۆ توندیی و دوشنامە، مەچۆ**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٧٣٣)

کێش: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف (فاعیلاتون فەعیلاتون فەعیلاتون فاعیلون2X)، چوارینی تەواوی پاش سەروادارە.

ئەم فۆرمە شیعرییە لای نالی بەدی ناکرێت، بۆیە لەم بوارەدا گرەوی دەستپێشخەری بۆ سالم دەمێنێتەوە، وەکو چۆن لە فۆرمی شیعریی دیکەشدا دەبیندرێت.

## ٣_ غەزەل:

پارچە شیعرێکی لیریکە، لە لایەنی روخسار و ناوەرۆکەوە خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە دەشێت بەپێی تیۆرییەکەی وارین و ویلك، وەکو ژانرێکی تایبەتی شیعری کلاسیکی سەیر بکرێت (وارین، ١٩٧٢،٣٠٣) غەزەل لە لایەنی روخسارەوە پارچە شیعرێکی کورتە و لە سێ دێرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سنووری بیست دێر.[(١)]

وەکو بنەما دەگوترێت پێویستە غەزەل دێرەکانی تاك بێت، بەڵام لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە جزیرییەوە بۆ سالم و دواتریش، کەم وایە ڕەچاوی ئەم بنەمایە کرابێت. غەزەل لە کێشدا سەر بە نیزامی عەرووزە و دێری یەکەمی

---

(١) پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت کە وشەی (غەزەل) هەم لە ڕووی زمان و هەم لە ڕووی زاراوەوە ئاماژە بۆ جۆرێکی شیعریی دەکات کە لە ڕووی بنیاتەوە پێڕەوی لە پەیڕەو و بنەماکانی کلاسیزمی شیعری (لە یەکێتیی کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی) دەکات، هەر ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییەش (غەزەل) لە پارچەی شیعری لیریکی خۆماڵی، وەك ئەوەی لە ئەدەبیاتی گۆراندا دەیبینین، جیا دەکاتەوە. ئەمەیان (وەك پارچە لیریکەکانی بێسارانی و ئەوانی تر) شیعری لیریکی ڕەسەنی کوردی خۆماڵی و ئەویان لە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئیسلامییەوە لە ئەدەبی کوردیدا پەیدابووە.

هاوسەروا (مصّرع) دەبێت، لە کۆتاییشدا ناسناوی شاعیر (تخلّص) دێت، غەزەلی ئاسایی بە زمانێکی شیعریی پاراو و شیرین و ڕەوان دەهۆندرێتەوە.

لە ڕووی ناوەرۆکەوە خودی و عاشقانەیە، هەست و سۆزی شاعیر دەردەبڕێت لەبارەی ژن و جوانی و ئەڤین و دڵداری، یا وەسفی سروشت، یا لە باسی بادە و کۆڕی مەینۆشی دەدوێت. لەپاڵ غەزەلی عاشقانە کە جۆری بنەڕەتییە، غەزەلی عارفانە و جۆری دیکەشی هەیە. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا مەلای جزیری شاسواری غەزەلی کوردییە و لە هەردوو مەیدانی غەزەلی عاشقانە و عارفانەدا پێشەنگە (موتابچی، ١٩٩٤، ٩). تەنانەت (نالی)یش کە سەردەستەی شاعیرانی قوتابخانەی بابانە، بە پلەی یەکەم شاعیری غەزەل بووە. لە دوایین چاپی دیوانی نالیدا فۆرمە شیعرییەکانی نالی بەم جۆرە پۆلبەندی کراون: ١١٠ غەزەل، ١٠ قەسیدە، ١ موستەزاد، ١ تاك بەیت (خەزنەدار، ٢٠٠٨، ١٩٠).

لەبارەی شیعری غەلیاتی سالم، لە شوێنی دیکەدا باسمان کردووە، هەوڵ دەدەین ئەو قسە و باسانە لێرەدا دووبارە نەکەینەوە. لە کۆتاییی ئەم باسەماندا خشتە و ئامارێکمان خستۆتە ڕوو سەبارەت بە فۆرمەکانی شیعری لای سالم و ئەوەی سەبارەت بە ژمارە و ئاماری غەزەل لە دیوانی سالمدا بەدی دەکرێت بەم جۆرەیە[1]:

| | |
|---|---|
| ١_ غەزەلی (٣) بەیتی | (٤) پارچە |
| ٢_ غەزەلی (٤) بەیتی | (٩) پارچە |
| ٣_غەزەلی (٥) بەیتی | (٣٣) پارچە |
| ٤_ غەزەلی (٦) بەیتی | (٥٩) پارچە |
| ٥_غەزەلی (٧) بەیتی | (٨٥) پارچە |
| ٦_ غەزەلی (٨) بەیتی | (٥٣) پارچە |

(1) لەم توێژینەوەیەماندا، کە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی سەبکی هیندی لە شیعری سالمی ساحێبقڕاندا) یە و لەم کتێبەدا دەبیندرێت ئامارێك بە کۆی شیعر و بەرهەمی سالم و فۆرمە شیعرییەکان خراوەتەڕوو، بەڵام ڕەنگە ئامارەکان زۆر ورد و دروست نەبن، چونکە لەسەر (CD)یەکی ڕەشنووسی دیوانی سالم ئامادە کرابوون و هێشتا دیوانەکە چاپ و بڵاو نەبۆوە. ئەم ئامارەی لەم باسەدا دەیخەینە ڕوو لەبەر ڕۆشناییی دیوانەکە ئامادە کراوە.

| | |
|---|---|
| ٧_ غەزەلی (٩) بەیتی | (٤٣) پارچە |
| ٨_ غەزەلی (١٠) بەیتی | (١٩) پارچە |
| ٩_ غەزەلی (١١) بەیتی | (١١) پارچە |
| ١٠_ غەزەلی (١٢) بەیتی | (٦) پارچە |
| ١١_ غەزەلی (١٣) بەیتی | (١) پارچە |
| ١٢_ غەزەلی (١٤) بەیتی | (٢) پارچە |

کۆ: (٣٢٥) پارچەی غەزەل لە (٢٤١٠) دێری شیعریدا.

لەم خشتەیەدا ئامارەکان پێمان دەڵێن سالمی ساحێبقڕان لەناو شاعیرانی نەوەی یەکەم و دووەمی قوتابخانەی باباندا لە ڕووی قەوارەوە خاوەنی زۆرترین پارچەی غەزەلە. لەم بوارەدا دەگوترێت لە شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لای شاعیرانی ئێرانی و کورد و تورکدا ئەو غەزەلانەی لە نێوان (٥) تاوەکو (١١) بەیتدان و بەزۆریش (٧) بەیتییەکانیان، ئەوا شاکاری غەزەلی ئەو شاعیرانەن (موتابچی، ١٩٩٢، ٢٢). وەك لە خشتەکەدا دەبینردرێت قەوارەی شیعری غەزەلیاتی سالم، بەتایبەت ئەو پارچانەی لەنێوان (٥) بۆ (١١) بەیتدان، لە چاو سەرجەم پارچەی غەزەلیاتی شاعیر، ئەوا پشکی شێریان بەردەکەوێت و غەزەلە (٧) بەیتییەکانیشی بە ژمارە لە هەمووان زیاترن.

هات و کێومالێکی کۆی شیعری غەزەلیاتی شاعیریش بکەین، دەبینین ئەو دەستە غەزەلانەی لە نێوان (٧) بۆ (١١) بەیتدان لە پاراوترین و ڕەوانترین غەزەلەکانی شاعیرن. ئەوەی ڕاستی بێت بە بڕوای ئێمە دیوانی شیعری غەزەلیاتی سالم پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، بە شێوەیەکی تایبەتیش لە ڕووی بنیاتی هونەرییەوە، واتە لە ڕووی زمان و شێوازی شیعری، وێنە و ئەندێشە، کێش و ڕیتم و دەلالەتی شیعرییەوە. لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە دەچێتە خانەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە قەوارەی نامەیەکی ماجستێر، کە دەشێت لە ئایندەدا جێبەجێ بکرێت.

نموونەی شیعری غەزەلی سالم:

**(١)**

**حیسابی نەفحەیی زوڵفت لەگەڵ موشکی خەتا ناکەم**
**خەطا ناکەم، صەبا شاهیدمە، من تەشبیهی وا ناکەم**
**بزانم گەر لە قەبرا بۆی دەمی تیغت لە خاکم دێ،**
**هەتا دەمرم لە دونیا زەخمی خوێنینم دەوا ناکەم**
**لە دورجی سینەما تا گەوهەری یادی ڕوخی تۆ بێ،**
**لەبەر شوعلەی ئەوا شەو تا سەحەر مەیلی چرا ناکەم**
**هەناسەی حەسرەتی وەصڵی نیهانیت ڕێی بە نەی نادەم**
**(معاذ الله) بە لەب ئەم سیڕڕە هەرگیز ئاشنا ناکەم**
**لە صەحرای شۆرەزاری عیشقی جانانا گیاهێکم**
**بەبێ بارانی تیری غەمزە، قەت نەشئونوما ناکەم**
**بە خلخاڵ ئەر بشێ پیشەی هەرەس کووبیدەیی هیجرت**
**لە لەبما تا نەفەس مابێ سۆراغی مۆمیا ناکەم**
**دەبێ ئەشکت ترازووی ئارەزوو، ئەی دیدە! بڕژێنێ**
**لە بەرما تا نەبێ دەریا، بە کامی دڵ شەنا ناکەم**
**لە هیجرانا سەحەر وەختێ (فنا في النور)ی چیهرەت بم**
**لەبەر طاقی برۆی تۆ، ڕوو لە میحرابی دوعا ناکەم**
**دەمی قوربت لە پشتی سەر ئەجەل گەر دامەنم بگرێ،**
**وەها مەحوم دەکا دیداری تۆ، ڕوو بۆ قەفا ناکەم**
**لە طووڵی ظوڵمەتی هیجرا سەراسەر چونکە تۆی مەطڵەب**
**لە ذەوقی بۆسەیی لێوت هەوای ئابی بەقا ناکەم**
**ڕەها بێ گەر لە بەندی زوڵفی یارا گەردنم، (سالم)**
**بە سەهلی (بعد ازین) بازی بە حەلقەی ئەژدەها ناکەم**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٤٦٩_٤٧٢)

(٢)

دڵـم شـادە لـە بەنـدی سیلسـیلەی گێسـوویی دڵبـەردا
لەشـانە خۆفنـاکم، دەفعـەیێ، لـەم بەنـدە دڵ بـەردا
لـە دونیـادا دڵـم گـەر تـەرکی طـوڕڕەی تـۆ نـەکا، سـەهلە
بـیرون نـایێ لەشـۆر و زەمزەمـەی غـەوغایی مەحشـەردا
بەسەر سـەرتا بپێکێ چـەتری طاووسـی، ئەگـەر طـوڕڕەت
دەکـا بـیروون لـە فـەرقی پادشـەه، زینـەت لـە ئەفسـەردا
گڕی بەست دڵ لە سینەمدا، لەحەسرەت سەردی میهری تۆ
هـەتا کـەی ئـاگری پـڕ گـڕ دەسـووتێنێ لـە مەجمـەردا
تەحـەممول کـە، زەمـانی کوشـتنی مـن سـیرعەتی نـاوێ
لەدڵمایـە بگێـڕم خـۆم بـە دەوری دەسـت و خەنجـەردا
نە (فەرهاد) کەوتە شۆری من، نە (شیرین) گەییە حوسنی تۆ
لە دڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بە ڕووی بەردا

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٦)

(٣)

مـاری مـوو بـۆ بـاغی ڕوو پـەرژین دەکـەی
کـافری بـێ دیـن ئـەمینی دیـن دەکـەی
بـۆ جـەوابی یـەك سـوئالی مـن لـە چـاو
هـەر نـەظـەر تـیری نیگـەه تـەعیین دەکـەی
شـیعری (فـەرهاد)م دەخۆنـد، لێـوت گـەزی
یەعنی: بۆ تەحسینی ڕووی (شیرین) دەکەی؟!
یادی وەصڵ، ئـەی دڵ! لـە هیجرا موشکیلە
وای لە (دەی)دا، مەیلی (فەروەردین) دەکەی؟!
ڕووت مونەققەش بوو لە نـەظمی چـەتر و خـاڵ
ڕۆژ و شەو هەر مەشقی نەقشی چین دەکـەی!
خـەم دەبـێ چـەوگانی زوڵفـت بـۆ زەنـەخ
وەه چ خۆش بـازی بـە گـۆی سیمین دەکـەی!

**عـەیبی (سـالم) بـۆ دەڵێـی، واعـیظ لـە عیشـق**
**کوفرە بۆ تۆ مەنعی ڕێگەی دیـــن دەکـــەی!**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٤٩_٩٥٠)

**٤_ قەسیدە:**

وەکو ژانرێکـی بنچـینەیی شـیعری کلاسـیکیی ڕۆژهـەڵاتی پێناسـە دەکرێـت. شـیعرێکی ئامـاڵ درێـژە و لـە (٢٠) بەیتـەوە دەسـت پێـدەکات و تـاوەکو (١٠٠) و (٢٠٠) بەیتیش دەڕوات. مەسەلەی درێژی و کورتیی قەسـیدە چـەند هۆکـارێکی لـە دواوەیە، سەرەتا پەیوەنـدیی بـە گرنگـی و بایـەخی بابـەتی قەسـیدەکەوە هەیـە، پاشان ڕادەی توانا و هێزی تەبع و سەلیقەی شـاعیرانەی شـاعیر، لـە پـاڵ توانـا و دەسەڵاتی لە بواری زمان و فەرهـەنگ و پاشـخانی ڕۆشـنبیری، ئینجـا هەڵبـژاردنی جۆری کێش و ئاهەنگ و سەروای گونجاو و ڕەوان ڕۆڵی لەم بوارەدا هەیە.

قەسیدە لە عورفی ڕەخنەی کلاسیکیدا وەکـو ئـەزموونێکی شـیعریی گـرنگ سەیر دەکرێت، کە تێیدا دەسەڵات و توانای شاعیرانەی شاعیر بەدیار دەکەوێت لە بواری ڕیزکردن و هۆنینەوەی ژمارەیەکی زۆری دێری شیعریی سفت و پتەو و پاراو و بە ڕەچاوکردنی لایەنەکانی جوانکاری و هونەری ڕەوانبێژی (همایی، ١٣٧٧، ١٠٢)

لە باسـی قەسـیدەنامەکانی نێـوان (نـالی) و (سـالم)دا باسمـان لـە پەیکـەر و پێکهاتـەی قەسـیدەی کلاسـیکی کـردووە، لـەوێ ئـەوەمان ڕوون کردووەتـەوە قەسیدە فـۆرمی بنچینەیی شیعری ستوونییە، کـە لـە بنەڕەتـدا لەسـەر بنـەمای یـەکێتی و سـەربەخۆییی بـەیت بنیـات دەنـدرێت. ئـەم قسـەی دوایـی (یـەکێتی و سـەربەخۆییی بـەیت، مشـتومڕێکی نـەبڕاوەی لـە ڕەخنـەی کۆنـدا خولقانـدووە سەبارەت بە (واتا و یەکێتیی بابەت_ وحدة الموضوع) لە قەسیدەدا.

ئەم مەسەلەیە بۆتە بابەتی ڕەخنەی کوردیش، (گۆران)، لە نیو سـەدە زیاتر لەمەوبەر لە بـواری قسـەکردن لەمـەڕ مەسـەلەی (کـۆنی و تـازەیی لـە هەڵبەسـتا) ئاوڕی لـەم چـەمکە داوەتـەوە، ئـەو پێـی وایـە لـە قەسـیدەدا یـەکێتیی بابـەت لـە سـنووری بەیتـدا دەبێـت و لـە غـەزەل و قەسـیدەدا بـەیت لـە واتـادا ئەوەنـدە سەربەخۆیە، کە پیاو دەتوانێت بە هەوەسی خۆی بەیتـەکان پـاش و پـێش بخـات بەبێ ئـەوەی هەسـت بـە جیاوازییـەك بکرێـت، لـە کاتێکدا لـە هەڵبەسـتی تـازەدا

یەکێتیی بابەت بەسەر هەموو پارچە هەڵبەستەکەدا دابەش دەبێت (ئاشنا، ٢٠٠٢، ٢٩). بە ڕای ئێمە ئەم بۆچوونە حوکمێکی گشتییە و ئێستا پێویستی بە ڕوونکردنەوە و پێداچوونەوە هەیە لە چەند ڕوویەکەوە:

١_ لە ڕەخنەی نوێدا جیاوازیی لەنێوان دوو چەمکدا دەکرێت، یەکەمیان ئەوەیە، کە بە (یەکێتیی بابەت) ناو دەبرێت، دووەمیان ئەوەیە کە پەیوەستە بە (یەکێتیی ئۆرگانیکی) یاخود یەکێتیی هونەریی دەقی شیعری. لێرەدا مەبەستی (گۆران) ئەمەی دواییانە، کە بەشێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شیعریی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی و پاش ڕۆمانتیکی.

٢_ بۆ مەسەلەی یەکێتیی بابەت و لاوازیی بەیەکەوە گرێدانەوەی بەشەکان لە قەسیدەی کۆنی عەرەبیدا ڕەنگە بۆ قۆناغێک ئەم بۆچوونە لە ئاست قەسیدەیەکی (١٠٠) بۆ (٢٠٠) بەیتیدا دروست بێت، کاتێك شاعیری جاهیلی هاتووە کۆمەڵێك چەمك و بابەتگەلی جیاوازی لە وێنەی سوارچاکی و ڕاووشکار و ژیانی کۆمەڵایەتیی خێڵ و دەوارنشینی و بیابان گەڕی و چی و چی لە چوارچێوەیەکدا کۆکردووەتەوە، وەکو چۆن ئاڵوگۆڕ و پاش و پێش یا سڕینەوەی چەند دێڕێکیش هەر پەیوەست بێت بە قەوارەی درێژ و کشاویی قەسیدەکەوە، بەڵام گۆتەی نەبوونی یەکێتیی بابەت و دەلالەت، بۆ غەزەلێکی (٥) تاکو (١٠) دێری هەر کام لە (جزیری و نالی و سالم و...) ڕاست نییە، چونکە لێرەدا هەم یەکێتیی واتا و هەم یەکێتیی سۆز و حاڵەتی دەروونی و تەنانەت یەکێتیی بنیاتی هزری و شیعریشیان تێدایە.

سەبارەت بە قەسیدەی کلاسیکیی کوردیش وەك لای ئەم شاعیرانە بەدی دەکرێت هەر وایە، یەکێتییەکی واتایی و دەلالی و بابەتیی زۆر تۆکمە و پتەو هەموو دێر و بەشەکانی قەسیدەی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەیەکەوە گرێ دەدات. ئەمەش لە دوو ڕووەوە بەدیار دەکەوێت:

أ_ یەکێتیی دەرەکیی غەزەل و قەسیدەی کوردی، واتە (یەکێتیی ڕوخسار)، کەوا یەکێتیی کێش و سەروا و زمان و داڕشتن و سەنعەتسازی دەگرێتەوە.

ب_ یەکێتیی ناوخۆیی (مەبەست و ناوەرۆك)، قەسیدە و غەزەل لە گشتدا یەکەیەکی واتایی و مەنتیقی بەیەکەوە گرێدراو و تێکچڕژاو پێکدەهێنێت و لە

دەوری مەبەستێك دەخولێتەوە، كە ڕەنگدانەوەی بیر و بابەت و سۆز و ئەزموونە لە ئاست هەر مەسەلەیەك بێت، سۆزداری، ئایینی، كۆمەڵایەتی...هتد.

دیاردەی پاش و پێش یان كەم و زیادكردنی دێرێك یا چەند دێرێك ئەگەر لە قەسیدەی كۆن و درێژدا ڕێگای تێ بچێت، ئەوا لە قەسیدەیەكی كشاوی كۆپلەدار و بەندبەندی نوێشدا ڕێگای تێ دەچێت. ئەزموونی سالم لە بواری قەسیدەسەراییدا ئەزموونێكی پێشكەوتوو و تاقانەیە. بەر لە سالم ئێمە قەسیدەی نیشتمانی و سوارچاكی و قارەمانێتیی كوردانەمان نییە خۆی لە (١٠٠) بەیت بدات. لە دیوانی نالییەكەیدا، د. مارف خەزنەدار (١٠) پارچە شیعری درێژی نالی لە بەشی قەسیدە داناوە، لە كاتێكدا نیوەیان هەم لە ڕووی واتا و هەم لەڕووی ناوەرۆكەوە ناچنە خانەی قەسیدەوە، تەنانەت هیی وایان تێدایە لەگەڵ پێناسەكەی خۆیشیدا بۆ قەسیدە، كە پێی وایە دەبێت لە (١٨) دێر بەسەرەوە بێت، نایێتەوە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ب١، ١٦٦). بە لای ئێمەوە و بە گوێرەی پێوەرە ستاندەرەكانی فۆرم و ناوەرۆك لە شیعری كلاسیكیدا، لە كۆی شیعرە كوردییەكانی دیوانی سالمدا ئەم تێكستانە حیسابی قەسیدەیان بۆ دەكرێت[1]:

یەكەم: قەسیدەیەكی (ئەلفی) (٢٤) بەیتییە و لە پێشەوەی دیوانەكەدا هاتووە. بە ناوەرۆك زیاتر لایەنی پەند و حیكمەت و گەڕانەوە بۆ قاپی خودای لێ دەخوێندرێتەوە، واتە دەشێت بڵێین قەسیدەیەكی ئایینییە. لە سەرەتاوە تا كۆتایی لەسەر یەك ڕێكەوەند (سیاق) دەڕوات و ناو و ناسناوی سالمیش لە كۆتاییەكەیدا نەهاتووە، بۆیە گومان دەكرێت ناتەواو بێت، یا شاعیر خۆی تەواوی نەكردبێت، دێری سەرەتای ئەمەیە:

**بە خاریج، تا بە كەی سازندە بم بۆ جیفەیی دونیا؟!**
**لە بامـــی بێ نەوایی لێ بدەم، با تەپڵـــی ئیستیغنا**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٢٢)

---

[1] لە دیوانی سالمدا تێكستی شیعری وا هەیە خۆی لە (٤٠) دێر ز زیاتریش دەدات، بەڵام بە ڕای ئێمە ناچێتە ناو پێناسەی قەسیدەوە، چونكە مەرج نییە هەر شیعرێك درێژ بوو و (٢٠) دێری تێپەڕاند قەسیدە بێت. ئەمانە وەكو پارچەی شیعری مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت.

کـێش: هــەزەجی هەشـت هــەنگاوی تــەواوە، واتــە چــوار کــەڕەت (مەفاعییلونX٢).

دووەم: قەسیدەیەکی ئەلفی (٣٢) دێرییە، لـە بۆتـەی ئـاوارەبوونی سـالم بـۆ شاری (حیللە) هۆنراوەتەوە. وەکو بابەت ڕاز و گلـەیی و سـکالاّ و داشـۆرینە، بـەم دێرە دەست پێدەکات:

**حەســـرەتا دڵ غافڵە، نازانێ قیســـمەت چـــی دەکا؟**

**ئەمڕۆ ئێرەم بوو بە مەسکەن، ئاخۆ فەردا کوێم دەبا؟!**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٤٣)

کێش: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف (فـاعیلاتون فـاعیلاتون فـاعیلاتون فاعیلونX ٢)

سێیەم: دیسان قەسیدەیەکی ئەلفییە بریتییە لە (٣٣) دێری شـیعری، وەکـو ناونیشان ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە (در وصف عزیز بگ/ لە ستایشی عـەزیز بـەگی بابان)دا گوتراوە. ئەمە دێری سەرەتاکەیەتی:

**دەکا دونیایی پڕ شـۆڕش، بە دایـم فیتنەها پەیـدا**

**بە نەیڕەنگ و فسوونی ئەو، لە هەر سوویێ وەغا پەیدا**

کێش: هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو (چوار کەڕەت مەفاعییلونX٢)

چوارەم: قەسیدە وەڵامنامەکـەی سـالمە بـۆ نـالی، خـۆی ناونیشـانەکەی (در جـواب نالی)یـە، (٤٣) دێـرە و بـە قەسـیدەی (ڕائـی) نـاو دەبرێـت. کێشـە عەرووزییەکەی:

موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مـەکفووفی مەحزووفـە (مـەفعولو فـاعی لاتو مەفاعیلیو فاعی لونX٢) لە بابەتی نامەی شیعری لـەنێوان سـالم و نالیـدا بـە درێژی قسەمان لەبارەی ئەم قەسیدەوە کردووە.

پێنجەم: قەسیدەیەکی ماتەمنامەیە لە (٤٥) دێر پێکهاتووە و لـە شـینگێڕیی (مـەحمود ئاغـای شـیوەکەڵ)دا هۆنراوەتـەوە. بنەماڵـەی ئـەم مـەحموود ئاغـای شـیوەکەڵە لـە ناوچـەی سـیوەیلی شـارباژێڕ پشـتیوان و پاڵپشـتێکی گرنگـی دەسـەڵاتی بابانـەکان بـوون لـەو ڕۆژگـارەدا. سـالم خۆیشـی سـەردەمێك وەکـو ئەرکێکی فـەرمی، نوێنـەر و بـاڵوێزی میرایـەتی بـووە لـە شـیوەکەڵ و لـەلای ئـەم بنەماڵەیـەدا. قەسـیدەکە زۆر بەسـۆز و جـۆش و خرۆشـەوە هۆنراوەتـەوە، سـالم

گەورەیی و شانوشکۆی ئەم بنەماڵەیە و فراوانی مەودای کارەساتی مەرگی لەناکاوی مەحموود ئاغای بەرجەستە کردووە:

**لێم گەڕێن با گریە کەم دیدەم بە دیدەی خوونفشان**

**نایێڵێ یەك دەم بە ڕاحەت ڕابوێرم، ئاسمان**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٠٧)

کێشی قەسیدەکە: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەقسوورە (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلانX٢).

شەشەم: قەسیدەیەکی جەنگیی قارەمانێتی و سوارچاکییە، باس لە ڕووداوەکانی شۆڕش و جەنگی قارەمانانەی عەزیز بەگی بابان دەکات لە دژی دەسەڵاتی تورك لە سلێمانی، دوا بە دوای کۆتایی هێنان بە حوکمڕانیی بابانەکان. قەسیدەکە نوونییە و لە (١٠١) دێری شیعری پێکهاتووە. بەوهۆیەی ناسناوی شاعیر لە کۆتاییدا دیار نییە گومان بۆ ئەوە دەچێت ناتەواو بێت. ئەم قەسیدەیە یەکێکە لە قەسیدە هەرە گرنگ و تۆکمە و پتەو داڕێژراوەکانی سالم. تەنانەت لە شیعری کوردیدا لە باری ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، وەکو نموونەیەك بۆ قەسیدەی کوردیی کلاسیك، کەم وێنەیە. کێشە عەرووزییەکەی بریتییە لە ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەقسوور (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلانX٢). دێرەکانی سەرەتا و دەستپێکی بەم جۆرەیە:

**لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەفزەنان**

**گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان**

**(شارەزوور) بەحر و (سولەیمانی) لەسەر ئاو، گەمیەڕەنگ**

**بۆ شکستی وەك نەهەنگ بوو، فیتنەیی ئاخرزەمان**

**کێ دوعای کردبێ بە سۆز ئەمساڵ لە کشتی (شەهرەزوور)**

**دا ببارێنێ لە تەنخوای تەرزە ڕۆمی، ئاسمان؟!**

**ڕاستە گەردوون چابوکە بۆ ڕەنگی بەد ڕیتن، وەلێ**

**ناڕژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگە بە موددەی صەد قیران**

**بەزمی صەیدی ئێمە صەییادی فەلەك کارێکی کرد**

**ڕەنگە باڵای تیرقەددان بێتە تەرکیبی کەمان**

ئەمەش دێرەکانی کۆتاییی قەسیدەکەیە:

**کەوکەبـــەی بـــەختی (عـــەزیز)م وا لـــە چـــاها بێنـــەدەر**
**شەعشـــەعەی ئـــەمری مونـــەووەر کـــا، زەمـــین و ئاسمـــان**
**چـــەنگڵی شـــەهبازی بـــازی (بازیـــان)ی بـــاز نـــەدی**
**فش هەڵات کەهیا لەسەر بەیضەی طەمـەع وەك ماکییـان**
**بـۆ مـــەداری نـــانی عەشـــرەت، قـــەت مـــەدارێکی نـــەبوو**
**ئاشـــەکەی طـــەبعـــی بـــە ئـــاوی کەیـــدی ڕۆمـــی هاتـــە دان**
**بەختی سووتیٚ، سا لە ڕێی حەق، حەق حەقی لیٚ وەرگریٚ**
**بەدنمـــــەك گیری نمەك بـــیٚ، وەك ئەوانـــی دا بەمـــــــان!**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٢٤_٥٤٩)

حەوتـەم: قەسـیدەیەکی نـوونی (٤٨) بەیتییـە، بـە یـەکێك لـە بەسـۆزترین قەسیدە نیشتمانییەکانی سالم دەژمێردرێت، لـە ڕاسـتیدا جۆرێك لـە شیننامە و ماتەمگێڕییە بۆ دەسەڵاتداریێتیی کورد و چارەنووسی خراپ و شوومی بابانـەکان و لایەنگرانیان و ئەو ڕۆژگارە سەخت و ئەستەمەی کە تێی کەوتوون. قەسیدەکە لـە وێنـــەی پانۆڕامایێکـــە و دۆخـــی سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی و ئـــابووری و تەنانـــەت دەروونیی دەستەودایەرەی بابانەکان لـە لایـەك و هـەموو ئـەو خەڵکـە ڕەشـۆکی و ڕەعییەتەش، کە هەوادار و لایەنگریان بوون لـە لایـەکی دیکـەدا، لـە بەرانبـەر ئـەو زوڵـم و زۆرەی ڕۆمـی داگیرکـەر و ئـەو نەهامـەتی و کارەسـاتانەی بەسـەر وڵاتیـان داهێناوە دەخاتە ڕوو. سالم ئاماژە بۆ بەرەیەکی سێیەمیش دەکات و دەڵێت:

**لە ئەصلاً بانییی ئەم کارە کاسبهایی شـەهری بـوون**
**لە ئەمری فیتنەئەنگێزا، سەراسەر، میثلی (مەروان)ن**
**گەهیٚ هەمدەردی ئەتراکن، گەهیٚ هەمعەیشی ئەکرادن**
**لە لایەك مادەری بەڕڕەن، لە لایەك یاری گورگانن**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٨٧_٥٨٨)

دیارە ئەم بەرەیە لەنێوان هەردوو جەمسەری دژبەیـەکی بابانـەکان و ڕۆمدا، ڕۆڵیـان لـە بەلاداخسـتنەوەی ناکۆکییەکانـدا هـەبووە، تـا لەئاکامـدا بەشکسـت و تیاچوونی دەسەڵات و فەرمانڕەواییی بابانەکان تەواو بووە. دیارە ئەمـەش پاسـاو

و هۆكــار و مێــژوویی خــۆی هــەبووە، كــە دەكرێــت قســەی لــەبارەوە بكرێــت. قەسیدەكە بەم ناونیشانە هاتووە: در وصف پریشانی نوكران بابـان بعـد از رفـتن عبدالله پاشا بە قسطنطین/ واتە لە باسی ڕەنجەڕۆیی دەسـتەودایەرەی بابانـەكان دوابـەدوای ڕۆیشـتنی عەبـدوڵلا پاشـا بـۆ قوسـتەنتینیە. سـێ دێـری دەسـتپێكی قەسیدەكە بەم جۆرەیە:

**بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ كە خاصصەی موڵكی بابانن**
**لە بێ دادیی فەلەك هەر یەك سەراسیمە و هەراسـانن**
**جەوانانی سەهی قەد بەسكی دامـاون لـە بـێ چـیزی**
**لەژێر باری غەما هەریەك، لە خەمدا میثلی چـەوگانن**
**لە بابانـا گرفتـارن، پەرێشـان خاطـــر و بـێ كـەس**
**بە جەمعییەت سیەهبەختانە وەك گێسوویی خووبانن**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٧٦_٥٧٧)

دوا دێری قەسیدەكەش بەم جۆرەیە:

**لە ظوڵمی چەرخی چەپگەردش درێغا، حەسرەتا، دادا!**
**بە میثلی (سالم) ی بێ كەس، گەلێ كەس وێڵی شارانن**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٨٨)

كێشـی قەسـیدەكە هـەزەجی هەشـت هـەنگاوی تـەواوە، واتـە (چـوار جـار مەفاعیلون٢X).

هەشـتەم: قەسـیدەیەكی هـائی (٤٢) بەیتییـە، ناونیشـانەكەی وایـە: تهنئـە مرخص شدن عبدالله پاشـای بابـان از قسـطنطین و امدنش بـە عـراق بغـداد/ واتـە پیرۆزباییناەمەی ڕێ پێدانی عەبدوڵلا پاشای بابـان و هاتنـەوەی لـە قوسـتەنتینەوە بۆ عیراق و بەغدا.

قەسیدەكە ستایشنامەیەكی یەكجار بەرز و نایاب و بەپێزە بۆ یەكێك لە میرە ناودارەكانی بابان ئەویش عەبدوڵلا پاشـای بـرای ئەحمـەد پاشـای كـوڕی سـلێمان پاشـایە. عەبـدوڵلا پاشـا دوا مـیر و دوا فـەرمانڕەوای بابانـەكان بـوو لـە سـلێمانی تـاوەكو سـاڵی (١٨٥١). ئینجـا بـانگی بەغـدا كـراوە و لـەوێ بـە دەستبەسـەری

ڕەوانەی ئەستەمبۆڵ کراوە. بەمە دەسەڵات و میرایەتیی بابانەکان لە سلێمانی بە یەکجاری پێچراوەتەوە[1].

لەساڵی (١٨٥٤)دا و لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕی دوورگەی (قرم_ کریمە) لەنێوان ڕوسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانیدا، عوسمانییەکان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ڕێگە بە گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشا دەدەن تا بگەڕێتەوە بەغدا و لەوێشڕا بۆ سلێمانی، ئەم هەواڵە سالمی زۆر دڵخۆش کردووە بۆیە وەکو مزگێنی نامەیەك بۆ گەڕانەوەی دۆستی دێرینی ئەم قەسیدەیەی هۆنیوەتەوە، کە تێیدا عەبدوڵڵا پاشای وەکو فریادڕەس و قارەمانێکی نەتەوەیی وێنا کردووە، بەڵام وەکو ڕووداوەکان دەریان خستووە ئەم پێشبینی و ئاواتانەی سالم نایەتە دی و والیی بەغدا ڕێگری لە گەڕانەوەی پاشا دەکات بۆ سلێمانی و بە هەمان ڕێگادا ڕەوانەی ئەستەمبوڵی دەکاتەوە. ئێمە لە شوێنی دیکە و لە مەسەلەی پەیوەندیی سالم و بابانەکان بەتایبەتیش ئەم عەبدوڵڵا پاشایەی برای ئەحمەد پاشا، پێچەوانەی دید و بۆچوونی زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیر و مێژوونووسانی کورد، قسە و باسێکی تایبەتیمان دەبێت. سێ دێری یەکەمی قەسیدەکە بەم جۆرەیە:

**تیروەش دەی مەهـ گوزەشت و عەهدی نەیسان هاتەوە**
**بولبولی بێ دڵ، لە دەورەی گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە**
**سەختگیریی کرد، ئەگەر سەرما، وەکوو ئەفراسیاب**
**بادی نەورۆزی بە میثلی پووری دەستان هاتەوە**
**لەشکری گوڵ جوملە خەندانن، دەڵێن: سەرما شکا**
**تا (سولەیمان) ی صەبا بۆ دێوی زستان هاتەوە**

---

[1] ئێمە لەم باسەماندا، کە بە ناونیشانی (لە پەراوێزی دوو قەسیدەی سالم)دا، کە لە پاڵ ئەم لێکۆڵینەوەدا لەم کتێبەدا دەبیندرێت، بە درێژی لەسەر ئەم دوو قەسیدەیەی دوایی (٧و ٨) وەستاوین و واتای وشە و زاراوەکانیشمان لێکداوەتەوە.

سێ دێری دوایی تێکستەکەش وا هاتووە:

**کەوتە ناو کەففەی کەرەم، دووبارە خەرجی شەهرەزوور**
**طالیعی دەروێش و موفلیس بوو کە قائان هاتەوە**
**من بە شەك دەموت: نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم؟**
**دڵ وتی: (سالم) یەقینت بێ، بە قورئان هاتەوە**
**ئەهلی دانش، (حاتەمی بەخشش) بە ئەبجەد کەن حیساب**
**با نەڵێن: کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە؟!**

کێش: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلونX ٢).

نۆیەم: قەسیدەیەکە لە (٢٤) دێر و (یائی)یە. بە ناونیشانی:

در وصف والی کردستان انشا شدەاست/ واتە لە ستایشی والیی کوردستاندا گوتراوە. ناشزاندرێت ئەم والییەی (کوردستان_سنە) کێیە، کە سالم ئەم قەسیدەیەی بە شان و باڵیدا هەڵگوتووە. سەرەتاکەی بە باسوخواسی مەینۆشی دەست پێدەکات و لە دێری دەیەمدا شاعیر بەرەو لای ئەسڵی بابەتەکەی وەردەچەرخێت و دەکەوێتە پیاهەڵدان بە شان و باڵی والیدا. لە کۆتاییشدا دوعا و نزای کامەرانی و خۆشبەختی بۆ دەکات. سالم لەم قەسیدەیەدا کێشێکی ناوازەی سووك و خێرای هەڵبژاردووە، کە بریتییە لە هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف (مەفاعییلون مەفاعییلون فاعیلون٢X)، کە لە خوێندنەوەدا سووك و ڕەوانە:

**مەهی دەی هات و چوو، ڕابورد شەوی دەی**
**دەسا دەی مەی بدەن، ئەمجا پەیاپەی**
**خەلاٌصم کەن لە دەس غەم، موطریب ئامان**
**بە دەنگی بەربوت و چەنگ و دەف و نەی**
**دەبێ ساقی! لە مەی عیسا نەفەس، بێ**
**بە نەشئە موردەیی صەد ساڵە کەی حەی**
**زومورڕود ڕەنگە سەحرا و بادە گوڵگوون**
**هەتا کەی کاهیلی؟! چەنگێ، دەخیل، دەی**

تا دەڵێت:

**لـــــە ســــــایەی دەوڵــــــەتی والییــــــی والا**
**لە هەر سوو بەزمە، وەك جەشنی (جەم) و (کەی)**
**لــە بیمــی شــەحنەیی ئــەو، ئێســتە ڕەهــزەن**
**نــەماوە، هــەر لــە (بەصــرا) تــا بــە ڕێــی (ڕەی)**
**ئیشـــارەی بـــەرقی تیغـــی ڕۆژی مەیـــدان**
**بـــە چـــالاکی دەکـــا ئەســـپی قـــیران پـــەی!**

بەم جۆرەش کۆتایی دێت:

**بە دەنگی تـەپڵی بـاز گـەر بـازی بـەردا**
**عوقاب وەك کارەوان ماتە لە حەملەی!**
**خودایا! سا لـە ڕێـی سـاقییی کـەوثـەر**
**هـەتا بـیٚ بـاغ و تـاك و شـاخ و ڕیشـەی**
**بە بەزم و کامەرانی و عەیش و عیشرەت**
**لە بادەی لوطفی حەق پڕ بیٚ پیاڵــــەی**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٣٤_٩٣٩)

لە پێشەوە ئاماژە بۆ ئـەو مەسـەلەیە کـراوە، کـە لـە شـیعری سـالمدا چـەند تێکستێك هەن لەگەڵ ئەوەی لە قەوارە و لە ژمارەی دێردا خۆیان لە قـەرەی (٢٠) دێـر و بـەڵکو زیـاتریش دەدەن، بـەلاَم بـە ڕای ئێمـە ناچـنە خانـەی قەسـیدەوە تێکستەکانیش ئەمانەن:

_ پارچەیەکی موناجاتی ئایینی (٢١) دێرییە، ئەمە سەرەتاکەیەتی:

**ڕووبەڕووی نەقش و نگینی موصطەفا**
**نەســـخە تۆمـــاری جەمیعی ئەنبییا**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٣٩)

ئەمە دەچێتە خانەی پارچە شیعری ئایینییەوە.

_دووان لـەم تێکسـتانە شـیعری داشـۆرینن و بـە شـێوەیەکی گاڵتـەجاڕی و کاریکاتۆرییانە لەبارەی ئەسپ و ولاغی سواری هۆنراونـەتـەوە. یـەکیان (٢٠) دێـرە (در هجو اسب حمەء احمد) گوتراوە، ئەمە دێری یەکەمییەتی:

**غەم وەکوو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەلاّ**

**ئاوی هایل زایە کەشتی، هاتمە حالّــی حەلــوەلا**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٢٨)

دووەمەکەی لە باسی چەوت و چەوێڵی ئەسپە بۆزێکە و (٢١) دێرە، ئەمە سەرەتاکەیەتی:

**ئیبتیدا بۆز لە (سنە)ی کردووە چەرا**

**بوویەتی، چونکە لەوێ، نەشــئونوما**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٣٥)

_ پارچــەیەکی داشــۆرینی (٢١) دێرییــە، لــە باســی قرچــۆکی و ڕژدی و پارەپیسی کەسێکدا هۆنراوەتەوە. ئەمە یەکەم دێریەتی:

**چ بڵێم، برا؟ بە قورئان، حەیرانە دڵ لە کارت**

**ڕیتی تەعەششوقی پوول پەیمانەیی قەرارت!**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ١٧٠)

_ ئەمەیان پارچەیەکی درێژی (٤٣) دێرییـە، گوایە (سالم و مـەلا مـوئمین) بەیەکـەوە گوتوویانـە. لەسـەر ئاسـتی هونەرییـەوە دەچـێتە خانـەی هـۆنراو (نەزم)ەوە، بۆیە وەکو مەنزوومەیەکی داشۆرین دەژمێردرێت، لـە بـاری ئەسـپ و ولاّغی سوارییە، ئەمە سەرەتاکەیەتی:

**خاڵە بیســـتوومە، موئمینی جافـــان**

**کە لە طەبعی کەسێکە وەك حەسسان**

بەم دێرەش دوایی دێت:

**دەك ئیلاهی بـــە میثلی پەڕڕەقــەش**

**دەست و پا بەستە بیت و تەن لەرزان**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٥٦١)

_ پارچـەی شەشـەم و کۆتـایی لـە (٢٠) دێردایـە و خـۆی ئـەم ناونیشـانەی بەسەرەوەیە: (در زفاف درویش اغا) دیارە بۆ تیر و توانج و لاقرتێ لە زەماوەنـدی دەروێش ئاغا ناوێکدا گوتراوە، مۆرکی داشۆرین لە هەموو پارچـەکە ڕوونـە، دێـری سەرەتای وایە:

**مورغی دڵ بۆ سەیری شایی، وا لە سینەمدا فڕی**
**بۆ صەدای تەپڵی عەرووسی وا دەواڵــم هەڵبڕی**

دێری کۆتایی:

**بووکێ بێخود، ئاغە مەست، بەربووك بە ئەنگوشت هاتە خۆی**
**دەستەخوشکی دا بە گـان، گۆبەنـــدی گێڕا و دەرپـــەڕی! !**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٩٠٦)

ئێمە لەو خشتە و ئامارەدا، کە بۆ فۆرمی شیعری سالممان ڕێکخستووە، پارچەی یەکەم حیسابی شیعری ئایینی و ئەوانی ترمان لە خانەی پارچەی شیعریی داشۆریندا جێ کردووەتەوە، چونکە ئەم پارچانە لە ڕووی بابەت و هونەر و جۆری دارشتندا ناچنە خانەی قەسیدە، جگە لە پارچەی یەکەم، ئەوانی دیکە دەچنە خانەی شیعری (هەزەلیات) و سالم بۆ سەرگەرمی و زاخاوی مێشك هۆنیویەتییەوە، بۆیە حیسابی پارچەی شیعری ئایینی و شیعری داشۆرینیان بۆ دەکرێت.

قەسیدەسەرایی لە بەرهەمی سالمدا، لایەنێکی زۆر گرنگ و بایەخدار لە بیر و بەرهەمی شیعر و داهێنانی سالم پێکدەهێنێت و پێویستە کەوا توێژینەوەی پسپۆڕی و تایبەتی لەبارەوە ئینجام بدرێت[١]، بۆ نموونە ئێمە لامان وایە کەوا (ڕەهەندەکانی قەسیدەسەرایی لە شیعری سالم)دا دەشێت لەم چەند لایەنەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت:

أ_ ڕەهەندی زمان و شێوازی شیعری:
١_ لە ئاستی وشە و فەرهەنگی زمانی شیعرییەوە.[٢]

---

[١] بەشێك لە قەسیدەکانی سالم، ئەوانەی کەوا پەیوەستن بەلایەنی مێژوویی و بیری سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییی میرایەتیی بابانەوە، بوونەتە بابەتی کارێکی زانستی (نامەی ماجستێر) بە ناونیشانی (شیعری نیشتمانیی سالم ١٨٠٥_١٨٦٩)، (نەوزاد وقاص، ١٩٩١).

[٢] کارێکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر ئاستی (نامەی دکتۆرا)دا لە بواری فەرهەنگی شیعری سالم ئەنجام دراوە بە ناونیشانی (فەرهەنگی شیعری سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا) (تۆفیق، ٢٠١٣).

٢_ لە ئاستی زاراوەسازی و پێکهاتە.
٣_ لە ئاستی ڕستەسازیی شیعریدا.

ب_ ڕەهەندی مۆسیقا و ڕیتمی شیعری:
١_ کێش و سەروا.
٢_ ڕیتمی شیعری.
ج_ ڕەهەندی وێنە و ئەندێشەی شیعری:
١_ وێنەی ڕەوانبێژی.
٢_ وێنەی وەسفی.
٣_ وێنەی هونەری و ئەندێشەیی.
د_ ڕەهەندی واتایی.
_ئاستی واتا و دەلالەت.
هـ_ پێنج خشتەکی:

ئەم هونەرە لەئەزموونی شیعریی کوردیی ناوەڕاست (قوتابخانەی بابان) دا بۆ جاری یەکەم لە شیعری سالمدا بەدیاردەکەوێت. لە ئەزموونی شیعریی کوردیی باکوور و لە شیعری مەلای جزیزیدا هونەرێك بە ناونیشانی (تەربیع/ چوارخشتەکی) دەبیندرێت، جزیری تێکستی (نەوایا موطریب و چەنگێ) ی بە شێوەی بەندی چوارخشتەکی نووسیوە، کە بریتییە لە (٨) بەند و لە هەر بەندێکدا سێ نیوە دێری یەکەم هیی جزیرییە و نیوەدێری چوارەم هیی حافزی شیرازییە، بەمە پارچەکە بووەتە (چوارخشتەکی_مولەممەع). بگەڕێوە بۆ (دۆسکی،٢٠١١، ٢٧). کەواتە لە مەیدانی ئەم هونەرەی شیعری کلاسیکی کوردی دەستپێشخەرییەکە بۆ سالم دەمێنێتەوە. لە کۆی شیعر و دیوانی سالمدا چوار تێکستی پێنج خشتەکی بەدی دەکرێت، کە ئەمانەن:

أ_ پێنج خشتەکیی سالم لەسەر غەزەلی مەولانا خالیدی شارەزووری (١٧٧٩_ ١٨٢٧)، مەولانا غەزەلێکی (٧) دێری هەیە، کە بەم دێرە دەست پێدەکات:

**موسم عیداست و ما نومید از دیدار یار**
**عالمی در عیش و نوش و ما دو چشم اشکبار**

(مدرّس، ١٩٧٩، ٥١٥)

سالم (٦) دێری لەم غەزەلە وەرگرتووە و پارچەیەکی پێنج خشتەکی لە (٦) بەنددا لەسەر دامەزراندووە. بەندی یەکەمی بەم جۆرەیە:

**دڵ لە میحنەت کەیلە، ڕێم کەن،با بە غەم دەرچم لە شار**
**ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە جەمعی مەردومان بگرم کەنار**
**دەستەوئەژنۆ دانیشم، بۆ حاڵی خۆم بگریم بە زار**
**(موسم عیداست و ما نومید از دیدار یار**
**عالمی در عیش و نوش و ما دو چشم اشکبار**

بەندی کۆتاییش بەم جۆرەیە:

**کەس نەبێ (سالم) لە دونیادا وەکوو من تووشی دەرد**
**بێ نەوا کەوتوومە غوربەت، ناتەوان و ڕەنگ زەرد**
**شیعری (مەولانا) دەڵێم و هەڵدەکێشم ئاهی سەرد:**
**(خالدا) گر نیستی دیوانە و صحرا نورد**
**تو کجا و کابل و غزنین و خاک قندهار)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٢٧٥)

کێش: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەقسوور (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلانX ٢).

بەوهۆیەش غەزەلەکەی مەولانا بە زمانی فارسی هۆنراوەتەوە و سالم تێهەڵکێشی شیعری کوردیی خۆی کردووە، تێکستەکە لە ڕووی فورمەوە دەبێت بە پێنج خشتەکیی مولەممەعی تێهەڵکێش.

ب_ پێنج خشتەکیی دووەمی سالم لەسەر غەزەلێکی حافز هۆنراوەتەوە. غەزەلەکە لە بنەڕەتدا لە (٩) دێر پێکهاتووە، سالم تەنیا (٣) دێری لێ وەرگرتووە و سێ بەندی پێنج خشتەکیی مولەممەع و تێهەڵکێشی خۆی لەسەر دامەزراندووە. بەندی یەکەم بەم جۆرەیە:

(من کلام حافظ)

**پووچە ناصیح، بە هەوای تەرکت، ئەگەر لێ دا دەم**
**دانەنێم ئەم سەرە تا لەم ڕەهە، زەحمەت لا دەم**
**بە خودا تا دەمرم گوێ بە نەصیحەت نادەم**
**(فاش میگویم و از گفتەء خود دلشادم**
**بندەء عشقم و از هر دو جهان ازادم)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٤٥٩)

کێش: ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەصڵەم (فاعیلاتون فاعیلاتون فەعیلاتون فەع لونX٢).

ج_ پێنج خشتەکیی سالم لەسەر غەزەلێکی نالی، ئەم غەزەلەی نالی (٧) بەیتە، سالم (٤) بەیتی لێ وەرگرتووە و کردوویەتی بە پێنج خشتەکی. نالی وەکو مامۆستای شیعری کلاسیکی کوردیی قوتابخانەی بابان شاعیرانی کورد زۆرترین پارچەی پێنج خشتەکییان لەسەر شیعر و غەزەلەکانی هۆنیوەتەوە، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە دیسان لە سالمەوە دەستی پێکردووە و ئەو یەکەمین شاعیرە لەم قوتابخانەیەدا پێنج خشتەکی لەسەر شیعری نالی دانابێت. ئەو نالی بە مامۆستا و سەرمەشقی خۆی زانیوە، بە چاوی ڕێز و شکۆوە لێی ڕوانیوە و هەر ئەویش بە (حەزرەت) ناوی بردووە. ئەم کارەشی بۆیە کردووە تاوەکو توانا و دەسەڵاتی شاعیرانەی خۆیشی لە ئاست مامۆستاکەیدا لە شیعرسازی و هونەرنواندنا بنوێنێت، وەکو چۆن لە شیعرەکانیدا (مەولانا)ی بە مامۆستای هەمووان (خۆی و نالی و کوردی و مەشوی)، واتە دەستەی شاعیرانی بابان لەو سەردەمەدا زانیوە و وەکو بینیمان بەندی پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەویشدا هۆنیوەتەوە. بەندی یەکەمی پێنج خشتەکییەکەی سالم لەسەر شیعری نالی بەم جۆرەیە:

**ئەی حاریث، ئەگەر دەوڵەت و جاه و حەشەمت بوو،**
**دوڕڕ و گوهەر و لوئلوء و لەعل و درەمت بوو،**
**مەهڕوویی سیەه موویی سەمەن بوو، خەدەمت بوو**
**(هەرچەند کە عومری "خضر" و عەیشی "جەم"ت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو؟!)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٦١٩)

کێش: هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مەفعوولو مەفاعییلو مەفاعییلو فەعوولونX۲).

د_ ئەم تێکستەش لەسەر غەزەلێکی (٦) بەیتی خواجە حافزی شیرازی هۆنراوەتەوە. سالم هەموو بەیتەکانی غەزەلەکەی وەرگرتوون و کردوویەتی بە بەندی پێنج خشتەکی (رهبر، ١٣٦٦، ٥٧٨).

غەزەلەکەی حافز لە بنەڕەتدا مولەممەعی دوو زمانەیە نیوە دێرێکی فارسی و نیوە دێرێکی عەرەبییە، سالم سێ نیوە دێری کوردی خستووەتە سەریان و هەر بەندێکی بووەتە پێنج خشتەکی مولەممەعی سێ زمانەی تێهەڵکێش.

ئەمە بەندی یەکەمییەتی:

**دیسان لە بەزمی هیجران زەهری جەفام لە جامە**
**صوبحم لە میحنەتی یار هەمڕەنگی وەختی شامە**
**بادی صەبا! دەخیلە، واصیل کە ئەم پەیامە**
**(از خون دل نوشتم نزدیک دوست نامە**
**إنی رأیت دهرا من هجرك القیامە)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٧٩٤)

کێش: موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب (مەفعوولو فاعیلاتون مەفعوولو فاعیلاتونX۲).

٦_ تەرجیع بەند: بریتییە لە شیعرێکی درێژ کە لە چەند بەند پارچە (کۆپلێت) پێکدێت. هەموو پارچەکان لە کێشدا وەك یەك و لە سەروادا جیاواز دەبن، ئەم بەند و پارچانە هەر یەکەی حیسابی غەزەلێکی بۆ دەکرێت بە تەنیایی، بەڵام لە تەرجیع بەنددا دێرێك، کە دێری کۆتایی بەندەکانە و (ناوبەندە)، واتە بەندەکان بەیەکەوە گرێ دەداتەوە. ئەم دێرە لەکۆتایی هەموو بەندەکانەوە دێت و دووبارە دەبێتەوە. ژمارەی دێر لە بەندەکاندا مەرج نییە وەك یەك بن و شاعیر ئازادە هەر بەندێك لەنێوان (٥ بۆ ١٠) یا زیاتریش بهۆنێتەوە. ئینجا ژمارەی بەندەکانیش هەر بەو جۆرەیە، واتە (٥ بۆ ١٠) بەند یان زیاتر (قندیل، ١٩٧٥، ٢٥٩). لە شیعری سالمدا یەك پارچەی شیعریی تەرجیع بەند هەیە کە لە چوار بەند پێکهاتووە:

بەندی یەکەم (١٢) دێر
بەندی دووەم (٩) دێر
بەندی سێیەم (٨) دێر
بەندی چوارەم (٩) دێر
بەیتی گێڕانەوە (تەرجیع)ی کۆتایی بەندەکان ئەم دێرەیە:

**هەر یەکێکە خودایی حەق، نەك دوو**
**(وحده لا اله الاّ هو)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٦٧٢)

لە سەرواسازیدا دێری گێڕانەوەکە پێڕەوی لە سەروای بەندی یەکەم دەکات و لە دوا بەندەکانیشدا وەك خۆی دەبێت. کێشی تەرجیع بەندەکەی سالم بریتییە لە خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەقسوور (فەعیلاتو مەفاعییلون فەعیلان2X). لە ناوەڕۆکدا تێکستێکی ئایینییە، وەك لە دێری تەرجیعەکەدا خۆیا دەبێت، بە ئارایشتی زمان و شێوازێکی غەزەلیانە خراوەتە ڕوو.

٧_هونەری پارچەی شیعری (القطعة):

فۆرمێکی ڕەسەنی شیعری کلاسیکە، لە ژمارەی دێردا لەنێوان غەزەل و قەسیدەدایە، واتە لە (٥) دێر تاوەکو (٢٠) بەیت و زیاتریش دەبێت. شاعیر بۆ مەبەستێکی تایبەتی دەیهۆنێتەوە، بۆیە مەرجی یەکێتیی واتا و بابەتی تێدا جێبەجێ دەبێت، بە شێوەیەکی گشتی پارچە لە دەوری مەبەستگەلێکی وەکو موناجاتی ئایینی، حیکایەتی ئاکار و پەندئامێز، ستایش و داشۆرین و پیرۆزبایی و سەرەخۆشی و بابەتی لەو جۆرەدا دەخولێتەوە (همایی، ١٣٧٧، ١٤٨).

هەروەها دەگوترێت دەشێت پارچە بەشێك بووبێت لە پەیکەری قەسیدەیەك و هەر ئەو بەشەی لێ مابێتەوە. وەکو پێوەریش بۆ جیاکردنەوەی پارچەی درێژ لە قەسیدە دەگوترێت لە پارچەدا دێری یەکەمی پێچەوانەی قەسیدە موسەڕڕەع نابێت. هەر چۆنێك بێت ئەم شەرت و مەرجانە لە شیعری کوردیدا بەتایبەتیش لای سالم زۆر بایەخیان پێ نەدراوە. نیزامی کێش و سەروا لە پارچەدا هەمان چەشنی قەسیدەیە، واتە یەکێتیی بەیت و یەکێتیی کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێیدا ڕەچاو دەکرێت (قندیل، ١٩٧٥، ٢٣٠).

لە دیوانی سالمدا ژمارەیەکی زۆری پارچەی شیعری بۆ مەبەست و ناوەرۆکی تایبەت و جیاواز بەدی دەکرێن. بەپێی ئەو ئامارەی خستوومانەتە بەردەست و تێیدا بەگوێرەی چەند بنەمایەك پۆلینکاریمان بۆ پارچەی شیعری لە دیوانی سالمدا کردووە، کە ئەمانەن:

_ بە قەوارە لەنێوان غەزەل و قەسیدەدا دەبێت، واتە (٥) بۆ (٢٠) دێر، بەڵام وا دەبێت زیاتریش بێت، وەك ئەو مەنزوومەیەی سالم و مەلا موئمین، کەوا لە (٤٣) دێر پێکهاتووە و ئێمە حیسابی پارچەی داشۆرینمان بۆ کردووە.

_بەدەر لە بابەت و ناوەرۆکی غەزەل، یەکێتیی واتا و مەبەستی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کە لە یەکێك لە بوارەکانی (ئایینی، کۆمەڵایەتی) تێیدا بەدی دەکرێت. لێرەوە پارچەی شیعری لە دیوانی سالمدا هەم بەپێی پێوەری فۆرم و هەم لە ڕووی مەبەست و ناوەرۆکەوە ئەم جۆرانەیان لێ بەدی دەکرێت:

أ_ پارچەی شیعریی داشۆرین (٢٢) پارچەیە و نزیکەی ٥،٨٥٪ ی بەرهەمی شیعری شاعیری گرتووە.

ب_ پارچەی شیعریی سکاڵا و دەردەدڵ (٥) پارچەیە، ڕێژەی ١،٣٢٪ ی شیعری سالم پێکدەهێنێت. ئەمانە پارچەی (شکوائیة)یان پێدەگوترێت.

ج_ پارچەی شیعریی ئایینی (٤) پارچەیە و ڕێژەی ١،٠٦٪ی شیعری سالم دەگرێتەوە.

٨_ مولەممەع و تێهەڵکێش: دوو هونەری شیعریی کلاسیکین پەیوەندییان بە لایەنی فۆرم و ڕوخساری شیعرییەوە هەیە. مولەممەع دیاردەیەکی بەرچاوە لە بەرهەمی شیعری سالمدا، بۆیە باسێکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردووە. ئەوەی پەیوەندیی بە هونەری (تێهەڵکێش_تەزمین)یشەوە هەیە ئەوا بە پەیوەندیی لەگەڵ مولەممەعاتی سالم ئاماژەی بۆ کراوە.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا وەکو ئەنجامگیری ئامارێکی گشتی بۆ هونەرەکانی فۆرمی شیعری وەك ئەوەی لە شیعر و دیوانی سالمدا هاتووە، لەگەڵ ڕێژەی سەدی و ژمارە و قەوارەی هەر فۆرمێك دەخرێتە ڕوو:

**فۆرمی شیعری لە دیوانی سالمدا:**

| زنجیرە | فۆرمی شیعری | ژمارەی پارچە | ڕێژە | کۆی ژمارەی دێرەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پارچەی غەزەل | ٣٢٥ | ٪٨٦،٤٣ | ٢٤١٠ |
| ٢ | پارچەی داشۆرین | ٢٢ | ٪٥،٨٥ | ٣٠١ |
| ٣ | قەسیدە | ٩ | ٪٢،٣٩ | ٣٨٥ |
| ٤ | پارچەی شیعریی سکاڵا | ٥ | ٪١،٣٢ | ٦٥ |
| ٥ | پارچەی شیعریی ئایینی | ٤ | ٪١،٠٦ | ٤٣ |
| ٦ | پێنج خشتەکی | ٤ | ٪١،٠٦ | ٥٠ |
| ٧ | چوارین | ٤ | ٪١،٠٦ | ٨ |
| ٨ | تاك بەیت | ٢ | ٪٠،٥١ | ٢ |
| ٩ | تەرجیع بەند | ١ | ٪٠،٢٥ | ٣٨ |
| کۆ | | ٣٧٦ | ٪١٠٠ | ٣٠٣٢ |

## کێش و سەروا

کێش و سەروا دوو مەرجی بنەڕەتیی شیعری کلاسیکین، بەو پێیەی کە لە ڕەخنەی کۆندا پێناسەی شیعر کراوە: (کلام موزون و مقفی یدل علی معنی) (القیرواني، ٢٠٠٧، ٢٤٠). ئەم دوو دیاردەیە لە شیعری کلاسیکیی کوردیشدا، تەبای شیعری کلاسیکیی عەرەب و عەجەم، وەکو دوو پرەنسیپی سەرەکی کاری پێکراوە. لە قوتابخانەی شیعریی بۆتان و لە بەرهەمی شێخی جزیریدا ئەم دوو بنەمایە بەتەواوی چەسپیون و دوای ئەوەش بوون بە مۆرکی شیعری کلاسیکیی کوردی.

مەبەست لە کێش، کێشە عەرووزییە عەرەبییەکانە کە کورد لە ڕێگەی ئەدەبی فارسییەوە، بەوجۆرەی کەوا لەگەڵ میزاجی کوردەواری بگونجێت و بە گوێرەی خاسیەت و لەگەڵ تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی کوردیدا بێتەوە،

وەریگرتوون و بەکاری هێناون. بەم جۆرە جۆرێك لە عەرووزی کوردیی تایبەت بە شیعر و ئەدەبیاتی کورد هاتووەتە ئاراوە کە بریتییە لەو کێش و قالبە کێشانەی بە زۆری لە شیعری کلاسیکی کوردی بەکاردێن، نەوەك هەموویان. دیارە لەپاڵ کێشی شیعریدا ڕیتمیش هەیە، کە لەگەڵ کێشدا تەواوکەری یەکترین و بە هەر دوولایان مۆسیقا و زەنگ و زایەڵەی شیعر پێکدەهێنن (گەردی، ١٩٩٩، ٧٣)

لە دیوانی شیعری کلاسیکیی کوردیدا هەندێك لە کێش و قالبە کێشەکان زۆرتر بەکارهاتوون و لای شاعیران دووبارە بوونەتەوە، لە وێنەی کێشەکانی (هەزەج و رەمەل و رەجەز و موزاریع)، هەندێکیان کەم بەکارهاتوون لە وێنەی کێشەکانی (خەفیف و سەریع و بەسیت و موجتەس)، هەندێکیان بە شێوەیەکی دەگمەن بەکارهاتوون لە وێنەی (کامیل و تەویل و مونسەریح)، هەشیانە لە بنەڕەتەوە شاعیرانی کورد بەکاریان نەهێناون وەکو (کێشەکانی وافیر و موتەدارەك و موقتەزەب و مەدید).

لێرەوە ئەگەر ئاوڕێك لە ئامارەکانی بەکارهێنانی کێش و قالبە کێشەکان لە شیعری سالمدا بدەینەوە دەبینین بەم جۆرەیە:

### أ/ کێشی هەزەج و قالبە کێشەکانی:

| | |
|---|---|
| ١_ هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو | ٨٩ پارچە |
| ٢_ هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف | ٤٢ پارچە |
| ٣_ هەزەجی شەش هەنگاوی مەقسوور | ١٧ پارچە |
| ٤_ هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەخزووف | ١٤ پارچە |
| ٥_ هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەب | ٧ پارچە |
| ٦_ هەزەجی هەشت هەنگاوی موسەببەغ | ٥ پارچە |
| ٧_ هەزەجی هەشت هەنگاوی مەقسوور | ٢ پارچە |
| ٨_هەزەجی هەشت هەنگاوی مەحزووف | ١ پارچە |
| ٩_ هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور | ١ پارچە |
| ١٠_ هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | ١ پارچە |

کۆ: ١٧٩ پارچەی هەزەج

ب/ کێشی ڕەمەل و قالبە کێشەکانی:

| | |
|---|---|
| ١_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف | ٦٢ پارچە |
| ٢_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف | ٣٣ پارچە |
| ٣_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەقسوور | ٢١ پارچە |
| ٤_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەقسوور | ١٩ پارچە |
| ٥_ ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف | ٧ پارچە |
| ٦_ ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەحزووف | ٧ پارچە |
| ٧_ ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەقسوور | ٤ پارچە |
| ٨_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەسڵەم | ٤ پارچە |
| ٩_ ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەقسوور | ١ پارچە |
| ١٠_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ١ پارچە |
| ١١_ ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەسڵەمی موسەببەغ | ١ پارچە |
| ١٢_ ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەخبوون | ١ پارچە |
| ١٣_ڕەمەلی هەشت هەنگاوی ئەسڵەم | ١ پارچە |
| ١٤_ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەخبوونی ئەسڵەم | ١ پارچە |

کۆ: ١٦٣ پارچەی ڕەمەل

ج/ کێشی موزاریع و قالبە کێشەکانی:

| | |
|---|---|
| ١_ موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ٨ پارچە |
| ٢_ موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب | ٥ پارچە |
| ٣_ موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | ٣ پارچە |
| ٤_ موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی موسەببەغ | ٢ پارچە |
| ٥_ موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووف | ١ پارچە |

کۆ: ١٩ پارچەی موزاریع

د/ کێشی خەفیف و قالبە کێشەکانی:

| | |
|---|---|
| ١_ خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی ئەسڵەمی موسەببەغ | ٣ پارچە |
| ٢_ خەفیفی شەش هەنگاوی مەقسوور | ٣ پارچە |
| ٣_ خەفیفی شەش هەنگاوی ئەسڵەم | ٣ پارچە |

کۆ: ٩ پارچەی خەفیف

**ه/ کێشی بەسیت و قالبە کێشەکانی:**

| | |
|---|---|
| ١_ بەسیتی هەشت هەنگاوی مەتوی | ١ پارچە |
| ٢_ بەسیتی هەشت هەنگاوی مەتوی موزال | ١ پارچە |

کۆ: ٢ پارچەی بەسیت

**و/ کێشی ڕەجەز و قالبە کێشەکەی:**

| | |
|---|---|
| ١_ ڕەجەزی هەشت هەنگاوی مەتوی مەخبوون | ٤ پارچە |

کۆ: ٤ پارچەی ڕەجەز

کۆبەندی ئاماری کێش و قالبە کێشەکانی شیعری سالم

| کێش | پارچەی شیعر | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١_ هەزەج و قالبە کێشەکانی | ١٧٩ | ٪٦٧،٦٠ |
| ٢_ ڕەمەل و قالبە کێشەکانی | ١٦٣ | ٪٤٣،٣٥ |
| ٣_ موزاریع و قالبە کێشەکانی | ١٩ | ٪٥،٠٥ |
| ٤_ خەفیف و قالبە کێشەکانی | ٩ | ٪٢،٣٩ |
| ٥_ ڕەجەز و قالبە کێشەکانی | ٤ | ٪١،٠٦ |
| ٦_ بەسیت و قالبە کێشەکەی | ٢ | ٪٠،٥٣ |

کۆ: (٣٧٦) پارچەی شیعری (٪٩٨،٩٨)

وەك دەبیندرێت سالم لە کۆی کێشە عەرووزییەکاندا تەنیا شەش کێشی بەکارهێناوە، کەوا سیانیان بریتین لە کێشە باوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی (هەزەج، ڕەمەل، موزاریع)، بەتایبەت هەردوو کێشی (هەزەج و ڕەمەل) لە شیعری سالمدا زۆر بە فراوانی بەکارهێندراون، سێ دانەشیان واتە (خەفیف و ڕەجەز و بەسیت)، هەم لە شیعری سالم هەم لە دوای سالمیش لە کێشە کەم بەکارهاتووەکانی شیعری کوردییە. لە ڕادە و ڕێژەی سوود وەرگرتنی شاعیر لە قالبە کێشەکانیش، قالبە کێشەکانی دەریای ڕەمەل بە پلەی یەکەم دێت و شاعیر سوودی لە (١٤) قالبی ئەو کێشە وەرگرتووە. ئینجا هەزەج (١٠) قالبە کێش و موزاریع (٥) قالبە کێش و خەفیف و بەسیت بۆ هەرکامیان (٣) قالبە کێش و بۆ ڕەجەزیش تەنیا (١) قالبە کێش بەکارهاتووە. بەم پێیە لە کۆی شیعر و دیوانی سالمدا (٦) کێشی عەرووزی (٣٦) قالبە کێش سوودیان لێ وەرگیراوە.

ئەوەی لەبارەی سەرواشەوە دەزاندرێت ئەوەیە، کە سەروا جووتمانەی کێشە و یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی شیعری کلاسیکی، هەروەها سەروا ڕەگەزێکی بنچینەییە لە جیاکردنەوەی شیعر و پەخشاندا. شاعیرانی کورد لە مەیدانی سەرواسازیدا بەپێی ئەو دەرفەتەی کە زمانی کوردی بۆی ڕەخساندوون وردەکاری وەستایانەیان لە بواری سەرواسازیدا نواندووە[1].

سەروا شوێنی بڕانەوەی دێری شیعرە و لە دەنگێك یا چەند دەنگێك پێکدێت لە کۆتاییی وشەی سەروا دێرەکاندا بە هەمان پێکهاتەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوەی پارچەی شیعر دووبارە دەبێتەوە. ئەمە پێناسەی باو و گشتیی سەروایە، بەڵام جاری وا هەیە سەروا لە ناوەوەی دێر و نیوە دێرەکانی شیعریش دێت، ئەمەیان دەبێت بە سەروای ناوەوە. سیستەمی سەروا لە هەر کام لە فۆرمە شیعرییە کلاسیکییەکاندا، وەکو (غەزەل و قەسیدە و پارچە، مەسنەوی، چوارین، خشتەکییەکان و بەندەکاندا...) دەگۆڕێت و هەر فۆرمێکی شیعری سیستەمێکی سەروای تایبەت بە خۆی هەیە، وا هەیە سنووری سەروا لە قەوارەی وشە سەروادا ناوەستێت، بەرەو ناوەوەی یاخود دەرەوەی وشە سەروا دادەکشێت، بەمە دیاردەی پێش سەروا و پاش سەروا دروست دەبێت. ئەگەر لە ڕووی سەرواوە بڕوانینە فۆرمە شیعرییەکانی دیوانی سالم وەکو لە پێشەوە بەسەرمان کردوونەتەوە، دەبینین سیستەمی سەروا بەم جۆرەیە:

١_ **سەروای تاك بەیت:** هەردوو تاك بەیتەکانی سالم، وەك چۆن لە پێشەوەدا دیمان لە باری سەرواوە لەسەر شێوەی دێری موسەڕڕەع یاخود دێری مەسنەوین، واتا هەردوو نیوە دێر هاوسەروان. تاکی یەکەم ئەمە دەقەکەیەتی:

**بە غەیری میهری تۆ، گەر بێ لە دڵما**
**زڕەی زنجـــیری ظالـــم، بێ لە ملما**

[1] لەم بوارەدا پێویستە ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی د. عەزیز گەردی بکەین بە ناونیشانی (سەرواسازی لە شیعری جزیریدا)، کە تێیدا تیشك دەخاتە سەر ڕادەی هونەرمەندی و توانا و دەسەڵاتی مەلای جزیزی (شێخی شاعیرانی کلاسیکی کورد) لە بواری سەرواسازیدا. ئەمەو جگە لە دکتۆرانامەکەی کە تایبەتە بە هونەری سەروا بە شێوەیەکی گشتی و سەروا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (گەردی، ١٩٩٩، ٨٠٩_ ٨٣٩) .

پێکهاتەی سەروا لە نیوە دێرەکاندا دەستەواژەیە و بریتییە لە (بێ لە دڵما/ بێ لە ملما). (بێ لە) لە هەردوو پێکهاتەیە پێش سەروایە، (دڵما/ملما) وشە سەروان، دەنگی (م) ڕەوییە، (ل) پێش ڕەوییە و (ا) پاش ڕەوییە.

تاکی دووەم:

**بە دوو دیومە، یەکێ دێتە نەظەر عەیبی چەهار:**

**گونبەدی لووت و موجەددەر ڕوخ و ڕیش بۆز و حیمار**

وشەی سەرواکان (چەهار/ حیمار)ن، دەنگە سەرواکان بریتین (ار)، (ر) ڕەوییە، (ا) پێش ڕەوییە.

**٢_ سەروای چوارین:** لە بەرهەمی شیعری سالم (٤) بەندی چوارینی تاک و جیاواز هاتوون، هەر کامێکیان خاوەنی کێش و سەروای تایبەتە بەم شێوەیە:

**گورێزانی جەفام ئەی تورکی سیمین بەر، خودا حافیظ**

**لەتاو جەورت دەڕۆم، ئەی شۆخی مەه پەیکەر، خودا حافیظ**

**بە یەغما چوو لە یەك ئیما، مەتاعی صەبر و ئارامم**

**بە دەروێشی دەڕۆم، ئەی تورکی غارەتگەر، خودا حافیظ**

سیستەمی سەروا لەم چوارینەدا بەم جۆرەیە:

_ _ _ _A+ پاش سەروا

_ _ _ _A+ پاش سەروا

_ _ _ _B

_ _ _ _A+ پاش سەروا

سیستەمی سەروا لە شێوەی چوارینی ناتەواوە. نیوە دێرەکانی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان، سەروای نیوە دێری سێیەم جیاوازە. وشەی سەروای نیوە دێرە هاوسەرواکان بریتین لە (سیمین بەر/ مەه پەیکەر/ غارەتگەر)، دەنگە سەرواکان (ەر) و دەنگی (ر) ڕەوییە، (ە) پێش ڕەوییە، پێکهاتەی (خودا حافیظ) لە نیوە دێرەکاندا پاش سەروایە.

له بواری ڕستەسازیی داڕشتنەوە لەنێوان نیوە دێرە هاوسەرواکاندا (یەکەم و دووەم و چوارەم) دیاردەی هاوتەریبی لە داڕشتن و کەرتکردن و وەستان بەدی دەکرێت. ئەم دیاردەیە ڕیتم و مۆسیقایەکی سەربار، دڵگیر و خۆش بە چوارینە دەبەخشێت:

گورێزانی جەفام/ ئەی تورکی سیمین بەر/ خودا حافیظ
لەتاو جەورت دەڕۆم/ ئەی شۆخی مەه پەیکەر/ خودا حافیظ
بە یەغما چوو لە یەك ئیما، مەتاعی صەبر و ئارامم
بە دەروێشی دەڕۆم/ ئەی تورکی غارەتگەر/ خودا حافیظ

چوارینەکانی تریش وەکو لە باسی فۆرمی شیعریدا تیشکیان خراوەتە سەر، هەمان سیستەمی سەروای چوارینی ناتەواویان هەیە، ئەوەی ژمارەی (٢)شیان پاش سەروادارە.

**سەروای غەزەل/قیتعە/ قەسیدە:** ئەمانە ئەو فۆرمە شیعرییانەن، کە بنەمای سەرواسازییان لەسەر بنچینەی نیزامی شیعری ستوونی دامەزراوە، بەو مانایەی (هەموو قیتعە و غەزەل و قەسیدەیەکی شیعری کلاسیکی کوردی یەکێتیی سەروای تیادا پەیڕەو کراوە و هەر لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی لەسەر یەك سەروا دەڕۆن) (گەردی، ١٩٩٩، ٢٦٢). لە غەزەل و قەسیدەدا مەرجە دێری سەرەتایان موسەڕڕەع بێت. واتە هەردوو نیوە دێر یەك سەروایان هەبێت، کە دواتر سەروای گشتیی شیعرەکە پێکدەهێنێت. شاعیرانی کورد بە مەبەستی توانا و دەسەڵات و بەو مەبەستەش کە شێوەی شیعر و دیوانیان تەواو و بێ کەم و کورتی بێت، لە هەموو دەنگە سەرواکانی ئەلفوبێدا شیعر و بەرهەمیان هۆنیوەتەوە. هەر بەوپێیەش سالم شیعر و هۆنراوەی لەسەر هەموو دەنگە سەرواکانی ئەلفوبێی کوردیی عەرەبی دامەزراندووە جگە لە دەنگەکانی (پ، چ، ژ، ڤ، ڕ، ڵ). تەنانەت لە کەمترین حاڵەتدا، وەك دەڵێن ئەگەر هەر بۆ ئیمتیازیش بێت، تاقە پارچەیەکی لەسەر دەنگە سەروایەك هۆنیوەتەوە. لێرەدا خشتەیەك بە ئاماری دەنگە سەرواکانی شیعر و بەرهەمی سالم دەخەینە ڕوو:

| دەنگە سەروا | ژمارەی پارچەی شیعر | دەنگە سەروا | ژمارەی پارچەی شیعر |
|---|---|---|---|
| ا | ٤٧ | ط | ١ |
| ب | ٨ | ظ | ١ |
| ت | ٢٧ | ع | ٢ |
| ث | ١ | غ | ١ |
| ج | ١ | ف | ١ |
| ح | ١ | ق | ٢ |
| خ | ١ | ك | ٣ |
| د | ٦ | گ | ١ |
| ذ | ٢ | ل | ٣ |
| ر | ٣٣ | م | ٢٩ |
| ز | ٢ | ن | ٢٩ |
| س | ٣ | و_وو | ٤١ |
| ش | ٥ | ۆ | ٤١ |
| ص | ١ | ه | ٥٩ |
| ض | ١ | ی | ٢٥ |
| | | ێ | ٣٣ |

ئەوەی وەکو دیاردە لە شیعری سالمدا بەدی دەکرێت مەسەلەی پاش سەروایە، کەوا زۆر بە چالاکی و بەفراوانی لە شیعری سالمدا هاتووە. بە هۆی گرنگی و فراوانی ئەم دیاردە شیعرییە، لە باسێکی تایبەتدا خستوومانەتە ڕوو کە دوابەدوای ئەم باسانەوە دێت.

**سەروای پێنج خشتەکی:** لە بەرهەمی شیعریی سالمدا چوار پارچەی پێنج خشتەکی هەن، سیانیان لەسەر بنچینەی غەزەلی فارسی هۆنراونەتەوە (غەزەلێکی مەولانا خالید و دوو غەزەلی خواجە حافزی شیرازی)، ئەوەی چوارەم پێنج خشتەکییە لەسەر غەزەلێکی نالی. بۆ سێ پارچەکەی یەکەم دەکرێ ئەم تایبەتمەندییانە دەستنیشان بکرێن:

_ دەگوترێت پێنج خشتەکین، چونکە هەر بەندێکیان لە پێنج نیوە دێر پێکهاتووە. دوو شاعیریش بەشدارە لە هۆنینەوەی هەر بەندێك.

_ بە شیعری مولەممەع دەدرێنە قەڵەم، چونکە هەر بەندێکی پارچەکە بە دوو زمانی جیاواز هۆنراونەتەوە.

_ بە مولەممەعی تێهەڵکێش دەناسرێن، چونکە دوو نیوە دێرە زمان جیاوازەکە، هیی شاعیری دیکەن و سالم هێناویەتی تێهەڵکێشی شیعری خۆی کردوون و بەندی پێنج خشتەکی لەسەر دامەزراندوون.

دیارە شاعیر لە حاڵەتی هەڵبژاردنی هەر پارچە شیعرێکی تر بە مەبەستی پێنج خشتەکیکردنی لە هەڵبژاردنی سەروادا لە بەندی یەکەم ئازاد نابێت، بەڵکو ناچارە پابەندی سەروای دێری یەکەمی ئەو شیعرە بێت، کە هەڵی بژاردووە و کە خۆی لە خۆیدا هاوسەروا دەبێت، ئینجا سێ نیوە دێرەکەی شاعیریش هەمان سەروای دەبێت. لە بەندەکانی دواتردا تەنیا سەروای نیوە دێری پێنجەم وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەم شێوەیە:

(AAAAA، ABBBB، ACCCC، ...)

ئەو پارچە پێنج خشتەکییەی لەسەر شیعری مەولانا هۆنراوەتەوە سیستەمی سەروای بەم جۆرەیە:

بەندی (١):

**دڵ لە میحنەت کەیلە، ڕێم کەن، با بە غەم دەرچم لە شار (ر)**
**ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە جەمعی مەردومان بگرم کەنار (ر)**
**دەستەوئەژنۆ دانیشم، بۆ حاڵی خۆم بگریم بە زار (ر)**
**((موسم عیداست و ما نومید از دیدار (ر)**
**عالمی در عیش و نوش و ما دو چشم اشکبار)) (ر)**

**بەندی (٢) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: ن ن ن ن ر**
**بەندی (٣) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: ر ر ر ر ر**
**بەندی (٤) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: د د د د ر**
**بەندی (٥) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: ڵ ڵ ڵ ڵ ر**
**بەندی (٦) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: د د د د ر**

له پارچەی پێنج خشتەکی دووەمدا، کە لەسەر (٣) دێری غەزەلێکی حافز دامەزراوە سیستەمی سەروا بەم جۆرەیە:

بەندی (١)

**پووچە ناصیح بە هەوای تەرکت، ئەگەر لێ دا دەم (م)**
**دانەنێم ئەم سەرە تا لەم ڕەهە، زەحمەت لا دەم (م)**
**بە خودا تا دەمرم گوێ بە نەصیحەت نادەم (م)**
**((فاش میگویم و از گفتەء خود دلشادم (م)**
**بندەء عشقم ز هر دو جهان ازادم)) (م)**

**بەندی (٢) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: د د د د م**

**بەندی (٣) سیستەمی سەرواکەی بەم جۆرەیە: ق ق ق ق م**

پێنج خشتەکییەکەی سالم لەسەر شیعری حافز، لە (٦) بەند پێکهاتووە لەسەر غەزەلێکی (٦) بەیتیی حافز هۆنراوەتەوە و سەرواسازییەکەی بەم جۆرەیە:

بەندی (١)

**دیسان لە بەزمی هیجران زەهری جەفام لە جامە (ه)**
**صوبحم لە میحنەتی یار هەمڕەنگی وەختی شامە (ه)**
**بادی صەبا دەخیلە، واصیل کە ئەم پەیامە (ه)**
**(از خون دل نوشتم نزدیك دوست نامە (ه)**
**إنی رأیت دهراً من هجرك القیامە) (ه)**

**سەرواسازیی بەندی (٢) بەم جۆرەیە: ت ت ت ت ه**
**سەرواسازیی بەندی (٣) بەم جۆرەیە: ت ت ت ت ه**
**سەرواسازیی بەندی (٤) بەم جۆرەیە: ت ت ت ت ه**
**سەرواسازیی بەندی (٥) بەم جۆرەیە: م م م م ه**
**سەرواسازیی بەندی (٦) بەم جۆرەیە: ن ن ن ن ه**

سیستەمی سەروا لە بەندەکانی (٢) و (٣) و (٤) هاوچەشنن. غەزەلەکەی حافز لە بنەڕەتدا مولەممەعی دوو زمانەیە، بە پێنج خشتەکی کردنی لە لایەن سالمەوە بووەتە مولەممەعی سێ زمانە.

سەبارەت بە پێنج خشتەکی سالم لەسەر غەزەلەکەی نالیدا، شایانی گوتنە، کە بەو هۆیەی حەزرەتی نالی مامۆستای یەکەم و پێشەنگی شیعری کلاسیکیی کوردیی قوتابخانەی بابانە، بۆیە لە نەوەی یەکەم و دووەمدا زۆرترین شاعیرانی سەر بەم ڕێباز و قوتابخانەیە لە هەموو ناوچەکانی سەر بە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست، تێکست و بەندی پێنج خشتەکییان لەسەر شیعری نالیی مامۆستادا هۆنیوەتەوە. لێرەشدا دیسان سالم یەکەمین شاعیرێکە کە ئەم هونەرەی نواندووە. یەکەم بە خاتری خۆشەویستی و ڕێزلێنانی بێ ئەندازەی لە پلە و پایەی بەرزی نالی و هەر ئەویش بۆ یەکەم جار بە (حەزرەتی نالی) ناوی بردووە:

**_توو خوا بڵێ بە حەضرەتی (نالی): دەخیلی بم**

**بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانییا گوزەر! !**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٣٤٠)

دووەم تاوەکو توانا و دەسەڵاتی شاعیرانەی خۆی لە ئاست توانا و داهێنانی نالیدا تاقی بکاتەوە، کەوا جگە لە هاوڕێتی لە شیعردانانیشدا سەرمەشقی بووە. سالم لە غەزەلێکی ئامالْ فەلسەفی و پەند ئامێزانەی نالیدا تەنیا (٤) بەیتی وەرگرتووە و شیعرێکی خۆی لە چوار بەندی پێنج خشتەکیدا لەسەر هۆنیوەتەوە، کە لە باری سەرواسازیدا بەم جۆرەیە:

بەندی (١)

**ئەی حاریث، ئەگەر دەوڵەت و جاه و حەشەمت بوو (ەمت+بوو)**

**دوڕ و گوهەر و لوئلوء و لەعل و درەمت بوو (ەمت+بوو)**

**مەهرووی سیەه مووی سەمەن بوو، خەدەمت بوو (ەمت+بوو)**

**(هەرچەند کە عومری "خضر" و عەیشی "جەم"ت بوو، (ەمت+بوو)**

**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو؟!) (ەمت+بوو)**

بەندەکە پاش سەروادارە، بۆیە دەنگە سەرواکانی بریتین لە (دەمت) و، (بوو) پاش سەروایە، بەڵام لەم حاڵەتانەدا (وو)ی کۆتایی نیوە دێرەکان حیسابی دەنگە سەروای بۆ دەکرێت.

**سەرواسازی بەندی (٢) بەم جۆرەیە: ت ت ت ت وو**

**سەرواسازی بەندی (٣) بەم جۆرەیە: ت ت ت ت وو**

**سەرواسازی بەندی (٤) بەم جۆرەیە: ا ا ا ا وو**

**سەروای تەرجیع بەند:** لە دیوانی سالمدا یەك پارچەی شیعری تەرجیع بەند بەدی دەکرێت، بەندسازی لە شیعردا بەو مانایە دێت، کەوا شیعرەکە بەسەر چەند بەش و پارچەدا دابەش بکرێت و بەشەکانی، کە پێیان دەگوترێت بەند، لە هەندێك سەرەوە لە یەك دادەبڕێن و لە هەندێك سەرەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، لەم میانەدا ئەوە سەروایە، کەوا ڕۆڵی خۆی دەبینێت (گەردی، ١٩٩٩، ٢٧٨) . بەندەکان هەموو هاوکێش دەبن، بەلاّم هەر بەندێك لە سەروادا سەربەخۆیە، دێرێك لە کۆتاییی بەندی یەکەمدا دێت و لە کۆتاییی هەموو بەندەکاندا وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە، بەمە گێڕانەوە دروست دەبێت و ئەم بەیتی گێڕانەوەیە دەبێت بە ناوبەند لەنێوان بەندەکاندا. گوتمان بەیتی گێڕانەوە بەیتی کۆتایی بەندی سەرەتایە، بۆیە لە سەروادا پێڕەوی لە بەندی یەکەم دەکات و لە سەروای بەندەکانی دیکە جیایە. تەرجیع بەندەکەی سالم لە چوار بەند پێکهاتووە، کە لە ژمارەی دێر و قەوارەدا لێك جیان.

بەندی یەکەم لە (١٢) دێر پێکهاتووە، بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**یاری ساحیرنەژادی سیلسیلە موو (وو)**
**دڵی بردم بە دیدەیی جادوو (وو)**
**دڵی ڕەوشەن مەکانی لەیلایە**
**مونعەکیس بوو میانی ئاینە ڕوو (وو)**
**(بعد ازین) کاری من بە زوننارە**
**دینی بردم نیگاهی تەرسا خوو! (وو)**

(مودەرریس، ٢٠١٥، ٦٧٠)

بەندەکە بەم شێوەیە درێژە دەکێشێت تاوەکو دێری (١٢)، کە دوا دێری بەندەکە و دێری تەرجیعەکەشە:

**_ هەر یەکێکە خودایی حەق نەك دوو (وو)**
**وحـــده لا الـــه الاّ هـــو (وو)**

ئەمە دەبێت دێری گێڕانەوە لە کۆتاییی بەندەکانی دیکەشدا دووبارە دەبێتەوە. دێرەکە هەم هاوسەروایە هەم مولەممەعە.

بەندی دووەم (٩) دێرە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**باز دڵ بێ قەرار و شەیدایە**

**شمشێری زوڵف و خاڵی لەیلایە** (ە)

**بێ ڕەوانم، ئەگەر نەدا بۆسە** (ە)

**لەبی دڵبەر، مەگەر مەسیحایە** (ە)

بەم جۆرە دەبێت تاوەکو کۆتاییی بەندەکە واتە دێری نۆیەم و گێڕانەوەکە:

**_ هەر یەکێکە خودایی حەق، نەک دوو** (وو)

**(وحدە لا الە الاّ هو)** (وو)

بەندی سێیەم (٨) دێرە:

**زوڵفی تۆ موو بە موو خەریکی خەمە** (ە)

**دڵی من توو بە توو غەریقی غەمە** (ە)

**ساغەری تۆ لە بادە دایم پڕ**

**خاطری من هەمیشە پڕ ئەلەمە** (ە)

تاوەکو دێری کۆتایی بەندەکە:

**هەریەکێکە خودایی حەق، نەک دوو** (وو)

**(وحدە لا الە الاّ هو)** (و)

بەندی چوارەم (٩) دێرە:

**غەم وەکوو کۆهـ و تەن ضەعیف و نەزار** (ر)

**دڵ یەکێ، غایلەی زەمانە هەزار** (ر)

**لەبی بەستم لە گفت و گۆ دڵبەر،**

**تا نەکەم دەردی بە کەس ئیظهار** (ر)

تاوەکو دێری نۆیەم:

**_هەریەکێکە خودایی حەق، نەک دوو** (وو)

**(وحدە لا الە الاّ هو)** (و)

وەکو باس کرا دەشێت هەر بەند و پارچەیەکی تێکستی ئەم تەرجیع بەندە و هەموو تەرجیع بەندێك وەکو غەزەلی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەموو مەرجەکانی غەزەل وەك دەبینین لە هەرکام لەم پارچانەدا هەیە، تەنیا دێری تەرجیعەکە نەبێت، ئەویش لە بەندەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا.

## سەرچاوەکان


_ابن رشيق القيرواني، ابي علي الحسن، ٢٠٠٧، العمدة في محاسن الشعر وادبه ونقده، تحقيق: عبدالحميد هنداوي، المكتبة العصرية، بيروت.

_ئاشنا، ئومێد، ٢٠١٢، گۆران_ نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ تۆفیق، د. ئاڤان عەلی میرزا، ٢٠١٣، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

_خەزنەدار، دکتۆر مارف، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ خەزنەدار، مارف، ٢٠٠٨، دیوانی نالی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ حزیری، دەزگەها چاپ وەشانێ سپیرێز، دهۆك.

_ رهبر، دکتر خلیل خطیب، ١٣٦٩، دیوان غزلیات خواجه حافظ شیرازی، انتشارات صفی علیشاه، تهران.

_ قنديل، دكتورة اسعاد عبدالهادى، ١٩٧٥، فنون الشعر الفارسي، مكتب الشريف و سعيد رأفت، القاهرة.

_گەردی، د. عەزیز، ١٩٩٩، سەروا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

_ گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەرواسازی لە شیعری جزیریدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، ژمارە(٦).

_مدرّس، مەلا عبدالکریم، ١٩٧٩، یادی مەردان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

_ موتابچی، د. أمین، ١٩٩٢، نالی شاعیری غەزەلی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی بیست و سێیەم و بیست و چوارەم.

_ موتابچی، دکتۆر أمین علی، ١٩٩٤، مەلای جزیری ئوستادی غەزەلی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی بیست و پێنجەم و بیست و شەشەم.

_ مودەرریس، مەلا عەبدولکەریم و ئەوانی تر، ٢٠١٥، دیوانی سالم، بنکەی ژین، سلێمانی.

_ وارين، اوستن و رينية ويلك، ١٩٧٢، نظرية الادب، مطبعة خالد الطرابيشي، القاهرة.

_ همایی، جلال الدین، ١٣٧٧، فنون بلاغت و صناعات ادبی، نشر هما، تهران.

# ناوبانگ و شیعری سالم
# لە چاپەمەنی کوردیدا

**١- بەدیارکەوتنی ناو و شیعری سالم لە ڕۆژنامەنووسی کوردیی ئەستەمبۆڵدا ١٨٩٨ - ١٩٢٠:**

ڕۆژنامەنووسی کوردی هەر لە دەستپێکەوە بایەخێکی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی داوە، هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی کوردی بەشێکی لاپەڕەکانیان بۆ شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ژیننامەی شاعیران، نرخاندن و وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان تەرخان کردووە. ئەمە وەکو هەوڵێکی بایەخدار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە نەبوونی کتێب و نامیلکە و چاپەمەنی کوردی پێکیان هێنابوو سەیر دەکرێت.

بۆ یەکەم جار ناوی (سالم) وەکو شاعیرێکی مەزن و بەرجەستەی کورد لە پاڵ ناوی هاوڕێکانی لەو وتارەدا هاتووە کەوا (عبدالکریم سلێمانی) بەناونیشانی (عیبرەت) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا بڵاوی کردۆتەوە و تیایدا دەڵێت: ((مەعلوومی هەموو کەسە کە کورد چەند پیاوی عالیم، چەند شاعیر، چەند سیاسی، چەند عابیدی هەیە.... عالیممان زۆرن، سلێمانی ئەو مەخزەنی عیلم و عیرفانە، پیاوی وەک شێخ مەعرووف، وەک نۆتشی، وەک قزڵجی، وەک چۆری، وەک شێخ قادر، وەک پێنجوێنی و کاک ئەحمەد، وەک مەولانا خالید، وەک شێخ عبیداللە، وەک نالی، وەک سالم، وەک مستەفا بەگ، وەک حاجی، وەک شێخ ڕەزای هەیە کە لە کوڕەی ئەرزا ئەمسالی ئەمانە نامەسبووقە)) (زەنگەنە، ٢٠٠٥، ٢/٢٣).

- هەر لەو ماوەیە لە ڕۆژنامەنووسی کوردیی ئەستەمبۆڵدا، لە گۆڤاری کوردستان (١٩١٩ - ١٩٢٠)، لە ژمارەکانی (١) و (٢) و (٤)دا، لە ژێر ناونیشانی (ادبیات کردیه بعض نمونەلر)، هەر جارە و بەشێک لە

قەسـیدە نـاودارەکەی (سـالم/ جەنگـی بابـان و عوسـمانییەکان) بڵاوکراوەتەوە. لەم بارەوە ئەم سەرنجانە دەخەینەڕوو:

- لە هەر ژمارەیەک لەو ژمارانەی گۆڤارەکەدا کە ناومان بردن، هەر جارەی چەند دێرێک لەو قەسیدەیە بڵاوبۆتەوە؛ لە ژمارە (١)دا (٧) دێر، لە ژمارە (٢)دا (٨) دێر و لە ژمارە (٤)دا (٥) دێری قەسیدەکە بڵاوکراوەتەوە.

- بەشە بڵاوکراوەکانی قەسیدەکە لە هەر سێ ژمارەدا، مخابن بەناوی (سالم) خۆیەوە نا بەڵکو بەناوی (مستەفا بەگی کوردی)یەوە بڵاوکراونەتەوە. واتە هیچ باس و ئاماژەیەک بۆ سالم لە ئارادا نییە، نەک هەر ئەوە بەڵکو لە پەراوێزی لاپەڕەی گۆڤارەکەدا کە بەشی یەکەمی شیعرەکەی تیادا بڵاوکراوەتەوە، کورتەیەک (تەرجومەی ئەحواڵ)ی (کوردی)یش تۆمار کراوە: [ بو ذات (کردستا) امراسندن و (کرد) ملیتنک متنور، متفکر، غیور، ملت پرور و داهی، بر ادیب محترم و امیر مکرمیدر، تقریبا یوز سنه مقدم (طهران) شهرینه گیتمش ...... تاد ]، واتە هیچ گومانیان لەوە نەبووە کە ئەم قەسیدەیە هی مستەفا بەگی کوردییە بەپێی ئەو دەستنووسەی لێیان وەرگرتووە.

- هەر جارەو دێر بە دێری شیعرەکان تەرجەمەی تورکی کراون و لە دوای کوردیەکەدا بڵاوکراوەتەوە. لە دێرەکانی قەسیدەکەدا لە هەر شوێنێک ناوی (تورک یاخود ڕۆم) هاتبێت بە بۆشایی هێڵراوەتەوە و چەند خاڵێکی لە شوێندا دانراوە.

- جیاوازی لە وشە و پێکهاتە و زاراوە لەنێوان تێکستی بڵاوکراوەکەی شیعرەکان، بە بەراورد لەگەڵ تێکستی قەسیدەکە لە دیوانەکەدا هەیە.

- لە کۆتایی هەر بەشێک نووسراوە (ما بعدی وار)، واتا پاشماوەی هەیە، بەڵام لە دوای ژمارە (٤)ی گۆڤارەکەوە دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی زیاتری قەسیدەکە بوون و هیچیشیان لەو بارەوە نەگوتووە.

– لە کۆتایی بەشی سێیەمدا تێبینییەکیان نووسیوە و دەڵێن: ((بو قصیدەدن سکز بیتی بطریق الاجبار ترک ایتدم زیرا یازی یک فنا و کاغذ طول زماندن صوک درجە فرسودە و فرتوت اولمشدر. واتە: بەناچاری شەش دێڕمان لە قەسیدەکە پشت گوێ خستووە، بەهۆی کۆنی و دێرینییەوە کاغەزەکەی پەرپووت بووە و ڕزیوە)).

– هەرچەندی لە کۆتایی ئەم بەشەشدا دەڵێ (ما بعدی وار) بەڵام لە ژمارەکانی دواتردا، هیچ شوێنەوارێکی بەدی ناکرێت (پیربال، ٢٠٠٥، ١٧).

## ٢- سالم و بەرهەمی شیعری لە ڕۆژنامەنووسی کوردیی عێراقدا:

أ/ لەناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە عێراقدا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) شوێنێکی دیار و بەرچاوی هەیە. لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی شیعر و بەرهەم و بایەخدان بە شاعیرانی کلاسیکی کورد، لە وێنەی نالی و سالم و کوردی و مەحوی و حەریق.... بەوپێیەی ڕۆژنامەکە لە هەندێک لە ژمارەکانیدا گۆشەیەکی تایبەتی بۆ (ادبیات کورد) تەرخانکردووە، لەپاڵ شیعر و بەرهەمی هەر شاعیرێکەوە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییشی لە بارەوە کردووە، لەبارەی هەریەک لە (نالی) و (کوردی) و (سالم) و (حاجی قادری کۆیی)دا (ئەحمەد، ١٩٧٨، ١٥٤)[1].

---

[1] لەو باس و لێکۆڵینەوەیەدا کە لە کۆنفرانسی زانستیی نێو دەوڵەتیی کوردۆلۆجی زنکۆی (دیجلە)دا پێشکەشمان کردووە، کە لە ڕۆژانی (٢٢ – ٢٣ی سێپتێمبەری ٢٠١٦)دا لە (دیار بەکر) بەڕێوە چوو و بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ئەدەب و سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا – ١٨٩٨ – ١٩٢٠) بوو، ئاماژەمان بۆ ئەو ڕاستییە کردووە کەوا لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا، لەپاڵ بایەخدانی بە بڵاوکردنەوەی شیعر و بەرهەمی کەڵە شاعیرانی کورددا، قۆناغێکی تازە و تاڕادەیەک پێشکەوتوو لە ڕەخنەسازی ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت، کە دەشێ ئەم داهێنانە تازەیەش لە بواری دیراسات و لێکۆڵینەوەی کوردیدا بۆ قەڵەمی بە برشتی بلیمەتێکی وەکو (شوکری فەزلی)

گۆشـــەی (ادبیــات کـــورد) لە ژمـــارە (٢٢)ی ڕۆژنـــامەکەدا بـــۆ (عبدالرحمن بک – سالم) تەرخانکراوە. ئەمە یەکەمین جار و یەکەمین بابەتە سەبارەت بە (ژیننامە و پایەی شاعیری و بەرهەمی سالم) بە شێوەی چاپکراو لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بڵاوبووبێتەوە. لەبەر بایەخی مێژوویی بابەتەکە لێرەدا دەقەکەی دەخەینەبەر چاوان بە ڕەچاوکردنی مەسەلەکانی تایبەت بە ڕێنووسی نوێوە:

((عەبدورەحمان شاعیرێکی نوکتە پەروەری کوردە، لەقەبی (سالم)ە، موعاصیری (نالی) بووە. ئەم زاتە هەر چەند خزمی مستەفا بەگە (مەبەست کوردییە – ع. د)، ئەمما وەک ئەو شاعیرێکی عاشق نییە، ڕەند مەشرەبە لائوبالییە. شیعرەکانی زەریفانەیە، مەیلی هەجوی زۆرە، بۆ زەرافەت (کەلەشێر) و (کەو)، وەلحاصل نەوع نەوع حەیوان و طەیری هەجو کردووە. زۆر میلەت پەروەر بوووە و لە عەلەیهی تورکان دەدوا، حەتتا لە جوابی قەصیدەیەکی (نالی)، ئەوەی لە (مەککە)وە بۆ (سلێمانی) ناردبوو سالم ئەڵێ:

– ڕۆمی ئەمەندە شوومە لە شەخصیش ئەدا ضەرەر

سالم شیعری حافظی تەلمیع دەکرد، یەعنی نیوەی ئەووەلی بە کوردی دەوت و لەگەڵ نیوە فارسییەکی تر ڕێکی دەخست. تەماشای بەیتی ئاتی بکە:

**نەصیحەت بگرە گوێ جانا لەلایان زۆر بەتەعزیمە**
**جوانـــان ســـعادتمند پنـــد پیـــر دانـــارا**
**دڵا هەرچی بڵێ ناصیح لە چاک و خراپ بەجێی بێنە**
**کە ســالک بـی خبـر نبـود زراە رسـم منزلهـا**

---

بگەڕێتەوە کەوا پێگەیەکی گرینگی لە دەرکردنی ڕۆژنامەکەدا هەبووە.. بۆ تەواوی باسی ناوبراو بگەڕێوە بۆ: IJOKS/2(3),pp.23-37، http://www.ijoks.com

سالم لەگەڵ (میرزا محەمەد سەراج) کە ئەویش لە شوعەرای کوردە، موشاعەرەیەکی ڕەندانەی خۆشی هەیە، سالم بە ئەو ئەڵێ:

**میرزا محەمەد لێم لادە دەستی من و دامانت**
**جوستەن بکەم ئەشکێنم وەک نەی هەموو ئێسقانت**
**من بازم تۆ قازی مەقرێنە بەدەورمدا**
**با حەملە نەکەم گیرکەم چنگێ لە چیکڵدانت**
**بۆ من قەڵەمە نێزە بۆ تۆ سوپەرە دەستگا**
**بۆ تەجروبە با لێدەم یەک حەربە لە قەڵغانت**
**میرزا محەمەدیش جوابێکی ڕەندانەی ئەداتەوە.**

ئەمما مەعەلئەسوف هەر بەیتێکی لە خاطرمانا ماوە و ئەڵێ:

**شیعرم هەمووی ڕەنگینە وەک نەقشی تەکەڵتووی زین**
**تیژیئی درەوشی من نەت دیوە بەئیمانت**

سالم وەکو گوتمان، شیعرەکانی هەموو ڕەندانەیە، جۆششێکی عیشقی تێدا نییە، ئەمما چونکێ طەبایع موختەلیفە، لەلای بەعزێ کەس شیعرەکانی سالم مەوقیعێکی مومتازی هەیە، ئەشعاری وەصفیەی زۆر خۆشە، ئەم غەزەلە لە چاکترین ئەبیاتی ئەوە:

**لە نووری لامعی تەشتێکی ڕاگرت و وتی ڕوومە**
**بەدۆشا ئەژدیهای پڕ نێشی ڕاکێشا وتی موومە**
**وتم تەنها منم پابەندی عیشقی تۆ، وتی شێتی**
**هەزارانێکی وەک تۆ، بەستەیی زنجیری گێسوومە**
**وتم تەنها منم کوژراوی عیشقی تۆ، وتی لاچوو**
**هەزارانێکی وەک تو کوشتەیی شمشێری ئەبرروومە**
**وتم تاکەی لە خوانی وەصڵی تۆ نومێد و بێبەش بم**
**وتی مردووت مرێ، عاشق بە دائیم زار و مەحرروومە**
**وتم (سالم) دزە دەستی بڵندکرد، ئایینەی ڕاگرت**
**وتی ئێشکچی ئەم باغە (بە) دائیم خاڵی هیندوومە**

حەقیقەت ئەوی تەماشای ئەم غەزەلە بە دیققەت بکا دەبینی کە سەراپا ظەرافەتی لێ دەباری، دەرەجەی ڕەندیی سالمی لێ دەفامرێتەوە. سالم لە هەجودا مەهارەتێکی تەواوی هەیە، ئەمما چونکە موافیقی مەسلەکی ڕۆژنامەکەمان نییە، لە دەرجی صەرفی نەظەرمان کرد. ئەمما ئەوی دەیەوێ بیخوێنێتەوە دەتوانی دەستی خۆی بخا، دیوانی ئەم شاعیرە لە کوردستان زۆرە)) (سالح، ٢٠٠٧، ٥٦).

ب/ هەر لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە عێراقدا، سەرچاوەیەکی دیکە هەیە لەو سەردەمەدا، بەر لە چاپ و بڵاوبوونەوەی دیوانی سالم لە ١٩٣٣، بایەخێکی زۆری بە شیعر و بەرهەمی سالم داوە، ئەویش گۆڤاری (دیاری کوردستان/ ١٩٢٥ – ١٩٢٦)ە. ئەم گۆڤارە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (سالح زەکی بەگی ساحێبقڕان) بووە. واتە کەسێک لە هەمان فامیلیا و بنەماڵەی سالم خۆی. وەکو بە دیار دەکەوێت لەو کاتەدا پڕۆژە و بەرنامەیەک لە ئارادا هەبووە شیعر و دیوانی سالم، کە عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیر کاری لەسەر کردووە و کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە بۆ چاپ بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ گۆڤاری دیاری کوردستان، بەتایبەت سەرنووسەر و بەرپرسەکانی، لە چاپ بدرێت و بڵاوبکرێتەوە. لە کاتێکدا هەر بە هەوڵ و ماندووبوون و کۆششی ئەم بەڕێزە، واتە عەلی کەمال باپیر ئاغا، پێشتر (دیوانی مەحوی) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم پلان و پرۆژەیەی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانی سالم لە ژمارەکانی (٧) و (١٠)ی گۆڤارەکەدا، بەم جۆرە قسەی لەسەر کراوە:

لە لاپەڕەی (١٧)ی ژمارە (٧)ی گۆڤارەکە شیعرێکی (عەلی کەمال باپیر ئاغا)، کە ناوەڕۆکەکەی لەم بارەوە دەخولێتەوە، بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە؛

حضرت سالم

له گەورە گەورەی شوعەرای کوردان
حەزرەتـــی عەبــدوڕەحمانی بابـــان
لەقەبـــی ســـالم تەبعـــی مەوزوونە
شیعری هەروەک ئاو ڕەوان و ڕوونە
هەرچەنـد مەعلـوومە جەنـابی نـالی
ســـاحێبی شـیعرە و دیـوانی عـالی
لاکـین وەک ســالم ئەشـعاری نـالی
نیـــیە لە لەفـــزی بێگـــانە خـــالی
(ســالم) ئوسـتادی شـوعەرای کـوردە
نەوەی بابـــانە فیکـــری زۆر وردە
ئەشـعاری عـاری لە عەیـب و عـارە
خـــاوەنی دیـــوان، والا تەبـــارە
ئەمە چەنـد سـاڵە مـن زۆر بێحـاڵم
بـۆ کـۆکردنەوەی ئەشـعاری سـالم
مـن گـۆی هـونەرم شـوکر بـردەوە
دیـــوانی شـــیعریم وا کـــۆکردەوە
چەنـــد غەزەلێکـــی بەدڵ و بەگیـــان
ئەنێرمە خزمەت (دیاری کوردستان)
بـــۆ چـــاپکردنی دیـــوانی بەدڵ
جوهـد ئەکەم ئەممـا فکـرێکە باطیـل
خـۆم پـارەم نییە، بێ پـوول و لاتـم
هیممەتـــیش نیـــیە لای هـــاوولاتم

له هەڵەبجە: عەلی کەمال

ئینجـا لە دوای ئەم عەرز و حـاڵەی (عەلـی کەمـال)، بەشـێک لە قەسیدەیەکی سالم بڵاوکراوەتەوە؛ ((قصیدە جناب سالم/ مدح حضرت عزیز بیگ بابان)). لەم قەسیدەیەدا (١٦) دێری هـاتووە و لە کۆتاییشدا (دیـاری کوردسـتان) پەراوێزێکـی بەنـاوی خـۆیەوە نووسـیوە و تیایـدا دەڵێت:

((دیاری کوردستان: عەلی کەمال ئەفەندی بۆ ئەدەبیات و شیعری کـوردی گەلـێ خـزمەت و فیـداکاری هەیە، دوو سـاڵێ لەمەوپـێش لە سـلێمانی (دیـوانی مەحـوی) کۆکردبـوەوە و لە چـاپی دابـوو، لە حەق دیاری کوردستانیش زۆر بەمەرحەمەتە. ئەو خزمەتی بە ئێمە بکرێ (مع الافتخـار) بەجێی ئەهێنـین و منەتـداری جەنـابی عەلـی کەمـال ئەفەنـدی ئەبـین. ئەمـڕۆ گەورە و ئـامیری خـانەدانی سـالم لە سـلێمانی جەنـاب ئەحـمەد فەتـاح بەگە، ئەلـبەت ئەویـش معـاوەنەت دەفەرمـووێ)). ئەم ژمـارەیەی گۆڤـاری (دیـاری کوردسـتان) لە ڕێکەوتـی ١٨ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٢٥ دەرچـووە (سالح، ٢٠٠١، ١٧/٧) . ئەمجـارە لە ژمـارە (١٠)ی گۆڤارەکەدا کە لە (٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥)دا دەرچووە، دووبارە مەسەلەی سالم و چاپی دیوانەکەی دێتەوە گۆڕێ و لە لاپەڕە (٨)ی ئەم ژمارەیەدا وا هاتووە:

**- دیوانی سالم -**

لە تەرەف عەلـی ئەفەنـدی بـاپیر ئاغـا، خـوا هیممەتـی زیـاد بکـا، ئەشـعاری عەبـدوڕەحمان بەگـی سـاحێبقڕان کۆکرابـۆوە و لە ژمـارەی شەشـەم بەحسـمان کـرد بـوو. (راسـتییەکەی لە ژمـارەی حەوتەمە – ع. د). ئەمجـارە ئەم مەجمـووعەیە لە هەڵەبـجەوە هـات بۆمـان بەنـاوی (مـولحەقی دیـاری کوردسـتان) فـۆرمە فـۆرمە لە چـاپ ئەدرێ، بـۆ کڕیارانی دیاری کوردستان بەخۆڕایی پێشکێش دەکرێ و لە ساڵانەی حسابی دەبینرێ. بۆ خاریج جگە لە حەقی پۆستە فۆرمەیێکی بە (٢) ئانە دەفرۆشرێ، کە تەواویش بوو لە بەرگ دەگیرێ و لەسەر ئەم نسبەتە

قیمەتـی دەبـڕڕێ بـۆ زەرافەت و نەفاسـەتی طەبـع و کـاغەزی قسـوور ناکرێ.

لە پاش دیوانی سالم انشا الله ئەشعاری مصطەفا بەگی کوردی و نالی لەچاپ ئەدەین و ئاساری حاجی قادری کۆییش لە تەرەف ڕەشید شەوقی ئەفەندی، مودیر ئیدارەی دیاری کوردستان قسمەن کۆکراوە بوو، تەلەبەیەکی حاجی قادر کە لە ئەستەمبۆلە و لەماڵیان بەڕەحمەت چـووە، لەمەو پـێش لە حەق مەتروکـات و فۆتـوغرافی مەرحـووم کاغەزمان نووسیبوو، هێشتا جوابمان وەرنەگرتووە...

لە هەمـوو بـراو خزمـان، لە ئەربـابی زەوق و ئەدەب ڕجـا ئەکەیـن یاریـدەمان بـدەن هەرچـی ئاسـاری ئودەبـا و شـوعەرای کـوردی لایە، لوتفەن با بە ئەمانەتیش بێ بۆمان بنێرن.

لەحەق تـاریخ و ئیجتیماعیـاتی میللەتـی کـوردیش نوقسـان و ئیحتیاجمـان فەرامـۆش نەفەرمـوون. هەرچـی ئەزانـین بیخەیـنە سـەر کـاغەز، تەماشـای کەم و کـوڕی نەکەیـن، ئەساسـێ دانێـین، ئەحفـاد تەصحیح و ئیکمالی بکا، هەموو میللەتێ وای کردووە، لە پێشا هەروەک ئێمە بووە) (سەرچاوەی پێشوو، ٨/١٠).

ئەمە وا دەگەیەنێـت کەوا گۆڤـاری دیـاری کوردسـتان، بەشـێک لە شـیعرەکانی سـالم (لەو دیـوانەدا کەوا عەلـی کەمـال بـاپیر ئەفەنـدی ئامادەی کردووە و بۆی هەناردوون)، لەشێوەی پاشکۆیەکی سـەربەخۆ چـاپ کـردووە و لەگەڵ ئەو ژمـارەی گۆڤـارەکەدا بڵاوکـراوەتەوە. بەو نیـازەی لەسـەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بـن تـا دیـوانەکە تەواو دەبێـت، ئینجـا لە کۆتاییـدا هەمـوو پاشـکۆکان لەبەرگێکدا کۆبکەنەوە و بەنـاوی دیـوانی سـالم بـڵاوی بـکەنەوە. هەمـوو نیشـانەکان ئەوە دەگەیەنـن کە پاشکۆی یەکەم لەگەڵ ژمارە (١٠)ی گۆڤارەکەدا چاپ و بڵاو بووبێتەوە. بەڵام بۆ پاشکۆی دیکە و هاوکات لەگەڵ ژمارەکانی دیکەی گۆڤارەکەدا هیچ نیشانەی لەئارادا نییە. لەوە دەچێت پڕۆژەکە بە هەر هۆیەک بێت وەستابێت. هەروەها پڕۆژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیوانی (کوردی و

نـالی)، تەنـانەت (حـاجی قـادری کـۆیی)یش، بەو شـێوەیەی (دیـاری کوردستان) بە نیاز بووە نەچۆتە سەر.

دیـاری کوردسـتان لە ژمـارە (١١ – ١٢)یـدا، کە لە ڕێکەوتـی (٥ی کـانوونی یەکەمـی ١٩٢٥)دا بڵاوبـۆتەوە، دیسـان بایـداوەتەوە سـەر بڵاوکردنەوەی شیعری سالم و لەو ژمارەیەدا تێکستی ئەو شیعرە پێنج خشـتەکییە ناسـراوەی سـالم، کە لەسـەر غەزەلێکـی مەولانـا خالیـدی شارەزووریدا هۆنیویەتەوە بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (غزل مولانا – تەخمـیس سـالم). شـەش بەنـدی پێـنج خشـتەکییەکە بڵاوبـۆتەوە، لە کۆتاییشدا وەکو پەراوێز کورتە ژیاننامەیەکی مەولانا نووسراوە لەپاڵ پلە و پـایە و مەنـاقیبی لە جیهـانی ئیسـلامەتیدا (هەر ئەو سـەرچاوەیە، ١١ – ١٣/١٢).

## ٣- بـاس و خواسـی سـالم و بەرهەمـی شـیعریی لە (ئەنجـومەنی ئەدبیان)دا:

(ئەنجـــومەنی ئەدەبیـــان) یەکەمـــین کتێبـــێکە لەو ســـەروبەندەدا لەشـێوەی (مێـژووی ئەدەبیـی ڕەسـمیی کـوردی) لە سـاڵی (١٩٢٠) لە ئەستەمبۆڵدا، لەلایەن (ئەمین فەیزی بەگەوە/ ١٨٦٠ – ١٩٢٨ز) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا ناوی (سالم) لەڕیزی گەورە شاعیرانی (مولْکی بابان)دا هاتووە و دەڵێ: (کوردی) و (سالم) ئەهلی سلێمانین، شیعریان پڕ طەراوەت و عاشـقانەیە، ئینجـا لە دوو تـوێی لاپەڕەکـانی کتێـبەکەدا (١٣) پارچەی شیعری و (١) تـاک و (١) چوارینی سـالم بڵاوکراوەتەوە (فەیضی بەگ، ١٩٨٣، ٣٠).

## ٤- چاپ و بڵاوبوونەوەی دیوانی سالم ١٩٣٣ – ١٩٣٤:

کاتێک لەسەرەتای ساڵانی سیدا (کوردی و مەریوانی)[1] بە جووتە پرۆژەی (نەشریاتی کوردی – مەریوانی) لە بەغدا دادەمەزرێنن، یەکەم

---

[1] کـوردی (مسـتەفا سـائیب ١٩٠٤ – ١٩٨٠)، مەریـوانی (تـاهیر بەهـجەت ١٩٠٥ – ١٩٧١).

جار لەمشوری چاپ و بڵاوکردنەوەی شیعر و دیوانی شاعیرانی کورد، لەوێنەی، نالی، کوردی، سالم، شێخ رەزا، حەریق... دا دەبن. سەرەتا لە ساڵی (١٩٣١)دا (دیوانی نالی) و (دیوانی کوردی)یان چاپ و بڵاوکردۆتەوە. دیارە ئەم دەستپێشخەرییە مێژووییە لەو هەلومەرجە لە کات وشوێنی خۆیدا پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە و دەنگدانەوەیەکی چاکیشی لەناو دەستەی خوێندەوار و ڕووناکبیرانی کورددا هەبووە. بۆیە بە ئامانجی درێژەپێدان و تەواوکردنی پڕۆژەکەیان کەوتوونەتە کارو کۆشش بۆ لە چاپدانی دیوانی شاعیرانی دیکە و لەپێشەوەشیاندا (دیوانی سالم).

لەو نامانەدا کە لەنێوان (مستەفا سائیب) لە سلێمانی و (تاهیر بەهجەت) لە بەغدا، سەبارەت بە لەچاپدانی دیوانی سالم لە ساڵی (١٩٣٣)دا ئاڵوگۆڕ کراون، وادەردەکەوێت پرۆژەکەیان تارادەیەک گیری خواردووە، بۆیە چاپ و بڵاوبوونەوەی دیوانی سالم لەکاتی خۆیدا لەبەر چەند هۆیەک دواکەوتووە. یەکیان ئەوەبووە کە ئەوان بەهیوا بوون زانیاریی زیاتریان لەمەڕ ژیننامە و سەربردەی سالم (تەرجومەی سالم)، لەڕێگەی خزمەکانیانەوە لە سلێمانی چنگ بکەوێت. دووەمیش ئەوەبووە کە ئەوان بانگەوازێکیان لە هەردوو دیوانی (نالی و کوردی) کە لە پێشوودا چاپ و بڵاوبووبوونەوە، بۆ ڕووناکبیران و خوێندەوارانی کورد کردبوو، کە بە شیعر و غەزەل و بەرهەمی دەستنووسی شاعیران هاوکارییان بکەن، بەڵکو بتوانن دیوانی شاعیرانی ناوبراو کە بەنیازن دیوانەکانیان بخەنە ژێر چاپەوە، ڕێک و تەواو و پوختەتر دەربچێت. لەم پێناوەدا مستەفا سائیب لە سلێمانییەوە نامەیەکی لە ڕێکەوتی ١٩٣٣/٢/٢٤ ئاراستەی مەریوانی هاوڕێی لە بەغدا کردووە و تیایدا دەنووسێت: تەرجومەی (سالم)، ناهیەخانیش[١] هەر

---

[١] دەبێ یەکێک بووبێت لە ئافرەتە زانا و ناودارەکانی خانەوادەی ساحێبقڕانەکان لە سلێمانی، هەرچەندە لە شەجەرەی ساحێبقڕانەکاندا ناوی نەهاتووە.

ئەوە ئەزانی کە من ناردوومە بۆت چونکە ئەوانەی من لە هەڵەبجە نووسیومە[١] لێرە زاتی کەس نایزانی، حەتتا خزمەکانیشی. ئەگەر سالح زەکی ئەوەندە هیممەتی بکردایە، هینەکەی عەلیی باپیری بدابایە، باش بوو[٢] (محەمەد، ٢٠٠٤، ج٢، ٣٤٧). ئینجا هەر لە بڕگەیەکی دیکەی نامەکەیدا پرسیویەتی ئاخۆ ئەتوانین لەنیوەی دوای مانگی ڕەشەمێدا، دەست بکەین بە (سالم)؟ دیباجەکەم بۆ بنێرە بیخوێنمەوە.

دیارە هەر لە سەرەتای ئەو ساڵەوە، واتە (١٩٣٣) بیرۆکەی لەچاپدانی دیوانی سالم لەبەرنامەی ئەم دوو هاوڕێیەدا هەبووە، بەڵام مەریوانی لە بەغدا تۆزێک خاوەخاوی لێ کردووە بەو هیوایەی چەردەیەک زانیاریی زیاتریان لەمەڕ ژیننامە و سەرگوزشتەی سالم دەست بکەوێت، بەڵام وەکو دەبیندرێت ئەم چاوەڕوانییە بێ هوودە بووە مستەفا سائیب لەنامەی ژمارە (٥)یدا لەڕێکەوتی (١٩٣٣/٣/٢) بۆ مەریوانی هاوڕێی لە بەغدا، دەپرسێت، (سالم)ت دا بەچاپ یان نەء، لەقەبی (بیمار)ی نییە، لێرە هەموو وا ئەڵێن.

وادیارە مستەفا سائیب زانیارییەکانی سەبارەت بە ژیننامەی سالم و مەسەلەی شیعر و شاعیرێتی ئەو نووسیوە و بۆ مەریوانی هاوڕێی لە بەغدا بەڕێکردووە، تا ئەویش لەشێوەی دیباجەیەک بۆ دیوانەکە ئامادەی بکات و دایبڕێژێتەوە. لە نامەی ژمارە (٦)یدا لە ڕۆژی ١٩٣٣/٣/٢٢ دەنووسێت؛

- بەحسابی نیهائی (سالم) هەمووی چەندی تێ ئەچێ؟

- تەرجومەی حاڵی (سالم) لەوە زیاتر نییە لێرە، تۆ لە هەردووکیان ییێکێکی مەعقوول و باش ڕێک بخە نزیک لە هینەکەی

---

[١] کەمال ڕەئووف محەمەد ڕای وایە کە مستەفا سائیب ئەم زانیارییانەی ئەوکاتە کۆکردۆتەوە کە لە هەڵەبجە بووە لە ساڵی (١٩٢١)دا.

[٢] مەبەست ساڵح زەکی بەگی ساحێبقڕانی خاوەنی گۆڤاری (دیاری کوردستان)ە کە وەکو لەپێشەوە باسکرا دیوانێکی سالمی لابووە کە عەلی کەمال باپیر ئاغا ئامادەی کردبوو و لە هەڵەبجەوە بۆی ڕەوانەی بەغدا کردبوو.

سالح زەکی بێت. (سەرچاوەی پێشوو: ٣٧٩) ئەم بێنە و بەردەیە لەنێوان ئەم دوو هاوڕێیەدا، کەوا لێکیش دووره دەست بوون و بەناچاری لەڕێگەی نامە و نامەکارییەوە دەنگیان بەیەک گەیشتووە، ساڵە وەختێک درێژەی کێشاوە و لە ئاکامیشدا هێشتا دیوانی سالم نەچۆتە ژێر چاپەوە. کوردی لەم کارە ناڕازییە و لە نامەی ژمارە (١)ی ساڵی تازەدا، لە ڕێکەوتی ١٩٣٤/١/٢٣دا نووسیویەتی:

– پیاوی چابە، (سالم) تەواو بکە، لەمە درەنگتر بێ زۆر عەیبە و مەیدانی فەوتانی مەدە! با ڕەنجمان بە با نەڕوا!.[١]

مەریوانی هەستی بەکەم و کورتی و ناتەواوی لە ژیننامە و سەربردەی سالمی مەزن شاعیری موڵکی باباندا کردووە، هەروەها پەی بەوەش بردووە، کە قەسیدە و شیعر و غەزەلیاتی دیکەشی هەن کە دەستی ئەمان نەکەوتوون، بۆیە هەر بەهیوا بووە و خاوەخاوی لە حەواڵەکردنی ڕەشنووسەکانی دیوانەکە بۆ چاپخانە کردووە، بەڵام چاوەڕوانییەکەی هیچی لێ شین نەبووە و لەو سەریشەوە (کوردی) لەسلێمانییەوە تینی بۆ هێناوە کە چیتر دیوانەکە دوا نەخات.

مەریوانی لەو (سەرەتا)یەدا کە بۆ دیوانەکەی نووسیوە دانی بەو ڕاستییانەدا هێناوە و دەڵێت؛

((لەپاش زەحمەت و ئەزیەتێکی زۆرەوە (دیوانی سالم) پێک هات، نزیکەی ساڵێکە ئێمە هاوار ئەبەینە بەر حەمییەت و ویجدانی هەموو کوردێکی پاک کە یاریەمان بدەن لەم خزمەتە عومومییەدا هیممەتیان

---

[١] بەداخەوە ئێمە تەنیا دیوێکی مەسەلەکانمان لێوە دیارە، ئەویش بەهۆی نامەکانی (مستەفا سائیب)ەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە وەڵامەکان و نامەکانی (مەریوانی)یەوە بۆ مستەفا سائیب، هیچمان لێ دیار نییە بەهۆی بەردەست نەبوونی ئەو نامانە. وەکو بەڕێز کەمال ڕەئووف محەمەد خۆیشی باسی دەکات؛ کەوا مستەفا سائیب ئەم نامانەی خۆی لە دۆسیەیەکدا بەتەنها هەڵگرتوون و ڕەنگبێ وەڵامەکانی مەریوانی لە دۆسیەیەکی دیدا هەڵگرتبێت و لە پاش کۆچی ماڵئاوایی کەوتبێتە لای کەسێکی دی و ون بووبێت (هەر ئەو سەرچاوەیە، ٣٦٦).

دریـێـغ نەکەن، کەچـــی حەیـف زۆر کەم یاریەمـــان ئەدەن و لەیەک دوو جێگا زیاتر شیعر و غەزەلمان بۆ نەهاتووە و معاوەنەتیان نەکردین.

– لەبەر ئەوەی ئێمە هەر ئەوەندەمان پێ کۆکرایەوە و لەوە زیاتر چـاوەڕوانی بـێ سـوود بـوو، وا (دیـوانی سـالم) لە چـاپ درا، ئەگەر نـاتەواوی و نـاڕێکییەکی ببێ تـاوانی ئـێمە نییە، خوێندەواران تاوانمـان ببەخشن، قەباحەتی ئەو کەسانەیە کە معاوەنەت و خزمەتیان پێ ئەکرێ و بەڵام نایکەن! (سالم، ۱۹۳۳، A).

دیوانەکە لە دوای ساڵێک دواکەوتن لە کۆتاییدا دەچێتە ژێر چاپ و بڵاودەبێتەوە. (لەمـانگی یەکی سـاڵی ۱۹۳۳ وە ئامادەکاری بۆ کراوە کەچـــی دیـــوانەکە لە مـــانگی پێنجـــی ســـاڵی ۱۹۳٤دا دەرچـــووە). بڵاوکەرەوەکـان خۆشـیان لە چـاپەکە بەگلەیـین، بەڵام بـێ چـارەبوون. مستەفا سـائیب لەدوای چـاپ و بڵاوبوونەوەی دیوانەکە، لەنامەیەکی دا کە مێژووی ۱۹۳٤/٦/۳ی بەسـەرەوەیە، دانـی پێداناوە کە دیـوانی سـالم بەشێوەیەکی (خراپ) چاپ بووە. لەم بارەیەوە ڕووی قسـەی ئاراسـتەی مەریوانی هاوڕێی دەکات لە بەغدا و دەڵێت:

- شێخ ڕەزا لە چیایە؟ هیمەت بکە با ئەویش وەک (سـالم) خـراپ چاپ نەکرێت!. (محەمەد، ۲۰۰٤، ج۲، ۳۸۷).

ئینجـا لە داوێنـی لاپەڕەی کۆتـایی دیـوانەکەدا پەراوێزێـک هەیە کە بەناونیشانی (ئیعتیراز) تۆمار کراوە و تیایدا هـاتووە: سـەبەبی تەئخیـری (کتێبـی یـاری) و (دیـوانی سـالم) بەکـورتی ممکـن نییە، ئەگەر بمـانەوێ بینووسین ئەبێ بە چیرۆکێکی ۱۰۰ لاپەڕەیی، جارێ با بمێنێ تـا ڕۆژی خـــۆی ئەوســـا دوورودرێـــژ ئەیگێـــڕینەوە بـــۆ خوێنـــدەوارە خۆشەویستەکانمان (۱ – ٥ – ۹۳٤ ک. م)

بەداخەوە چیرۆکـی نهێنییەکـانی پشـت پەردەی دواکەوتنـی چـاپ و بڵاوبوونەوەی دیـوانی سـالم، هەروەک خۆیـان بەحەشـاردراوی مـانەوە، شـانس بەخـت نەیهێنـاوە چ لەکـات و سـاتی خۆیـدا و چ لەدواتریشـدا ئاشکرا بکرێت.

ئەمە چیرۆکی چاپ و بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی دیوانی سالم بوو لەسەر دەستی جووتە شۆڕەسوار و جوامێری (نەشریاتی – کوردی و مەریوانی)، واتە (مستەفا سائیبی کوردی) و (تاهیر بەهجەت مەریوانی) لەساڵی ١٩٣٤دا لە بەغدا.

لەگەڵ هەموو کەم و کوڕی و گلەیی و گازاندەیەک، سەبارەت بەدنیای کتێب و چاپەمەنی کوردی لەو ڕۆژەدا، لە نەبوونی فۆنتی کوردی، چاپخانەی باش لە شارەکانی کوردستان، شێوەی کۆن و تەقلیدی چاپەمەنی، هەروەها نارێکی لە ڕێکخستنی دیوانەکەدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، چاپ و بڵاوبوونەوەی دیوانی سالم بۆ ئەو ڕۆژگارە دەسکەوتێکی ڕووناکبیری و مێژوویی گرنگ بووە لەدنیای چاپەمەنی و مێژووی ئەدەبی کوردیدا. ناواخنی دیوانەکە جگە لە (سەرەتا) و (سەرگوزەشتەی سالم)، ئەم تێکستە شیعرییانەی گرتۆتەخۆی؛ (٢٠٥) پارچەی غەزەل، (٧) پارچەی داشۆرین، (٥) پارچەی سکاڵا، (٣) بەندی تەرجیع بەندەکەی سالم، بەڵام بەشێوەیەکی پرش و بڵاو، (٢) پێنج خشتەکی و (٣) قەسیدەی ناتەواوی گرتۆتەخۆی.

**سەبارەت بە شیعر و بەرهەمی سالم لەدوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی دیوانەکەیدا:**

- ساڵی (١٩٧٢) (چاپی دووەم)ی (دیوانی سالم) لە (چاپخانەی کوردستان) لە (هەولێر) بڵاوکراوەتەوە، ئەم چاپە لەسەر بناغەی چاپی یەکەمی (کوردی و مەریوانی) ئامادەکراوە، بۆیە (مامۆستا گیوی موکریانی)، ناوی ناوە (چاپی دووەم). لە قەوارەدا، واتە لە ژمارەو چونییەتی تێکستە شیعرییەکاندا لەگەڵ چاپی یەکەم جیاوازییەکی زۆری نییە، تەنیا (٣) پارچەی غەزەل و (٢) قەسیدەی تازەی لە بەرهەمی شیعری سالم عەلاوە کراوە. هەمیسان بەهۆی هەلومەرجی نالەباری چاپەمەنی کوردی و هەڵە و پەڵەی ڕێنووس و چەوتی و چەوێڵی لە ڕاگواستنی دەقە شیعرییەکاندا، چاپێکی باش دەرنەچووە. بەڵام دیسان بۆ ئەو ڕۆژگارە و بۆ دنیای ئەدەبیاتی کوردی بایەخدار بووە.

– لەنێوان ئەو ساڵانەدا کەوا هەر دوو چاپەکەی دیوانی سالم تیادا بڵاوبوونەتەوە (١٩٣٣ – ١٩٧٢)، مەسەلەی شیعر و بەرهەم و ژیننامەی سالم، لە چەند لاوە بوونەتە بابەتی باس و لێکۆڵینەوە، کە لێرەدا بە کورتی و بەقەڵەمی درشت بەسەریاندا ڕادەبوورین:

– مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، چاپی یەکەم/ ١٩٥٢، باسێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژیان و شیعری سالم تەرخان کردووە.

– ڕەفیق حیلمی لە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)/ ١٩٥٦، ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بەشیعر و بەرهەم و ژیننامەی سالم ئەنجام داوە.

– لە ساڵی ١٩٦٨ دا، ئەحمەد سالار لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا سەبارەت بەژیان و شیعری سالم بڵاوکردۆتەوە. لەژێر ناونیشانی (سالم لە تای تەرازووی وێژەدا).

– جگە لەمانە لەو ماوەیەدا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ئاماژە بەشیعر و بەرهەمی سالم کراوە و دانە دانە تێکستی شیعری چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەنموونە:

گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵیادی یەکەمین ساڵی بڵاوبوونەوەیدا وەکو پاشکۆ قەسیدەی (ستایشی عەزیز بەگی بابان)ی لە نامیلکەیەکدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە، گۆڤاری (ڕزگاری) لە ژمارەکانی (١٠، ١١، ١٢/ ١٩٦٩ – ١٩٧٠) قەسیدەی (جەنگی بابان و عوسمانییەکان)ی بڵاوکردۆتەوە.

– ڕۆژنامەی ژین لە ژمارە (٣١)ی ١٤ی ئابی ١٩٧١دا، دیسان قەسیدەی (جەنگی بابان و عوسمانییەکانی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە ژمارە (٣٥)ی ١٩٧١/٨/١٢دا قەسیدەی (پەرێشانی بابانەکان)ی بڵاوکردۆتەوە.

– (سێ غەزەلی بڵاونەکراوەی نالی و سالم)، وتارێکی د. مارف خەزنەدارە، کەوا لە ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٧١)ی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا بڵاوکراوەتەوە، دوو غەزەلیان شیعری سالمە.

- کاکەی فەلـلاح، لە گۆڤـاری (ڕۆشـنبیری نـویّ)دا، لە ژمارەکـانی (٢٥ تـاوەکو ٣٤)، لەنێـوان (٢١ی تەممـوزەوە تـاوەکو ٢١ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٤). کۆمەڵێـک تێکسـتی شـیعری سـالمی لەگەڵ پێشەکییەکەدا بڵاوکردۆتەوە.

**سەبارەت بەچاپی نوێی دیوانی سالم/ بنکەی ژین - ٢٠١٥:**

دوا بەدوای چـاپ و بڵاوبـوونەوەی (دیـوانی نـالی/ ١٩٧٦)، بەم شـێوەیەی کە دەبینـدرێت، ڕێـک و پوخـت و زانسـتی، بە شـەرح و سـاغکردنەوە و پەروایـزەوە لەسـەر بنەمـای چەنـدین نوسـخە و دەستخەتی کۆن، لەلایەن بنەماڵەی زانیارانی کورد (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی)، هەموو سەرنج و خواستی خوێندەوارانی کورد لەسـەر ئەوە بـوو کە ئـاخۆ کەی بێت چاپێکی (دیـوانی سـالم)یش بەم شـێوەیە بکەوێـتە بەر دەسـت، ئینجـا دووبـارە هەمـوو خواسـت و سەرنجەکانیش هەر لە دەوری ئەم بنەماڵەیەدا دەخولایەوە کە بەو کارە مەزنە ڕابپەرمـوون!. چـونکە دەگـوترا هەر لە شـان و شـکۆ و قەڵەمـی بەپێزی ئەواندا دەوەشێتەوە. لەکاتێکدا کە ماوەیەک بوو دەنگۆی ئەوە لە ئارادا بوو کەوا (د. کەمال فوئاد/ کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد ١٩٣٢ - ٢٠١٤). لەسـەروبەندی ئامـادەکردنی دکتۆرانامەکەیـدا لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا لە وڵاتی ئاڵمان سەبارەت بە (دەستنووسە کوردییەکـان) لە نامەخانەکـانی ئەو وڵاتەدا، دوو دەسـتخەتی (دیـوانی سـالم)ی لە (نامەخـانەی مـالبۆرگ) دۆزیـوەتەوە کە یەکێکیـان لە سـاڵی (١٨٦١)دا، واتە (٨) ساڵ بەر لە مەرگی سالم و بەتایبەتیش لەسەر داواو خواسـتی سـالم خـۆی نووسـراوەتەوە و مـۆری ئەویشـی پێـوەیە. ئەم دەسـتخەتەی (دیـوانی سـالم) لە سـاڵی (١٩٠٣)دا لە سـابڵاغ دەسـت ڕۆژهەڵاتناسـی ئەڵمـانی (ئوسـکارمان) کەوتـووە کە لەو سـەردەمەدا ماوەیەکی لە (سابڵاغ) گوزەراندووە. لە پاشـان و لەدوای کۆچی دوایی نـاوبراودا هەمـوو کـاغەز و ئەرشـیف و نووسـراوەکانی ئەسـپاردەی کتێبخـانەی گـۆڕین کـراوە. ئەم هەواڵە لەکـاتی خۆیـدا وەکـو مژدەیەکـی

خـــۆش و پاڵپشـــتییەکی چـــاکیش بـــوو لە ڕێگـــای ئامـــادەکردن و بڵاوکــردنەوەی دیــوانی ســـالم بەشــێوەیەکی گەرمــاوگەرم دوابەدوای (دیوانی نالی).

لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ئەم نیازە لەکاتی خۆیدا نەهاتەدی و ئەم چاوەڕوانییەی چاپی تازەی دیوانی سالم بە نزیک لەماوەی چل ساڵی خایاند، تا ئەوەی لە کۆتاییدا پێگەیشت و لەم ساڵانەی دواییدا هاتەدی چاپێکی زانستی و پوختە لە دوو بەرگدا و، لەلایەن (بنکەی ژیـــن) لە ســلێمانی لە ســـاڵی (٢٠١٥)دا کەوتە بەردەســـت و دیـــدەی خوێندەوارانی کورد.

- چاپێکی دیکەی دیوانی سالم لە (سنە) لە ساڵی (٢٠١٧) لەسەر بنەمای چاپەکانی پێشوو، لەلایەن (ئیسماعیل کەسنەزانی و کامیل کەســـنەزانی)یەوە، بە هەنـــدێ شـــەرح و پەراوێـــز و لێکـــدانەوەوە، ئامادەکراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- لەسەر بنەمای چاپی دووەمی دیوانی سالم (گیوی موکریانی، چاپخانەی کوردستان، ١٩٧٢)، لەو ماوە زەمانییەشدا تا دەگاتە (٢٠١٥) واتە کاتی بڵاوبوونەوەی (چاپەکەی بنکەی ژین)، کۆمەڵێک باس و لێکۆڵینەوە لەمەڕ سالم و شیعری سالم ئەنجام دراون و بڵاوبوونەتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- ســـاڵی ١٩٧٣ مامۆســـتا عەلائەدیـــن ســـەجادی کتێبـــی (دوو چامەکەی نالی و سالم)ی بڵاوکردۆتەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیی فراوانە لەمەڕ هەردوو قەسیدە نامە نێودارەکەی ئەم دوو شاعیرە.

٢- لە دیداری شیعری کلاسیکی کوردی کە لە ساڵی ١٩٨١دا لە بەغدا بەڕێوەچووە، (مامۆستا حەسیب قەرەداغی) لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی شیعری سالم پێشکەش کردووە بە ناونیشانی (سالم لە ڕێبازی کلاسیزم دا).

٣- لە کتێبی (لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە)، لە نووسینی د. مارف خەزنەداردا، کە بریتییە لە کۆمەڵێک باس و لێکۆڵینەوە، هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە شیعر و دیوانی سالمەوە هەیە:

أ/ له باسی (پێنجین و پێنج خشتەکی له شیعری کلاسیکی کوردیدا) پێنج خشتەکییەکەی سالم لەسەر شیعری نالیدا بە کورتە لێکۆڵینەوەیەکەوە هاتووە.

ب/ لەسەر مەسەلەی (مولەمەع لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)، هەندێ نموونە لە شیعری مولەمەعاتی سالم هێنراوەتەوە.

ج/ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەناونیشانی (بەمەبەستی چاپێکی زانستی دیوانی سالم)، له (١٥) لاپەڕەدا لە دوو تویّی کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە. (خەزنەدار، ١٩٨٤، ٢٣٥).

٤- (شیعری نیشتیمانی سالم ١٨٠٥ – ١٨٦٩) نامەیەکە (نەوزاد وەقاص سەعید) پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا، لەڕێکەوتی ساڵی ١٩٩١دا.

٥- له (مێژووی وێژەی کوردی)، (صدیق بۆرەکەیی – صفی زادە)، بەرگی (٢)، ساڵی ١٩٩١ دا و لەبەشی (هۆنەرانی دەوری بابان)، نزیکی دە لاپەڕە بۆ قسەکردن و لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەمی شیعری سالم تەرخان کراوە.

٦- له کتێبی (میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا)، له نووسینی؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە چاپەمەنی خاک دەرچووە بەشی کۆتایی کتێبەکە بەناونیشانی (سالم: قارەمانی وشەی کوردی)، بۆ ژیننامە و قەسیدە ناودارەکانی سالم، پەیوەست بە میرایەتی بابانەوە، لەگەڵ شەرح و لێکدانەوە و هەلومەرجی مێژوویی ئەم قەسیدانە، تەرخان کراوە.

٧- لە ساڵی (١٩٩٨)دا، (عوسمان محەمەد هەورامی)، لە کتێبی (حاجی مەحموود یاروەیس)دا، ژمارەی نزیکەی (١٠٠) تێکستی شیعری سالمی بەلێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەوە بڵاوکردۆتەوە.

٨- د. مارف خەزنەدار لە بەرگی سێیەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا ساڵی ٢٠٠٣، بەشەکانی (نۆیەم، دەیەم، یازدەم)ی بۆ

لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەسەرهات و لێکدانەوەی بەرهەمی شیعری سالم تەرخان کردووە.

٩- (بەرکوتێک لەخەرمانی شیعری سالم، چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم، پاشکۆیەکی دیوانی نالی)، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠.

١٠- (لە پەراوێزی دوو قەسیدەی سالم)دا، تێکست و لێکۆڵینەوە، د. عوسمان دەشتی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٧)، ٢٠١١.

١١- (بەشێک لە دیوانی سالم، لەبەر رۆشنایی کەشکۆڵی سەید عەلی و نەجمەدین مەلا) ساغکردنەوەی؛ کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، پێداچوونەوە و پێشەکی عەبدوڵلا ئاگرین، ٢٠١٢.

١٢- بڵاوکراوەی (ڕۆڤار)، ژمارە (٧٧)، بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ژیان و شیعری سالم تەرخان کراوە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەری کردووە و هیچ مێژوویەکی بەسەرەوە نییە، بەمەزەندی ئێمە لە کۆتایی ٢٠١٢ وە بڵاوبۆتەوە.

١٣- (فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر رۆشنایی ئەدەبی فارسیدا)، د. ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، ئەم کتێبە لە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٣ دا دەرچووە. لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەر بووە لە ساڵی ٢٠٠١ دا بەسەرپەرشتی د. دڵشاد عەلی ئەنجام دراوە و پێشکەش بە کۆلیجی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

١٤- (ڕەنگدانەوەی سەبکی هیندی لە شیعری سالم ساحێبقڕاندا) ناونیشانی باسێکی زانستییە لە ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی. لە کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی (کورد و فەرهەنگ و ئەدەبی ئێرانی و ئیسلامی)، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٥ لە (دانشگای کوردستان – سنە) پێشکەش کراوە و دواتر لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٢) ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

١٥- لەو کتێبانەدا کە سەبارەت بە مێژووی بابان و بابانییەکان، یاخود شاری سلێمانیدا نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، ناوی سالمیش چ لە ڕیزی شاعیرانی بابان و چ بەهۆی قەسیدە ناودارەکانی پەیوەست بەمیرنشینی بابانەوە کەم و زۆر هاتووە لە نموونەی:

- سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٢.
- یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەزگای ڕاگەیاندن، زنجیرە (١)، ١٩٨٤.
- (سالمی شاعیر و شاری سلێمانی)، کاکەی فەللاح، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤٧)، ساڵی چوارەم، ١٩٨٦. لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە ساغکردنەوەی قەسیدەیەکی سالم (شەڕی بابان و عوسمانییەکان).
- شاری سلێمانی، ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، ١٨٢٠ – ١٩٢٠، مامۆستا جەعفەر، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

**لەبارەی ژیاننامە و خانەوادەی سالم:**

مێژوونووس و ئەدەبناسانی کورد تاکو ئەمڕۆ هەر چییەکیان گوتبێت و تۆمار کردبێت سەبارەت بە ژیاننامەی سالم و خانەوادەکەی، لەو دوو سێ بڕگەیە تێنەپەڕیوە کە (کوردی و مەریوانی) لە پێشەکی چاپی دیوانی سالمدا و بەناونیشانی (سەرگذەشتەی سالم)وە تۆماریان کردووە، بەڵکو وا هەیە زانیاری شێواو و تێکەڵ و پێکەڵیشیان هێناوەتەوە. لەو پێناوەدا دەورێکی سەرچاوەکان دەدەین تا بزانین سەبارەت بەخانەوادەی سالم و هاتنیان بۆ قەلاچوالان و لەپاشانیش سەرجەلەی ئەو خانەوادەیە لە سلێمانی چییان نووسیوە[1].

---

[1] لە باس و بابەتەکانی دیکەدا چەند لایەنێکی ئەم مەسەلانە باس کراون، ئەویش وەک چۆن لە سەرچاوەکاندا هاتوون هەر بەو جۆرە ڕاگوێزراون، بێ ئەوەی تاوتوێ بکرێت و بخرێنە ژێر سەنگی محەک و موناقەشەوە چونکێ مەبەستی باسەکان شیعر و بەرهەمی سالم بووە نەوەک بەسەرهات و ژیننامەکەی.

سەرەتا با ئەو سەرگوزەشتەیە وەک خۆی بخەینەڕوو کە لە چاپی یەکەمی (دیوانی سالم)دا هاتووە:

[ناوی سالم عبدالرحمن بەگە، کوڕی محەمەد بەگی قەرە جەهەننەم کوڕی ئەحمەد بەگی صاحێبقڕانە و ئامۆزای کوردییە. ئەڵێن لە پێشا سالم لەقەبی ڕەنجوور بووە و یەکێ ئەڵێ بیمار بووە[1]. گوایە لەسەر تەکلیفی دوکتۆر لەقەبەکەی گۆڕیوە، و کردوویە بە سالم کە عەلامەتی ساغ و سەلیمی بێ. چونکە سالم پیاوێکی لاواز، بێ تاقەت و مات و بێ دەنگ بووە و قەنگەکێش بووە.

وەکو خزمەکانی ئەڵێن سالم لە ساڵی ١٢٢٠ی هیجری (١٨٠٥ی ز) تەوەلوودی بووە و لەساڵی ١٢٨٦ی هیجری (١٨٦٩ی ز) وەفاتی کردووە.

مەنشەئی فامیلیای صاحێبقڕان کوردستانی ئیرانە، فامیلیای سالم لەگەڵ سالمدا، ئەغلەب ئەچوون بۆ ئێران بۆ سەردان لە خزمەکانیان. بەڵام لەپاش ڕووخانی حکومەتی بابان لەگەڵ فامیلیاکەیا ئەچنە ئێران و لەتاران زۆر ئەمێننەوە. سالم وەرس و بێزار ئەبێ لەتاران، بەم دوو بەیتە بەیانی ئەکا:

**- لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەرنەجاتم بوو لە تارانا**
**بەهەشت ئەربێنە دەشتی ڕەی بەئێرانا گوزەر ناکەم**
**- خۆزگە ئەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی ئەبێ**
**کۆیی یارم مەشهەدم یا مەنزلم هەرڕەی ئەبێ**

سالم دایکی کچی سلێمان ئاغای ئەلیاس ئاغا بوو و پوورێکی ئەبێ ناوی ئاتەخان ئەبێ زۆر شاعرەیەکی مەشهوور و پڕ زەوق ئەبێ.

وەکو ئەڵێن سالم لە سلێمانی وەفاتی کردووە و لای قەبری مستەفا بەگی کوردییەوە نێژراوە].

---

[1] ئێمە شیعرمان بەناوی ڕەنجوورەوە نەدی، بەڵام بەناوی بیمارەوە هەیە. چونکە باش لێمان موحەقەق نەبوو ئەمجارە عەلاوەی ئەم کتێبەمان نەکرد. کە بۆمان ساغ بووەوە لەچاپی دووەمدا عەلاوەی ئەکەین.

ئەمە دەقـــی ئەو ژیاننـــامەیە بـــوو کە (کـــوردی و مەریـــوانی) لە پێشـــەکی چـــاپی دیـــوانی ســـالمدا هێناویـــانەتەوە لەو بـــارەوە عەلائەدیـــن ســـەجادی لە (مێـــژووی ئەدەبی کـــوردی/ چـــاپی یەکەم ١٩٥٢/دا دەڵێـــت: بنەمـــاڵەی صـــاحێبقڕان لە ئەحـــمەد بەگـــی گەورەوە دەســـت پـــێ ئەکـــا. ئەحـــمەد بەگ یەکێـــک بـــووە لە دوانـــزە ســـوارەی مەریـــوان لاوچـــاک و ســـوارچاک بـــووە، ڕووی کـــردبێتە هەر مەیـــدانێک تـــۆپی هـــونەری دەرکـــردووە، ڕووی کـــردبێتە هەر دوژمنێـــک شـــکاندوویەتی، لەمەوە ناویان ناوە (صاحێبقڕان – خاوەن نگین)..

– ئەم ئەحمەد بەگە تەنها مەحموود بەگی کوڕی ئەکەوێتە وڵاتی بابانەکان و ئەبێ بە وەزیری جەنگی حاکمی بابان. (سەجادی، ١٩٧١، ٢٥٦).

– ڕەفیق حیلمی لە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی/ ١٩٥٦، دەڵێت: (سالم) کە ناوی تایبەتی خۆی ئەوڕەحمان بەگە، کوڕی مەحموود بەگی (قەرە جەهەننەم)ی کوڕی ئەحمەد بەگی (صاحێبقڕان)ە. بەپێـی گێـڕانەوەی خزمەکـانی ئەبـێ لە سـاڵی (١٢٢٠/ ١٨٠٥) هـاتبێتە دونیاوە، وە لەساڵی (١٢٨٦/ ١٨٦٩) بەڕەحمەت چووبێ (حلمی، ١٩٨٨، ب٢، ٥٤).

– مـحەمەد ئەمـین زەکـی بەگ لە (تـاریخی سلێمانی وە وەڵاتـی/ چاپی یەکەم ١٩٣٩)دا لەسەر مێژووی لەدایکبوونی سالم نووسیویەتی؛ بەگوێرەی قسـەی خزمەکانی ئەبێ لە (١٢٢٩)ی هیجری هـاتبێتە دنیاوە (سـالح، ٢٠٠٥، ١٩١). بەڵام دواتـر هەرخـۆی لە (خلاصـە تـاریخ الکـرد و کردسـتان/ چاپی یەکەم ١٩٣٩)دا و (مشـاهیر الکرد وکردسـتان/ چاپی یەکەم ١٩٤٥)دا مێـژووی لە دایکبـوون و مردنـی سـالمی بەگـوێرەی (دیوانی سـالم) ڕاست کردۆتەوە. بەڵام ئەویش دەڵێ کوڕی مەحموود بەگ بووە (صالح، ٢٠٠٥، ٣٦٠).

– مـحەمەد مسـتەفا حەمەبـۆر، لە پێشـەکی (دیـوانی کـوردی)دا نووسـیویەتی؛ کـوڕە گچـکەکەی (ئەحـمەد بەگـی گەورە) مـحەمەد بەگ بووە و خستوویەتیە سەر گوندی – قەرە جەهەننەمی لای سنە، بۆیە بە

مـــحەمەد بەگـــی قەرە جەهەنـــنەم ناســـراوە کە هـــۆنەریش بـــووە و لە فاتمەخانی کچی سلێمان ئاغای ئیلیاس ئاغا کە ژنی بووە تاقە کوڕێکی لەو ژنە، عەبدوڕەحمان بەگی سالم و هۆنەری بەناوبانگی کوردە، بە هەڵبەستە گرینگەکانی بۆتە هۆمیرۆسی کورد (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ١٤).

حەمەبۆر دەڵێ؛ ئەحمەد بەگی گەورە لەسەر خواستی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابان کە لە نێوان (١٧٤٧ – ١٧٦٣)دا فەرمانڕەوا بووە لە سنەوە گواستوویەتییەوە شاری قەلاچوالانی پایتەختی ئەوسای بابان..... دەشڵێن یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی دوازدە سوارەی مەریوان لە نێوان ساڵانی ١٧٤٧ – ١٧٧٢ زاینیدا ڕووی داوە. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ١٤).

مەحموود بەگی کوڕی گەورەی ئەحمەد بەگ، وەکو باس دەکرێت پیاوێکی ئازا و جەنگاوەرێکی بەجەرگ بووە و لە پایتەختی نوێی باباندا (سلێمانی)، دەبێت بە سوپاسالاری لەشکری بابانی، ئەم مەحموود بەگە لەدوای خۆیدا پێنج کوڕی هەبووە کە خانەوادەی گەورەی ساحێبقڕانەکانی سلێمانی و هەڵەبجەیان لێ کەوتۆتەوە.

سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، موکریانی لەپێشەکی دیوانی سالمدا، جەمال بابان لە کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکە)مدا، بە دووروودرێژی شەجەرەی کوڕ و نەوەکانی مەحموود بەگیان هێناوەتەوە و باسیان کردووە، کەوا (مستەفا بەگی کورد) و (ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ/ حەمدی) شاعیر، هەردووکیان سەر بەو لقەی بنەماڵەکەن، بەڵام سەبارەت بەلقی محەمەد بەگی قەرەجەهەننەمی باوکی سالم و کوڕی بچووکی ئەحمەد بەگ هەموویان بێ دەنگ بوون و شتێکیان نەگوتووە.

تا لەم دوایییەدا لە کتێبی (شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی)دا هاتووە و دەڵێت؛ کە محەمەد بەگی قەرەجەهەننەم تەنیا یەک کوڕی بووە، کە عەبدولرەحمان بەگی سالمە و ئەویش ژنی نەهێناوە (مامۆستا خالید، ٢٠١٠، ٧٠٥). ئەم زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی پێشوودا هاتوون دەشێ لەچەند لاوە تاوتوێ بکرێن. سەبارەت بەوەی گوتوویانە

(ئەحمەد بەگی گەورە) یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی دوازدە سوارەی مەریوان!. بەشێک لە سەرچاوەکان شەڕی دوازدە سوارەی مەریوان دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی (بابا سلێمانی گەورە) کە بە دامەزرێنەری ئەم خولەی دوایی حوکمڕانیی بابانەکان دەژمێردرێت و لە نێوان (١٦٦٩ – ١٦٩٨) حوکمڕانی کردووە (ئەمین، ١٩٩٨، ٥١). دیارە لەو سەردەمەدا ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان دەبێ هێشتا نەهاتبێتە قەلاچوالان و سنووری قەڵەمڕەوی بابان، کەواتە نابێت یەکێک بووبێت لە دوانزە سوارە!.

-پیرەمێرد (کە باپیرانی خۆی یەکێک بوون لە جەنگاوەرانی دوازدە سوارە)، لە نامیلکەی (دوانزە سوارەی مەریوان/ چاپی یەکەم ١٩٣٥)دا دەڵێت؛ ئەم شەڕە لە ڕۆژگاری ئەحمەد پاشای گەورەی بابانی، کە بە شا غازی ناوی دەبات، ڕووی داوە. لەم مێژووە بنەماڵەی ئەحمەد بەگی گەورە بەپێی سەرچاوەکان لە قەلاچوالان بوون، بەڵام لەنێو ناوەکانی دوازدە سوارەدا کە پیرەمێرد یەک بەیەکی هێناونەتەوە، ناوی ئەحمەد بەگ ناوێک نەهاتووە! بەڵام لەهەمان کاتدا هەم پیرەمێرد و هەم لە کۆمەڵێک سەرچاوەی تردا، ناوی مەحموود بەگ دەهێنن کە یەکێک بووبێت لەو دوازدە سوارە نەوەک ئەحمەد بەگی باوکی (بابان، ٢٠١٢، ب٤، ٦٣).

– هەموو سەرچاوەکان ئەو کەم و کورتە زانیارییەی لەمەڕ ژیاننامەی سالمەوە تۆماریان کردووە، لە زمان خزمەکانیانەوە گێڕاویانەتەوە!، بەڵام باسێک لەوە ناکەن، کە بەو پێیەی (محەمەد بەگی باوکی سالم) مادام هەر لە سنووری ئەردەڵان و لە دێی قەرەجەهەننەم مابێتەوە، ئەدی چۆنە (سالم) لە سلێمانی لە دایکبووە و خوێندوویەتی و پێگەیشتووە، دوور لە ماڵە باوانی؟ تۆ بڵێی لە ماڵی (ئەحمەد بەگی گەورە – حاجی ئەحسان)ی باپیری لەدایک بووبێت و هەر لەوێش مابێتەوە و گەورە بووبێت؟ ئەمە ڕێی تێ دەچێت، بەڵام خزمەکانی لەئاست ئەم مەسەلەیە بێ دەنگییان هەڵبژاردووە. تەنانەت (مستەفا سائیب) وەکو لەپێشەوە دیمان، داد و بێ دادیەتی لەدەست ئەوەی کە خزمەکانیشی هیچ لەبارەی ژیننامەی سالمەوە نازانن!؟.

ئینجا ئەوە تازە بە تازە لەدوای (١٥٠) ساڵدا سەرچاوەیەک دەڵێ؛ باوکی تەنیا سالمی هەبووە و ئەویش ژنی نەهێناوە!.

- لە کۆتایی هەشتاکاندا کتێبێک لە ئێران بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (تاریخ و جغرافیای کردستان، موسوم بە: سیر الاکراد) کە ناوەرۆکەکەی سەبارەت بەهەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابانە، کتێبەکە لە ساڵی ١٨٦٨ی زاینیدا نووسراوە و نووسەرەکەی (عبدالقادر ابن رستم بابانی)یە، کە بەقسەی خۆی (ڕۆستەم بەگ)ی باوکی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە و برای هەریەک لە محەمەد بەگ و مەحموود بەگ بووە. خۆیشی واتە عەبدولقادری نووسەری کتێبەکە دەکاتە ئامۆزای هەریەک لە (کوردی) و (سالم). بەڵام لەو شەجەرەیەی سەجادی و موکریانی و جەمال بابان بۆ بنەماڵەی ساحێبقڕان خستوویانەتە ڕوو، ناوی (رۆستەم بەگ) وەکو کوڕی ئەحمەد بەگی گەورە، دیار نییە. لە کتێبی (شەجەرەی بنەماڵە ناودارەکانی سلێمانی)دا، ناوی (رۆستەم بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ) لە بنەماڵەی ساحێبقڕانەکاندا هەیە، بەڵام کوڕێکی بەناوی عەبدولقادر لێ وەپاش نەکەوتووە.

عەبدولقادری نووسەری کتێبی ناوبراو، بەشێکی زۆری کتێبەکەی بۆ مێژووی میرایەتی بابان و بابانەکان تەرخان کردووە، زۆریش باس لە (مەحموود بەگی) مامی دەکات و بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە. بەڵام باسێک لە (کوردی) و (سالم)ی ئامۆزای کە دوو شاعیری دیاری سەردەمەکە بوون ناکات و هەر لە بنەڕەتەوە ناویشیان ناهێنێت.

ئەمانە و زۆر پرسیاری تریش تا ئێستا بێ وەڵام ماونەتەوە ڕەنگە لە داهاتوودا، بکەونە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر و زۆر گۆشەی تاریک و نووتەکمان لەو بارەوە بۆ ڕووناک ببێتەوە.

**لەبارەی سەفەر و سەردانەکانی سالم بۆ ئێران:**

هەموو سەرچاوەکان ئاماژە بۆ سەفەر و سەردانی سالم بۆ ئێران و بەتایبەتیش بۆ سنەی ئەردەڵان دەکەن. دیارە کە سالم بەشێک لە

خانەوادە و خزم و کەس و کارەکەی لەسنووری قەڵەمڕەوی ئەردەڵان و سنە بوو‌بێت و لەو سەردەمیش سنوورەکان لەنێوان میرایەتی بابان و ئەردەڵاندا وەکو (شووره چین) نەبوون و هامشۆ زۆر ئاسایی بووە، بۆیە شتێکی زۆر سروشتییە سالمیش هاتوچۆی ئەو ناوەی کردبێت و لە شاری سنەش کە مەڵبەندی ناوچەکەیە مابێتەوە. لە شوێنی دیکەدا باسمان کردووە. کە (شاری سنە/ سەنەندوج) لە شیعری سالمدا زۆر ناوی هاتووە و بەخەستی ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت زۆربەی شیعرە داشۆرینەکانی سالم لەبارەی سنەییەکان و خەڵکانی ناوداری سنەیین، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە سالم خزم و دۆست و ئاشنا و تێکەڵاویی زۆری لەگەڵ خەڵکەکەیدا هەبووە. هەروەها (قەسیدەیەکی مەدحیە)ی (٢٤) بەیتیشی هەیە بەناونیشانی (دروصف والی کردستان انشاشدە است). کەواتە هامشۆی (سالم) و لەپاڵ ئەمیشدا (کوردی)ی ئامۆزای بۆ (سنە) مەسەلەیەکی زۆر نۆرماڵ و ئاساییە.

دەمێنێتەوە سەر سەفەری سالم بۆ (تاران) و مەسەلەی گیران و زیندانیکردنی لەوێ، کە ئەمەشیان هەر لە زۆر شوێنی شیعرەکاندا بەدیار دەکەوێت و دەخوێندرێتەوە؛

- **ئیبتیدا بۆ (ڕەی) کە هاتم فیکری عەقلیم لێ نەکرد**
  **حەبسی (تارانم) گوناهی کاری بێ تەدبیرمە**

(دیوان: ٧٩٩)

- **لەگەڵ دڵ شەرطە سالم گەر نەجاتم بێ لە (تارانا)**
  **بەهەشت ئەر بێتە دەشتی (ڕەی) بە (تارانا) گوزەر ناکەم**

(دیوان: ٤٧٥)

- **خۆزگە دەمزانی لە (تارانا) نەجاتم کەی دەبێ**
  **کۆیی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر (ڕەی) دەبێ**

(دیوان: ٩٨٤)

تەنانەت لە سێ شیعرنامەشیدا کە بۆ (کوردی) نووسیویەتی، باس لەو مەسەلەی گیران و زیندانیبوونەی دەکات:

– له زیندانا که بێ هەمدەردم ئەمڕۆ
ئەسیری ناکەس و دڵ بەردم ئەمڕۆ
له دارولحوزنی دووریدا، صەبا بوو
گەیاندی نامەیی هەمفەردم ئەمڕۆ
لەپا گەر بەندە دەر، وازه له مەیلم
دڵم لاتە، زەبوون و زەردم ئەمڕۆ
.... تاد

(دیوان: ٧٣١)

– ئەی قیبلەیی مورادم، داخۆ به ڕۆزگاران
پرسیوته قەت لەهیچ کەس، حاڵی غەریبی (تاران)
بەو سوێندەکەی که خواردت، من هەرئەوەم که دیومت
حاشا بکەم فەرامۆش میثاق و عەهدی جاران
تا نەقشی خاطرم بی، خوڕڕەم بەهاری حوسنت
دەتکێ له هەوری چاوم، پەیوەسته تاوی باران
....تاد

(دیوان: ٥٠٢)

– طەریقی عیشقت ئەر ون کەم، تەریقی دەشتی مەحشەر بم
قیامەت نامەوێ جەننەت، بەبێ تۆ گەر موخەییەر بم
هەناسەی پڕ سۆزم، بەیادت گەر لەدەم ببڕێ
لەسۆزی فیرقەتا یاڕەب، سەراپا میثلی ئەخگەر بم
که شەیطانیش ستیزەم دا، خەیاڵی دانه قەت ناکەم
لەتاو دەردی جەفا، ئەم دەفعەیه لەم داوه گەر بەر بم
... تاد

(دیوان: ٤٣٢)

ئاماژەکان بۆ ئەوه دەچن که سالم له سەفەرێکیدا بۆ تاران، دووچاری حەپس و بەندکردن هاتبێت. بەڵام دوور نییه ئەم گیران و بەندبوونەی مەرامێکی سیاسی و تایبەتی له دواوه بووبێت لەلایەن

دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە. لەو بارەوە (نەوشیروان مستەفا) دەڵێت؛ سالم خوێندەوارێکی ڕۆشنبیر و زمانزان بووە، لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و ناسراویش بووە، دوور نییە مەحموود پاشا کەلکی لێ وەرگرتبێ ئەمیشی خستبێتە دەستەی نوێنەرایەتی خۆیەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی، هەر بەو بۆنەیەوە چووبێتە تاران (ئەمین، ١٩٩٨، ١٩٠).

لەگەڵ ئەوەی واپێدەچێت خانەوادەی سالم، بە تایبەت مەحموود بەگی فەرماندەی لەشکری بابان، لایەنگری باڵی (مەحموود پاشای کوڕی عەبدوڕەحمان پاشا) بووبن، لەململانەی دەسەڵات لە بەرابەر عەبدوڵڵا پاشای مامی و سلێمان پاشای برایدا، وا باویشە کە مەحموود پاشا زۆربەی کات پشتی بەئێران بەستووە. بەڵام سالم خۆی وەکو لە شیعرەکانیدا بەدیار دەکەوێت زۆر ڕقی لە ئێرانییەکان و زۆریش دژی شیعەگەریتی بووە، بە ئاشکرا هێرشیان دەکاتە سەر و بەناو و ناتۆرەی ناجۆر وەسفیان دەکات. بۆیە دوور نییە دەسەڵاتدارانی ئێرانی ئەم قسانەیان بیستبێتەوە و لە سەفەرێکیدا دەرفەتیان لێ سەندبێت و زیندانییان کردبێت. بەپەیوەندی لەگەڵ سەفەر و چوونی سالم بۆ تاران دەگوترێت (سالم) ئەم تێکستە شیعرە (١٠) بەیتییەی کە لەسەر شێوەی ماڵئاوایی نامەدا هۆنیوەتەوە دەستپێکەکەی بەم جۆرەیە:

**(الـوِداع) ئەی مـوڵکی (بابـان)، (الـوِداع)**
**(الـوِداع) ئـەی جـایی جانـان، (الـوِداع)**
**مـوستەعیددم بـۆ بـیلادی رافیضـی**
**(الـوِداع) ئـەی ئـەهلی ئیمـان (الـوِداع)**
**وەک ئەسیری تورکمان دەمبەن بەزۆر**
**(الـوِداع) ئەی شاهی خووبان (الـوِداع)**
.... تاد

(دیوان: ٣٩٨)

لێکۆڵەرانی شیعر و دیوانی سالم لەو باوەڕەدان کە دوابەدوای ڕووخانی میرایەتی بابان لەگەڵ خانەوادەکەیدا بەنابەدڵی سلێمانی جێ هێشتووە و بەرەو تاران ڕۆیشتوون، ئینجا ئەو تێکستەی بۆ ئەم کۆچ و

ڕەوە گوتــووە. کە لە تــارانیش زۆر ئــۆقرەی نەگرتــووە و دووبــارە گەڕاوەتەوە سلێمانی.

گوتمـان بنەمـاڵەی سـالم و سـەرخانەوادەکەیان، مەحمـوود بەگـی سـەر فەرمانــدەی لەشــکر، لەگەڵ بەشــێک لە عێــل و خـــانەوادە دەســەڵاتدارەکان لەکـاتی شـکان و کـۆچ و ڕەوی مەحمـوود پاشــادا بەناچاری ڕوویـان لە ئێران کردووە. تەنانەت مەحموود پاشـا لەنێوان حـوکمی پچڕپچـڕی بیسـت سـاڵەیدا لەنێـوان (١٨١٣ بـۆ ١٨٣٤) چەنـد جارێـک خـۆی و لایەنگرانـی ئـاوارە و دەربەدەری ئێـران بـوون، کە دوا جاریان لەساڵی (١٨٣١)دا بووە کاتێ لە سلێمانی ڕای کردووە و پەنـای بۆ والیی ئەردەڵان بردووە، هەزار خێزانی لە گەورە و مەزنەکانی بابـان لەگەڵدا بووە (بابانی، ١٣٦٦، ٧٤).

بـۆیە بەڕای ئـێمە سـالم لە یەکێک لەم کـۆچ و ڕەوە ئیجبارییـانەدا ئەم تێکســتەی گوتــووە. وەک لە دواتــردا باســی دەکەیــن، ڕەوتــی ڕووداوەکـان وا نیشــان دەدەن کە لەمــاوەی چەنـد ســاڵەی کۆتـایی حوکمڕانیی بابانەکان سـالم هەر لە سلێمانی بووبێت، خۆیشـی وەکو لە بەرهەمە شیعرییەکانی بەدیار دەکەوێت شاهێدی زیندووی زۆرێک لەو ڕووداوانە بووبێت.

وەکـو دەزانـدرێت ئـاخیر ڕووبەڕووبـوونەوە لەنێـوان بابانەکـان و هێزەکـانی دەوڵەتـی عوسـمانی لە سـاڵی (١٨٤٨)دا لە نـاوچەی (ئاسـکی کۆیە)[1] ڕووی داوە.

سـوپای بابـان بەفەرماندەیی (ئەحـمەد پاشـا) دوا میری بابانەکـان لەلایەک سوپای عوسمانی بەفەرماندەیی (نەجیب پاشـای) والیی بەغدا، کەوا عەبدوڵلا پاشـای بـرای ئەحـمەد پاشـایش هاوکـار و هـاوڕێی والـی بـووە لەم هێـرش و پەلامـارەدا. وەکـو هەمـوو سـەرچاوەکانی مێژووی

(١) لە ئێستادا (ئاسکی کۆیە) گوندێکی (٢٠ – ٣٠) ماڵییە و کەوتۆتە ٢٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی کۆیە لەبناری زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتانەوەیە.

بابان باسی دەکەن، سوپای بابانی لەگەڵ شانسی سەرکەوتنیشی زۆر بووە، بەڵام بەبێ هیچ شەڕ و پێکدادانێک، لەئاکامی ڕووداوێکدا کە شەوێک لە ڕیزەکانی سوپای ئەحمەد پاشادا دەقەومێ، سوپاکەی لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و سەربازەکانی هەموو ڕادەکەن و مەیدانی شەڕەکە جێ دەهێڵن[1]. ئەحمەد پاشایش هەر ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە بۆ سلێمانی پاشەکشێ بکات و لەوێ بەپەلە ماڵ و خێزان و کەسوکارەکەی دەرباز بکات و ڕووەو ئێران شار جێ بهێڵێت (ئەمین، ١٩٩٨، ١٦٥). دواتر سوپای عوسمانی بێ شەڕوپێکدادان دەڕژێتە شارەوە و نەجیب پاشا، عەبدوڵلا پاشای برای ئەحمەد پاشا وەکو دەسەڵاتداری تازە بەناونیشانی (قایمقام) لە سلێمانی دادەمەزرێنێت[2].

هەندێک لە لێکۆڵەرانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی بەدوای ڕوونکردنەوەی بۆنە و مناسەبەتی گوتنی هەندێ لە تێکستەکاندان، لەو

---

[1] ئەمە حاڵی ئەو لەشکر و سوپایە بوو کە زۆر لە مێژوونووسانی خۆمانە و بێگانەش وەسف و تاریفیان کردووە. کە گوایە ئەحمەد پاشا خاوەن سوپایەکی مۆدێرن و مەشق پێکراو و بەهێز بووە و، مامۆستا و ڕاهێنەریان لە فەرەنگستانەوە هێناوە بۆ ئەوەی لەسەر هونەرەکانی جەنگ و بەرەنگاری مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکات. هەروەها سوپاکە پشت ئەستوور بووە بەچەک و چۆڵەی پێشکەوتوو، وەک هێزی تۆپخانە و چەکی دیکە. تەنانەت نالی لە پارچە شیعرێکی ڕەنگیندا زۆری بە شان و باڵی ئەو سوپایەدا هەڵگوتووە:

**ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن**

کەچی لە هەلومەرجێکی چارەنووس سازدا، وەکو کای بەردەم ڕەشەبا، ئەم سوپایە بەناو مومتازە لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و سەربازەکانی کەس نابێت بەبرای کەس!.

[2] ئەم مەسەلەی پلەوپایە و ناونیشانی (قایمقام)ە کە دواتر وەک دەڵێن گۆڕاوە بۆ (موتەسەڕیف)، زیاتر پەیوەندی بەسیستەمی ئیداری دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبووە، کە دوابەدوای پێڕەوکردنی سیستەمی تەنزیمات و نوێکردنەوە سیستەمی ئیدارەی دەوڵەت لەدوای (١٨٤٠)ەوە لە ناوچە و ویلایەتەکاندا پیادەکراوە. واتە پەیوەندی بەکەمکردنەوەی پایە و دەسەڵاتی عەبدوڵلا پاشاوە نییە.

باوەڕەدان کە (سالم) ئەم پارچە تێکستە (٨) بەیتییەی بۆ ئاوارەبوون و دەربەدەری (ئەحمەد پاشای بابان) گوتبێت؛ بگەڕێوە بۆ (دیوان، ٢٦٥)، هەروەها (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ب٣، ١٤٤)، کەوا بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**نەمـا ڕەنگـم بەبـێ دیـداری ئەحـمەد**
**چ دڵ تەنگم، بەبێ ڕوخساری ئەحمەد**
**سـەری پڕ شۆڕشـم سـەودایی هیجران**
**دووچـاوم تـا سـەحەر بێداری ئەحـمەد**
**دەبارێ ئەشکی خوێن گوڵ گوڵ لەچاوم**
**وەکـو لەعلی لەبی گوڵنـاری ئەحمەد**

.... تاد

دیوان: ٢٦٥)

حوکمڕانی عەبدوڵلا پاشا لە سلێمانی و دەوروبەری نزیکەی دوو ساڵی خایاندووە و هەر بە درێژە کێشانەوەی دەسەڵات و میرایەتی بابانەکان دەژمێردرێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو سیستەمە ئیدارییە تازەیە کە لە ناوچەکانی ئیمپراتۆریەت پەیڕەو کراوە دەشێ سنوور و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی عەبدوڵلا پاشایش گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت.

سالم دۆستی نزیکی عەبدوڵلا پاشا بووە، لە قەسیدەیەکدا بەچەندین وەسف و سیفاتی جەنگاوەری و دەوڵەتمەداری و قارەمانێتی وەسفی دەکات، هەروەها بەمیراتگری موڵکی بابانی زانیوە، بۆیە بەهاتنی عەبدوڵلا پاشا و ڕۆیشتنی ئەحمەد پاشا لە سلێمانیدا هیچ ئینقیلاب و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ڕووی نەداوە تا ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سالم سلێمانی جێ بهێڵێت[1].

---

[1] بەشێک لە نووسەر و مێژوونووسانی کورد، هێرش دەکەنە سەر ئەم عەبدوڵلا پاشایەی کوڕی سلێمان پاشا و برای ئەحمەد پاشا، بەناپاک و دەسکەلای داگیرکەر وەسفی دەکەن، باشە ئەگەر بپرسین و بڵێین ئاخۆ عەبدوڵلا پاشا چ کەتنێکی کردووە کە ئەوانی دیکەی پێشەخۆی لە دەسەڵاتدارانی بابان

سالی (١٨٥٠) نامیق پاشای والیی تازەی بەغدا (١٨٤٩) عەبدوڵلا پاشا بانگهێشتی بەغدا دەکات، لەوێ دەستبەسەری دەکات و ڕەوانەی ئەستەمبۆڵی دەکات، لە جێگای ئەودا قایمقامێکی تورک بەناوی (ئیسماعیل بەگ)، هەر لەو ساڵەدا (واتە ١٨٥٠) بە دەسەڵاتداری سلێمانی دادەمەزرێنێت. لە ڕاستیدا ئەم ئاڵوگۆڕەیە کە دەبێت بەمایەی کۆتاییهێنانی یەکجارەکی بە دەسەڵاتی بابانەکان و پێچانەوەی دام و دەزگای میرایەتی. واتە لێرەوە پەردە لەڕووی سەردەمێک لە مێژووی کورد دادەرێتەوە و سەردەمێکی تازە دەست پێدەکات. ئەم ئاڵوگۆڕەش وەک بینیمان بێ شەڕ و شۆڕ و پێکدادان جێبەجێ کراوە. دەشێ قایمقام و دەسەڵاتی تازە هەندێ لە پیاوە ناودار و دەسەڵات بەدەستەکانی بابانەکانی لەوێنەی (عەزیز بەگی بابان و مەحموود بەگی فەرماندەی سوپا و میری سووررداش و کوێ و کوێی) لەسەر کار لادابێت و لە شوێنیاندا دەست و پەیوەندی خۆیان دانابێت، بەڵام وەکو ڕووداوەکان لە سەردەمی شۆڕشی عەزیز بەگدا بەدیاریان خستووە، بەشێکی زۆر لە سوپای کۆنی بابان و فەرماندەکان و کوڕە میر و بەگزادەکانی بابان پشتیوانییان لە دەسەڵاتی تازە و لە ئیسماعیل بەگی قایمقامی تورک لە سلێمانیدا کردووە.

---

نەیانکردبێت؟ ئایا مەسەلەی کلک گرێدان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕۆم و عەجەم لە بەغدا و کرماشان و تاران، یا بوون بە کەواسووری بەرلەشکری داگیرکەران بۆ سەر سلێمانی لەپێناوی دەسەڵات پیشەی هەر هەموویان نەبووە؟ لەگەڵ هەموو نەفرەت و ناڕەزاییەکمان لەم ئاکار و ڕەفتارە بەڵام بۆ هەر تەنیا لە ئاست عەبدوڵلا پاشا؟ یاوەکو کورد گوتوویەتی بۆ ئەوانی تر عادەتە بەڵام بۆ ئەم عیبرەتە!.

**شۆڕشی عەزیز بەگ و شەڕی بابان و عوسمانی:**

لە دوای پێچانەوەی ئالای میرایەتی بابان و جێگیربوونی دەسەلاتی تورک وەک لەپێشەوە ئاماژەی بۆکرا، کۆنە دەسەلاتدارانی پێشوو لە میر و بەگزادە و فەرماندەکان لەناو خۆیاندا دەبن بە دوو بەرە، بەرەیەک دەبنەوە بە بەشێک لە دەسەلاتی تازە و پشتیوانی لە حاکمی تورک دەکەن، بەشێکیشیان دەبن بە نەیار و لەدەوری عەزیز بەگی بابان (کوڕی ئاوڕەحمان پاشا و برای سلێمان پاشا و مامی هەریەک لە ئەحمەد پاشا و عەبدوڵلا پاشا)دا کۆدەبنەوە. عەزیز بەگ لە ڕۆژگاری حوکمڕانی عەبدوڵلا پاشادا (١٨٤٧ – ١٨٥٠) میری بازیان بووە. بەڵام سەر بۆ قایمقامی تازەی تورک دانانەوێنێت و شۆڕشێک لەدژی دەسەلاتی تورک هەڵدەگیرسێنێت. هێزێکی زۆر لە ناڕازییەکان لەوێنەی مەحموود بەگی مامی سالم و هەندێک لە ئاغا و گەورەکانی ناوچەی سووورداش و هەمەوەند و شوێنەکانی تر یەک دەگرن و لەدەوری عەزیز بەگدا کۆ دەبنەوە. دەبن بەهەڕەشە بۆ سەر سلێمانی و بۆ سەر دەسەلاتی ئیسماعیل پاشای حاکمی تورک. ماوەیەک ئابلۆقەی سلێمانی دەدەن. عەزیز بەگ لەچاوی هەوادارانی دەسەلاتی پێشوو و حوکمڕانیی لەدەستچووی بابانەکان، وەکو فریاد ڕەس و قارەمانێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ سەیر دەکرێت. هەر لەو میانەدایە کە (سالم)ی دانیشتووی شار و چەوساوەی ژێر چەپۆکی دەسەلاتی داگیرکەری تورک، قەسیدەیەکی زۆر بەسۆز لە ستایش و وەسفی قارەمانێتی عەزیز بەگدا دەهۆنێتەوە:

**دەکا دونیایی پڕ شۆڕش، بەدایم فیتنەها پەیدا**
**بە نەیرەنگ و فسوونی ئەو، لە هەر سوویێ وەغا پەیدا**
**عەجەب ماخولیایێ بۆ دڵی دونیا موسەللەط بوو**
**لەسەودای موقتەضای طەبعی، بەموختەص، ماجەرا پەیدا**
**تەماشای جەوری کەن، دونیا چ ظولمێکی لە خوسرەو کرد**
**نە بۆ تاجی نیشانێ ما، نە بۆ تەختی نیا پەیدا**

له وەسفی دەستوەشێنی و ئازایەتی و سوارچاکیی عەزیز بەگدا دەڵێت:

**- پەنـاهم شەهسـەوارێکە، گوزەرکـا گەر بە ئەلبـورزا**
**دەکـا ضـەربی سـمی ئەسـپی لە خـارا تووتیـا پەیـدا**
**- بە حوججەت نێزە گەر لێ دا، سیپەر وەک کاغەزی قەندە**
**بەهەر وەضـعێ لەگەڵ بـازوویی ئەو حـوکمی قەضـا پەیـدا**
**- لەمەیدانا بە ڕەسمی رەزم، ئەگەر مەرکەب بدا جەولان**
**لە نـاڵەی گـاو و مـاهی، دێ لە ژێـر خاکـا صـەدا پەیـدا**

تا دەڵێت:

**خودایە! موڵکی بابان بێ رەواج و قەڵبە، سا لوتفێ**
**بەئیکسیری وجوودی ئەو بکا وەک موو بەها پەیدا**

(دیوان: ٦٣ – ٧٣)

هێـزی عەزیـز بەگ خۆیـان بـۆ هێـرش و پەلامـاردانی شـار و ڕزگارکردنی سلێمانی ئامادە دەکەن. دواجار ئەم بەرەیەی بابانییەکان کە لە ناو شار و لەگەڵ ئیسماعیل پاشادان پەنا بۆ فێڵ و تەڵەکە دەبەن، نـامە بـۆ عەزیـز بەگ دەنووسـن کە لەکـاتی هێـرش و پەلامـاری شۆڕشـگێڕان بـۆ سـەر سـلێمانی ئەمـان لە نـاوەوە ڕا هاوکـار و هەمـاهەنگی ئەوان دەبـن تـا ئەوەی شـار بگـرنەوە و حـاکمی تـورک دەرپەڕێـنن! بەڵام کاتێـک عەزیـز بەگ و هێـزەکەی دەڕژێـنە نێوشـار ئەمانیش لەدژیدا دەکەونە جەنگ و لەناو کووچە و کۆڵانەکانی شاردا لایەنگرانی عەزیز بەگ تۆپباران دەکەن. بەمە هێزەکەی عەزیز بەگ و شۆڕشگێڕەکان شپرزە دەبن و ژمارەیەکی زۆری کوژراو و بریندارییان لێ دەکەوێتەوە، زۆریشیان بەدیلی دەکەونە دەستی هێزەکانی تورک. ئەم شـەڕە لە مێژووی سیاسیدا بە (شـەڕی بابـان و عوسـمانییەکان) یاخود (جەنگی عەزیز بەگی بابان) ناودارە، سالم لە قەسیدەیەکی زۆر بەرز و نـاوازە و شـاکاردا، کە شـان لە شـانی (داسـتانی تەروادە)ی

هـــۆمیرۆس دەدات، وردەکـــاری و ڕووداوەکـــانی ئەو شـــەڕەی لە پەردەیەکـی پانۆرامـایی زینـدوودا بەرجەسـتە کـردووە. ناونیشـانی قەسـیدەکە لەو دیـوانە دەسـتخەتەی کە بـۆ سـالم نووسـراوەتەوە بەم جۆرەیە: (رزم عزیز بیگ بابان با اسماعیل پاشای رومی/ واتە شـەڕی عەزیز بەگی بابانی لەگەڵ ئیسماعیل پاشای ڕۆمی)، کەواتە ئەم شـەڕە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە ڕووخـانی میرایەتـی و کۆتـایی دەسـەڵاتی بابانەکانەوە نییە، چونکە دەمێک بوو لە سلێمانی دەسەڵاتی تورک لە ئارادا بوو. ڕاستە شـەڕەکە لەپێناوی گێڕانەوەی دەسـەڵات و میرایەتی بابـان بـووە، بەڵام لەوە تێناپەڕێت کە هەوڵێک بـووە لەم پێنـاوەدا و لە سـاڵی (١٨٥١)دا ڕووی داوە. واتە لە مێژوویەکـی دواتـر لە نەمـانی دەسـەڵاتی بابـانی. بەڵام ئەوەی زیـاتر ئەو بۆچوونەی برەو پێداوە، کە گوایە شـەڕی کۆتاییهێنـان بەدەسـەڵاتی بابانەکـان بـووە، ئەم ناونیشـانە خەڵەتێنەرەیە بۆ قەسیدەکە کە لە هەندێ لە سـەرچاوەکاندا هـاتووە. بە نمـوونە لە سـەرچاوەیەکدا ناونیشـانی ئەم قەسـیدەیە وا هـاتووە: ذکـر محاربەی میر جلیل الشـان عزیـز بک بابـان باطائفەء رومـی سنە ١٢٦٦ وتسـخیر ولایت بابـان بدست رومـی والملک پاشـا/ واتە: باسـی شـەڕی میـری پایە بەرز عەزیـز بەگـی بابـان لەگەڵ تیرەی ڕۆمـی سـاڵی ١٢٦٦ (١٨٤٩ – ١٨٥٠)و داگیرکردنی ویلایەتی بابان بەدەستی ڕۆمی و مەلیک پاشـا. لە ڕاسـتیدا ویلایەتـی بابـان دەمێک بـوو داگیرکرابوو، دەسـەڵاتی ڕۆمی بەسەریدا زاڵ بوو، بەڵام نەک لە ئاکامی ئەم شەڕەدا.

لەو سـەردەمەدا و لە ئەنجـامی ڕێککەوتنەکـانی نێـوان هەردوو دەوڵەتـی عوسمانی و ئێرانـی، بەتـایبەتیش سـەبارەت بەکێشـەی نـاوچە سـنوورییەکان، هـیچ مەجـالێکی منـاوەرە لەبەردەم عەزیـز بەگ و هاوڕێکانیـدا نەمـابوویەوە، دەنـا دوور نەبـوو ئەوانـیش وەکـو پیشـەی پێشـینەکانیان هانایـان بـۆ هێـزی ئێرانـی ببـردایە، بـۆیە بەناچـاری سـەرکردەکانی لەوانە هەر یەک لە عەزیـز بەگ و مەحمـوود بەگـی صـاحێبقڕان خۆیـان ڕادەسـتی دەسـەڵاتی عوسـمانی کـردۆتەوە. بـۆ

وردەکاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ؛ (دیوان: ٥٢٢ – ٥٤٩) سالم لە ڕۆژگاری ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینەی عەزیز بەگی بابان لە ساڵی (١٨٥١)دا هەر لە سلێمانی بووە، بەچاوی خۆی شاهێدی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە بۆیە وا بەشێوەیەکی گشتگیر و ورد و زیندوو وێنەیان دەکێشێت.

دوابەدوای ئەم ناکامی و نەهامەتییانە کارەساتی پەرێشانیی بابانەکان و دەستە و دایەرەکانیان (ڕەعیەتی بابان)، دەست پێدەکەن. سالم لەدوای کوژانەوەی دوا ترووسکایی ئومێد و ئاواتەکانی لەم قۆناغەدا، کە لە شۆڕشەکەی عەزیز بەگی بابان و هاوکاران و لایەنگرانی بەدی دەکرد، بەشێوەیەکی زۆر تراجیدی ئامێز وەسفی پەرێشانیی حاڵ و بارودۆخی بابانەکانمان بۆ دەکات، لەڕێگەی قەسیدەیەکی زۆر بەرز و داستان ئامێزی (٤٨) بەیتیدا، کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**بەدا ئەحواڵی ئەشخاصێ کە خاصەی موڵکی بابانن**
**لەبێ دادیی فەلەک هەریەک سەراسیمە و هەراسانن**
**جەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لەبێ چیزی**
**لەژێر باری غەما هەریەک، لەخەمدا میثلی چەوگانن**
**لە بابانا گرفتارن، پەرێشان خاطر و بێ کەس**
**بەجەمعییەت سیەهبەختانە وەک گێسوویی خووبانن**
.... تاد

(دیوان: ٥٧٦)

وا پێدەچێت، ئەم قەسیدەیە، لەژێر ڕۆشنایی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەدا، لەساڵی (١٨٥١)دا هۆنرابێتەوە (بۆ شەرح و لێکدانەوەی زیاتری قەسیدەکە بگەڕێوە بۆ ئەو باسەی پێشوومان: (لە پەراوێزی دوو قەسیدەی سالمدا).

– ساڵی ١٨٥٣ (نالی) لە شامەوە قەسیدەنامەکەی؛ قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور، بۆ سالم لە سلێمانی ڕەوانە دەکات. زۆر بەدڵنیاییيەوە دەتوانین بڵێین (نالی) لە (ئەوزاعی سلێمانی)

و زوڵم و زۆری دەسەڵاتی تورک و فەزای ئاڵۆزی مەملەکەت بێ ئاگا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدێکی بەوە هەبووە، هات و تۆزقاڵێک دەرەتانی ژیان و گوزەرانێکی ئاسوودە بۆ بابایەکی وەکو ئەو لەئارادا مابێت، ئەوە پێی خۆشە بگەڕێتەوە ئامێزی خاک و وڵات و زێد و نیشتیمانی خۆی. بەڵام سالم بەوردی وەزعەکەی بۆ شی دەکاتەوە، وەڵامی سەرلەبەری پرسەکان و هەلومەرج و بارودۆخەکەی بۆ دەخاتە ڕوو:

**- میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێند تەنگ بووە**
**دوودی هەناسەی سەحەرم هەوری گرتەبەر**

**- لەوساوە حاکمی بەستەم، دەربەدەرکرا**
**نەیدیوە کەس لەچیهرەیی کەس جەوهەری هونەر**

**- زستانی ئەووەلین بوو دڕا بەرگی (شێخەباس)**
**ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخصیش دەخا ضەرەر**

**- شەهرێکە پڕ لە ظولم و مەکانێکە پڕ لە شین**
**جاییێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ**

**- تو خوا بڵێ بە حەضرەتی (نالی) دەخیلی بم**
**بەم نەوعە قەد نەکا بە سولەیمانیا گوزەر**
**ئەم موڵکە نەظمی نابێ بەبێ ضەبطی واریثی**
**بێ ئەو، بەقەصدی ئەم طەرەفە، با نەکا سەفەر**
**(سالم) صیفەت لە بێ کەسییا با نەبێ هیلاک**
**من کردم، ئەو نەکا لەغەما خوێنی خۆی هەدەر**

(دیوان: ٣٣٠ – ٣٤٠)

کەوابێت سالم لەم هەلومەرجە سەخت و دژوار و ناهەموارانەدا هەر لە سلێمانی بووە و جێی نەهێشتووە، ئەو پیاوێکی دڵسۆزی خاک و مەملەکەت بووە، ئازا و بەجەرگ بووە، بێ باکانە خوێنی خۆیشی لەسەر لەپی دەستی داناوە و خستوویەتییە ڕێگای خەباتی هات و نەهاتەوە. بەڵام لەم سەریشەوە ڕووی قسە و گوتاری لە هاوڕێ ئاوارەکەیەتی؛ مـن کردم تۆ مەیکە، لەم بارودۆخەدا مەسڵەحەت وایە بەم ناوەدا نەیەیتەوە!.

ساڵی (١٨٥٤) دەنگۆی گەڕانەوەی عەبدوڵلا پاشای بابان، دوا دەسەڵاتداری بابانی لە سلێمانی و، هاوڕێ و دۆستی دێرین و گیانی بەگیانی سالم بڵاودەبێتەوە، کەوا (حاکمی مەنفی بەئەمری صەدر و سوڵتان)، ڕێگەی پێدراوە بگەڕێتەوە بۆ سەر (موڵکی مەوروثی) بابان لە سلێمانی. سالم ئەم موژدانەیەی لە قەسیدەیەکی ستایشنامەدا بەرجەستە کردووە بەناونیشانی؛ (تهنیه ای مرخص شدن عبدالله پاشای بابان از قسطنطین وآمدنش به عراق بغداد/ واتە؛ موژدەی ڕێگە پێدانی گەڕانەوەی عەبدوڵلا پاشای بابان لە قوستەنتینەوە و هاتنەوەی بۆ عێراق و بەغدا). ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم قەسیدەیەی سالم بدەین و دەست لەسەر ویژدانی خۆمان دابنێین، ئەوسا حوکم بەسەر ڕووداوەکاندا بدەین، بەچاکی بۆمان خۆیا دەبێت کە یەکێکی لەوێنەی عەبدوڵلا پاشا، کە سالم وەکو قارەمانێکی مێژوویی و ڕەمز و سیمبۆڵی هەموو شانوشکۆی بنەماڵەی بابان و میرنشینەکەشیان وێنای دەکات، هـی ئەمەیە مێژوو بە ناپاک و وڵاتفرۆش وەسفی بکات؟ وەک ئەوەی هەندێک لە مامۆستایان و یەکێکی وەکو محەمەد مستەفا حەمە بۆریش لەم سەر تا ئەوسەری (دیوانی کوردی)دا کردوویەتی!؟. ئێمە مێژوو نانووسینەوە، بۆیە زۆریش لەسەر ئەم مەسەلانە ناڕۆین، بەڵام بەهەقی خۆمانی دەزانین داکۆکی لە بۆچوونی هەق بکەین!. تا ئێستا لە دنیای ئەدەبیاتی عەرەب و عەجەمدا قەسیدەیەکی زیندەگی نامەی ئازایەتی و ستایشنامەی لەو جۆرەی کە سالم بە عەبدوڵلا پاشای دا هەڵگوتووە،

نابیندرێت. نه (موتەننەبی) بەو جۆره ستایشی (سیف الدولەی حەمدانی) کردووه و نەشاعیرانی ئێران زەمین له نموونەی (ئەنوەری و عونصری و فەرخی یەزدی...) له وەسفی سوڵتانەکانی سامانی و غەزنەویدا گوتوویانه. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم ئاواتەی سالم نەهاتۆتەدی و رێگه به عەبدوڵلا پاشا، (چراغی دوودمانی ئەهلی بابان) نەدراوه که بگەڕێتەوه بۆ مەڵبەند، بەڵام ئەمەیان هیچ له بایەخ و شکۆی عەبدوڵلا پاشا و له نرخ و بەرزیی قەسیدەکه کەم ناکاتەوه. خۆشەویستی خاک و وڵات و رەمز و سیمبۆلەکانی له رەگ و دەمارەکانی سالمدا گەڕاوه:

- **لازیمەی دینه لەسەر ئەهلی خیرەد، عیززەتی خاک**
  **(که عیون است و جفون است و قدود است و خدود)**

(دیوان: ٢٦٢)

له دوای ئەمەوه واته له دوای ساڵی (١٨٥٤) بەدواوه ڕووداوی گرینگ له مێژووی سلێمانیدا ڕووی نەداوه، گوایه (کوردی) بەسەردان چۆته لای (ئەحمەد پاشا) له ئەستەمبۆڵ، بەڵام سالم هەر له سلێمانیدا ماوەتەوه لەم کونجی خەمخانەیەدا بەناچاری هەڵی کردووه.

ئەوەتا زمانی حاڵی ئەوه ڕایدەگەیەنێت:

**دەوری ئەم قەڕنه لەسەر من به ستەم هات و گوزەشت**
**ساڵ و مەهـ ، هەرچی حەیاتم بوو، به غەم هات و گوزەشت**
**لەنگەری طایری دەوڵەت لەسەرم طووڵی نەبوو**
**وەکو هەورێ که بخا سایه، به هەم هات و گوزەشت**
**قافلەی عومری گرانمایه لەئیقلیمی وجوود**
**چەنده چاڵاک و سەبوکڕەو، بەعەدەم هات و گوزەشت**
....... تاد

(دیوان: ١٩٣)

سالم له ڕۆژگاری حوکمڕانی و دەسەڵاتی بابانەکاندا کارو ئەرکی میریشی پێ سپێردراوه. وەکو باڵیۆز و نمایندەی میرایەتی، ماوەیەک له شیوەکەڵ و ماوەیەک له قزڵجه و ماوەیەک لەلای سەرۆکەکانی عێلی

جاف ماوەتەوە. هەروەها (کوردی)ي ئامۆزایشی بەهەمان شێوە لەم شوێنانەدا بەڕێوەبەریتی کردووە. مەسەلەی چوونیشی بۆ شاری (حیللە) وەکو لەم شیعرەیدا بەدیار دەکەوێت:

**حەسرەتا دڵ غافلە، نازانێ قیسمەت چی دەکا**

**ئەمڕۆ ئێرەم بوو بە مەسکەن، ئاخۆ فەردا کوێم دەبا**

(دیوان: ٤٣)

بەقسەی نەجمەدین مەلا بێت گوایە دوابەدوای ڕووخانی ئەمارەت سالم نەفی کراوە بۆ شاری (حیللە) و هەر لەوێش مردووە (مینای شکستە)، بەڵام د. مارف دەڵێ بە وەزیفەی میری ویستوویانە دووری بخەنەوە بۆیە گواستوویانەتەوە بۆ (حیللە) و ماوەیەکی لەوێ بەسەر بردووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ب٣، ١٣٥). لەو باس و بابەتەی بە دەلیل و بەڵگەی ڕوون هێناومانەتەوە ئەوە نیشان دەدات کە سالم لەو ساڵانەی ئاڵوگۆڕە گەورەکانی بەخۆیەوە دیوە، چ لەکاتی ڕووخانی میرنشین و چ لەدوای ڕووخانیشی هەر لە سلێمانی بووە و وڵاتی بەجێ نەهێشتووە. ئەم مەسەلە و دەنگۆیەی کە پێی وایە سالم دوابەدوای ڕووخانی میرایەتی بابان بەرەو سنە و تارانی ئێران هەڵاتووە و دواتر ئۆقرەی نەگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی (بڕوانە؛ دیوان، ب١، ن)، هەواڵێکی بێ بەڵگە و بێ بنەمایە.

هەوڵێکی دیکەی جێ متمانە و دڵنیابەخش ئەوەیە کە بۆ ساڵی (١٨٦٢) دەگەڕێتەوە. نووسەرێک لەسەر خواست و داوا و لەژێر چاودێری سالم خۆیدا دانەیەکی لە دیوانی شیعرەکانی بەدەستوخەتێکی نەخشین و ڕازاوە و جوان بۆ دەنووسێتەوە و ئامادە دەکات، کە دیوانە چاپکراوەکەی ئێستا (٢٠١٥ی بنکەی ژین)، لەسەر بناغەی ئەو دیوانە دەستنووسەدا ئامادەکراوە.

سەبارەت بە مەسەلەی کۆچکردنیشی لە هەموو سەرچاوەکاندا (جگە لە مێژووی ئەدەبی کوردی/ سەجادی)، هەر پشت بەو مێژووە دەبەسترێت کە لە چاپی یەکەمی دیوانەکەیدا جێگیر کراوە و بەرابەر بە

ساڵی (١٨٦٩)ی زاینییە. ئینجا هەر لەو شوێنەشدا هاتووە؛ وەکو ئەڵێن سالم لە سلێمانی وەفاتی کردووە و لای قەبری مصطفی بەگی کوردی نێـژراوە. (سـالم، ١٩٣٣، د). لەو بـارەوە مسـتەفا حەمەبـۆر دەڵـێ؛ لە سـەرەتای سـییەکانەوە گۆڕەکـانی کـوردی و سـالمم لەگـردی سـەیوان پێزانیوە، چەند جارێک هەوڵم داوە بۆ هەڵنان و ڕێکخستنیان، بەڵام بۆم نەچۆتە سەر، تاکو لەم ساڵانەی دوایی (١٩٩٨) کارەکە جێبەجێ دەبێت (حەمەبۆر، ٢٠١٠، ب١، ٢٤)[١] .

[١] شتی سەیر و عەنتیکە لەوەدایە، ڕەحمەتی (محەمەد مستەفا حەمەبۆر) لەدرێژەی هێرش و پەلامارە ناڕەواکانی بۆ سەر (عەبدوڵلا پاشای بابان/ حاکمی سلێمانی لە ١٨٤٩ – ١٨٥٠)دا، کە لە هەنـدێ جێگـادا ئەویـش تەبـای خەڵکـانی دیـکە!، لەگەڵ عەبـدوڵلا پاشـای مـامی مەحمـوود پاشـادا لێـی تـێکەڵاو دەبێت، هەر لەسـەرەتای دیوانی کوردیدا تا کۆتایی لە چەند شـوێندا بەوە گوناهبـاری دەکات، کەوا لەکاتی دەسـتبەکاربوونی وەکـو قائمقـام، هەم شـیعر و دیـوانی کـوردی فەوتانـدووە و سـووتاندووە!؟، هەمـیش (گۆڕەکـانی کـوردی و سـالم و ئەحـمەد بەگـی گەورەی بـاپیرانی تێکـداوە...). لە کاتێکـدا کە عەبـدوڵلا پاشـا بە دەستبەسـەری لە سـاڵی (١٨٥١)دا لە بەغداوە ڕەوانەی ئەستەمبۆل دەکرێت و ئیتر سلێمانی بەچاوی خۆی نـابینێتەوە. هەم کـوردی و هەم سـالمیش هێشـتا لە ژیانـدابوون" ئـاخر ئەو خـۆی سـەلماندوویەتی کە کـوردی لە سـاڵی (١٨٥٩)دا و سـالمیش (١٨٦٩)دا کۆچیـان کردووە! ئیتر گۆڕ تێکدانی چی و چۆن!؟ (هەر ئەو سەرچاوەیە، ٢٤).

## لیستی سەرچاوەکان


١- ئەحـــمەد، د. کەمـــال مەزهەر، ١٩٧٨، تێگەیشـــتنی ڕاســـتی و شـــوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢- بابان، جەمال، ٢٠١٢، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، چ٢، ب٤. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣- بابانی، عبدالقادر ابن رستم، ١٣٦٦، تاریخ وجغرافیای کردستان موسوم بە: سیر الاکراد، بە اهتمام؛ محمد رئوف توکلی، تهران.

٤- پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٥، گۆڤاری کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥- چاپخانەی کوردستان، ١٩٧٢، دیوانی سالم، چاپی دووەم، هەولێر.

٦- حەمەبۆر، محەمەد مستەفا، ٢٠١٠، دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٧- حیلمی، ڕەفیق، ١٩٨٨، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، مطبعة التعلیم العالي/ اربیل.

٨- خەزنەدار، د. مارف، ١٩٨٤، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة، بەغدا.

٩- خەزنەدار، د. مارف، ٢٠٠٣، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٠- دیوانی سالم، ١٩٣٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی ایتام، بەغدا.

١١- دیوانی سالم، ٢٠١٥، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و ئەوانی تر، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٢- زەنگەنە، عەبدوڵلا، ٢٠٠٥، ڕۆژی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٣- زکي، محمد امین، ١٩٦١، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان، ج١، ترجمة: محمد علي عوني، ط٢، مطبعة صلاح الدین – بغداد.

١٤- ساڵح، ڕەفیق، ٢٠٠١، دیاری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٥- ساڵح، ڕەفیق، ٢٠٠٥، تاریخی سلێمانی وە وەڵاتی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٦- ساڵح، ڕەفیق و صدیق ساڵح، ٢٠٠٧، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٧- سـجادی، علاءالـدین، ١٩٧١، مێـژوی ئەدەبـی کـوردی، چـاپی دووەم، چاپخانەی معارف – بەغداد.
١٨- صالح، رفیق، ٢٠٠٥، مشاهیر الكرد وكردستان، محمد امین زكی، بنکەی ژین، سلێمانی.
١٩- فەیضی بەگ، ئەمین، ١٩٨٣، ئەنجومەنی ئەدیبان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغداد.
٢٠- مامۆستا خالید، عبدالخالد صابر، ٢٠١٠، شـەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی، چ٢، چاپخانەی گرین گلوری – بەیروت.
٢١- محەمەد، کەمال رەئووف، ٢٠٠٤، ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، جزمی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

# هەندێ لایەنی هونەری
# لە شیعری سالمدا

شیعر خۆی هونەرە، هونەرێکی زمانی و جوانکاری و ئەدەبییە. دەشێ لەلایەن و گۆشەنیگای جیاوازەوە، بەپێی پرۆگرام و میتۆدی تایبەت بخرێتە ژێر مەودای باس و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە. لە ڕۆژگاری ئێستادا یەکێتی ئۆرگانێکی ڕوخسار و ناوەرۆک کە خۆی لە (بنیات)دا دەدۆزێتەوە و لە ئاستەکانی لێکۆڵینەوە لەهەریەک لە زمان و شێوازی شیعری، کێش و ڕیتم و مۆسیقای شیعری، وێنە و خەیاڵ و ئەندێشە، واتا و دەلالەتی شیعری پێکدێت، بۆتە میتۆدی باو و مۆدیلی توێژینەوە سەبارەت بەڕەهەندە جیاوازەکانی شیعر، جا ئەم شیعرە سەر بە هەر ڕێبازێک و قوتابخانەیەکی ئەدەبی بێت.

سەبارەت بە شیعر و بەرهەمی سالم. دەشێ بەهەمان پرۆگرام و میتۆدی زانستی و ئەکادیمی، بەشێوەیەکی سیستەماتیک توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی فراوانی لەبارەوە بکرێت. ئەمە کارێکی ئەکادیمی و پسپۆڕییە و لەئاست کۆ بەرهەمی شیعریی شاعیرێکی لەوێنەی سالمدا پێویستی بەکار و کات و پشوو درێژی و خۆ تەرخانکردنەوە هەیە. ئینجا دەشێ وەک ئێمە پێشنیازمان کردووە، کارەکە بکرێتە چەند بەش و بابەتی جیاواز و سەربەخۆ. لە وێنەی؛ سالم و هونەری شیعریی غەزەل، قەسیدە سەرایی لە بەرهەمی شیعریی سالمدا، لایەنی هونەری شیعریی داشۆرین لە بەرهەمی سالمدا... تاد. دەکرێ هەر کام لەم لایەنانە و لایەنی دیکەش، وەکو کارێکی سەربەخۆ لەڕووی پێکهاتە و بنیاتی هونەرییەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. لەم دەرفەتەی کە لێرەدا لەبەر دەستی ئێمەدایە ئێمە هیچ کام لەم پرۆگرامانە جێبەجێ ناکەین، بەڵکو جێی دەهێڵین بۆ دەرفەت و بواری تایبەتیی خۆی، تا لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی پسپۆڕییەوە لەسەر دەستی توێژەر و ڕەخنەکارانی ئەدەب و خوێندکارانی خوێندنی باڵاوە جێبەجێ بکرێت.

ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ چەمک و لایەنی هونەری لە شیعری سالمدا دەکەین کە خوێنەر لە یەکەم خوێندنەوەدا سەرنجی بەلایدا ڕادەکشێت و ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەم هونەرانە هەندێکیان پەیوەندی بەلایەنی زمانی شیعری و هەندێکیشیان پەیوەندی بەلایەنی جوانکاریی ئەدەبییەوە هەیە. وەک چۆن لەم وێنە و نموونانەدا دەبیندرێن:

١- سوود وەرگرتن لە بەشە ئاخاوتنی (پارتیکل) بەمەبەستی جۆشدانی هەست و هۆشی وەرگر: سالم دەڵێت؛

**ئەی طاسی بەدەن پڕ فەرەحی لەذذەتی نامت**
**وەی داغی دڵی خەستە نەمەک سوودی کەلامت**
**ئەی سونبولی زوڵفت هەمەدەم عەطری مەشامم**
**وەی زیوەری سەرچەشمەیی چەم، قەددی نەمامت**
**ئەی گەردنی جانم بەئەبەد حەبسی کەمەندت**
**وەی مورغی دڵی شێفتە پەڕبەستەیی دامت**

....... تاد

(دیوان: ٢٠١)

(پارتیکل) لە بنەڕەتدا فۆرم گەلێکی زمانین لە شێوەی ئامراز و وشەی سادە، کە ئاخێوەر پەنای بۆ دەبات و لەگەڵ کار و چاوگ و ناودا بەکاری دەهێنێت. لە شیعردا بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی و دروستکردنی هاوسەنگی و دەستپێکی دڵگیر و سەرنج ڕاکێشانی زیاتری بیسەر و جەختکردنەوە لەسەر واتا و دەلالەت پەنای بۆ دەبرێت: ئەمانە ژمارەیان زۆرە و بەگوێرەی بارودۆخی ئاخاوتن سوودیان لێ وەردەگیرێت لەوێنەی (ئەی، وەی، با، دا، سا، دە....). (خۆشناو، ٢٠٠٩، ١٠٥). سالم لەم پارچە (١٠) بەیتییەدا کە لە بنەڕەتدا شیعرنامەیەکی سالمە و لە وەڵامی نامەیەکی مستەفا بەگی کوردیی ئامۆزایدا هۆنیویەتەوە، ژمارەیەکی بەرچاو فۆرمە ئاخاوتنی پارتیکلی لە سەرەتای نیوە دێرەکاندا بەکارهێناوە کە دەبنە مایەی بزواندن و

جۆشدانی هەست و سۆزی دۆستانە و سەمیمیەت لەلای بیسەر و خوێنەردا:

**قاصید لە طەرەف تۆوە سەلامێکی گەیاندم**
**قوربانی وەفای دەم بە دەم و جەوری مودامت**
**ئەی جان بەفیدای نوکتەیی شیرینی دەهانت**
**وەی سەر بە نیثاری قەدەمی پەیکی پەیامت**
**قاصید نییە ئەم پەیکە، یەقین (خضر)ی نەجاتە**
**بەخشی بەمنی موردە حەیاتێ لە سەلامت**
**تۆ نیتە مەگەر ئارەزوویی دیدەنی مەهجوور**
**سا دەی وەرە ئەم مەردومەکەی دیدە مەقامت**
**با سوجدەی بەرێ کەبکی دەری، نەقشی بەری پێت**
**سا هەڵسە بکەن خۆشڕەوشان مەشقی خەرامت**

.... تاد

(دیوان: ۲۰۱)

بەم حاڵە تێکستەکە سیمایەکی شێوازیی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە و لێوانلێو بووە لە سۆز و جۆش و خرۆش.

۲- دووبارە بوونەوەی وشە سەروا لە پێکهاتەی جووتە وشەی لێکدراودا:

**وێردی زوبان و فیکری دڵ، شەرحی فیراقە سەربەسەر**
**هەڵدەقوڵێ لە عەینی چاو، خوێنی جگەر شەمەر شەمەر**
**زوڵفی سیاهی پڕ خەمی، حەڵقە بە حەڵقە چین بە چین**
**دەستە بەدەستە تا میان، سیلسیلە جۆ کەمەر کەمەر**
**گەرچی بەبۆسەیی لەبی حاصڵە بۆم فەرەح فەرەح**
**لێک فەلەک بە ئینتیقام پێشم ئەدا سەقەر سەقەر**
**ئەی دڵی هەرزە قەت نەکەی سەیری جەمالی ڕووبەڕوو**
**تیری موژەی بە قەصدە لێت وەختی گوزەر حەضەر حەضەر**

بۆ ســـەری زوڵفـــی پڕ خـــــەمی کەوتە دڵم گرێ گـرێ
حاصڵی دا بەخاطرم صەفوەتی ڕووی کەدەر کەدەر
نامەیی یـــاری ســـیم تەن باعیثی زەوقــە دەم بـــەدەم
شامیلی حاڵی (سالم)ە پەیکی صەبا خەبەر خەبــەر

(دیوان: ٣٤٤)

لەم پـــارچەیەدا ســـالم زۆر هونەرمەنـــدانە مـــامەڵەی لەگەڵ پێکهـاتەیەکی زمـانی تایبەتـدا کـردووە کە ئەویـش (جـووتە وشـەی لێکدراو)ە و لە نیوە دێرەکانـدا بەکـاری هێنـاون. نەخاسـمە لە کۆتـایی دێرەکانـدا لە جێگەی سـەروابەندیدا لەبـری وشـە سـەروا، ئەم پێکهـاتە زمـانییەی بەدوای یەکـدا ڕیزکـردوون. (جـووتە وشـەی لێکـدراو) پێکهاتەیەکە لە دووبارە بوونەوەی هەمان وشە پێکدێت بەدوای یەکەوە. جا یا بە یارمەتی ئامرازێک دەبێت یاخود ڕاستەوڕاست و بەبێ ئامراز (گەلاڵی، ٢٠٠٦، ٣٦).

لێرەدا سەرواسازییەکی هونەری و ناوێزە بۆ هۆنراوەکە دروست بـووە کە کۆمەڵێـک مەبەسـتی پێکهێنـاوە، یەکیـان بـریتییە لە سـوود وەرگرتن لە هونەرێک یاخود گەمەیەکی زمانیی تایبەت، کە شیعر خۆی لە یەکێک لە پێناسـەکاندا وەکـو (شـەفیعی کەدکنـی) دەڵێـت؛ گەمەیەکە لەناو زماندا جێبەجێ دەکرێت (کدکنی، ١٣٧٩، ٣).

دووەمیـان بەرزکـردنەوەی ئاسـتی ڕیتمـی سـەروایە بۆ پلەیەکـی بەرز و جـوان و دڵگیـر. سێیەمیشـیان قـووڵکردنەوەی ئاسـتی واتـایە لەڕێگای دووبارەکاری و جەختکردنەوەوە.

٣- هەروەهـا لە دیـوانی سـالمدا چەنـد پـارچەی غەزەل بەدی دەکرێن، کە لە سەرواسـازیدا پێڕەوییـان لە هەمـان سیسـتەمی تـایبەتی سـەروا، (سـوود وەرگـرتن لە پێکهـاتەی جـووتە وشـەی لێکـدراو)دا کردۆتەوە. لەپێشەوە با سەرنجی دێری یەکەمی غەزەلەکان بدەین:

أ/

**(ربنا) ســـاكینی كۆتن، چ غولام و چ ئەمـــیر**
**وەكو یەک ئەهلی نیازن، چ غەنیی و چ فەقیر**

(دیوان: ٣٥٥)

ب/

**عەبدی تۆن باری خودایا، چ غولام و چ نەدیم**
**ئیحتیاجن بە وەظیفەت، چ گەدا وو چ نەعیم**

(دیوان: ٤٨٩)

جـ/

**ڕۆژی دڵ هەر شەوی تارە، چ لەوێ بم چ لەمێ**
**مەنزلی گێسوویی تارە، چ لەوێ بم چ لەمـێ**
**گۆشـــەگیرم لە فیراق و لە ویصـــاڵ دەمخەیە لا**
**جایی من هەر لە كەنارە، چ لەوێ بم چ لەمێ**

(دیوان: ١٠١٢)

هەر یەكێک لەم دێرانە، وەک هەموو دێرەكانی تر لە تێكستەكاندا، لە (٣٠) بـــڕگە پێكهـــاتووە. واتە هەر نیـــوە دێرێـــک (١٥) بـــڕگەیە و بڕگەبەندی نیوەدێرەكان بەگوێرەی هەنگاوە عەرووزەییەكان (تەفعیلە) بەم جۆرەیە:

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ/ | ٤ | + | ٤ | ، | ٤ | + | ٣ | = ١٥ بڕگە |
| | ٤ | + | ٤ | ، | ٤ | + | ٣ | = ١٥ بڕگە |

| | لەتی یەكەم | | | | لەتی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب/ | ٤ | + | ٤ | ، | ٤ | + | ٣ |
| | ٤ | + | ٤ | ، | ٤ | + | ٣ |
| | | | | | | | |
| جـ/ | ٤ | + | ٤ | ، | ٤ | + | ٣ |
| | ٤ | + | ٤ | ، | ٤ | + | ٣ |

هەنگاوەکـان لە دێرەکـانی هەر سـێ تێکسـتدا بەم جۆرە دروسـت بوون:

| | | | |
|---|---|---|---|
| فا عی لا تون | فە عی لا تون | فەعی لا تون | فەعی لان |
| - ب - - | ب ب - - | ب ب - - | ب ب - |

ئەمەی سەرەوە نەخشەی هەنگاوەکانی کێشی عەرووزی؛ ڕەمەڵی هەشت هەنگاوی مەقسوورە، کە تیادا وەستانێکی شیعری و عەرووزی لە ناوەندی نیوەدێرەکان (شوێنی کۆما و فاریزەکان) دروست دەبێت نیوەدێرەکـان دابەش دەبـن بەسـەر دوو لەتـی ڕیتمـی: ٤ + ٤ ، ٤ + ٣ تایبەتمەندییەکی دیکەی هەر سێ تێکست لەوەدایە کەوا لەتی دووەمی نیوەدێرەکان لە (٧) بڕگە و دوو هەنگاوی (٤ + ٣) بڕگە پێکهاتووە. ئەم لەتە لە کۆتایی دێرەکاندا بۆتە پێکهاتەی سەروا؛ یاخود ڕستەی سەروا:

أ/ ڕستەی سەرواکانی بەم شێوەیە ڕیز بوون:

- چ غولام و چ ئەمیر
- چ غەنیی و چ فەقیر
- چ گەدا وو چ وەزیر
- چ زەلیل و چ ئەسیر
- چ طەویل و چ قەصیر
- چ قەلیل و چ کەثیر
- چ صەغیر و چ کەبیر

لێـرەدا لە شـوێنی وشەسـەروا ڕسـتەی سـەروا هـاتووە لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی تایبەتدا: (جێناوی پرسی (چ) + ئاوەڵناوێک) × ٢ جێناوی پرسەکە هەر خۆیەتی، بەڵام ئاوەڵناوەکان لە حاڵەتی (دژ یەکی و بەرامبەری)دا هاتوون. ئەم هونەرە لە سەرواسازی و سـەروابەندیدا هەم لە خزمەتـی ئاسـتی ئـاواز و ڕیتمـی دێرەکـان و هەم لە خزمەتـی قووڵکردنەوەی دەلالەت و واتادایە.

لە تێکستی سێیەمدا ڕستە ڕێزمانییەکەی کۆتایی دێرەکان (چ لەوێ بم چ لەمێ) وەک خۆی لە کۆتـایی هەمـوو دێرەکاندا دووبارە بۆتەوە،

بەڵام لەشوێنی سەروادا نا بەڵکو بۆتە دەستەواژەی پاش سەروا و لە (جێناوی پرسی (چ) + ئاوەڵکارەکانی – لەوێ و لەمێ) پێکهاتووە. هەمان ئەرک و ڕۆڵی ڕستەسەروای دوو تێکستەکەی پێشووی هەیە لە برەوپێدانی ڕیتم و واتادا.

ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییە ڕیتمی و سەرواسازییە لەم تێکستانەدا، کە لە ڕووی دارشتنی زمانییەوە کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەتی هەیە وەکو؛ دووبارەبوونەوە، هاوشێوەیی لە پێکهاتەدا (کە بەهاوتەریبی/ پارالێل) دەناسرێت، جۆرێک لە ڕیتم و ئاهەنگی خۆش و دڵگیری بەشیعرەکان بەخشیوە، کە لە تێکستی دیکەدا بەدی ناکرێت. ئینجا هەموو ئەو هونەرانەی کە لەم سێ تێکستەدا پەیڕەو کراون بەڵگەی ڕوون و ئاشکران لەسەر توانای داهێنانی لای سالم و هەروەها سروشت و تەبعی ڕەوانی شاعیرانەی.

٤- لە دەنگە سەروای پیتی (ظ)دا سالم چوارینێکی هەیە کە بەم جۆرەیە:

**گوریزانی جەفام ئەی تورکی سیمین بەر، خودا حافیظ**
**لە تاو جەورت دەڕۆم، ئەی شۆخی مەهـ پەیکەر، خودا حافیظ**
**بەیەغما چوو لە یەک ئیما، مەتاعی سەبر و ئارامم**
**بەدەروێشی دەڕۆم، ئەی تورکی غارەتگەر، خودا حافیظ**

(دیوان: ٣٩٧)

جۆری هەرە باوی سیستەمی سەروا لە چوارینەدا بەم جۆرەیە (آ آ ب آ)، واتە هەرسێ نیوە دێرەکانی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروا دەبن، نیوەدێری سێیەم سەروای جیاواز دەبێت. وەستانی شیعری و واتای نیوە دێرەکانی هاوسەروای بەسەر چەند بەش و یەکەیەکی وەک یەک دابەش کردووە:

| | | |
|---|---|---|
| أ/ ٦ بڕگە | ٦ بڕگە | ٤ بڕگە |
| ب/ ٦ بڕگە | ٦ بڕگە | ٤ بڕگە |
| جـ/ ............................ | .................................... | ......................... |
| د/ ٦ بڕگە | ٦ بڕگە | ٤ بڕگە |
| بەشی یەکەم | بەشی دووەم | بەشی سێیەم |

ئەگەر زانیمان کەوا کێشی چوارینەکە لەسەر بنەمای (هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواو) بنیات نراوە، ئەوا هەر نیوەدێرێک لە چوار کەرەت (مەفاعییلون) پێکدێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| أ/ مە فاعییـ لون | مەفا عییـ لون | مە فا عییـ لون | مە فا عییـ لون |
| ب/ مە فاعییـ لون | مەفا عییـ لون | مە فا عییـ لون | مە فا عییـ لون |
| جـ/ .................. | ........................ | ......................... | ......................... |
| د/ مە فاعییـ لون | مەفا عییـ لون | مە فا عییـ لون | مە فا عییـ لون |

وەک دەبینین وەستانی شیعری و واتایی گوێی بە (وەستانی عەرووزی) نێوان تەفعیلەکان نەداوە، بۆیە بەپێڕەوی لە ڕستەی شیعری و واتایی هەر نیوە دێرێکی کردۆتە سێ کەرتی (هاوسەنگ و هاوتەریب و هاوشێوە) لە پێکهاتەدا:

| | | |
|---|---|---|
| أ/ گوریزانی جەفام | ئەی تورکی سیمین بەر | خودا حافیظ |
| ب/ لەتاو جەورت دەڕۆم | ئەی شۆخی مەهـ پەیکەر | خودا حافیظ |
| جـ/ .................................. | .............................................. | ...................... |
| د/ بەدەرویشی دەڕۆم | ئەی تورکی غارەتگەر | خودا حافیظ |
| مە فا عییـ لون مەفا | مە فا عییـ لون مە فا | مە فا عییـ لون |
| ب – – – ب – | ب – – – ب – | ب – – – |
| بەشی یەکەم = ٦ بڕگە | بەشی دووەم = ٦ بڕگە | بەشی سێیەم = ٦ بڕگە |

هەمـوو ئەم خاسـیەتە شـیعری و زمـانی و ریتمییـانە جۆرێـک لە هونەر و جوانکاریی دڵگیر و سەفا بەخشی بە چوارینەکە بەخشیوە.

٥- سـالم تێکسـتێکی شـیعری سکاڵانامەی (١٠) دێریـی نـاوداری هەیە کە لە دەمـێکەوە سـەرنجی نووسـەر و مێژوونووسـانی ئەدەبـی کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. بەوەی کەوا شیعری ماڵئاوایی نامەی سالمە و لە سەر وەختی دارمایی میرایەتی بابان و سەرهەڵگرتن و ڕووکردنە غوربەت و ئاوارەییدا گوتوویەتی. ئێمە لەو بارەیەوە لە پێشووتر قسەی خۆمان کردووە و بیروڕای خۆمان خستۆتەڕوو، بۆیە لێرەدا تەنیا لەلایەنی هونەری و جوانکاریی تێکستەکە دەدوێین، بەتایبەت لەلایەنی فۆرم و بینای زمانی شیعرییەوە. جارێ با بەیەکەوە شیعرەکە دەور بکەینەوە، تێبینی ئەوەش بکەن کە ئێمە (الـوِداع)مان بەڕێنووسی کوردی نووسیوە.

**ئەلویـداع ئەی مـوڵکی بابـان، ئەلویـداع**
**ئەلویـداع ئەی جـایی جانـان، ئەلویـداع**
**موسـتەعیددم بـۆ بـیلادی ڕافیضـی**
**ئەلویـداع ئەی ئەهلـی ئیمـان، ئەلویـداع**
**وەک ئەسیری تورکمان دەمبەن بە زۆر**
**ئەلویداع ئەی شاهی خووبان، ئەلویداع**
**دەشتی هیجرەت تارە وەک دەریایی قیر**
**ئەلویداع ئەی میهری ڕەخشان، ئەلویداع**
**ڕووبەڕووی مەشریق دەچم بۆ موڵکی ڕەی**
**ئەلویـداع ئەی قیبلەیـی جـان، ئەلویـداع**
**ئەشـکی دیـدەم ڕەنگـی گوڵنـاری هەیە**
**ئەلویـداع ئەی نـاری پوسـتان، ئەلویـداع**
**صیحەتی دا وەصڵی تۆ، هیجرت مەرەض**
**ئەلویداع ئەی دەرد و دەرمـان، ئەلویداع**

دڵ بەرابەر زوڵفی تۆ واضیح دەڵێ:
ئەلویداع ئەی سونبولستان، ئەلویداع
زەخمی دڵ بۆ ئابی پەیکان تیشنەما
ئەلویداع ئەی تیری موژگان، ئەلویداع
گەرچی بۆ ئەحواڵی (سالم) بێ غەمی
ئەلویداع ئەی ناموسوڵمان، ئەلویداع

(دیوان: ٣٩٨)

(وداع) ناوێکە لە (وَدَّعَ)ی عەرەبییەوە هاتووە. وەکو زاراوە یاخود ئیدیەم بۆ خاترخوازی و ماڵئاوایی (خواحافیزی) بەکار دەبرێت. سالم بەدڵ و دەروونێکی بریندار و بەسۆوە خواحافیزی لە زێد و دار و دیار و دۆستانی دەکات، بۆیە زۆر بە حەسرەتەوە ئەم مۆتیڤە جارەهای جار دووبارە دەکاتەوە. لەڕووی جوانکاری و پێکهاتەی شیعرییەوە دەشێ لە کۆمەڵێک لایەن و گۆشە نیگاوە قسە لەسەر تێکستەکە بکرێت:

أ/ گوتمان (الوداع) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی عەرەبییە و سالم لە هەڵوێستێکی دەروونی و شیعریی تایبەتدا سوودی لێ وەرگرتووە و بەکاری هێناوە، بۆیە بەدیاردەیەکی شێوازی دەدرێتە قەڵەم، ئەویش (سوود وەرگرتنە لە وشە و زاراوەی زمانێکی تر) لە بنیات و پێکهاتەی زمانی شیعریدا.

ب/ گێڕانەوەی سەروا (رد القافیة): ئەوەیە کەوا وشەی دەستپێکی دێری یەکەم لە کۆتایی دێری دووەمدا دیسان بێنیتەوە. (ئەلویداع) لەدەستپێکی دێری یەکەم و کۆتایی هەموو دێرەکانی دواتر هاتۆتەوە.

جـ/ هاوتەریبی و هاوسەنگی (پارلالیزم): هەموو نیوە دێری دووەمەکان هەمان سەنگ و پێکهاتەی زمانییان هەیە: - ئەلویداع + ڕستەیەکی بانگکردن وەسفی + ئەلویداع
............. + (ئەی + (دیارخراو + دیارخەر) + ........................

د/ دووبارەکـــاری و پـــاتەبوونەوە (التکـــرار): ئەمە دیـــاردەیەکی جوانکـــاریی شـــیعرییە و زۆر بەخەســـتی تێکســـتەکەی ڕازانـــدۆتەوە. لە دێری یەکەمدا (٤) بار و لە هەمـوو نیوە دێرە دووەمەکانی دیکەدا (٢) بـار هـاتووە و لە سـەرجەمدا بووە بە (٢٢) بـار و واتە بۆتە دیـاردە، تـا وای لێهـاتووە، بڵێـین ئەم چـڕییە لە دووبـارەبوونەوەی ئەم مـۆتیڤە بـێ مەلامەت نـییە، بەڵکـو کـارێکی مەبەسـتدارە و تەعبیـر لە خەسـتوخۆڵی حـاڵەتی دەروونـی (غـوربەت) دەکـات لەلای سـالمدا. هەر لە بەراییـدا دەتوانین بڵێین کەوا دیاردەکە بەمەبەستی پێداگرتن و جەختکردنەوەی واتـا و دەلالەت و سـەرنج ڕاکێشـان و بەرجەسـتەکردنی ڕەهەنـدەکانی ئیحای (ئەلویـداع) و زێدەکردنی کاریگەرییەکانییەتی لە ئاست وەرگردا. ئینجـا ئەم کـارە خـۆی لەخۆیـدا جوانکـارییەکی وشـەییە یەکخسـتن و ڕێکخســتنی ســەروای لــێ کەوتــۆتەوە، وەک چــۆن ئەگەر وەک (پــاش سەروا)ش مامەڵەی لەگەڵدا بکەین ئەوا بۆتە مایەی تەواوکردنی کێش و هاوسەنگی مۆسیقای شیعری لە دێرەکاندا. ئینجا ئەم جۆرە لە دووبـارە کـردنەوەی ڕێـک و هاوسـەنگ و ڕێکخـراو، جـوانییەکی دڵگیـری تێـدایە کەوا چێژ و خۆشی و نەشئە بە مرۆڤ دەبەخشێت (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١٢٣)

هـ- لە دێری یەکەم و نیوەدێری دووەمەکاندا پەیڕەوی لە سنعەتی (هێنانەوە یاخود کلک وە سەرگێڕانەوە/ رد العجز عن الصدر) کراوە. کە بریتییە لە هێنانەوەی وشـەی یەکەم لەدێری یەکەمدا لە کۆتـایی هەمـوو نیوەدێرەکـانی دووەمـدا. وەک چـۆن لە دێـری یەکەمـدا پێچەوانەکەشـی بەدی دەکرێـت، واتە (رد الصـدر عـن العجـز) کە بـریتییە لە هێنـانەوەی وشەی کۆتایی نیوەدێری دووەم لە دەستپێکی نیوەدێری یەکەمدا.

و- لە هەمــوو نیوەدێرەکــانی دووەمــدا دیــاردەی کەرتکــردن و سەروای ناوەکی (التشطیر) هەیە، سەرباری هاوسەنگی و هـاوتەریبی لە پێکهاتەیاندا:

- ئەلویداع/ ئەی جایی جانان/ ئەلویداع.
- ئەلویداع/ ئەی ئەهلی ئیمان/ ئەلویداع

- ئەلویداع/ ئەی شاهی خووبان/ ئەلویداع.
- ئەلویداع/ ئەی میهری ڕەخشان/ ئەلویداع.

.............. تاد.

ز/ گێــڕانەوە (الترديــد): ئەم ســنعەتە شــیعرییە بــریتییە لە بەکارهێنانەوەی چەند جارەی وشەیەک یان پێکهاتەیەک کە هەر جارەی لەپاڵ ڕستە و دەستەواژەیەکی جیاوازەوە بێت، واتە وشـەکە ناگۆڕێت بەڵام دەستەواژەکان دەگۆڕێن. (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٣٤).

(ئەلویـداع) هەر جـارەی لەپـاڵ ڕسـتەیەکی بـانگکردنی جیـاوازەوە هاتووە:

- ئەلویداع + ئەی جایی جانان.
- ئەلویداع + ئەی ئەهلی ئیمان.
- ئەلویداع + ئەی شاهی خووبان.
- ئەلویداع + ئەی میهری ڕەخشان.

لە هەموو نیوەدێری دووەمەکاندا گێڕانەوەی (جێنـاوی بـانگکردنی/ ئەی) هەیە لەپـاڵ گرێیەکـی وەسـفی یـان گرێیەکـی ئیزافـی کەوا گـرێ وەسفییەکان لەشێوەی (دیـارخراو + دیـارخەر)دان بریتییە لە (ناوێک + ئامرازی/ ی/ + ئاوەڵناوێک).

- ئەی جایی جانان.
- ئەی شاهی خووبان.
- ئەی میهری ڕەخشان.

وەک چۆن گرێ ئیزافییەکـانیش دوابەدوای جێنـاوەکەی بـانگکردن (ئەی)، بەم جۆرە هاتوون (ناوێک + ئامراز + ناوێک) لە نموونەی:

- ئەی ئەهلی ئیمان.
- ئەی قیبلەیی جان.
- ئەی ناری پوستان.
- ئەی دەرد و دەرمان.

ح/ گەڕانەوە (الرجوع): ئەمەیان بریتییە لەوەی شاعیر لەنیوەدێری دووەمدا، یان لە دێرەکانی تردا بگەڕێتەوە بۆ وشەیەک کە لە سەرەتادا یان نیوەدێری یەکەمدا هێناویەتی، ئەویش چ بەمەبەستی جەختکردنەوەی واتا یا جوانکاری و ڕازاندنەوە بێت یاخود ئاوازی شیعری بێت. وەک چۆن لە وشەی (ئەلویداع)دا دەیبینین کە لە دێری یەکەمدا هاتووە و ئینجا شاعیر لە هەموو دێرەکانی دیکەی تێکستەکەیدا دیسان گەڕاوەتەوە سەری.

ئەم سنعەت و هونەرانەی لەپێشەوە باسمان لێوەکردن، بەگشتی دەچنە خانەی جوانکاریی وشەیی سەبارەت بەتێکستەکە کەوا ڕەنگبێت هێشتاش مابێتی!، بەڵام ئێمە چیدی بەدوایدا ناچین و ڕوو لە لایەنێکی دیکە دەکەین کە ئەویش جوانکاریی واتایی تێکستەکەیە و لەم بارەوە چەند سەرنجێک دەخەینە ڕوو:

أ/ دەستپێکی دڵگیر و کۆتایی دڵگیر (حسن المطلع مع حسن الختام):

**ئەلویداع، ئەی موڵکی بابان، ئەلویداع**

**ئەلویداع، ئەی جایي جانان، ئەلویداع**

شاعیر بەدێرێکی ناسک و دڵگیر دەستی پێکردووە، هەر خوا دەزانێت (موڵکی بابان) چەندە عەزیز و خۆشەویستە لەلای شاعیر و لەلای بیسەر و خوێنەرە هاوهەستەکانی. لە ڕاستیدا ئەم دێری یەکەمە کە وەکو (ناسنامە و سەرناوی تێکستەکەش) خۆ دەنوێنێت، تەعبیر لە تەواوی شیعرەکە دەکاتەوە و هەموو دێرەکانی دواتر لە تەواوکردنی واتای ئەم دێری دەستپێکەدا هاتوون بە تەفسیلات و درێژە کێشانەوەی زیاترەوە. هەروەها کۆتایی تێکستەکەش بەهەمان جوانی و سۆز و دەربەستبوونەوە هاتووە و قوفڵی دەقەکەشی سازکردووە:

**گەرچی بۆ ئەحواڵی (سالم) بێ غەمی**

**ئەلویداع، ئەی ناموسڵمان، ئەلویداع**

ب/ کۆکردنەوە: شاعیر کۆمەڵێک گرێ و دەستەواژەی وەسفی لەپێناوی یەک شت و بۆ یەک مەبەست کۆکردۆتەوە و بەکارهێناوە، کە هەموویان لە خزمەت وەسفی (موڵکی بابان و جایی جانان)ەوەیە. ئەم گرێ و دەستەواژانە، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، هەندێکیان وەسفین وەکو:

- شاهی خووبان.
- میهری ڕەخشان.
- ناری پوستان.

هەندێکیشیان دەستەواژەی ئیزافی و خستنەپاڵن:

- ئەهلی ئیمان.
- قیبلەیی جان.
- تیری موژگان.

ئەمانە بە هەردوو بەشیانەوە لەپێناوی یەک ئامانجدا کۆکراوەتەوە، کە ئەویش بۆ (وەسف) و بە باڵادا بڕینی (موڵکی بابان – سلێمانی)یە.

جـ/ پۆشین (التورية): ئەوەیە کە شاعیر وشەیەک یا دەستەواژەیەک بەکاردێنێت کە دوو واتای هەبێت، یەکێکیان نزیک و یەکێکیان دوور، کە شاعیر مەبەستی واتا دوورەکە بێت و پەیوەندییەک لەنێوان هەردوو واتاکەدا هەبێت کە خوێنەر یاخود بیسەر بە ئاسانی لە واتا نزیکەکەوە بۆ واتا دوورەکە بچێت (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ١٤٠). لەم دەقەدا سالم دڵی لای شارە حەیاتەکەیەتی (شاری سلێمانی پایتەختی میرنشینی بابان)، بۆیە بەگەلێک جۆر و لە ڕێگەی کۆمەڵێک وەسف و دەستەواژەوە ناڕاستەوخۆ باسی دەکات، کە خوێنەری زرینگ هەر زوو دەزانێت مەبەستی شاعیر لەم وەسف و دەستەواژانە چییە:

- ئەی موڵکی بابان.
- ئەی جایی جانان.
- ئەی شاهی خووبان.
- ئەی میهری ڕەخشان.
- ئەی قیبلەیی جان.
- ئەی دەرد و دەرمان

هەموو ئەمانە واتا: ئەی سلێمانی

دیارە بێژەی (ئەلویداع) جگە لە واتا فەرهەنگییە باوەکەی کە بۆ خودا حافیزی و مەرەخەسبوون بەکار دەبرێت و ئەمە بەڕوونی لە بنیاتی سەرەوەی واتایی و دەلالی وشەکە دەخوێندرێتەوە. بەڵام لە واتای زاراوەیی وشەکە بنیاتێکی واتایی قووڵ و دوورەدەستیش بەدی دەکرێت کە بریتییە لە (ماڵئاوایی و خودا حافیزی یەکجارەکی و بێ گەڕانەوە). هەر ئەم واتایەشە کە لە تەواوی تێکستەکە و ڕووداو و کارەساتی پشت تێکستەکەش هەستی پێدەکرێت.

د/ پاساو هێنانەوە: هەر لە بواری جوانکاریی واتاییدا دەکرێ لە هەمان تێکستی پێشوودا ئاماژە بۆ ئەم دێرە بکرێت:

**صیحجەتی دا وەصڵی تۆ، هیجرەت مەرەض**
**ئەلویداع ئەی دەردو دەرمان ئەلویداع**

لە ڕووی ڕوونبێژییەوە هونەری (پێچان و کردنەوە/ لەف و نەشر) بەشێوەی نارێک لە دێرەکەدا بەدی دەکرێت.

- نیوەدێری یەکەم: وەصل – هەجر
- نیوەدێری دووەم: دەرد – دەرمان

لەم پەیوەندییەدا جوانکاری واتایی پاساو هێنانەوە هەیە، بەو هۆیەی نزیکی لە سلێمانی، بەواتای (وەصل) و لەوێنەی (دەرمان)ە و دوور کەوتنەوەش لێی، واتا (هەجر) ئەوەش (دەردە)کەیە. ئینجا (ئەلویداع)ەکە هێمایە بۆ (هەجر و دەرد) و (دەرمان)ەکەیشی لە (وەصل) و دوور نەکەوتنەوەیە لێی.

هـ/ هـونەری تەدویـر: هەر پەیوەسـت بەلایەنەکـانی جوانکـاریی واتایی لە تێکستەکەدا، پێویستە هەڵوەستە لەسەر هونەرێکی بەرجەستە و دیاردا بکەین، کە ئەویش هونەری (تەدویر)ە. هاتنی وشەی (ئەلویداع) لە هەموو نیوەدێرەکانی تێکستەکەدا بەم چڕی و پڕییە چەند دەلالەتێکی هەیە:

- وەکـو ئامـاژەی بـۆ کـرا، لە پێشـەوەدا لە خزمەتـی ڕیـتم و مۆسیقای شیعرەکەدایە بەتایبەتی لە دیاردەی دووبارەبوونەوەکانیدا.

- لە ڕووی واتاییەوە وەکو تەقەڵ هەموو دێرەکان بەیەکەوە گرێ دەداتەوە، وەک ئەوەی هەمـوو تێکسـتەکە بریتـی بێـت لە یەک ڕسـتەی شیعریی گەورەکراو و فراوان؛ (ماڵئاواییەکی نا بەدڵی شاعیر و دابڕان لە مەڵبەنـد و زێـد و خۆشەویسـتانی لە ڕێگـای هـات و نەهاتـدا بەرەو چارەنووسێکی نادیار). ئینجا وەکو مەسەلەیەکی کۆبەند دەبینین خودی (ئەلویداع - ماڵئاوایی) وەکو وشـە و زاراوەیەک بۆتە سـەنتەری دەق و (بـوئرەی شـیعری) و تەواوی ڕەهەنـدە مۆسـیقایی و واتـایی و دەروونییەکـانی تێکسـتەکەی لە دەوردا کۆبـۆتەوە. بەم جـۆرە (تەدویـر) بـۆتە مەبەسـت و فەلسـەفەیەکی تـایبەتی لەلای شـاعیر، کە ئەویـش درێژەپێـدان و بەردەوامـی حـاڵەتێکە لە سـۆز و هەڵچـوون و ڕیـتم و دەلالەت، یـاخود وەڵامـدانەوەیەکە بـۆ ئەو ئەزمـوون و تـاقیکردنەوە دەروونی و شیعرییەی شاعیر پێیدا تێپەڕیوە.

ئینجـا ئەگەر بۆچوونەکانمـان لەم بـارەوە کـۆبکەینەوە ئەوا دەگوترێت کەوا هونەری تەدویر لەبنیاتی ئەم تێکستەی سالمدا ئەرکێکی گرینگ بەجێی دەهێنێت، بەجۆرێک کە دەشێت سەرلەبەری تێکستەکە لە شێوەی یەک ڕستەی گەورەکراودا ڕێک بخەینەوە، لەپاڵ ئەوەشدا وەک سنعەتێکی شیعری هەم ئاستی مۆسیقایی شیعر دەوڵەمەند دەکات و تـرپە و ئـاهەنگی شـیعرەکە دەخـاتە جـووڵە، ئینجـا لە دواییشـدا پەیوەنـدییەکی ئۆرگـانیکی لەنێـوان سـۆز و بیـرۆکەی دێرەکـان و بەشەکانی تێکستەکەدا بەشێوەیەکی زیندوو ڕادەگرێت (عبید، ٢٠١٠، ١٧٦).

٦- لەلاپەڕە (٤٢٧)ی دیـوانی سـالمدا غەزەلێـک هـاتووە، کە بەم دێرانە دەست پێدەکات:

**دەمـــەوێ مەســـتی بـــادە بم، تابــم**
**پایی خوم ئووفتادە بم، تابــم**
**هەر سەحەرگەهـ بە دەنگی نەی هەڵسم**
**بادە وەرگر لە سادە بم، تابم**
**تۆ کە شاهی بە ڕوخ لـــەبەر ئەســـپت**
**فەرضە بۆ من پیادە بم، تابم**
**حـــاجیب ئـــەر ڕێ بـــدا، دڵـــم دێنـــێ**
**سوویی دەر ئیستادە بم، تابم**

......... تاد

وشەی سەروا لەدێرەکاندا بریتین لە؛ بادە، ئووفتادە، سادە، پیادە ..... . وەستانی شیعری و واتایی کارێکی وای کردووە (بم)ی یەکەم لە کۆتایی دێرەکاندا بەمەبەستی تەواوکردنی واتا لەگەڵ وشە سەرواکاندا گرێ بدرێتەوە: بادەبم: ئووفتادەبم! سادەبم! پیادەبم وەک چۆن وەستانە عەرووزییەکەش هەر ئەوە دەخوازێت و ئەم پێکهاتانە بوون بە کۆتایی هەنگاوی عەرووزی دووەم لە دێری دووەمەکاندا:

| | | |
|---|---|---|
| دەمەوێ مەس | تی با دە بم | تا بم |
| با دە وەر گر | لە سا دە بم | تا بم |
| فە عی لا تون | مە فا عی لون | فەع لون |
| ب ب - - | ب - ب - | - - |

کێش: خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی ئەصلەم:
(فەعی لا تون مەفاعی لون فەع لون) × ٢

بەڵام (بـم تـابم) خـۆی لە خۆیـدا، دەسـتەواژەیەکی ڕێزمـانییە و پێکهـاتەکەی بەم جـۆرەیە: [ (کـاری بـوون + جێنـاوی لکـاوی کەسـی یەکەم)] + ئـامرازی پەیوەنـدی (تـا) [(کـاری بـوون + جێنـاوی لکـاوی کەسی یەکەم)].

ئەم دەستەواژەیە بەسەر یەکەوە (بم تابم) کە بەهەمان فۆرم و پێکهاتە و واتاوە لە کۆتایی دێرەکاندا دووبارە بۆتەوە ئەرکی پاش سەروا دەگێڕێت و گرنگییەکەشی سێ لایەنە:

- کێشی شیعرەکە تەواو دەکات.
- هاوکاری لە تەواوکردنی واتادا دەکات.
- ئەرکێکی مۆسیقاییش دەگێڕێت.

ئینجا هەر لەبارەی هونەری سەرواسازی دوو تێکستی شیعریی دیکە بەدی دەکرێت کە خاوەنی سیما و خەسڵەتی تایبەتن. یەکەمیان تێکستی ژمارە (٦)ی دەنگە سەروای (ن)ە لەلاپەڕە (٥١٩)ی دیوانەکەدا کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**بۆ منی سەرگەشتە، ئەلحەق، بێ وەفا بوو ئاسمان**
**دەرحەقم ئەمجارە یەکسەر پڕ جەفا بوو ئاسمان**
**تێکی دا بونیادی وەصڵ و شیشەیی بەزمی شکاند**
**بۆ خەرابی موڵکی دڵ، پڕ مووددەعا بوو ئاسمان**
**(الغرض) هات ڕۆشنایی دڵ لەبەر شەمعی موراد**
**دەرحەقی بەختم نەسیمی صوبحگا بوو ئاسمان**
**چاک چاک و لەت لەتە سینەم لە ئەندووهی فیراق**
**بۆ دڵی خوێنینی من، تیری قەضا بوو ئاسمان**

...... تاد

پێکهاتەی سەروا لە دێرەکاندا بریتییە لە ڕستەیەکی تەواو:

- بێ وەفا بوو ئاسمان.
- پڕ جەفا بوو ئاسمان.
- پڕ مووددەعا بوو ئاسمان.
- صوبحگا بوو ئاسمان.
- تیری قەضا بوو ئاسمان.

.......... تاد.

بەشی سەروا لەم ڕستانەدا پێکهاتەن، واتە وشەی سادە نین و بریتین لە (بێ وەفا، پڕ جەفا، پڕ مووددەعا، صوبحگا .....). بەشی پاش سەرواکانیش بەهەمان جۆر بریتین لە گرێی هاوشێوە: [کاری بوون (بوو) + ناوێک (ئاسمان)].

دووبارەبوونەوەی ڕستەی سەرواکان (لە سەروا و پاش سەروا) لە کۆتایی دێرەکاندا شێوەیەکی هاوسەنگ و هاوتەریبی هەیە:

**................. بێ وەفا بوو ئاسمان**

**................. پڕ جەفا بوو ئاسمان**

**...................................................**

**................. پڕ مووددەعا بوو ئاسمان**

**...................................................**

**................. نەسیمی صوبحگا بوو ئاسمان**

**...................................................**

**................. تیری قەضا بوو ئاسمان**

ئەم جۆرە لە سەرواسازی لەپارچەی غەزەلدا بەهونەرێکی شیعریی جوان و ناوێزە دەژمێردرێت، کەوا کۆمەڵێک مەبەست دەپێکێت، وەک لەباسی تێکستەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێداوە.

دووەم تێکست لەم بارەوە ئەوەیانە کە لە لاپەڕە (٥٦٧)ی دیوانەکەدا هاتووە و بەم دێرانە دەست پێدەکات:

**بەخوڕ خوێن بێنە ئەی گریە، لە چاوەی چاوی تاری من**
**حەنا لازم بووە بۆ پێی سەگی کۆیی نیساری من**
**ڕەفیقان گەر دەچن بۆ سەیری باغ و گوڵ، خودا حافیظ**
**موهەییایە لەڕووی یارا گوڵ و باغ و بەهاری من**
**ئەگەر فەرقم بگاتە مەرکەزی خاکی کەفی پێی یار**
**دەگاتە ئاسمان گۆشەی کولاهی ئیفتیخاری من**
**لە دونیادا جەفای عوقبام هەموو دیوە لەدەست هیجران**
**دەبێ فەردا لەپاشا عەفوی من کا کردگاری من**

**گوڵ و سەرو و سنەوبەر، هەر طەرەف سەریان فرۆدێنن**
**بچێتە باغەوە، گەر دڵبەری سیمین عوزاری مــن**
**ئیلاهی، ناسەلامەت، ئەی ڕەقیب هەمدەردی (سالم) بی**
**وەکو کردت لە کۆی جانانە قەطعی ڕەهگــوزاری مـــن**

پێکهاتەی سەروا لە دێرەکاندا دەستەواژەیە و بە زۆرییش بریتین لە:

- چاوە + ی + (چاو + ی + تار) + ی + من
- سەگ + ی + (کۆی + ی + نیسار) + ی + من
- گوڵ + و + (باغ + و + بەهار) + ی + من
- گۆشە + ی + (کولاهـ + ی + ئیفتیخار) + ی + من

وەک دەبینین دەستەواژە سەرواکان لەڕووی ڕێزمان و پێکهاتە و کێشـەوە، لە کۆمەڵێـک خەسـڵەت و تایبەتمەندیـدا وەکـو (هاوسـەنگی، هاوشـێوەیی، هـاوتەریبی) وێکـڕا کۆبـوونەتەوە، بە هەمووشـیان هاوکاربوون لە برەوپێدانی مۆسیقای شیعری و قووڵکردنەوەی واتا و دەلالەتەکان.

٧- **بنیاتی درامی لە چەند تێکستێکی سالمدا:** لە دیوانی سالمدا سێ تێکستی شیعری بەدی دەکرێن کەوا بنیاتی درامی بەهەردوو جۆرەکەیەوە (دیالۆگ و مەنەلۆگ) بە سەریاندا زاڵە و تانوپۆی تێکستەکانیان پێکهێناوە.

تێکستی یەکەم: لە دێری چوارەمەوە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت؛

**ئەو دەڵێ: چی خۆشە هەربێ؟ من دەڵێم: سەیری ڕوخت**
**پێم دەڵێ: چی دێتە بەرچـاوت؟ دەڵێم: باغـی جینان**
**من دەڵێم: جێی موشکە نافەی، ئەو دەڵێ: گێسوویی من**
**من دەڵێم: شمشادە قەددت، ئەو دەڵێ: سەروی ڕەوان**

**من دەڵێم: گوڵ عەطر بێزە، ئەو دەڵــێ: ئاغۆشــی من**
**من دەڵێم: نەی شەهد خێزە، ئەو دەڵێ: خەندەی دەهان**
**هەر جەدەلمانە لەسەر ئیسمی موژە و ئەبرویی ئەم**
**من دەڵێم: شەمشێر و خەنجەر، ئەو دەڵێ: تیر و کەمان**
**ئەو وتـــی: حاڵــت چلۆنە؟ من وتــم: تابم نەمـــا**
**ئەو وتی: چارەت بە چی دێ؟ من وتم: وەصــڵت نیهان**
**ئیسمی وەصڵم هات بەدەمدا، بەستی ڕێگەی گفتوگۆ**
**پێی وتم: (ســالم) لە گوستاخی دەبێ ببڕی زوبــان**

وەک دەبینین تێکستەکە تایبەتمەندی بنیاتێکی درامی وەرگرتووە و لە ڕێگــای هــونەری (دیــالۆگ و فرەدەنگــی) لە نێــوان شــاعیر و بەرامبەرەکەیدا (یارەکەی)دا بەرەبەرە پەرە دەستێنێت و دەچێتە پێشەوە و تا بەلووتکە دەگات: بەستی ڕێگەی گفتوگۆ.

شاعیر هەر خۆیشی ئاماژە بۆ (جەدەل) و (گفتوگۆ)ی نێوان خۆی (وەک کاراکتەری یەکەم) و یارەکەی (وەک کاراکتەری دووەم) دەکات. پرسـیار و وەڵامەکـانیش وەک خـۆی دەخـاتە ڕوو لەهەر دوولاوە. ئەم خاسیەتی درامییە لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا زیاتر برەوی پێدراوە و گەشـەی کردووە. ئەم جۆرە لە دیـالۆگی نێوان کاراکتەرەکـان کە لە ڕێـگەی (مـن وتـم: .....، ئەو وتـی: .......) بەڕێـوە دەچێـت بە (دیـالۆگی دەرەکـی) نـاوزەد دەکرێت. لە کاتێکدا ئەگەر هـات و شـاعیر هەر خـۆی هەردوو ڕۆڵــی گیـڕا و لە ڕێـگەی (مـن وا) و (ئەو وا) وە گفتوگۆکـانی بەڕێوە برد ئەوە دەبێت بە (دیالۆگی ناوەکی)، واتە یەک کاراکتەر دەبێت کە شاعیرە و دوو ڕۆڵ دەبینێت. وەک چۆن لە تێکستی دووەمدا بەدی دەکەین:

**مەعنەیێ نین وەکوو یەک، شەرحی من و دڵبەری من**
**قەتلی من، صیحەتی ئەو، شەکوەیی ئەو، دەفتەری من**

**خـــوێنی ظـــەرفی بەدەنم وشکە لەتاو ئاگری غـــەم**
**دڵی من، مەجمەری ئەو، دووریی ئەو، ئەخگەری مـن**
**ڕســـتەیی ذەوق و ئەلـــەم دێتە موقـــابیل بە ویصـــاڵ**
**دڵـــی من، لالەیـــی ئەو، دیدەیی ئـــەو، عەبهەری مـــن**
**زوو بەری بووم لەبەر و نیعمـــەتی فیردەوســـی بەرین**
**نەخلی من قامەتی ئەو، بۆســـەیی ئەو، نەوبەری مـــن**
**ڕەبطی ئاب و سەمەکن، دووسەرە هەروەک تەن و جان**
**سەری من، سایەیی ئەو، خاکی ڕەهی ئەو، سەری من**

.......... تاد (دیوان: ٥٦٩)

ئەم جـۆرە لە دارشـتن و تەعبیرکـردنە لە هەردوو حاڵەتی (مـن و ئەو)دا هەر لەلایەن خـودی شـاعیر خـۆیەوە بـوون و تـا کۆتـایی تێکسـتەکەش کەوا لە (١٠) دێـر پێکهـاتووە، بەهەمـان پێـودان بەردەوام دەبێت.

لە پێکهاتەی هەمـوو نیوەدێری دووەمەکانیشـدا تێبینی دەکرێت کە دوو جێنـاوی (مـن)ی شـاعیر دێـن و ئەم سەروئەوسـەری نیوە دێرەکە دەگـرن، لەپـاڵ دوو جێنـاوی (ئەو) دی بەرامـبەریش، کەوا ناوەڕاسـتی نیوەدێرەکانیان گرتووە:

- قەتلی من، صیححەتی ئەو، شەکوەیی ئەو، دەفتەری من
- دڵی من، مەجمەری ئەو، ڕوویی ئەو، ئەخگەری من
- دڵی من، لالەیی ئەو، دیدەیی ئەو، عەبهەری من
- نەخلی من، قامەتی ئەو، بۆسەیی ئەو، نەوبەری من
- سەری من، سایەیی ئەو، خاکی ڕەهی ئەو، سەری من

دیارە لێرەدا ئەگەر بێت و هونەری هاوسـەنگی و هاوشێوەیی لە پێکهاتەی زمانی و ڕێزمانی کەرتەکانیش لەبەرچاو بگرین، دەبێ ئاماژە بۆ هونەری کەرتکردن و سەروا و پاش سەروای ناوەکیش بکرێت.

له تێکستی سێیەمدا هونەری دیالۆگ و گوتاری شیعریی شاعیر ئاراستەکەی دەگۆڕێت و ڕووی لە خودی خۆیەتی، واتە بابەتی گفتوگۆکان هەمووی لە دەورەی حاڵەتی شاعیر خۆی دەخولێتەوە و جێناوی (من) دەبێت بە سەنتەر و تەوەری سەرەکی:

**یادی تۆیە صەنەما، یەک بەیەک ئەندێشەیی من**
**شوغلی من، شێوەیی من، فیکرەتی من، پیشەیی من**
**نەخلی هەستیم بەجەفا سەبزە لە باغی دونیا**
**شاخی من، غوصصەیی من، میحنەتی من، ڕیشەیی من**

تا دەگاتە دوو دێری کۆتایی:

**حەرەکاتم وەکو فەرهادە، لەڕێی میحنەتی عیشق**
**کۆهی من، سینەیی من، ناخونی من، تیشنەیی من**
**جەرگ و دڵ پوختەکە (سالم) بەضیافەت بۆ دۆست**
**دیگی من، سینەیی من، هیممەتی من، پیشەیی من**

(دیوان: ٥٧٤)

ئەم جۆرە لەخۆ دواندنی شاعیر لە نیوەدێرەکاندا بەدارشتن و ڕێژەیەکی زمانی هاوشێوە بەڕێوە چووە کە هەر کەرتێکی بریتییە لە (فریزێکی خستنەپاڵ)، کە لە [(ناوێک + جێناوی کەسی یەکەم (من)] پێکهاتووە.

٨- لە لاپەڕە (٥٠٤)ی دیوانی سالمدا پارچە شیعرێکی غەزەل هاتووە ئەمە دەستپێکەکەیەتی:

**بێ تۆ مەهیبە گریەم، وەک ڕەعدی نەوبەهاران**
**پەیوەستە دێ بەڕووما، ئەشکم بەمیثلی باران**
**نابێ بکەم بەبێ تۆ، صوحبەت لەگەڵ چ دڵبەر**
**ئارێ مەقامی وەرعە، پەرهیزی تەوبەکاران**
**ناکاتە دەر لەخاطر، صەد کۆششی ئەرەستوو**
**غەیرەز ویصاڵی یاران، ئەندووهی بێ قەراران**

بەم جۆرەش کۆتایی دێت:

**شـێواوە دڵ لە هیجرا، ناگاتە شامی زوڵفت**
**پەیوەستە ئینتیظارە، وەک چاوی ڕووزەداران**
**بێ هوودەیە لە گوڵزار، ئەفغانی بولبولی زار**
**ناگاتە گۆشی یاران، ئەنـدووهی بێ قـەراران**
**(سـالم) لەبی بە سـالم، ناگاتە ڕوویی یاران**
**جەمعن بەدەوری گەنجا، هەرسوو سیاهماران**

سالم ئەم هۆنراوەیەی لەسەر ڕێ و شوێنی هونەری (تەشطیر) دامەزراندووە. لە هونەری تەشطیردا، هەر دێڕێک دەکرێتە چەند کەرتێک (چوار یان شەش یان هەشت)، وا هەیە کەرتەکان دەخرێنە پەیوەندییەکی سەروا بەندیشەوە. لەم بارە (نالی) نموونەیەکی لە هۆنراوەی تەشطیری چوار کەرتی هەیە و دەڵێ:

**دەستم لەگەردنی خۆت، هەڵ مەگرە ئەی (حەبیبە)**
**وەبـزانە خـوێنی خۆمە، یا میننەتی ڕەقیبە**
**سەر بەردەبازی ڕێتە، تـەن تەختە بەنـدی جێتە**
**دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕووح ماڵی خۆتە بیبە**

...... تاد (مدرس، ١٩٧٦، ٣٩٤)

ئەمەش نموونەیەک لە هۆنراوەی تەشطیری هەشت کەرتی وەک لای (مەلای جزیری)دا هاتووە:

**وەردان گولاڤ، گرتن خوناڤ، لێ من دناڤ، سـوهتن هنـاڤ**
**من دی ب چاڤ، زولفێن بەلاڤ، لێ بوونە داڤ، بەندکر ب ناڤ**
**نوورا بەصەر، گوفت و خەبەر، قەند و شەکەر، زوڵفان ژ سەر**
**خالێن دقـەر، باڤێ سـەحەر، دابێتە دەر، صـوبحا ب حـەق**

...... تاد (دۆسکی، ٢٠١١، ١٩٣)

لە شیعرەکەی سالمدا هەر دێڕێکی لە (٢٨) بڕگە پێکهاتووە، واتە هەر نیوەدێڕێک (١٤) بڕگەیە. کەرتکردن لەنێوان نیوەدێڕەکاندا دروست

بووه. هەر دێڕێک بەسەر چوار یەکەی ڕیتمی هاوکێش و هاوسەنگدا دابەش بووە:

٧ + ٧ = ٧ + ٧

نیوەدێڕی یەکەم نیوەدێڕی دووەم

لێرەدا کێشە عەرووزییەکەش هاوکار دەبێت لەم کەرتکردن و هاوسەنگی و هاوڕیتمییەدا:

(مەف عوو لو/ فاعی لا تون مەف عوو لو/ فا/ عی لا تان) ×

٢ کێش: موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی موسەببەغ.

لێرەدا لەتە دێڕ و نیوەدێڕەکان بەم شێوە دابەش دەبن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بێ تۆ مە | هی بە گر یەم | وەک رەع دی | نەو بەها ران |
| پەی وەس تە | دێ لە ڕوو ما | ئەش کم بە | میش لی با ران |
| مەف عوو لو | فا عی لا تون | مەف عوو لو | فا عی لا تون |
| – – ب | – ب – – | – – ب | – ب – – |

٣ بڕگە + ٤ بڕگە = ٣ بڕگە + ٤ بڕگە

کەرتی (١) کەرتی (٢) کەرتی (٣) کەرتی (٤)

هاوسەنگی تەواو لەنێوان نیوەدێڕ و لەتە دێڕەکاندا دروست بووە.

دێڕی شیعر

نیوەدێڕی یەکەم | نیوەدێڕی دووەم

لەتی یەکەم | لەتی دووەم || لەتی یەکەم | لەتی دووەم

٣ + ٤ = ٧ بڕگە | ٣ + ٤ = ٧ بڕگە || ٣ + ٤ = ٧ بڕگە | ٣ + ٤ = ٧ بڕگە

ئەم هاوسەنگییە لە کێشدا، هاوسەنگییەکی مۆسیقایی و ڕیتمی دڵنشینی لەنێوان لەت و نیوەدێڕەکاندا پێکهێناوە، لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بە چێژو خۆشیی ئاوازەکەی دەکرێت، هەروەها یارمەتیدەرێکیشە بۆ ڕوونی و خێرایی گەیاندنی واتا.

– ئەم هاوسەنگی ڕیتمییە لە تێکستی لاپەڕە (٦٠٢)ی دیوانەکەدا بەڕوونی دیارە، کە سالم سەروای ناوەکیشی خستۆتە پاڵ هونەری کەرتکردنەکەوە:

**بەڕووخ ڕەنگین و دڵ سەنگین، میان لاغەر، کەمەر زەڕڕین**
**نیگەهـ شاهین و موو موشکین، زەنەخ سیمین و لەب شیرین**
**لەبت شەککەر، خەطت عەنبەر، موژەت خەنجەر، قەدت عەڕعەڕ**
**لە عیشقت دڵ وەکو بولبول، لە ڕووتا گوڵ وەکو گوڵچین**
**سەهی قامەت، قەوی شەوکەت، قەمەر طەلعەت، مەلەک خەصڵەت**
**کەمان ئەبروو، نیگەهـ ئاهوو، فەرەنگی خووی موو موشکین**

دوو دێری کۆتایی تێکستەکەش بەم جۆرەیە:

**بەچین زوڵفت ئیحاطەی دا، وەکوو سونبول، لەدەوری گوڵ**
**بەموو هەرسوو، لەڕێگەی موو، بەڕووی دڵما دەکەی پەرژین**
**چەهار فەصڵی، لەهەر فەصڵا بەیەک دەم وا لەلای (سالم)**
**بەهار ئەشک و خەزان ڕەنگ و زمستان ئاهـ و دڵ هاوین**

وەک دەبینین جۆرێک لە سەروا بەندی ناوەکی، بەتایبەت لە نیوەدێری دووەمەکاندا بەدی دەکرێت. شاعیر هەر نیوەدێڕێکی کردۆتە چوار کەرت و سێ کەرتی پێشەوەی هاوسەروا کردوون جیاواز لە سەروای بنەڕەتیی هۆنراوەکە، کەرتی چوارەم و کۆتاییش سەروای گشتی هۆنراوەکەی وەرگرتووە.

ئەگەر نەخشەی عەرووزی دێڕێکیان وەربگرین مەسەلەکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە: شیعرەکە خۆی لەسەر کێشی: هەزەجی هەشت هەنگاوی موسەببەغە، واتە:

(مەفــاعییلون مەفــاعییلون مەفــاعییلون مەفــاعییلان) × ٢ دێــری چــوارەم وەکــو ســتاندارد بــۆ هــونەری (تەشــطیر)ە کە بە نمــوونە وەردەگرین:

| | | | |
|---|---|---|---|
| به ڕووخ وەک شەم | به ئەب ڕۆ خەم | سی یەهـ پەرچەم | له من بێ غەم |
| گو وا ڕەی تو | کە ها توو چوو | مو قا رین بوو | مە هو پەروین |
| مە فا عیی لون | مە فا عیی لون | مە فا عیی لون | مە فا عیی لان |
| ب – – – | ب – – – | ب – – – | ب – – – |
| ٤ بڕگە | ٤ بڕگە | ٤ بڕگە | ٤ بڕگە |

لەم کێشــەدا هەر دێرێــک (٣٢) بــڕگەیە. بەم پێــیە هەر نیوەدێرێــک دەبێتە چوار یەکە (هەنگاو/ تەفعیلە)ی ڕیتمی یەکســان: (٤ + ٤ + ٤ + ٤) بــڕگە. هاوســەروایی وەکــو پەیوەنــدییەکی ڕیتمــی و مۆســیقایی، ســێ یەکەکەی بەرایی لە سێ لایەنەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە:

– ڕیــتم و وەســتانی عەرووزی، هەنگــاوە عەرووزییەکــان هەر کامیان لەگەڵ کۆتایی کەرتەکەدا تەواو دەبێت.

– ڕیتمی ڕستەسازی و واتایی، بەواتای ئەوەی داڕشتنی ڕستەکان بەجۆرێکی وایە کە کۆتایی ڕستە و کەرتەکە یەک بگرێتەوە.

– یەکێتــی ڕیتمــی ســەرواکان، لە کۆتــایی هەر کەرتێکدا ســەروا هــاتووە (گەردی، ١٩٩٩، ٨٣١). دیــارە ئەم هــونەرە بەڕێکــی لە هەمــوو دێرەکاندا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەهاتووە.

٩- لە لاپەڕەی (٦٦٦)ی دیوانەکەدا تێکستی غەزەلێک هاتووە، کە لە ڕووی ســەروابەندیدا بەهەمــان شــێوەی تێکســتەکانی پێشــوو، لەنیوەدێرەکانی دووەمدا پەیڕەوی لە هونەری تەشطیر کردووە. بەڵام جیــاوازییەکەی لەوەدایە کەوا کەرتەکــان لە نیوەدێرەکانــدا بــریتین لە دەستەواژەی جووتە وشەیی لێکدراو:

**وێڵ و فیراری عیشقی تۆم، شەهر بەشەهر، سوو بەسوو**
**پوشتە بەپوشتە، تەل بەتەل، دەشت بەدەشت و کوو بەکوو**
**قەیـــدە لە گــەردنی دڵــم، زوڵفــی سپاهی پــڕ خەمت**
**حەڵقە بەحەڵقە، چین بەچین، عوقدە بەعـوقدە، موو بەمــوو**

لە کۆتاییدا هاتووە:

**نەفحە بدا لە عەطری زوڵف، لەو دەمە بۆ دەماغی خوشک**
**تەپلە بەتەپلە، موشک بەموشک، نافە بەنافە، بوو بەبوو**
**خەرمەنی (ســالم)ی فەقیر سووختەیە بەنــاری عیشق**
**خۆشە بەخۆشە، گوڵ بەگوڵ، دانە بەدانە، جوو بەجوو**

کێشـی شـیعرەکە بـریتییە لە (ڕەجەزی هەشـت هەنگـاوی مەتـوی مەخبوون)، واتە: (موفتەعیلون مەفاعیلون موفتەعیلون مەفاعیلون) × ٢ هەر نیـوەدێڕێکی (١٦) بـڕگەیە دابەش دەبێـت بەســەر چـوار هەنگـاو و چـوار یەکەی ڕیتمـی: (٤ + ٤ + ٤ + ٤). نیـوەدێڕی یەکەمەکـان لەڕووی واتا و بنیاتی ڕستەسازییەوە بوون بە دوو یەکەی واتایی و وەسـتان لە ناوەڕاستی نیوەدێڕەکەدا دەبێت. واتە بوون بە دوو لەت:

| | |
|---|---|
| وێڵ و فیراقی عیشقی تۆم | شەهر بەشەهر، سوو بەسوو |
| قەیدە لەگەردنی دڵم | زوڵفی سیاهی پڕ خەمت |
| تەنگ دەهانیی دڵبەرم | حەسرەتی دا بەگوڵ ڕوخان |
| موفتەعیلون مەفاعیلون | مەفتەعیلون مەفاعیلون |
| لەتی یەکەم | لەتی دووەم |

هەمـوو نیـوەدێڕی دووەمەکـان لە تێکسـتەکەدا لەم خـاڵانەدا یەک دەگرنەوە:

– بەهـۆی کەرتکـردنەوە بـوون بە چـوار کەرتـی هاوسـەنگ، بەپێـی هەنگاوە عەرووزییەکان.

– سێ کەرتی پێشـەوە هاوسـەروان، کەرتی چوارەم چۆتەوە سـەر سـەروای هۆنراوەکە.

– هەموو کەرتەکان بریتین لە جووتە وشەی لێکدراوی چوون یەک (ناو + ئامرازی پەیوەندی (بە) + ناو)

– هەموو جووتە وشە لێکدراوەکان لە هەر یەک لە نیوەدێرەکاندا دەچنەوە سەر هەمان کێڵگەی واتایی:

| | | | |
|---|---|---|---|
| – پوشتە بەپوشتە | تەل بەتەل | دەشت بەدەشت و | کوو بە کوو |
| – حەڵقە بەحەڵقە | چین بەچین | عوقدە بەعوقدە | موو بە موو |
| – سەیل بەسەیل | شەط بەشەط | دەجلە بەدەجلە | جوو بە جوو |
| موفتە عیلون | مەفاعیلون | موفتە عیلون | مە فاعیلون |
| کەرتی (١) | کەرتی (٢) | کەرتی (٣) | کەرتی (٤) |

١٠– هەر دیسان لەلایەنی سەروابەندییەوە تێکستێک لەلاپەڕە (٨٨٨)ی دیوانی سالمدا هاتووە کەوا هونەرێکی تایبەتی لە سەرواسازیدا تیادا بەدی دەکرێت. جارێ با دەورێکی شیعرەکە بکەینەوە.

**کارییە دەردم لە دڵدا، داد، هەی بێ دادی**
**کوا حەکیمی نەبضی من، فەریاد هەی فەریادی**
**خارە موویێکە لەژێر گورزی غەما، ئەی دڵ عەجەب**
**سەخت ڕوویی تا بەکەی، فوولاد هەی فوولادی**
**تیشنەلەب بابەس طەلەب کەم ئاوی تیغت، هەڵسەسا**
**ڕوو بەڕووی گەردەنکەچم، جەللاد هەی جەللادی**
**جۆیبارێ دێ بەگۆشەی چاوما، ئەشکی ڕەوان**
**جایی ئەصڵیی تۆیە، بێ، شمشاد هەی شمشادم**
**چونکە ئاهووی دڵ لە کەعبەی ڕوویی تۆ پەروەردەیە**
**لێی مەدە تیری نیگەهـ ، صەییاد هەی صەییادی**
**(سالم)ت خستە موصیبەت، ئەی دڵی ڕیسوا بەسە**
**فیتنەجۆیی تا بەکەی، ئیفساد هەی ئیفسادی**

لێرەدا قسە لەسەر سەروابەندیی دێرەکانە، کە لە هەموو دێرەکاندا بریتییە لە (سەروای دووبارە). ئەمە هونەرێکە پەیوەندی بەجوانکاری و

لایەنی داڕشتنی زمانیی سەرواوە هەیە و وەکو بینیمان (سالم) لە زۆر شوێندا ئەم هونەرانەی سەروای پەیڕەو کردووە. لەم تێکستەدا پێکهاتەی سەروای دێرەکان لەشێوەی فریزێکدا، بەیارمەتی ئامرازی پارتیکلی (هەی) داڕێژراون و وەک خۆیان دووبارە بوونەتەوە.

- فەریاد هەی فەریادی.
- فوولاد هەی فوولادی.
- جەللاد هەی جەللادی.
- شمشاد هەی شمشادی.
- صەییاد هەی صەییادی.
- ئیفساد هەی ئیفسادی.

ئەم سنعەتە لەباری واتاوە جەختکردنەوەی لێ وەبەرهەم دێت، لەڕووی ڕیتم و ئاوازیشەوە، زایەڵەیەکی بەرز و کشاوە بە دێرەکان دەبەخشرێت.

١١-لە لاپەڕە (١٠١٠)ی دیوانی شاعیر، تێکستێک هاتووە کە سەرلەبەری لەسەر بنەمای کەرتکردن چندراوە، واتە نیوەدێرەکان لە ڕووی ڕستەسازییەوە، هەروەها لەباری ڕیتمیشەوە هەر یەکەیان بەسەر چەند یەکەیەک دابەش دەبێت، بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی سەروابەندیی ناوەکی لەنێوان کەرتەکاندا.

**بەندی کردم بەجەفا، لا مەذەبێ، پڕ ستەمێ**
**نەمەکی ڕیتە برینم، نەمەکین لەب، صەنەمێ**
**جیلوە طاووس و، نیگاهـ ئاهوو و، دەڕڕاج خەرام**
**طووطی ئاواز و، هوما سایەو و، فەڕڕوخ قەدەمێ**
**نەقش چین، بوویی خەتا، خوویی فەڕەنگ، موویی حەبەش**
**هیندوویی خاڵ و، عەرەب دیدە، نەزاکەت عەجەمێ**

تا دەڵێ:

**تا زوبان قوفڵە لە کونجی لەبی گەنجا، (سالم)**
**گەنجی شاهی نییەتی قوربێ بەقەدری درەمێ**

زۆرینەی نیوەدێرەکان کراون بە سێ کەرت و تیادا ڕەچاوی یەکە ڕیتمییەکـان (هەنگاوەکـان) نەکـراوە لە کەرتکـردنەکەدا. هەر دێڕێکـی شیعرەکە بەپێڕەوی لە کێشـەکەی؛ (ڕەمەڵی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف) دەبێت بە (٨) هەنگاو:

(فاعی لاتو فەعی لاتون فاعی لاتون فاعی لون) × ٢

– ئەم هـونەری کەرتکـردن و (تەشـطیر)ە بەڕەچـاوکردنی سـەرواداریی نـاوەکی لە دوو تێکسـتی دیـکەی دیـوانی شـاعیردا بەدی دەکرێت، کە بەم جۆرەن:

**داغـی کـردم بە جەفا، لالـە ڕوخـێ، زێبایێ**
**پیری کردم بە سـتەم، لا مەذەبێ، تەرسـایێ**
**تبیزبین وەختی ستەم، گاهی کەرەم، بێ بەصەرێ**
**لـە وەفـا هیچ نـەدانێ، بە جەفـا دانایـێ**
**یاری ئەغیار خـوویێ، موئمینی کافـر صیفەتێ**
**خوێشی دوشمن ڕەوشێ، قاتیلێ، بێ پەروایێ**
**قەوم بێگانە دڵێ، خوون ڕەسێ، خوونی هەوەسێ**
**سەرکەشێ، ڕاست قەدێ، کەچ ڕەوشێ، ڕەعنایێ**

...... تاد (دیوان: ١٠٢٩)

**سەراپا بەندە ئەندامم لەقەیدی سیحری جادوویـێ**
**فەرەنگی مەذهەبێ، تەرسا میزاجێ، ئاتەشی خـوویـێ**
**بەئیمـا قاتیلی عوششاقە، دیدەیی مەسـت، بیمارێ**
**دەکا صەید ئەفگەنی، صەییادی خوونڕێزم، بەئاهوویێ**
**وەفا ناکا بەڵا بەم موومیانەی من، سەری یەک موو**
**ئەگەر هەر مووم زوبانێ بێت و دەرکا هەر زوبان موویێ**

...... تاد (دیوان: ١٠٣١)

دیارە لەم تێکستەشدا تا ئەندازەیەک ئەم هونەرانەی سەرواداریی ناوەکی دەبیندرێت، بەڵام نەوەک بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێک.

**١٢-مەسەلەی لادان و دیاردەی پێش خستن و پاش خستن لە شیعری سالمدا:**

لادان (الانزياح) دیاردەیەکی زمانی و شێوازییە و لە دەقی ئەدەبیدا یەکێک لە بنەماکانی شیعرییەت و جوانیناسی پێکدەهێنێت. پاش خستن و پێش خستن یەکێکە لە جۆرەکانی دیاردەی لادان کە لە ئاستی ڕستەسازیدا ڕوودەدات و بریتییە لە جێگۆڕکێ پێکردنی کەرەستەکانی پێکهێنەری ڕستە لەلایەن شاعیرەوە بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی.

وەکو دەزانین ڕۆنانی ڕستە و چۆنییەتی ڕیزبوونی کەرستەکانی لە زمانی کوردیدا بەشێوەی پێوەر، بەم جۆرە دەبێت:

ڕستە = بکەر + بەرکار + کار: (Sov)

وەکو گوتمان ئەم لایەنە، (واتە پاش خستن و پێش خستنی کەرەستەکانی ڕستە)، تایبەتە بەلایەنی پێکهاتەیی ڕستەی شیعری، ئینجا لەمەوە کاریگەری بەسەر لایەنی دەلالی و ئاوازەیی دەقی شیعرییەوە دەبێت هەروەها پەیوەندییەکی توند و تۆڵیشی بەپرۆسەی داهێنانەوە هەیە (میرزا تۆفیق، ٢٠١٢، ١٩٨).

ئاشکرایە کە مەسەلەی چنینی دەقی شیعری و چۆنییەتی ڕیزبوونی کەرەستەکان کاریگەرییان بەسەر ڕادە و وزە و توانای گەیاندنی واتاوە دەبێت بەپلەی یەکەم.

لە شیعری سالمدا ئەم دیاردەی لادان و بەزاندنی یاساکانی ڕستەسازی و جێگۆڕکێ پێکردنی کەرەستەکانی لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا زۆر ڕوون و بەرچاوە، دەشێ لە چەند لایەنەوە تێبینی بکرێت:

أ/ پێش خستن:

- **نەکەن تا لەت لەتم، بۆسەی نیهانت، ڕاستی ناڵێم**
  **بەڵێ قەف قەف هەتا نەی نەیبڕی، حاصل شەکەر نادا**

(دیوان: ٣)

- **لەڕازی دڵ، ئەگەر تیرت خەبەردا**
  **دەدەی دەستی نیگارینت بەسەردا**

(دیوان: ٦)

**- دەکا دنیایی پڕ شۆڕش، بەدائیم فیتنەها پەیدا**
**بە نەیڕەنگ و فسوونی ئەو، لەهەر سوویێ وەفا پەیدا**

(دیوان: ٦٣)

**- بەدەل کەین با بەنەشئەی مەی، خوماری میحنەتی دونیا**
**(الا یا ایها الساقي ادر کأسا وناولها)**

(دیوان: ١٣٦)

**- بەسەر چێ گەر حەیاتم، بێ زمستانی غەم و هیجران**
**دەکەم ڕۆژێ تەماشای باغ و گوڵزارم، وەلێ زەحمەت**

(دیوان: ٢٣٤)

**- طەلەب کەم گەر بە غەیرەز تۆ لە (الله)**
**بە عەفوا چێ موناجاتی سەحەرگاهـ**

(دیوان: ٧٣٤)

**- کارییە دەردم لە دڵدا، داد هەی بێ دادی**
**کوا حەکیمی نەبضی من، فەریاد هەی فەریادی**

دیاردەی پێش خستنی (کار) لەم دێرانەی سەرەوەدا، کە وەکو نموونەی مشتێ لە خەرواری لە دیوانی سالمدا وەرمانگرتوون، زۆر بەڕوونی لەبەرچاون. دیارە مەبەستی سەرەکیش بۆ پێداگرتن لەسەر مەبەستی شاعیر و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە، ئەم دیاردەیە یەکێکە لە بنەما پتەو و کاریگەرەکانی زمانی شیعریی سالم.

ب/ پاش خستن:

**هەر سەحەر دێنێتە یادم، کۆیی تۆ، موڵکی خەتا**
**نەفحەها دێنێ لە موشکین زوڵفی تۆ، بادی صەبا**

(دیوان: ١٤)

بنیاتی ڕستەکە بەشێوەی پێوەر بەم جۆرەیە:

**- هەر سەحەر، کۆیی تۆ، موڵکی خەتا، دێنێتە یادم.**

- **غەرقی بەحری عیشقە (سالم) دەست و پای جوهدی نییە**
**قەت شەنا ناکا لە دەریادا، کەسی بێ دەست و پا**

(دیوان: ١٦)

ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە:

- **کەسی بێ دەست و پا، قەت لەدەریادا شەنا ناکا.**

- **شەهیدی دیدەیی مەخمووری شۆخێکم، منی شەیدا**
**لە خاکی مەشهەدم، نەزدیکە بڕوێ، نێرگسی شەهلا**

(دیوان: ١٧)

ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ڕستەکاندا بەم جۆرەیە:

- **منی شەیدا شەهیدی دیداری شۆخێکی مەخموورم.**
- **نەزدیکە لە خاکی مەشهەدم، نەرگسی شەهلا بڕوێ.**

- ئینجا هەر بۆ مەبەست و مەرامێکی تایبەتی، یەکێکیش لەمانە ڕێکخستنی کێش و زەرووڕەتی شیعرییە، شاعیر پەنا بۆ دەست تێوەردان و تێکدانی ڕیزبەندی ڕۆنانی کەرەستەکانی ڕستە دەبات:

- **تەماشای جەوری کەن دونیا، چ ظولمێکی لە خوسرەو کرد**
**نە بۆ تاجی نیشانێ ما، نە بۆ تەختی نیا پەیدا**

(دیوان: ٦٣)

ڕیزبەندی سروشتی کەرەستەکان لەبنەڕەتدا دەبێ وابێت:

- **تەماشای جەوری دونیا کەن، ...........**
- **نەنیشانێ بۆ تاجی ما، نە نیا بۆ تەختی پەیدا بوو**

- **جیلوەیی عیشقت، دەکا هەردەم، لەدڵ نوور ئاشکار**
**پێشی دیدەی دڵ لە ڕووتا ئاگری طوور ئاشکار**

(دیوان: ٢٨١)

پێکهاتەی بنجیی ڕستەکان بەم جۆرەیە:

**- جیلوەیی عیشقت هەردەم لەدڵ نوور ئاشکارا دەکا.**

**- ئاگری طوور پێشی دیدەی دڵ لە ڕووتا ئاشکرا (دەکا).**

**- بەخوڕ خوێن بێنە ئەی گریە، لەچاوەی چاوی تاری من**
**حەنا لازم بووە بۆ پێی، سەگی کۆیی نیساری من**

(دیوان: ٥٦٧)

ڕستەکان لەم جۆرەن:

**- ئەی گریە، لەچاوەی چاوی تاری من، بەخوڕ خوێن بێنە.**

**- حەنا بۆ پێی سەگی کۆیی نیساری من لازم بووە.**

هات و بەدوای ئەم جۆرە لادانانەدا بڕۆین لە چنینی ڕستە شیعرییەکاندا، نموونەی زۆرمان بەرچاو دەکەوێت. هەر ئەمەشیانە دیاردەیەک لە چنینی دەق، لەسەر ئاستی ڕستە و پێکهاتەی زمانی شیعری لای سالم پێکدەهێنێت.

## سەرچاوەکان:


- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، ڕێزمانی کوردی/ بەشەکانی ئاخاوتن، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، ٢٠١١، دیوانا مەلایێ جزیری، دەزگەها سپیریز بۆ چاپ و وەشانێ، دهۆک.
- دیوانی سالم، ٢٠١٥، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و ئەوانی تر، بنکەی ژین، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٨، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، دەزگەها سپیریز بۆ چاپ و وەشانێ، دهۆک.
- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس، ٢٠١٢، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- عبید، الاستاذ الدکتور محمد صابر، ٢٠١٠، القصیدة العربیة الحدیثة، عالم الکتب الحدیث، الاردن.
- کدکنی، دکتر محمد رضا شفیعی، ١٣٧٩، موسیقی شعر، مؤسسة انتشاران آگاه، طهران.
- گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەرواسازی لە شیعری جزیریدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، هژمار (٦).
- گەلاڵی، د. کەوسەر، ٢٠٠٦، جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- مدرس، مەلا عەبدولکەریم و ئەوانی تر، ١٩٧٦، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- میرزا تۆفیق، د. ئاڤان عەلی، ٢٠١٢، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، بەڕێوەبەریێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.